حکوومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا

**نامەیەکە**

**مەهدی فاتیح عومەر**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

**سەرپەرشت:**

**پ.د.محەمەد ئەحمەد سەعید**

(٢٧١٩)ی کوردی (٢٠١٩)ی زایینی

ئەم نامەیە بە ناونیشانی (پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا)، لە لایەن خوێندکار (مەهدی فاتیح عومەر)ەوە بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو: پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید
ڕۆژ:  /  /

بە پێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د. کاروان عومەر قادر
سەرۆکی بەشی کوردی
ڕۆژ:  /  /

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                    ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو: پ.د. دڵشاد عەلی محەمەد
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:

ناو: پ.د. ئەنوەر قادر محەمەد
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: پ.د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: پ.ی.د. عوسمان عەبدول مەعرووف
ئەندام
ڕۆژ:

ناو: پ.ی.د. شنۆ محەمەد مەحموود
ئەندام
ڕۆژ:

ناو:پ.د. محەمەد ئەحمەد سەعید
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ:

لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان پەسەند کرا.

ناو:پ.د.عبدالقادر حەمەئەمین محەمەد
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕۆژ:

# پێشکەشە...

١- بە گیانی بێ تاوانی ئەنفالکراوان و سەرجەم قوربانییانی شاڵاوی ئەنفال.

٢- بە هەر کەسێک، کە لە پێناو پرسی ئەنفالدا، کار لە سەر ئەنفال دەکات، نەک بۆ مەبەست و دۆخ و بەرژەوەندییەکی تایبەت.

٣- بە هەر کەسێک، کە ئەنفال لە کەرەستەیەکی ئاسان بۆ شیوەن و یاد و سیاسەتی ڕۆژ و بابەتی فێستیڤاڵ و بۆنە، دەگوێزێتەوە بۆ کەرەستەیەکی فیکری و بە هۆیەوە جارێکی تر بە دیدگا و بیرکردنەوەی خۆیدا دەچێتەوە و دەیکاتە بابەتێک بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ و سیاسەت و پەیوەندییەکان.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس بۆ:

- سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان و سەرۆکایەتیی بەشی کوردی.
- پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ئەحمەد سەعید، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەی گرتە ئەستۆ.
- هەموو ئەو مامۆستا ئازیزانەی، کە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا ئەمڕۆ وانەیان پێ گوتووم.
- هاوکاریی مامۆستایانی بەڕێز (دکتۆر سەمەد ئەحمەد) بە پێدانی سەرچاوە و (دکتۆر ئیبراهیم محەمەد عەلی موراد)، کە پوختەی توێژینەوەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی.
- برای بەڕێزم (کارا فاتیح)، کە کاری پیتچنین و هەڵەبڕی و نەخشەسازی و هەموو کارێکی تری هونەریی ئەم توێژینەوەیە لە لایەن ئەوەوە کراوە، هەروەها هاوکارم بووە لە دەستگەیشتن بە هەندێ سەرچاوە.
- هاوسەرم، بۆ (نالی) و (نیا) و (خانی)، بۆ سۆز و ئەوین و دڵسۆزی و لێبوردەییی ئەوان.
- کارمەندانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | **١** |
| **بەشی یەکەم: ئەنفال، شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی** | **٥** |
| **پاری یەکەم**: ئەنفال چییە؟ | **٧** |
| ١/١-١ پێناس | **٧** |
| ١/١-٢ ڕەهەندی زمانی | **١١** |
| ١/١-٣ ڕەهەندی زاراوەیی | **١٢** |
| ١/١-٤ ئەنفال و ئایین | **١٤** |
| ١/١-٥ قوربانییانی ئەنفال | **١٧** |
| ١/١-٦ ڕزگاربووانی ئەنفال | **٢١** |
| ١/١-٧ نەوەکانی ئەنفالکراوان | **٢٢** |
| ١/١-٨ شایەتحاڵەکان | **٢٣** |
| ١/١-٩ تاقانەکان | **٢٣** |
| ١/١-١٠ گۆڕی بە کۆمەڵ | **٢٤** |
| ١/١-١١ بیابان | **٢٥** |
| ١/١-١٢ بێسەروشوێنکردن | **٢٧** |
| ١/١-١٣ ئۆردووگای زۆرەملێ | **٢٨** |
| ١/١-١٤ بەعس (سەدام حسێن و عەلی حەسەن مەجید) | **٣١** |
| ١/١-١٥ شۆڕش (پێشمەرگە و پارتیزانی) | **٣٤** |
| **پاری دووەم**: قۆناغەکانی ئەنفال | **٣٦** |
| ٢/١-١ ئەنفال و کات | **٣٨** |
| ٢/١-٢ ئەنفال و شوێن | **٣٩** |
| ٢/١-٣ سەردەمی ئەنفال | **٤٠** |
| **پاری سێیەم**: ئەنفال وەک تاوانی جینۆسایدکردن | **٤٠** |
| ٣/١-١ جینۆسایدکردن چییە؟ | **٤١** |
| ٣/١-٢ کورتەیەک لە مێژووی جینۆسایدکردن | **٤١** |
| ٣/١-٣ جۆرەکانی جینۆسایدکردن | **٤٢** |
| ٣/١-٤ جینۆسایدکردنی کورد | **٤٤** |
| ٣/١-٥ چەند نموونەیەکی جینۆسایدکردن لە جیهاندا | **٤٥** |
| **پاری چوارەم**: کاریگەرییەکانی ئەنفال | **٤٦** |
| ٤/١-١ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی دەروونییەوە | **٤٧** |

| | |
|---|---|
| ٤٨ | ١/٤-٢ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە |
| ٤٨ | ١/٤-٣ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی ئابوورییەوە |
| ٤٨ | ١/٤-٤ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی ویژدانییەوە |
| ٤٩ | ١/٤-٥ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی جیۆگرافییەوە |
| ٤٩ | **پاری پێنجەم**: کارکردن لەگەڵ پرۆسەی ئەنفالدا |
| ٥٠ | ١/٥-١ یادکردنەوە |
| ٥٣ | ١/٥-٢ بەڵگەنامە و ئەرشیفکردن |
| ٥٧ | ١/٥-٣ ژمارە |
| ٥٩ | ١/٥-٤ شەرعیەت و دادگاییکردن |
| ٦٢ | ١/٥-٥ دوژمن و تاوانبار |
| ٦٤ | ١/٥-٦ مۆنۆمێنت |
| ٦٥ | ١/٥-٧ سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ سازکردن |
| ٦٦ | ١/٥-٨ پرۆگرامی خوێندن |
| ٦٧ | ١/٥-٩ ئەکادیمیا |
| ٦٩ | **پاری شەشەم**: ئەنفال و چەند بۆچوونێکی هەڵە |
| ٦٩ | ١/٦-١ ئەنفال و شانازیکردن |
| ٧٢ | ١/٦-٢ ژیانی شارستانی |
| ٧٤ | ١/٦-٣ کەمبوونەوەی دانیشتووان |
| ٧٦ | ١/٦-٤ ئەنفال و ناونان |
| ٧٧ | ١/٦-٥ ئەنفال و هاودەردی |
| ٧٩ | ١/٦-٦ ئەنفال و بەیاننامە |
| ٨٥ | **پاری حەوتەم**: ئەنفال و بەکارهێنانی ناشیرین |
| ٨٦ | ١/٧-١ ڕەخنەی شەرمن لە عەرەب و ئایین |
| ٨٧ | ١/٧-٢ گلەیی و گازندەکردن لە حکوومەت |
| ٨٧ | ١/٧-٣ بۆڵەبۆڵ و قسەی بێ بەها و مانا |
| ٨٨ | ١/٧-٤ بازرگانیکردن |
| ٨٩ | ١/٧-٥ پۆست و پلەوپایە |
| ٨٩ | ١/٧-٦ هەڵبژاردن |
| ٩٠ | ١/٧-٧ حیزبایەتی |
| ٩٠ | ١/٧-٨ پاککردنەوەی ڕابردووی خراپ |
| ٩١ | **پاری هەشتەم**: ئەنفال و کاردانەوەکانی |
| ٩١ | ١/٨-/١ کاردانەوەکانی لە سیاسەتدا |
| ٩٢ | ١/٨-/٢ کاردانەوەکانی لە مێدیاکان |

| | |
|---|---|
| ٣/-٨/١ هەڵوێستی ڕۆژانە | ٩٤ |
| ٤/-٨/١ دروشم | ٩٤ |
| **بەشی دووەم: کاردانەوەی ئەنفال لە ئەدەبدا (تێڕوانینێکی ڕەخنەیی)** | ٩٦ |
| **پاری یەکەم**: ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی | ١٠١ |
| ١-١/٢ سیمای گشتیی دۆخی ئەدەبی کوردی | ١١٠ |
| ١-١-١/٢ میتافیزیک و عیرفان | ١١٠ |
| ٢-١-١/٢ زیادەڕەویکردن لە تاریکبینیدا | ١١١ |
| ٣-١-١/٢ یاخینەبوون و بەشێکبوون لە سیستم | ١١٢ |
| ٤-١-١/٢ بێتوانایی لە بەرهەمهێنانی گومان و پرسیاری نوێدا | ١١٢ |
| ٥-١-١/٢ تەعبیرکردن لە واقیع | ١١٣ |
| ٢-١/٢ سیمای تایبەتی بەشەکانی ئەدەبی کوردی | ١١٣ |
| ١-٢-١/٢ شیعر | ١١٣ |
| ٢-٢-١/٢ چیرۆک و ڕۆمان | ١٢٢ |
| **پاری دوەم**: ئەنفال و ئەدەب (دیاریکردنی جۆری پەیوەندی) | ١٢٨ |
| ١-٢/٢ نواندنەوە | ١٢٩ |
| ١-١-٢/٢ ڕیالیستی | ١٢٩ |
| ٢-١-٢/٢ ئێکسپێرسیۆنیستی | ١٣٣ |
| ٢-٢/٢ وەسف | ١٣٦ |
| ١-٢-٢/٢ وەسفکردن بە بێ ئاوەڵناو | ١٣٨ |
| ٢-٢-٢/٢ وەسفکردن بە ئاوەڵناو | ١٤١ |
| ٣/٢/٢ ناساندن | ١٤٤ |
| ٤-٢/٢ سادەکردنەوە | ١٤٦ |
| ٥-٢/٢ سۆز و ماتەم | ١٥٠ |
| **بەشی سێیەم: ئەنفال و دەرکەوتنی دروستی لە ئەدەبدا** | ١٥٧ |
| **پاری یەکەم**: دەروازەیەک بۆ ئەنفال و ئەدەب | ١٥٨ |
| ١-١/٣ زەمینەخۆشکردن | ١٥٨ |
| ٢-١/٣ ئەنفال و چەند نووسەرێکی ئەدەبی | ١٥٩ |
| ١-٢-١/٣ شێرکۆ بێکەس | ١٥٩ |
| ٢-٢-١/٣ بەختیار عەلی | ١٧٤ |
| ٣-٢-١/٣ کاروان عومەر کاکەسوور | ١٧٨ |
| ٤-٢-١/٣ عەتا محەمەد | ١٨٢ |
| ٥-٢-١/٣ جەبار جەمال غەریب | ١٨٤ |
| ٦-٢-١/٣ ماردین ئیبراهیم | ١٨٧ |

| | |
|---|---|
| ۱/۳-۲-۷ یوسف عیزەدین | ۱۹۰ |
| ۱/۳-۲-۸ بەیان سەلمان | ۱۹۲ |
| ۱/۳-۲-۹ فەرهاد مستەفا | ۱۹٤ |
| **پاری دووەم**: ئەنفال و ئەدەب | ۱۹۷ |
| ۲/۳-۱ پێناسەی ئەدەب | ۱۹۷ |
| ۲/۳-۲ ئەدەب و تراژیدیا | ۱۹۹ |
| ۲/۳-۳ چۆن ئەدەب گوزارشت لە تراژیدیا بکات؟ | ۲۰۱ |
| ۲/۳-٤ چۆن ئەنفال لە ناو ئەدەبدا بەکار بهێنرێت؟ | ۲۰۲ |
| **پاری سێیەم**: ئەنفال و گواستنەوەی بۆ ناو ئەدەب (گێڕانەوەی ئەنفال) | ۲۰٦ |
| ۳/۳-۱ شایەتحاڵەکان کێن | ۲۰۷ |
| ۳/۳-۱-۱ ئاستی بەرپرسیارێتی | ۲۰۷ |
| ۳/۳-۱-۲ تەمەنی شایەتحاڵان | ۲۰۸ |
| ۳/۳-۱-۳ ڕەگەزی شایەتحاڵان | ۲۰۸ |
| ۳/۳-۲ شایەتحاڵەکان لە چەند ئاستێکدا | ۲۰۹ |
| ۳/۳-۲-۱ نەخوێندەوار | ۲۰۹ |
| ۳/۳-۲-۲ نەشارەزا لە ئەدەبدا | ۲۱۰ |
| ۳/۳-۲- ۳ سادە لە سیاسەتدا | ۲۱۰ |
| ۳/۳-۲-٤ دڵتەنگ | ۲۱۰ |
| ۳/۳-۲-٥ پەراوێزخراو | ۲۱۱ |
| ۳/۳-۳ شایەتحاڵەکان: بە دوو ڕێگە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە | ۲۱۲ |
| ۳/۳-۳-۱ زارەکی | ۲۱۲ |
| ۳/۳-۳-۲ نووسین | ۲۱۳ |
| ۳/۳-٤ شایەتحاڵەکان چی دەگێڕنەوە | ۲۱٤ |
| ۳/۳-٤-۱ چیرۆکی تایبەتی | ۲۱٤ |
| ۳/۳-٤-۲چیرۆکی گشتی | ۲۱٤ |
| ۳/۳-٥ شایەتحاڵەکان: تایبەتمەندییەکانی | ۲۱٤ |
| ۳/۳-٥-۱ ژیان لە ناو ڕووداوەکاندا | ۲۱٤ |
| ۳/۳-٥-۲ پشتبەستن بە یادەوەری | ۲۱٦ |
| ۳/۳-٥-۳ لایەنی دەروونی | ۲۱۹ |
| ۳/۳-٥-٤ سادەیی لە گێڕانەوەدا | ۲۲۰ |
| ۳/۳-٦ شایەتحاڵەکان دەتوانن چ کارێک بکەن | ۲۲٤ |
| ۳/۳-٦-۱ بوونیان بە حیکایەتخوان | ۲۲٥ |
| ۳/۳-٦-۲ بەرجەستەکردنەوەی تاوانی ئەنفال | ۲۲۷ |

| | |
|---|---|
| **پاری چوارەم**: ئەنفال لە ناو ئەدەبدا | **٢٢٩** |
| ٣/٤-١ بە ڕووداوکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا | **٢٣٠** |
| ٣/٤-٢ بەسەنتەرکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا | **٢٣١** |
| ٣/٤-٣ خۆنیشاندان وەک قوربانی و هاوسۆزی | **٢٣٣** |
| ٣/٤-٤ بەرجەستەکردنەوەی ئازار لە پشت ڕووداوەکانەوە | **٢٣٤** |
| ٣/٤-٥ گەڕان بە دوای پرسیاری تردا، نەک لە بارەی ئەنفال، بەڵکوو پەیوەست بە دۆخی مرۆڤبوونەوە | **٢٣٥** |
| ٣/٤-٦ ئەنفال وەک تارمایی لە پشت کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە (دروستکردنی ڕووداوی پەراوێزی) | **٢٣٦** |
| ٣/٤-٧ لاقەکردن وەک بەشێک لە کارەسات | **٢٣٧** |
| ٣/٤-٨ کۆمێدیا وەک گوزارشت لە تراژیدیا | **٢٣٨** |
| ٣/٤-٩ پەیوەندیی ئەنفال بە مێژووەوە | **٢٤٠** |
| ٣/٤-١٠ پەیوەندیی ئەنفال بە شوێن و کاتەوە | **٢٤٢** |
| ئەنجام | **٢٤٥** |
| سەرچاوەکان | **٢٤٧** |
| ملخص البحث | **٢٥٧** |
| Abstract | **٢٥٨** |

# پێشەکی

## ناونیشان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

ئەم نامەیە، لە ژێر ناونیشانی (پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا)، لێکۆڵینەوەیەکی وەسفیی شیکاریی ڕەخنەییە دەربارەی پەیوەندیی کارەساتی ئەنفالی ١٩٨٨ز بە ئەدەبی کوردی و دەستنیشانکردنی جۆری ئەو پەیوەندی و کاریگەرییە، بۆ ئەم مەبەستەش کارکردن و تێڕوانینی ئەدەبی کورد بۆ ئەنفال، وەک تراژیدیایەک کە بەشێکە لە مێژوومان، بووەتە جێگەی باس و ڕامان. لەم نامەیە، نامانەوێت یەک یەک ئەو لاپەڕانەی ئەدەب (شیعر، چیرۆک و ڕۆمان) هەڵبدەینەوە و توێژینەوەیان لە سەر بکەین، ئەگەر چی لە چەند شوێنێکدا بە پێی پێویست ئاماژەی خێرایان بۆ دەکەین، بەڵام بە گشتی دەمانەوێت دۆخی ئەدەبی کوردی و چۆنێتیی ئامادەیی بۆ کارکردن لە سەر تراژیدیای ئەنفال نیشان بدەین. بێگومان کە باس لە دۆخی ئەدەبی کوردی دەکەین، مەبەستمان لە وێنەیەکی گشتی و سیمایەکی دیار و زاڵی ئەو ئەدەبەیە و ناکرێت بۆچوون و بڕیارەکانمان بە ڕەهایی لێک بدرێنەوە.

### - بوار و سنووری نامەکە:

نامەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی، کە دەرخستنی کاریگەریی ئەنفالە لە سەر ئەدەب، سەرەتا هەوڵی دەرخستنی شوناس و ڕەهەندی مێژوویی تراژیدیای ئەنفال دەدات، واتە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییە دەربارەی ئەو دەرهاویشتانەی کارکردن و تێڕوانینی ئێمەی کورد بۆ ئەنفال وەک تراژیدیایەک کە بەشێکە لە مێژوومان دروستی کردوون، کۆکردنەوەی کۆی ئەو دەرهاویشتانەیش لە ڕێگەی کارکردنی کورد لەگەڵ تراژیدیاکانی مێژووی خۆیدا و کاردانەوەکانی بۆی لە مێدیای بیستراو و بینراو و نووسراوەوە و هەروەها لە پانتاییی مەعریفی و ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتییشدا ئەوە دەگەیەنێت، کە بواری لێکۆڵینەوەکە زۆر فراوانە و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە و سنووری بەرجەستە و پانتاییی مادی تێدەپەڕێنێت و دەچێتە ناو ڕووبەری بێ سنووری هەست و نەستی خۆمانەوە. سنووری ئەم نامەیە وەک جیۆگرافیای بەرهەمهێنانی تێکستەکان، باشووری کوردستانە (بە دیاریکراوی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست)، بە پێی توانای دەستپێڕاگەیشتن و بەردەستبوونی ئەو تێکستانە، لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەی نووسەران و شاعیران لە ڕۆمان و شیعر و چیرۆک دەکۆڵینەوە.

### - گرفتی نامەکە:

ئەوەی بۆ ئەم نامەیە کێشەیە و وەک گرفت و ناتەواوییەک دەردەکەوێت، ئەوەیە لە چاو گرنگی و فراوانیی بوارەکە و بابەتەکە، بە هۆی کەمیی بوار و سنوورداریی

پانتاییی نووسینەوە، ناتوانین زۆر لە لایەنی تیۆری دەربچین و بیرکردنەوە و ڕەخنەکان بە نموونەی ئەدەبی دەوڵەمەند بکەین و ئەو تێکستانە یان بەشێک لەو تێکستانە وەک بەڵگە وەربگرین، هەروەها خاڵێکی تریش کە گرفتە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە، لەم باسەدا زیاتر بە شێوەیەکی گشتی دۆخی ئەدەبی کوردی هەڵدەسەنگێنین و هەر بە شێوەیەکی گشتییش ئاستەکانی پەیوەندیی ئەم ئەدەبە لەگەڵ تراژیدیای ئەنفالدا دیاری دەکەین، بۆیە هەر کارێکی ناوازە یان هەر تێکستێکی خەسڵەتجیاواز، بۆ خۆی درزێک دەخاتە نێو بۆچوونەکانمانەوە و ڕەنگە لەگەڵ ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیەدا نەیەتەوە، ئەو بۆچوونانەی ئێرەیان بە سەردا نەسەپێنرێت.

## - هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

(پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا)، سەرەتا وەک پرۆژەیەکی دکتۆرا، لە لایەن پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد ئەحمەد سەعید ئامادە کرا و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەندی کرد، بۆیە ئێمەش لەبەر گرنگیی بابەتەکە، بەباشمان زانی بە هاوکاریی دکتۆری سەرپەرشتیار کاری لە سەر بکەین، هەروەها هۆکارێکی تری هەڵبژاردن و گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە، ئێمە وەک کورد لە زۆر ئاستی جیاواز (سیاسی، ئەدەبی، دەروونی، کۆمەڵایەتی... هتد) و لە کات و شوێنی جۆراوجۆر، دەست بۆ چەمکی ئەنفال دەبەین و بۆ مەبەستی جیاواز جیاواز بەکاری دەهێنین، بە سەرنجدان لە دۆسیەی ئەنفال، چ وەک قەرەبووکردنەوەی زیانە گیانی و مادییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان و چ لە ڕووی بەسزاگەیاندنی تاوانبارانی ئەنفال و چ لە ڕووی بەکارهێنانی دۆسیەی ئەنفال بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای نەتەوەی کورد، تێدەگەین کە پەیوەندیی ئێمە و ئەنفال لە دۆخێکی تەندروستدا نییە و خزمەتێکی ئەوتۆ بەو دۆسیەیە نەکراوە و کەسوکاری قوربانییانیش لە دۆخێکی ناهەمواردا دەژین، دەبینین زۆر جار بەکارهێنانی ئەم چەمکە و ئەم دۆسیەیە لە هەموو بوارەکاندا بە بواری ئەدەبییشەوە، ئاکامی نێگەتیڤیی لێ کەوتووەتەوە و زیانی زۆری لە دۆسیەکە و دۆخی قوربانییان داوە، بۆیە لەم باسەدا لە بریی ئەوەی لە ئەنفال خۆی بکۆڵینەوە، شیکاری ئەو ڕایەڵانە دەکەین، کە ئێمە بە هۆی ئاستە جیاوازەکانی (سیاسی، ئەدەبی، دەروونی، کۆمەڵایەتی... هتد) بە ئەنفالەوە دەبەستنەوە، یاخود چەمکی ئەنفال دەهێنێتەوە ناومان، ئەویش لە پێناو ئەوەی ئەو پەیوەندییەی ئێمە و ئەنفال لە دۆخێکی ناتەندروستەوە بچێتە ناو دۆخێکی تەندروستەوە، کۆتایی بە ئەنفال و دەرئەنجام و کاریگەرییە تاڵەکانی بهێنرێت.

**- بەشەکانی نامەکە:**

ئەم نامەیە لە سێ بەشدا ئامادە کراوە، هەر یەک لەم بەشانەش بۆ چەند پارێک ورد کراونەتەوە:

**بەشی یەکەم:** لە ژێر ناونیشانی (ئەنفال، شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی) بۆ دۆزینەوەی شوناس و لەوێوە ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی ئەنفال، هەشت پار دروست دەکەین، بەم جۆرە: (ئەنفال چییە؟، قۆناغەکانی ئەنفال، ئەنفال وەک تاوانی جینۆسایدکردن، کاریگەرییەکانی ئەنفال، کارکردن لەگەڵ ئەنفالدا، ئەنفال و چەند بۆچوونێکی هەڵە، ئەنفال و بەکارهێنانی ناشیرین، ئەنفال و کاردانەوەکانی).

**بەشی دووەم:** ناونیشانەکەی بریتییە لە (کاردانەوەی ئەنفال لە ئەدەبدا - تێڕوانینێکی ڕەخنەیی) بۆ ئەم مەبەستەیش دوو پارمان ئامادە کردووە بەم جۆرە: (ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی، ئەنفال و ئەدەب-دیاریکردنی جۆری پەیوەندی-).

**بەشی سێیەم:** ناونیشانەکەی بریتییە لە (ئەنفال و دەرکەوتنی دروستی لە ئەدەبدا) کراوەتە چوار پار، بەم جۆرە: (دەروازەیەک بۆ ئەنفال و ئەدەب، ئەنفال و ئەدەب، ئەنفال و گواستنەوەی بۆ ناو ئەدەب- گێڕانەوەی ئەنفال-، ئەنفال لە ناو ئەدەبدا).

لە کۆتاییشدا، ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

بە هیواین لەم نامەیەدا، بەو ئامانجەی بۆی تێکۆشاوین بگەین، کە بریتییە لە:

* دۆزینەوەی شوناسێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەن و تیشکخستنە سەر ڕەهەندی ڕاستەقینەی مێژوویی ئەنفال، ئینجا گفتوگۆکردن لە سەر دەرهاویشتەکانی و کارکردنمان لە سەر ئەنفال.

* ڕەخنەگرتن لە هەڵە ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی ڕووداو و بابەتی تراژیدیای ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا، لە پێناو دروستکردنی جۆرێک پەیوەندیی دروست لە نێوان ئەدەبی کوردی و ئەنفالدا.

# بەشی یەکەم

# ئەنفال، شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی

## بەشی یەکەم:
## ئەنفال، شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی

ئەنفال چییە؟ شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی پرۆسەی ئەنفال پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییە لە سەر کارکردن و تێڕوانینی کورد خۆی بۆ ئەنفال، وەک تراژیدیایەک کە بەشێکە لە مێژووەکەی، ئەوەی لەم بەشەی باسەکەماندا ویستوومانە کاری لە سەر بکەین، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی ئەو جۆرە بەکارهێنانانەی ئەنفال وەک چەمک و وەک دۆسیە لە لایەن کورد خۆیەوە لە ئاستی جیاجیا و بۆ ئامانجی جۆراوجۆر. ئەم بەشە خوێندنەوەیەکی شیکارییانەیە و هەوڵ دەدەین، لایەنە نێگەتیڤییەکانی پەیوەندییەکانی تا ئێستای کورد و ئەنفال بخەینە بەر باس و گفتوگۆ، ئەویش بە زۆری ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی کەلتووری جینۆسایدکردنی گەلی کوردە.

بابەتی پێویستی و گرنگیی قسەکردن و توێژینەوە و وردبوونەوە لە کارەساتی ئەنفال و تەواوی ڕەهەندە جوداجوداکانی، وەک ڕاستییەک لە ڕاستییە بەڵگەنەویستەکان لە پانتاییی ڕۆشنبیریی و سیاسی و ڕاگەیاندن و ئەکادیمیی کورددا، زیادەڕەوی نەبێت گەر بڵێین، پێویست دەکات بۆ هەتاهەتایە شوێنی پرسیار و مشتومڕ بێت، ئەویش بەو مانایەی ئەستەمە لە نێو مەنزڵی ڕۆشنبیرییەکی تەندروستدا بابەتێکی وەها هەرگیز پێگەیەکی پەراوێزی و لەیادکراو لە نێو ڕووبەری مەعریفی و ئەکادیمیدا بەخۆوە ببینێت. بابەتی قسەکردن و ئاخافتن لە سەر تراژیدیای ئەنفال و هەڵبژاردنی وەک کەرەستەیەک بۆ بیرکردنەوە و لێخوردبوونەوە و بەخۆداچوونەوە، بێ گومان لەوێشەوە و هەر لەو دەللاقەیەوە ڕوانین بۆ ئاسۆکان و داهاتووی ژیانمان.

هەڵبژاردنی بابەتی کارەساتی ئەنفال بۆ قسەکردن و بیرکردنەوە، کەرەستە و میتۆدی جودا دەخوازێت و گرتنەبەری ڕێگای هەمەجۆری دەوێت بۆ تاقیکردنەوە، بۆ ئەوەی زەمینەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم تراژیدیایە فراوانتر و بەرینتر بێت، چونکە بە بێ فرەیی لە بەکارهێنانی کەرەستە و میتۆدی جیاواز و بە بێ فرەڕەهەندی لە ئاستەکانی بیرکردنەوە و تێڕوانین، بە دڵنیاییەوە هەرگیز ناتوانین پرشنگێکی ڕووناکی وەربگرین، ڕووناکییەک تا بتوانین لە بەر ڕۆشناییەکەیدا هەم خۆمان و هەم دونیای پێ ببینین و ڕەخنە و بۆچوون و جیهانبینیی خۆمانی لە سەر بونیاد بنێین، سەرەنجام کەمێک تروسکەی دڵنیایی و ئومێدمان تێدا بژێننەوە.

هیچ کات ناکرێت بە بێ ڕۆشنکردنەوەی ڕەهەندی تازە و کردنەوەی پەنجەرەی نوێ لە سەر تراژیدیای ئەنفال، دڵنیا بین لەوەی کە توانیومانە بابەتی ئەنفال، وەک بابەتێکی گرنگ و قووڵ لە دونیای بیرکردنەوەی نێو جیهانی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیماندا شوێنێکی گرنگ و لەبەرچاو و هەستیاری هەیە، یان لە داهاتوودا وەری دەگرێت. لەمەڕ

قسەکردن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە سەر ئەنفال و بۆ ئەوەی بتوانین بەرگەی وەها سەفەرێک بگرین، هەمیشە پێویستمان بە ڕێبەری شارەزا و چاونەترس هەیە بۆ سۆراغکردن و عەودالبوون، هەمیشە چاو و دیدگای نوێمان دەوێت بۆ بینین و پشکنین و هەستەوەری زۆر حەساس و ئێجگار وردمان پێویستە بۆ ناسینەوە و دۆزینەوە، هەموو ئەمانەیش زۆر بەکەڵکن و دەبێت هەموو لایەنە تیۆرییەکان و مەعریفییەکان بگرنەوە و بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە و زانستییانە هەوڵ بدەین، زەمینە و هۆکارەکانی ئەنجامدانی کارەساتی ئەنفال و ئەو فاکتەرانەی کە دەگەڕێن بە دوای ئەوەی بۆچی تراژیدیای ئەنفال بەو شێوەیە و لەو زەمینە و بارودۆخەدا ڕووی دا و ڕەهەندگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جیۆگرافی و ئابووری و یاسایی... هتد، بخرێنە ڕوو، هاوکات شیکار و لێکدانەوە و بەدواداچوون بە شوێن خۆیاندا بهێنن و لەم دەروازانەیشەوە بۆمان دەربکەوێت و پێمان بڵێن کە پێوەرە ئەخلاقی و سیاسی و فەلسەفی و یاسایی و نێودەوڵەتییەکان دەرهەق بەم تراژیدیا بێوێنەیەی کورد و بەرامبەر ئەم ڕووداوە گەورەیەی مرۆڤایەتی چیین و چۆنن و هەر لەم ڕێگەگەلەوە خۆمان بە بیرکردنەوە و توێژینەوە و دیراساتی زانستی، ماسکەکانیان هەڵ بدەینەوە.

زۆربەی ئەو ڕێگایانەی دەمانبەنەوە سەر خوێندنەوەیەکی ئەپستیمی و عەقڵانی و قووڵ بۆ تراژیدیای ئەنفال تاوەکوو ئێستا تاقی نەکراونەتەوە و کەسی پێدا نەڕۆیشتوون و زۆربەی ئەو دەروازە میتۆدی و ئەکادیمییانەی کە لە سەر خوێندنەوەیەکی وردبینانە و قووڵ و زانستی و فرەڕەهەند دەشێت بخرێنە سەرپشت، تا ئەم ساتە بە دەست لێ نەدراوی ماونەتەوە و هیچ کەسێ نەچووە بە لایاندا و قەرەی نەکەوتوون. بەشێکی زۆر لەو ڕێگایانەی لەمەو پێش پێیدا ڕۆیشتووین، کۆمەڵێک کوێرەڕێ و ئاراستەی چەوت بوون، کە بێگومان زۆربەیشیان دەرئەنجامی ترسناک و خراپیان بۆ سەر پرسی تراژیدیای ئەنفال خستووەتەوە و یان دەشێت و چاوەڕوانین بیخەنەوە. زۆربەی ئەو باس و بۆچوون و تێڕوانینانەی لەمەڕ ئەنفالەوە، چ لە مێدیای بیستراو و بینراو و نووسراودا سەریان دەرهێناوە و بەشێکی زۆری هەر ئەو کار و پڕۆژانەی لە ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکانەوە هەر لەم پێناوەدا هاتوونەتە ئاراوە، یان ئەو جێکەوت و بۆچوونانەی لە پانتاییی سیاسی و کۆمەڵایەتییدا ئەم پرسە هەیبووە یان لە سەر ئەم پرسە دروست بوون، زیانی کاریگەر و قورسیان بۆ سەر ئەم تراژیدیا ئینسانییە هەبووە و بایەخی ئەم دۆزە ڕەوا و گرنگەی لە هەست و ویژدانماندا کەم کردووەتەوە و تا هەنووکەیش کە لە سەر پرۆسەی ئەنفال توێژینەوە دەکەین، دوای ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا بە دەستی دەهێنین دەتوانین بێ سڵکردنەوە بڵێین، تراژیدیای ئەنفال بەرەو خولقاندنی هەستی بەرگری و لێپرسراوێتییەکی تەنانەت زۆر سادەیشی نەبردووین.

## پاری یەکەم: ئەنفال چییە؟

### ١-١/١ پێناس:

چەمکی ئەنفال لە ڕووە جیاجیاکانی: ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و دەروونی... هتد، پێناسی جیاواز جیاواز لە خۆ دەگرێت، لە هەر یەک لەو گۆشەنیگایانەوە بە جۆرێکی تایبەت دەخوێنرێتەوە و گفتوگۆی لە سەر دەکرێت، بێگومان لە هەر یەک لەو ڕەهەندانەیشەوە، لە سەر زەمینی واقیع، چەمکی ئەنفال کاریگەری و ڕەنگدانەوەی جیاجیای هەیە.

ئەنفال لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لەبەر ئەوەی وشەیەکی عەرەبییە و (بە مانای دەستکەوت "غنائم" دێت)[١]، بۆیە بە هەموو ئەو ماڵ و سامانانە دەگوترا، کە لە کاتی شەڕ دەستیان بە سەردا دەگیرا، وشەی ئەنفال لە پێش سەردەمی ئیسلامیشدا هەبووە و بەکار هێنراوە، تەنانەت لە شیعری سەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامیشدا دەبینرێت، دواتر لە سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلامدا ئەم چەمکە، بە ناوەرۆکە کۆنە کۆمەڵایەتییەکەیەوە فۆرمێکی تری وەرگرتووە، ئەویش بەوەی بە تەواوی بە کەشێکی ئایینی بارگاوی کراوە، (چونکە ئەنفال بووە بە ناونیشانی سوورەتی هەشتەم لە قورئان، کە سوورەتێکی مەدینییە و پێک هاتووە لە حەفتاوپێنج ئایەت و بە سەر هەر دوو جوزئی نۆیەم و دەیەمی قورئانی پیرۆزدا دابەش بووە.)[٢]

ڕاڤەکارانی قورئان و شیکەرەوە ئایینییەکان، ئەوانەی دەیانەوێت نووری حیکمەت لە هۆکاری هاتنەئارای ئەم سوورەتە نیشان بدەن، پێیان وایە، (ئەم سوورەتە بایەخ بە بەرنامە و لایەنی یاسا دەدات، بە تایبەتی یاسا بۆ جیهاد، چارە بۆ هەندێک بابەت دادەنێت، کە پاش ڕوودانی جەنگەکان پەیدا دەبن، وەک دەستوور و یاسا بۆ دیل و دەستکەوتەکانی جەنگ.)[٣] بە دڵنیاییەوە لە کات و شوێنی خۆیدا، بایەخی زیاتر بە بابەتی ئەنفال و ئایین دەدەین و لە سەری ڕادەوەستین.

لە ڕووی سیاسییشەوە، چەمک و دەستەواژەی ئەنفال بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد مانایەکی تایبەتی وەرگرتووە، هەر چەند نزیکییەکی زۆریشی لەگەڵ مانا مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەکەی هەیە، ئەمەیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، حیزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکی، کە ماوەی (١٩٦٨-٢٠٠٣)ی زایینی لە عێراقدا فەرمانڕەوا بوو، بە ئیلهاموەرگرتن و پشتبەستن بە هەمان مانا مێژوویی و بە تایبەت ئایینییەکەی، چەمکی ئەنفالی کردە ناونیشانی ئەو پرۆسە سەربازییە توند و دڵڕەقەی، کە بریتی بوو لە

---

[١]- أيمن عبدالعزيز جبر، كتاب تفسير روائع البيان لمعاني القران، راجعة: د. أحمد نوفل و د. أحمد شكري، ط٢، دار ألأرقم، عمان، ١٩٩٧، ص٨٣.

[٢]- مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە)، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٠٢.

[٣]- ئەحمەد کاکە مەحموود، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستەکانی قورئان، چاپی یەکەم، نەشری ئیحسان، تاران، ٢٠٠٧، ل٢٩٦.

شالاو و پەلامار بۆ سەر کورد لە باشووری کوردستان. (ئەنفال ناوێک بوو بۆ زنجیرەیەک شالاو و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی، کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو، لە شەش ناوچەی جیۆگرافیی جیاوازدا بەڕێوە چوو، فەرماندەی گشتیی عەمەلیاتەکە، لە دەستی نووسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کە بنکەی لە شاری کەرکووک بوو، لە مارتی ١٩٨٧ی زایینی بە دواوە، لە لایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە سەرۆکایەتیی دەکرا.)[٤]

لە هەر گۆشەیەکەوە بڕوانینە ئەو پەلامارەی حکوومەتی عێراق، کە لە ٢٣ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ی زایینی بە هەشت قۆناغی یەک لە دوای یەک و خێرا، تا مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵ، واتە لە ماوەی کەمتر لە حەوت مانگدا، کردییە سەر چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان، کە وێڕای خاپوورکردنی تەواوی ئەو ناوچانە، زیانێکی گەورەی مرۆییشی لێ کەوتەوە، دەبینین (ئەنفال هێرشێکی ڕاستەوخۆ و سیستماتیزەکراوی هەمەلایەنەیە بۆ سەر کۆی ژیانی کۆمەڵگایەک، وەک گشتێکی دابەش نەکراو، بۆ سەر بوونی مادی و مەعنەویی خەڵکانێک، تا پلەی فەناکردنی یەکجارەکییان.)[٥]

وەک ئاماژەی پێ کرا، فەرماندەی گشتیی ئۆپەراسیۆنەکە، لە دەستی نووسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کە عەلی حەسەن مەجید سەرۆکایەتیی دەکرد، لێرەدا بڕیارێکی ناوبراو لە بارەی دەستپێکردنی پرۆسەکەوە دەخەینە ڕوو، کە ئەگەر ورد لێی بڕوانین، ئەو بڕیارە بە شێوەیەکی گشتی و تا ڕادەیەک ناساندنی پرۆسەی ئەنفال بەرجەستە دەکات:

**(عەلی حەسەن مەجید، لە ڕێکەوتی ٢٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ی زایینی، بڕیاری ٤٠٠٨ی بە نهێنی دەرکردووە، لە سەرەوەی بڕیارەکە نووسراوە، لە سەرکردایەتیی نووسینگەی سکرتارییەتی ڕێکخستنی باکوورەوە بۆ: قیادەی فەیلەقی یەک، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج، بە هۆی ئەوەی ماوەی دیاریکراوی ڕەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گوندانە و چۆڵکردنیان لە ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨٧ کۆتایی هاتووە، بڕیارمان دا، لە ڕۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ لەم کارانەی خوارەوەدا دەستکراوە بین:**

**یەکەم: هەموو ئەو گوندانەی بڕیارەکە دەیان گرێتەوە، لەمەو دوا لە ڕووی ئەمنییەوە، ناوچەی قەدەغە کراون، تەنانەت ئێستا شوێنی بەکرێگیراوانی ئێران و خائین و تێکدەرانن، کە خیانەتکارانی عێراقن.**

---

[٤] میدڵ ئیست ووچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٢٥.

[٥] مەریوان وریا قانیع، ئەنفال و مۆدێرنە ڕووداوێک لە دوامانەوە یان ئەگەرێک لە پێشمانەوە، گۆڤاری ڕەهەند ژمارە (٧)، ١٩٩٩، ل٣٢.

دووەم: بە هەموو شێوەیەک ژیانی خەڵک و ئاژەڵ لەو ناوچانە قەدەغەیە، بەو پێیەیش تەقەکردن تیایاندا ئازاد و بێ مەرجە و تەعلیماتی ناوێ، مەگەر بڕیاری تر دەربچێت.

سێیەم: هاتوچۆکردن و سەردانیش بە مەبەستگەلی: کشتوکاڵ، پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەیە و لە سەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە، بە دواداچوون و لێپێچینەوەی ورد لەو بارەیەوە بکەن.

چوارەم: فەرماندەی فەیلەقەکان دەبێت پێڕەویی بۆردوومانی ڕێکوپێک بکەن و تۆپ و فڕۆکە و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شەو و بە ڕۆژ لە کاردا بن بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و بەردەوامیش لە ئەنجامەکان ئاگادارمان بکەنەوە.

پێنجەم: سەرجەم ئەو کەسانەی لەو ناوچە قەدەغەکراوانە دەگیرێن، دەبێت لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و زانیارییان لێ وەربگیرێت، ئەوانەیشی تەمەنیان لە نێوان (١٥-٧٠) ساڵیدایە، حکومی لەسێدارەدانیان بە سەردا جێبەجێ بکرێت. دوای سوودوەرگرتن لەو زانیارییانەی کە پێیانە، ئاگادارمان بکەنەوە.

شەشەم: لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دەزگا حکومی و حیزبییەکاندا لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەوانەدا دەکەن، کە خۆیان بە دەستەوە دەدەن، ئەم لێکۆڵینەوانەیش بۆ ماوەی یەک بۆ ئەو پەڕی سێ ڕۆژ بێت، ئەگەر پێویستیشی کرد بۆ دە ڕۆژ درێژ بکرێتەوە، بەڵام دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەریش ماوەکە پێویستی کرد لەوەیش زیاتر بکرێت، ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان بروسکە، ڕەزامەندیی ئێمە وەربگرن، لە ڕێی هەڤاڵ (طاهر العاني) یەوە.

حەوتەم: هەموو ئەو کەلوپەلانەی، کەوا فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت، بۆ خۆیان دەبێت، تەنها چەکە قورسەکان و چەکی دابەستراو و چەکی مامناوەندی نەبێت، چەکە سووکەکان بۆ خۆیان دەبێت، بە مەرجێ لە ژمارەی ئەو چەکانە ئاگادارمان بکەنەوە و تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لە سەر فەرماندەی فەیلەقەکان چالاک بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو موستەشارەکان و فەرماندەی سریەکانیان و مەفرەزەکانیان و بە وردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی بەرگریی نیشتمانی.

سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی یاسادانان، سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، هەواڵگریی حیزب، سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکانی: نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل و دهۆک، ئەمینداریتیی لقەکانی ئەو پارێزگایانەی ناویان هاتووە، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی گشتیی سەربازی، بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی گشتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی حکومی زاتی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی: نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل،

**دهۆک. تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەر کەسە و بە پێی تایبەتمەندێتیی خۆی ئاگادارمان بکەنەوە.)**[٦]

ئەم بڕیارە کە ئیمزای عەلی حەسەن مەجید، ئەندامی سەرکردایەتیی هەرێمایەتی، سکرتێری گشتیی نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری لە سەرە و جەختیش لەوە دەکاتەوە، بێ هیچ لێبواردنێک جێبەجێ بکرێت، ناساندنێکی چڕوپڕی پرۆسەی ئەنفالمان پێشکەش دەکات، کە بێ گومان ئەوە زیاتر دەستپێک و نیاز و ویستەکانیان نیشان دەدات و بۆ دەرئەنجامەکانیش، هەموو دەزانن چییان لێ کەوتەوە، گەیشتە چ وێستگەیەکی تاوان، ئەو تاوانەی بە جینۆساید ناو دەبرێت، کە بە دڵنیاییەوە دواتر دەگەڕێینەوە سەری و باسی دەکەین.

**٢-١/١ ڕەهەندی زمانی:**

چەمکی ئەنفال لە ڕووی ڕەهەندی زمانییەوە، تا ڕادەیەک ڕوونە، بەو پێیەی ڕیشەی وشەکە عەرەبییە و لە شێوەی کۆدا هاتووە، واتە ئەنفال کۆی (نفل)ی عەرەبییە و واتای دەستکەوت دەگەیەنێت کە لە کۆتاییی شەڕ و لە کاتی سەرکەوتندا بە دەست دەهێنرێت، ئەم وشەیەیش وەک باسمان کرد، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی ئیسلام و لە شیعری شاعیرانی عەرەبدا بەکار هاتووە، خەلیل ئەحمەدی فەراهیدی پێی وایە:((نفل) کە شێوەی تاکی وشەی (ئەنفال)ـە، واتای دەستکەوت (غەنیمە) دەگەیەنێت).[٧] هەندێ سەرچاوەی تریش بەو شێوەیە باسی دەستکەوت (غەنیمە) دەکەن، کە پێش سەردەمی ئیسلام، عەرەب ئەنفالی بە واتای تاڵانی بەکار هێناوە، تاڵانیش مەبەستی بەرهەمی ئەو جەنگ و شەڕکردنە بووە لەگەڵ دوژمن، کە بریتی بووە لە گرتنی دیل و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و سامان.[٨]

هەر دەربارەی ڕیشەی زمانیی وشەی ئەنفال، بۆچوونی تریش هەیە، کە پێی وایە ئەنفال وەک وشەیەکی عەرەبی کە کۆی وشەی (نفل)ـە، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە

---

[٦]- دەقی بڕیارەکە بەڵگەنامەیەکە و لەم سەرچاوەیەدا بڵاو کراوەتەوە: میدڵ ئیست وۆچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لە

عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، ل١٧٤-١٧٥.

[٧]- خليل احمد الفراهيدي، كتاب العين، الجزء٨، ط٢، موسسة دار الهجرة، دار الكتب العلمية، بيروت ١٩٩٩، ص ٣٢٥.

[٨]- سەرچاوە زۆرن کە بەو شێوەیە وشەی ئەنفال لێک دەدەنەوە، لێرەدا دوانیان دەخەینە ڕوو:

[أ]- بطرس البستاني، محيط المحيط- قاموس المطول للغة العربية- مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٧، ص٩٠.

[ب]- المقري الفيومي، قاموس اللغة كتاب المصباح المنير، الجزء السادس، ط ٣، تحقيق: عبد العظيم الشناوي، دارالمعارف، ١٩٦٧، ص٨٥٠.

که ئەندازەی پێویستی و چوارچێوەی ئاسایی یان دیاریکراو تێ دەپەڕێنن، واتە شتی زیادە و تا ڕادەیەک ناپێویست دەگرێتەوە، بەم پێیە ئەنفال لە قورئاندا غەنیمەت و دەسکەوتی جەنگ نییە و ئەو مانایە ناگەیەنێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سورەتێکدا هاتووە کە باسی دەستکەوتی جەنگ دەکات، بۆیە بە غەنیمەت تەفسیر کراوە، واتە تەفسیرکردنی بە غەنیمەت هەڵەیە و ڕاست نییە، ئەمەیش بۆچوونی (ناسری سوبحانی)[9]یە، سوبحانی پێی وایە (ئەنفال واتە مەعادن و سەرچاوەی سروشتی دەگرێتەوە، کە کەس ڕەنج و زەحمەتی تایبەتی بۆ نەکێشاوە، وەک کانی کانزا و نەوت و ئاسن و هەموو سەرچاوەیەکی تری سروشتی: قیر، جیوە، خەڵووزی بەردی، دارستان، ئاو، لەوەڕگا... هتد.)[10]

### ٣-١/١ ڕەهەندی زاراوەیی:

کاتێک بمانەوێت لە ڕەهەندی زاراوەییی چەمکی ئەنفال وردبینەوە، دەبینین ئەم لایەنە زیاتر درێژکراوەی ڕەهەندە زمانییەکەیە، بەڵام هێندە هەیە بارگاوی دەکرێت بە مانا یان ماناگەلێکی ئایدیۆلۆژی و لە ڕوانگەی سیاسی و ئایینی و نەتەوەیی... هتد، یەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، ئەوەیش بە زۆری کار و بیرکردنەوەیەکی تەواو یان تا ڕادەیەک ئامانجدارە و بۆ لێدان و مەبەستی تایبەتی دەخرێتە گەڕ، چونکە هەر لە سەرەتاوە خودی ئەو کەس و لایەن یان ڕژێمەی، کە ئەم چەمکە (ئەنفال)ی بۆ ئەو پرۆسەی سەربازییە بەکار هێناوە و کردوویەتییە ناونیشان و دروشم، بە لێکدانەوەی خۆی بۆ سەرکەوتنێک، بەڵام لە ڕاستیدا تاوانێکی گەورەیە، بۆیە دواتر تێڕوانینەکانی تر بۆ ئەم چەمکە هەر دوای ئەم بەکارهێنان و هێنانەوە ئامانجدارە، بە زۆری دەبنە تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی و مەبەستدار و تەنانەت لە ژێر دەمامکی ئەم تێڕوانینانەیشەوە، هەندێ جار تاوانبارە ڕاستەقینەکان ون دەبن، یاخود ون دەکرێن و زەمینە و هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو پرۆسە لە بەر چاو لێڵ دەبن.

وەک باسمان کرد، ئەنفال کۆی (نفل)ی عەرەبی واتای دەستکەوت دەگەیەنێت و لە گەلێ سەرچاوەی تر ئەمە دووپات کراوەتەوە[11]، هەروەها ئەوەیشمان باس کرد، کە ئەنفال ناوی سوورەتی هەشتەمی قورئانە، بۆیە ئەمە ڕاستەوخۆ ئەو چەمکە بارگاوی دەکات بە کۆمەڵێک مانای تر، کە یان دەبنە بەرگریی لە ئایین و نەتەوەی عەرەب، یان دەبنە دژایەتی بۆ ئایین و ئەو نەتەوەیە.

---

[9]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ناسری سوبحانی، بەندایەتی، (پوختەی ١٣ شریتی بەندایەتی)، چاپی سێیەم، دەزگای بەرهەم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦-١٣.

[10]- ناسری سوبحانی، خواناسی، ئامادەکردنی: ئارام محەمەد و ئیسماعیل باقی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٥٢٠.

[11]- المنهج فی اللغة والاعلام، طبعة المئوية الاولی، دار النشر، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٨٢٨.

شیکردنەوەی زمانەوانی و گەڕانەوە بۆ ڕیشەی وشەکان، دواتر بەکارهێنانەوەی مەبەستداریان، ئەو دۆخە دەخوڵقێنن، کە شیکردنەوەی زمانەوانی ببێتە دەروازەیەک بۆ لێدان لە فیکر و ئایدیا و ئایین و نەتەوەی تر و بە شێوەیەکی عەقڵانی لەو تاوانە و هۆکار و کاریگەرییەکانی نەکۆڵرێتەوە.

لێرەدا زۆر بە گرنگی دەزانین، پرسیارێکی تەقلیدی بکەین، ئایا کردنەوەی دەروازەی زمانەوانی لە دەستپێک و سەروەختی قسەکردن و باسکردن و توێژینەوە لەمەڕ کارەساتی ئەنفالەوە لەبەر چییە؟ ئەو نهێنییە چییە وەها دەکات، زۆربەی نووسەران و توێژەران و ڕۆژنامەنووسان کاتێک دێنە سەر ئەوەی، شتێک لە سەر کارەساتی ئەنفال بنووسن و توێژینەوەیەک یان هەر کارێکی تر ئەنجام بدەن، یەکسەر وەک دەروازەیەک دەست دەدەنە لایەنی زمانەوانیی ئەم باسە و یەکەم هەنگاو بە لێدوان و ئاماژەدان بە ڕەهەندی زمانیی ئەم چەمکە دەست پێ دەکەن و لە ڕووی مێژووییەوە پەنجە بۆ ڕیشە و نەژادی وشەکە ڕادەکێشن و هەوڵی ئەوە دەدەن، بزانن یاخود ڕاستتر وەهایە بڵێین، کە دەیانەوێت فێرمان بکەن ئەم وشەیە لە بنچینەدا لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە کام زمانەوە هاتووە و کەی و لە کوێدا بەکار هاتووە و چ مانایەک دەگەیەنێت، هەروەها بە وەرگێڕان و لێکدانەوە و تەفسیرکردنی ئەم وشەیە، جۆرێک تێگەیشتن و بیرکردنەوەی دیاریکراومان بە سەردا بسەپێنن.

خەمی گەورەیش لێرەدا ئەوەیە، ئەم کارانە هەندێ جار وەک پێویستییەکی نووسین و توێژینەوە و وەک پێداویستییەکی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمییانە و زانستییانە تەماشا دەکرێ و ئاماژەپێنەدانی بە کەموکوڕییەک و ناتەواوییەک دادەنرێت، هەندێ جاریش گومانی تێدا نییە ئەم باسە بە مەبەستی تر و دوور لە گیانی خزمەتکردن و بە ئامانجی ناڕاستی دەخرێتە ڕوو.

کاتێک سەرچاوەیەکی ئایینی باس لەوە دەکات، (مەبەست لە ئەنفال ئەو دەستکەوتانەیە، کە لە کاتی شەڕی موسوڵمانان لەگەڵ بێ باوەڕاندا دەستیان دەکەوێت، ئەم ئایەتە پیرۆزە لە غەزای بەدردا هاتووەتە خوارەوە تا شێوازی دەستکەوتەکان ڕوون بکاتەوە.)[١٢] ئیتر لە لایەک ئەم ڕاڤەیەی چەمکی ئەنفال لە لایەن ئەوانەی دووبارە بەکاری دەهێننەوە، بە شێوەی جیاجیا ڕەوایەتیی پێ دەدرێت، لە لایەکی ترەوە، شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ چەمکی ئەنفال دەبێتە دەروازەیەک بۆ لێدانی ئایین و نەتەوەی خاوەن چەمک، بۆیە زۆر گرنگە بە وریاییەوە کار لە سەر ڕەهەندی زمانەوانیی چەمکی ئەنفال بکرێت، لە ژێر هەژموونی ئەو تەفسیرە ئایدیۆلۆژی و ئامانجدارە نائەکادیمی و ناڕاستییانە ڕزگار بکرێت و ڕەهەندی شیکردنەوەی زمانەوانی بخرێتەوە خزمەت تێگەیشتن لە چەمکی ئەنفال.

---

[١٢]- نیزامەدین عەبدولحەمید، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی نەشری ئیحسان، تاران، ٢٠٠٧، ل٣٢٥.

دوو پرسیار لێرەدا گرنگیی خۆیان دەسەپێنن، ئایا وردبوونەوە لە چەمکی ئەنفال لە ڕووی زمانییەوە چ جیاوازییەکی هەیە لەوەی کاتێک لە ڕووی زاراوەیییەوە هەڵی دەسەنگێنین؟ پرسیاری دووەمیش ئایا لێکۆڵینەوەی زمانەوانییانەی دروست و زانستییانە لە چەمکی ئەنفال چۆنە و چ ڕێگەیەک بۆ چ مەبەستێک دەگرێتە بەر، بۆ وەڵامەکان:

یەکەم: وردبوونەوە لە چەمکی ئەنفال لە ڕووی زمانییەوە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر نەژادی وشەکە و دەیەوێت بزانێت ئەو چەمکە لە چییەوە هاتووە و لە کەیەوە و لە چ شوێنێکەوە دەرکەوتووە و کێ یان کام نەتەوە و زمان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو وشەیەیە، واتە زیاتر بنەمایەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەکانی، بەڵام وردبوونەوە لە چەمکی ئەنفال لە ڕووی زاراوەیییەوە زیاتر ڕەهەندەکانی کاریگەریی ماناکانی لە سەر ئێستا شی دەکاتەوە و لێکەوتە و سێبەری ئەم مانایانە بە سەر ڕوانین و بیرکردنەوە جۆربەجۆرەکانەوە هەڵدەسەنگێنێت، واتە ڕەهەندی شیکردنەوەی زاراوەیی بۆ چەمکی ئەنفال زۆرتر ئاوڕ ناداتەوە بۆ دواوە، هێندەی دەیەوێت سەیری پێشەوە و کاریگەرییەکانی ماناکانی ئەم چەمکە بکات.

دووەم: لێکۆڵینەوەی زمانەوانییانەی دروست و زانستییانە لە چەمکی ئەنفال، پێویستە لە خزمەت تێگەیشتن لە چەمکی ئەنفالدا بێت، ئەویش لەو ڕوانگە مرۆیی (هیومانیستی)یەوە، کە زانست پێویستە ڕەهەندی ڕەوشت (مۆراڵ)ی لە خۆیدا بپارێزێت و لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێت، بۆیە تێگەیشتن لە ئەنفال بە هاوکاریی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی، پێویستە بچێتەوە سەر:

أ- هەوڵی بێوچان بۆ نەڕەخساندنی زەمینەی ڕووداوی کارەساتی ئەنفال و هاوشێوەی لە کات و شوێنی تردا.

ب- هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی کارەساتی ئەنفال و سارێژکردنی برینەکان.

پ- قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەویی ڕزگاربووان و نەوەکانی قوربانییانی کارەساتی ئەنفال.

ت- کاریگەری دانان لە سەر دونیابینیمان بۆ زمان و ئەدەب و هونەر و ئایین و زانست و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆشگوزەرانی... هتد، بە ئاراستەیەکی مرۆڤانە و ژیاندۆستانەدا.

## ١/١-٤ ئەنفال و ئایین:

ئەنفال چ وەک پرۆسە و ئەو ڕووداوەی لە سەر زەمینی باشووری کوردستان ڕووی دا، چ وەک لایەنی مێژوویی و ئەو کات و شوێنانەی تێیاندا ڕووی داوە، چ وەک تێڕوانین لێی لە زۆربەی ڕەهەندەکانەوە، کەم تا زۆر بۆچوونەکان لەبارەیەوە ناتوانن

خۆیان لە تارماییی ئایین بپارێزن و گفتوگۆکان کە لە سەر ئەنفال دەکرێن، بە ئەستەم دەتوانن لە ئایین خۆیان لابدەن.

کاتێک ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس لە عێراق ناوی سوورەتێکی قورئان دەهێنێت و دەیکاتە ناونیشانی پرۆسەیەکی سەربازیی گەورە و پەلاماری بەشێکی باشووری کوردستان دەدات و ژمارەیەکی زۆر گوند و شار و شارۆچکە خاپوور دەکات و زیاتر لە سەدوهەشتاودووهەزار کەسی ئەو ناوچانە بێسەروشوێن دەکات، خۆی لە خۆیدا بەکارهێنانی ئەم چەمکە بۆ ناولێنان لەو پەلامارە دڕندە و توندە بێ هۆ نییە، ئەو ڕژێمە دەیەوێت گەلێک ئامانج و مەبەست بپێکێت، کە گرنگترینیان ڕەوایەتیدانە بەو پرۆسەیە و شاردنەوەی هەموو لایەنە نامرۆڤانە و تاوانکارییەکانە لە ژێر پەردەی ئاییندا، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شەرعی و بە پاڵپشتیی ئایین ئەو مافە بە خۆی بدات بەو جۆرە و بەو ئەندازە توند و سامناکە پەلامار بدات.

بێ گومان بەکارهێنانی ناوی سوورەتێکی قورئان بۆ پرۆسەیەکی سەربازی لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، وەک پەنابردنە بەر سیمبولی ئایینی بۆ جەنگ و تاوانکارییەکان، کاری یەکەم جاری ئەم ڕژێمە نییە و جاری تر چەندین سیمبولی تری ئایینیی بەکار هێناوەتەوە، وەک ئەوەی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران ناو نا قادسیەی سەدام، وەک گواستنەوەی پیرۆزییەکی ئایینی لە سیمبولی قادسیەی سەعدەوە، هەروەها زۆربەی مووشەک و تۆپ و ڕۆکێت... هتد، ـەکانی، کە زیاتر خەڵکی بێ تاوانی پێ دەکردنە ئامانج، بە سیمبولە ئایینییەکانی (حسێن، عەباس... هتد) ناو دەنران، سەربازگەکانی بە ناوی کەسایەتییە ئایینییە سەربازییەکانی وەک (خالید کوڕی وەلید) ناو دەنا و دەزگای سیخوڕییشی هەبوو بە ناوی (مونەزەمەی ئەلفارووق) و بەردەوام سوودی لە سیمبولە ئایینییەکانی وەک: ئەبوبەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتتاب، عوسمانی کوڕی عەففان، قەعقاع، ئەبوعوبێدەی جەڕاح، سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس... هتد، لە بواری سەربازی: چەک و تەقەمەنی، سەربازگە، پرۆسەی سەربازی و جەنگ بەکاری دەهێنان، کە بێ گومان وەک باسمان کرد هەموو ئەمانەیش هەر بۆ ڕەوایەتیدان بوون لە ڕووی ئایینییەوە بە کار و کردەوەکانی، تا هەموو تاوانکارییەکانی خۆی پێ بشارێتەوە و وا لە موسوڵمانانی دونیا بگەیەنێت خزمەت بە ئایینەکەیان دەکات، تا ئەوانیش دڵسۆزانە لە پشت سیاسەت و بەرنامەکانییەوە ڕابوەستن و پشتگیریی لێ بکەن و خۆڵیش بکاتە چاوی هەموو کۆمەڵی موسوڵمانان و نێودەوڵەتی و ئەو بڕوایەیان لە لا دروست بکات، ئەوەی دەیکات، ڕاست و دروستە و لەگەڵ ئایینەکەیاندا ناتەبا و دژ نییە. لەم سۆنگەیەوە بەکارهێنانی ناوی ئەنفال وەک ناوی سوورەتێکی قورئان بۆ پرۆسەیەکی ترسناکی سەربازی لە هەمان گۆشەنیگا و بۆ هەمان مەبەست و ئامانجە، بۆیە ئەمڕۆ کاتێک قسەوباس و لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی ئەنفالی بەعس دەکرێت، زۆربەی جار ڕاستەوخۆ ئەم قسەوباس و لێکۆڵینەوانە دوو ئاراستە لە خۆ دەگرن:

یەکەم: یان دەکرێنە هۆکار و بیانوویەک بۆ ڕەخنەگرتن لە ئایین، کە ئەوەیش خۆی لە خۆیدا لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤیان هەیە:

أ- لایەنی نێگەتیڤ: زۆر جار لە ژێر تیشکی ئەم جۆرە لێکدانەوە و شیکردنەوانەدا، هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەنفالی بەعس ون دەکرێن و تیشکی وردبوونەوەکان لە سەر ئەو پرۆسەیە و تاوانبارانی دوور دەکەوێتەوە.

ب- لایەنی پۆزەتیڤ: لە ڕێگەی ئەم جۆرە لێکدانەوە و شیکردنەوانە بە شێوەیەکی زانستی و بابەتییانە دەکرێت ڕیشە کەلتووری و ئایینییەکانی هۆکاری ڕووداني ئەنفالی بەعس بدۆزرێتەوە و هۆکار یان هۆکارەکانی بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە لایەن ئەو ڕژێمەوە ئاشکرا بکرێن.

دووەم: یان دەکرێتە هۆکار و بیانوویەک بۆ پاکانە و بەرگری لە ئایین، کە دیسان ئەمیشیان دەرکەوتەی تری دەبێت، کە بە شێوەیەکی تر هەمان لایەنە نێگەتیڤەکانی خاڵی یەکەم دەردەکەونەوە، ئەمە جگە لەوەی ڕیشەی کەلتووری و ئایینیی ئەو کارەساتەیش دەخاتە ناو تەمومژەوە.

بەرەی یەکەم دەیانەوێت بڵێن، ئایینی ئیسلام تاوانبارە و ئەنفال ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و مێژووی عەرەب و ئیسلام بەشێکی زۆری بریتییە لە ئەنفال و بەم جۆرە، ئەم ئایینە بڵاو کراوەتەوە و سەپێنراوە و گەشەی پێ دراوە. بەرەی دووەمیش جگە لە ڕەتکردنەوەی ئەم بیرکردنەوانە، جیاکارییەک لە ئەنفالی جەنگی بەدر کە ناونیشانی سوورەتی هەشتەمی قورئانە لە ئەنفالی حیزبی بەعس وەک پەلامارێک دژی کورد لە باشووری کوردستان دەکەن و دەڵێن:

١- ئەنفالی ناو قورئان، کاڵا و شتومەک دەگرێتەوە، وەک تیر و ڕم و شمشێر و ئەسپ و... هتد، هەر وەک لە سورەتی ئەنفالدا ئاماژەی بۆ کراوە:(وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُم بِاللَّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ ۗ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٤١))[١٣] چونکە (شَيْءٍ) شتومەک دەگرێتەوە نەک مرۆڤ، بەڵام حیزبی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا نەک تەنها شتومەک، بەڵکوو زیاتر لە سەدوهەشتاودووهەزار مرۆڤی کوردیشی ئەنفال کرد، ئەوانەیش کە دەیانەوێت ئایین تاوانبار بکەن، بەو ڕاڤە و لێکدانەوەیە قایل نیین و دەڵێن، جگە لەوەی چەندین شەڕ و هێرشی سوپای ئیسلام بۆ سەر گەلانی ناموسوڵمان کە سەرچاوە ئیسلامییەکان ناوی فتوحاتیان لێ ناوە، بە هەمان شێوەی ئەنفالی بەعس، مرۆڤ بە ژمارەیەکی زۆر ڕاگوێزراوە و کۆمەڵکوژ و بێسەروشوێن کراوە، لە هەمان کاتدا لە ئەنفالی بەعسیشدا، مرۆڤی کورد لە هەموو بەهایەکی مرۆڤبوون خاڵی کراوەتەوە و هێنراوەتە ئاستی شتومەک، بۆ نموونە سەرچاوە مێژووییە عەرەبییەکان، بە تایبەت سەرچاوە بەناوبانگەکانی وەک (تەبەری، ئیبنوکەسیر و ئیبنولئەسیر) لە

---

[١٣]- قورئانی پیرۆز، ئایەتی ٤١ی سوورەتی ئەنفال.

سەردەمی خەلیفەی موسوڵمانان، عومەری کوڕی خەتابدا، یەکێک لە سەحابەکان (سەلەمەی کوڕی قەیسی ئەشجەعی) بە فەرمانی خەلیفە، بە خۆیی و سوپاکەیەوە هێرشی کردووەتە سەر کوردە ناموسوڵمانەکان، کوردە ناموسوڵمانەکانیش بە داواکاریی لەشکری موسوڵمانان بۆ موسوڵمانبوون یان باج و سەرانەدان ڕازی نەبوون، بۆیە تا توانیویانە بەرگرییان کردووە و بەرپەرچی لەشکری موسوڵمانانیان داوەتەوە و شەڕیان لەگەڵ کردوون، سەرەنجام لە بەرامبەر موسوڵماناندا شکاون، شەڕکەرە کوردەکان کوژران و ژن و منداڵەکانیشیان بە کۆیلە و کەنیزەک بران و ماڵ و سامانیان تالان کراون. [١٤]

٢ -ئەوانەی لە قسەکردن و توێژینەوە لە ئەنفالدا بەرگریی لە ئایینی ئیسلام دەکەن، دەڵێن ئەنفالی ناو قورئان، بە دیاریکراوی بۆ ئەو بێ باوەڕانەیە کە دژی ئایینی ئیسلام دەجەنگن، واتە بۆ ئەو کەسانەیش نییە با بێ باوەڕیش بن، گەر دژی موسوڵمانان نەجەنگن ئەنفال نایانگرێتەوە، بەڵام حیزبی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا، هێرشی کردە سەر کوردی موسوڵمان و ئەنفالی کردن. ئەوانەیش لە قسەکردن و توێژینەوەیاندا لە سەر ئەنفال دەیانەوێت ڕەخنەکانیان ببەنەوە سەر ئایینی ئیسلام و میتۆد و بیر و باوەڕەکەی، دەڵێن فەرمانڕەوایانی بەعس لە ژێر پەرچەمی ئایین و بە پاڵپشتیی پیرۆزیی قورئان کوردیان ئەنفال کرد و لە هزر و بیرکردنەوەی خۆیاندا کورد بە تایبەت ئەوانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، بە لادەر لە ئایین و بێ باوەڕ تەماشا دەکرد.

٣ -ئەوانەی لە قسەکردن و توێژینەوە لە ئەنفالی بەعسدا بەرگریی لە ئایینی ئیسلام دەکەن، دەڵێن ئەنفالی ناو قورئان بابەتی بەجێماوی مەیدانی جەنگ دەگرێتەوە وەک خواردن، چەک، جلوبەرگ و... هتد، واتە هەمان ئەو شتانەیش ناگرێتەوە لە شوێنێکی ئاسایی وەک شوێنی ژیانی ناو شار و گوندەکان لە دۆخی سروشتیدا کە شەڕی تێدا نەبێت و نەبووبێتە شوێنی جەنگ، بەڵام حیزبی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا، ناوجەرگەی دانیشتووان و گوند و شارەکانی ئەنفال کرد، بۆیە لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا ناتەبایە، بەڵام ئەوانەی لە هەڵسەنگاندنی ئەنفالی بەعسدا، ئەنفالی قورئان دەهێننەوە ئارا و ئەو ئایینەی پێ تاوانبار دەکەن، دەڵێن ئەو ناوچانەی ژیان (شار و گوند و ئاوەدانییەکان) کە بەعس ئەنفالی کردن، بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەکە، کردنییە ناوچەی قەدەغەکراو، واتە لە

---

[١٤]- هەر سێ مێژوونووس (تەبەری، ئیبنوکەسیر و ئیبنولئەسیر) بە جیاوازیی هەندێ لە چەمک و ناوهێنانەکان، لەم سەرچاوانەدا ئەم مێژووەیان نووسیوەتەوە:

[أ]- الطبري، تاريخ الامم والرسل والملوك، جـ٢، الطبعة الاولى، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٠٧ هـ ص٥٥٧.

[ب]- ابن الاثير، الكامل في التاريخ، جـ٢، الطبعة الثانية، تحقيق: عبدالله القاظي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٥هـ ص٢٤٥-٢٤٦.

[پ]- ابن كثير، البداية والنهاية، جـ ٧، مكتبة المعارف، بيروت، ١٩٩٣، ص١٣٣.

بەرنامە و یاسای خۆیدا ژیانی لەو ناوچانە یاساغ کرد، بۆیە بەراورد بە ئەنفالی ناو قورئان زۆر دوور و جیاواز نییە.

لەگەڵ هەموو ئەم بەراوردانەدا و لەگەڵ بەهێزی و بێهێزیی هەندێ لەو خاڵانەدا، بیرکردنەوەی ئەکادیمی و زانستی ڕێگە بەوە نادات، بێ بەڵگەی بەهێزتر و سەلمێنراوتر بڵێین یان وای دابنێین، پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەکی ئیسلامییە و پاڵنەرێکی ئایینی هۆکارەکەیەتی و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەهێزی بە سورەتی (ئەنفال)ـەوە هەیە، وەکوو هەندێک کەس هەوڵ دەدەن وا بڵێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین، کە ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا وێنە و کەش و بیرکردنەوە ئیسلامییەکەی بە وریایی و ئەنقەست بەکار نەهێناوە و سوودی لێ نەبینیوە، ئەمە جگە لەوەی بەراوردکردنی ئەنفالی بەعس و ئەنفالی ناو قورئان، بۆ دۆزینەوەی ڕیشە ئایینی و کەلتووری و مێژووییەکە، گرنگیی خۆی هەیە و کاتێکیش لە شێوازی شاڵاوی ئەنفالی بەعس و ئەو دەرئەنجامانەی ورد دەبینەوە و ئایدیۆلۆژیای بەعس دەکەینە بابەتی توێژینەوە لە باسی ئەنفالدا، چەندین وێستگەی مێژووی عەرەبی ـ ئیسلامی دێتەوە بیرمان.

### ٥-١/١ قوربانییانی ئەنفال:

چەمکی قوربانی چەمکێکی فرە ڕەهەندە، تەنها ئەوانە ناگرێتەوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووداوێکیان بە سەردا دێت، یان ڕووبەڕووی دیاردە و کارەسات و قەیرانێک بوونەتەوە، بەڵکوو پەیوەندیی نێوان قوربانی و ڕووداو، قوربانی و کارەسات، قوربانی و دیاردە و قەیرانەکان، هەم ڕاستەوخۆیە هەم ناڕاستەوخۆ، قوربانییان هەم دەکرێت بە شێوەیەکی زیندوو لە بەرامبەر یان لە ناو ڕووداوەکاندا ئامادە بن، دەیشکرێت ئامادە نەبن و بە هیچ شێوەیەک ئاگایان لەو ڕووداوانە نەبێت، زۆر جار قوربانی خۆی لەگەڵ کارەسات و قەیرانەکاندا دەژی، زۆر جاریش لە دوای کارەسات و قەیرانەکانەوە لەگەڵ ئاکام و دەرهاویشتەکانی دەستوپەنجە نەرم دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە، قوربانی هەیە زیندووە و هەیشە مردوو، لە ناو قوربانییانی زیندوویشدا هەیە بە شێوەیەکی مادی زیانی بەرکەوتووە و هەیە زیانی مەعنەوی و هەیشە هەر دووکیان.

لە تاوانی ئەنفالدا حکوومەتی عێراق زیاتر لە سەدوهەشتاودووهەزار کەسی لە خەڵکی سڤیلی بە بێ جیاوازیی ئایین و ڕەگەز و تەمەن گرت و بێسەروشوێنی کردن، لەم پرۆسەیەدا سەرجەم ماڵ و سامانیشیان لە لایەن بەشداربووانی ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو کاتی بەعس لە شاڵاوەکەدا بە تاڵان بران و هەزاران گوند و چەندین شارۆچکە بە تەواوی خاپوور کران، ئەو هێرشانە بە بەرنامەیەکی سەربازی، موخابەراتیی چڕوپڕ و هەمەلایەنە و توندوتیژ ئەنجام دران، کە لە زۆر ناوچەیشدا

چەکی قەدەغەکراو بەکار هێنرا، لەو بارەیەوە ڕێکخراوی (میدڵ ئێست وۆچ) دەنووسێت: (پرۆسەی ئەنفال لە ٢٣ی شوباتەوە تا ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ی خایاند، لەو ماوەیەدا فراوانترین ناوچەی کوردستان بەر شاڵاوی تێکدان و ڕاپێچان کەوت، لە هەڵمەتێکی وادا، پتر لە ٢٠٠ هەزار مرۆڤی کورد لە ناو بران و بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی ٤٠٠٠ گوند و ٤ قەزا و ٣٠ ناحیە و ٣١٠٠ مزگەوت و ١٠٠ کڵێسا، لە ڕووی گیاندارییەوە بووە هۆی بەتاڵانبردنی ٢ ملیۆن سەر مەڕومالآت و ئاژەڵ، کاریگەریی لە سەر ژینگەی کوردستانیش هەبووە و بووە هۆی لەناوبردنی ڕووبەرێکی فراوان لە باخ و ڕەز و چەم. لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بنەماکانی ژیان لە کوردستان هەڵتەکێنران، دوای ئەوەی ئەو هیستریا شێتانەیە بە جینۆسایدی کورد کۆتایی هات، لە ٩٠%ی گوندەکانی کوردستان و زیاتر لە ٢٠ شار و شارۆچکە لە سەر نەخشە سڕانەوە، ناوچە گوندنشینەکان بە ١٥ ملیۆن مین مینڕێژ کران، نزیکەی یەک ملیۆن و نیو کوردی گوندەکان بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان گوێزرانەوە، نزیکەی ١٠% کوردی باشوور لە ناو بران، بەمەیش نزیکەی ٧٧٢٩کم دووجا لە ڕووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق تووشی شاڵاوەکانی ئەنفال بووە.)[١٥]

لەمەوە دەردەکەوێت کە قوربانییەکانی شاڵاوی ئەنفال جۆراوجۆرن، هەیشیانە لە چەند لایەکەوە بووە بە قوربانی و هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی و تاوان و نادادپەروەرییان لە سەر تاقی کراوەتەوە، لەم چەند خاڵەدا بە کورتی باسی ئەو دۆخ و هۆکارانە دەکەین، کە قوربانی دروست دەکەن:

أ- نائارامی: هێرش و دەستدرێژیکردن بە جۆرێکی خراپ نائارامی لە ژیاندا دروست دەکات، بۆیە ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفالدا ڕووبەڕووی هێرش و دەستدرێژیکردن بوونەوە، شێوەیەک لە شێوەکانی قوربانیی ئەو ڕووداوەن، کە دەرئەنجامەکانی ئەگەر گرتن و ڕاگواستن و کوشتن و دەربەدەرکردنیش نەبن، هەر جۆرێک لە ترس و دڵەڕاوکێ و تێکدانی ئاساییشی ژیانی لێ دەکەوێتەوە و کار و بەردەوامی لە سەر خەون و خولیاکان تێک دەدات. بە کورتی هێرش و پەلاماردان بە چەکی قورس بێت یان سووک، بە هێز و سوپای گەورە بێت یان بچووک، کورتخایەن بێت یان درێژخایەن، دەبنە هۆی نائارامیی ژیان، ئاساییشی خەڵک و ڕیتمی ئاسایی دەشێوێنن، بۆیە لێرەوە وردەوردە قوربانی دروست دەبن. بێ گومان ئەو نائارامییەی لە پرۆسەی ئەنفالدا لە ناوچە ئەنفالکراوەکان و تەنانەت هەموو کوردستاندا دروست بوو، تەنها بەری هێرشێکی ئاسایی و کورتخایەن، کە ئامانجێکی دیاریکراوی بچووکی هەبێت نەبوو، بەڵکوو ئەو هێرشە بەوپەڕی هێز و توندی و ڕەقیی سوپایەکی گەورەوە ئەنجام درا، (دوای جەنگی عێراق و ئێران بەعس توانایەکی لەشکریی وەهای پێک هێنابوو، کە

[١٥]- میدڵ ئیست وۆچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، ل٨٥.

بتوانێ هێزێکی مەزنتر لە باکووری عێراق بەکار بهێنێت و گوڕێکی نوێ بە جەنگ دژ بە کورد بدات، لە بەهاری ١٩٨٧ـەوە وردەوردە پەنای بردە بەر چەکی کیمیایی و دژ بە خەڵکی گوند و شارەکان بەکاری هێنا، لە سەرەتای بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە، تا سەرەتای ئۆپەراسیۆنی ئەنفال، لە مانگی دووی ١٩٨٨ گازی خەردەل باوترین بۆمبی کیمیایی بوو بەکار هات... ئەنفال بۆ بەعسییەکان ناوی ئۆپەراسیۆنی بێویژدانانەی قڕکردنی کورد بوو، بۆیە ئۆپەراسیۆنەکە بە هێرشێکی چڕی ئاسمانی دەستی پێ کرد و بە پاشیدا هێرشی هێزی زەمینی هات و شار و گوند و زەویوزاری خاپوور کرد.)[١٦] هێرش لە ئاسمان و لە زەوییەوە دەستی پێ کرد، بە هەموو چەکێکی قورس و سووک و بە ژمارەیەکی زۆریش ئەنجام درا، هێرشبەران دەستیان لە هیچ بەهایەک، لە هیچ شتێک و لە هیچ کەسێک بە گەورە و بچووک و پیر و گەنج و ژن و پیاو و تەنانەت ئاژەڵ و ڕەز و باخ و کانییش نەپاراست، بۆیە ئەو نائارامییە لەو ناوچانە دروست بوو، هێندە قورس و ڕەق و کاریگەر بوو، بە تێپەڕبوونی دەیان ساڵ بە سەریدا هێشتا هێور نەبووەتەوە.

ب- ئازاردان: لە پرۆسەی ئەنفالدا ئازاردان هەمەجۆر و توند و کاریگەر و بەرفراوان بوو، پرۆسەیەک بوو هەموو شێوەکان یان چەندین شێوەی ئازاردان لە سەر هەموو قوربانییان تاقی دەکرایەوە، ئەشکەنجەدان تەنها بۆ ئەوە نەبوو، قوربانییان بەرەو مەرگ ببرێن، یان شێوەیەکی تۆڵەکردنەوەیان لە سەر ئەزموون بکرێت، بەڵکوو شێوەیەکی دڵڕەقی بوو، وەک فەیلەسووفی فەڕەنسی (میشێل فۆکۆ) بەو دەرئەنجامە گەیشتبوو: (ئەشکەنجەدان تەنها بۆ ئەوە نییە ئەشکەنجەدراو بەرەو مەرگ ببرێت، بەڵکوو بۆ ئەوەیش بوو ئەشکەنجەدراوان زۆرترین کات بە ئازارەوە بژین.)[١٧] واتە ئازاردان تەنها بۆ ئەوە نەبوو، قوربانییان ئازار بدرێن و بە هۆی ئەو ئازارەوە بەرەو مەرگ پاڵیان پێوە بنرێت، بەڵکوو بۆ ئەوەیش بوو، لە ژیاندا هەموو شێوەکانی ئازاردانیان لە سەر تاقی بکەنەوە، لە ژیاندا ماوەیەکی زۆر بە ئازارەوە بیانهێڵنەوە. لە پرۆسەی ئەنفالدا (گرتنەبەری ڕێگای ئازاردانی لەشی و ڕۆحی لە لایەن ڕژێمەوە، بە مانای جینۆسایدکردنی بەشێنەیی و لەسەرخۆی کوردە لە ڕوانگەی جیا ڕەگەزی و نیشتمانپەروەرییەوە، دەستدرێژی و سووکایەتی کردنە بە کەرامەتی مرۆڤایەتی.)[١٨]

پ- بێبەهاکردن: پرۆسەی ئەنفال، کە ئامانج لێی ڕاگواستن و بێسەروشوێنکردن و کوشتن و کاولکاری بێت و لوتکەی تاوان بێت، بێ گومان شتێک نامێنێتەوە پێی

---

[١٦]- کەنداڵ قاسملۆ و هەندێکی تر، گەلێکی پەژمووردە و نیشتمانێکی پەرت، چاپی یەکەم، ئێران، ١٩٩٨، ل٤١٠.

[١٧]- کۆمەڵێک نووسەر (نووسین و وەرگێڕان)، کێشەی سوبێکت، کتێبی یەکەمی گروپی نێگەتیڤ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٣٩٧.

[١٨]- هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن- هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی-، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧٣.

بگوترێت بەهای مرۆڤ، ئەوەی تێیدا بە دی ناکرێت و هەستی پێ ناکرێت، ڕێزگرتنە لە مرۆڤ و سووک سەیر نەکردنیەتی، لە پرۆسەی ئەنفالدا لێدان و جیاکردنەوە و گواستنەوەی نامرۆڤانە و هێشتنەوە لە شوێنی ناشاییستە بە مرۆڤ و برسیکردن و بێبەشکردنیان لە هەموو پێداویستییەکی مرۆیی و گوێنەدان بە منداڵ و ژن و پیروپەککەوتە و نەخۆش و هتد... دیمەنگەلێکی ئاشکرا و ڕۆتین بوون، هەموو شایەتحاڵ و ڕزرگاربووان دەیگێڕنەوە، دەستدرێژکردنە سەر هەموو بەهایەکی مرۆڤ و بێبەشکردن لە هەموو مافێک، تەنانەت مافی پیروپەککەوتە و منداڵ و نەخۆش بەشێکی دیاری قوربانییانی ئەنفال بوو، بۆیە دەستدرێژیی سێکسی و لاقەکردن و تاوان دژی ژنان لەم پرۆسەیەدا شتێک نەبوو، بەربەست و یاسای لە بەردەمدا بێت و ڕوو نەدات، چونکە ئەویش هەر وەک شێوازەکانی تری تاوان بەشێک بوون لە ژیانی قوربانییانی ئەنفال، ئەم تاوانە بە جۆرێک توند و نامرۆڤانە ڕوو دەدات سەرچاوەیەک باس لەوە دەکات: (ئافرەتێک بە هۆی دەستدرێژییەوە خۆی کوشتووە.)[١٩]

ت- ڕاگواستن: یەکێک لە دیمەنەکانی قوربانییان ڕاگواستنیان بوو، ڕاگواستن تاوانە دژ بە مرۆڤ، سەرەتاییترین مافی مرۆڤ، هەڵبژاردنی شوێنی ژیانە، بەڵام لە پرۆسەی ئەنفالدا، ئەم مافە لە سەرجەم مرۆڤەکانی ئەو ناوچانە سەنرایەوە کە پرۆسەکە تێیاندا ڕووی دا، واتە هیچ کەسێک لەو ناوچانە مافی مانەوە و ژیانی نەما، ڕاگواستن لە پرۆسەی ئەنفالدا چەند تایبەتمەندییەکی هەبوو، کە دیمەنێکی تراژیدیتر بە ژیانی قوربانییان دەدات، لەوانە:

١- بە زۆر ڕاگواستنیان لە کاتێکدا کە قوربانییان ئامادەییشیان تێدا نەبوو، واتە هیچ کات و دەرفەتێک بە ڕاگوێزراوان نەدرا.

٢- گواستنەوەیان بە هۆکاری نابەجێ و نەگونجاو و ناشاییستە بە مرۆڤ، وەک پاشی ئۆتۆمبێلی سەربازی و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر.

٣- گواستنەوەیان بە ژمارەیەکی زۆر و وەک هێمایەک بۆ سڕینەوەی بەهای مرۆڤایەتییان و هێنانیان بۆ ئاستی ئاژەڵ و زیندەوەری بێ ڕێز و بێ بەها.

٤- تێکەڵکردنی ژن و منداڵ و پیروپەککەوتە و نەخۆش، یان دابڕینی ئەندامانی یەک خێزان لە یەکتر وەک زەمینەیەک بۆ لێدانێکی دەروونیی قورس لە قوربانییان.

٥- مانەوە و ڕاگرتنیان لە شوێنێک بۆ ماوەیەکی زۆر و دووروودرێژ یاخود بەڕێکردن و ڕۆیشتنیان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ.

٦- برسیکردن و بێ ئاوی و بێ پێداویستی و نەبوونی دەرمان و هۆکاری چارەسەرکردن، وەک سەلماندنی ئەوەی قوربانییان نەک خاوەنی هیچ مافێکی مرۆیی نیین، تەنانەت مافی ژیانیان وەک ئاژەڵیش نییە.

---

[١٩]- عەدالەت عومەر ساڵح، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٥.

٧- بردنی ڕاگوێزراوان بۆ شوێنێک کە هیچ زانیارییەکیان لە سەر نییە و بێ ئاگایی لە چارەنووس و مانەوە و نەمانەوەیان.

٨- ئاوێتەکردنی هەموو شێوەکانی ئەشکەنجەدان بە پرۆسەی ڕاگواستن، تەنانەت تا مەرگیش.

ج- دەربەدەرکردن: ئەو قوربانییانە دەگرێتەوە کە لە پرۆسەی ئەنفالدا نەکەوتنە دەست هێزی ئەنفالچییانەوە، بەڵکوو بە هەر شێوەیەک بوو ڕزگاریان بوو، بەڵام بێ گومان نەیان توانیی لە شوێن و ماڵی خۆیان بژین، بۆیە ئاوارە بوون و بە ڕێگای ترسناک و بە هەر شێوەیەک بوو خۆیان گەیاندە ناوچەی تر و ئیتر لە سەر شوێن و خاکی خۆیان هەڵکەنراون.

چ- دەرکردن: لە پرۆسەی ئەنفالدا یان ڕاستتر ماوەیەکی کەم بەر لە دەستپێکردنی خەڵکانێکی زۆر لە ترسی هەڕەشە و ئاگادارکردنەوەکانی سوپای عێراق، بۆ بەجێهێشتنی ئەو ناوچانەی لێی دەژیان، وەک پێشبینییان بۆ ئەوەی کە پرۆسەی ئەنفال توند و وێرانکەر دەبێت، شوێنی کار و ژیانی خۆیان بە جێ هێشت و حکوومەتی عێراق بۆ مەبەستی خۆی لەو شوێنانە کۆی کردنەوە و نیشتەجێی کردن کە پێیان دەگوترا ئۆردووگا.

ح- مردن: بێ گومان مردن و لێسەندنەوەی ژیان لوتکەی قوربانیدانە، زۆربەی ئەوانەی ئەنفال کران، وێڕای ئەوەی بە هەموو جۆرەکانی تر بوونە قوربانی، دوا جار دوای بێسەروشوێنکردن و چەشتنی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان، مافی ژیانیشیان لێ سەنرایەوە، لەوەیش سامناکتر دۆخ و سیمای ئەو جۆرە مردنەیە کە بە سەر قوربانییاندا سەپێنرا (کارەساتی ئەنفال کەشێک لە تۆقین پێک دەهێنێ، بەتایبەتی کە قوربانییەکان خۆیان بەسەرهاتەکانی خۆیان دەگێڕنەوە، بەتایبەتتریش کە باسی چۆنێتیی مردنەکانیان دەکەن، کە نائاساییترین جۆری مردنە، بە تایبەتتریش کە ژنان باس لە مردنی جگەرگۆشەکانیان دەکەن، کۆتاییی ئەو وشەیەیش بە وشەیەکی سامناکتر دێت، لاشەکانیان سەگ خواردوویەتی.)[٢٠] لە پرۆسەی ئەنفالدا مردن بە زۆر ڕێگە و هۆکار ئەنجام دەدرا، ئەوانەی دەیانگێڕنەوە، دیمەنی تراژیدی باس دەکەن، وێنەکانیش یەک و دووان نیین، بگرە هەزارانن، بۆیە باسکردنیان ئاسان نییە.

## ٦-١/١ ڕزگاربووانی ئەنفال:

ڕزگاربووانی ئەنفال ئەوانەن کە لە پرۆسەی ئەنفالدا نەمردن، ئەوانەن کە ئێستا لە ژیاندان و بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ڕووداوە دەگێڕنەوە، ڕزگاربووانی ئەنفال ئەوانەن بە هەر جۆرێک بوو بێت، بە ئاسانی یان بە ڕێگەی سەرسوڕهێنەر و

---

[٢٠] مەهاباد قەرەداغی، کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال، توێژینەوەیەک بۆ بە جینۆسایدناساندنی گەلی کورد، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٠.

موعجیزەئاسا لەو کارەساتە ڕزگاریان بوو و مەرگ و گومناوی ڕاپێچی نەکردن، یان ڕاپێچی کردن و ئەمان بە هەر شێوەیەک بوو گەڕانەوە، ڕزگاربووانیش هەر قوربانیی ئەو ڕووداوەن، بەڵام قوربانییەکی زیندوو، بە شێوەیەکی گشتییش ڕزگاربووانی ئەنفال لە یەکێک لەم ڕێگانەوە لە دۆزەخی ئەنفالەوە بەرەو ژیان گەڕانەوە:

١- هەندێکیان پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئەنفال هەستیان بە مەترسیی دۆخەکە و ئاکامی پرۆسەکە کردبوو، هەروەها دڕندەیی سوپا و هێزی ئەنفالچییان دیبوو، بۆیە ناوچە و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بە جێ هێشتبوو، ڕوویان کردبووە ئەو شار و ناوچانەی پرۆسەی ئەنفال نەیگرتنەوە.

٢- هەندێکی بە هۆی هەستی مرۆڤدۆستانە یان خزمایەتی و نەتەوەیییەوە لە لایەن ئەو کوردانەی کە بە فەوجی خەفیفە ناسرابوون و لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشدار بوون، ڕزگاریان بوو.

٣- تاکوتەرا بە هۆی هەندێ لەو ماڵە عەرەبانەی نزیک بوون لە شوێنی ڕاگوێزانیان، ڕزگاریان بوو، ماوەیەک لە ناو ئەو خێزانە نوێیانەدا بە نهێنی ژیان.

٤- هەندێکیان لە کاتی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی پێشمەرگە و سوپا و فەوجەکانی بەشدار لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگاریان بوو و ئاوارەی وڵاتی دراوسێ بوون.

٥- هەندێکیان بە شێوەی سەرسوڕهێنەر لە ناو مەرگەساتەکە گەڕاونەتەوە و هەندێ جار بە برینداری بە بێهۆشی و ماوەیەک لە ناو مردوواندا ماونەتەوە و لە لایەن سەرباز و پاسەوانانەوە وا زانراوە مردووە، دواتر بە هەر ڕێگەیەک بووە ڕزگاریان بووە.[٢١]

## ١/١-٧ نەوەکانی ئەنفالکراوان:

نەوەکانی ئەنفال شێوەیەکی نوێ و بەردەوامی قوربانییانن، ئەوانەن کە خۆیان لە سەردەمی ئەنفالدا لە دایک نەبووبوون، ئەو پرۆسەیەیان نەدیوە و نازانن چۆن ڕووی داوە، تەنها باوان یان کەسوکار و کەسانی نزیکیان بۆیان گێڕاونەتەوە، یاخود لە کتێب و نووسراوەکاندا خوێندوویانەتەوە یان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بیستوویانە. نەوەکانی ئەنفال بە هەر شێوەیەک بێت پەیوەندییان بە ئەنفالەوە هەیە، کاریگەریی ئەم ڕووداوە لە سەر ئەمانیش زۆرە و ئەمانیش ئاکامە تراژیدییەکانی بە سەر ژیانیانەوە دیارە، چونکە:

---

[٢١]- لە ناو تاقانەکانی ئەنفالدا، کە لە پرۆسەی ئەنفالدا ڕزگاریان بووە، چیرۆکی لەم شێوەیە هەیە، دیارترینیان چیرۆکی تەیموری ئەنفالە، کە تراژیدیای ئەم چیرۆکە بە شێوەیەکە، کە ئیتر دڵتەنگی و سەرسامی و فرمێسک هەڵڕشتنیش بە بیستنی هیچ مانایەکی وەهای نامێنێت. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: عارف قوربانی (ئامادەکردن و چاوپێکەوتن)، تەیموور تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بە کۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

أ- زۆربەی ئەمان دایک یان باوک یان نەنک و باپیر یان خوشک و برا یان هەر ئەندامێکی تری بنەماڵەکەیان، لە پرۆسەی ئەنفالدا بێ سەروشوێن بووە یان مردوە، ئەمە جگە لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و هەموو ئەو کاریگەرییانەی کە مردنی ئەندامێکی خێزان یان بنەماڵە بە جێی دەهێڵێت، کاریگەریی دەروونییشی بۆ سەر نەوەکانی ئەنفال دەبێت.

ب- نەوەکانی ئەنفال، ئەگەر ئەندامانی بنەماڵەکەشیان هەموویان لە ژیاندا بن، ئەوان لە بەرئەوەی پەروەردەی ئەو خێزانانەن کە شۆکی دەروونی و کاریگەریی ئەنفالیان بە سەرەوەیە، بۆیە بە هۆی قورسیی زەبری ئەم کاریگەرییەی ئەنفال لە سەر دایک و باوک و خێزانەکانیان، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێت ئەم زەبرە ئەوانیش دەگرێتەوە.

پ- لە بەر ئەوەی پرۆسەی ئەنفال هەڵتەکاندنی بەهاکانی کۆمەڵگا بوو لەو شوێنانەی پرۆسەکە تێیاندا ڕووی دا، بۆیە ئەم بەهایانە ئەگەر بیشچنەوە جێگەی خۆیان ماوەیەکی زۆر و کاری دەوێت، بۆیە کاریگەریی دەروونی و پەروەردەیی بە سەر ئەمانی نەوەی ئەنفالەوە دەبێت.

ت- لە پرۆسەی ئەنفالدا بنەما ئابوورییەکانی ئەو ناوچانەی ئەنفال تێیاندا ڕوویدا هەڵتەکێنران، داڕشتنەوە و پتەوکردنەوەی ئەو بنەمایانە دیسان کاری زۆر و ماوەی زۆری پێویستە، بۆیە لەم ڕووەیشەوە نەوەکانی ئەنفال بوون بە قوربانی.

ج- هەر خزمەت نەکردن و کارکردنێکی نادروست لەگەڵ کەیسی ئەنفالدا ڕاستەوخۆ دەبێتە زیانی هەمەلایەن بۆ سەر نەوەکانی ئەنفال، چونکە ئەمان ئەگەر پرۆسەکەیشیان نەدیبێت، بە هەر شێوەیەک بێت نەهامەتی و کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی ئەو پرۆسەیەیان بۆ ماوەتەوە.

### ١/١-٨ شایەتحاڵەکان:

شایەتحاڵەکانی ئەنفال ئەوانەن کە پرۆسەی ئەنفالیان دیوە و لە ناو ڕووداوەکاندا بوون و بە هەر ڕێگەیەک بێت ئەو پرۆسەیە دەگێڕنەوە و ئەوانی تر لە چۆنێتیی ڕوودانی ئاگادار دەکەنەوە، شایەتحاڵەکان ئەوانەن:

أ- خۆیان بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، بەڵام بە هەر ڕێگەیەک بێت ڕزگاریان بووە.

ب- خۆیان لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشدار بوون، وەک ئەو چەکدارە کوردانەی سوپای عێراق لە فەوجەکاندا ڕێکی خستبوون و بەشداریی پرۆسەی ئەنفالی پێ کردبوون.

پ- ئەو چەکدارە کوردانەی لە شۆڕشی کوردیدا پێیان دەگوترێت پێشمەرگە و لە شاڵاوی ئەنفالدا ڕووبەڕووی سوپای عێراق و هێرشەکانی ئەنفال بوونەوە.

ت- ئەو کەسانەی ڕژێمی بەعس بۆ هاوکاریکردنی پرۆسەکە بەکاری هێنان، بە تایبەت بۆ گواستنەوەیان، وەک شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلانەی ئەنفالکراوانی پێ دەگوازرایەوە.

بە شێوەیەکی گشتی شایەتحاڵەکان، هەیانە ئەو سەردەمەی ئەنفال ڕووی دابوو تەمەنیان منداڵ بوو، هەیشیان بوون تەمەنێکی مامناوەند، هەیان بوون پیر بوون، ئەمانە لە هەر دوو ڕەگەزن و لە ناو ئەوانیشدا هەیانە خوێندەوار و هەیانە نەخوێندەوار، هەیانە توانای گێڕانەوەی باشە و هەیانە باش نییە، هەیانە لە سەر ڕووداوەکان دەنووسێت و هەیانە لە چاوپێکەوتنەکاندا دەیانگێڕێتەوە.

## ١/١-٩ تاقانەکان:

تاقانەکان ئەوانەن کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بە تەنها ڕزگاریان بووە، واتە تەواوی ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکەیان لە پرۆسەکەدا بێسەروشوێن بوون. تاقانەکانی ئەنفال ژمارەیەک لەو مرۆڤانەن کە لە ئێستادا هیچ یەک لە کەسوکاریان نەماون و بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون و لەو تراژیدیایەدا شوێنبزر بوون. هەڵسەنگاندن و باسکردنی ژیانی تاقانەکانی ئەنفال شتێکە لە ئەستەم نزیکە تا ئەوەی بتوانرێت بە دروستی دۆخی ژیانی ئەوان بهێنرێتە سەر کاغەز، تەنانەت لە زمانی خۆیشیانەوە قورسە بهێنرێتە پێش چاو تاقانەکان لە چ دۆخێکدا دەژین و هەست بە ئازارەکانیان بکرێت، چونکە:

أ- جگە لەوەی ئەوان بە واقیعی دۆخی مەرگەساتی پرۆسەی ئەنفالیان بینیوە، بۆ هەمیشەیش لەگەڵ کاریگەرییەکانی ئەم مەرگەساتەدا دەژین.

ب- هەر جۆرە کار و وەفا و خزمەتێک بە کەیسی ئەنفال و ڕزگاربووان و نەوەکانی ئەنفال، گەر جۆرێک قەرەبوو و دڵنەوایی دروست بکات و زامەکانیان سارێژ بکات، ئەوا بۆ تاقانەکانی ئەنفال ئەم دڵنەوایی و سارێژکردنەی زامەکان ئەستەمە، چونکە ئەوانە دەرمانێکی سووکن بۆ ئەو برینە قووڵەی لە جەستە و دەروون و ڕۆحی ئەواندایە.

پ- ئەگەر بۆ هەر ڕزگاربوویەکی ئەنفال ڕزگاربوونی دایک جێگەی باوکی ئەنفالکراو بگرێتەوە یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر بۆ هەر باوکێک یان دایکێکی ڕزگاربوو لە ئەنفال، منداڵێک یان نەوەیەکی ڕزگاربوو لە ئەنفال جێگەی ئەوانی تری ئەنفالکراو بگرێتەوە، یان ڕزگاربوونی خۆشک یان برا لە پرۆسەی ئەنفال جێگەی ئەوانی تری ئەنفالکراو بگرێتەوە، ئەوا بۆ تاقانەکانی ئەنفال ئەم دۆخە ڕوو نادات و هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیە سەبووری بە دەروونی تاقانەکان لەو مەرگەساتە گەورەیەدا ناهێنێت.

ت- بۆ تاقانەکان نموونەیەکی ژیان هەیە کە بە هەموو شێوەیەک دابڕاوە لە ژیانی پێش پرۆسەی ئەنفال، ئەوان هیچ ئەندامێک لە خێزانەکانیان نەماون تا ڕایەڵێک دروست بکەن بۆ بەستنەوەی ژیانی دوای پرۆسەی ئەنفال بە پێش پرۆسەکەوە، ئەمەیش جۆرێک لە هەڵتەکاندن و شێواندنی دەروونی بۆ ئەوان دروست دەکات.

## ١/١-١٠ گۆڕی بەکۆمەڵ:

گۆڕی بەکۆمەڵ خۆی گوزارشتی ڕاستەوخۆ لە دۆخەکە دەکات، واتە بەخاکسپاردنی ژمارەیەکی زۆر مردوو لە تەنها گۆڕێک، زۆر جاریش ئەو پرۆسەیە تەنها بە ژێرگڵکردنەوە و شاردنەوەی ئەو مردووانەیە لە ژێر خاکدا. ئاشکرایە نەریتی مرۆڤ لای زۆربەی گەلان و لە ناو زۆربەی ئایینە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت لە هەموو سەردەمەکانیش وەهایە و وەها بووە، کە مردوو لە مەراسیمی تایبەتدا بە خاک دەسپێرێت، هەر یەکەیشیان لە ناو تەنها یەک گۆڕدا دەنێژرێن، ئەوەیش جگە لەوەی جۆرێکە لە نەریت و جۆرێکیشە لە ڕێز و دانانی بەها بۆ مردوو، بەڵام لە گۆڕی بەکۆمەڵدا بە هیچ جۆرێک ئەم حاڵەتە بە دیناکرێت، هیچ جۆرە مەراسیمێکی قەدرزانین بۆ مردوو جێبەجێ ناکرێت، ئەوە لە ئارادا نەبێت ڕێزگرتنە لە مردوو، چونکە گۆڕی بە کۆمەڵ خۆی گوزارشتە لەوەی:

أ- مردنی ژمارەیەک مرۆڤ بە یەکەوە و بە کۆمەڵ لە یەک کاتدا، خۆی دۆخێکی نائاساییی مردنە و گوزارشتە لە حاڵەتی جەنگ و کوشتار و قڕکردن و ئەوانە مردوون و پێکەوە کوژراون.

ب- تێکەڵکردن و سەریەکخستن و کۆکردنەوەی مردووان لە ناو یەک گۆڕدا تەعبیرە لەوەی ئەو مردووانە هیچ ڕێز و بەهایەکیان وەک تاک و ناسنامە نییە.

پ- ژێرخاکخستنی مردووان بە جل و خوێن و پێڵاو و هەندێ شتومەکی ترەوە لێسەندنەوەی کۆمەڵێک ماف و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتییە و داماڵینیانە لە بەهای مرۆیی.

ت- گۆڕی بە کۆمەڵ تەعبیرە لەوەی ئەوانەی دەکرێنە ژێر خاک شوێنبزرن و هیچ یەک لە کەسوکار و خزم و ناسیاوێک لەو پرۆسەیەدا ئامادەبوونی نییە.

ج- کردنیان بە ژێر خاکەوە و بە کۆمەڵ خۆی لە بەر ڕێزی مردووان نییە، بەڵکوو بۆ دوورخستنەوەی کاریگەرییە خراپە ژینگەیی و تەندروستییەکانی مردووانە لە سەر ژیانی زیندوان.

لەبەر ئەوەی شەڕ و کوشتارەکان لە مێژووی نوێی عێراقدا زۆرن و هەمیشە یان کاتێکی زۆر ئەو ناوچەیە لە جەنگدا بووە، بۆ ماوەی هەشت ساڵ (١٩٨٠-١٩٨٨) عێراق و ئێران لە بەرامبەر یەک شەڕێکی خوێناوییان کردووە و ماوەیەکی زۆریش ڕژێمی بەعس دژی کورد شەڕی کردووە و هەموو جۆرە چەکێکی لە دژی بەکار هێناوە، لە ساڵی ١٩٩٠دا عێراق وڵاتی کوەیتی داگیر کرد، ساڵی دواتر کۆمەڵێک وڵاتی هاوپەیمان بە سەرکردایەتیی ئەمریکا دژی عێراق وەستانەوە و شەڕیان کرد و کوەیتیان لە ژێر دەستی دەرهێنا، دواتر ساڵی ١٩٩١ لە باکوور و باشوور و چەند شوێنێکی عێراق ڕاپەڕین و دژوەستانەوە بەرامبەر ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق سەری هەڵدا و

ئەو ڕاپەڕینانە بە زەبری هێز سەرکوت کران، دەرئەنجامی ئەم هەموو شەڕ و کوشتار و ئاژاوانەی ئەم وڵاتە بە خۆیەوە دیوە و هیی تریش کە بە دوای ئەوانەدا ڕوویان داوە، لە زۆر شوێن و ناوچەی عێراق گۆڕی بە کۆمەڵ هەیە، هەندێک لەمانە دۆزراونەتەوە لە ناو ئەوانیشدا هەندێکیان هەڵدراونەتەوە و یەک یەک تەرمەکانی ناویان گواستراونەتەوە، هەندێکیشیان هێشتا دەستیان لێ نەدراوە و هەڵ نەدراونەتەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین گۆڕی بە کۆمەڵی تر هەن هێشتا نەدۆزراونەتەوە و کەس هیچ هەواڵێک لە بارەیانەوە نازانێت، کەس هیچی لە بارەیانەوە ئاشکرا نەکردووە، زۆر جاریش ئاشکرابوونیان بە ڕووداوی ڕێکەوت دەبێت و بە هۆی کارکردن و هەڵکۆڵین و ڕامالینی خاکی سەر ئەو گۆڕانە، گۆڕە بە کۆمەڵەکان دۆزراونەتەوە. [٢٢]

## ١/١-١١ بیابان:

بیابان لە خەیاڵی مرۆڤی کورددا بەتایبەت لە سەردەمی پرۆسەی ئەنفالدا، شوێنێکی پێچەوانەی ئەو ژینگەیەیە کە ئەوانی تێدا ژیاون، ئەگەر ئەو ناوچانەی کوردی تێدا دەژی شاخاوین و دەشت و دۆڵ و چیا و چەم و ڕووباری تێدایە، ئەوا بیابان لە خەیاڵی سادەی کورددا بێ دارودرەخت و بێ ئاو و کانییە، ئەگەر شاخەکان پەناگەن بۆ خۆحەشاردان، ئەوا بیابان شوێنێکە بۆ بزربوون و سەفەری بێ گەڕانەوە و نەهاتنەوە، کورد لە خەیاڵگەی خۆیدا بەتایبەت ئەو سەردەمەی پرۆسەی ئەنفالی تێدا ڕووی دا، شاخ و چیاکانی بە پشت و پەناگەی خۆی دەزانی، ئەمەیش تەنانەت لە گوتاری سیاسی و ڕۆشبیریی کوردیدا ڕەنگی دابووەوە، بەڵام لە بیاباندا یان ئەگەر ببرێنە بیابان یاخود ئەگەر کوردستان بیابان بووایە، کورد هەست بەم پشتیوانییە ناکات، بێ گومان هەموو ئەو بیرکردنەوانە ئەگەر چی وەک گوتمان لە گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیرییشدا دەربکەون، مەرج نییە ڕاست و لۆژیکی بن، بەڵام کورد ئەو سەردەمانە وزەی ژیان و هێزی بڕیار و سەرچاوەی ئارامیی لە شاخەکان و مەڵبەندە عاسییەکان وەردەگرت، بۆیە لە پرۆسەی ئەنفالدا بیابان دەبێتە ئەو شوێنە ترسناک و سامناکەی، بۆ کورد هەمیشە وەک دێوەزمە و مۆتەکە وا بووە، وا ئێستا و لە پرۆسەی ئەنفالدا بە زۆر بۆی ڕادەگوێزرێت.

---

[٢٢]- زانیاری لە بارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق لەم سەرچاوانەدایە:

[أ]- هیومان رایتس وتش و اطباء من اجل حقوق الانسان (اعداد)، قبور غير هادئە، بحث عن المفقودين في كردستان العراق، ترجمة عن الانكليزية: محمد حمەصالح توفيق، دار الترجمة، السليمانية، ٢٠٠٤.

ب- بهزاد على ادم (اشراف واعداد)، الانفال- قرار محكمة-، الطبعة الاولى، من اصدارات المركز الثقافي لجامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٤.

[پ]- طه بابان (ألقاظي)، القبور الجماعية و مآسيها في العراق، سليمانية، ٢٠١٣.

[ت]- تەها سلێمان، تاوانی ئەنفال- زانیاری و دۆکۆمێنت، چاپی یەکەم، دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، سلێمانی، ٢٠١٥.

له ناو بیاباندا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵ و زیندانیی سامناکی تێدا بوو، کە شایەتحاڵانی ئەنفال چیرۆکی سەرسوڕهێنەر و زۆر ترسناکی لێ دەگێڕنەوە، کە گێڕانەوە چەندە ترسناک و تۆقێنەر و مرۆڤهەژێنەرە، هێندەیش درێژە و بە جۆرێکە هەم زمان توانای گوزارشتکردنی لێیان ئەستەمە و هەم لەگەڵ ئەوەیشدا مرۆڤ تووشی تاسان دەکات، یەکێک لەوانە چیرۆکە ترسناکەکانی زیندانییانی ناو زیندانی قەڵای نوگرە سەلمانە.

زیندانی نوگرە سەلمان خۆی لە بنچینەدا قەڵای نوگرە سەلمان بووە، ئەم قەڵایە دەکەوێتە چەقی بیابانێکەوە لە ناحیەی سەلمانی سەر بە قەزای سەماوەی پارێزگای میسانی عێراق، قەزای سەلمان نزیکەی ١٢٠ کیلۆمەتر لە شاری ڕەفحی سعودیەوە دوورە، قەڵاکە لە سەردەمی هێزەکانی ئینگلیز لە عێراق دروست کراوە و بۆ مەبەستی دوورخستنەوەی چالاکانی سیاسی بەکار هێنراوە، دواتر ڕژێمی بەعس لە هەشتاکانی سەدەی بیستدا وەک زیندان بەکاری هێناوە، سەرەتا کوردانی فەیلی و پاشان عەرەبی شیعەی ناحیەی دوجەیلی پارێزگای بەغدا و چالاکانی سیاسیی تێدا زیندانی کردووە، لە پرۆسەی ئەنفالدا ئەم زیندانە کراوە بە گۆڕستانی کوردانی ئەنفالکراو، بە وتەی شایەتحاڵەکان، زۆربەی ئەوانەی لەم شوێنەدا مردوون، بوون بە خۆراکی سەگ. بە پێی ئاماری نافەرمیی حیزبی بەعس زیاتر لە نۆ هەزار ئەنفالکراو لەم گرتووخانەیەدا بەند کراون، هەروەک شایەتحاڵان ئاماژەی پێ دەکەن، زۆرینەی ئەو ئەنفالکراوانە پیر و منداڵ بوون، زۆربەیان بە بەرچاوی یەکترەوە مردوون، ئیتر یان لە برسان یان سەگ خواردوونی یان گوللەباران کراون، یان بە هەر شێوەیەکی تری ئەشکەنجەدان مەرگیان بە سەردا سەپێنراوە. [٢٣]

## ١٢-١/١ بێسەروشوێنکردن:

بێسەروشوێنکردن سیمایەکی دیاری پرۆسەی ئەنفال بوو، قورسترین و تراژیدیترین دۆخی دروست کرد کە بۆ هەمیشە کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی قووڵ کردووە، سەرەڕای ئەو دۆخە وێرانکەرە تا ئێستا پرسی بێسەروشوێنبووان یەکێکە لەو پرسانەی بە کەمترین ئەنجامی خۆی گەیشتووە و بەردەوام کاریگەری و ئاکامەکانی دەردەکەونەوە و درێژ دەبنەوە.

هەڵکەندنی خەڵک لە شوێنی ژیانی خۆی و بە زۆر ڕاگوێزانی بۆ شوێنێکی نادیار و زیندانیکردن و گوللەباران کردن و زیندەبەچاڵکردن و سەپاندنی ئەشکەنجە و مەرگ بە سەریدا یەکێک لە ئامانجەکانی بێسەروشوێنکردنە بۆ ئەوەی هەرگیز ئەو تاوانە وەک

---

[٢٣]- ئەم زانیارییانە لە بەرنامەیەکی کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو وەرگیراون، ئەمەیش لینکی ئەو بەرنامەیەیە:
http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/1404201410

کێشەیەک یان دۆسیەیەک زیندوو نەبێتەوە و بەرۆکی تاوانباران نەگرێتەوە، بۆیە (لە ساڵی ٢٠٠٦، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕێکەوتنێکی فەرمی واژۆ کرا، تایبەت بەو کەسانەی بە زۆر بێسەروشوێن کراون. ئەم ڕێکەوتنە لە ساڵی ٢٠١٠ چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە سەر پێنج ئاست هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی بێسەروشوێنکردن و بێسەروشوێنکراوان دەدات، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

یەکەم: قەدەغەکردنی بێسەروشوێنکردن.

دوەم: ئاشکراکردنی چارە نووسی بێسەروشوێنکراوان.

سێیەم: سەرپەرشتیکردنی دۆسیەی کەسی بێسەروشوێنکراوان.

چوارەم: سەرپەرشتیکردنی دۆسیەی ڕوفاتی قوربانییەکان و زانیاریی تایبەت لە بارەیانەوە.

پێنجەم: هاوکاری و یارمەتیدانی بێسەروشوێنکراوان.)[٢٤]

ئەم پرسە پرسێکی نێودەوڵەتییە و لە زۆربەی جەنگ و شەڕە ناوخۆیی و شەڕی نێوان وڵاتان ڕووی داوە بۆیە لەو ئاستەدا کۆبوونەوەی بۆ دەکرێت و بڕیاری لە سەر دەدرێت و ڕێکەوتننامەی لە سەر واژۆ دەکرێت، ساڵانەیش ژمارەی ئەو دەوڵاتانەی پەیوەست دەبن بە بڕیارەکانی ناو ئەو ڕێکەوتننامەیەوە زۆر دەبن و واژۆی لە سەر دەکەن، (ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی ڕێکەوتننامەکەیان واژۆ کردووە، تا ساڵی ٢٠١٢، ٩١ دەوڵەتە و دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٠ ڕێکەوتنەکەی واژۆ کردووە. هەنگاوی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئیلتزامەی دەکەوێتە سەر ئەو دەوڵەتانەی ڕێکەوتنەکەیان واژۆ کردووە، پێویستە ڕێکاری یاسایی بگرنە بەر بە مەبەستی پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ ئەو دەوڵەتانەی لەم بوارە پێویستیان بە پاڵپشتییە، بە سوودوەرگرتن لە یاسا مرۆییەکانی تایبەت بە پرسی بێسەروشوێنکراوان.)[٢٥]

بە شێوەیەکی گشتی بێسەروشوێنکردن کۆمەڵێک ستراتیژ و مەبەستی ئاشکرا و نائاشکرای لە پشتەوەیە و بە دوایدا کۆمەڵێک ئاکامی تری لێ دەکەوێتەوە، بێ گومان بۆ پرۆسەی ئەنفالیش هەر وایە، کە لێرەدا لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینە ڕوو:

أ- بێسەروشوێنکردن بەو مەبەستە ئەنجام دەدرێت تا لایەنی بەرامبەری ئەنجامدەرانی کارەکە لە دۆخی دوودڵی و مەترسیدا بمێننەوە و نەزانن دوژمن بە نیازی چییە.

ب- بێسەروشوێنکردن گوزارشت لە گەورەیی قەبارەی تاوان دەکات، بەوەدا بکەرانی تاوانەکە لە بەر هەر شتێک بێت نایانەوێ بپەرژێنە سەر دیاریکردنی چارەنووسی یەک بە یەکی قوربانییان.

---

[٢٤]- تەها سلێمان، پرسی بێسەروشوێنکراوانی تاوانی جینۆساید لە کوردستان؟ ماڵپەڕی جینۆسایدکورد: http://genocidekurd. com/ku/babati/7025

[٢٥]- هەر ئەو سەرچاوەیە.

پ- بێسەروشوێنکردن بۆ ئەوەیە تا گیان و چارەنووسی قوربانییان هەمیشە ببێتە وەرقە و خاڵی گفتوگۆکان و وەک بابەتی دانوستان سیاسەت و مامەڵە و تەنانەت بازرگانیشی پێوە بکرێت.

ت- بێسەروشوێنکردن هەندێ جار بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانی ئەنجامدراوە یان بۆ مەبەستی بچووکردنەوەی قەبارەی تاوانە، وەک ئەوەی ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس هەمیشە نکوڵی لەوە دەکرد، کە پرۆسەی ئەنفال بەو قەبارە گەورەیە و بەو ژمارە زۆرەی قوربانییان ڕووی دابێت.

ج- بێسەروشوێنکردن بۆ تۆڵەکردنەوە و نیشاندانی ڕق و پەلامار و ئازاردان و جۆرەکانی لەناوبردنە بە نەیاران.

چ- بێسەروشوێنکردن هەندێ جار بۆ پرۆڤەکردنە بە سوپای دەستدرێژیکەر، تا ئەو سەرباز و ئەفسەر یان بە گشتی چەکدار و هێرشکەرانەی بەشداریی پرۆسەکە دەکەن ئارەزووی ئەشکەنجەدان تاقی بکەنەوە و حەزی خوێنڕێژی و لەناوبردن لە خۆیاندا دروست بکەن و گەشەی پێ بدەن و بەردەوام تێری بکەن.

ح- بێسەروشوێنکردن بۆ ئەوەیە هەمیشە ئەنجامەکانی هێرش و تاوان و لەناوبردن بە نادیاری و جۆرێک لە نهێنی بمێنێتەوە و ببێتە سەرچاوەی ترس و دوودڵی بۆ بەرامبەر، هەمیشە کەشی ترس و تاوان و کوشتار زاڵ بێت.

## ١٣-١/١ ئۆردووگای زۆرەملێ:

ئۆردووگا شوێنی نیشتەجێکردنە، بەڵام شوێنی ڕاستەقینەی ئەوانە نییە کە لێی دەژین، بەڵکوو ئەوانەی لێی دەژین بە زۆر یان بە ناچاری لێی هاتوونەتە ئەو شوێنە و نیشتەجێ کراون، بۆیە هەمیشە وشەیەکی تر وەک هاوەڵناو بەم وشەیەوە دەلکێنرێت و دەخرێتە پاڵی و باشتر ئەو دۆخە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەویش وشەی (زۆرەملێ)یە، واتە دەگوترێت و دەنووسرێت: ئۆردووگا زۆرەملێکان.

هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری پارتی بەعسی عەرەبی لە عێراق و دواتر کەوتنە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی کورد لە وڵات و بە تایبەت دوای توندبوونەوەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە لە سەردەمی هەڵگیرساندنی شەڕی ئێران و عێراق، ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق بیری لە ڕاگوێزانی گوند و شار و شارۆچکەکانی بە تایبەت سەر سنووری وڵاتەکەی لەگەڵ ئێران کردەوە و هەزاران خێزانی لە سەدان لادێ و چەند شارۆچکەیەکی سەر سنوورەکان گواستەوە و ئەو ناوچانەی چۆڵ کرد و کردنییە ناوچەی قەدەغەکراو و خەڵکەکەیشیانی بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان ڕاگوێزران، کە لە سەرەتای ئەو جەنگە و ئەو ستراتیژەدا، ئۆردووگاکان بریتی بوون لە: ئۆردووگاکانی شانەدەری، سیروان، خورماڵ، زەمەقی، زەڕایەن و عەربەت و چەند ئۆردووگایەکی تر، لە کۆتاییی جەنگی عێراق- ئێران و زیاتر

توندبوونەوەی شەڕی نێوان کورد و ڕژێمی بەعس، وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە بزووتنەوەی چەکداریی کورد و پێشمەرگەی کوردستان کە لە کاتی جەنگ لەگەڵ ئێران پەلاماری سوپای عێراقیان داوە و چالاکیی پارتیزانی و هێرش و بۆسەنانەوە و پەلاماردانیان دژی هێزەکانی عێراق هەبووە، بەعس بۆ لەناوبردنی ئەو چالاکییانە و کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی چەکداریی کورد و هەموو سەرچاوە و ژینگەیەکی ئەو جووڵانەوە و بەرهەڵستکارییە، بە تایبەت لە پرۆسەی ئەنفال و پێش پرۆسەکەیش هەڵمەتێکی تری بە زۆر ڕاگوێزانی دەست پێ کرد و بۆ ئەم مەبەستە چەند ئۆردووگایەکی تری کردەوە، لەوانە ئۆردووگاکانی: سموود، باریکە، نەسر، گردەچاڵ، بەحرکە، قوشتەپە، باینجان، بازیان، دارەتوو، بنەسلاوە و شۆڕش لە چەمچەماڵ... هتد، کە بە وردی سەرژمێریی ژمارەی ئەو خێزانە ڕاگوێزراوانە و نیشتەجێبوونیان لەو ئۆردووگایانە لە بەر دەستدا نییە و نەکراوە.

عەلی حەسەن مەجید، کە سەرۆکی نووسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعس بوو، فەرماندەی گشتیی پرۆسەی ئەنفالیش لە دەستی نووسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، واتە عەلی حەسەن مەجید ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی پرۆسەی ئەنفالی دەکرد، لە ماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٨٩ چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی بەعس و پارێزگارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە هەر یەک لە شارەکانی کوردستان (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)یان پێ دەگوت، کردووە، دەقی قسەکانی هەندێ لەو کۆبوونەوانە بە کاسێت تۆمار کراون، ئەو کاسێتانەیش لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە ماڵەکەی خۆی و لە بارەگای نووسینگەی باکووردا دەستیان بە سەردا گیراوە، لە یەکێک لەو کاسێتانەدا، عەلی حەسەن مەجید کە لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی نووسینگەی باکوور و پارێزگارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ١٩٨٨/٤/١٥دا کۆ بووەتەوە، لە بارەی ئۆردووگاکانەوە دەڵێت: (هاوینی داهاتوو نابێ هیچ گوندێک لێرەولەوێ مابێتەوە، کۆمەڵگاکانی لێ بەدەردەبێت ڕێک وەک مریشکەبەکڕی لێ بێت کاتێ جووچکەکانی دەخاتە ژێر باڵییەوە، دەبێت ئێمە ئەو خەڵکانە بخەینە کۆمەڵگاکانەوە و چاویشمان لە سەریان بێت، چیتر ناهێڵم لە گوندەکان بژین و تێکدەران بتوانن سەریان لێ بدەن، کۆچکردن لە گوندەوە بۆ شار کارێکی پێویستە لە باکووری عێراقدا، لە ئێستا بە دواوە من ئارد، شەکر، نەوت، ئاو و کارەبا نادەم بەو گوندنشینانەی لەوێ بژین، با لە من نزیک ببنەوە و گوێم لێ بگرن، منیش بتوانم ئەو شتانەیان بۆ باس بکەم کە بڕوام پێیانە و پێویستن بۆ ئایدیۆلۆجی و فێرکردن و حکوومدانی دروست لە سەر مەسەلەکان. بۆچی ڕێگەیان پێ بدەم لەوێ وەک کەر بژین و هیچ شتێک نەزانن؟ بۆ گەنم؟ من گەنمی ئەوانم ناوێت، ئێمە ئەوە بیست ساڵە گەنم لە دەرەوە دەهێنین، با پێنج ساڵی تریشی لە سەر بێت.

من ئەو ناوچە گەورە و بەرینانە قەدەغە دەکەم و ناهێڵم کەسیان تێدا بمێنێت، گوایە چییە، ئەگەر ئێمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغە بکەین، لە قەرەداغەوە بۆ کفری، بۆ دیالە

و بۆ دەربەندیخان، بۆ سلێمانی؟ ئاخر ئەم حەوزە کوێی چاکە؟ ئێمە تا ئێستا چیمان لێی دەست کەوتووە؟ ئێوە تێفکرێن چەندمان خەرج کردووە و لە دەستمان چووە لە سەر ئەم ناوچانە، لە ناو ئەو خەڵکەدا چەند هاوڵاتیی باش هەن و چەندیشیان خراپ تێدایە؟

باشە چ شتێک هەڵە بوو؟ چی ڕووی دا. سی، بیست، بیستوپێنج ساڵ چالاکیی تێکدەر، بیری لێ بکەنەوە ئێمە چەند شەهیدمان داوە!... ئێستا وای لێ هاتووە تۆ هیچ کاتێک ناتوانی لە کەرکووکەوە بچی بۆ هەولێر بێ ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆش، سەرانسەر ئەم حەوزە لە کۆیسنجەقەوە بۆ ئێرە (کەرکووک) من چۆڵی دەکەم، من تا گوێڕ و مووسڵ چۆڵی دەکەم، یەک مرۆڤی تێدا نامێنێت، تەنها ڕێگاوبانە سەرەکییەکان نەبێت. پێنج ساڵی تر ناهێڵم یەک بنیادەم پێ بخاتە ئەوێوە. من کشتوکاڵیانم ناوێت، تەماتەم ناوێ، بامێ و خەیاریانم ناوێت، ئێمە ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکەین، چالاکیی تێکدەران هەرگیز کۆتایی نایەت تا یەک ملیۆن ساڵی تریش، ئەمە هەموو تێبینییەکانی من بوو، پشت بە خوا ئێمە زۆر بە زوویی لە ناویان دەبەین، لە ئێستاوە مانگێک زیاتر نابات و لە هاویندا هیچ شتێک نەماوەتەوە.)[٢٦]

لەم قسانەی عەلی حەسەن مەجیدەوە تا ڕادەیەکی زۆر ئامانج و ستراتیژی حیزبی بەعس لە بە زۆر ڕاگوێزانی خەڵکی گوندەکان و هەندێ شار و شارۆچکە بۆ ئۆردووگا زۆرەملێکان ڕوون دەبێتەوە، دیارە کە ئەم کارە بە پلانێکی ورد و برِوایەکی تەواوەوە کراوە، ڕاگوێزانی بە زۆری خەڵک و هەڵکەندنیان لە شوێنی نیشتەجێبوونیان و کۆکردنەوەیان لە ئۆردووگا زۆرەملێکان بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێکانی ئەم ئامانجانە بوو:

أ- چاودێریکردنی هەموو جموجووڵێکی خەڵک و کۆنترۆڵکردنیان تا ئەو ئاستەی کە چاوەڕێی هیچ مەترسییەک نەبێت لێیان.

ب- گۆڕینی خەڵکی ئەو ناوچانە لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر، بەو پێیەی لە لادێکان و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پیشەی تر بوون، بەڵام لە ئۆردووگاکان هەموو ئەو زەمینانە تێک دران، کە مرۆڤ دەکەنە بەرهەمهێنەر و گۆڕان بۆ بەکاربەر و بێکار یان فەرمانبەر و مووچەخۆری دەوڵەت.

پ- بێکاری لە ناو ئۆردووگاکان و چاودێریی ورد لە سەریان بوونە هۆی ئەوەی خەڵکانی ئەو شوێنانە ببنە چەکدار و داردەستی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا.

[٢٦] میدڵ ئیست ووچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح توفیق، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٥٢٧- ٥٢٨.

ت- له ڕێی ژیانی شار و بوونیان به فەرمانبەر و خەڵکانی نزیک له ڕژێمی بەعس، ئەو حیزبه توانیی ئایدیۆلۆژیای خۆی زیاتر له ناو ئەو خەڵکەدا بڵاو بکاتەوه و پێیان بگەیەنێت.
ج- تێکدانی پەروەردە و کەلتووری خەڵکانی ئەو ناوچانه و گۆشکردنیان به پەروەردە و کەلتووری حیزبی بەعس.

## ١/١-١٤ بەعس (سەدام حسێن و عەلی حەسەن مەجید):

له سەردەمی پرۆسەی ئەنفالدا، بەعس حیزبی فەرمانڕەوای عێراق بووه و تەنها حیزبێکیش بووه دەسەڵاتی له عێراق پێک هێناوه، ئەم حیزبه تاکڕەو و توندڕەو بووه بەو پێیەی بواری به جموجووڵ و چالاکیی سیاسیی به هیچ حیزبێکی تر نەداوه، هەموو جۆره چالاکییەکی سیاسیی له هەر گروپێکی تر قەدەغه کردووه و ڕێگەی به خۆپیشاندان و مانگرتن له سەر هیچ ئاستێک به جەماوەر یان به هیچ گروپێکی کۆمەڵایەتیی نەداوه.

حیزبی بەعس (یەکەم جار وەک بزاڤێکی ڕۆشنبیری و فیکری کاری کرد و وەک نوێگەر خۆی ناساند.)[٢٧] دواتر به نهێنی توێژی خوێندەواری نەتەوەپەرستی له خۆ گرت، ئەوەی جێگەی سەرنجه له بارەی مێژووی دروستبوون و ڕاگەیاندنی ئەم حیزبەوه تەنانەت (بەعسییە کۆنەکان و ئەوانەی مێژوویەکی درێژیان له ناو ئەو پارتەدا هەبووه هاوڕا نیین و چەند بۆچوونێکی جیاواز هەیه.)[٢٨] له (٧ی نیسانی ١٩٤٧ حیزبی بەعسی عەرەبی بەڕەسمی یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی له دیمەشق دەرکرد)[٢٩] هەر چەندە چەند ساڵێک پێشتر له شێوەی گروپی بچووکی چەند کەسی، حیزبی بەعس هەبووه و چەند کەسایەتییەکی نەتەوەییی عەرەب دروستیان کردووه، بەڵام ئەو مێژووه له سەردەمی بەعسییەکان خۆیان و ئێستایش بۆ دامەزراندنی ئەو پارته جێگیر بووه.

حیزبی بەعس سەرەتا حیزبێکی بچووکی لاوازی سیاسی بوو، به هۆی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو سەردەمەی وڵاتانی عەرەبی، که له لایەن ئینگلیز و هاوپەیمانەکانەوه داگیر کرابوون ئەو حیزبه گەشەی کرد و وەک ئایدیۆلۆژیایەکی پانعەرەبی له ئاستێکی بەرفراواندا کەوته چالاکی و له وڵاتانی سووریا، عێراق، ئوردوون، میسر، فەلەستین، لوبنان و قەتەر جموجووڵ و ڕێکخستن و تەنانەت

---

[٢٧]- صلاح العقاد، المشرق العربي المعاصر، مكتب الانجلو المصرية، قاهرة، ١٩٩٣، ص٨٤.
[٢٨]- حنا بطاطو، العراق- كتاب الثالث- ط٢، ت: عفيف الزرار، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩، ص٢٩.
[٢٩]- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الاحزاب السياسية العراقية، بيروت، لبنان، ١٩٨٠، ص٢٨٢.

لق و بارەگای لە هەندێکیان هەبووە و لە هەر دوو وڵاتی عێراق و سووریایش ماوەیەکی دوورودرێژ لە دەسەڵاتدا بووە.

حیزبی بەعس هەڵگر و جێبەجێکەری فیکری ناسیۆنالیستی پان- عەرەبییزم بووە و بەعسییەکان خۆیان (میشێل عەفلەق)[٣٠] بە داڕێژەری بەرنامە و فیکری حیزبەکەیان دەزانن، بەعس حیزبێک بووە بڕوای بە توندوتیژی هەبووە و هەر لەم ڕێگەیەیشەوە ساڵی ١٩٦٣ لە عێراق بە هۆی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵاتی گرتە دەست و تا ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی تاکڕەوانە فەرمانڕەوایەتیی ئەم وڵاتەی کردووە.

هەر بە سروشتی ئەم تاکڕەوییەی، لە ناو ئەو حیزبەدا لە عێراق کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و سەربازی بە درێژاییی مانەوەی ئەم حیزبە لە دەسەڵاتدا یان بۆ ماوەیەکی زۆر دیار بوون و خاوەنی پۆست و بەرپرسیارێتیی زۆر بوون و بە هەموو تواناییەکیانەوە دەسەڵاتی بە زەبر و کوشتار و توندوتیژیی خۆیان دەرخستووە، لە پرۆسەی ئەنفالیشدا چەند یەکێک لەوانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەو شاڵاوانەوە هەبووە، کە لێرەدا بە کورتی دەیانناسێنین:

أ- سەدام حسێن: تا کاتی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی ئەو حیزبە بووە، (سەدام حسێن عەبدولمەجید تکریتی لە عەشیرەتی بێجاتە، چوارەم سەرۆک کۆماری عێراق، ٢٩ ئەبریلی ساڵی ١٩٣٧ لە گوندی عۆجە، کە ٢٣ کیلۆمەتر لە تکریتەوە دوورە لە دایک بووە، قۆناغی منداڵی لە گوندەکەی خۆی بە سەر بردووە، خوێندنی ئامادەیی و زانکۆی لە بەغداد تەواو کردووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٧ خوێندکاری کۆلێژی مافی زانکۆی قاهیرە بووە، دواتر لە بەغداد درێژەی بە خوێندن داوە، ساڵی ١٩٦٢ کاتێک لە قاهیرە بوو لە ڕێی نامەوە زەماوەندی لەگەڵ ساجیدە خەیروڵڵا تولفاحی کچە خاڵی کرد، دوو کوڕ بە ناوەکانی عودەی و قوسەی و سێ کچ: ڕەنا و ڕەغدە و حەلاء-ی بووە.

ساڵی ١٩٥٩ بەشداریی لە هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم کرد، دواتر هەڵهات بەرەو میسر، دوای کودەتا بە سەر قاسمدا گەڕایەوە عێراق، دوای چەندین قۆناغ و گۆڕانکاری بووە بە جێگری ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆک کۆماری عێراق، ساڵی ١٩٧٩ بووە سەرۆک کۆماری عێراق و سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ کەوتە جەنگێکی هەشت ساڵەوە لەگەڵ ئێران و دواتر جەنگی کوەیت. ساڵی ٢٠٠٣ دوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق، لە ٦ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٣ گیرا و دوای زنجیرەیەک دادگاییکردن، لە ٣٠ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٦ لە سێدارە درا و لە زێدی خۆی لە عۆجە نێژراوە.)[٣١]

---

[٣٠]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. ئەلبێرت عیسا، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٢١-٢٢.

[٣١]- مجدي كامل، وراء كل دكتاتور طفولة بائسة، دار الكتاب العربي، سورية، ٢٠٠٨، ص٨٣.

ب- عەلی حەسەن مەجید: بە هۆی ئەوەی تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی یاخود بڕیاری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان و چەند ناوچەیەکی تری عێراق و ئێران بە زۆری دەدرێتە پاڵی، بۆیە نازناوی (کیمیایی) پێ دراوە و پێی دەڵێن عەلی کیمیایی. ئامۆزای سەدام حسێنە، بە هۆی ئەم نزیکییەوە، چەندین پۆستی گرنگ و گەورەی لە دەسەڵاتی عێراق پێ دراوە ئەویش جێگەدەستی لە شەڕ و توندوتیژییەکانی عێراق و تەنانەت وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و کوەیتدا دیارە، (عەلی حەسەن مەجید تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٢ لە گوندی عۆجەی سەر بە تکریت لە دایک بووە، دوای ئەوەی سەدام جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، چەندین پۆستی حکوومی و سەربازیی پێ دراوە، ساڵی ١٩٨٧ بووە بەرپرسی حیزبی بەعس لە باکوور، ساڵی ١٩٩١ بووەتە وەزیری ناوخۆ، ساڵی ١٩٩٥ بووەتە وەزیری بەرگری. دوای داگیرکردنی کوەیت لە ئابی ساڵی ١٩٩٠ بووە پارێزگاری پارێزگای ١٩ یەمی عێراق واتە کوەیت، سەرپەرشتیی کوشتنی حسێن کامل و سەدام کاملی کردووە، کە زاوای سەدام حسێن بوون و ماوەیەک لە سەدام هەڵگەڕانەوە، دوای هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق پێنجەمین داواکراوی هێزەکانی ئەمریکا بوو، دواتر لە ٢١ی ئابی ساڵی ٢٠٠٣ لە سامەڕا گیرا. دوای دادگاییکردنی بە تۆمەتی ئەنفال و سەرکوتکردنی جووڵانەوەی شیعەکانی باشوور و کیمیاییبارانی هەڵەبجە، لە ٢٥ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ لە سێدارە درا.)[٣٢]

هەرچەند لیستێکی دووردرێژ لە تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال ڕاگەیەنراوە و چەندین کوردیشی تێدایە و پتر لە ٤٠٠ کەس دەبن، بەڵام لە ناو هەموویاندا ئەم دوو کەسە کە لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعس بوون لە عێراق، بەرپرسیاری یەکەمی شاڵاوەکانی ئەنفال بوون و بڕیارەکان لای ئەمانەوە دەردەکران، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت تەنها ئەمانەی لە شاڵاوی ئەنفال یان هەر تاوانێکی تری هاوشێوە، یان نزیک لەو تاوانە تاوانبار بن و تاوانبار بکرێن، چونکە:

١- بەکەسیکردنی تاوانی ئەنفال، ئەو زەمینە کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەبەرچاو ناگرێت کە ڕێگە بۆ ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید یان هەر جۆرە کۆمەڵکوژی

---

هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محمود عبده، صدام حسين رحلة النهاية أم الخلود، ط٣، دار الكتاب العربي، سورية، ٢٠٠٧، ص١٣.

٣٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە لە پێگەکانی ئینتەرنێت:

أ- رئاسه العراق تصادق على إعدام "على الكيمياوي" والتنفيذ خلال شهر، العربية. نت، دخل في ١ مارس ٢٠٠٨.

ب- العراق يرسل "على الكيماوي" للمشنقه بعد ٤ أحكام بالإعدام، العربية. نت، دخل فى ٢٥ يناير ٢٠١٠.

پ- علي حسن مجيد: مدونه الجزيره.

ت- د. احمد هاشم، معجم السياسين العراقيين، الطبعة الاولى، بيروت-لبنان، ٢٠١٢.

و تاوانێکی تر خۆش دەکات، ئەم بەکەسیکردنەی تاوانەکان ئەو ژینگەیەی تاوان وەک خۆی دەهێڵێتەوە.

٢- بەکەسیکردنی تاوانی ئەنفال بەشێکی زۆری تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی چەند کەسێک و ئەوانی تری کە تۆمەتبارن و هەر بەڕاستییش لە تاوانەکەدا ڕۆڵی گەورەیان هەبووە توانا و هەلی دەربازبوونیان بۆ دەرەخسێت و لە هەلومەرجی لە باردا هەموو بەرگێکی تاوانباری فڕێ دەدەن.

٣- بەکەسیکردنی تاوانی ئەنفال قەبارەیەکی بچووک بە تاوانەکە دەبەخشێت، بەو پێیەی لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خەڵکدا تەنها چەند کەسێک بە تاوانبار دەناسرێت، چەند کەسێکیش تواناپان سنووردارە و ناکرێت قەبارەیەکی زۆری تاوانیان پێدا هەڵبواسرێت.

٤- بەکەسیکردنی تاوانی ئەنفال وێنەیەکی ئەفسانەیی لە دڕەندەیی و ئازایی و توانای لە ڕادەبەدەر بە تاوانبار لە هۆشیاریی خەڵکیدا دەچەسپێنێت، وێنەیەک کە زۆرتر ئارەزووی تاوانبارانە و هێنانەدیی خەون و ئامانجەکانیانە.

دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تایبەت بە تاوانەکانی ئەنفال ڕۆژی ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاری بە سەر پێنج تاوانباردا لە دۆسیەی ئەنفالدا دەرکرد ئەوانیش: لەسێدارەدانی هەر یەک لە عەلی حەسەن مەجید و سوڵتان هاشم و حوسێن ڕەشید تکریتی، هەروەها زیندانیی هەتاهەتایی بۆ سابر عەبدولعەزیز دوری و فەرحان موتڵەگ جبوری، بەڵام دادوەر تاوانەکانی لە سەر تاهیر تۆفیق عانی هەڵگرت بە هۆی نەبووی بەڵگەی تەواو، بێ گومان پێشتر لە دۆسیەی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی تاوانی دوجەیلدا، هەمان دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی بە سەر سەدام حسێندا سەپاندبوو، گەرچی لە چەند دانیشتنێکی دادگای تایبەت بە دۆسیەی ئەنفال ئامادە بوو، بەڵام پێش کۆتاییهێنان بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی دۆسیەی ئەنفال و بڕیاری دادگا لە بارەیانەوە، بڕیاری لەسێدارەدان لە ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٠٦دا بە سەر سەدام حسێندا جێبەجێ کرا.

## ١/١-١٥ شۆڕش (پێشمەرگە و پارتیزانی):

شۆڕش لە ناو کورددا بە تایبەت سەردەمی پێش ئەنفال و دوای ئەنفال هەر شۆڕشی چەکداری بووە. شۆڕشی چەکداری لە ناو کورد و هەر شوێنێکی تردا بزووتنەوەیەکی یاخیگەرانەیە، کە لە سیستمی دەسەڵات و فەرمانڕەوا هەڵدەگەڕێتەوە و دەیەوێت لە ڕێگەی هێز و توندوتیژییەوە دەستکەوت و بەها بە دەست بهێنێت، کە بێ گومان لای خۆی مافێکی ڕەوایە و زەوت کراوە.

شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان نزیکەی سەدەیەک دەبێت دەستی پێ کردووە، کاراکتەری ناو ئەم بزووتنەوەیە پێی گوتراوە و دەگوترێت پێشمەرگە.

پێشمەرگە وشەیەک یان چەمکێکی هاوشانی (سەرباز، جەنگاوەر، شەڕکەر، شۆڕشگێڕ... هتد) بەڵام تایبەتە بە کورد بە تایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ یەکەم جاریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دا داهێنراوە. ساڵی ١٩٤٦ و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، کە قازی محەمەد سەرۆکی ئەو کۆمارە بووە، گفتوگۆ کراوە لە بارەی ئەوەی چ ناوێک بۆ ئەو کەسانە بدۆزرێتەوە کە چەک هەڵدەگرن و پارێزگاری لە کۆمارەکە دەکەن، لەو کاتەدا پێشنیاری بەکارهێنانی ناوی (پێشمەرگە) دەکرێت، وەک ئاماژەکردن بۆ ئەو کەسانەی ژیانی خۆیان بەخت دەکەن و پێش مەرگی خۆیان دەکەون[٣٣].

د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا لە بارەی وشەی پێشمەرگەوە نووسیویەتی: (پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان کۆڕێکی ئەدەبی لە مەهاباد پێک هات بۆ ئەوە لە باتی وشەی فارسی و عەرەبی وشەی کوردیی ڕەسەن بۆ زاراوەکانی نێو سوپا بدۆزنەوە. یەکەم زاراوە کە پێویست بوو دابنرێ بەرامبەر بە وشەی سەربازی فارسی کە ئازەربایجانییەکان کردبوویان بە فیدایی، گوایە ئەدیبەکان هیچیان بۆ نەدیترابۆوە، تا پیاوێکی پیری دنیادیتوو کە چای بۆ دەهێنان پێی گوتن: کورد بە پیاوی لەخۆبردوویان دەگوت پێشمەرگە.)[٣٤] ئیتر لەو کاتەوە ئەم وشەیە لە فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کورددا جێگیر بووە ساڵی ١٩٥٩ یەکەم ڕۆمانی کوردی بە ناوی (پێشمەرگە) لە نووسینی (ڕەحیمی قازی) بڵاو کرایەوە. ئەم ڕۆمانە یەکەم جار ساڵی (١٣٣٨)ی کۆچیی هەتاوی، بەرامبەر (١٩٥٩)ی زایینی لە شاری ئیرەوانی وڵاتی ئەرمینیا چاپ کرا و لە بەغدایش ساڵی (١٩٦١)ی زایینی بۆ دووەم جار و لە هەولێریش ساڵی(٢٠٠٨)ی زایینی بۆ سێیەم جار چاپکراوەتەوە، دکتۆر ڕەحیمی قازی خۆی لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، تێکستەکە بە چیرۆک ناو دەبات، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ و حەسەنی قزڵجیش پێشەکییان بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە، دکتۆر عیزەدین بە چیرۆکی درێژ و قزڵجییش بە چیرۆکی دادەنێت، بەڵام بە گشتی لە زۆربەی سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیدا بە ڕۆمان ناو براوە و باس کراوە[٣٥].

بێ گومان پێشمەرگە جگە لەوەی کارەکتەری سەرەکیی شۆڕشی بزووتنەوەی کوردی بووە، لە پرۆسەی ئەنفالیش یان بەر لە پرۆسەکە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە

---

[٣٣]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: پێشمەرگە بۆتە زاراوەیەکی جیهانی، ڕەزا شوان، کە لەم لینکەدا بڵاو کراوەتەوە:

&Besh=Arastevhttp://knwe. org/Direje. aspx?Jimare=26105&Cor=

[٣٤]- ڕەحمان نەقشی (کۆکرنەوە و ئامادەکردن)، پێشمەرگە نیشانەی بەرخۆدانی میللەتێکە، کۆمەڵێک بابەت و نووسراوە بە بۆنەی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا و پێشمەرگە، ٢٠١٦، ل٧.

[٣٥]- بڕوانە: د. ڕەحیمی قازی، پێشمەرگە، ڕۆمان، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥-١٧.

ئاراستەکردنی ڕووداو و پێشهاتەکان. پێشمەرگە کە بە هێز و ورە و بیروباوەڕی خۆی ڕووبەڕووی ڕژێمی داگیرکەری بەعس بووە و لە شەڕێکی سەختدا بوو لەگەڵ سوپاکەی و بەرەنگاری فەوجەکانی جاشیش دەبووەوە، ئەم هێز و ورەیەیشی بە زۆری لە گوندەکانەوە وەردەگرت و هەر ئەوان وزەی مانەوە و بەردەوامیی پێ دەبەخشین، هەر ئەو ناوچانەیش بووبوونە شوێنی بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ لەگەڵ سوپا و فەوجەکانی ڕژێمی داگیرکەر، بۆیە لە دوا جار دا بۆ کۆتاییهێنان بە سەرچاوەکانی بژێویی و حەوانەی پێشمەرگە و بۆ لەناوبردنی پاڵپشت و هێزی مەعنەویی ئەو یاخیبووانەی ڕووبەڕووی دەبوونەوە، سوپای داگیرکەر بڕیاری دا بە تەواوی ئەو گوندانە خاپوور بکات و دانیشتووانەکانیشی ڕابگوێزێت یان شوێنبزریان بکات.

پێشمەرگە جگە لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی سەخت، لەو قۆناغەدا بە شێوەی جەنگی پارتیزانییش شەڕیان دەکرد، شەڕی پارتیزانی شەڕێکی بەربڵاوە و لە زۆربەی شۆڕشە چەکدارییەکانی جیهان ڕووی داوە و (جەنگی پارتیزانی- حرب العصابات-Guerrilla warfare-بریتییە لە شەڕی کۆمەڵێک یەکەی جەنگاوەر کە بە ژمارەیەکی کەم و کۆمەڵێک چەکی سووک کە جووڵەپێکردنیان ئاسانە دژی سوپایەکی دیاریکراو، لەم جەنگەدا شێوازی پەلاماردانی خێرا و گەڕانەوەی خێرا دەگرنە بەر، ئەوان شوێن و کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکە دیاری دەکەن و لەم ڕێیەوە گورزێکی کاریگەر لە دوژمن دەوەشێنن، لە نموونەی بەرگریی ڤێتنامییەکان دژی ئەمەریکا و پارتی کرێکاران دژی تورکیا.)[٣٦] بە هەمان شێوە چەکی پێشمەرگەیش بریتی بوون لە کۆمەڵێک چەکی سووک، کە بە دەست و شان و بازووی خۆیان و بە زۆری بە پێ دەیانگواستنەوە و، هێرش و چالاکییەکانیان زیاتر بۆسەدانان و پەلاماری کاروانی سوپای بەعس و فەوجە کوردییەکان بوون، زۆربەی ئەم شەڕانەیش بریتیبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵێک پێشمەرگەی کەم بەرامبەر ژمارەی زۆرتر و چەند بەرامبەر لە هێزی سوپا و فەوجە کوردییەکان. سەرەنجام بەشێکی گەورەی لە هۆکاری توندی و دڕندەیی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر گوند و خەڵکی سڤیل، ڕق و تۆڵەی ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس بوو، لە هێزی پێشمەرگە و ئەو خەڵکەی داڵدەی ئەم هێزەیان دەدا و بووبوون بە پشتیوانی.

## پاری دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال

شاڵاوەکانی ئەنفال کۆمەڵێک هێرشی پلان بۆداڕێژراوی چڕوپڕ بوون بۆ لەناوبردنی کورد، لە ڕێی خاپوورکردنی گوندەکان و هەندێ شار و شارۆچکە و ڕاگوێزان و

---

[٣٦]- جون روبرت، حرب العصابات المقاومة بديلا عن الحرب، ترجمة: ايهاب كمال، مجمع الطبعة، الحرية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦، ص٦٤.

شوێنبزرکردنی خەڵکەکەی و هەڵتەکاندنی بنەمای ئابووری، واتە بە گشتی دەتوانین ئامانجی ڕژێمی بەعس لە شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد لە کوردستانی باشوور لەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:

أ- کۆتاییهێنان بە شۆڕشی سیاسی و چەکداریی کورد.

ب- گۆڕینی دیمۆگرافیای دانیشتووانی کوردستان لە عێراق، ئەویش بە کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتووان، ئیتر لە ڕێگەی شوێنبزرکردن و کوشتنەوە بێت یان لە ڕێگەی ڕاگوێزانەوە.

پ- تەعریبکردنی ناوچەکانی کوردستان بە تایبەت ئەو شوێنانەی دەوڵەمەندن بە نەوت و سامانی سروشتی، وەک ناوچەکانی پارێزگای کەرکووک.

ت- شێواندنی کەلتوور و مێژووی کورد.

ج- دروستکردن و قووڵکردنەوەی ناکۆکی و دوژمنایەتی لە نێو کورد خۆیدا، ئەویش بە بەشداریپێکردنی کورد لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا لە ناوچە جیاجیاکان.

چ- لەگەڵ لاوازکردن و هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابووریی کورد و چەند ئامانجێکی تر.

گەیشتن بە هەموو ئەم ئامانجانە پلانی ورد و هێزی زۆر و بەرنامەی تۆکمەی دەویست، بۆیە ڕژێمی بەعس شاڵاوەکانی ئەنفالی لە ماوەیەکی دیاریکراودا و بە چەند قۆناغێک جێبەجێ کرد، کە لێرە بە کورتی بە پشتبەستن بە چەند سەرچاوەیەک باسیان دەکەینەوە: [٣٧]

١- ئەنفالی یەک: ١٧ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و دۆڵی جافایەتی (سەرگەڵو و بەرگەڵو) و سنووری قەزا و ناحیەکانی دوکان، بنگرد، سووررداش، چوارتا، قەڵاچوالان، ماوەت و... هتد، ی گرتەوە، کە تێکڕا زیاتر لە ١٥٠ گوند و چەند ناحیە و شارۆچکەیەکی تێدا وێران کرا، ١٩ی ئازاری ١٩٨٨ کۆتایی هات. (قۆناغی یەکەمی شاڵاوی تاوانی ئەنفال، بە سەرکردایەتیی تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەنجام درا، لەم قۆناغەدا نزیکەی دوانزەهەزار و سەد کەس بە هۆی چەکی کیمیاییەوە کوژراون یان بریندار بوون.)[٣٨]

لە کاتی ئەم تاوانەدا سوپای عێراق بە چەکی کیمیایی لە ١٦. ی ئازاری ١٩٨٨دا هێرشی کردە سەر شاری هەڵەبجە و پێنج هەزار کەسی ئەو شارەی کوشت و بە

---

[٣٧]- لەم بارەیەوە بڕوانە:

[أ]- میدڵ ئیست ووچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، ل ١٤٩-٢٧٠.

[ب]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا- دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤- ١٩٨٨، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٢٩-١٥٣.

[پ]- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل٨٤-١٤٠.

[٣٨]- تەها سلێمان، تاوانی ئەنفال- زانیاری و دۆکۆمێنت-، ل١١.

هەزارانی تریشی بریندار کرد و تێکڕای شارەکەی وێران و خەڵکەکەی دەربەدەر کرد، بێ جگە لەوەیش لە چەند شوێنێکی تری کوردستانی عێراق چەکی کیمیاییی بەکار هێنا.

٢- ئەنفالی دوو: ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و ناوچەکانی قەرەداغ و بازیان و دەربەندیخانی گرتەوە، بە ئەنفالی قەرەداغ ناسراوە، تا ١ی نیسانی هەمان ساڵی خایاند. (بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی حسێن ڕەشید تکریتی بوو.)[٣٩]

٣ -ئەنفالی سێ: لە ٧ بۆ ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ی خایاند، ناوچەکانی چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، دوز، کفری کەلار، پێباز و تیلەکۆی گرتەوە، بە ئەنفالی گەرمیان ناسراوە، کوشندەترین و توندوتیژترین قۆناغی شاڵاوی ئەنفال بوو، سەروو ٥٠٠ گوند و ٤ ناحیە لەم شاڵاوەدا خاپوور کران، نزیکەی ٢٠ هەزار ژن و پیاو و پیر و مناڵ کۆ کرانەوە و بە ئۆتۆمبێلی سەربازی و تراکتۆری گوندنشینەکان ڕاگوێزران و شوێنبزر کران، هەر لە بەر سەختی و توندیی ئەم قۆناغە، توندوتیژترین ڕۆژیان کە ڕۆژی ١٤ی نیسان بوو بە ڕۆژی ئەنفال دیاری کراوە.

٤ -ئەنفالی چوار: ٣ بۆ ٨ی مایسی ساڵی ١٩٨٨ی خایاند، گوند و ناوچەکانی شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە و تەقتەقی گرتەوە، بە ئەنفالی دۆڵی زێی بچووک ناسراوە. لە چەند ناوچەیەکیش بەتایبەتی لە ناوچەکانی قەلاسێوکە و گوندەکانی عەسکەر و گۆپتەپە و ئاغجەلەر، سوپای عێراق بە چەکی کیمیایی هێرشی کرد.

٥ -ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت: لە ١٥ی مایس بۆ ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ی خایاند، ناوچەکانی بالیسان، شەقڵاوە، هیران، نازەنین، سماقوڵی، دۆڵی ئالان، ڕەواندوز، چۆمان، زنجیرە چیای قەندیل، قەزای ڕانیە، چوارقوڕنە، هیزۆپ، چیای باواجی، بەشێک لە گوندەکانی کۆیە، شارۆچکەی دیبەگە، شارۆچکەی ئاڵتوون کۆپریی گرتەوە. بە ئەنفالی شەقڵاوە و ڕەواندوز ناسراوە.

٦- ئەنفالی هەشت: ٢٥ی ئاب دەستی پێ کرد و تا ٦ی ئەیلوول بەردەوام بوو، ناوچەی بادینان (دهۆک، زاخۆ، باتوفە، کانی ماسێ، زێوە، دێرەلووک، ئەترووش و زاوێتە)ی بەگشتی گرتەوە، بۆیە بە ئەنفالی بادینان ناسراوە، لەم قۆناغەیشدا چەکی کیمیاییی بەکار هێنراوە و زیاتر لە ٥٠ گوند بەر ئەم چەکە کەوتن.

دوای ئەم قۆناغەی شاڵاوەکانی ئەنفال کۆتایی بە پرۆسەکە هێنراوە و بەم بۆنەوە وێڕای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی شاڵاوەکە، ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس لێبووردنی گشتیی بۆ ئەو کەسانە ڕاگەیاند، کە لەو شاڵاوانەدا ڕزگاریان ببوو و ئاوارەی شار و دێهات و ناوچەکانی ناو وڵات و دەرەوە (بەزۆری ئێران) ببوون، بۆیە گرنگە لەم لایەنانەوە سەرنج لە قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال بدەین:

---

[٣٩]- تەها سلێمان، تاوانی ئەنفال- زانیاری و دۆکۆمێنت-، ل١٦.

### ١-٢/١ ئەنفال و كات:

قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال، لە کاتێکدا ڕوویان دا، کە ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس لە عێراقدا نزیکەی هەشت ساڵ لە جەنگدا بوو لەگەڵ ئێران، و جەنگەکەیش لە کۆتایی نزیک دەبووەوە سەرەنجام لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ واتە لە گەرمەی شاڵاوەکانی ئەنفال ڕاوەستا. بێ گومان وەک لە قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفالدا دەردەکەوێت، ئەو شاڵاوە یەکەم قۆناغی لە ١٧ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و ٦ی ئەیلوولی هەمان ساڵ کۆتایی هات، لەم پەرەگرافەدا کە لە یەکێک لەو سەرچاوە کوردییانەی باس لە ئەنفال دەکەن، وەرگیراوە، تا ڕادەیەکی باش هەڵبژادرنی ئەم کاتەمان بۆ دەستپێکردنی ئەو شاڵاوانە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە: (ئەنفالیش لە شکۆمەندترین ساتەکانی بەعسدا ڕوو دەدات، کە بەعس دەستدەداتە ئەنفال، لە دۆخێکی لاواز و شپرزەدا نییە، پایەکانی حوکم لە هەر کات سەقامگیرتر و جێگیرترن، بەعس لەوپەڕی هێز و دەسەڵات و هەیبەتیایەتی. عێراق لە ڕۆژگاری ئەنفالدا، وڵاتێکی لاتەریک و دابڕاو نییە، بەڵکوو لە پەیوەندییەکی بەهێز و ستراتیژیدایە لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییە گرنگەکان و پەیوەندی گرنگیشی بە سۆڤیەتی داڕووخاو و بە خۆرئاواوە هەیە، بەغداد لەو سەردەمەدا سەنتەرێکی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی هەموو جیهانی عەرەبە، شوێنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سەردانی سەرانی عەرەب و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانیشە. بەغدا، دەرگایەکی واڵایە بۆ چەندەها ڕۆشنبیری جیهانیش کە یەکێکیان دەڕوات، یەکێکی دیکەیان لە ئوتێلە گەورەکانیدا دادەبەزن... ساڵانی درێژی جەنگی عێراق-ئێران، عێراقی گۆڕیوە بۆ دەوڵەتێکی بەهێز لە ڕووی ئیداری و سەربازی و پیشەسازی جەنگییەوە. بە مانایەکی تر ساتەکانی پێش ئەنفال، ساتی ترس نین لە هەرەس، تا توندوتیژییەکی گەورە و چاوترسانێکی گەورە پێویست بێت بۆ ڕاگرتنی پایەکانی حوکم، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەعس لە سەقامگیرترین ڕۆژانی فەرمانڕەواییی خۆیدا، ئەنفال ئەنجامدەدات.)[٤٠] لەم پەرەگرافەوە ئەوەمان لە سەر هەڵبژاردنی کاتی ئەنفال بۆ ڕوون دەبێتەوە:

أ- جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران، عێراقی کردووەتە وڵاتێکی سەربازیی بەهێز.

ب- کۆتاییهاتنی جەنگ لەگەڵ ئێران، عێراق دەستئاوەڵا و یەکلا کردووەتەوە بۆ تۆڵەکردنەوە لەو هێزانەی لەو جەنگەدا پشتگیرییان نەکردووە، یان شەڕیان لە دژی کردووە.

پ- عێراق پەیوەندییەکی ستراتیژیی بەهێزی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و موسوڵماندا هەیە، دەتوانێت بە هەڵبژاردنی ناوی (ئەنفال) بۆ پرۆسەکە هاوسۆزیی ئایینییان بە لای خۆیدا ڕابکشێت.

---

[٤٠] بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، پرۆژەی کۆکردنەوەی کۆی بەرهەمە تیۆرییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥، ل٩٣-٩٤.

ت- عێراق پەیوەندییەکی ستراتیژیی لەگەڵ سۆڤیەت و وڵاتانی خۆرئاوادا لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری هەیە، کە دەتوانێت چاوی جیهان لە ئاست هەر تاوانکارییەکی خۆیدا پێ دابخات.

لەمەوە پێویستە لە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە بڕوانین کە شاڵاوی ئەنفال تێیان ڕووی دا، واتە لە گرنگیی هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە ورد ببینەوە و بپرسین بۆچی ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس ئەو شوێنانەی کردە ئامانج لە پرۆسەی ئەنفالدا.

## ١/٢-٢ ئەنفال و شوێن:

ئەو شوێنانەی کە پرۆسەی ئەنفالی تێیاندا ڕووی دا، بە زۆری گوندەکان بوون، لەگەڵ هەندێ لە شار و شارۆچکەکانی سەر سنووری جیۆگرافیای عێراق، هەروەها ئەو ناوچانەیش بوو، کە هەژموون و دەسەڵاتی ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس تێیاندا لاواز بوو یان نەبوو، تێکڕای ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن شوێنی دوور لە شارە گەورەکان و سەنتەرەکانی شارستانیەت بوون، کە بووبوونە چەقی دەسەڵاتی بەعس و خەڵکانی ئەو شوێنانە لە ژیان و شێوەی گوزەرانی شارە گەورەکان دوور بوون، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر دابڕاو بوون و لە پەراوێزی ژیانێکی شارستانییانەدا دەژیان، ئەوەیش ئامانجی ڕژێمی بەعس و کارێکی پلان بۆ داڕێژراو بوو کە خەڵکی گوند و شارەکان بە تەواوی لە یەک داببڕێنێت و پارچەپارچەیان بکات و یەکگرتوویی و هاوسۆزی و هاوپشتییان تێدا نەهێڵێت، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال هەر ئەو دابڕانەی خەڵکی شار و گوند و نەبوونی پشتیوانی و هێزی فریاکەوتن و بەهاناوەچوون و پاڵپشتی بوو لە خەڵکانی ناوچە ئەنفالکراوەکان. بە گشتی هەڵبژاردنی ئەو شوێنانە بۆ ئەنجامدانی قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

أ- گوندەکان و شار و شارۆچکە سنوورییەکان شوێنی خۆحەشاردان و ڕێکخستن و داڵدەدانی پێشمەرگە و بزووتنەوەی چەکداریی کورد بووە و بووەتە سەرچاوەی ژیانیان.

ب- ئەو ناوچانە ناوچەی کشتوکاڵی بوون و سەرچاوەی ئابووریی کوردستان بوون، وێرانکردن و خاپوورکردنیان لێدانێکی گەورە بوو لە ژێرخانی ئابووریی کوردستان.

پ- خاپوورکردنی ئەو گوند و شار و شارۆچکانەی بەر ئەنفال کەوتن، بە دوایدا دروستکردنی کۆمەڵێک ئۆردووگای لێ کەوتەوە، کە شوێنێکی گەمارۆدراو و کۆنترۆڵکراو بوو لە لایەن دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسەوە.

ت- وێرانکردنی ئەو شوێنانە و پچڕانی پەیوەندیی مرۆڤ بەو خاکەی نانی لێوە پەیدا دەکات، واتە خولقاندنی بێ کارییەکی زۆر کە مرۆڤ ناچار بە کاری ناشایستە بکات، بچێتە ژێر فەرمانەکانی ڕژێمەوە و تەنانەت چەکیشی بۆ هەڵ بگرێت.

ج- هەندێ لەو شوێنانەی بەر شاڵاوەکانی پرۆسەی ئەنفال کەوتن دەوڵەمەند بوون بە نەوت و سامانی سروشتی، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت تاڵانی و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان یەکێک بوون لە ئامانجەکانی ڕژێمی بەعس.

### ١/٢-٣ سەردەمی ئەنفال:

سەردەمی ئەنفال بۆ ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس سەردەمێکی لەبار و ڕێگەخۆشکراو بوو بۆ ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال، ئەو سەردەمە لە لایەنی ناوخۆیی و ناوچەیی و دەرەکییشەوە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی بەعسی فەرمانڕەوای ئەو کاتی عێراق بوو بۆ پەلاماردانی کورد و ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال. ئەو سەردەمە بۆ:

أ- کورد: لە کوردستانی باشووردا دۆخێک دروست بوو کە هەست بە هیچ پشتیوانییەکی ناوچەیی و دەرەکیی نەکات، کورد لەو سەردەمەدا بە چەکی سووک و پشتیوانیی مادی و مەعنەویی زۆر کەمەوە ڕووبەڕووی ڕژێمی داگیرکەری بەعس بووبووەوە، جگە لەوەی خۆی هێزێکی یەکگرتوو و بەهێز و یەکدەنگی نەبوو، ئەوانەی لە سەردەمانی تردا خۆیان بە دۆستی کورد و بزووتنەوە چەکدارییەکەی نیشان دابوو، بە تایبەت وڵاتانی دراوسێ لە سەردەمی ئەنفالدا بە تەنیا بە جێی هێشتبوون.

ب- عێراق: وڵاتێکی بەهێز بوو لە ڕووی سەربازییەوە، زۆرتریش دۆخی شەڕی قورس و درێژخایەنی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، ئەو هێز و دەسەڵاتە سەربازییەی پێ بەخشیبوو، بەرەو کۆتاییهاتنی ئەو جەنگەیش لەگەڵ ئێران، عێراقی دەستکراوەتر کرد بۆ تۆڵەکردنەوە لەوانەی (بە تایبەت کورد) کە لەو جەنگە پشتیوانییان نەکرد و شەڕیشیان دژی کرد، لە ڕووی سیاسییشەوە پەیوەندییەکانی عێراق بە جیهانەوە لە بەرژەوەندی و گەشەدا بوو.

پ- جیهان: وڵاتانی زلهێز و گەورە لە جەنگی ساردا بوون، لەم جەنگە ئەمریکا و وڵاتانی خۆرئاوا لە بەرامبەر یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان ڕووبەڕوو بووبوونەوە، خەریکی خۆپڕچەککردن و پەرەدان بە چەکی ناوکی بوون و بنکەی سەربازییان لەو وڵاتانە دادەنا کە نزیک بوون لە بلۆکی خۆرهەڵات، بۆیە لەم سەردەمەدا ئەستەم بوو وڵاتانی جیهان نەتەوەیەکی ژێر دەستی وەک کورد ببینن و بەرژەوەندییان لەگەڵ هەبێت، کە ئەنفال دەکرێت.

## پاری سێیەم: ئەنفال وەک تاوانی جینۆسایدکردن:

ئەگەر هەوڵێک یان کارێک لە سەر کەیسی ئەنفال کرابێت بە تایبەتی زۆرترین هەوڵی ڕۆشنبیران و سیاسییان و ڕێکخراوەکانی بواری مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی تر و ڕەوەندی کورد لە دەرەوە بە تایبەت لە وڵاتانی خۆرئاوا، بەشی زۆریان بە ئاراستەی ئەوەدا بوون یان خۆیان بانگەشەی ئەوەیان کردووە کارەکانیان بە ئاراستەی ئەوەدا

بوو، کەیسی ئەنفال وەک تاوانی جینۆساید بە جیهان بناسێنن و لەم پێناوەیشدا هەوڵێکی زۆریان داوە و بووەتە ئامانجێکی گەورە و گرنگ کە هەموو کار و توانایەکی بۆ تەرخان دەکەن، سەرەتا پێویستە بپرسین جینۆساید چییە؟

## ١-٣/١ جینۆسایدکردن چییە؟

جینۆساید زاراوەیەکە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، لە سەر دەستی یاسانسی پۆڵۆنی، لیمکین ڕافایل دەرکەوت، ڕافایل ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو کە تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی بە دەستی نازییەکان قڕ کرابوون. جینۆساید وشەیەکی لێکدراوی گریکییە لە دوو بەش پێک هاتووە: (Genos) واتا ڕەگەز یان بنەچە، (Cide) یان (Caedere)یش لاتینییە کە واتای کوشتن و لەناوبردن دەگەیەنێت، هەر دوو بڕگەکە واتای کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ دەگەیەنێت، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٤٦/١٢/١١ بڕیاری ژمارە (٩٦) ی دەرکرد، سەبارەت بەوەی کە جینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێ و دژی ئامانجەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. [٤١]

بە پێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر یەکێک لەم تاوانانەی خوارەوە بە جینۆساید دادەنرێت:

١- کوشتنی ئەندامانی گروپێک.

٢- زیانگەیاندنی جەستەیی و عەقڵی بە ئەندامانی گروپێک.

٣- سەپاندنی بارودۆخێک بە سەر گروپێکدا کە ببێتە هۆی لەناوبردنی بەشێک یاخود تەواوی گروپەکە.

٤- سەپاندنی کۆمەڵێک ڕێوشوێن بە مەبەستی ڕێگرتن لە لەدایکبوون لە ناو گروپێکدا.

٥- گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان لە ناو گروپێکەوە بۆ ناو گروپێکی تر. [٤٢]

## ٢-٣/١ کورتەیەک لە مێژووی جینۆسایدکردن:

تاوان و شەڕ و کوشتارەکان چەندین دیمەنی جینۆسایدکردنی لە مێژووی مرۆڤ دا تۆمار کردووە، لەو دیمەنانەدا کۆمەڵکوژیی ترسناک و هەوڵی سڕینەوەی گروپ و کۆمەڵ و نەتەوە دەبینین، لە جینۆسایدکردنی هیندییە سوورەکاندا کە لەساڵی ١٨٩٠ی

---

[٤١]- بۆ زانیاریی زیاتر:

[أ]- هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن- هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، ل٢٠-٢١.

[ب]- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، ل٣٩.

[٤٢]- تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد (ئامار، داتا، پشکنین)، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٠.

زانینییەوە دەستی پێ کرد دەیان ملیۆن کەس لە ناو بران،[٤٣] لە کارەساتی هۆلۆکۆستیشدا (١٩٣٨-١٩٤٥) هەر وا، لە ساڵانی سیی سەدەی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٠ هەزار ئاشووری لە عێراق کوژران، لە جەنگی یەکەمی جیهانی دا، زیاتر لە ١ ملیۆنونیو ئەرمەنی لە سەردەستی عوسمانییەکان جینۆساید کران. لە جەنگی دووەمی جیهانی دا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە چەکی کیمیایی لە هەر دوو شاری هێرۆشیما و ناکازاکیی وڵاتی ژاپۆنی دا و لە یەکەمیان ١٤٠ هەزار کەس و دووەمیان ٨٠هەزار کەس بوونە قوربانی. ساڵی ١٩٩٤ لە وڵاتی ڕواندا هۆزی (هۆتۆ) هێرشی کردە سەر هۆزی (توتسی) کە کەمینەی هەمان وڵات بوون، لە ماوەی سێ مانگدا ٨٠٠ هەزار کەسیان کوشت. ساڵی ١٩٧٥-١٩٧٩ لە کەمبۆدیا پارتی دەسەڵاتدار کە بە خەمیرە سوورەکان ناسرابوون، نزیکەی ١ ملیۆنونیو نەیاری خۆی لەو وڵاتە لە ناو برد[٤٤]. بێ گومان لەو وڵاتانەیش کە نەتەوەی کوردیان بە سەردا دابەش کراوە چەندان نموونەی جینۆسایدمان هەیە، کە زۆربەیان یاخود هەموویان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی فەرمی بە جینۆساید نەناسراون.

### ٣-٣/١ جۆرەکانی جینۆسایدکردن:

جینۆسایدکردن دژ بە هەر نەتەوەیەک یان گروپێک بکرێت، جۆری زۆرە، ئەوانەی دەیانەوێت بەو کارە هەستن، تەنها بیر لە یەک شێوەی لەناوبردن ناکەنەوە، کوشتن و پاکتاوی ڕەگەزی تەنها بە یەک جۆر و لە یەک ڕووەوە ناکرێت، چونکە چ نەتەوەیەک یان گروپ یان هەر پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵایەتیی یان مرۆیی تەنها یەک لایەنی نییە، تەنها بوونی فیزیکی نییە، تا بە لەناوبردنی ئیتر نەمێنێت و کۆتایی پێ بێت و بە تەواوی بسڕێتەوە و لە سەر نەخشەی جیهان و جیۆگرافیای ژیان ون ببێت، بۆیە لێرە بە گرنگیی دەزانین بە شێوەیەکی زۆر کورتییش بێت ئاماژە بۆ جۆرەکانی جینۆساید بکەین:[٤٥]

١- فیزیکی: جینۆسایدکردنی فیزیکی، کوشتنی بە کۆمەڵ یان تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵ دەگرێتەوە، پرۆسەیەکە بە تەواوی مافی ژیان لەو پێکهاتەیە دەسەنێتەوە و هیچ

---

[٤٣] http://www. aljazeera. net/news/cultureandart/2010/12/30

[٤٤] تەها سلێمان، کورتەیەک لە مێژووی جینۆساید، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١١.

[٤٥] بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

[أ] مارف عومەر گوڵ، ئەنفال، قۆناغێک لە پراکتیکردنی جینۆساید، گۆڤاری ڕەهەند ژمارە (٧)، ١٩٩٩، ل٦٧.

[ب] هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن- هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی-، ل٥١- ٧٢.

[پ] یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، ل ٤٤-٥١.

بوارێک بۆ هێشتنەوەیان بە زیندوویی لە ژیاندا ناهێڵێتەوە، ئیتر بە هەر ئامێر و چەکێکی لەناوبردن یان شێوازەکانی سووتاندن و برسیکردن و زیندەبەچاڵکردن... هتد.
جینۆسایدکردنی فیزیکی ئامانجی کوشتنە بە هەر شێوەیەک بێت: سێدارە و سێدارەی بەکۆمەڵ، گوللەبارانکردن، پەلاماری سەربازی، کوشتنی بە کۆمەڵ، بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ (کیمیایی و فسفۆری و ژەهر... هتد) بۆمباران بە فڕۆکە و چەکی تەقلیدی و شێوازەکانی تری کوشتن.
٢- بایۆلۆژی: جینۆسایدکردنی بایۆلۆژی ڕێگەگرتنە لە زۆربوونی مرۆڤ لە ڕێگەی منداڵبوون و نەوەخستنەوەوە، واتە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی نەزۆکخستنی ژنان یان خەساندنی پیاوان، یان قەدەغەکردنی ژیانی هاوسەرێتی و پێکەوەنانی خێزان و وەچەخستنەوەیە.
ڕێگاکانی ئەم جۆرە جینۆسایدکردنە زۆرن، وەک دابڕینی پیاوان لە ژنان و شالاوی ڕەشبگیریی پیاوان و ڕاگوێزان و کوشتنیان و جیاکردنەوەیان بە زۆر لە ژنان، یان ڕاگوێزانی ژنان بۆ ناوچە و کۆمەڵێکی تر دوور لە کۆمەڵی خۆی، بۆ ئەوەی ئەگەر وەچەیشی خستەوە سەر بە نەتەوە و کۆمەڵێکی تر بێت، هەروەها بەکارهێنانی هەندێ جۆر چەکی کۆکوژ بە تێپەڕینی کات و بە هۆی پاشماوە و کاریگەرییەکانییەوە، نەخۆشیی نەزۆکیی لای ژنان و پیاوان دروست دەکات.

٣-کەلتووری: جینۆسایدکردنی کەلتووری قەدەغەکردنی زمان و شێواندنی ئەنقەستی مێژوو و دابڕینی کۆمەڵ، نەتەوە و گرووپێکە لە شارستانیەتی دێرینی خۆی، هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی کۆمەلایەتی و ڕێگەگرتن لە دەربڕین و گوزارشتکردن لە بیروڕا و هەڵگرتنی ئایین، جۆری بیرکردنەوەیە. جینۆسایدی کەلتووری لەناوبردنی هەموو ئەو شتانەیە کە کەلتوور دروست دەکەن، وەک زمان، دابونەریت، ئایین، هونەر، جلوبەرگ، مێژوو...هتد، چەسپاندن و جێگیرکردنی کەلتوورێکی تر بەتایبەت کەلتووری ئەوانەی کردەی جینۆساید دەکەن.
لە جینۆسایدکردنی کەلتووریدا، پرۆسەی بەکۆمەلایەتیکردنی تاکەکان تێک دەدرێت، فێرکردن و پەروەردەکردنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە دەشێوێنرێت، بەهاکان دەکەون، نۆرم و دابونەیت و بیروباوەڕ مافی دەرکەوتنیان نامێنێت. پەیوەندیی تاک بە ئەوانی ترەوە دەپچڕێت و مرۆڤ ئینتیمای بۆ کۆمەڵگە و بەهاکانی نامێنێت.

٤- ئابووری: جینۆسایدکردنی ئابووری برسیکردن و قەدەغەکردن و خاپوورکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراوە ئەویش بۆ مەبەستی لەناوبردنیان بێت یان ڕاگوێزان و دەرکردنی لە شوێنی کار و ژیانی خۆیان.
تێکدان و وێرانکردنی سەرچاوەکانی بژێویی و سروشت و دانەوێڵە و بەروبووم لە ڕێگەی بەتالانبردن و دەستبەسەرداگرتنەوە، یان پیسکردن و وشککردن و

ژەهراویکردنی ئەو سەرچاوانە بە هۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی، جینۆسایدکردنی ئابوورییان لێ دەکەوێتەوە.

لە جینۆسایدکردنی ئابووریدا، ماڵ و شار و گوند دەڕووخێنرێت و هەموو شتێک کە مرۆڤ پێی بژی یان سەرچاوەی شارستانیەت بێت، تالان دەکرێت و لە ناودەبرێت، بە دوایدا برسێتی، هەژاری، نەبوونی دەرمان و خواردن و پێداویستییەکانی ژیان سەر هەڵ دەدات، ڕێژەی مردن بە تایبەت منداڵان و بەساڵاچوان بەرز دەبێتەوە.

## ٤-٣/١ جینۆسایدکردنی کورد:

لە هەر چوار پارچەی کوردستان (باکوور، باشوور، خۆرهەڵات، خۆرئاوا) لە سەردەستی ڕژێمی سیاسیی دەوڵەتانی (تورکیا، عێراق، ئێران، سووریا) نەتەوەی کورد ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری کۆمەڵکوژی بووەتەوە، کە زۆرێک لەوانە دەچنە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە:

أ- باکوور: ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٨ سیانزە هەزار و حەوسەد و هەشتاوهەشت کورد لە ناو براون، هەشت هەزار و دووسەد و چلوسێ گوندیش وێران کراون، ساڵی ١٩٣٧یش دە هەزار کەس و ساڵی ١٩٣٨، شەش هەزار و "٨٦٨" کەس کوژراون، ئەمەیش بە جینۆسایدی "دەرسیم" ناسراوە. هەروەها جینۆسایدی کەلتووری لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە لەو وڵاتەدا تا ئێستا بەردەوامە. [٤٦]

ب- باشوور: ساڵانی حەفتا و هەشتای سەدەی بیست ٣٨٠ هەزار کوردی فەیلی لە عێراق ڕووبەڕووی شاڵاوی پاکتاوی ڕەگەزی بوونەوە[٤٧]، ساڵی ١٩٨٢ نزیکەی ٨هەزار بارزانی کۆمەڵکوژ کران[٤٨]، پێنج هەزار کەسیش لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی کوژران، جگە لە پەلاماری ئەنفالی ١٩٨٨ بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان، پێشتر هەر دوو شارۆچکەی قەڵادزێ و سەیدسادق، بەر جۆرێک لە هێرشی دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق کەوتن، کە نزیکن لەوەی ئەو شاڵاوانە بخرێنەوە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە.

هەر لە باشووری کوردستاندا، ئێزیدییەکان بە هۆی ئەوەی کەمینە بوون و خاوەنی دەسەڵات نەبوون، بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیان هەیە و خودا دەپەرستن و مەلەک تاوس پیرۆزترین فریشتەیە لایان و خاوەنی کتێبی مەسحەفا ڕەش و جیلوەن و بەڕۆژوو دەبن و نوێژ و عیبادەتی خۆیان هەیە و پەرستگای پیرۆزیان لالشە لە قەزای شێخان، بەو هۆیەوە لە لایەن خاوەن دەسەڵات و خاوەن ئایینی ترەوە لە مێژوودا ڕووبەڕووی جینۆساید و لەوناربردن بوونەتەوە:

---

[٤٦]- تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد (ئامار، داتا، پشکنین)، ل ٢٦-٢٧.

[٤٧]- عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٢٢.

[٤٨]- تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی بارزانییەکان"، بەیروت، ٢٠١٥، ل٢١.

_ ساڵی ١٧٤٣ لە لایەن نادرشای پادشای فارسەکانەوە بڕیاری کوشتنیان دراوە.
– ساڵی ١٨٧٢ لە لایەن عوسمانییەکانەوە جینۆساید کراون.
– ساڵی ١٩١٥ لە جینۆسایدی تورک بەرامبەر بە ئەرمەن ژمارەیەکی زۆری ئێزیدی لە ناو بران.
– ساڵی ١٩٣٥ بە دەستی سوپای عێراق ڕووبەڕووی کوشتن و لەناوبردن بوونەوە.
– ساڵی ١٩٨٨ لە پرۆسەی ئەنفالدا لە عێراق ئێزدییەکان ژمارەیەکی زۆریان شوێنبزر بوون.

– دوا جار لە هێرشی هێزەکانی داعش لە ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ بۆ سەر قەزای شەنگال (قەزای شەنگال لە ناحیەکانی سنونێ و قەیرەوان و ٩٧ گوند پێک دێت و زیاتر لە ٣٢٠ هەزار کەسی تیادا دەژین)، ئێزدییەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و تاوانی گەورە بوونەوە لە کوشتن و سەربڕین و ئاوارەبوون و دەستدرێژی و بردنی کچەکانیان. [٤٩]

پ- خۆرهەڵات: لە ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی لە ئێران، کوشتن و لەسێدارەدان و ڕاگوێزان بە ژمارەی گەورە لە خۆرهەڵاتی کوردستان ڕووی داوە. تەنها لە ماوەی دەسەڵاتی "١٢" ساڵی کۆماری ئیسلامی ئێراندا (١٩٧٩-١٩٩١) پەنجا هەزار کورد بە تاک و کۆمەڵ و گروپ کوژراون، دوای ئەو کاتەیش سیاسەتی چۆڵکردن و ڕاگواستنی ناوچەکانی کوردستان هەر بەردەوام بووە و بە هەزاران گوند بەرکەوتوون و دانیشتووانەکەیشیان کوژراون یان ئاوارە بوون یان ڕاگوێزراون. [٥٠] هەروەها لە جەنگی عێراق- ئێران، چەند شوێنێکی ئەم بەشەی کوردستان لە لایەن سوپای عێراق ڕووبەڕووی پەلاماری کۆکوژیی چەکی کیمیایی بووەوە، لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٨٧ شاری سەردەشت بە چەکی کیمیایی هێرشی کرایە سەر و زیاتر لە ٥٠٠ کەس گیانیان لە دەستدا. [٥١]

ت- خۆرئاوا: لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سیاسەتی جینۆساید لە سووریادا دژی کورد دەستی پێ کرد و دەستبەجێ سەدوپەنجا هەزار کورد ناسنامەیان لێ سەنرایەوە، دواتر ١٥ هەزار خێزانی عەرەب هێنرانە شوێنەکانیان. لە پارێزگای جەزیرەدا دووسەد هەزار کورد ناسنامەی نەتەوەییان لێ سەنرایەوە، لەو بەشەی کوردستان بە هەزاران جوتیاری کورد لە گوندەکان بە زۆرەملێ هەڵکەنراون و ڕاگوێزراون و خەڵکی عەرەب هێنراونەتە شوێنەکانیان. [٥٢]

---

[٤٩]- تەها سلێمان، جینۆسایدی کوردستان، چاپی یەکەم،لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٢٠٥.

[٥٠]- د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی پێنجەم، هەولێر ٢٠١٠، ل٨٥.

[٥١]- تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد (ئامار، داتا، پشکنین)، ل٧٣.

[٥٢]- د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، ل٨٥.

### ٥-٣/١ چەند نموونەیەکی جینۆسایدکردن لە جیهاندا:

لە مێژووی کۆن و نوێی جیهاندا چەندین تاوانی جینۆسایدکردن ڕووی داوە هەر بۆیە، نەتەوەیەکگرتووەکان بە بڕیار ئەو تاوانەی ئیدانە کردووە و سزای بۆ تاوانبار داناوە، ئەمەیش کورتەی چەند نموونەیەکی جینۆسایدن لە مێژووی جیهاندا:

أ- هیندییە سوورەکان: لە ئەمەریکای باکوور و باشوور و ناوەڕاستدا دەژیان پێش ئەوەی ئەوروپاییەکان ئەو ناوچانە داگیر بکەن. هۆی ناونانیان ئەوە بووە کاتێ (کریستۆف کۆلۆمبس) ئەو کیشوەری ئەمریکای دۆزییەوە، وایان زانی گەیشتوونەتە ڕۆخی دوورگەی خۆرهەڵاتی هیندستان. هەرچەندە هیندییە سوورەکان بەرەنگاری ئەوروپاییەکان بوونەوە، بەڵام نەیانتوانی بیانگێڕنە دواوە، تا بە تەواوی داگیریان کرد. ساڵی ١٨٩٠ی زایینی ڕووبەڕووی جینۆساید بوونەوە. [٥٣]

ب- ئەرمەن: لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە سەر دەستی دەوڵەتی عوسمانی جینۆساید کران و نزیکەی ١ ملیۆنونیو ئەرمەن لە ناو بران و ئەرمەنەکان دوای ئەوەی پەرتەوازەی وڵاتانی ئەمریکا و ئوستورالیا بوون، ئەم ڕووداوە لە سەر ئاستی جیهان بە جینۆساید ناسراوە و ساڵانە ٢٤ی نیسان یادی دەکرێتەوە. [٥٤]

پ- جوولەکە: بە ڕووداوی هۆلۆکۆست ناسراوە، زیاتر لە ١ ملیۆن جوولەکە بە دەستی نازییەکان لە جیهاندا بە تایبەت لە وڵاتانی خۆرئاوا لە ناو بران و هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە و کوشتنیان لە سەر تاقی کرایەوە، ساڵی ١٩٣٨ی زایینی دەستی پێ کرد و پێش کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، جوولەکەکان جینۆساید کران. [٥٥]

ت- ڕواندا: ساڵی ١٩٩٤ هۆزی (هۆتۆ)، کە لە ڕواندادا زۆرینەیە، پەلاماری هۆزی (توتسی) کە کەمینەن لەو وڵاتەدا دا لە ماوەی سێ مانگدا، نزیکەی هەشتسەد هەزار کەسیان کوشت و بە هەزاران ئافرەت ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە و دەستدرێژیی سێکسی بوونەوە. [٥٦]

## پاری چوارەم: کاریگەرییەکانی ئەنفال:

بێ گومان پرۆسەی ئەنفال بەو شێوەیەی کە ڕووی دا و بەو هەموو قوربانییانەی لێی کەوتەوە و بەو قەبارە گەورەیە لە تاوان و شاڵاو و پەلاماری سەربازی، کاریگەرییەکانی هەر لە سەردەمی ڕوودانی پرۆسەکە یان ماوەیەکی کەم و دواتردا نامێنێتەوە، بەڵکوو ئەو کاریگەرییانە بەردەوام درێژ دەبنەوە، چونکە:

---

[٥٣]- محمد شفيق غربال (اشراف)، الموسوعة العربية الميسرة، القاهرة، ١٩٦٥، ص ١٩١١.

[٥٤]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تێیدا، توێژینەوەیەکە لەم لینکەدا لە ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە:
http://www.historyofkurd.com/2016 /9171/31/12/

[٥٥]- تەها سلێمان، کورتەیەک لە مێژووی جینۆساید، ل١٤.

[٥٦]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١١.

أ- ئەو ژینگە و کەلتوورەی ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال، گۆڕانکاریی ڕیشەیی تێدا نەکراوە، چونکە ئەو گۆڕانکارییەی پێویستە بکرێت وزەیەکی زۆری شۆڕشی فیکری و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی هۆشیارانەی پێویستە و تەنانەت ڕەنگە خەباتێکی توندوتیژیش ببێت.

ب- قوربانییانی ئەنفال نەک هەر بە پێی تێپەڕینی کات و تەنانەت خزمەتکردنیشیان لە دۆخی قوربانیبوون دەرناچن، بەڵکوو بە هۆی قورسیی ئەو ڕووداوەوە بەردەوام قوربانیی نوێ دەردەکەوێت و ئەو نەوانەی ماوەیەکی زۆریش دوای ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال لە دایک دەبن، دەبنەوە قوربانی و کاریگەرییەک یان زیاتری ئەو تاوانەیان لە سەر دەردەکەوێت.

پ- لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفالدا شوێنبزرکردنی مرۆڤ هەبوو، ئەو ژمارەیەیش کە شوێنبزر کران قەبارەیەکی گەورەی هەبوو، شوێنبزرکردنیش تا ئەو کاتەی بە تەواوی وەک کێشەیەک چارەسەر دەکرێت، دۆخی ترس و تاریکی و دوودڵی دروست دەکات و کاریگەرییەکانی ئەم پرۆسەیە درێژ دەکاتەوە.

ت- لەبەر ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفالدا چەکی کۆکوژی وەک کیمیایی بەکار هات و جگە لەوەی هەزاران کەسی کردە قوربانی و ژینگەی ئەو شوێنانەیشی وێران کرد، هاوکات کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە چەکانە لە ڕووی بایۆلۆجییەوە درێژ دەبنەوە و لە سەر نەوەکانی ئەو قوربانییانە لە ڕووی تەندروستییەوە دەردەکەونەوە.

ج- ئەگەر بەردەوام کارکردن بۆ سارێژکردن و سڕینەوەی شوێنەوارە خراپەکانی پرۆسەی ئەنفال بە ڕووی کاریگەرییەکانی ئەم تاوانەدا چالاکانە و بە بەرنامەی تۆکمە و زانستییەوە ئامادە نەبێت و ئەم کارکردنەیش هەمەلایەنە و هەموو ڕەهەندەکانی (دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، یاسایی، خزمەتگوزاری... هتد) نەگرێتەوە، ئەوا هەمیشە ئەم کاریگەرییانەی ئەم تاوانە درێژ و تەنانەت هەندێ جاریش قووڵتر دەبنەوە، کاریگەرییەکانیش زۆرن، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەکەین:

## ١-٤/١ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی دەروونییەوە:

پرۆسەی ئەنفال بەو دەرئەنجامە قورس و تراژیدییەی لێی کەوتەوە، بە هۆی ئەوەی تاوانێک بوو، ترسناکی و ئەشکەنجەکەی بە چەشنێک بوو، وەک ئەوەی شایەتحاڵان باسی دەکەن و قوربانییان دەیگێڕنەوە و بە ئاستێکی بەرز و بە شێوەیەکی وێنا نەکراو توندوتیژی و کوشتن و برسیکردن و... هتد تێدا تاقی کرایەوە، بۆیە کاریگەرییە دەروونییەکانی تا ئاستی حاڵەتی تراوما[٥٧] لە سەر قوربانییانی زیندوو و ڕزگاربوو و نەوەکانی ئەنفالکراو بە جێ دەهێڵێت.

---

[٥٧]- تراوما زاراوەیەکی دەروونییە و لە بنچینەدا گریکییە، واتای برین دەگەیەنێت، حاڵەتێکی دەروونییە بە هۆی ڕووداوێکی ترسناکی کتوپڕ یان تاوان یان کارەساتێکی تراژیدیی قورسەوە تووشی مرۆڤ

تاوانی ئەنفال لەبەر ئەوەی ڕووداوێکی تراژیدیی گەورە و تاوانێک بوو قوربانییەکی بە ژمارە و ناوەڕۆک و چۆنێتی بە ئەندازەیەکی زۆر زۆر لێ کەوتەوە و ئەو تاوانە دژی ژمارەیەکی زۆر خەڵک ئەنجام درا و لە ڕووبەڕێکی زۆر بەرفراوانی ژیانی مرۆڤدا ڕووی دا، بۆیە حاڵەتی تراومای بە کۆمەڵی دروست کردووە، ئەم حاڵەتەیش چارەسەرکردنی هەر وا ئاسان نییە، تەنانەت بە خزمەتکردنی کەیسەکە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانییانی زیندوو لا ناچێ و شوێنەوارەکانی ناسڕێتەوە، بەڵکوو دۆخێکی درێژخایەنە و بە بیربردنەوەی کەشی ترس و تۆقاندن و توندوتیژی ئەگەری کاڵبوونەوەی دروست دەبێت.

### ١/٤-٢ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

کاریگەریی کۆمەڵایەتیی شاڵاوەکانی ئەنفال زۆر بوون و بەردەوامن، چونکە ئەو پرۆسەیە بە تەواوی ژیانی لەو ناوچانە کۆتایی پێ هێنا، بەمەیش بنەما و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەڵتەکاند، دابونەریت و ڕایەڵەکانی تاکی بە یەکترییەوە تێک شکاند، بۆیە دوای شاڵاوەکان و تێپەڕینی ئەو ماوە زۆرە بە سەر ڕووداوەکان و دەستپێکردنەوەی ژیان لەو شوێنانەی بەر پەلامارەکانی ئەنفال کەوتن، ئێستایش چەندین کاریگەریی ئەو پرۆسەیە هەر ماوە، لە وێنەی: تێکچوونی شیرازەی خێزان بە هۆی نەمانی سەرپەرشتیاری خێزان یان زۆر لە ئەندامانی خێزان، شێواندنی دابونەریت بە هۆی ڕاگوێزان و تێکدانی شوێنی ژیان. بڵاوبوونەوەی دیاردەی نەخوێندەواری بە هۆی کێشەکانی ژیان و قورسیی گوزەران، لەگەڵ چەندین کێشەی تری کۆمەڵایەتی لە وێنەی کێشەی منداڵی بێسەرپەرشتیار و ئافرەتی بێ مێرد و... هتد.

### ١/٤-٣ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی ئابوورییەوە:

ڕووخاندن و وێرانکردن و تاڵانیی شار و گوند و ئاوەدانی و سووتانی زەوی و ڕەز و باخ و هەموو تاوانێکی لەو شێوازانە بۆ خۆیان کاریگەریی ئابووری دروست دەکەن، هەورەها لەدەستدانی سەرپەرشتیارانی خێزان و کەسانی خاوەنی هێزی کار و ئیشکەر و تێکدانی زەمینەی کار و وێرانکردنی ئەو کەشەی بیرۆکەی کار و بەرهەمهێنان

---

دەبێت، یان هەندێ جارمرۆڤ ئەو کارەسات، تاوان و ڕووداوە ترسناکە بە سەر خۆیدا نایەت، بەڵکوو بە سەر کەسانی تردا دێت و کاریگەریی دەروونی و جەستەیی و عەقڵی لە سەر ئەم دادەنێت و تووشی حاڵەتی تراومای دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر، پێناسەی تراوما لەم سەرچاوەیەدا بەدرێژیی ڕوون کراوەتەوە:

– فایەق سەعید، پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر، دەزگای ڕۆشنبیریی مارگرێت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦. ل١٢.

دەرەخسێنن، هەمووان کۆمەڵێک کێشەی ئابووریین و تاوانی ئەنفال وەک کاریگەرییەکی قورس بە دوای خۆیدا هێنانی.

### ١/٤-٤ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی ویژدانییەوە:

کاریگەریی ویژدانی لە دوای هەموو یان زۆربەی تاوان و تراژیدیاکان دروست دەبێت، کاریگەریی ویژدانیش تەنها لە سەر قوربانییان نییە، بەڵکوو لە سەر ئەوانەیە کە بینەر و بیسەری ڕووداو و کارەساتەکانن. کاریگەریی ویژدانی دۆخێکی مرۆییە مرۆڤ تێی دەکەوێت، کە پێش ڕوودانی تاوانەکە زەمینەیەک هەیە بۆ ڕوودانی تاوانەکە دروست بووە، ئەو ئەگەر دەستیشی لە دروستبوونیدا نەبووبێت، دەیتوانی ئەو زەمینەیە تێک بدات بەڵام تێکی نەداوە، لە ساتی تاواندا دەیتوانی تەنها بینەر نەبێت و بینەر بوو، لە دوای ڕوودانی تاوانەکانیش دەکرێت کار بۆ سڕینەوەی شوێنەوارە خراپەکانی بکات، نایکات یان ناتوانێت و بۆی ناکرێت، یان ڕێگەیەکی دروست بۆ ئەنجامدانی نادۆزێتەوە.

کاریگەریی ویژدانی تاوانی ئەنفال لە سەر ئەوانەی هەست بە گوناهـ و بێ دەسەڵاتی و بێ هیوایی و بێ ئاسۆیی دەکەن لە ئاست قوربانییان و ئەو تاوانەی بە سەریاندا هاتووە، زیاتر بیرکردنەوەیە و ئەو بیرکردنەوەیەی ناگۆڕێت بۆ کار و پڕۆژە و کردار، زیاتر خەمخواردنە و ئەو خەمەی ناگۆڕێت بۆ فیکر و دونیابینی و کۆتاییهێنان بە ناخۆشییەکان.

### ١/٤-٥ کاریگەرییەکانی ئەنفال لە ڕووی جیۆگرافییەوە:

ئەم جۆرە کاریگەرییانە لە سەر شوێنەکان دەردەکەون، بەوەدا زۆر شار و گوند و ناوچە بە هۆی خاپووربوونەوە هەرگیز یان تا ماوەیەک ئاوەدان ناکرێنەوە، یان بە هۆی قەدەغەکردنەوە سنووری ئەو ناوچانە دەشێوێنرێن و بە هۆی ئەوەی خاوەنانی زۆربەی شوێنەکان لە ناو دەچن، ئەو شوێنانە هەرگیز وەک خۆیان لێ نایەتەوە، هەروەها جگە لەوە ڕاگوێزانی هەندێ لەو شوێنانە بە بەرنامە بووە بۆ تەعریبکردن و سڕینەوەی ناسنامەیان بووە، خەڵکانی تری بۆ مەبەستی سیاسی لێ نیشتەجێ کراوە.

## پاری پێنجەم: کارکردن لەگەڵ پرۆسەی ئەنفالدا

ئەگەر چاوێکی خێرا بە هەموو ئەو کار و چالاکی و بەرهەمانەدا بخشێنین کە لە میدیای بینراو و نووسراو و بیستراوی کوردیدا لە سەر پرسی ئەنفال دەردەکەون و پەخش دەکرێن، ئەگەر سەرنج بدەینە دید و تێڕوانینی ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی کورد بۆ دۆزی ئەنفال و لەو ئایدیا و بیرکردنەوانەیش بکۆڵینەوە کە لە سەر ئاستی تاک لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون و لەوەیش ورد بینەوە ئاخۆ لە پانتاییی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا ئەم چەمکە چۆن دەرکەوتووە و

بەکار هاتووە، ئیتر ئەمانە بۆ هەر مەبەستێک بووبێتن، وەک کەرەستەیەکی بەنرخ بووبێت بۆ میدیاکان و بابەتی ڕۆژنامەوانییان لێی دروست کردبێت، یان بووبێتە پرۆژە و کەرەستەی دروستکردنی کۆڕ و سیمینار و کۆنفرانس بۆ ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکان و سیاسەتمەداران وەک بابەتێکی سیاسی و بۆ مامەڵە و سەوداکردن یان بۆ نیشاندانی سیاسەتێکی پاک و مرۆڤدۆستانەی خۆیان بەکاریان هێنابێت و چالاکانی مەدەنییش کردبێتیانە دەمامکێک بۆ داپۆشینی چالاکییە بێ ئامانج و ناکامەکانی خۆیان و بە باسکردنی ئەنفال و خۆدان لە قەرەی باسوخواسەکانی ئەو پرسە، ڕووی چالاکیتی و پرۆژەداریی خۆیان بە کۆمەڵگا نیشان دابێت، کۆی ئەمانەیش دەکرێت ڕوویەکی نیشاندانی وەفاداری بێت بۆ قوربانییانی ئەو تراژیدیایە و دەرخستنی هەستی مرۆڤدۆستانە بێت و، ئەوانەی ئەنفال بەکار دەهێنن بیانەوێت قەرزێکی ویژدانیی خۆیان بدەنەوە و دەروونی خۆیان ئاسوودە بکەن، یان سیاسەتی ڕاگەیاندن و حیزبایەتی و بەرژەوەندیی تایبەت وایان لێ بکەن پەنا بۆ بەکارهێنانی پرسی ئەنفال لە گوتارەکانیاندا ببەن، هەندێ جاریش وەک پرۆژەیەکی سوودمەند چاوی لێ بکەن و کۆنفرانسە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی پێ گەرم بکەن.

بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال زۆرتر بۆ یادکردنەوەی تراژیدیاکەیە و ئەوانەی یادی ئەنفال دەکەن دەیانەوێت ئەو تاوانە گەورەیەی مێژووی مرۆڤایەتی لە ویژدان و هەست و نەستی هەمووواندا زیندوو بێت و بیر نەچێتەوە، بەمەیش خزمەت بە دۆزەکە و ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن، لەم ڕێگەیەیشدا زۆر جار خەریکی بەڵگەنامە ڕیزکردن یان دۆزینەوەی بەڵگەنامەی نوێن لە سەر تراژیدیای ئەنفال و لە ڕاگەیاندن و کۆنفرانس و سیمینار و توێژینەوەکاندا دەیخەنە ڕوو، یان سەرقاڵی کاری ئەرشیفسازین و بە بەرنامە و بێ بەرنامە و بە شێوەیەکی زانستی و نازانستی گێڕانەوەکانی شایەتحاڵەکانی ئەنفال تۆمار دەکەن و دەنووسنەوە و هەر شتێک کە دەستیان بکەوێت و پەیوەندیی بە ئەنفالەوە هەبێت ئەرشیفی دەکەن، ئەوەی کە دەبینرێت زۆربەی ئەم هەوڵانەیش تاکەکەسین و بێ پشتیوانیی پێویست دەکرێن، بۆیە زۆربەی ئەو ئەرشیفسازییە، کارگەلێکی نازانستی و بێ بەرنامەن. ئەوانەی کار لە سەر ئەنفال دەکەن، زۆرتر بە شوێن ئەوەوەن بزانن، یان بیسەلمێنن ژمارەی ئەنفالکراوان چەندە، کۆششێکی زۆریش دەکەن ئەو ژمارەیە زۆرترین ژمارە بێت و بە هەر چەشنێک بووە گەورەترین ژمارەی ئەنفالکراوان بسەلمێنن و دژی هەر ژمارەیەکی لەوەی خۆیان کەمتر بوەستنەوە، هەندێ جاریش تەنها دەیانەوێت شەرعیەت بە دەست بهێنن، ئیتر شەرعیەتی هەر شتێک بێت، تاوانبارکردنی ئەوانی تر یان پاکسەلماندنی خۆیان، شەرعیەتی بە دادگاگەیاندنی تاوانباران، یان وەرگرتنی شەرعیەتێک بۆ چوونە ناو باس و پرس و سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، لە شەرعیەتەوە بۆ تاوانبار و دوژمن دەگەڕێن، لەم پێناوەدا سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ ساز دەکرێت، لەو لایشەوە لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار پشتیوانیی هەندێ لەو جۆرە چالاکییانە دەکات، لە لایەکی ترەوە

مۆنۆمێنت بۆ ئەو تراژیدیایە دروست دەکات، هەندێ جار هەوڵ دەدات ئەو ڕووداوە تەنها لە بەرنامەی میدیاکان و یادەکان و ناو بڵاوکراوەکاندا نەهێڵێتەوە و بیخاتە ناو چوارچێوەی پرۆگرامی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندندا.

لێرەدا بە کورتی لە سەر هەر یەک لەو خاڵانە ڕادەوەستین و سەرنج و پرسیاریان ڕووبەڕوو دەکەینەوە، کە کارکردنی لە سەر ئەنفالی تێدا قەتیس کراوە:

### ١-٥/١ یادکردنەوە:

زۆربەی جار کە وشەی ئەنفال دەبیستین، دەبینین کە مەبەست لەمە یادکردنەوەی ئەو تراژیدیایەیە، ئەوانەی باسی ئەنفال دەکەن دەیانەوێت یادی ئەو مەرگەساتە لە کۆیادەوەریی هەمووماندا زیندوو بێت، بە قەناعەتی خۆیان مەبەستیانە ئەو ڕووداوە بیر نەچێتەوە و پێویستە و ئەرکێکی ڕەوشتی و مرۆڤایەتی و نەتەوەییشە کە یادی ئەنفال بکرێتەوە و بە سانایی فەرامۆشی نەکەین و هەمووان بزانن لەو مێژووەدا چی بووە و چی ڕووی داوە و چ تراژیدیایەک کەی و لە کوێ و چۆن ڕووی داوە، قوربانییەکان کێن و تاوانباران کێن و لە کوێن و وردەکاریی ئەو ڕووداوە چۆن بووە، بەڵام پرسیارێک لێرەدا پێویستە بهێنرێتە پێشەوە، ئایا یادکردنەوە خۆی چییە و چۆنە و چ ئامانجێک لە پشتییەوە خۆی حەشار داوە؟ یان پرسیارێک لەوە وردتر و گرنگتر ئەوەیە، ئایا خودی یادکردنەوە هەر ئەوەیە کە ئەمانە دەیکەن و هەر ئەوە جەوهەری یادکردنەوەیە؟

کاتێک دەتوانین یادی ڕووداوێک چ خۆش یان ناخۆش بکەینەوە، کە بووبێتە بەشێک لە ڕابردوو، واتە بووبێتە پارچەیەک لە مێژوو، بە هەموو قورسایی و ڕوودانێکییەوە لە ئێستادا نەمابێت و درێژ نەبووبێتەوە بۆ زەمەنی یادکردنەوە و خۆی نوێ نەکاتەوە، یادکردنەوە ئەگەر بۆ تراژیدیا بوو، بۆ ئەوە نییە، زامەکان بورووژێنرێتەوە و سەری برینەکان هەڵ بدرێتەوە و ئازار و ژانەکان بهێنرێتەوە کوڵ، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بە هۆی سارێژکردنەوەی ئەو زامانەوە هەستی مرۆڤدۆستی و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ گەرمتر بکرێت و بە پەرۆشەوە بیری لێ بکرێتەوە، یادکردنەوەی تراژیدیا بۆ ئەوەیە، زام ببێتە هەوێنی لەدایکبوونەوە و ژیانێکی نوێ، نەک شیوەن و گریان لە ژێر کاریگەریی ئەو تاوانەدا، یادکردنەوەی ئازار و ژان بۆ ئەوە نییە بە هەستێکی ساختە و تەنانەت هەستێکی ڕاستەقینەیش وای نیشان بدەین دەروونمان ئەو ئازار و ژانانە دەچێژێت، بەڵکوو ئازار و ژان دەبێت ببنە پاڵنەری ڕامان و خوێندنەوەی ڕووداوەکە و زەمینەسازان بۆ ڕوونەدانەوەی هەر ڕووداوێکی لەو جۆرە.

گەر کۆمەکیش لە دەروونشیکاری وەرنەگرین (کە دیارە پێویستمان بەم کۆمەکە و هەموو جۆرە کۆمەکێکی ترە بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو تراژیدیایە.) ئەوا هەر ئەوەمان لا ڕوونە کە ئەنفال، ترس و ئازار و کاریگەرییەکی

زۆر خراپی بە تایبەت بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و نەوەکانیانە و ئەم ڕووداوە تارماییەکە و هەمیشە بە شوێنیانەوەیە، بۆیە یادکردنەوەی ئەنفال دەبێت بۆ ڕەوینەوەی ئەم تارماییە بێت نەک ئەوەی هەمیشە ئەو تارماییە بهێنێتەوە پێشەوە، بە شێوەیەکی گشتی، پێویستە یادکردنەوە ئاوڕێک بێت لە ڕابردوو بۆ ئەوەی بەرەو ئەم ئاراستە و ئاییندانەمان بەرێت:

أ- یادکردنەوەی ئەنفال ئەگەر بۆ گەرمکردنی کایەی ڕاگەیاندن نەبێت و وەک بابەتێکی ڕۆژ بۆ نووسین و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان بەکار نەیەت، ئەوا گومانی تێدا نییە ئەم یادکردنەوەیە بەر لە هەر شتێک دەکرێت سیفەتێکی ئەخلاقی و مرۆڤدۆستی لە خۆ بگرێ و لە ڕێگەی ئەو یادکردنەوەیەیشەوە کار بکرێت بۆ تێگەیشتن و قووڵبوونەوە و تێڕامان لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی تراژیدیای ئەنفال ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەستە و میتۆدی جیاوازجیاواز بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئەم ڕووداوە تاڵەی مێژووی کورد، ئەم کارە جگە لەوەی بەرەو تێگەیشتن و ڕەخنەی گرنگ لە ستراکتۆری ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێت، هاوکات ئەم پرۆسەیە ئومێدبەخشیش دەبێت لە ڕوونەدانەوە و ڕێگەگرتن لە نوێبوونەوەی تراژیدیایەکی لەو چەشنە لە ژیانی کورددا و وا دەکات ئاییندەی خۆیشمان بە جۆرێکی تر و ڕوونتر ببینین، چونکە بێ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و ڕامان لە سەرچاوە هەمەلایەن و جۆربەجۆرەکانی ئەنفال و بەدواداچوون بۆ ئەو زەمینە و هۆیانەی وەهایان کرد ڕووداوێکی دڕندانەی لەم جۆرە لە سەر واقیعی ژیانی کورددا ڕوو بدا و ببێتە مێژوویەکی تاڵ، هەروەها بە بێ بینین و شیکردنەوەی ئەو سەرزەمینەی بوونە هۆی ئەوەی لە تراژیدیای ئەنفال نەیەینە دەنگ و ڕووداوێکی وا ترسناک و قوربانییەکانی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان بەرەو تێڕوانین و دونیابینیی تر ئاراستەمان نەکەن و گومان و پرسیار نەخەینە سەر هەست و ویژدان و لێپرسراوێتیمان، بێ گومان ئەستەمە یان خۆدانە لە گێلی گەر وا بیر بکەینەوە، تراژیدیایەکی وەک ئەنفال تەنها لە مێژووماندا هەیە و کاری ئێمە هەر ئەوە دەبێت یادی بکەینەوە و، پێمان وا بێت ئەو تراژیدیایە لە ئاسۆکانی ئاییندەدا هەرگیز نایبینینەوە و مەزندەی ئەوە بکەین جارێکی تر ژیانی میللەتەکەمان بە ساتەوەختە تۆقێنەرەکانی ئەو تراژیدیایەدا هەرگیز تێ ناپەڕنەوە.

ب- یادکردنەوەی ئەنفال ئەگەر ئەنفال بکاتە بابەتێک بۆ تێرامانی قووڵ و گرنگ و وەک کەرەستەیەکی فیکری و مەعریفی، بە دڵنیاییەوە دەکرێت کۆمەڵێک دەرئەنجامی گرنگمان بۆ بهێنێتە بەر دەست. بە دەم یادکردنەوەی تراژیدیای ئەنفالەوە کاتێک بە چەمکی نوێی ڕاڤەکردن و دیدی تازەوە بکەوینە نێو پرۆسەی گەڕان و پشکنینی تەواوی پانتاییە تاریک و ڕوونەکانی سەرجەم ڕووبەر و دیوارە دیار و نادیارەکانی ئەو دونیایەی تراژیدیایەکی هێندە دڕندانەی کردە بەشێک لە مێژووی میللەتەکەمان، وەختێک بە میتۆدگەلێکی جیاواز لە میتۆدە سواو و تەقلیدییەکان هەوڵی پێناسەکردنەوە و توێژینەوە و ڕاڤەکردنەوەی ئەو واقیعەی ئەنفالی تێدا ڕووی داوە، دەدەین، هەر کات

پرسیاری نەترسانە و گومانی قووڵ و ڕەخنەی بوێرانەمان ئاراستەی سەرجەم خوڵقێنەرانی ئەو تراژیدیایە کرد، لەم ڕێگەیەیشدا لەمپەرەکانی بەردەم بیرکردنەوە و بینینمان خستە ئەو لاوە و بە ئازادییەکی ڕەها و بێ هیچ بڕیارێکی پێشوەخت و چاوەڕوانکراو دەست پێ بکەین و هیچ ئینتیمایەکی ئایدیۆلۆژی و ئاراستەیەکی دیاریکراوی شیکردنەوە و قسەکردن نەگرینە بەر، ئەو کات دەتوانین کە یادی ئەنفالمان کردەوە، چەمکێکی سامناکی وەک چەمکی ئەنفال لە گوتارە سیاسییە سەرپێییەکان و ئەو بۆنە و دروشمانەی هەرگیز ناگەنە نیوەی قووڵاییەکانی ئەو تراژیدیایە بسەنینەوە و میدیا و بەرپرسانیان لەوە حاڵی بکەین، بۆ لەمەولا تەنها ئێوە مافی بەکارهێنانی ئەم چەمکەتان نییە. ئێوە پێویستە لەم شوێنەدا بوەستن و چیتر مافتان نییە ئەم وشەیە هەر وا بە سادە و سانایی و بۆ مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی بەکار بهێنن. دەبێت ئەو نووسەر و شاعیرانەی بێ هیچ سەرمایەیەکی مەعریفی ئەم چەمکە هەڵدەگرن و دەیخەنە تێکستە مردوەکانیانەوە، لەوە ئاگادار بکرێنەوە، ئەنفال وەک چەمک و وەک تراژیدیا هێندە مردوو و بێ گیان نییە تا تەنها لە بۆنە وساڵڕۆژی تراژیدیاکەدا و لە ناو تێکستێکی سیاسی یان ئەدەبیی لاوازدا گیانی بە بەردا بکرێتەوە و گوزارشتی لێ بکرێت.

پ- یادکردنەوەی ئەنفال سەرەڕای ڕەهەندە ئەخلاقی و مرۆڤدۆستانەکەی، گەر ئەو یادکردنەوەیە ئاوێتە بێت بە خوێندنەوە و توێژینەوەیەکی گرنگ، کە تراژیدیای ئەنفال تەنها لە یەک لاوە نەبینێت و ئەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانە لە یەک ڕەهەندەوە و لە یەک گۆشەوە ئاراستە نەکرێن، یادکردنەوەی ئەنفال دەرکەوتەکانی تێڕامان بن لە تراژیدیای ئەنفال و ئەویش بریتی بێت لەو خوێندنەوە و ڕاڤەکردنانەی تەنها بە کەرەستە و چەمکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەخوڵقێنرێن و تەنها خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نەبن، بەڵکوو هەموو ئەو میتۆدانەی کە دەکرێت ئاسانکەر و ڕێنیشاندەر بن بۆ فرەڕەهەندکردن و دەوڵەمەندکردنی گۆشەکانی بینین و تێڕامان و قووڵبوونەوە، سوودیان لێ وەربگیرێت و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی تراژیدیای ئەنفال لەگەڵ دیوە سیاسییەکەیدا خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی کولتووری و دەروونی و یاسایی و سۆسیۆلۆژی و... هتد بێت، تا لە ڕێگەی ئەم فرەڕەهەندییە لە قووڵترین و کاریگەرترین لێخوردبوونەوە و تەفسیر لانی کەم کەمێک دڵنیامان بکات و بە هۆی ئەم تەفسیر و خوێندنەوە فرەڕەهەند و ورد و قووڵانەیشەوە بتوانین جیهانبینی و دیدگایەکی نوێ دروست بکەین و بناغەی سیاسی و ئەخلاقی و سۆسیۆلۆژی و کولتووری و دەروونیی خۆمان بدەینە بەر پرسیار و ڕەخنەی بوێرانە و بە دیدێکی تر سەیری ئایندە و ئاسۆکان بکەین و هەرگیز ئەو دۆخ و سەرزەمینە نەیەتەوە ئاراوە بۆ ڕوودانەوە و نوێبوونەوەی هەر تراژیدیایەکی چەشنی ئەنفال.

## ٢-٥/١ بەڵگەنامە و ئەرشیفکردن:

بەشێکی کارکردن لە ئەنفالدا بریتییە لە دۆزینەوە و کۆکردنەوە و پاراستن و خستنەڕووی بەڵگەنامەکانی پێوەست بە ئەنجامدانی شاڵاوی ئەنفال، بەشێکی ئەم بەڵگەنامانە ئەوە نیشان دەدەن، ئەنفال بە فەرمانی کێ و بە چ فەرمانێک ڕووی داوە، کەی ڕووی داوە، ماوەی چەندی خایاندوە و بە چەند قۆناغ ئەنجام دراوە و هەر یەک لەو قۆناغانە چەندیان خایاندوە و هەر یەکەیشیان چ ناوچەیەکی گرتووەتەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاریی گرنگی تر کە لەو بەڵگەنامانە دەست دەکەون.

بەڵگەنامە تەنها چەند پارچە کاغەزێک یان کاسێتێکی دەنگی یان ڤیدیۆیی یان تۆمارێکی شایەتحاڵان نییە بە تەنها، بەڵکوو دەروازەیەکی گرنگن بۆ ڕوانین لە ڕابردوو و ئەو ڕۆژگارەی ئەو ڕووداوەی تێدا بووە، بەڵگەنامەکان گرنگن بۆ بینینی لانی کەمی گۆشەیەکی ڕووداوەکان، بۆ ڕوونکردنەوە و سەلماندنیان، بۆ ئەوەی وردەکاری و چۆنێتی و کات و شوێنی ڕووداوەکان لە لای خۆمان و ئەوانی تر بسەلمێنین و ڕاستییان وەک ڕووداوێکی حاشاهەڵنەگر لە لای خەڵکی تر جێگیر بکەین، ئەوەیش بکرێتە خاڵی دەستپێکردنی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستی... هتد. بەو بەڵگەنامانە دەتوانرێت پەنجەی تاوان بۆ تاوانبار ڕابکێشرێت و ڕاپێچی دادگا بکرێت، هەر بەو بەڵگەنامانەیش وردەکاریی تاوانەکە ڕوون دەکرێتەوە، مرۆڤ تا ڕادەیەک دەتوانێت تێ بگات چی ڕووی داوە و چۆن کاری لەگەڵدا بکات و چۆن ڕووبەڕووی ئاکامە مەترسیدارەکانی ببێتەوە، بۆ نموونە گۆڕە بە کۆمەڵەکەی حەزەر، کە تەرمی ژمارەیەک ئەنفالکراوی تێدا بوو، بە هۆی بەڵگەنامەیەکی سەردەمی ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوا لە عێراق دۆزرایەوە، ئەویش لە کاتی دادگاییکردنی سەرکردە تاوانبارەکانی ئەو ڕژێمە بە تاوانی ئەنجامدانی ئەنفال لە دادگای تاوانەکانی عێراق.

ئەمەی باسمان کرد ڕووی ئاشکرا و بێ پەردەی بەڵگەنامەن و هەر کەس پێناسی بەڵگەنامە بکات و باسی ئەوە بکات بەڵگەنامەکان چیین و گرنگییان چییە، بە شێوەیەکی گشتی بەم شێوەیە دەدوێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، ئایا هیچ دەلالەتێکی تر لە پشت ئەو بەڵگەنامانەوە هەیە، جگە لەمانە بەڵگەنامەکان دەتوانن هیچ کارێکی نهێنیی تر بکەن، کارێک یان کارگەلێک کە دەشێت و هەمووماں بە ئاسانی نەیانبینین و یان بینینیان بیرکردنەوە و سەرنجێکی وردتری بوێت؟ پرسیارێکیتری گرنگتر ئەوەیە، وردەکاریی تەکنیکەکانی پاراستن و کارکردن و بەکارهێنانی ئەو بەڵگەنامانە چین؟ ڕێگە زانستی و عەقڵانییەکەی چۆنە؟

دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ئاشکراکردن و پاراستنی بەڵگەنامە زۆر جار لای ئێمەی کورد، بە تایبەت لە کەیسی ئەنفالدا، تەنها بریتییە لە کاردانەوەیەکی مێدیا، تەنها بووە بە بابەتی ڕاگەیاندنەکان و چەند ڕۆژێک لە بۆنە و یادەکاندا کردوویانەتە خۆراکی کەناڵ و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن، بێ گومان کاردانەوەی مێدیایی و بابەتی ڕۆژنامەوانی چەندێک

گەرم و توند و پڕ هەڵچوونیش بێت، یان چەندێک بابەتێکی گرنگ و هەستیار بێت، ئەگەر هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و جووڵانەوەی جەماوەری و ڕۆشنبیری و سیاسیی لێ نەکەوێتەوە، هەمیشە بابەتی ڕاگەیاندن لە سنووری دیاریکراوی مێدیاکاندا دەبێتە کاڵای مێدیایی، کاڵایش یەکێک لە سیفەتەکانی بەسەرچوون و پاشان فڕێدانە، بابەتی ڕۆژنامەوانی، کە تەنها بۆ ڕاگەیاندن و کەناڵەکان بێت، دەبێتە بابەتێک بۆ بیرچوونەوە و بازدان بە سەریدا و دواتر فەرامۆشکردنی، بۆیە بابەتی دۆزینەوە و کۆکردنەوە و ئاشکراکردن و پاراستنی بەڵگەنامەکان، هەڵەیەکی گەورەیە تەنها بۆ کاردانەوەی مێدیایی بێت، ئاکامە خراپەکانی لە باشەکانی زۆرتر دەبێت ئەگەر تەنها وەک بابەتێکی ڕۆژنامەوانی سەیری بکرێت، لەوەیش گرنگتر، نابێت ئەو بەڵگەنامانە تەنها ئاراستەی لایەنە گەورە و جیهانی و نێودەوڵەتییەکانی وەک نەتەوەیەکگرتووەکان، یان دادگای نێودەوڵەتی و پەرلەمانی وڵاتان بکرێت، چونکە ئەوان تەنها کارێک دەکەن لە چوارچێوەی پێڕەو و پرەنسیپی خۆیان، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو بەڵگەنامانە چەندە ئاراستەی دونیای دەرەوە دەکرێن، هێندەیش ئاراستەی دونیای ناوخۆ بکرێن، چەندە بە نیازی دروستکردنی هەڵوێست بین لە سەر ئاستی دەرەوە بە هۆی ئەو بەڵگەنامانەوە، هێندەیش گرنگ بێت لامان، کە هەڵوێست لە سەر ئاستی ناوخۆیش دروست بکەن، بەڵگەنامەکان پێویستە ئەو دیوەیان بگەشێنرێتەوە، کە خەڵک دەجووڵێنن و هۆشیاریی جەماوەری دروست دەکەن، بۆ ئەوەی هەر تاکێک لای خۆیەوە، ئەو هەڵوێستەی لا دروست ببێت، کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو تراژیدیایە ببێتەوە و چۆن دژی تێکدانی ئەو زەمینەیە کار بکات، کە تراژیدیای لەو چەشنەی لە سەر ڕوو دەدات و چۆنیش کار بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نێگەتیڤییەکانی بکات و خزمەت بە کەیسەکە بکات. بەڵگەنامەکان دەتوانن چەندین کەیسی کاریگەر بخوڵقێنن، ئەو کەیسانە دەکرێت بکرێنە ئاوێنەی لەخۆڕوانین و چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دژوەستانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو نادادپەروەرییەکی ئێستایش، چونکە ئەگەر تا ساتی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکان هۆکارێک هەبێت بۆ بێ ئاگایی و ئەوەی کە مرۆڤ بڕوا بە ڕاستێتیی تاوانێک نەکات و خۆی لە هەموو هەڵوێستێکی ڕادیکاڵ و چالاکییەکی سیاسی و ڕۆشنبیری بدزێتەوە، ئەوا لە دوای ساتی بڵاوبوونەوەی بەڵگەنامەکانەوە دەکرێت مرۆڤ ئەم بیانووەی نەمێنێت، واتە بەڵگەنامەکان دەتوانن ببنە هەوێنی هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە و بەگژداچوونەوەی نادادی و ستەمکاری.

کاری زانستی و عەقڵانییش لە ڕووی تەکنیکییەوە لەگەڵ بەڵگەنامەکاندا، بە هاوکاریی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامانجە سوودبەخشەکانی پێشکەوتنی زانست بە دی دێت، ئەویش بەوەی ئەمڕۆ تۆڕی ئینتەرنێت و دەزگا گەورەکانی مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک ئاسانکاری و خزمەت بە ئامانجەکانی بەڵگەنامەکان دەکەن، ئەویش بە هۆی ئەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەم بوارانەوە، هاوکار دەبێت لە خێراییی گەیاندنی پەیامی ئەو بەڵگەنامانە و دەتوانرێت وردبینیی زانستییان بۆ بکرێت و

بەڕێگەی زانستی هەڵبگیرێن و بپارێزرێن و بە ئاسانترین شێوە و کەمترین کات بە دوایاندا بگەڕێین، بەردەوامیش لە نوێکردنەوەیاندا بین، بێ گومان هەموو ئەمانەیش ئاسانکاریی باشن بۆ پێکانی ئامانجی ئاشکراکردنی بەڵگەنامەکان و ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جیهان و دروستکردنی هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری... هتد.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، بە دیاریکراوی بوونی تۆڕی ئەنتەرنێت هۆکارێکی باشە بۆ دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری (داتابەیس) بۆ ئەو بەڵگانامانە (نووسراوی ڕەسمی، تۆماری دەنگی، تۆماری ڤیدیۆیی، وتەی شایەتحاڵان، ڕزگاربوان... هتد) ی لەبارەی ئەنفالەوە دەدۆزرێنەوە و کۆدەکرێنەوە و دەخرێنەڕوو، سوودی ئەم بنکەیەی زانیاریی بۆ بەڵگەنامەکانی پێوەست بە ئەنفال لەم خاڵانەدا دەردەکەون:

أ- دەتوانێت جگە لە بەڵگەنامەکان، زانیاریی تر کۆ بکاتەوە و بە شێوەی بەڵگەنامە ئامادەیان بکاتەوە و بیانپارێزێ، لە دەرئەنجامی گەڕان و لێکۆڵینەوەی نوێیش، ئەو زانیارییانە سەرلەنوێ پێداچوونەوەی پێدا بکرێتەوە.

ب- بەڵگەنامەکان لە ناو ئەو بنکەی زانیارییەدا بۆ پلانی جۆراوجۆر لە خزمەت کەیسی ئەنفالدا سوودی لێ وەردەگیررێت.

پ- بەڵگەنامەکان لەم بنکەی زانیارییەوە و لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە زانیارییەکان لە تاوانی ئەنفال بە هەموو دونیا دەدات، ئەوەیش دەکرێت یەکدەنگی و پشتیوانی و هاوسۆزی بۆ ئەو کەیسە دروست بکات.

ت- ئەم بەڵگەنامانە لە ڕێگەی ئەم بنکەی زانیارییەوە، دەتوانن ڕایەڵێکی بەهێز دروست بکەن، بۆ توێژەران لە هەموو جیهانەوە، کە لە ڕووەکانی سیاسی، ئابووری، سایکۆلۆژی و کردەکانی تاوانکاری لە تراژیدیای ئەنفال بکۆڵرێتەوە.

ج- ئەو زانیارییانەی لە سەر ئەو شوێنانەی تاوانی ئەنفال تێیاندا ڕوویداوە وەک بەڵگەنامە لەم بنکەیەدا کاتێک کۆ دەکرێنەوە، بۆ تێگەیشتن لە وردەکاریی ڕووداوەکە سوودمەند و خێرا و ئاسانتر دەبن.

چ- لەم بنکەی زانیارییەدا جگە لە بەڵگەنامەی نووسراو و زانیاریی تۆمارکراو، وێنە و فیلم و هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ لە بارەی تاوانی ئەنفالەوە بڵاو دەکرێتەوە، کە هەموو کەس لە هەموو جیهانەوە دەتوانن بە ناو ئەو وێنە و فیلم و هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵانەدا بگەڕێ، ئەمەش بێ جگە لەوەی ڕێگەیەکی ئاسانتر دەبێت بۆ ناساندنی تاوانەکە، بابەتێکیش دەبێت بۆ توێژینەوە و دروستبوونی پەیوەندی و پرسیار و گفتوگۆ لە بارەی ئەو تاوانەوە.

ح- ئەم بنکەی زانیارییە بە وردی نەخشەی ئەو ناوچانەی تاوانەکەیان تێدا ڕووی داوە دەکێشێت، ئەمەیش ئاسانکاری و بەڵگەیە بۆ شیکردنەوەی سەلماندنی تاوانەکە بە هەموو دونیا، ئەگەریش بە شێوەی ئۆنلاین بێت زانیارییەکان باشتر دەگەیەنێت و دەوڵەمەندتریش دەکرێن.

خ- بە هۆی ئەم بنکەی زانیارییەوە دەکرێت ڕاپرسی و داواکاریی بەرەو ڕووی بەکارهێنەران بکرێتەوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی هەندێ لە زانیارییەکان و ڕاستکردنەوەی ئەوانەی پێویستییان بە ڕاستکردنەوە هەیە و پێداچوونەوە و ئامادەکردنەوە و پۆلێنکردنیان بە پێی ستانداردی جیهانی و بەرنامەڕێژی بۆیان.

ئەرشیفکردنیش لە دوای پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەنامەکانەوە دەست پێ دەکات، پێشتر باسی ئەرشیفکردنمان کرد، بەڵام ئێستا باسی ئەو شێوازی ئەرشیفکردنە دەکەین کە ئێستا لە پرۆسەی کارکردن بۆ کەیسی ئەنفال و لێکۆڵینەوە لەو تاوانە هەستی پێ دەکەین و ئەو مەبەستەی لە پشت بەشێکی زۆری لەم کاری ئەرشیفسازییەوە هەیە، لەگەڵ ئەو ئامانجانەی دەیپێکێت.

پرۆسەی ئەرشیفکردن و پارێزگاریکردن لە هەر بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتێکی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی هەر زانیارییەک کە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو تراژیدیایە ڕوون بکاتەوە و خزمەت بە کەیسەکە بکات، کارێکی زۆر گرنگە و بێ ئەم پرۆسەیە هەموو کارێک کە ناوی خزمەت بە کەیسی ئەنفال و ناساندنی تاوانەکە و ئاوڕدانەوە لە قوربانییانی لێ بنرێت کارگەلێکی بێ ئاکام و سەرنەکەوتوو دەبن و، زۆربەی سەرچاوەکانی تایبەت بە قسەکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانی ئەنفال جەخت لە بەها و گرنگیی کاری ئەرشیفسازی دەکەن بۆ بەڵگەنامە و زانیارییەکانی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و ناساندن و زانیاری لە سەر ئەو کەیسە، نووسەران و توێژەران و چالاکان کە کار بۆ پرسی ئەنفال دەکەن، بەردەوام پێ لە سەر ئەوە دادەگرن (هەوڵ بدرێ بە وێنە و نەخشە و بەڵگەی نووسراوەوە لە بابەتی ئەنفال بکۆڵرێتەوە)[58] یان دەڵێن (پێویستە ناوەندێکی سەربەخۆ لە کەسانی شارەزا دابمەزرێت لە کورد و یاساناسانی ئەوروپی و ئەمەریکی، تاکوو خەریکی کۆکردنەوە و دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکان بێت لەگەڵ تۆمارکردنی شایەتیی ئەو کەسانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، تاکوو لائیحەیەکی تۆمەت خستنەپاڵی سەرانی ڕژێمی عێراق ئامادە بکات.)[59]

ئەوەی کە شوێنی ڕەخنەگرتنە لەم پرسی ئەرشیفسازییەدا ئەوەیە، کە ئەم کارە تەنها بخرێتە خزمەت یەک ئامانجەوە و تاکڕەهەندانە بەکار بهێنرێت، ئەوەی لە زۆربەی ئەم کاری ئەرشیفسازییەدا تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە تەنها لە پێناوی ئەوەدا هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ کە ڕژێمی بەعس ئەو تاوانەی ئەنجام داوە و چەندین گوند و شار و شارۆچکەی خاپوور کردووە و پتر لە سەدوهەشتاودووهەزار مرۆڤی کوردی ئەنفال کردووە، ئیشکردنی تاکڕەهەندانە بەم شێوەیە لە سەر تاوانی ئەنفال بە شێوەیەکی

---

[58]- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات و ئەنجام و ڕەهەندەکانی، ل٢٤٦.

[59]- پ. د. نووری تالەبانی، بۆ بەنێونەتەوەییکردنی کارەساتی ئەنفال، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٥٥)، ٢٠٠٢، ل١١٢.

ئاگاییانە بێت یان نائاگاییانە ئاراستەی غەدرکردن لە تاوانی ئەنفال و فەرامۆشکردنی قوربانییان و پەراوێزخستنی ڕزگاربوان و نەوەکانیان وەردەگرێت.

پرۆسەی ئەرشیفکردن و پارێزگاریکردن لە بەڵگەنامە و دۆکۆمێنتەکانی تایبەت بە تاوانی ئەنفال و کۆکردنەوە و هەڵگرتنی هەر زانیارییەک لە سەر لایەنێک لە لایەنەکانی ئەو تراژیدیایە گرنگیی خۆی هەیە، بەڵام وەک دەبینین کاری ئێمە لە سەر تاوانی ئەنفال تەنها ئەرشیف و کۆکردنەوە بێت، بەبێ قووڵبوونەوە و توێژینەوەی ورد و بەدواداچوون، کاری ئێمە تەنها پاراستن و سەریەکخستنی زانیاری بێت، بەبێ دەرخستنی لایەنە نادیار و شاراوەکانی، ئەوا دەبێت چاوەڕێی ئەوەیش بکەین کە ئەم پرۆسانە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە خزمەت بچووککردنەوەی تاوانی ئەنفال و ونکردنی چەندین تاوانبار لە پاڵ دەرخستنی تاوانباری سەرەکی و گەورە.

### ٣-٥/١ ژمارە:

بەشێکی بەرچاو لەو گفتوگۆ و توێژینەوانەی لە بارەی ئەنفالەوە دەکرێن، ئاوڕدانەوەن لە ئاماری قوربانییان و ژمارەی ئەنفالکراوان و ژمارەی ئەوانەی ڕزگاریان بووە، هەروەها ژمارەی دێهات و شار و شارۆچکە خاپوورکراوەکان بۆ زۆر لەو کارانە گرنگن، زۆر جار بابەتی ئەکادیمیبوون و زانستی و سەلماندن دەبنە هۆی ئەوەی توێژەر یان بە گشتی هەر کەسێک کە لە بارەی شتێکەوە دەدوێت، پەنا بۆ ئامار و ژمارە ببات، لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوە ساغی بکاتەوە، ئاشکرایە سەلماندنی ژمارە و ڕاگەیاندنی ئامارەکان بە وردی و ڕێکوپێکی شتێکی خراپ نییە و، یارمەتیی تێگەیشتن و ناساندنی بابەتی توێژینەوەکە دەدات، بەڵام جەختکردنەوەی زۆر و بە هەدەردانی بەشێکی زۆر لە توانای فیکری و لۆجستی لە سەلماندنی ژمارەکان و لەوێشەوە شەڕکردن و داکۆکیکردنی زۆر لە سەر ئەوەی بەرزترین ژمارە لە ژمارەکان بسەلمێنرێت، ئەمەیان لە چوارچێوەی ئەکادیمیبوون و خزمەتکردن بە دۆسیەکە دەردەچێت و شتێکی تر دەگەیەنێت، کە نەستی ئەوانەی بەم داکۆکیکردنە زۆرەوە خەریکن ئاشکرای دەکات.

هەمووومان دەزانین کە هۆکاری ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت زۆرترین ژمارەی ئەنفالکراوان لە توێژینەوەکانیاندا بسەلمێنن ئەوەیە، کە بڵێن تراژیدیاکە زۆر گەورە و دڕندانە بووە و لەوەیش زیاتر دەڕۆن و دەڵێن، بە هۆی گەورەییی قەبارەی تاوانەکەوە لە ڕووی چەندێتییەوە دەتوانرێت زووتر بە دونیا بناسێنرێت و وەک تاوانی ئەنجامدانی جینۆساید دانی پێدا بنرێت و سەیری بکرێت، هەرچەندە لەو پێناسەی بۆ جینۆساید کراوە و لە جیهاندا ناسراوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە لەبەر ئەوەی ئامانجی تاوانی جینۆساید لەناوبردنە، ئەوا ژمارەی قوربانییان و قەبارەی تاوانەکە لە ڕووی چەندایەتییەوە زۆر بە هەند وەرناگیررێت، چونکە تەنها بوونی نیەتی لەناوبردنی گشت

یان بەشێکی گروپێکی مرۆیی بەوە دێتە هەژمار کە تاوانی جینۆساید جێبەجێ کرابێت، بۆیە مەرج نییە هەر دەبێت تاوانەکە قوربانییەکی زۆری لێ بکەوێتەوە و ژمارەکەی گەورە بێت، لەبەر ئەوە ژمارەی قوربانییەکان چ زۆر بن و چ کەم، واتە هەر چەند بێت بەڵام نیەتی جینۆسایدی تێدا بێت، سەبارەت بە مەحکومکردنی تاوانەکەو سزادانی تاوانباران لە دادگای نێودەوڵەتی زۆر گرنگ نییە. وەک ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد شتێکی زۆر گرنگە تاوانی ئەنفال چۆن ڕووی داوە و وردەکارییەکەی چۆن بووە و بەو شێوەیە تۆمار بکرێت و باس بکرێت و کاری لە سەر بکرێت و بە دونیا بناسێنرێت، هەر لەوێیشەوە خزمەت بە کەیسەکە بکرێت، لەم پێناوەدا بێ گومان ئامار و ژمارەکان ئەگەر ڕاست و ورد و سەلمێنراو بن، هاوکار و پاڵپشتێکی زۆر دەبن بۆ ئەم ئامانجە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، چییە وا لەوانە یان لە زۆربەیان دەکات کە ئامار و ژمارەکان دەهێننە پێشەوە، حەز بکەن یان بیانەوێت زۆرترین ژمارەی قوربانییان بسەلمێنن، بۆچی ژمارەکان هەتا گەورەتر ببن پێیان وایە باشترە و کارێکی سوودبەخشیان کردووە، بێ گومان وەک گوتمان لای ئەوان هۆکار ئەوەیە کە قورسایی تاوانەکە نیشان بدەن، وایش دەزانن هەتا گەورەتر بێت زیاتر سەرنجڕاکێش دەبێت و دانی پێدا دەنرێت و هەستوسۆزی خەڵک و دونیا ڕادەکێشێت، بێ گومان ئەگەر ژمارەکانیش لە ئاستی خۆیان بچووکتر بکرێنەوە و ژمارەیەکی کەمتر لە ژمارە ڕاستییەکە ڕابگەیەنرێت و دانی پێدا بنرێت، ئەویش هەر ستەمە لە قوربانییان و سووککردنی تاوانی تاوانبارانیشە.

ژمارە و ئامار لە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ لە سەر تراژیدیا تا ئەو شوێنە گرنگە تاوان لە چۆنێتییەوە نەهێنێتەوە سەر ئاستی چەندایەتی، ئەوانەی تەنها بۆیان گرنگە تاوان لە ڕووی چەندایەتییەوە چ قەبارەیەکی هەبووە و ئاماری قوربانییان و ژمارەی ئەنفالکراوانی بە لاوە لە هەموو شت گرنگترە، لە ڕاستیدا ئەوانەی تراژیدیایان تەنها لە ڕووی چەندایەتییەوە بە لاوە گرنگە و تەنها ئەوە دەبینن ژمارەی قوربانییان چەندە و چەند شار و گوند وێران بووە و چەند خانوو خاپوور کراوە و چەندیان منداڵ و چەندیان ژن... هتد، بوون، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، نائاگاییان کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نائاگاییی دەسەڵاتە ستەمگەرەکان کە تەنها ژمارەکانی بۆ گرنگە، تەنها ڕووداوەکان لە ڕووی چەندێتییەوە دەخوێنێتەوە، چۆنێتییانی بۆ گرنگ نییە، کە شەڕ دەکات تەنها بە ژمارە بۆی گرنگە چەند کەس کوژراوە و چەند بریندارە و چەند بە دیل گیراوە، چەند شوێنی لە دەست داوە یان داگیری کردووە، تەنانەت لە پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانیشیدا بە ژمارە بۆی گرنگە چەند دۆست و چەند نەیاری هەیە، چەند هاوپەیمان و چەند ناکۆکی هەیە و لە پرۆژەی خزمەتگوزاریشدا هێندەی جەخت لە سەر ژمارەی پرۆژەکان دەکاتەوە، هێندە بە لایەوە گرنگ نییە لە ڕووی کوالیتییەوە چ پرۆژەیەکی کردووە، بە لای ئەوەوە سەد پرۆژەی شکستخواردوو یان لاوەکی و بێ کاریگەر لە دە پرۆژەی گرنگ و پێویست و سەرکەوتوو لە ڕووی چۆنێتییەوە گرنگترە.

بەهێزبوونی ژمارە و ئاماری قوربانییان لە نەستدا لە پێوەستبوون بە قورسایی و کاریگەریی تاوانەوە، ڕاستەوخۆ بە بێ ئەوەی درکیشی پێ بکەین چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت، بەڵێ ئێمە پێمان خۆشە ژمارەیان زۆرتر بێت، ژمارەکان گرنگن، چونکە بەرزبوونەوەی ژمارەکان دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشانی دونیا بە لای ئەو کارەساتەوە و شوێندانانی لە تێڕوانین و بڕیارەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی تایبەت بەو کەیسە، ئەمەیش لەگەڵ ئەوەی لۆژیکی نییە، بەڵام ئەگەر لۆژیکێکیشی تێدا بێت لەوێوە سەرچاوەی گرتووە بایەخێکی ئەوتۆ بە چۆنێتیی تاوانەکە نەدراوە و تەنها جەخت لە چەندێتی کراوەتەوە، هێندەی لە ژمارەی مردنەکان ڕادەمێنین هێندە لە مانای مردن ڕانامێنین چۆنێتی کوشتنەکان و ئەنجامدانی تاوانەکە بە لامانەوە سەرنجڕاکێش نییە، بۆیە لێرەوە بەهای مرۆڤایەتی لە مەعنەوییەوە دێتە سەر ژمارە و قەبارە لە ڕووی چەندایەتییەوە.

توێژەرێکی بواری ئەنفال نووسیویەتی (ئەنفالکردنەوەی "ئەنفال" بە داشکاندنی ژمارەی قوربانییانی.)[٦٠] واتە پێی وایە ئەوانەی ژمارەی قوربانییان کەم دەکەنەوە و ژمارەیەکی کەمتر لەوەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچی نێودەوڵەتی ڕای گەیاندوە، نەک هەر ستەمێکی گەورە دەکەن، بەڵکوو ئەوە ئەنفالکردنەوەی ئەنفالە. ئەمە ئەگەر بە ئەنقەست، یان لە نەزانینەوە ژمارەی قوربانییان کەم بکرێتەوە شایەنی بەرپەرچدانەوە و ڕاستکردنەوەیە، بێ گومان لە هەر کارێکی توێژینەوەدا چ لە سەر تراژیدیا بێت یان لە سەر هەر بابەتێکی تر ڕاگەیاندن و نیشاندانی ژمارە و ئاماری هەڵە زیان لە توێژینەوەکە دەدات، بەڵام جەختکردنەوە و بردنەوەی زۆرترین گرنگی و قورسایی بە لای ژمارە و ئامارەکان و تەنها بایەخ بە چەندایەتی بدرێت لە بریی چۆنایەتی، ئەو کات مانای مردن و ڕەهەندیی مەعەنەویی تاوان و چۆنێتیی ئەنجامدانی کوشتنەکان دەبن بە ژێرەوە و فەرامۆش دەکرێن.

## ١/٥-٤ شەرعیەت و دادگاییکردن:

هۆکارێکی بەهێز و دیار لە پشت کارکردن لە سەر ئەنفال و بەکارهێنانی ئەم چەمکە و ئەم پرسە لە زۆر نووسین و کاری میدیایی و چالاکیی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هەوڵدان و پەرۆشی بووە بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەت و شەرعیەت بۆ دامەزراندنی دادگا بۆ تاوانباران، ئەم مەبەستەیش بە قورسی لە دوای زۆربەی کارکردنەکانەوە بۆ پرسی ئەنفال ئامادەیە و ئامادە بووە.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە پرسی ئەنفال و داکۆکیکردن لە سەری لە زۆر ڕەهەندەوە ڕەوا و پێویست و تەنانەت ئەرکیشە، ئەرکی مرۆڤایەتییە بە تەنگ کەمکردنەوەی

---

[٦٠] كازیوە سالْح، ئەنفالكردنەوەی "ئەنفال" بە داشكاندنی ژمارەی قوربانییانی، بڕوانە ئەم لینكە:
http://www. emrro. com/enfalkirdinewey. htm

کاریگەرییە خراپەکانییەوە بێت، بەدەنگهاتن لە سەر مافەکانی ڕزگاربوانی ئەنفال سیمایەکی مرۆڤدۆستی وەردەگرێت، کەس گومانی لەوە نییە کە کەسوکاری ئەنفالکراوان حەقیان بە سەر تاوانباران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکوومەت و هەر لایەنێکی بەرپرس لە ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، هەیە، تاقانەکانی ئەنفال هەر چۆنێک باسی ڕووداوەکە بکەن و هەر داواکارییەکیان هەبێت دەتوانن سۆزی ئەوانەی گوێیان لێ دەگرن بە لای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەنفال بەو پێیەی ڕووداوەکانی تراژیدین و سیفەتی تراژیدیایان هەیە، بۆیە لە ڕووی هەستوسۆزی مرۆڤانە و ویژدانییەوە دەتوانێت ئەوانە بخەنە ژێر کاریگەرییەوە کە چیرۆکەکانی دەبیستن، ئەم سیفەتی ڕەوایەتیی پرسی ئەنفال و پاکێتیی قوربانییان و کەسوکار و نەوەکانیان و لەسەرحەقبوونی ڕزگاربوانی ئەنفال و تاقانەکان و ئەوانەی لە ژێر کاریگەریی خراپی ئەو تراژیدیایەدا دەژین، ڕاستەوخۆ و بە ئاسانی دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوانەی ئەو کەیسە هەڵدەگرن و کاری لە سەر دەکەن، ئەوانەی باسی ئەنفال دەکەن و داکۆکیی لەو پرسە دەکەن و داوای مافی قوربانییان دەکەن، خۆبەخۆبەشێکی لە سیفەتی ڕەوایەتیی پرسەکە بۆ خۆیان دەگوێزرێتەوە، ئەوانەی لە سەر ئەنفال دەنووسن و چالاکیی مەدەنی و میدیایی ئەنجام دەدەن و تێکەڵ بە کاری سیاسی و مەعریفی و ڕێکخراوەییی خۆیانی دەکەن، لەگەڵ ئەوەی نیەتیان باش بێت یان خراپ، خەمخۆری پرسەکە بن یان بەرژەوەندیی تایبەت، بەشوێن شەرعیەتێکیشەوە دەبن و یان شەرعیەتێک پێیانەوە دەلکێت ئەویش شەرعیەتە پەسەندکراو و نکوڵی لێ نەکراوەکانی پرسەکەیە، ئەوانە لەم ڕێگەیەوە و بەم هۆیەوە خۆیشیان دەکەنە خاوەنی هەموو سیفەتێکی ڕەوایەتی و پاکێتی و لەسەرحەقێتیی خۆیان، هەموو خەسڵەتێکی باش بە خۆیانەوە دەلکێنن، ئەمەیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی خراپ لە سەر پرسەکە بە جێ دەهێڵێت، چونکە ئەوەی قسە دەکات کەسوکاری ئەنفالکراوان خۆیان نین، بەڵکوو خەڵک و گروپ و لایەن و کەسانێکن بە ناوی ئەوانە دەدوێن و خۆیان دەکەن بە نوێنەری ئەوان، شایەتحاڵ و ڕزگاربوان و تاقانەکانی ئەنفال نادوێن، ئەگەر بیشدوێن لە ڕێگەی ئەو کەناڵ و لایەن و گروپ و کەسانەوە دەنگیان دەبیسترێت کە پرسەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن، یان بە هەڵە بەکاری دەهێنن، بۆیە هەرگیز دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان کە هەموو پەیامێکی تراژیدیای هەڵگرتبێت ناگات، دەنگێک بە هەموو ماناکانی گێڕانەوەی ئەنفالەوە.

ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد، دروستبوونی شەرعیەتێکە کە بەکارهێنەرانی پرسی ئەنفال خۆیان بانگەشەی بۆ ناکەن و یان لە ڕاستیدا هەندێکیان هەر بۆ ئەو مەبەستەیش کار ناکەن، بەڵام هەندێک لە بەکارهێنەرانی پرسی ئەنفال بە ئاشکرا و یان وەک ستراتیژ کار بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتێکی تر دەکەن، خەڵکی تریش هان دەدەن کە هەوڵ بدەن بازنەی بەدەستهێنانی ئەم شەرعیەتە فراوان بکەن، ئەویش ئەوەیە کە پرسی ئەنفال وەک تاوانێکی گەورەی جینۆساید بۆ جیهانی بسەلێمنن و لە دادگاکانی دادی

نێودەوڵەتی داوای مافی قوربانییان و بەسزاگەیاندنی تاوانباران بکەن. سەرچاوەیەک باس لەوە دەکات (هەر وڵاتێک چ بەشدار بێت لە ڕێکەوتننامەی جیهانیدا بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید یان بەشدار نەبێت، لە سەریەتی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات کە لە بەربەندکردن و سزادانی تاوانی جینۆسایددا دێتە ئاراوە.)[٦١] هەروەها لە چەندان بەیاننامە و ڕاگەیەنراوی لایەنی حکوومی و حیزبی و ڕێکخراوەییدا کە بە زۆری لە ڕۆژی یادی ئەنفالدا دەیانبینین و دەیانبیستین، ئەم پەیامە و داواکارییەیان بەرز دەکرێنەوە، لە برگەیەکی بەیاننامەیەکیشدا هاتووە (پێکهێنانی دادگایەکی نێودەوڵەتیی تاوانبارانی جەنگ تاکوو سەرانی عێراق لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی دژ بە گەلانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەنجامیان داوە دادگایی بکرێن.)[٦٢]

کارکردن لە سەر پرسی ئەنفال کە ستراتیژی گەورەی تەنها بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە بۆ بەدادگاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال بێت لە کۆمەڵێک ڕووەوە جێگەی سەرنج و ڕەخنەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێک ڕوونی دەکەینەوە:

أ- جەختکردنەوەی زۆر لە سەر بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە بۆ بە دادگاگەیاندنی تاوانبارانی شاڵاوی ئەنفال کە زیاتر مەبەستیان فەرمانڕەوایانی سەردەمی ڕژێمی بەعس و دارودەستەکەیەتی، ئەو ئاراستەیە وەردەگرێت، کە تەنها بکەرانی ڕاستەوخۆی ئەم تراژیدیایەکە ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتداری ئەو کاتەی عێراق بوو، تاوانبارن و هەر ئەوانیش پێویستە سزا بدرێن، ئەم دیدەیش ئەو زەمینەیە نابینێت کە ئەنفالی تێدا ڕووی دا و هەروەها ئەو تاوانبارە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییانەیش نادۆزێتەوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پشت ڕوودانی شاڵاوی ئەنفالەوە بوون.

ب- بەدەستهێنانی ئەم جۆرە شەرعیەتە ئەو کاتە کارێکی خراپ نییە کە نەبەسترێتەوە بە سیاسەتی هەرێمی و حیزبیی کوردییەوە، چونکە ئەم سیاسەتە بەردەوام لە گۆڕان و سازش و پەیوەندیی جۆراوجۆردایە لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا و هەر کاتێکیش بەدەستهێنانی ئەم شەرعیەتە لەگەڵ سیاسەتیدا نەبوو، ئەم ستراتیژە دەکوژێتەوە و کاری بۆ ناکرێت.

پ- هەوڵدانی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی جۆراوجۆر ئەوە دەگەیەنێت، کە هێشتا کەیسی ئەنفال کە لە تراژیدیا و تاوانێکی گەورە دروست بووە، کەیسێکی بەهێز نییە و هێشتا دەبێت توانایەکی زۆر بەکار بهێنرێت بۆ سزادانی تاوانباران، واتە هێشتا لە قۆناغێکی سەرەتاییی کەیسەکەداین کە بزانین کێ تاوانبارە و هەوڵی سزادانی بدەین، بۆیە لە بەشێکی زۆر لە سەرچاوەکانی تایبەت بە کارکردن و توێژینەوە لە سەر

---

[٦١]- د. مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەولەتاندا، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی مێدیا ئەمستەردام- هۆڵەندا، ، ١٩٩٧، ل١٧٢.

[٦٢]- مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخاڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٨٢.

شالاوی ئەنفال داوا دەکرێت، (بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی ئەنفال لە بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا، پێویستە کارەساتی ئەنفال بخرێتە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتییەوە.)[٦٣]

## ٥-٥/١ دوژمن و تاوانبار:

بێ گومان هەمیشە کە تاوان ئەنجام درا، تاوانباریش ئامادەیە، یان کەسێک یان کەسانێک، لایەنێک، گروپ، یان چەند لایەن و گروپێک هەن ئەو تاوانەیان ئەنجام دابێت، ئەنفالیش بەو پێیەی تاوانێکی گەورە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەمیشە بە باسکردن و کارکردن لە سەر کەیسەکە و خزمەتکردن بە کەسوکار و ڕزگاربوان و نەوەکانی ئەنفال یەکسەر پێویست دەکات باسی ئەوەیش بکرێت، کێ تاوانبارە، ئەو دوژمنە کێیە و بۆچی ئەو کارە دڕندانەیەی ئەنجام دا، بەردەوام لە کارکردن لە سەر ئەنفال بە شوێن ئەوەوە دەبین دوژمنەکان دەست نیشان بکەین، ئەوە دووبارە بکەینەوەکە تاوانباران کێ بوون، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکەین و چی بکەین بۆ سزادانیان.

لە زۆربەی ئەو کارانەی تایبەت بوون بە یادی ئەنفال و قسەکردن و توێژینەوە لە سەری و لەو گوتارانەی لە سەر ئەنفال بەرهەم دەهێنرێن و لەو بەیاننامانەی لە یاد و بۆنەکانی تایبەت بە ئەنفال دەردەکرێن، باس هەر باسی ئەوەیە کە دوژمن کێیە و چی کردووە و چ تاوانێکی ئەنجام داوە، بە زمانی خۆیان و بە پێی توانای گوزارشتی خۆیان باس لە ئاستی دڕندەیی دوژمن و تاوانەکانی دەکەن، سەرچاوەیەک لەوانە کە خاوەنەکەی خۆی لە ناو ڕووداوەکانیشدا ژیاوە، وەختێ بیرەوەرییەکانی خۆی لەمەڕ شالاوی ئەنفال دەگێڕێتەوە دەنووسێت (دوژمنێکمان هەیە لە دونیادا نموونەی نییە بۆ دڕندایەتی و، دۆستێکمان هەیە، لە دونیادا نموونەی نییە بۆ بێوەفایی.)[٦٤] پرۆسەی باسکردنی تاوانی دوژمن هەمیشە بەردەوامە و درێژ دەبێتەوە، ئەمە لەگەڵ پێویستی ئەم باسە و لەگەڵ ئەوەی ناتوانین خۆمان بدزینەوە لەم بابەتە، بەڵام ئەم باسە کە بەو شێوەیە بە یەک ئاراستەدا کار دەکات و تەنها یەک دوژمن دەبینێت و تەنها یەک تاوانبار دەست نیشان دەکات و داوای سزادانی هەر ئەویش دەکات، دەبێت بزانین و گومانمان نەبێت لەوەی کە ئەو کارە، ئاکامی تری جیاواز لەوەی چاوەڕێی دەکەین دەخاتەوە، نیەتێکی وەها، شتێکی تری جیاواز لە ستراتیژی ڕاگەیەنراو دەبێتە ستراتیژ و بەشێنەیی بەرهەمی دەهێنێت، یان بە ڕوونی واتە:

أ- ئەم جۆرە جەختکردنەوە زۆرە لە سەر ئەوەی هەمیشە یەک دوژمن لە باس و توێژینەوە و وتاری یادەکان و سیاسەتی حیزبییەکاندا ئامادە بێت، هەر ئەو بە تاوانبار بزانرێت و هیچ هۆکارێکی تر نەبینرێت یان بە لاوەکی و ناسەرەکی و کەمبایەخ

---

[٦٣]- هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەنفال لە نێوان دڕندەیی دوژمنەکانمان و بێوەفایی دۆستەکانماندا، گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٥)، ٢٠٠٠، ل٦٢.

[٦٤]- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل١٥٠.

ببینرێت، وا دەکات پێناسێکی سادە و تێگەیشتنێکی ڕووکەشمان بۆ دوژمن ببێت و ئەم تێگەیشتنەیش زیاتر لە نەناسینەوە نزیک ببێت و تەنها سیفەتی دوژمن لە دڵڕەقی و دڕندەییدا کورت بکەینەوە و بڵێین ئەوەی ڕوویداوە دەرەنجامی دیکتاتۆریی دوژمنەکان بووە و هیچ هۆکار و زەمینەیەکی تر نەبینین.

ب- ئەوانەی بەردەوام لە یادی تراژیدیای ئەنفال و لە سیاسەتی خۆیاندا بەرامبەر بەو کەیسە، بەم جۆرە کار دەکەن و هەمیشە ئەو پەیامە پەخش دەکەن و هەمیشە ئەم چەشنە تێگەیشتنانەمان بۆ بەرهەم دەهێنن و ڕوودانی تراژیدیای ئەنفال تەنها بە دوا پلەی دڕندەیی ڕژێمی بەعس و جێبەجێکردنی پلان و مەرامەکانی دژ بە کورد دەزانن و گلەیی شەرمنانەیش لە هەڵوێست و کاردانەوەکانی ئەو لایەن و دەوڵەتانەی بە تێگەیشتنی خۆیان دۆستن، دەکەن. جاروباریش هەڵوێست و کاردانەوەی بە ناو دۆستەکانیان بە هۆکارێکی تر، ئەگەرچی لاوازیش بێت لە هۆکارەکانی تراژیدیاکە دەزانن. دەبێت ئەوەمان لا ڕوون بێت زۆر دووبارەکردنەوەی بەدڕندە لەقەڵەمدان و تاوانبارکردنی ڕژێمی بەعس، تەنها بەیانکردنی ڕاستییەکی سادە نییە کە بۆ هەمووان ڕوون و بەڵگەنەویستە. بەردەوام دووبارەکردنەوەی ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرانە، لە پرۆسەیەکی ئاسایی دەردەچێت و ئەرکێکی تر وەردەگرێت و ئاکامی تری لێ دەکەوێتەوە، کە لە سادەترینیاندا ئەوەیە چڕکردنەوەی بینین تەنها لە سەر یەک دوژمن بۆ ونکردن و نەبینینی دوژمنەکانی ترە، بۆ ئەوەیە ئەوانەی پریسکی تاوانبارییان بەردەکەوێت، خۆیان بپارێزن و خۆیان بە بێ گوناهـ و تەنانەت بە قوربانی نیشان بدەن.

پ- ئەوانەی تەنها یەک جۆر دوژمن دەبینن و یەک سیفەتی کە خۆی لە دڕەندەیی و دڵڕەقیدا دەبینێتەوە زەق دەکەنەوە، تێگەیشتنێکی سادەیان هەیە بۆ چەمکی دوژمن، تێنەگەیشتنیش لەم چەمکە هەمیشە شکست و هەڵە و هەنگاوی کوێرانەی لێ دەکەوێتەوە، لە زۆربەی ئەو وتارانەی کە بەم جۆرە لە دوژمن دەڕوانن، پێناسێکی قووڵ و ئاشکرا بۆ چەمکی ئەنفال نادۆزینەوە، ئەوەمان پێ ناڵێن هەر یەک لە چەمکەکانی دۆست و دوژمن چین، دووروونزیک خۆیان نادەن لەو باسەی دوژمن چۆن دەبێتە یان بووەتە دوژمن و ئێمە لە دیدگای ئەوەوە چۆن دەبینرێین و چۆن سەیری ئەویش بکەین؟ چۆن ڕووبەڕووی ببینەوە، ئێمە بەردەوام بڵێین دوژمن دڕندەیە، چ ڕاستی و زانیارییەکی نوێمان بۆ ئاشکرا دەکات؟ بێ گومان بۆ دۆستیش هەر وا؟ بە هەمان شێوە دۆست کێیە و پرەنسیپەکانی دۆستایەتی چین؟

ت- ئەو دۆخەی ئەم جۆرە نیگاکردنەوە بۆ دوژمن و بۆ تاوانبار دروستی دەکات، لە پانتایی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دۆخێکی ناتەندروست و دژ بە تێگەیشتنە لە دۆخی تراژیدیا، ئەویش بەوەی هەستی لێپرسراوێتی و شەرمەزاریتی لە ئاست کارەساتی ئەنفال لە گیانی هەموو تاکێکدا دەکوژێت و هەمووان دەخاتە ئەو دیو هێڵە گوناهبارەکان ئەویش بەوەی بەردەوام جەخت لە یەک دوژمن دەکرێتەوە.

ج- ئەم جۆرە سادە و ڕووکەشییە لە دەستنیشانکردنی دوژمندا، زمانی ڕۆژانە و زمانی ڕەسمی لە یەک نزیک دەکاتەوە، وتارێکی سادەی ساڵڕۆژەکان و توێژینەوەیەکی ئەکادیمی وەک یەک لێ دەکات، ئەوەی بیەوێت بە شێوەیەکی زانستی سەیری تراژیدیاکە بکات لەگەڵ ئەوەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی لە سەر بەرهەم دەهێنێت، هەر یەک بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێت، ئەمەیش ڕاستەوخۆ زیانی لە کەیسەکە داوە، هەم لەوەی نەتوانرا بە دونیا بناسێنرێت و وەک تاوانی جینۆساید دانی پێدا بنرێت، هەم دۆخی ژیانی ناهەمواری ڕزگاربوان و کەسوکاری ئەنفالکراوانی بە ناهەمواری هێشتووەتەوە.

### ٦-٥/١ مۆنۆمێنت:

کارێک کە زیاتر لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار پێی هەستاوە و، لە ڕێیەوە گرنگیی بە مێژووی ناوخۆیی و ڕابردووی تاڵی میللەتی کورد داوە، ئەویش دروستکردنی مۆنۆمێنت بووە. مۆنۆمێنت باڵەخانەیەکی جیاوازە لە باڵەخانەی ئاسایی و هەر شتێک تایبەت بێت بەو تراژیدیایەی بۆی دروست دەکرێت، تێیدا هەڵدەگیررێت، ئەم شوێنە وەک مۆزەخانەیەکی نیشتمانی سەیری دەکرێت و دەکرێتە شوێنی نماییشی کەرەستە و شوێنەوار و بەڵگەنامەکانی تراژیدیاکە. لە هەرێمی کوردستان دوو مۆنۆمێنتمان بۆ دوو تراژیدیا هەیە کە زۆر دیارن و شوێنێکی فەرمین بەردەوام سەردانیکەری لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دێت و بە تایبەت لە بۆنە و یادەکانی ئەو کارەساتانەدا بە شێوەیەکی زۆر قەرەباڵغ دەبن، ئەوانیش مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیە لە پارێزگای هەڵەبجە و مۆنۆمێنتی ئەنفالە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ.

وەک گوتمان لایەنی بەرپرس و دەسەڵاتدار مۆنۆمێنت بۆ تراژیدیاکان دروست دەکات، ئەم کارەیش تەنها بەو ئاراستەیەدا کار ناکات کە بۆ مۆنۆمێنت دەستنیشانمان کرد، چونکە لە دۆخێکی وادا وا دەکات زۆربەی کارەکان بە شیاوی لەگەڵ تراژیدیاکاندا نایەنەوە و دۆخێکی تەندروست بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تراژیدیا لە ئارادا نییە، بۆیە مۆنۆمێنتیش ئەرکێکی نهێنی و دژ بە ئامانجی خۆی پێ دەدرێت:

أ- دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایان لە ڕێگەی دروستکردنی مۆنۆمێنتەوە دەتوانن خۆیان بکەن بە خاوەنی تراژیدیاکە و قوربانییان و بە نماییشکردن و کردنی پاشماوەی قوربانییان و هێماکانیان بە پێشانگا، سۆزی خەڵکی بیانی و میوانان ڕابکێشن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریان بهێنن.

ب- مۆنۆمێنت بۆ قوربانییانی زیندوو و کەسوکاریان و نەوەکانیان دەبێتە درێژکردنەوەی ئازاری تراژیدیا و هەمیشە زیندووکردنەوە و کۆتایی پێ نەهێنانی، ئەویش بەوەی هەموو کاتێک ئەو پاشماوانەی لە دوای کارەساتەکە بە جێ ماون، هەمیشە دەخاتە بەر چاو، ئەو چیرۆکانەی ڕوودادوە تاڵەکان دەگێڕێتەوە و بە

بەردەوامی دەیخاتە بەر گوێ و هەر هێمایەک ئەو مێژووە بیگێڕێتەوە لە بەر چاو لا ناچێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە قوربانییانی زیندوو دەبێت بۆ هەمیشە بە دەم ئازاری ئەو تراژیدیایەوە بتلێنەوە و هەرگیز زامەکانیان سارێژ نەبێت.

پ- مۆنۆمێنت بە هۆی ئەوەی دەبێتە پێشانگایەک بۆ نمایشی چیرۆکی تراژیدیاکە و لە ناوخۆ و دەرەوە خەڵک تەنها سەردانی ئەم شوێنە دەکات بۆ تێگەیشتن لەو ڕووداوە ترسناکە و بینینی ئازارەکانی ئەو کارە دڕندانەیە، ئەمەیش وا دەکات ژیانی واقیعی قوربانییانی زیندووی ئەو تراژیدیایە و کەسوکار و نەوەکانیان لە بەر چاو لا بچێت و نەبینرێت، واقیعی ژیانی ناهەمواری ئەوان دەکرێت بە ژێر خۆڵی فەرامۆشییەوە، کە یەکێک لە هۆکارەکان ئەگەرچی حەقیقییش نەبێت، دروستکردنی مۆنۆمێنتە، چونکە لێرەدا مۆنۆمێنت بووەتە دیوارێک بۆ نەبینینی ژیانی ڕاستەقینەی قوربانییانی زیندووی ئەو تراژیدیایە. ئەو کەسەی ڕوو لەو ناوچانەی ڕووداوەکان دەکات، تەنها بە بینینی مۆنۆمێنت هەستی چەشتنی ئازاری خۆی تێر دەکات.

## ١/٥-٧ سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ سازکردن:

سازدانی سیمینار وبەستنی کۆنفرانس و ئەنجامدانی فێستیڤاڵ لەو کار و چالاکییە دیارانەن کە تایبەت بە پرسی ئەنفال ئەنجام دەدرێن، هەندێکیان بە هەوڵی شەخسی و هەندێکیشیان لە لایەن ڕێکخراو و ناوەندی ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەوە بە ڕێوە دەچن.

سازدانی سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ لە بارەی ئەنفالەوە ئەگەر لە پشتییەوە ئەم پاڵنەرانە نەوەستابێت، ئەوا کارێکی پێویستە و بردنە پێشی ئەم کەیسە بە بێ ئەم جۆرە چالاکییە فیکری و مەعریفییە ئەستەمە، بەڵام لە زۆرینەی ئەم جۆرە ئەکتانەدا ئەم پاڵنەرانە دەبینین:

أ- وەک چالاکییەکی مرۆڤدۆستی سەیر دەکرێت، نەک مەعریفی، ئەوانەی بەشداریی تێدا دەکەن، ویژدانی خۆیان ئاسوودە دەکەن و پێیان وایە قەرزێکی ئەخلاقییان لە سەر بووە و ئەرکێکی مرۆڤایەتییان ئەنجام داوە، نەک چالاکییەک دەرەنجامی فیکریی لێ بکەوێتەوە.

ب- زۆر جار بەستنی سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵ وەک چالاکییەک بۆ خاوەنەکانی گەڕاوەتەوە و بووەتە ئیمتیازێک بۆیان و ئەکتیڤیی خۆیانیان پێ سەلماندوە و خشتەی کار و چالاکییەکانیان پێ ڕازاوە و دەوڵەمەند کردووە، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدەن ئەو سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵانە لە ڕووی مەعریفییەوە چی بەرهەم دەهێنێت و چ خزمەتێک بە کەیسی ئەنفال دەکات.

بۆیە کە پاڵنەری ئەو جۆرە چالاکییانە ئەمانە بێت، دەرەنجامەکانی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیان لێ دێت:

أ- هەموو ئەو ڕاسپاردە و پێشنیار و دەرەنجامانەی لەو جۆرە چالاکییانەدا لە دایک دەبن، لە هەمان کات و شوێندا دەمرن، واتە هەر بەمردوویی لە دایک دەبن و ناگۆڕێن بۆ دۆخی پراکتیک و بە دواداچوونیان بۆ ناکرێت.

ب- لە بەر ئەوەی پاڵپشت و هاندەری ئەم جۆرە چالاکییانە کەسانی ناپسپۆڕ و نائەکادیمین و لە ئەرکی خۆیان بە باشی تێ نەگەیشتوون و تەنها وەک چالاکییەک بۆ خۆدەرخستن و بەرژەوەندیی تایبەت و حیزبی و ڕێکخراوەیی ئەنجامی دەدەن، زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم نێوەندانەدا پێشکەش دەکرێن و بە هەمان زمانی سیاسی و نائەکادیمی و نازانستی و تێکەڵ بە لایەنی هەڵچوون و سۆزی شیعری دەخرێنە ڕوو.

پ- کەشی نمایشیی ئەو جۆرە چالاکییانە و ئەتەکیەت و مەراسیمی کەرنەڤاڵی و دیمەنی بەر کامێراکانی ڕاگەیاندن و بەشداریکردن و میوانداریکردنی کەسانێک تێیاندا، کە هیچ بایەخێکی بۆ ئەو کەیسە نییە و هیچ ئاگای لەو تراژیدیایە نەبووە و بۆیشی گرنگ نەبووە، دۆخێکی لەو جۆرە چالاکییانەدا دروست کردووە، کە بەتەواوی بە کەسوکاری ئەنفالکراوان نامۆ بێت و هەست نەکەن لەو شوێنانەدا پرسی ئەوان بووەتە بابەتی بەرهەمهێنانی فیکر و چالاکیی ڕۆشنبیری.

ت- ڕیزکردنی ژمارەیەکی زۆر ڕاسپاردە و پێشنیار و داواکاری لەو سیمینار و کۆنفرانس و فێستیڤاڵانەدا، جۆرێکە لە خۆدزینەوە لە چالاکیی ڕاستەقینە و گرنگ. ئەوانەی بەردەوام داوا دەکەن، دەیانەوێ خۆیان هیچ نەکەن، خستنەڕووی پێشنیار بۆ کەسانێکی دەرەوەی ئەو چالاکییانە و بۆ دەسەڵاتداران ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو چالاکییە هیچ فیکرێکی بەرهەم نەهێناوە تا بخرێتە سەر باری واقیع و بکرێت بە پراکتیک، بۆیە هەر تەنها ڕاسپاردە دەنێرن، بێ ئەوەی زۆر جار ئەم ڕاسپاردە و داواکارییانە بگاتە شوێنی مەبەست. [٦٥]

### ٨-٥/١ پرۆگرامی خوێندن:

کارێکی تر کە لە سەر ئەنفال کراوە و بەردەوام لایەنی بەرپرس شانازیی پێوە دەکات ئەوەیە، کە بەشێک لە مێژووی ئەنفالی لە چوارچێوەی نامیلکەیەکی بچووک خستووەتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە و خوێندکاری کورد لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خوێندندا یان لە چەند قۆناغێکدا دەیخوێنێت، ئەم کارە لە کاتێکدا بە کارێکی زانستی و پەسەند دادەنرێت کە لانی کەمی ئەم سێ ئامادەکارییە یان تایبەتمەندییەی هەبێت:

---

[٦٥]- لەم لینکەی سایتی (جینۆسایدکورد-genocidekurd) کۆمەڵێک بەیاننامەی جیاجیا دانراون، کە زۆربەیان هیی لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و کەسایەتی و لایەنی ترن، لە ڕۆژی یادکردنەوەی ئەنفال و تراژیدیاکانی تر، یان بۆ هۆی بۆنە یان دوای چالاکییەکەوە دەرکراون و دەیان پێشنیار و ڕاسپاردە و داواکارییان تێدا ڕیز کراون و وەک بەیاننامەی کۆتاییی پێشکەش بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان کردووە:
http://genocidekurd. com/ku/bashy/bashy-baiannama

أ- بەو پێیەی کە پرۆگرامی خوێندن کۆڵەکەیەکی سەرەکیی پەروەردە و خوێندنە، پێویستە سەرەتا ئەم کۆڵەکەیە خۆی پتەو و بەهێز بێت، واتە پرۆسەی خوێندن خۆی لە دۆخێکی تەندروستدا بێت، لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندندا هەم بە ڕاستی پەروەردەیەکی دروست و سەردەمییانەی ساغ پێشکەش بکرێت، هەم مەعریفە و فیکر و زانست بەرهەم بهێنرێت، واتە خوێندن وەک تەوەرێکی سەرەکیی ئەم پرۆسەیە ڕۆڵی هەبێت لەم پەروەردە و فێرکردنەدا، بەڵام ئەوەی ئێستا دەیبینین دۆخی پەروەردە و خوێندن لە چەقبەستوویی و قەیراندایە، بابەتی ئەنفال لە پرۆگرامی خوێندندا هەبێت و نەبێت هەر هەست بە دواکەوتوویی ئەم کایە گرنگەی ژیانی کورد لە هەرێمی کوردستان دەکەین، پرۆگرامی خوێندن لە ئێستادا بووەتە جێگەی بێزاری هەموو جۆرە خوێندکارێک و مامۆستایش لەم پرۆگرمە ڕازی نییە، بۆ هەر توێژەرێک ڕوونە کە سیمای زانستی و سەردەمی بەو جۆرە پرۆگرامانەوە نابینرێت، بۆیە هێنانی مێژووی ئەنفال بۆ ناو ئەو پرۆگرامە هیچ خزمەت بە پرسی ئەنفال ناکات، ئەم مێژووەیش بۆ خوێندکار هەر دەبێتە بابەتێکی بێزارکەر و لەبەرکردنی بۆ تاقیکردنەوە و هێنانی نمرە و دواتر لەبیرچوونەوەی.

ب- کردنی مێژووی ئەنفال لە دۆخێکی قەیراناوی پرۆسەی خوێندندا، بۆ داپۆشینی ئەو ستەم و نادادییانەیە کە بەرامبەر پرسی ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێت، ئەم نائامادەییەی فیکر و ئەو دەستەوەستانییەی لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە تراژیدیایەکی گەورەی وەک ئەنفال بە ئامادەکردنی چەند لاپەڕەیەکی کرچوکاڵ لە مێژووی ئەنفال دادەپۆشرێت، کە دەیخەنە پرۆگرامی خوێندنەوە.

پ- لەکاتێکدا مێژووی ئەنفال خۆی بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی نەنووسراوەتەوە و کاری لە سەر نەکراوە، بەڵام بەشێکی ئەم مێژووە دەگوێزرێتەوە بۆ پرۆگرامی خوێندن، ئەم بابەتەی پرۆگرامی خوێندن دوو هێندەی بابەتەکانی تر دەبن بە کێشە و بێزاری بۆ ناوەندی خوێندن و لە سەرچاوەکانی فیکر و مەعریفە دوور دەکەوێتەوە.

### ۹-۵/۱ ئەکادیمیا:

لە ناو ناوەندە ئەکادیمییەکان و لە زانکۆ و پەیمانگاکانیش بابەتی ئەنفال بە شێوەی جیاجیا دەبینرێت و کاری لە سەر دەکرێت، یان دەکرێتە کارنامەی دەرچوون یان توێژینەوە و ڕاپۆرتی ڕۆژانەی لە سەر ئامادە دەکرێت، ئەمەیش لە کۆلێژ و بەشە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و پەروەردە و یاسادا تێبینی دەکرێت، لە ڕووی دەروونی و ئابووری و جیۆگرافی و یاسا و سیاسەتی نێودەوڵەتی و مێژوویی و... هتد توێژینەوەی جۆراوجۆری لە سەر بەرهەم دەهێنرێت، کە وەک گوتمان بەشێکی زۆریان باسی دەرچوونن، بەڵام لە سادەترین تێڕوانیندا دەزانین ئەگەر دۆخی زانکۆ و

پەیمانگاکان خۆیان بە جۆرێک بن، دوور بن لە بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفە خۆیان دەرگیری دەیان کێشەی زانستی بن و خوێندن تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە بێت و پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار ناتەندروست بێت، ئەی دەبێت لە کارنامەی دەرچوون و توێژینەوە داواکراو و نمرە بۆ تەرخانکراوەکانی خوێندکار چ شتێک بەرهەم بێت و چ فیکرێک گەشە بکات. دۆخی ناوەندە ئەکادیمییەکان بەو شێوەیە نییە تا بتوانێت ئەنفال بکاتە چەمکێکی مەعریفی و بیکاتە کەرەستەیەک بۆ بیرکردنەوە و لەوێوە خزمەت بە پرسەکە بکات ئەویش لە بەر چەند هۆیەک:

أ- کارنامەی دەرچوون لە ئێستادا لە زانکۆ و پەیمانگاکان بووەتە شتێکی ڕۆتینی و پەردەیەکە دراوە بە سەر بەتاڵیی ئەو ساڵانەی خوێندکار بەڕێی کردووە و هیچ شتێکی ئەوتۆیش فێر نەبووە، ئەمە جەگە لەوە باسێکی سنووردارە، تێکەڵەیەکیشە لە کۆپیکردن و وەرگرتن و مۆنتاژ و زۆر بەدەگمەن کاری گەڕان و دۆزینەوە و داهێنانی تێدا بە دی دەکرێت، هەرچەند ناوی توێژینەوەیشی لێ نراوە.

ب- کارنامەی دەرچوون پشت بە سەرچاوە دەبەستێت، کە ئەوەیش کارێکی دروست و ئاساییە، بەڵام ئەم پشتبەستنە بە سەرچاوەکان بۆ سوودوەرگرتن لە مەعریفەی ناو ئەو سەرچاوانە نییە، بەڵکوو تەنها وەک مادەیەکی بێ گیان چەند دێڕێک لەمیان و چەند دێڕێک لەویان وەردەگرێت و بە خراپی دەدرێنە پاڵ یەک.

پ- زانکۆ و پەیمانگاکان بەو پێیەی ناوەندێکی ئەکادیمین، بۆیە پێیان وایە هەر بە سروشتی خۆیان شوناسی زانستێتییان بۆ بڕواتەوە و هیچ نکوڵی و ئینکارییان لێ ناکرێت، ئەم لەخۆڕابینینەیش لە خۆیان نامۆ دەکات و هەمیشە ئەوەی بەرهەمی دەهێنن لە لایان دەبێتە دوا حەقیقەت.

ت- کاتێک توێژینەوە لە سەر ئەنفال مانادار دەبێت، کە لانی کەم توێژەر ئاستی ڕووناکبیریی بەرز و تێگەیشتنی بۆ ماف و دادوەریی کراوە بێت و لە پێناو سەرخستنی ڕاستیدا تێ بکۆشێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان و زانکۆ و پەیمانگاکان پێشکەشی دەکەن. دابەزینی ئاستی ڕووناکبیریی تاک و شکستی تێگەیشتن لە واتای ماف و کەوتنی بەهای ڕاستی دەسەلمێنن.

ج- ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان لەبەر ئەوەی، ئەوەی بەرهەمی دەهێنن سروشتێکی عەقڵانییان نییە و زیاتر کۆپی و دووبارەکردنەوە و بەرهەمی نافیکرین، بۆیە توانای گۆڕین و چاکسازییان نییە لە کۆمەڵگا و تەنانەت لە بیرکردنەوەی خۆیشیاندا و کاتێکیش کارنامەی دەرچوون یان توێژینەوە لە سەر ئەنفال دەکەن، ناتوانن خزمەت بە پرسەکە بکەن، ببنە هۆی گەڕاندنەوەی کەمترین ماف بۆ قوربانییان و چاککردنی دۆخی ژیانی کەسوکار و نەوەی ئەنفالکراوان.

چ- ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆریان لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە پشتگیری دەکرێن و هەر ئەم دەسەڵاتەیش بە هۆی ئەو گەندەڵییەی لە سیستمی حوکمدا هەیە بە شێکی زۆر لە پلە و پۆستەکانی ناوەندی

ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکانی دیاری کردووە، بۆیە ئەمانە بە هیچ جۆرێک ناتوانن لەو بێدادییانەی دەسەڵاتی سیاسی دەرهەق بە ئەنفال و کەسوکاری ئەنفالکراوان پێڕەویی دەکات بێنە دەنگ و لانی کەم لە باسی دەرچوون و توێژینەوەکانیاندا بە شێوەیەکی کاریگەر باسی بکەن.

ح- لەبەر ئەوەی ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکان هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە کۆمەڵگە و گۆڕینی بەهاکان و کاریگەرییان لە سەر پەیوەندییە نادروستەکانی تاک و توانای پیشخستنی خێزان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تریان نییە، بۆیە کاتێک باسی دەرچوون و توێژینەوەیش لە سەر ئەنفال دەکەن توانای هیچ پێشخستنێکیان لە ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراواندا نابێت.

خ- ناوەندی ئەکادیمی و زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی جیهان و پەیوەندیی بە زانکۆکانی دونیاوە بە تایبەت زانکۆکانی ئەوروپا و ئەمریکا و ناوچەکە، شتێکی ئەوتۆیان دیار نییە و ئەم پەیوەندییانە زۆر لە نەبوونەوە نزیکە تا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە سەر بناغەی گۆڕینەوەی مەعریفە و ئەگەر پەیوەندیی هەبێت زۆر سادەن و کەمن، بۆیە ئەو توێژینەوانەی لە سەر ئەنفال بەرهەمیان دەهێنن، ناتوانن بە جیهانی دەرەوەی بدەن.

## پاری شەشەم: ئەنفال و چەند بۆچوونێکی هەڵە:

تراژیدیای ئەنفال، لەبەر چەندین هۆکار کە هەموویان زیاتر لە دەوری گەورەیی قەبارەی ڕووداوەکە و زۆریی ژمارەی قوربانییان و جۆری دڕندایەتی و تاوانەکەی دەسووڕێنەوە، بە شێوەیەکی زۆر فراوان و لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و یاسایی و... هتد بووەتە بابەتی قسەکردن و گفتوگۆ و کەرەستەی بەرنامە و ڕاپۆرت و هەواڵی میدیاکان و بۆ شاعیر و نووسەران شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتار و لێکۆڵینەوە و بابەتی تری ئەدەبی لێ دروست کراوە، سەرەنجام تێ دەگەیین کە ئەنفال وەک چەمکێک کە تەعبیر لە ڕووداوێکی تراژیدیی مێژووی کورد بکات لە پانتاییەکی بەریندا بەکار دەهێنرێت، ئەمەیش وا دەکات بەکارهێنەرانی ئەم چەمکە کەسانی جۆراوجۆر بن، خاوەنی فیکر و ئایدیای جیاجیا بن، ئاستی هۆشیارییان وەک یەک نەبێت، بۆیە لەم نێوەدا ئەو بۆچوونانەی سەردەردەهێنن مەرج نییە هەموویان ڕاست بن، یان خزمەت بە کەیسی ئەنفال و قوربانییان بکەن، هەموو ئەوانەی ئەم چەمکە بەکار دەهێنن مەرج نییە ئاستی هۆشیاری و نیەتی بەکارهێنان و ئەو ئامانجەی بۆی هەوڵ دەدەن تەندروست بێت و ئاکامێکی پۆزەتیڤی بۆ کەیسەکە لێ بکەوێتەوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە هەندێ جار بۆچوونی تەواو ناهیومانستی و دژ بە قوربانییان و پرسەکەیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەبێتە بار بە سەر دۆزەکەوە و نیگەرانی و ئازار و مەینەتیی زیاتریش بۆ کەسوکاری قوربانییان و نەوەکانیان و هەموو مرۆڤدۆستێک

دەهێنێت و هێندەی تر خەم و تراژیدیاکە قووڵتر دەکاتەوە، ئەم بۆچوونانەیش بە دڵنیاییەوە زۆرن و لێرەدا ئاماژە بە چەند دانەیەکیان دەدەین و باسیان لێوە دەکەین:

## ١-٦/١ ئەنفال و شانازیکردن:

زۆر جار لە کاتی باسکردنی ڕووداوی ئەنفالدا و کاتێک باس لە ئازار و مەینەتیی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکرێت، هەستی شانازیکردن لای ئەوانە دروست دەبێت کە باسی ئەنفال یان کار بۆ ئەنفال و کەیسەکەی و قوربانییان و کەسوکاریان دەکەن، ئیتر یان شانازی بەوەوە دەکەن کاریان بۆ ئەنفال کردووە و ویژدانی خۆیان ئاسوودە کردووە و خۆیان لە قەرزێکی مرۆڤایەتی پاک کردووەتەوە و ئەرکێکی ئەخلاقییان بە جێ گەیاندوە، یان شانازی بە قوربانییان و ژمارەیانەوە دەکەن و دەیکەنە بابەتی ڕەوایەتی بۆ سیاسەت و بەرنامە و ئەجێندای کارکردنی خۆیان، لەوانەیش مەترسیدارتر دەیکەنە بابەتی شانازییەکی کوێرانە بە ناوچە و ناوچەگەرێتییەوە، بۆ نموونە کاتێک لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت بۆچی شاڵاوی ئەنفال لە ناوچەکانی سنووری گەرمیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ڕووی دا وەک لە ناوچەکانی تر، یەکسەر بە لای ئەو بۆچوونەدا دەچن، کە وا خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر شۆڕشگێڕ و ئازا و قارەمان بوون، بۆیە ڕژێمی بەعس بەو شێوە توند و بەزەبرە پرۆسەی ئەنفالی لەو ناوچانە جێبەجێ کرد، یان دەڵێن ئەو ناوچانە نزیک بوون لە ناوچەکانی سەنتەری دەسەڵاتی بەعس. لە سەرچاوەیەکدا هاتووە (ناوچەکانی گەرمیان بەگشتی و ئەو ناوچانەی بەر ئەنفال کەوتن بەتایبەتی، لەوەتەی خەباتی سیاسی و چەکداری لە کوردستاندا سەری هەڵداوە بە یەکەوە لانکەی خەبات و شۆڕشگێری بوون.)[٦٦] یەکێکی تر کاتێک بیرەوەرییەکانی خۆی لە ناو ڕووداوی ئەنفال دەگێڕێتەوە، ئەم بۆچوونە دەردەبڕێت (پرۆسەی تەعریب و تەبعیس و تەهجیر نەیتوانی گەرمیان لێک هەڵبوەشێنێتەوە، گەرمیان قەڵایەکی بەرگری بوو لە بەردەم دوژمندا.)[٦٧] سەرچاوەیەکی تر باس لەوە دەکات (هێزەکانی عێراق لە گەرمیان زۆر بەداخبوون، خەڵکی گەرمیان دەورێکی گەورەیان هەبوو لە دەستپێکردنەوەی شۆڕشدا. کەم جێگەی کوردستانی عێراق هەبوو خوێنی پێشمەرگەی گەرمیانی تێدا نەڕژابێت.)[٦٨] ئەگەر ئەم بۆچوونانە دەگمەن و تاکوتەرا دەربکەون و ببیسترێن و لە بیرکردنەوەی کۆ و لە ڕووبەرێکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەهێز نەکرێن، ئەوا ئاساییە هەبن و کەسانێک وا بیر بکەنەوە، ئەگەر تەنها کورتبین بن یان تەنها لە دیدگای خۆمانەوە بەهەڵەیان بزانین، دەشێ وەک جۆرێک لێکدانەوە و

---

[٦٦] جاسم محەمەد محەمەدعەلی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٨.

[٦٧] عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بلاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٤.

[٦٨] نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا، ل١٥٢.

بۆچوونی تایبەت سەیریان بکەین و ئاسایی بن، بەڵام ئەم بۆچوونانە تەنها هەڵە نین و بەس، بەڵکوو مەترسییان لەوەدایە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خزمەت بە ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی بەعس بکەن، لە کاتێکیشدا خاوەنی ئەم بۆچوونانە هەست بەوە نەکەن و بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەو دەرەنجامانە نەبن، کە بە کورتی لەم خاڵانەدا باسیان دەکەین:

أ- لە کاتێکدا ئەنفال وا پێناسە دەکرێت کە سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد بوو لە کوردستانی عێراق و لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە پێی نەخشە و چەند قۆناغێک جێبەجێ کرا، ئەوا لێکدانەوەی هەڵبژاردنی ناوچەی گەرمیان لە لایەن بەعسەوە بە نزیکی و هاوسنووری لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاستی عێراق، زیانێکی گەورە لەو شوناسەی ئەنفال دەدا. ئەگەر بە هۆی ئەم نزیکییەیشەوە پێمان وا بێت ڕژێمی دەسەڵاتداری بەعس خەڵکی ئەم ناوچانەی بە مەترسی دەزانی بۆ سەر خۆی و دەسەڵاتەکەی، ئەمەیش هەر هەڵەیە و بەرەو بۆچوونێکی هەڵەتر پاڵمان پێوە دەنێت، کە پێمان وا بێت، ڕژێمی بەعس ڕق و ترسی لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە هەبوو، چونکە هەموو ئازا و قارەمان و کۆڵنەدەر بوون، ئەمەیش وای کرد ئەنفال بەو سەختییە لەوێ ڕوو بدات.

ڕەنگە ئەم بۆچوونە هیچ زیادەڕەوییی تێدا نەبێت کە (ئەنفال لە شکۆمەندترین ساتەکانی بەعسدا ڕوو دەدات، کە بەعس دەست دەداتە ئەنفال، لە دۆخێکی لاواز و شپرزەدا نییە، پایەکانی حوکم لە هەر کات سەقامگیرتر و جێگیرترن، بەعس لەوپەڕی هێز و دەسەڵات و هەیبەتیایەتی.... ئەم مردنەی قوربانییان، مردنی پاڵەوانەکان نییە، بەڵکوو مردنی ئەو پیاوانەیە کە ڕووبەڕوو سەیری مردن دەکەن و ناتوانن هیچ بڵێن... بەعس پەراوێزترین و فەرامۆشکراوترین خەڵکی کوردستان ئەنفال دەکات... ئەنفال تەنها شکستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی نییە، بەڵکوو سەرەتای سەوزبوونی گومانێکی قووڵە دەرهەق بەو وێنە کلاسیکییەی کوردی جەنگاوەر و کوردی قارەمان.)[٦٩] لەم ڕوانگەیەوە ئەوەی پێی وابێت ڕوودانی ئەنفال و بەو شێوەیە و لەو کات و شوێنەدا و لێکدانەوەی بە جۆرێک لە توندوتیژی دژ بەو خەڵکەی کە جێگەی مەترسین بۆی، لێکدانەوەیەکی ڕاست و لە جێی خۆیدا نییە، چونکە ڕژێمی بەعس ئەو کەسانە ئەنفال دەکات کە بە هۆی سیاسەتی خۆی و شێواویی سیاسەتی بزووتنەوەی کوردی و ئەخلاقی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی کوردی، شوێنگەیەکی پەراوێزی و ژیانێکی فەرامۆشکراویان هەبووە، ئەوەی دەڵێت ئازایەتی و قارەمانی و تێکۆشەریی ئەوان بوونە هۆی ئەوەی ئەنفال بکرێن ڕاست و ورد نییە، چونکە بابەتەکە لێرەدا پەیوەندیی بە ئازایەتی و ترسنۆکی و دلێری و بەزیوییەوە نییە، هەروەها دەکرێت ڕاستیش بێت دانیشتووانی ئەو ناوچانە خەڵکانێکی ئازا و کۆڵنەدەر و چاونەترس بن،

---

[٦٩] بەختیار عەلی، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشی، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٧)، ١٩٩٧، ل١٦٣.

بەڵام چ ئەم سیفەتانە و چ پێچەوانەکانیان مەرجی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال نین لەو ناوچانە، ڕوودانی ئەنفال پەیوەندیی بە دۆخی پەراوێزیی ژیانیانەوە هەیە نەک ئازایەتییان، پەیوەندیی بە دابڕاویی ژیانی خەڵکی شار و لادێوە هەیە نەک چاونەترس و ترسنۆکییەوە.

ب- لێکدانەوەی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال لەو ناوچانە بە نزیکییان لە سەنتەری دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، ئەوەی لە پشتەوەیە، گوایە ڕژێمی بەعس لە ناوچە دوورەکانی سەنتەری دەسەڵاتییەوە ئەو هێز و توانایەی نەبووە، واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەم جارە خەڵکی ناوچە دوورەکان بە ئازا و نەبەرد دادەنێت بێ ئەوەی باسی بکات و هەستی شانازی بەوە دەردەبڕێت، کە ڕژێمی بەعس لەو ناوچانە دەسەڵاتی نەبووە، واتە ئەوان بەهێزتر بوون لە ڕژێمی بەعس، کە ئەمەیش جۆرێکە لە پارادۆکس، لە لایەک دەڵێت ئەو ناوچانەی ئەنفال تێیاندا ڕووی دا، بە هۆی قارەمانیی خەڵکی ناوچەکە بووە، ئەو ناوچانەی کە ئەنفالیشی تێدا ڕووی نەداوە بە هۆی بێ دەسەڵاتیی ڕژێمی بەعسەوە بووە، واتە دیسان بە هۆی قارەمانیی خەڵکی ئەو ناوچانە بووە، ئەمەیش خۆی بەڵگەیە لە سەر بێ بناغەیی بۆچوونەکە، هەر چەند بۆچوونێکی زۆریش بەر بڵاوە.

پ- ئەوانەی شانازی بەوە دەکەن کە خزمەت بە کەیسی ئەنفال دەکەن، کۆمەک و هاوکاریی ئەنفالکراوانیان کردووە و باس و توێژینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجام داوە، یان کردوویانەتە کەرەستەی مێدیایی یان لە نووسین و بابەتی ئەدەبیدا بەکاریان هێناوە، لە ڕاستیدا ئەم جۆرە شانازیکردنە هەستێکی مشەخۆرییە لە سەر کارەسات و تراژیدیا ئەویش بەوەی هەمیشە لە نەستیاندا ئەو شتە بەهێزە کە حەز و ئارەزوویانە بۆ ڕووداوی لەو جۆرە بۆ ئەوەی بەردەوام بابەتی دروستکردنی هەستی شانازیکردن لایان ئامادە بێت.

ت- ئەوانەی شانازی بەوە دەکەن کە بە ئەنجامدانی کار و چالاکی و دروستکردنی بەرهەمی مێدیایی و ئەدەبی لە سەر ئەنفال قەرزی ویژدانی و مرۆڤایەتیی خۆیان دەدەنەوە و هەر دەبێت بە کارێک ئەم ئەرکە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە، لە ڕاستیدا ئەم زۆر لەخۆکردنە زۆر جار زەبری گەورەی لە تراژیدیاکە داوە، ئەویش بەوەی بە زمانی زۆر سادە و ئاست نزم و بەرهەمی ئەدەبی کرچوکاڵ گوزارشتیان لە ئەنفال کردووە و لە بەر دیدی خەڵکی تر ئەم تراژیدیایەیان شێواندوە یان سادە و ئاسایی کردووەتەوە.

ج- ئەوانەی شانازیی بە چالاکیی مەدەنییەوە دەکەن بۆ ئەنفال و بەردەوام لە یادەکان و لە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە دەنگ بەرز دەکەنەوە وەک ڕاگەیاندنی چالاکیی مەدەنی بۆ کەیسی ئەنفال و شانازییشی پێوە دەکەن و باسی دەکەن، دەیانەوێت بونیادێکی ڕەوشتی بەم تراژیدیایە بدەن، هەرچۆنێک بێت لە چالاکیی سیاسی دووری بخەنەوە، ئەمەیش جارێکی تر دەیکەنە چالاکییەک بۆ خۆیان و ئامادەبوونی خۆیانی پێ دەسەلمێنن، بوونی خۆیان وەک گروپ و ڕێکخراو لە

ناچالاکێتی دەپارێزن، ئەمانە لە ڕاستیدا نایانەوێت فریای قوربانییان بکەون، بەڵکوو دەیانەوێت بە هۆی ئەو کەیسەوە فریای خۆیان بکەون و خۆیان لە توانەوە و ونبوون ڕزگار بکەن.

چ- کاری چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکان بۆ ئەنفال وەک یەکێک لە کارە شانازییەبەخشەکانی خۆیان لە لیستی کارەکانیان، کارێکی نمایشییە و زۆرتر کەیسەکە دەکەنە کاڵا و لە ویژدان و هەست و خەیاڵی خەڵکیدا ئاسایی دەکەنەوە، چونکە لە چالاکییەکی سیاسییەوە دەیکەنە چالاکییەکی ئەخلاقی و نمایشی دەکەن، دەیانەوێت لە کردەیەکی عەقڵییەوە بەرەو سۆز و عەتف و چالاکیی نەرم و هەستبزوێن بیبەن.

## ٦/١-٢ ژیانی شارستانی:

چ بە هۆی سیاسەتی سیستمە فەرمانڕەواکان بێت، یان بە هۆی ئاستی هۆشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگاوە، لە کۆمەڵگای کوردیدا بە جۆرێکی جیاواز سەیری ژیانی شارنشینان و لادێنشینان کراوە، هەمیشە خەڵکی شارنشین بە چاوێکی نزمترەوە لە خەڵکی لادێنشین و شێوازی ژیانیانی ڕوانیوە، زۆر جار بە تایبەت ئەو سەردەمەی ئەنفال تێیدا ڕووی دا، شارنشین بە خوێندەوار و تێگەیشتوو و هۆشیار و لادێنشین بە نەخوێندەوار و تێ نەگەیشتوو و ناهۆشیار سەیر کراوە، زۆر جار لادێنشین خۆیشی ئەم هەستەی بەرامبەر بە خۆی هەبووە و لە دڵدا ئەو هەستە بەهێز بووە کە خەڵکی شار مرۆڤی پاک و بێگەردن و لادێنشین پیس و خۆڵاوین، ئەو بۆچوونە هەڵەیەی بەرامبەر ئەنفال لەم ژینگە ناتەندروست و نامرۆڤانەیە سەر دەر دەهێنێت، ئەوەیە لە لایەک خەڵکانێک هەن پێیان وایە بە تێکدانی ژیان و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێمی بەعسەوە، ئەو ژیانە کۆتایی پێ هات کە لە دیدێکی ڕەگەزپەرست و نامرۆڤانەوە نزم و ناشیرین و دواکەوتوو بوو، لە لایەکی تریش خەڵکانێکی تر لە دانیشتووانی شارەکان پێیان وایە بە خاپوورکردنی گوندەکان و هاتنی لادێنشینەکان بۆ ناو شارەکان دۆخی ژیانی ئەوانی تێکداوە و سیمای شارستانیەتی شارەکانی شێواندوە و بێزاری و وەڕزیی بۆ ئەمان دروست دەکەن، ئەم دوو بۆچوونە ئەگەر چی نەگەیشتوونەتە سنووری بۆچوونی ڕەسمی و نەگەیشتوونەتە چوارچێوەی نووسین و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخش نەبوون، بەڵام لە سنووری کۆمەڵایەتی و لە ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانین بە کزییش بێت بیبیستین، ئەم بابەتەیش بۆ قسەکردن و خستە بەر باس گرنگە چونکە، کەسوکاری ئەنفال زۆرتر پەیوەندییان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگا هەیە، تا بۆچوونە ڕەسمییەکانی ناو کتێب و گۆڤارەکان، زۆرتر لەگەڵ خەڵکدا ڕووبەڕوون تا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆیە ئەم جۆرە بۆچوونانە با نەگەن بە شێوازێکی ڕەسمی و لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنەوە، نەیانبیستین، بەڵام هەر کاریگەریی خراپی خۆیان هەیە.

بۆچوونەکانیش وەک گوتمان بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەن، بۆچوونی ڕەگەزپەرستانەیش زوو دەتوانێت شوێنەواری خراپ لە جەستەی ئەوانەدا دروست بکات کە بەرەو ڕوویان دەکرێتەوە، چونکە ڕەگەزپەرستی واتە ڕاسیسم (تیۆرییەکی دژی زانستی و کۆنەپەرستانەیە، کە لە ناو ڕەگەزە جۆربەجۆرەکاندا لە ڕووی ژمارە و دەسەڵاتی فیکرییەوە نابەرابەرییان دەوێت، گوایە سروشت لە سەرەتاوە ئەم ڕەگەزانەی نایەکسان، واتە یەکێک بەرز و یەکێک نزمی دروست کردووە.)[٧٠] ئەم بۆچوونانە کە بەو چاوەوە سەیری ژیانی لادێنشینان و شارنشینان دەکات، جگە لەوەی هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، هاوکات سەرەڕای ئازاری تراژیدیا، کەشی نایەکسانی و نادادپەروەری دروست دەکات و هەستی بچووکی و نزمی لای بەشێکی زۆری مرۆڤەکان دەچێنێت، چونکە:

أ- هەندێ جار ئەگەر بەگاڵتەیشەوە ئەم جۆرە بۆچوونانە سەردەربهێنن، تایبەتمەندییەکی گاڵتە ئەوەیە بۆ چرکەساتێکیش بێت، ئەوەی لە عەقڵ و بیرکردنەوەدا گرنگ و بەڕاستی بیری لێ دەکرێتەوە و باوەڕی پێ دەهێنرێت، لە ڕێگەی پێکەنین و کەشی گاڵتەئامێزەوە دەردەبڕرێت و خۆی ئاشکرا دەکات، واتە گاڵتە بەشێکی زۆری حەقیقەتی هەڵگرتووە، ڕاسیسمیش زۆر جار لە کەشێکی گاڵتەئامێزانەدا خۆی دەناسێنێت.

ب- دەرخستن و بەهێزی بۆچوونی ڕاسیستانە لە ناو کۆمەڵگادا ئەوە دەسەلمێنێت، بە کردەوە و بە ئاشکرا دیارە، ژیانی ئەوانەی لادێکانیان خاپوور بووە و هاتوونەتە شار و ئەوانەی لە تراژیدیای ئەنفال ڕزگاریان بووە و ئەوانەیش بە هەر جۆرێک بێت قوربانیی شاڵاوی ئەنفال یان نەوەی ئەنفالکراوانن، زۆری جیاوازە لە ژیانی ئەوانەی شاڵاوی ئەنفال نەیگرتوونەتەوە و لەو شوێنانەوە نەهاتوون کە ئەنفال کراون، واتە هێشتا نایەکسانی بە واقیعی لە ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکانی تر بە دی دەکرێت.

## ٣-٦/١ کەمبوونەوەی دانیشتووان:

دیدێکی نامرۆڤانە زۆر جار بە شێوەیەکی نارەسمیش یان لە چوارچێوەی نوکتە و گاڵتەیشدا لە دوای کارەساتە گەورەکان و جەنگ و کوشتارە بە ژمارە زۆرەکان خۆی دەردەبڕێت، کە ئەویش ئەوەی ئەگەر جەنگ نەهاتایە و ئەو ژمارە زۆرەی مرۆڤی

[٧٠] بورهان قانع، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٥٥.

سەرزەمینی ڕاپێچی مەرگ نەکردایە، ئێستا مرۆڤ لەم سەرزەمینە جێگەی نەدەبووەوە، ئەگەر ئەو خەڵکە بمانایە، ئێستا نان و شوێنی ژیان بۆ هەمووان نەدەبوو، یان لانی کەم ئێستا ژیان زۆر قورستر دەبوو. بێ گومان ئەم بۆچوونانە لە سەر ئاستی نارەسمی و لای بەشێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە ئاستی هۆشیارییان بۆ جەنگ و ژیان و جۆری گوزەران و ئاستی دانیشتووان لە پلەیەکی نزم یان نزیک سفردایە، بەرامبەر تاوانی ئەنفال دەخرێتە بەر گوێ، ئەگەرچی بە شێوازێکی زۆر شەرمنانەیش بێت، بەو پێیەی شاڵاوی ئەنفال مەرگی بە سەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کوردستان سەپاند، ئەم ژمارەیەیش لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی تەسک و بچووکی هەندێ پێوەست دەکرێت بەوەی ئەگەر بمانایە لەکوێ و چۆن بژیانایە و چییان بخواردایە، لەمەیشەوە بیرکردنەوەی کوێر و ناعەقڵانییان بەرەو ئەوەی دەبردن، شوێنی ژیان و بژێوی و خۆشگوزەرانییان دەکەوێتە مەترسییەوە.

ئەم دیدە بێجگە لە ڕووە نامرۆڤایەتییەکەی و لەگەڵ ئەوەی دیدێکی نارەوشتییە، هاوکات دیدێکی تەواو ناعەقڵانییشە و ئەوانەی بەم جۆرە بیرکردنەوە هیچیش لە بارەی ڕێژەی دانیشتووان و جۆری ژیان و گوزەران نازانن تەنانەت بێ ئاگاییشن لەوەی زانستێک هەبێت بە ناوی جیۆگرافیا کە لە نێوان ژینگە و مرۆڤدا پەیوەندیی دروست دەکات و هەوڵی جیهانێکی باشتر بۆ مرۆڤ دەدات و لەم پێناوەدا ئەم زانستە کۆمەک لە تیۆرە فیکری و فەلسەفییەکان وەردەگرێت.

ئەم زانستەیش بە هۆی دۆخی ناهەمواری ژیانی مرۆڤ، نادادپەروەری و نایەکسان و زوڵم و چەوساندنەوە و داگیرکردنی وڵاتان و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە زۆر ناوچەی جیهان، لە زانستێکی بێ لایەن و ئەزموونگەراییەوە بووە بە زانستێکی ڕادیکاڵ دژ بەو ستەم و نادادیانە. (ئێستا جیۆگرافیا ئەوەی نیشان داوە کە لە ئاست ئەو ڕووداوانەی جیهان تەماشاکەر نابێت و نییە، بەڵکوو لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکان وەک زانستێکی زیندوو و پێشکەوتوو، کار و سیاسەتەکانی زانکۆکان دادەڕێژێت.)[71] هەوڵی سەرخستنی نایەکسانیی نێوان نەتەوەکانی جیهان و گەشەکردنی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەدات، ئەم هەوڵ و چالاکییانەیش لە سەر شار و پلاندانان و ڕێژەی دانیشتووان کاریگەریی هەبووە، پلاندانانی شاریش دڵنیایی بۆ مرۆڤ دابین دەکات و هەوڵی پاراستنی دەدات. (بابەتی پلاندانانی شار شارێکی باش و پەسەندە، بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستیی مادی و مەعنەویی دانیشتووانەکەی دابین بکات.)[72] لەم

---

[71]- الیسون بلانت و جین ویلز، دگراندیشی در فلسفه جغرافیا، ترجمه: حسین حاتمی نژاد، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٥ه، ص١٤.

[72]- جواد مهدیزاده، در جستجوی شهرهای انسانی تر، فصلنامه جستارهای شهرسازی، سال هفتم، شماره٢٤ – ٢٥، ١٣٨٧ه، ص٦.

پلانانەیشەوە دەتوانێت ڕووبەڕووی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان ببێتەوە و بەرنامەڕێژیی بکات بۆ گەیشتن بە جۆرێک لە قەبارەی دانیشتووان کە لە ئاست ئەو پێداویستییە مادی و مەعنەوییانەدا بێت کە ئەو شوێنە هەیەتی یان دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت، وەک چۆن ئێستا چەند وڵاتێکی جیهان وەک چین و هەندێ لە وڵاتانی باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا پلانیان هەیە بۆ کەمبوونەوەی گەورەیی قەبارەی دانیشتووانیان، ئەوەیش لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی برسێتی و بێ کاری و... هتد. ئەم قەبارە پەسەندەی دانیشتووانیش (بریتییە لە هاوسەنگیی نێوان ژمارەی دانیشتووان و ئاستی بژێویی و زۆری و کەمیی بێکاریی و سوودوەرگرتنی زیاتر لە دەرامەتی سروشتی و پێکهاتەی هاوسەنگیی دیموگرافی.)[٧٣] ئەم کورتە باسەیش لە زانستی جیۆگرافیا و قەبارەی پەسەندی دانیشتووان و بژێوی و دەرامەتی سروشتی بەم شێوەیە بۆ باسەکەی ئێمە لە سەر ئەو بۆچوونە هەڵەیە بوو کە پێی وایە کەمبوونەوەی ڕێژەی دانیشتووان بە هۆی جەنگ و جینۆساید و تراژیدیاکانەوە ژیانێکی مسۆگەرتر و خۆشتر بۆ زیندووان دابین دەکات، هەڵەی ئەم بۆچوونە لەوە دایە:

أ- ڕێژەی دانیشتووان بە شێوەیەکی سروشتی و مێژوویی بە سەر سنووری جیۆگرافیادا دابەش بووە، کەموزۆریی هەر پارچەیەک لەو دانیشتووانە ڕێژەیەک ئیتر بەشی بکات یان نا، دەرامەتی سروشتی لەو زەوییەی خۆی بەرهەم دەهێنێت، یان لە ڕێگەی دەستی کارەوە پێداویستییەکانی خۆی دابین دەکات.

ب- لادان و هەڵئاوسان یان کەمبوونەوەی قەبارەی پەسەندی دانیشتووان کە بتوانرێت لە پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکان سوودمەند بێت، بە پلانی زانستی دەکرێت نەک بە جەنگ و جینۆساید، کە ئەو کات پانتاییەکی بەرفراوان لە زەوی لە مرۆڤ خاڵی دەکرێتەوە وەک زەوییە قەدەغەکراوەکانی سەردەمی شاڵاوی ئەنفال، ڕێژەی دانیشتووانیش لە شارەکاندا کە توانای بەکارهێنانی دەستی کاریشیان کەمترە، بەرز دەبێتەوە.

پ- بەرزی و نزمی ڕێژەی دانیشتووان بە ڕێژەی بەرهەمهێنانی دەرامەتی سروشتی و بەدەستهێنانی پێداویستییەکان دەپێورێت نەک ژمارەیەک لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی کەسێکدا کە زۆر بوو ئیتر بکرێتە پێوەری ڕێژەی دانیشتووان.

ت- جەنگ و جینۆساید ڕێژەی دانیشتووان کەم ناکەنەوە، ڕێژەی پەسەندی دانیشتووان کوشتنی بە ژمارە زۆر نییە لە سەر زەوی، بەڵکوو ڕێژەی دانیشتووان بە دابەشبوونیەتی لە سەر زەوی، جەنگ و جینۆساید ڕێژەی دانیشتووان ناهاوسەنگ

[٧٣]- فتحي محمد اوعيانه، جغرافية السكان، ط٥، دار النهظة العربية للطباع و النشر، بيروت- لبنان، ٢٠٠٠، ص٣٩٥.

دەکەن، لە شوێنێک زۆر و لە شوێنێک کەم، شوێنێک قەرەباڵغ و شوێنێک خاڵی لە مرۆڤ.

### ٤-٦/١ ئەنفال و ناونان:

شاڵاوی ئەنفال هەر لە ناونانی پرۆسەکەوە بە ئەنفال تا هەموو پێشکەوتنەکان لە کەیسەکەدا ڕووبەڕووی کێشەی ناونان و بۆچوونی دژ و ناکۆک بووەتەوە، هەر لەوەی یەکێک دەڵێت ئەنفال و یەکێک دەڵێت بە ناو ئەنفال و تا ناونانی قوربانییەکان و ڕزگاربوان و وەرگێڕانی جیاجیای چەمکی جینۆساید بۆ کوردی.

ناونان جۆرێک لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ دەردەخات بۆ بابەتی ناولێنراو، دوا بەدوای ئەمەیش پرۆسەیەکی گرنگ و ترسناک دەکەوێتە کار، کە بریتییە لە بیرکردنەوەی کوێرانە وتێگەیشتنی خێرا و یەک دیو بۆ ئەو ناولێنانە.

ئەوانەی لە پرۆسەی ئەنفال ڕزگاریان بوو و نەمردن، ناویان لێ نان پاشماوەکانی ئەنفال، دواتر لە ڕووی دەروونییەوە ڕەخنە لەم ناولێنانە گیرا و هەندێ بە هیچ جۆرێ بەکاری ناهێنن، زۆر کەس پرۆسەی ئەنفال بە کارەساتی ئەنفال ناو دەهێنێت، هەندێ ڕەخنە لەمە دەگرن و دەڵێن کارەسات ڕەهەندێکی سروشتیی وەردەگرێت و ڕەهەندی تاوانکاریی تێدا نییە، وەک دەگوترێت کارەساتی لافاو یان بوومەلەرزە… هتد، بۆیە بە گونجاو نازانرێت تاوانی ئەنفال بە کارەسات دابنرێت، بۆ وشەی جینۆسایدیش چەندین چەمک داتاشراوە وەک (گەلکوژی، کۆمەڵکوژی، کۆکوژی، ڕەشەکوژی) کە هەر یەک لە ڕوانگەی خۆیەوە دانەیەکیان پەسەند دەکات یان ڕەتی دەکاتەوە، هەیشە لە ڕووی ئایینی تەفسیری خۆی بۆ وشەی ئەنفال دەخاتە ڕوو، هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدا نیین ئەم تراژیدیایە بە ئەنفال ناو بنرێت، هەروەها گفتوگۆ و هەوڵەکان بۆ ناونانی ڕۆژی ١٤ ی ٤ ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی ئەنفال ماوەیەکی زۆریان خایاند.

ناونان پرۆسەیەکە بۆ قووڵبوونەوەی شوناس و ئەم پرۆسەیەش بۆ تاوانی ئەنفال و خویندنەوەی مێژووەکەی هێندە زەحمەت و پڕ کێشە بێت، کۆمەڵێک دەرەنجامی خراپی دەبێت:

أ- درێژبوونەوەی کێشەی ناونان و ساغ نەبوونەوە و نەبوونی کۆدەنگیی تەواو لە سەر بەکارهێنانی چەمکەکان ئەوە دەگەیەنێت، هێشتا پرۆسەی شوناس لە ئاست ئەم تراژیدیایەدا سەر ڕێچکەی خۆی نەکەوتووە.

ب- کە بە تەواوی لە سەر پرۆسەی ناونان ساغ نەبووبێتینەوە، واتە هێشتا لە ناسینی سەرەتاییدا ین و نەگەیشتووین بە جیاکردنەوەی ئەو تاوانە لە مانا و چەمکەکانی تری تاوان، کە نەیشگەیشتبین بەو جیاکارییە واتە تا ئێستا پرۆسەی کارکردنی ڕاستەقینە لەگەڵیدا دەستی پێ نەکردووە.

پ- تەفسیرکردنی پێشوەخت و هێنانەوەی لێکدانەوە و شیکردنەوە کۆنەکان بۆ ئەو چەمکانە ئەوە دەگەیەنێت، هێشتا ئێمە دیدگایەکی جیاواز و فراوانمان بۆ ئەو چەمک و وشانە نییە و گەورەیی تراژیدیاکە و ئەو چەمکانەمان لەبریی گەورەکردن، لە بەر دیدەدا بچووک دەکاتەوە.

ت- ساغ نەکردنەوەی ناولێنانەکان لە کارکردنماندا لەگەڵ تراژیدیای ئەنفال ئەوە دەگەیەنێت ئێمە هێشتا بە واقیعی ئەم تراژیدیایەمان بە مێژوو نەسپاردوە و هەتا ئێستا بەتەواوی پێی خۆی لە نێو مێژوو جێگیر نەکردووە، واتە هێشتا لە ئاستی قسە و زارەکیدایە و ئەوەی تۆمار کراوە، جێی خۆی نەگرتووە، بۆیە وەک ڕووداویش هەمیشە زەمینەی ڕوودانەوە و نوێکردنەوەی لە بارە.

## ٥-٦/١ ئەنفال و هاودەردی:

تراژیدیا و ڕووداوە دڵتەزێنەکان هەمیشە هەستی هاودەردی و هاوخەمی و هەڵڕشتنی فرمێسک و شیوەن بە دوای خۆیاندا دەهێنن، ئەنفالیش وەک تراژیدیایەک و پرۆسەیەکی سەربازیی توند و زوڵم و ستەمێکی زۆر، بووەتە هۆی ئەوەی هەم وەک ئینتیمای نەتەوەیی یان سۆزی مرۆڤایەتییەوە هەستی هاودەردی لای خەڵکانێکی زۆر دروست بکات و لە ڕێی کاری جیاجیا و لە بۆنە و یادە کۆمەڵایەتی و نیشتمانییەکان و لە چالاکیی جۆراوجۆردا دەری دەبڕن، هەستی هاودەردی و هاوخەمی لە دۆخی وجوودیی مرۆڤ جیا ناکرێتەوە و مرۆڤ لەبەر ئەوەی خاوەنی هەستوسۆزە و لە نەستیدا بەهێزە بۆیە بەردەوام بە هۆی ئەو ڕووداو و دیمەنانەی لە دەوروبەرییەوە هەستیان پێ دەکات، هەستی دەجووڵێنن و بە لای خۆیاندا ڕای دەکێشن، سۆزی دەهێننە جۆشوخرۆش و دەبنە هۆی دروستبوونی هەستی هاوخەمی و هاودەردی، ئەم هەستەیش زیاتر عاتیفییە و دوورە لە چالاکیی عەقڵییەوە.

ئەو جۆرە هاوخەمی و هاودەردییەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەستی پێ دەکرێت و بۆ قوربانییانی ئەنفال دەردەبڕێت، کۆمەڵێک ناتەواوی یان ئاکامی نێگەتیڤیان هەیە، کە لێرەدا بە چەند خاڵێک لێیان دەدوێین:

أ- هەستی هاوخەمی و هاودەردی بۆ تراژیدیای ئەنفال و کەسوکار و قوربانییانی، بنەمایەکی عاتیفیی هەیە، مانەوەی زۆر لە ناو ئەو هەستەدا و بەردەوام گەشاندنەوەی ئەم جۆرە دەربڕینانە ڕاستەوخۆ کار لە چالاکیی عەقڵی و گرنگ دەکات و زۆر جاریش بەهێزی و هەمیشە دووبارەبوونەوەی ئەم هەستی هاوخەمییە کردەکانی هۆشیاری و بیرکردنەوە سڕ دەکەن، بە شێوەیەک ئەم هەستە هەمیشە خۆی نمایش دەکات کە وەک چالاکییەکی هۆشیاری و گرنگیش خۆی دەخاتە ڕوو یان خۆی دەخاتە بریی ئەوان.

ب- سەندنەوەی ژان و مەینەتییەکانی تراژیدیای ئەنفال لە ڕۆح و جەستەی قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراوان و بەخشینەوەی بە ڕۆح و جەستەی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، تەنها ڕەهەندێکی مرۆڤدۆستی وەرناگرێت، چونکە سڕینەوەی ئاکام و کاریگەرییە تاڵ و نێگەتیڤەکانی ئەم تراژیدیایە لە سەر ژیانی ئەوانەی ڕاستەوخۆ ئەنفال کران و لە ناویدا ژیان و لەگەڵ کاریگەرییەکانی دەژین و لکاندنی هەندێ جار بە زۆر بە ناو و سەرزارەکی بە ژیانی هەموو مرۆڤێکی کورد، جگە لەوەی ناتوانین بیکەینە بەڵگەی هاودەردی و هاوسۆزی، لە هەمان کاتدا زیان بە قورسایی تراژیدیاکە دەگەیەنێ و کەیسەکە لاواز دەکات و سەنگێکی کەم لە سەر دەروون و ویژدانمانی پێ دەدرێت، چونکە ڕاستییەکەی هەموو کوردێک وەک یەک لەو تراژیدیایەدا نەژیاوە و لەگەڵ ئاکامەکانیشی ناژی. ئەوانەی ئەو ڕۆژانەی پرۆسەی ئەنفال ڕووی دا، لە کەسوکاریان دابڕان و خانوو وماڵەکانیان سووتێنرا هەر وەک ئەوانە زامدار نین کە لەو کاتەدا لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا بوون و خەریکی کاری ڕۆژانە و تەنانەت خۆشی و کاتبەسەربردن و سەیران بوون.

کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەوانەی لەو پرۆسە دڕندانەیە ڕزگاریان بوو، بەڵام بە بەر چاوی خۆیانەوە کەسوکار و ئازیزانی خۆیانیان بینیوە بە کۆمەڵ و بە شێوەیەکی نامرۆڤانانە و پڕ لە سوکایەتی و بێ ڕێزی بەرامبەر بە مرۆڤ لە پشتی زیلە سەربازییەکان ڕاپێچ کراون و لمی بیابان هەڵیانی لووشیوە و جارێکی تر نەیانبینیونەتەوە، مەحاڵە بڕوا بەوە بهێنین کە هەر بە ئەندازەی ئەوانە خەمناک و پرسەدارن کە تەنها ئەم ڕووداوانە وەک چیرۆک و گێڕانەوە دەبیستن و زۆر جاریش لە گوێگرتن بێزار دەبن و تاقەتی ئەم باسانەیان نابێت. مەبەستیشمان لەم قسانە هەرگیز ئەوە نییە کە بڵێین پێویست ناکات هەموو کوردێک خۆی بە هاوخەم و هاودەرد و هاوسۆزی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و پرسی ئەنفال بزانێت، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە هەڵەیە دەربڕینی هەستی هاودەردی و هاوخەمی بە تەنهاترین و گەورەترین هەستکردن بە لێپرساوی بزانرێت، چونکە ئەم جۆرە هاودەردی و هاوخەمییانە، هەڵوێستی لاوازن و جۆرێکن لە خۆدزینەوە لە داننان بەو گوناهە گەورە و هەڵە ترسناکانەی هەموو کوردێکی ئەم کۆمەڵگایە کردی لەوەدا کە خۆی دەستی هەبوو لە ڕەخساندنی زەمینەیەک بۆ ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال.

پ- زۆر جار هەستی هاوخەمی و هاودەردی دەڕازێنرێتەوە و بە دەربڕینی جیاجیا هەوڵی جوانکردنی دەدرێت، ئەم جوانکردنەیش سروشتێکی چارەنووسسازانە بە تراژیدیاکە دەدات و وەک واقیعێکی قەبووڵکراو بە مرۆڤی دەدات، کە هیچ دەسەڵاتێکی ڕووبەڕووبوونەوەی نەبێت و لە درێژکردنەوە و نوێبوونەوە و دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانەیشدا هیچی پێ نەکرێت، ڕازاندنەوەی هەستی هاوخەمی و جوانکردنی هاوسۆزی بۆ قوربانییانی تراژیدیاکان، دیدی مرۆڤ بۆ ڕووداوەکان لە مێژووییەوە

دەکەن بە سروشتی، ئەمەیش ئاکامی بچووککردنەوەی عەقڵ و هۆشیاریی لە بەردەم ئەو ڕووداوانەدای لێ دەکەوێتەوە.

ت- زۆر جار ئەو کارانەی کە بۆ ئەنفال دەکرێن و لە شێوەی چالاکیی گرنگ دەردەکەون، وەک توێژینەوە و نووسین و کاری هونەری و مێدیایی، لە پشتییانەوە هەستی هاودەردی و هاوخەمی هەیە، پەرۆشبوون لە سەر ئەوەی کە پێویستە ئەو تراژیدیایە بخرێتە ناو دۆخی بیرکردنەوەی عەقڵانییەوە، ئەم هەستی هاودەردییەیش لە پشت ئەو کار و چالاکییانە وا دەکات ئەوانەی ئەم کارانە دەکەن خۆیان لێ ببێتە نوێنەری قوربانییان و کەسوکار و نەوەی ئەنفالکراوان، خۆکردن بە نوێنەری ئەوانیش زۆر جار لە سەر حسابی بێ دەنگکردنی ئەوان دەبێت، کە ئەوان لە بریی کەسوکاری ئەنفالکراوان هاتنە قسە، ئیتر قسەکردنی ئەوان دەکەوێتە دواوە و نوێنەر دێتە پێشەوە.

ج- خۆکردن بە نوێنەری قوربانییان بە هۆی هەستی هاودەردییەوە و قسەکردن بە ناوی ئەوانەوە، بۆ ئەوەیە ڕەوایەتیی بدرێت بە هەموو ئەو سیاسەتانەی لەگەڵیدا بەڕێوە دەچێت، بۆ ئەوەیە ئەو هونەر و ئەدەبەی بە ناوییەوە بەرهەم دێت قەبووڵ بکرێت و گوتاری ڕاگەیاندن و پلانی ڕێکخراوەیی پێ ئارایيشت بکرێت و ڕەوایی تەنانەت بە بەدی و ناشیرینییەکانیش بدرێت.

چ- زۆر جار هەستی هاوخەمی و هاودەردی تەنها نمایيشییە، تەنها بۆ ئەوەیە ئەوانی تر ببینن، لە ڕاگەیاندنەکانەوە پەخش بکرێت، هەر شتێکیش بۆ نمایيش بوو، ئیتر لە لایەنی مەعنەوی و ڕۆحی بەتاڵ دەکرێتەوە و دەکرێت بە کاڵای نمایيش و ڕاگەیاندن، کاڵایش هەمیشە سیفەتی کۆنبوون و وەڕسبوون لێی و پاشان بیرچوونەوە و فڕێدانی هەیە. وەک چۆن زۆر جار زۆر ناوەند و کەس و لایەن و ڕاگەیاندن بە دوای ئاوازی هاوخەمی و هاودەردیدا یەکسەر لە ئاوازێکی تر دەخوێنێت کە کەموزۆر نایەتەوە سەر ئەو هەستە.

## ٦/١-٦ ئەنفال و بەیاننامە:

لە ساڵڕۆژ و یادکردنەوەی هەموو بۆنە خۆش و ناخۆشەکاندا، شتێک کە وەک کەلتوور و نەریتی لێ هاتووە، دەرکردنی بەیاننامەیە، بەیاننامە بووەتە مۆدەیەکی سیاسی و ڕووناکبیری و ئیداری، کە بە هۆیەوە جاڕی یادکردنەوەی بۆنە و ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان لێ دەدرێت. شتێکی بەڵگەنەویستە دەرکردنی بەیاننامە بۆ یادکردنەوەی بۆنەکان کارێکی ئاسانە، بە هۆی ئەم ئاسانییەوە لە زۆر ناوەند و ئاستی جیاجیاوە بەیاننامە دێت و پەخش دەکرێت، هەر لە بەرزترین ناوەندی دەسەڵاتەوە بۆ هەموو بەش و لقەکانی، تا دەگاتە سەر بچووکترین ڕێکخراو و گرووپی کۆمەڵگا و تەنانەت هەندێ جاریش تاکەکەسیش دەتوانێت بەیاننامە دەربکات. لە یادی شاڵاوی

ئەنفالیشدا ساڵانە بە شەپۆلێک بەیاننامە پێشوازیی لەم یادە دەکرێت و بەیاننامە لە هەموو چالاکییەکی تر زۆرتر لەم ڕۆژەدا دەردەکەوێت.
لێرەدا نموونەی چەند بەیاننامەیەک دەخەینە ڕوو، دواتر بە شێوەیەکی گشتی شیکردنەوەیان بۆ دەکەین:

**(کەسوکاری سەربەزی شەهیدان و ئەنفالکراوان...**

**لە یادی ٢٨ـەمین ساڵیادی مەرگەساتی ئەنفالدا، بە ناوی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەری ڕێز لە ئاست کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان دادەنوێنین و درووود بۆ ڕۆحی شەهیدانی جینۆساید دەنێرین.**

**دوای ٢٨ ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانی بەدناوی ئەنفال، هێشتا کەسوکاری ئەنفالکراوان لە چاوەڕوانی ڕوفاتی پیرۆزی ئازیزانیاندان، کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی باشوور و شوێنە جیاجیاکانی عێراق گۆڕغەریب کراون، بەداخەوە تاکوو ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم لە ڕوفاتی پیرۆزیان هێنراونەتەوە خاکی کوردستان، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان لە هەوڵی بەردەوامدایە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و حکومەتی فیدراڵ و کار دەکەن بۆ هێنانەوە و سۆراخکردنی ئازیزانمان، بەڵام ناکرێ ئەو بەربەستانە نادیدە بکرێن کە دێنە بەردەم کارەکانی وەزارەتمان بەتایبەتی قەیرانی دارایی و هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی کە بە پێی یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٦ پرسی پاراستن و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی لە ئەستۆ بوو.**

**بەڕێزان...**

**ئەگەر چی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە هەر پاش ڕووخان و دەستگیرکردنی سەرانی بەعس دامەزرا و تاوانبارانی کەیسەکانی کوردانی فەیلی و ڕفاندنی بارزانییەکان و کیمیاییبارانی هەڵەبجە و تاوانی بەدناوی ئەنفال بەتایبەتیش تاوانباری سەرەکی کە عەلی کیمیاوی بوو بە سزای عادیلانەی خۆی گەیاند، بەڵام هێشتا مافی کەسوکاری شەهیدانی ئەم کەیسانە زۆری ماوە تا هیچ نەبێت کەمێک لە برینەکانیان سارێژ بکات لە پێش هەموویشیانەوە حکومەتی عێراقی فیدراڵ وەکوو میراتگری ڕژێمی پێشوو داوای لێبوردن لە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیانلێکەوتوانی گەلەکەمان بکات هەر وەک لە دەستوریشدا هاتووە و قەرەبووی شایستەی زیانلێکەوتوانی ئەو تاوانانە بکاتەوە.**

**لەکاتێکدا یادی ٢٨ ساڵەی ئەنفالە بەدناوەکان دەکەینەوە، تاقمی تیرۆریستی داعش (بەعس) ئاسا بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵە پەلاماری خەڵک و خاکی کوردستانیان داوە، بەتایبەتی لە شاڵاوێکی دڕندانەدا بەرامبەر براکانمان لە کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانی تر کە سەدان لە منداڵ و پیر و گەنج و ژن بوونەتە قوربانی و سەدان ژن و ئافرەتیش ئەنفال کراون و مامەڵەی نامرۆڤانەیان بەرامبەر کراوە،**

ئەمەیش دەیسەلمێنێت کە خەڵکی کوردستان و هەرێمەکەمان هێشتا لە ژێر هەڕەشەی داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەمان ڕزگاری نەبووە، بەڵام بە دلێری پێشمەرگە ئازاکانمان و هاوکاریی هاوپەیمانان و دۆستەکان و خوێنی زیاتر لە ١٤٠٠ شەهید مەرامی تیرۆریستان لە گۆڕ نراون.

لیژنەی باڵای بەجینۆساید ناساندن و وەزارەتمان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ناساندنی ئەو کەیسە لە دونیای دەرەوە.

کەسوکاری سەبەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان...

بە داوای لێبوردنەوە کە وەزارەتمان بە هۆی خراپیی باری دارایی حکومەت کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی نەرێنی لە سەر کارەکانمان کردووە، نەتوانراوە وەکوو پێویست لە ئاست جێبەجێکردنی ماف و ئیمتیازەکانتان بێت. هەرچەندە لە دوای هەوڵێکی زۆرمان و دوای ڕەزامەندیی بەڕێز سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار درا کە پاشەکەوت لە منحەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانییانی سیاسیدا نەکرێت، بەڵام دواکەوتنی دابەشکردنی منحەکانتان کە بۆ خراپیی باری دارایی دەگەڕێتەوە، جۆرێک لە ناڕەزاییی دروست کردووە، ئێمە هەمیشە لە هەوڵدا دەبین بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز وەکوو پارێزەرێکی سەرڕاست بە دوای داواکارییەکانتان بچین، تا منحەکانتان لە لایەن وەزارەتی دارایی دوا نەخرێت.

بەڕێزان...

ئەم ساڵ بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ئەنفال (٤/١٤) پێشنیازمان کردووە، ئەنجومەنی وەزیران دوای ئەوەی ڕەزامەندیی لە سەر دەربڕی و گشتاندنێکی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە، کە یادەکە بەم شێوەیە بەرز ڕابگیرێت.

وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە (٨) خوولەک قسە لە سەر قۆناغەکانی ئەنفال بکەن بۆ خوێندکار و قوتابییانیان، وەکوو ئاماژەیەک بۆ هەشت قۆناغی ئەنفال.

وەزارەتی ڕۆشنبیری لە سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگای دیدار و بەرنامەی تایبەت قسە لە سەر ئەنفال بکات.

وەزارەتی ناوخۆیش کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ ماوەی یەک دەقیقە هاتوچۆ ڕابگرێت.

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە ڕێگای مزگەوت و کڵێساکاندا ئەم یادە بەرز ڕابگرن، بە نزا و پاڕانەوە و وتاری ئایینی.)[٧٤]

لە بەیاننامەیەکی تریشدا هاتووە:

**(پەیامی سەرۆک بارزانی لە بیستوحەفتەمین ساڵیادی کارەساتی ئەنفال**

---

[٧٤]- ماڵپەڕی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان: http://moma-krg. org/Default. aspx

**به ناوی خودای مەزن و دلۆڤان**

**لە ساڵیادی بیستوحەفت ساڵەی دەستپێکردنی شالاوی ئەنفال لە دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ئەنفال و هەموو شەهیدانی کوردستان دەنێرین و سەرەخۆشی لە خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزی ئەنفال دەکەین. لە کاتێکدا ئەم یادە دەکەینەوە کە پێشمەرگە قارەمانانە لە سەنگەری بەرگریکردندایە و ئەفسانەی تیرۆریستان و دوژمنانی مرۆڤایەتی شکاند. ئازادیخوازی و پابەندبوونی گەلی کوردستان بە بەها باڵاکانە کە هانی دوژمنانی کورد دەدات وا دڵڕەقانە پەلاماری گەلی ستەمدیدەی کوردستان بدەن. ئەمجارەیشیان دوژمنانی گەلی کوردستان بە هەمان نەفەسی دوژمنکارانە و نائینسانیانەی ئەنفالچییەکان هێرشی دڕندانەیان کردە سەر گەلی کوردستان بەڵام خۆڕاگریی گەلی کوردستان و قارەمانێتیی پێشمەرگە ڕێگەی نەدا تیرۆریستان و دوژمنانی کوردستان بە ئامانجە شومەکانیان بگەن.**

**ئەنفال پەڵەیەکی شەرمەزارییە لە سەر تەوێڵی دوژمنان و جیهان کە لە بەرامبەر ئەم کارەساتەدا بێدەنگیی هەڵبژارد. لەم یادەدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە پێویستە هەوڵەکانی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لە سەر ئاستی جیهانی بەردەوام بن و بگەنە ئەنجام و هەروەها دەوڵەتی عێراقیش بەرپرسیارە لە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری سەربەرزی ئەنفالکراوان و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشترین شێوە خزمەتی خانەوادەی شەهیدانی ئەنفال بکات و، ڕوفاتی پیرۆزی هەموو شەهیدانی ئەنفالیش بگەڕێنرێتەوە بۆ خاکی نیشتمان.**

**لە یادی ئەم کارەساتە دڵتەزێنەدا باشترین وەفا بۆ قوربانی و شەهیدانی ئەنفال پاراستنی یەکڕیزیی گەلەکەمان و دەستگرتنە بە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قۆناغە سەخت و تەحەدیانەی ڕووبەڕووی گەلەکەمان دەبێتەوە بە سەرکەوتوویی تێ بپەڕێنین.**

**مەسعوود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان)**[٧٥]

ئەگەر چاوێکی خێرا بەم دوو بەیاننامەیە و چەندان بەیاننامەی تردا بخشێنین، دەبینین کلێشەیەکی گشتی زۆربەیان (ئەگەر نەڵێین هەموویان) کۆ دەکاتەوە، ئەگەرچی زمانی نووسین و ناوەرۆک و پەیامەکانیان هەندێ جار وەک جیاواز خۆیان دەردەخەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی دەتوانین کلێشە دووبارەبووەوەکانی ئەو بەیاننامانە لەم خاڵانەدا ڕوون بکەینەوە:

---

[٧٥]- بروانە ئەم لینکە لە ماڵپەڕی وشە:
http://www. wishe. net/dreja. aspx?=hewal&jmare=16076&Jor=1

## ٦/١-٦-١ بەياننامە و سڵاو:

زۆربەی بەياننامەکان بە سڵاو دەست پێ دەکەن، ياخود ئەگەر پڕ نەبن لە سڵاو، ئەوا بێ سڵاو نيين: سڵاو لە گيانی پاکی ئەنفالکراوان، لە کەسوکاريان، لە نەوەکانيان، لە تاقانەکانی ئەنفال، لە ڕزگاربوان... هتد.

وەک ڕاستييەکی سەرەتايی، سڵاوکردن گوزارشتە لەوەی کە بە خۆشی و کراوەيی و ڕۆحێکی ئاشتيخوازانەوە بەر ئەوی تر بکەويت يان پێشوازيی لێ بکەيت، يان ديدار و گفتوگۆی لەگەڵ بسازێنيت، بەڵام ئەو ئەويترەی لەم بەياننامانەدا سڵاويان لێ دەکرێت (ئەنفالکراوان، قوربانييان، کەسوکاريان، نەوەکانيان، تاقانەکان... هتد) لە ئاشتی و دڵنياييدا نيين، هەست ناکەن ئەو نامۆيی و زبرييەی کە لە نێوان دوو کەس/لايەندا هەيە و سڵاوکردن دەيڕەوێنێتەوە يان دەشێت بيڕەوێنێتەوە، ئەم بەياننامانە بۆ ئەمان لای دەبات. کاتێک يەکێک سڵاومان لێ دەکات، هەر شتێکی بوێت، سەرەتا بە هۆی ئەم سڵاوەوە دەيەوێت بيڵێت، هەر چييەک لە ئارادابێت خێرە و خێری پێوە دەبێت، بەڵام سڵاوی ناو ئەو بەياننامانەی يادی ئەنفال، هيچ ئەو هەستە بە سڵاولێکراوان نابەخشێت، بۆيە سڵاوی ناو ئەو بەياننامانە خاڵين لە ڕەهەندی مرۆيی و ڕۆحی و گيانی تۆلێرانس، تەنها وەک نەريت و وشەی بێ ناوەرۆک لە ڕۆژ و ڕێوڕەسمی يادەکەدا دەنگ دەدەنەوە.

سڵاوکردن بە ڕێژەيەکی کەميش بێت، گەر ڕەقی و ناخۆشی، نەرم و خۆش نەکاتەوە، گەر نائارامی هێور نەکاتەوە، دۆخی ترس و نيگەرانی و نائاساييش، بە لای ئاساييش و دڵنيايی و ئاسوودەييدا نەبات، بێ گومان ئەوە پێی ناگوترێت سڵاو و لە نەريتێکی بێ تام زياتر هيچی تر نييە، وەک لەو بەياننامانەی يادی ئەنفالدا بەر گوێمان دەکەوێت، سڵاوکردن هيچ يەک لەم ڕەهەند و تايبەتمەندييە سەرەکييانەيان هەڵ نەگرتووە.

## ٦/١-٦-٢ بەياننامە و ڕێز:

نواندن و نيشانی نەويکردنی سەری ڕێز بۆ (ئەنفالکراوان، قوربانييان، کەسوکاريان، نەوەکانيان، تاقانەکان... هتد) لە بەياننامەکانی يادی ئەنفالدا دەبينرێت، هەموو بەياننامەکانی يادی ئەنفال کردوويانە بە نەريت و برگەيەکی جێگيری بەياننامەکانيان، کە بە ئاشکرا و بە دەنگی بڵند دەڵێن سەری ڕێزيان بۆ دادەنەوێنين، بەڵام ڕێزلێگيراوان بەم دەنگە هەست بەوە ناکەن بەها و مافی مرۆييان هاوتای خاوەنانی بەياننامەکانە، يان وەک مرۆڤ هەموو بەها و مافێکيان هەيە.

نواندنی ڕێز لەو بەياننامانەدا لە چەند خاڵێک بە دەر نييە، يان ئەوەتا هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ڕەخنانەی کە دەکرێت لە خاوەنانی ئەو بەياننامانە بگيررێت، لە پای ڕانەپەڕاندنی ئەرکەکانيان لە دۆسيەی ئەنفالدا لە هەموو ڕووەکانەوە، يان ئەوەتا بە

چاوێکی بەزەیی لە قوربانییانی ئەنفال دەڕوانرێت، کە ئەمەیش دووورونزیک پەیوەندیی نییە بە ڕێزی ڕاستەقینەوە لە مرۆڤ.

ڕێزگرتن لە (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) بەوە دەبێت قوربانییان کە هەست نەکەن لە پای ئەو تاوانەی دەرهەق بەوان کراوە، ڕێزیان لێ دەگیررێت، بەڵکوو دەبێت هەست بکەن وەک مرۆڤ خاوەن بەها و مافن و ڕێزیان لێ دەگیررێت، دیڤید هیومی فەیلەسووفی ئینگلیزی وتەیەکی بەناوبانگی هەیە، کە وەک ئیماندارێک بە خودا دەڵێت: ڕێزگرتنی ڕاستەقینە لە خودا بەوە دەبێت، کاتێ کاری چاکە دەکەین وا خۆمان دەربخەین، وەک ئەوەی خودا هەر نەبێت، لەم ڕوانگەیەوە ڕێزگرتن لە (ئەنفالکراوان، قوربانییان، کەسوکاریان، نەوەکانیان، تاقانەکان... هتد) ئەو کاتە ڕووی ڕاستەقینەی دەردەکەوێت، کاتێک کارێکی باش، یان خزمەتێکیان دەکەیت، هەست نەکەیت کە بۆ ئەوانت کردووە، بەڵکوو ئەوە سیفەتی خۆتە و بۆ مرۆڤت کردووە، ڕێزگرتن دوورە لە موجامەلە و باسکردن و نمایشکردن، وەک ئەوەی لەو بەیاننامانە تێبینیی دەکرێت، کە ئەوەیش بۆ ئامانجێکی تری دوور لە بەرژەوەندیی بە حیساب ڕێزلێگیراوان بە ڕێوە دەچێت.

هەندێ جار، لایەنی بەرپرس، چ کۆمەڵگا بێت یان فەرمانڕەوایان، دەڵێن وەک مرۆڤی ئاسایی سەیری قوربانییان، کەسوکاری ئەنفالکراوان، نەوەکانیان، تاقانەکان و... هتد، دەکەین و ڕێزیان دەگرین، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر وایش بێت و ڕاست بکەن، ئەمەیش غەدر و ستەمێکی تێدایە، کە ئەوان ڕاستە مرۆڤن، بەڵام لە ژێر باری قورسی ئەو تاوانەدا کە بە سەریاندا هاتووە، لە دۆخی ئاساییدا نیین و لە زۆربەی لایەنەکانەوە (دەروونی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابووری و... هتد) کێشەیان هەیە، ئەوەی دەڵێت وەک مرۆڤی ئاسایی ڕێزیان لێ دەگرم، لە ڕاستیدا دەیەوێت خۆی لە قەرەی ئەو کێشانە نەدا، کە ئەوان بە دەستییانەوە دەناڵێنن.

کاتێ دەسەڵاتداران و کۆمەڵگا بە چاوی مرۆڤی ئاسایی لە قوربانییانی ئەنفال دەڕوانن، لە ڕاستیدا ئەمە هیچ پەیوەندیی بە ڕێزەوە نییە، چونکە لەم دۆخەدا، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین مرۆڤبوونیان لە ژێر هەڕەشەدایە، بەرپرسانیش لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت خۆیان لە بەرپرسیارێتیی بدزنەوە، ئەو ڕێزگرتنەی لەم بەیاننامانەی یادی ئەنفالدا جەختی لێ دەکرێتەوە، لە پاڵ ڕوە موجامەلەکەی، ئەم شێوەیەی ڕێزگرتنە.

## ٦/١-٦-٣ بەیاننامە و ناچالاکێتی:

ئەوەی لەم بەیاننامانەدا دەیبیستین ئەوەیە، هەمیشە تاوانەکە دەخرێتە پاڵ کەس یان لایەنی تر، هەمیشە ئەوانی تر بە کەمتەرخەم دەزانرێت، هەمیشە ڕووی بەرپرسیارێتی

دەخرێتە سەر لایەکی تر، واتە هەمیشە خۆدزینەوە لە ئەرکەکان لە لایەن بەرپرسانەوە لە ئاست پرسی ئەنفالدا بە دی دەکرێت، بەیاننامەکان هەمیشە دوژمنێک دروست دەکەن و هەموو تاوان و بەرپرسیارێتییەکی دەخەنە ئەستۆ و بەم شێوەیە خۆیان لە هەموو ئەرک و بەرپرسیارێتییەک دەدزنەوە، ئەمەیش وا دەکات هەمیشە ئەو بەیاننامانە پڕ بن لە داواکاری، لە بریی ئەوەی خۆیان کەموکورییەکان پڕ بکەنەوە، وەڵامی داواکاریی قوربانییانی ئەنفال بدەنەوە، دۆسیەکە بجوولێنن و کار بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو تراژیدیایە بکەن، کەچی خۆیان دێن و دەچنە شوێنی قوربانییان و داواکارییەکان ڕیز دەکەن، خاڵ لە دوای خاڵ لە بەیاننامەکانیاندا دەیاننووسنەوە، بەڵام پێمان ناڵێن کێ ئەو داواکارییانە جێبەجێ بکات و چۆن جێبەجێیان بکات، هەموو ئەرکی خۆیان تەنها بەم بەیاننامانە کۆتایی پێ دەهێنن و بە چالاکی و کاری پەسەند و مرۆڤانە و ئەرکی واقیعیی خۆیشیانی دەبینن و هەندێ جاریش بە دەروونی ئاسوودەوە پاڵی لێ دەدەنەوە و خۆیانی پێوە با دەدەن.

### ٦/١-٦-٤ بەیاننامە و ئاساییکردنەوەی دروشمی باو:

بەیاننامەکان، کە تەنها موجامەلە و هەمیشە ڕێزێکی ساختە بن و بۆ چالاکیی خاوەنی بەیاننامە بخوێنرێنەوە و هۆکار بن بۆ شانخاڵیکردنەوە لە ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان، بۆیە دەبینین بە شێوەیەکی نائاسایی پڕ دەبن لە دروشم، دروشمیش ئەگەر پەیامەکەی نەخرێنە باری واقیعەوە و هەوڵی جێبەجێکردنی نەدرێت، کاریگەریی خراپی بۆ سەر پرسەکە دەبێت، دروشم ئەگەر هەر لە ئاستی بەیاننامە و قسەدا بهێڵرێتەوە و نەگۆڕرێت بۆ سەر کردار، ڕۆحی پەرۆشی و سووربوون لەو کار و پرسەدا ناهێڵێت و دەبێتە هۆی بێنرخکردن و بێبەهاکردنی ئەو پەیامەی هەڵی گرتووە، بۆیە ئاساییکردنەوەی ئەو دروشمانەی بۆ یادی شاڵاوی ئەنفال بەرز دەکرێنەوە، بە شێوەیەک وازهێنان لە پەیامەکانیەتی یان وەڕسبوون و گوێ پێ نەدانە لە ناوەرۆک و بەهای ئەو دروشمانە و بە شێوەیەک لە خەیاڵ و بیرکردنەوە و تێڕوانینماندا بایەخ و قورسایی بۆ ناهێڵرێتەوە.

### ٦/١-٦-٥ بەیاننامە و هەلێک بۆ خۆنماییشکردن:

وەک سەرەتا باسمان کرد، بەیاننامەکان بە هۆی ئاسانی و بوونیان بە هۆکارێک بە چالاکی و شانخاڵیکردنەوە لە بەرپرسیارێتیی و دروشمی قەبە و بێ ناوەرۆک یان ناوەرۆک مردوو، لە لایەن ناوەند و کەناڵی جۆراوجۆرەوە دەردەکرێن و پەخش دەکرێن، لە بەرزترین ئاستی وڵاتەوە بۆ بچووکترین ناوەند و گروپ و تەنانەت تاکەکەسیش توانای بەیاننامەدەرکردنی هەیە، بۆیە ئەم بەیاننامانە بە شێوەیەکی ئاشکرا دەبن بە هۆکارێک بۆ خۆنماییشکردن، بەیاننامەکان لە بریی هۆکارێک بۆ خزمەتکردنی

پرسەکە و بەتەنگەوەهاتنی قوربانییان، دەبنە هۆکارێک بۆ ئاراییشتکردنی ئەو لایەن و شوێن و ناوەند و گروپ و کەسانەی بەیاننامەکەیان دەرکردووە، چونکە بەیاننامە تەنها دەکرێتە چالاکیی بۆ ئەوەی بەیاننامەکەی دەرکردەوە، تەنها دەکرێتە هۆکارێک بۆ ڕێزگرتن و هاوسۆزی، ئیتر بە شێوەیەکی ساختەیش بێت بۆ قوربانییان، بۆیە لە دوا دەرئەنجامدا ئەم بەیاننامانە ڕوویەکی پۆزەتیڤیان بۆ خاوەنی بەیاننامەکە و لە هەمان کات نێگەتیڤییان بۆ پرسەکە و قوربانییان دەبێت.

## ٦/١-٦-٦ بەیاننامە و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و ئامانجدار:

دەرکردنی بەیاننامە زۆر جار بۆ مەبەستی سیاسی و ئامانجدارە بۆ ئەو لایەنەی بەیاننامە دەردەکات، واتە یاد و ساڵڕۆژ و بۆنەکان چ خۆش بن یان ناخۆش، دەکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی لایەنێک ئامانجە سیاسییەکانی خۆی تێدا بە دەست بهێنێت، کە ئەوەیش زیاتر لە خۆڕێکخستنەوە و چالاکیی حیزبی و ئایدیۆلۆژیدا خۆی دەبینێتەوە.

بەیاننامەدەرکردن بۆ زۆر لایەن لە یادی شاڵاوی ئەنفالدا، خزمەتکردن بۆ پرسەکە و قوربانییانی ئەنفال نییە، بەڵکوو دەکرێتە مینبەر و هۆکارێک بۆ گەیاندنی پەیامە ئایدیۆلۆژییەکان و خۆڕێکخستنەوەی سیاسی و ئامانجدار و نموونەی ئەم جۆرە بەیاننامانەیشمان زۆر زۆرە کە بەردەوام لە یادەکاندا پەخش دەکرێن.

لەم خاڵانەوە بۆمان دەردەکەوێت، دەرکردنی بەیاننامە، کە ئێستا بوەتە جۆرێک لە کەلتوور و بە شێوەیەکی بەربڵاو لە یادەکاندا دەردەکەوێت و بەتایبەتییش لە یادی ئەنفالدا بە لێشاو دەخوێنرێتەوە و دەبیسترێت، کاریگەریی خراپ و نێگەتیڤی هەبووە و هەیە.

## پاری حەوتەم: ئەنفال و بەکارهێنانی ناشیرین:

بێ گومان هەر بوارێک ببێتە کەرەستەی بەر دەستی هەموو کەس و ناوەند و گروپ و لایەنێک و بەکاری بهێنن و، بێ هیچ پێوەر و پرەنسیپ و نەریت و مەرجێک بۆ هەمووان دەروازەیەکی کراوە بێت، کەسیش باکی لەوە نەبێت چۆن قسە لە سەر ئەو شتە دەکات و چۆن و بە چ ئاراستەیەکی دەبا و تەنها و تەنها بیر و بۆچوونی خۆی سەنگی مەحەک بێت، بۆ خزمەتکردن بەو بابەتە، ئەوا گومانی تێدا نییە، کە هەر قسەلێکراو و بەکارهێنراو تووشی ناشیرین ڕەفتارکردن دەبێت، کەسانێک هەر پەیدا دەبن، بە بارێکی خراپدا ببەن و زیانی پێ بگەیەنن، ئیتر هەندێ جار بە ئەنقەست و بە بەرنامە بێت و هەندێ جار بێ ئەنقەست و بێ مەبەست، هەندێ جار ئەوانە مەبەستیان نییە بەو ئاراستەیەی ببەن و هەندێ جاریش باکیان نییە چ دەرەنجامێک دێتە ئارا و چی دەبێت و چی نابێت، ئەوان تەنها مەبەست و ئامانجی خۆیان بۆ گرنگە، ئەنفالیش وەک کەیسێکی گەورە و گرنگ و واڵا بووە بۆ هەموو کەس و ناوەند و گروپ و لایەنێک و بە

هۆی بێ باکیی لە بەکارهێنان و هەوڵدان بۆ خستنە خزمەتی ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژ و بەرنامەی ئەوانەی بەکاری دەهێنن و کاری تێدا دەکەن، تووشی ئەم حاڵەتانە بووە و بەکارهێنانێکی ناشیرین، بەکار هێنراوە و بە ئاراستەی خراپدا براوە و ئەو شێوە بەکارهێنانە ناشیرینانە زیانی زۆری لە کەیسەکە داوە و لە سەر ئاستی تاک و گشت یان بۆ قوربانییان و خاوەنانی ڕاستەقینەی پرسەکە دۆخێکی ناخۆش و تەنانەت کارەساتاوی خوڵقاندووە، ئەم جۆرە بەکارهێنانە هەندێ جاریش بە قورسیی زامەکان دەکولێنێتەوە و ئازاری قوربانییان نوێ دەکاتەوە، لێرەدا لە چەند خاڵێکدا ئاماژە بۆ چەند جۆرێک لە بەکارهێنانی ناشیرینانەی پرسی ئەنفال دەکەین، کە دەرەنجامی خراپ دەخەنەوە:

### ١-٧/١ ڕەخنەی شەرمن لە عەرەب و ئایین:

لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە ئەنفال لە مێژووی عەرەب و ئیسلامدا هەبووە، لەبەر ئەوەی لە قورئاندا هاتووە و وشەکەیش عەرەبی بووە، هەروەها لەبەر ئەوەی، ئەوەی بڕیاردەر و جێبەجێکەری پرسەکە بوو دژی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ دا عەرەب بووە، بۆیە زۆر کەس و لایەن و گروپێک ئەمە دەکەنە هەل و هۆکارێک بۆ لێدان لە عەرەب وەک نەتەوە و ئیسلام وەک ئایین و ڕەخنەی شەرمنانەی بەو ئاراستەیەدا لە عەرەب و ئایین دەگرن، ئەم جۆرە ڕوانینە لە چەند ڕوویەکەوە جێی سەرنجە:

أ- بڕیاردەری پرۆسەکە کە ڕژێمی بەعسە، دەخاتە ناو پێکهاتەیەکی گەورەترەوە کە نەتەوەی عەرەبە، ئەمەیش ناڕاستەوخۆ خزمەت بەو ڕژێمە دەکات، چونکە لە لایەک دەیکاتە نوێنەری پێکهاتەیەکی گەورەتر، لە لایەکی تریشەوە تاوانەکە بۆ ئەو پێکهاتە گەورەیە دەگوازرێتەوە و خۆی وەک ڕەگەزێکی بچووک لە ناویدا ئەگەری ونبوونی بەهێز دەبێت.

ب- گواستنەوەی سەرنج و خوێندنەوەی تاوانەکە لە واقیعی خۆیەوە بۆ واقیعێکی تر یان گەورەتر، ژینگە و کەلتووری واقیعی ڕوودانی ئەنفال فەرامۆش دەکات و نایبینێت.

پ- تازەکردنەوە و گەشەدان بە ڕەخنەگرتن و ڕق لە پێکهاتەیەک یان نەتەوەیەک وەک بکەری تاوانی ئەنفال، واتە بەکارهێنانی ئەنفال بۆ خزمەتی ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیستی ، نەک خزمەتکردن بە پرسی ئەنفال.

ت- هێرشکردنە سەر ئایینێکی دیاریکراو و تاوانبارکردنی بەوەی کە ئەو ئایینە ڕێگەخۆشکەرە بۆ تاوانی ئەنفال، گوزارشتە لەوەی کە بە بێ تاوانبارکردن، توانای خوێندنەوەی ئایین و ڕەخنەلێگرتنی لە ئارادا نییە.

ج- ڕەخنەگرتن لە ئایین وەک تاوانبار لە پرۆسەی ئەنفالدا، لاوازیی ئەو بیرکردنەوە و ئارگۆمێنت و ئەلتەرناتیڤانە دەردەخات، کە بەر لە هەڵگرتنی پرسی ئەنفال، ململانێ و بەربەرەکانێی ئەو ئایینەی پێ دەکرێت.

تێکڕای خاڵەکان ئەوە دەسەلمێنن، بەکارهێنانی پرسی ئەنفال بۆ ڕەخنەی شەرمن لە عەرەب و ئایین، نەک خزمەت بە پرسەکە ناکات، بەڵکوو بە پێچەوانەوە پرسی ئەنفال دەخاتە خزمەت ئایدیا و بیرکردنەوەیەکی دیاریکراوەوە. دیارە ئەمەیش بەو مەبەستە نییە کە لەم پرسەدا نابێت ڕەخنە لە عەرەب و ئایین بگیرێت، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە هەموو تاوانەکە ببرێتەوە سەر عەرەب و ئایین، بێگومان ئەوەیش بەر لە هەر شتێک زیانی بۆ ئەنفال خۆی دەبێت.

## ٢-٧/١ گلەیی و گازندەکردن لە حکوومەت:

زۆر جار پرسی ئەنفال و ژیانی قوربانییان لە مەینەتی و گوزەرانی خراپدا دەکرێنە کەرەستەی گلەیی و گازندەکردن لە حکوومەت. کردنی کارەسات و تراژیدیا بۆ بابەتی یاداشتنامە و وەرەقەی داواکاری و گلەییکردن لە دەزگا بەرپرسەکان و کاربەدەستانی شار و وڵات، لە ڕاستیدا هەمیشە پاڵنەرێکی مرۆڤدۆستیی لە پشتەوە نییە، بەڵکوو:

أ- زۆر جار ژیان و گوزەرانی قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراو و داواکارییەکانیان، دەکرێنە کەرەستەی نمایشی بۆ زۆر کەس و گروپ و ڕێکخراو و میدیا... هتد، بوونی کرداری و واقیعیی خۆیانی پێ دەسەلمێنن.

ب- گلەیی و گازندەکردن لە حکوومەت واتە لە ئاست نادادی و زوڵم و پێشێلکاریی مافی مرۆڤدا هیچ هۆکارێکی تری بەرەنگاری لە ئارادا نییە و ئەوانەی گلەیی و گازندە دەکەن ناتوانن چاودێر بن بە سەر کاربەدەست و بەرپرسانەوە و بە واقیعی بیانخەنە بەر دەم لێپرسینەوە و دادگاییکردنەوە بۆیە ئەم پرسە وەک بابەتی ویژدانی و سۆز و بەزەیی بەکار دەهێنن.

پ- گلەیی و گازندەکردن لە حکوومەت لە پای ژیان و گوزەرانی قوربانییان و کەسوکاری ئەنفالکراو، واتای تێ نەگەیشتن لەوەی ژیانی شایستە و بەرزیی گوزەران و خزمەتگوزاری مافێکی سادە و ئاسایی هەر مرۆڤێکە نەک حەق و بەزەیی بە هۆی ئەو ڕووداوانەی بە سەریاندا هاتووە.

ت- گلەیی و گازندەکردن لە حکوومەت بۆ دابینکردنی شوێنی ژیان و مووچە و خزمەتگوزاریی دەمانخاتە ئەو هەڵەیەوە کە ئەو زەبرە قورسە دەروونییەی لەو تراژیدیایەدا بە سەریاندا هاتووە نامێنێت یان کەم دەبێتەوە، ئەم جۆرە گلەیی و گازندانە و بەردەوام خووپێوەگرتن بە دووبارەکردنەوەیان دوورمان دەخەنەوە لە کارکردن بۆ ڕەخساندنی کاری فیکری و تیۆری و خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای قوربانییانی زیندوو و ڕەخساندنی هەلومەرجی دەروونیی لە بار بۆیان.

### ٣-٧/١ بۆڵەبۆڵ و قسەی بێ بەها و مانا:

ئەم جۆرە کارانە لە دوای زۆربەی ناخۆشی و کارەسات و تراژیدیاکانەوە دەردەکەون، ئەویش بەوەی هۆکاری شتێک بگەڕێنرێتەوە بۆ شتێکی بێ مانا یان نادیار یان ناواقیعی، وەک هەندێ کەس هەیە، خودی کورد بە شایستەی ئەوە دەزانێت ئەنفال بکرێت، یان کورد بە نەتەوەیەکی پیس یان بێ بڕوا و دووڕوو و ناپاک و هەندێ سیفەتی خراپ دادەنێت و هەر ئەوانەیش بە هۆکاری ئەنفالکردن و تراژیدیاکانی تری دەزانێت، یان هەندێ جار دەیخاتە پاڵ هۆکاری وەهمی وەک ئەوەی خودا خۆشی ناوێت، یان خودا لەگەڵ دوژمنانیەتی، ئەمانەیش هەموو بەرهەمی فیکری ناعەقڵانی و وەهمین، یان لە بنچینەدا بەرهەمی بێ بیرکردنەوەن، واقیعبینین و توانای هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی ڕووداو و زەمینەکان کز و نائامادەن، بەری عەقڵی نازانستین، کە بێ توێژینەوە و گەڕان و بیرکردنەوە، زوو هۆکاری ڕووداو و دیاردە و شتەکان، بۆ شتی وەهمی و نازانستی دەگەڕێننەوە.

### ٤-٧/١ بازرگانیکردن:

زۆر جار کەس و لایەن و گروپ و ڕێکخراو هەن تراژیدیا و کارەساتەکان دەکەنە بابەتی بازرگانیکردن و دەیکەنە بوارێکی باش بۆ دەستکەوت و بەرژەوەندیی مادیی و لەم شوێن و ئەو شوێن بەو ئامانجە بەکاری دەهێنن، ئەویش بەوەی هەست و سۆزی خەڵکانێکی پێ ڕادەکێشن و بە هۆی جووڵاندنی بەزەیی و سۆزی ئەو خەڵکانەوە لە چوارچێوەی هاوکاریی مرۆیی و یارمەتی و بەهاناوەچوون و کاری خێرخوازییەوە بابەتی تراژیدیا و کارەسات و ژیانی قوربانییان و لێقەوماوان بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و پارە بۆ خۆیان بەکار دەهێنن و لەم نێوەدا سوود لە نادامەزراوەیی و ناڕێکخراوەیی دەزگا بەرپرسەکان و لایەنەکانی تایبەت بەم پرسانە وەردەگرن و ئەو بۆشاییيانەی هەستی نالێپرسراوێتیی ئەمانە دروستیان کردووە و بۆ ئەوان دەبێتە زەمینە و هەل بۆ ئەو کارانە، ئەمانەیش بە زۆری لە سەر دوو ئاست دەکرێن:

أ- دەرەوە: لەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ تێیاندا چالاکن، یان خەڵکانی خێرخوازی زۆرە و توانای هاوکارییکردنیان هەیە کەسانێک یان گروپ و لایەن و ڕێکخراو و حیزب، تراژیدیا و کارەسات و بابەتی ژیان و گوزەرانی قوربانییان و لێقەوماوان و بێ خانەولانەکان بەکار دەهێنن بۆ ڕاکێشانی سۆز و بەزەیی خەڵکانی بیانی، یان سوود لە بواری کار و چالاکیی ڕێکخراوەکانی بواری هاوکاریی مرۆیی و فریاگوزاری و کۆمەکبەخش وەردەگرن و دەیکەنە بابەتی کاری ئەوان و خۆیان دەکەنە نوێنەری خەڵکی قوربانی و بەشمەینەت و دواتر بە هۆی ئەو بۆشاییيە کارگێڕی و دامەزراوەییيەی لە دەزگا بەرپرسەکانی ناوەوەی وڵات هەیە ئەمان ناهێڵن ئەو یارمەتی

و هاوکارییانە بگەنە جێی خۆیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاری دەهێنن و گیرفانی خۆیانی لێ پڕ دەکەن.

ب- ناوەوە: لە ئاستی ناوخۆیش هەمان کار دەکەن، بەڵام ئەم جارە لەگەڵ جووڵاندن و هەستی مرۆیی و سۆز و بەزەیی، هەستی نەتەوەیی و ئایینیش بەکار دەهێنن و لە ژێر ناوی چالاکیی نیشتمانپەروەری و ئایینیدا، هاوکاریکردنی ژیانی لێقەوماو و قوربانییانی کارەساتەکان دەقۆزنەوە و دیسان بە هۆی ئەو بۆشاییە کارگێڕیی و یاساییەی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەیە، ئەو هاوکارییانەی کۆ دەکرێنەوە، ناگەنە جێ و بە دەستی ئەوانە ناگات کە بۆیان دەنێررێت یان کەمێکی دەگات و ئەوانی تر دەچێتە دەست و گیرفانی ئەوانەی بازرگانیی بەو پرسانەوە دەکەن.

### ٥-٧/١ پۆست و پلەوپایە:

گەیشتن بە پۆست و پلەوپایە، گەر بە شێوەیەکی پسپۆڕی و لێهاتوویی نەبێت، هەروەها مەرجی یاسایی تێدا نەبێت و بۆ هەڵگرتنی لێپرسراوێتی نەبێت لە ئاست ئەو کێشە و کار و بەڕێوەبردنەی پەیوەستە بەو پۆست و پلەوپایەیەوە، ئەوا بە هەر ڕێگەیەک مرۆڤ بە هەر پۆست و پلەوپایەیەک بگات، کارێکی ناتەندروست و زیانبەخشە، چونکە لە وەها پرۆسەیەکدا، مرۆڤ پۆست و پلەوپایە بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکار دەهێنێت، نەک ئەو پۆست و پلەوپایەیەی بۆ خزمەت بەو شوێنە و کەسانی پەیوەست بەو ناوەند و کایەیەوە بێت. بێ گومان لە دۆخێکی وەها گشتیدا وەرگرتن یان دەستبەسەرداگرتنی پۆست و پلەوپایە بەو شێوەیە ئەوەی لێ بکەوێتەوە و ئەوە بەرهەمەکەی بێت، ئەی دەبێت بەکارهێنانی دۆسیە یان پرسی ئەنفال و ژیانی قوربانییان و گوزەرانی کەسوکار و نەوەکانیان بۆ بەدەستهێنانی پۆست و پلەوپایە چۆن دەرئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە؟ دۆخێکی وا کە زیان بێت بەو شوێنە و بەو پیشە و بوارە و سیمای کارگێڕی و بەڕێوەبردن و پێشکەوتنی وڵات و ژیانی خەڵک بە هۆیەوە زیانیان پێ بگات و نەخۆشییەک بێت لە جەستەی شێوازی بەڕێوەبردن و پێشکەوتن و خزمەتکردن بە خەڵک، دەبێت بۆ ئەو پرس و دۆسیەیە چەندە کوشندە بێت، کە دەکرێتە پرد و هۆکارێک بۆ گەیشتن بە پۆست و پلەوپایەیەک، کە سەرەنجام ناشیرینکردنی پرس و دۆسیەکەی لێ دەکەوێتەوە.

لە ناوەندی ئیداری و بەڕێوەبردنی خەڵک و بوارە جیاجیاکاندا، کە یاسا ڕۆڵی خۆی بەتەواوی نەبینێت و سیستمێکی سەردەمییانەی دیموکراسی بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵک پەیڕەو نەکرێت، پۆست و پلەوپایەکان بە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا پڕ ناکرێتەوە کە لە ڕێگەیانەوە خزمەتی ئەو بوارە و خەڵک بکەن، بۆیە کەسانێک کە چاویان لەم پۆست و پلەوپایانەیە بۆ ڕەوایەتیدان بەوەی کە شایەنی ئەو شوێنانەن و بۆ ئەوەی بە ئاسانی و زوو بەو پۆست و پلەوپایانە بگەن، دێن و پرس و کەیسی ڕەوا

بەکار دەهێنن و ناڕەوایەتیی کارەکەیانی پێ دادەپۆشن، دێن لە ڕێگەی سۆز و زوڵمی ناو پرسێکی وەک ئەنفال، ڕق و تووڕەیییەک گەر هەبێت لە ئاست ناشایستەییی خۆیان بۆ ئەو پۆست و پلەوپایانە ناهێڵن و خۆیان بە شایستەی ئەو شوێنانە دەناسێنن.

### ٦-٧/١ هەڵبژاردن:

لە سیستمی دیموکراسی و هەر سیستمێکی تردا، هەڵبژاردن جۆرێکە لە ململانێ و کێبڕکێی کۆمەڵێک کەس ئیتر نەیار بن کە دژ و سەرسەختی یەک بن، یان تەنانەت بە تەواوی لە یەک بچن. هەڵبژاردن چ لە ئاستێکی گەورە و فراواندا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بێت، یان تەنها لە ناو فەرمانگە یان شار و شارۆچکەیەکدا بکرێت، بۆ ململانێ و سەرکەوتنە بە سەر خەڵکانی تردا، بۆ ئەوەی دوا جار ئەوانەی سەر دەکەون پۆست و پلەوپایە بە دەست بهێنن. بەکارهێنانی پرسی ئەنفال بۆ هەڵبژاردن، خزمەتکردنە بە لایەنی بەکارهێنەر بۆ بردنەوە لە هەڵبژاردن نەک بە پرسەکە، بچووککردنەوەی پرسەکەیە بۆ خزمەتکردن بە لایەنێک، گروپێک یان تەنانەت کەسێکی دیاریکراو، داماڵینیەتی لە ڕەهەندێکی گشتی و پرسێکی هەمووان، کە خەمی هەموو تاکێک بێت لە هەر شوێنگە و بەرپرسیارێتییەکەوە کە کاری بۆ بکات، ئەوانەی لە ململانێی هەڵبژاردندا پرسی ئەنفال بەکار دەهێنن، هەرگیز بۆیان گرنگ نییە چەندە ئەم پرسە بچووک دەکەنەوە، ئەوەی بۆیان گرنگە چۆن لە ململانێکەدا بە هۆی ئەو پرسەوە سەر بکەون و دەزانن بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کاندید و دەنگدەران هەبێت و خەڵک دەنگ بەوانە بدەن کە خۆیان هەڵدەبژێرن پێویستە ڕایەڵێک لە سۆز و بابەتی ویژدانی و بەزەیی دروست بکەن و بەمەیش خۆیان لە ناو دڵی دەنگدەراندا خۆشەویست بکەن.

### ٧-٧/١ حیزبایەتی:

حیزب زۆر جار لە سەر پیرۆزییەکانی خەڵک و نەتەوە و مرۆڤ دەژی، لە ڕێگەی ئەم پیرۆزییانەوە ڕەوایەتی بە کار و بەرنامەکانی خۆی دەدات، تراژیدیاکانی نەتەوەیش جۆرێک لە پیرۆزی و ڕەوایەتییان تێدایە و کەرەستەی گرنگن بۆ ڕاکێشانی سۆز و هەستی ئەوانی تر، بۆیە ئەم جۆرە بەکارهێنانانە هەر لە بنەمادا ناتەندروست و نەشیاون، چونکە بەرنامە و کار و پلانی حیزب دەبێت خۆیان بە هێزی ناوەکی و ڕاستودروستیی خۆیان، خۆیان بسەلمێنن، هێزی خۆسەلماندنیان لە هاوچەرخێتی و ڕوونی لە خزمەت بە خەڵک و مرۆڤدۆستیی لە تیۆر و خزمەتکردن لە پراکتیکدا وەربگرن، نەک لە سەر پیرۆزییەکانی خەڵک و نەتەوە و ئایین و... هتد بژین. بە دڵنیاییەوە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی پرسی ئەنفال لە کار و تەکتیک و ستراتیژی حیزبایەتیدا ناشیرین و نامرۆیییانەیە و زیانگەیاندنە بە پرسەکە.

### ٨-٧/١ پاككردنەوەی ڕابردووی خراپ:

بەكارهێنانی پرسی ئەنفال وەک تراژیدیایەک لەوەوەیە، كە هەمیشە تراژیدیا دیوێكی مرۆڤایەتیی هەیە، هەمیشە قوربانییەكانی ناوی پاک و بێ گوناهن، ئەو سیفەتانەی پرسی ئەنفالیش وەک ڕووی مرۆڤانە و پاكی و بێ گوناهیی قوربانییەكانی، دەسەڵاتێک یان چەكێكی ڕەمزی دەدات بەوانە تا خۆیان وەک مرۆڤدۆست و پاک و بێ گوناهـ نیشان بدەن، یان بڵێن هەر لە بنچینەدا وەهان و مشتومڕ هەڵ ناگرێت، ئەم دۆخەیش وا دەكات ئەوانەی بیانەوێت ڕابردووی خراپی خۆیان بسڕنەوە، یان لە بەر چاوی ئەوانی تر لای ببەن و نەهێڵن ببینرێت، دێن و ئەم پرسە بەكار دەهێنن، بە نووسین و دروشم و وتاری ڕاگەیاندن و لێدوانی ئەملاولا و گوتاری جەماوەریی بەرگریی بێ كردار و دروشماوی لە پرسی ئەنفال دەكەن، دەیكەن بە وێردی سەر زاریان و پەیتاپەیتا لە بۆنەكاندا دەیڵێنەوە، ئەمەیش تەنها بۆ پاككردنەوەی ڕابردووی خۆیان و سڕینەوە و نەهێشتنیەتی لە بەر چاوان.

## پاری هەشتەم: ئەنفال و كاردانەوەكانی:

كاركردن لە سەر ئەنفال چ وەک پرسێكی سیاسی و وەک كەیسێک لە سەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە یان چ وەک پرسێكی كۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و... هتد، بێت، بە نووسین بێت یان بە وتاری ڕۆژنامەگەری و كاری مێدیایی، یان بە چالاكیی مەدەنیی و كاری ڕێكخراوەیی و مرۆیی و یاسایی، كۆمەڵێک كاردانەوە و دەركەوتەی دەبێت، كاردانەوەكانی جۆراوجۆر دەبن و هەندێكیان باش و هەندێكیان خراپ دەبن، هەندێكیان زیان لە پرسەكە و هەستی قوربانییان و مرۆڤدۆستان دەدەن و هەندێكی تریان دەچنە خزمەت كەیسەكە و لە ئازار و زام و كۆڕانەكانی قوربانییانی زیندوو و كەسوكار و نەوەكانیان نزیک دەبن، كە لێرەدا بە كورتی بۆ خۆلادان لە دووبارەكردنەوەی باسكردنەوەی ئەوانەی گوتراون بە كورتی لە چەند دانەیەكیان دەدوێین:

### ١-٨/١ كاردانەوەكانی لە سیاسەتدا:

ئەنفال بە دڵنیاییەوە پرسێكی سیاسیی گرنگە و ڕووداوێكی سیاسییش بووە و ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت ئەوەیە چۆن ئەو پرسە سیاسییە دەجووڵێنرێت و سیاسەتمەدارەكانی كێن و، بە چ میتۆدێكی سیاسییانە كار لەگەڵ ئەنفالدا دەكەن، لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە بە بیانووی كاری ناشیرینی سیاسەتمەدارەكانەوە، ئەم پرسە لە سیاسەت نەخرێت و تەنها نەكرێتە پرسێكی مرۆیی و خێرخوازی و نەكرێتە مەیدانێک تەنها بۆ توێژینەوەی ئەدەبی و دەروونی و

ئابووری... هتد، له‌ په‌یوه‌ندیی ئه‌نفال و سیاسه‌ت یان کارکردنی ئه‌نفال له‌ ناو سیاسه‌تدا گرنگه‌ ڕه‌چاوی ئه‌م خالانه‌ی لای خواره‌وه‌ بکرێت:

أ- زۆر جار ئه‌نفال له‌ ناو سیاسه‌تدا وه‌ک هۆکارێک بۆ تووڕه‌یی لێی ده‌ڕوانرێت، ئه‌مه‌یش وه‌ک جۆرێک له‌ کاردانه‌وه‌ی خراپ له‌ به‌کارهێنانی ئه‌نفال داده‌نرێت، چونکه‌ تووڕه‌یی سیاسه‌تێکی کاتی و تێپه‌ڕ و زوو هه‌ڵچوو ده‌سازێنێت، که‌ ته‌نها جۆرێک له‌ توندڕه‌وی و ڕق له‌ ئاست ئه‌وانی تر (عه‌ره‌ب، ئایین، حکوومه‌تی تر و دونیا)دا دروست ده‌کات، نه‌ک گۆڕانی پرسه‌که‌ و ڕاکێشانی به‌ره‌و دۆخی باشتر، تووڕه‌یی له‌ سیاسه‌تی کارکردن بۆ پرسی ئه‌نفال، واته‌ بیرنه‌کردنه‌وه‌ و قووڵ کار نه‌کردن له‌ ناو پرسه‌که‌دا، که‌ سه‌رئه‌نجام بۆ ماوه‌یه‌کی زۆر وه‌ک خۆی یان خراپتر له‌ دۆخی خۆی ده‌یهێڵێته‌وه‌.

ب- زۆر جار به‌ ناوی کاری مرۆیی و خێرخوازی و گۆڕینی پرسی ئه‌نفالکراوان و قوربانییان بۆ بابه‌تی داواکاریی ژیانی شاییسته‌ و خزمه‌تگوزاری و مووچه‌ و شوێنی ژیان و... هتد، پرسی ئه‌نفال له‌ سیاسه‌ت ده‌خرێت، له‌ سیاسه‌تخستنی هه‌ر شتێک خۆی له‌ خۆیدا سیاسه‌تێکی ئه‌و سیاسییانه‌یه‌ که‌ خۆیان له‌ به‌رپرسیارێتیی ده‌دزنه‌وه‌ و ئه‌ستۆی خۆیان له‌ هه‌موو گوناهـ و تاوانێک پاک ده‌که‌نه‌وه‌ و پرسه‌که‌ به‌ لاڕێدا ده‌به‌ن و هه‌ندێ جاریش بازرگانیی پێوه‌ ده‌که‌ن و دۆخێکی وا دروست ده‌که‌ن، که‌ که‌س ئاره‌زوو و ئومێدی به‌ کارکردن نه‌بێت تێیدا.

پ- سیاسه‌ت دوو دیوی هه‌یه‌، هه‌م توانای گۆڕینی جیهانی هه‌یه‌ و هه‌م توانای هێشتنه‌وه‌ی، هه‌م ده‌توانێت خراپتری بکات و هه‌م باشتر، به‌کارهێنانی ئه‌نفال وه‌ک پرسێکی سیاسی، ده‌که‌وێته‌وه‌ سه‌ر سیاسه‌تمه‌داره‌کانی. ئه‌وه‌ی ده‌بینرێت که‌متر له‌ واقیعی ئه‌نفالدا سیاسه‌ت باشترکردنی ژیانی قوربانییانی زیندوو و نه‌وه‌ و که‌سوکاریان بووه‌ و به‌ ئاسته‌م هه‌لومه‌رجی ژیانیانی له‌ ترس و چاوه‌ڕوانی و کێشه‌ی ده‌روونی و یاسایی و ئابووری گۆڕیوه‌، بۆیه‌ ده‌توانین بڵێین سیاسه‌تمه‌داران پرسی سیاسیی ئه‌نفالیان بۆ هێشتنه‌وه‌ی ئازار و مه‌ینه‌تییه‌کانی قوربانییان به‌کار هێناوه‌.

ت- به‌کارهێنانی پرسی ئه‌نفال له‌ ناو سیاسه‌تدا پێویست بوو به‌ ڕه‌خنه‌گرتن له‌ سیاسه‌تمه‌داره‌کانی ده‌ست پێ بکات، سیاسه‌ت خۆی ڕه‌خنه‌ی سیاسییه‌ له‌ سیاسه‌تمه‌داره‌کانی بۆ دروستکردنی کاریگه‌رییه‌کی دیالەکتیکی و گۆڕین و به‌ره‌وپێشچوونی دۆخی سیاسی و ژیانی خه‌ڵک، نه‌ک بوونی پرسێکی سیاسی وه‌ک ئه‌نفال یان هه‌ر پرسێکی تر به‌ دارده‌ست و ئامرازی دڵخوازی سیاسه‌تکردنی خۆیان و چۆنیان بوێت به‌و شێوه‌یه‌ هه‌ڵی بسووڕێنن.

ج- به‌کارهێنانی که‌یسی سیاسیی ئه‌نفال له‌ سه‌ر ئاستی ده‌ره‌وه‌ و وڵاتانی جیهان، زیاتر بۆ له‌ سیاسه‌تخستنی که‌یسه‌که‌ بووه‌ ئه‌ویش به‌وه‌ی پرسه‌که‌ کراوه‌ به‌ بابه‌تی مرۆیی و بۆ سه‌رنجڕاکێشانی ئه‌وانی تر و جووڵاندنی سۆز و به‌زه‌ییان بووه‌ به‌ لای دۆخی قوربانییان و سه‌ختیی ژیانیان، له‌ دوا جاردا ئه‌وه‌یش بازرگانیکردن به‌ که‌یسه‌که‌ی لێ که‌وتووه‌ته‌وه‌.

## ٢-٨/١ کاردانەوەکانی لە میدیاکان:

چ لە سەردەمی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال و چ لە سەردەمی دوای پرۆسەی ئەنفالدا، لە میدیای بیستراو و بینراو و نووسراودا پرۆسەی ئەنفال ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی هەبووە. لە سەردەمی ڕوودانی ئەنفالدا یان ڕاستەوخۆ دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەکە لە ڕۆژنامەکانی حکوومەتی عێراقدا باس لەو پرۆسەیە کراوە و شانازیی بە سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق لەو پەلامارە کراوە، ڕۆژنامەکانی عێراقی ئەو سەردەمە لەوانە (هاوکاری) کە بە کوردی دەردەچوو، (الثورە)[٧٦] یش بە عەرەبی دەردەچوو، هەر دووکیان چەندین (هەواڵ، ڕاپۆرتەهەواڵ، بروسکە، چاوپێکەوتن، وتار و سەروتار) یان لە سەر پرۆسەکانی ئەنفال بڵاو کردووەتەوە، بروسکە و پیرۆزبایی سەرکەوتنی ئەو شاڵاوانەیان بڵاو کردووەتەوە و، چەندین چاوپێکەوتنیان لەگەڵ: جاش، موستەشار، سەربازی عێراقی، سەرکردەی سەربازی، کەسایەتی سیاسی و تەنانەت خەڵکانی ئاساییدا ساز داوە و پەخشیان کردووە و بە شێوەی وەسف و زانیاری و پێداهەڵگوتن باسیان لە پرۆسەی ئەنفال کردووە، بێ گومان بەشێکی ئەم کارە ڕۆژنامەوانییانە لە میدیای بیستراو و بینراو (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن)ی عێراق بڵاو کراونەتەوە، بەڵام میدیای جیهانی لەو سەردەمەدا پێ ناچێت هیچی لە سەر ئەو پرۆسەیە بڵاو کردبێتەوە، لە بەر ئەوەی ئەو سەردەمە پرۆسەی ئەنفال وەک کەیسێکی تاوان نەگەیشتبووە سەر مێزی هیچ دادگا و ڕاگەیاندنێکی جیهان تا بە شێوەیەک لە شێوەکان باس بکرێت و ڕەنگ بداتەوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی کوردی باشووری کوردستان و دەرکەوتنی میدیای نووسراو بیستراو و بینراو هەر زوو پرسی ئەنفال بووە بابەتی ڕۆژنامەوانی و میدیا، بەڵام ئەم کارە بێجگە لە کێشە لە ڕوانینی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی کورد بۆ پرسی ئەنفال، خودی گرفتەکانی میدیا و ڕاگەیاندنی کوردی زەمینە و هۆکاری خراپیی دەرکەوتنی پرسی ئەنفال بوون لەم ڕاگەیاندنەدا کە لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ چەند خاڵێک دەکەین:

أ- عەقڵی ڕۆژنامەوانیی کورد، هۆکاری ڕۆژانە و کتوپڕی بۆ دیاردەکان دادەنا و ڕاستییە زوو تێپەڕ و خێرا بینراوەکانی وەک دوا ڕاستی و تەنها هۆکاری حەقیقی پەخش دەکرد، بۆیە بەم شێوەیە پرسی ئەنفالی لە خوێندنەوەی تیۆری و تەئویلی قووڵ دوور خستەوە.

ب- ڕاگەیاندنی کوردی لە ئاست پرۆسەی ئەنفالدا کەمتر یان نزیک لە هیچەوە کاری لە سەر بونیادی سەرهەڵدانی ئەنفال و زەمینەی کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ڕووداوە کرد، سیستم و کۆی فەزای گشتیی نەبینی، تەنها لە ئاستی ژمارەکان و

---

[٧٦]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ئەسعەد جەباری، ئەنفال لە میدیاکانی بەعسدا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٤٤.

چۆنێتیی ڕووداوەکە و قۆناغەکانی پەلامار و بکەرەکانی و ئەو شتانەی تێیاندا بەکار هات، کاری کرد.

پ- ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕێگەی کاری تەقلیدی و زۆر دووبارە و سادە و ڕووکەشانەوە، ئەو سام و ترسەی لە جەوهەری پرۆسەکەدا هەبوون، هێوری کردنەوە، بە هۆی بەردەوام پەخشکردن و کارکردن لە یەک ئاست و خوولانەوە لە یەک بازنەدا و بێ قوولبوونەوە، کارەسات و تراژیدیاکانی لە شۆک و هەژان خاڵی کردەوە.

ئەمانە و چەندین کەموکوڕیی تر لە میدیای کوردیدا کە نەیتوانیوە پرسی ئەنفال لە ئاستی ناوخۆ بەرەو ساڕێژکردنی برینەکان و ناساندنی زەمینەی ڕوودانی بەرێت، لە ئاستی دەرەوەیش نەیتوانیوە ئەم پرسە وەک کەیسی جینۆساید بە دونیای بناسێنێت و سەرنجی دونیای بە لادا ڕابکێشێت، بەڵام میدیای جیهانی تا لە دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراق لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و، دوای ئەو کاتەی ئەنجومەنی کاتیی بەڕێوەبەردنی عێراق دروست کرا و ئەم ئەنجوومەنەیش لە ٨ی ئازاری ٢٠٠٤ دا دادگای باڵای تاوانەکانی لە عێراقدا دامەزراند، کە ئەم دادگایە بۆ دادگاییکردنی بەرپرسانی باڵای حیزبی بەعس بە تاوانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی دامەزرا، تاوانی ئەنفالیش یەکێک بوو لەو دۆسێیانە و بە هۆی ئەم دادگاییکردنەوە پرسی ئەنفال کەوتە بەر چاوی میدیای جیهانی و لە جیهاندا ئەنفال وەک تاوانێکی گەورە کە حکوومەتی عێراق دژی کورد ئەنجامی دا، بیسترا.

### ٣-٨/١ هەڵوێستی ڕۆژانە:

هەڵوێستی ڕۆژانە بووە بە دیاردەیەکی ڕۆژانە و زۆر کەس و ڕۆشنبیر و سیاسی و خاوەنی پیشەی تر لە ئاست هەموو ڕووداو و پرسەکاندا کردوویانەتە دیفاکتۆیەک و دۆخێکی دەروونی و فشارێکی عەقڵییان دروست کردووە کە هەر دەبێت هەموو کەسێک، بە تایبەت ئەوانەی سیاسیین، یان ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندنکار و کەسایەتیی دیارن، هەر دەبێت لە سەر ئەو دیاردە و ڕووداوەی لە ئارادایە شتێک بڵێن یان بنووسن و هەڵوێستی خۆیان دەر بخەن، ئەنفال وەک پرسێکی سیاسی کە زەمینەی ڕوودانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و... هتد، بووە و بۆ تێگەیشتن لێی خوێندنەوەی تیۆری و تەئویلی قووڵی دەوێت، بێ گومان هیی ئەوە نییە، تەنها بە ڕستەیەکی سادە و بێ قووڵایی و تەنها بە وتار و ڕاگەیاندنی بۆچوونێکی ساکار مرۆڤ پاڵی لێ بداتەوە و هەست بە ویژدانێکی ئاسوودە بکات، کە ئەرکی خۆی لە بەرامبەر ئەم پرسەدا بە جێ گەیاندووە و ئەوەی لە سەری بووە کردوویەتی، دەربڕینی هەڵوێست وەک پیشەیەکی ڕۆژانەی زۆر کەس لە ئاست پرسی ئەنفالدا کۆمەڵێک گرفتی هەڵگرتووە، لەوانە:

أ- هەڵوێستوەرگرتن و بەردەوام دووبارەبوونەوەی لای ڕۆشنبیر و سیاسی و کەسایەتییە ئەکادیمییەکانی کورد و دەرکەوتنی لە پانتاییی ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی ترەوە، جێگەی بە چالاکیی فیکری لێژ کردووە و بە جۆرێک خۆی وەک کارێکی مەعریفی و ڕۆشنبیریش ناساندووە.

ب- هەڵوێستوەرگرتن زیاتر بۆ ڕەزامەندیی وەرگرتنە لە لایەن ئەوانی ترەوە، واتە فشارێکە دەروونی و دەرەکییە بۆ ئەوەی ئەوانی تر ئەو کەسە پەسەند بکەن، واتە هەڵوێست وەرگرتن جیهانبینییەکی قووڵی لە پشت نییە، گوزارشت لە بیرکردنەوە و ڕامانی گرنگ ناکات.

### ١/٨-٤ دروشم:

دروشم ڕاگەیاندنی جۆری بیرکردنەوەی لایەنێکی دیاریکراوە، پرۆسەیەک نییە کە تاک خۆی پێی هەڵسێت، بەڵکوو بەیانکردنی جۆری ئایدیای لایەن، حیزب، ناوەند، حکوومەت و ڕێکخراوە و... هتد، پرسی ئەنفال زۆر جار لە چوارچێوەی دروشمەکاندا دەردەکەون و دەخرێنە ڕستە دروشماوییەکانی گروپ و لایەن و حکوومەت و حیزب و... هتد، ئەو ڕستانە زۆر جار بە شێکی زۆر پرسەکە بەیان دەکەن و کێشەکان دەخەنە بەر دیدە و گوێ، هەندێ جار، داوای دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەکەن، داوای هێنانەوەی ڕووفاتی ئەنفالکراوان دەکەن، چاککردنی ژیانی قوربانییانی زیندوویان دەوێت، دەیانەوێت مووچە و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دابین بکرێت، هانی ناوەندە بەرپرسەکان دەدەن پرسی ئەنفال وەک کەیسی جینۆساید بە جیهان بناسرێت، داوای کۆنفرانسی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دەکەن بۆ ئەو مەبەستە، داوا دەکەن گوندەکان ئاوەدان بکرێتەوە، تاوانبار و سەرۆک جاشەکان دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، ئەنفال وەک وانەیەکی خوێندن بە منداڵانی کورد بدرێت، لە زانکۆکان بەشی تایبەت بەو پرسە بکرێتەوە، کۆمەڵناسان و دەروونناسان کاری گرنگی لە سەر بکەن، بەردەوام کتێب و توێژینەوەی لە سەر بەرهەم بهێنرێت و بۆ زمانەکانی جیهان وەربگێڕرێن، مۆزەخانە و مۆنۆمێنتی شیاوی بۆ دروست بکرێت، فیلمی سینەمایی لە سەر بەرهەم بهێنرێت و تێکستی ئەدەبیی گەورەی لە بارەوە بنووسرێت، ئەمانە و چەندین دروشمی تر، بەڵام دروشمەکان ئەوانیش کۆمەڵێک کێشەیان هەیە:

أ- دروشم زیاتر لە قسەی بێ کردار دەچێت، ئەوەی بەیان دەکرێت بۆ ئەوانی تر نیشان دەدرێت، واتە لایەنێک، گروپێک، حیزبێک... هتد، ڕستەیەکی دروشماویی ڕادەگەیەنێت، خۆی وا دێتە بەر چاو کە ئەرکی خۆی بە جێ گەیاندوە و ئەوە ئەوانی ترن کە دەبێت ئەو کارە بکەن، بۆیە دروشم بە زۆری لە ناو ڕستەیەکی بەیانکراودا دەمێنێت و هەر دەگوترێت و دەگوترێتەوە و نابێت بە کردار.

ب- دروشم سیفەتی بێ قووڵبوونەوە و لێپێچینەوەی هەڵگرتووە، تەنها لە ڕووکارێکی سادە و سەرپێییدا ئاماژە بۆ شتێک دەکات و بەدواداچوون ناکات، بۆ نموونە کاتێک لە سەر لافیتەیەک دەنووسرێت: پێویستە تاوانبارانی کەیسی ئەنفال دادگایی بکرێن و سزا بدرێن، خاوەن دروشمان ناپرسن و بە شوێن ئەوەدا ناچن، کێن تاوانباران، لە کام دادگا، دادگایی بکرێن و کێ سزایان بدات.

پ- دروشم ڕۆڵی سادەکردنەوە و ئاساییکردنەوەی کارەسات و تراژیدیاکان دەبینێت و وەک ڕووداوێک کە شۆک و سەرسامی هەڵناگرێت دەخاتە بەر چاوی هەمووان.

ت- هەندێ جار دروشم ڕۆڵی دەبێت لە سواندن و ناوزڕاندنی کەسێک یان پرسێکی گرنگ، لەبەر ئەوەی ئەوانەی ئەو دروشمانە بەرز دەکەنەوە، بە شێوەیەک خۆیان لە بەر چاوی ئەوانی تردا دزێون بۆیە پرسەکەیش دزێو دەکەن و لە بەر چاوی خەڵکی دەخەن.

# بەشی دووەم
# کاردانەوەی ئەنفال لە ئەدەبدا
# (تێڕوانینێکی ڕەخنەیی)

## بەشی دووەم:
## کاردانەوەی ئەنفال لە ئەدەبدا (تێڕوانینێکی ڕەخنەیی)

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی خێرا و بە میتۆدێکی ڕەخنەیی، بە سەر بەشێک لەو تێکستە ئەدەبییانەدا بچینەوە، کە لە ناو پانتاییی ئەدەبی کوردیدا، لە ژێر کاریگەریی ئەنفالدا بەرهەم هاتوون و بەرهەمهێنەرانی بۆ ئەنفال و تەعبیرکردن لەو تراژیدیایە، ئەو کار و تێکستە ئەدەبییانەیان دروست کردووە و بەرهەم هێناوە.

ئەدەبی کوردی بە هەموو بەشە سەرەکییەکانییەوە، بە هەموو توانا و وزە و دەرکەوتەکانەوە و بەشێکی زۆریان بە پانتاییەکی زۆر ڕەنگدانەوەی خۆشی و ناخۆشی، ئازار و پێکەنین، پرسە گرنگ و کێشە وجوودییەکانی مرۆڤی کورد بووە، بە پێی توانای مەعریفی و تێگەیشتن لە ئەدەب و هونەر و هێزی بەکارهێنانی چەمک و میتۆد و ڕێبازە ئەدەبییەکان و ئاگاداربوون لە داهێنان و کارە ئەدەبییەکانی دونیا، هەروەها بە پێی ئاستی کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو دۆخانەوە و چۆنێتیی وەرگرتن و تێکەڵاوبوون و خۆنوێکردنەوەی لە بەر تەوژم و ڕەوتی ئەدەبی سەردەم، یان ڕاستتر ئەو برە لە ئەدەب و ئەو پانتاییە لە بەرهەمی ئەدەبیی سەردەم کە پێی ئاشنا بووە و کەوتووەتە بەر دید و گوێی، ئەم ڕەنگدانەوەیە و چۆنێتی و ئاستی دەرکەوتووە و لە ناو ئەم ئەدەبە و لە پانتاییی لقە جیاجیاکانیدا و خۆشی و ناخۆشی، ئازار و پێکەنین، ڕووداو و پرسە گرنگ و کێشە وجوودییەکانی مرۆڤی کورد دەرکەوتوون، بۆیە پێش ئەوەی بزانین ئەم ڕەنگدانەوانە چۆن بوون و ئەم پرسانە چۆن لە ڕووبەری ئەدەبدا بەکار هێنراون، یان گوزارشتیان لێ کراوە، سەرەتا پێویستە بزانین ئاستی ئەم ئەدەبە و بەشە جۆراوجۆرەکانی و ئەو دۆخەی تێیدایەتی چۆنە و تواناییەکانی بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبیی دونیا و داهێنان چۆن بووە، هەروەها ئەوەیش بکەینە ئاوێنەیەک یان دەروازەیەک تا بزانین و تا ڕادەیەک بۆمان ڕوون ببێتەوە، چ تێگەیشتنێک لە هۆشیاریی تاکی کورددا بەرامبەر ڕووداو و کارەسات و پرس و کێشەکانی مرۆڤی کورد هەبووە و هەیە، ئینجا لێکۆڵینەوە لە ڕەنگدانەوەی ئەو پرس و کارەساتانە لە ناو دونیای ئەدەب بکەین.

لەم بەشەدا بە گشتی دەمانەوێت دۆخی ئەدەبی کوردی و سیما و خەسڵەتی ئەدەبی کوردی و ئامادەییی بۆ کارکردن لە سەر تراژیدیای ئەنفال نیشان بدەین. بێگومان کە باس لە دۆخی ئەدەبی کوردی و سیما و خەسڵەتی ئەدەبی کوردی دەکەین، مەبەستمان لە وێنەیەکی گشتی و سیمایەکی دیار و زاڵی ئەو ئەدەبەیە و ناکرێت بۆچوون و بڕیارەکانمان بە ڕەهایی لێک بدرێنەوە، چونکە دەکرێت لە ناو ئەم ڕووبەرە فراوانەدا،

تێکستی ئەدەبی هەبێت نەکەوێتە ژێر ئەم لێکدانەوە و بۆچوونانەوە، یان کاری ئەدەبی لە هەموو بەشەکانیدا هەبێت ئەو بڕیار و بۆچوونانەی ئێرە نەیانگرێتەوە و بە سەریاندا جێبەجێ نەبێت، بەڵام تەنها بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکەین، نەک یەک یەک هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو کارە ئەدەبی (شیعر، چیرۆک و ڕۆمان)یانە، کە تراژیدیای ئەنفال تێیاندا ڕەنگی داوەتەوە، یان ڕاستتر بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەنفال تێیاندا بەکار هێنراوە، یاخود ئەدیب و نووسەران ویستوویانە بە تێکستی ئەدەبی و بەرهەمەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، کار لە بارەی تراژیدیای ئەنفال و کاریگەرییەکانییەوە بکەن.

لەم بەشەدا بە شوێن ئەو پرسیارەدا دەچین، ئاخۆ ئەدەبی کوردی بە هەر یەک لە ژانرەکانی شیعر یان چیرۆک یان ڕۆمان یان هەر تێکستێکی ئەدەبیی تر بێت، چۆن تراژیدیای ئەنفالی خوێندوەتەوە، بە چ جیهانبینییەکەوە لەم ڕووداوەی ڕوانیوە، چۆن کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دەرئەنجامەکانی؟ بۆ گەڕان بە شوێن وەڵام یان وەڵامگەلێک بۆ ئەم پرسیارانە بە پێویستمان زانیوە لە سەر دوو ئاست کار بکەین، هەر یەک لەم ئاستانەیش پارێکی بۆ تەرخان دەکەین، واتە لێکۆڵینەوەکەمان بەم جۆرە دەکەین بە دوو پارەوە:

پاری یەکەم: ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی.
پاری دوەم: ئەنفال و ئەدەب (دیاریکردنی جۆری پەیوەندی).

سەرەنجامیش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، پێشتر دەمانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، کە دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی چۆنە و چۆن دەیەوێت کار لە تراژیدیای ئەنفالدا بکات؟ یاخود ئایا هەر لە بنەڕەتدا تەندروستە، ئەدەب کار لە ئەنفالدا بکات و تێکستی تایبەتی بۆ بەرهەم بهێنێت، یان پێویستە و دەبوو ئەدەبی کوردی لە ژێر کاریگەریی ئەنفالدا خۆی پێناسە بکاتەوە و تێکستەکانی بەرهەم بهێنێت؟ وەڵامدانەوەیش بەم پرسیارانە، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، وەڵامی پرسیارەکانی تری هەڵگرتووە.

بە پێویستیشی دەزانین، هەر لەم سەرەتایەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، زەمینەی لێکۆڵینەوە لەم بەشەدا و لە کایەی ئەدەبدا زیاتر واتاییە تاوەکوو ئەوەی بەرجەستە بێت، واتە کاتێک باسی ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی دەکەین، پتر لە ئاست تێگەیشتنماندا بۆ ئەو دۆخە کار دەکەین، بۆیە بواری ئەم لێکۆڵینەوەیە تیۆرییە و ڕووکارێکی گشتیی ئەدەبی کوردی دەردەخەین و پێگە و قورسایی لە ئاست تراژیدیای ئەنفال و جۆری کاریگەری و کاردانەوە و ڕەنگدانەوەکانی شی دەکەینەوە، هەروەها

بواری لێکۆڵینەوەکە لە دەستنیشانکردنی پەیوەندیی ئەدەب و ئەنفال هەر بریتییە لە بوارێکی وێنا و ئەندێشە و بیرکردنەوەی جیاواز، بەم پێیەیش جۆری پەیوەندیی ئەدەبی کوردی و ئەنفال دەستنیشان دەکەین. بەدڵنیاییەوە گرنگیی ئەم کارەیش لەوەدا دەبینینەوە، یاخود دەتوانین بە چەند خاڵێک ئاماژە بۆ هۆکارەکانی پشت توێژینەوە لەم بەشەدا بکەین:

١- بۆچی زۆربەی نووسەران و شاعیران سوورن لە سەر ئەوەی تێکستی ئەدەبی لە سەر بابەتی ئەنفال بەرهەم بهێنن، یان بە هەر جۆرێک بێت، دەیانەوێت ئەنفال لە تێکستێک یان چەند تێکستێکدا دەربکەوێت و ڕەنگ بداتەوە.

٢- ئەنفال وەک تراژیدیایەک بابەتێکی هەستیارە، بۆیە دەبێت بە هەستیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و پێویستە بە دروستی بزانرێت لە ئەدەبدا چۆن دەردەکەوێتەوە و چۆن کاری لەگەڵ دەکرێت، چونکە وەک دەبینین و لە توێژینەوەکەیشدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، زۆر جار ئەم دەرکەوتنەی ئەنفال لە ئەدەبدا کاریگەرییەکی نێگەتیڤی دەبێت.

٣- هۆکاری گرنگ لەم توێژینەوەیەدا ئەوەیە، ئەدەبی کوردی لە ئاوێنەدا خۆی ببینێت و دۆخی خۆی هەڵبسەنگێنێت و پاشان گوزارشت لە ئەنفال یان هەر تراژیدیایەکی تر بکات، چونکە ئەگەر خۆی گیرۆدەی کۆمەڵێک قەیران و گرفت و ناتەواوی ببێت، بێ گومان ئەو کات بە خۆدانیان لە تراژیدیاکان، دۆخی تراژیدیاکان خراپتر دەکەن و کارنەکردنیان لە کارکردنیان باشتر و تەندروستترە.

هێنانەوەی ئەو نموونانە و تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو تێکستە ئەدەبییانە، چ شیعر بێت یان چیرۆک بێت یان ڕۆمان، کە لە سەر بابەت و تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون و بڕیاردانی گشتییانە لە سەر تێکڕای ئەو بەکارهێنان و هێنانەئارایەی ئەنفال وەک ڕووداو و تراژیدیا لەم ڕووبەرانەدا.

بێگومان لە گۆشەی ئەو حەقیقەتە حاشاهەڵنەگرەوە، کە تا ئەم ساتەوەختە تێکستێکی بەرچاو و زۆر شایەن و هاوئاستی ئەو تراژیدیایە، لە ژێر کاریگەریی ئەم کارەساتەدا بەرهەم نەهێنراوە و تراژیدیای ئەنفال زۆر لەوە تاڵتر و مەرگەساتترە کە بەو شێوە و بەو پێگەیەوە لە ناو ئەدەبی کوردیدا دەربکەوێت کە هەیە و دەیبینین، تەنانەت ئەو وێنە سادە و ساکارەی ئەم تراژیدیایە لە ناو تێکستەکانی ئەدەبی کوردیدا هەیەتی، وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، وامان لێ دەکات ڕێبازێکی ڕەخنەیی وەک میتۆدێک بۆ خوێندنەوەیان و بەدواداچوونی پرسیارەکەی خۆمان بگرینە بەر، بەو هۆیەوە تێڕوانینی ڕەخنەیی لەم بەشەی توێژینەوەکەدا بگرینە بەر. ئەمەی دەیڵێین تەنها لای ئێمە وەک ڕاستییەک جێگیر نییە و هەر ئێمە بڕوامان پێی بێت، بەڵکوو زۆربەی ئەدیب و

نووسەرانی کورد بە هەمان شێوە بیر دەکەنەوە و بڕوایان بەو ڕاستییە هەیە و چ بە تێکستی ئەدەبی بێت، یان گفتوگۆ و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانییەکاندا بێت، پێیان وایە ئەو تێکست و کارە ئەدەبییانەی تا ئێستا بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم هاتوون یان ئەنفالیان وەک کێشەیەک دەرخستووە، لە ئاست گەورەیی و سەنگی ئەو تراژیدیایەدا نیین و نەبوون و ئەوەی بەرهەمیان هێناوە گۆشەیەکی زۆر بچوکی ئەنفالیش دەرناخەن. شێرکۆ بێکەس لە چەند شوێنێکدا بە شیعر ئەم ئایدیایەی بەیان دەکات، بە بێ ئەوەی لە خاکەڕاییەوە بێت یان لە بچوککردنەوەی ئەزموونی شیعری خۆیەوە بێت وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر لە شیعرێکدا دەڵێت:

**(هەر جارێ ئەنفال ئەبینم،**
**خەرەندەکانی برینی**
**چەندە قووڵن و**
**شیعری منیش چەند تەنک و**
**چەند بچووکن،**
**ئەوسا ئیتر**
**ئەوق ئەبم و**
**لاڵ ئەبم و**
**بە خۆم ئەڵێم: کوا شاعیرم!)**[٧٧]

دیسان هەر شێرکۆ بێکەس زیاتر لە سەر ئەو بۆچوونەی سوورە و لە پارچە شیعرێکی تر بە ناوی (خەڵکی جەهەننەم!) لە دیوانێکی تریدا دەنووسێت:

**(من نازانم**
**چی لەو هۆنراوانە بکەم**
**بۆ خۆیان تا بڵێی جوانن**
**((جوانی بێ ناو))، ((ست فاتیمە)) و ((پەری خان))ن**
**بەڵام یەک وشەی زمانی**
**ڕۆژی حەشری مەملەکەتەکەی ئەنفال و**
**میللەتی ((نوگرە سەلمان)) و**
**خەڵکی جەهەننەم نازانن!)**[٧٨]

---

[٧٧]- شێرکۆ بێکەس، خێراکە... مردن خەریکە بگات، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٥٨.

[٧٨]- شێرکۆ بێکەس، هەست و نەست، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٩٠.

بەڵام ئەوەی لێرەدا و بۆ کارەکەی ئێمە کێشەیە و وەک ناتەواوییەک دەردەکەوێت، ئەوەیە کە بە هۆی کەمیی بوار و سنووردارییی پانتاییی نووسینەوە، ناتوانین زۆر لە لایەنی تیۆری دەربچین و بیرکردنەوە و ڕەخنەکان بە نموونەی زۆر و فراوانی ئەدەبی دەوڵەمەند بکەین و تەواوی ئەو تێکستانە یان بەشێکی زۆر لەو تێکستانە وەک بەڵگە وەربگرین، هەروەها خاڵێکی تریش کە گرفتە لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا ئەوەیە، لەم باسەدا زیاتر بە شێوەیەکی گشتی، دۆخی ئەدەبی کوردی هەڵدەسەنگێنین و هەر بە شێوەیەکی گشتییش ئاستەکانی پەیوەندیی ئەم ئەدەبە لەگەڵ تراژیدیای ئەنفالدا دیاری دەکەین، بۆیە هەر کارێکی ناوازە یان هەر تێکستێکی خەسڵەتجیاواز، بۆ خۆی درزێک دەخاتە نێو بۆچوونەکانمانەوە و ڕەنگە لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی ئەم بەشەی توێژینەوەکەدا نەیەتەوە و ئەو بۆچوونانەی ئێرەیان بە سەردا نەسەپێنرێت.

وەک ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم توێژینەوەیە لەم بەشەدا و بە تایبەت لە کایەی ئەدەبدا بۆ دوو پار پۆلێن کراوە، لە پاری یەکەمدا، لە ژێر ناونیشانی (ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی) تایبەتمەندییە سەرەکییە دیارەکانی ئەدەبی کوردی دیاری دەکەین و نیگایەکی ڕەخنەییی تێ دەگرین، لە پاری دووەمیشدا لە ژێر ناوی (ئەنفال و ئەدەب: دیاریکردنی جۆری پەیوەندی) باس لەو جۆرانەی ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی ئەنفال لە ناو تێکستی ئەدەبیی کوردیدا دەکەین، بەم هۆیەیشەوە جۆری پەیوەندیی ئەدەبی کوردی و تراژیدیای ئەنفال دیاری دەکەین.

ئەو دوو پارەیش لەم بەشەدا بۆ دەرخستنی کاردانەوەی ئەنفال لە تێکستی ئەدەبی کوردیدایە ئەو ئامانجەی کە بۆی تێکۆشاوین، کە بریتییە لە ڕەخنەگرتن لە هەڵە ڕەنگدانەوە و بەکارهێنانی ڕووداو و بابەتی تراژیدیای ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا، بێ گومان ئەویش لە پێناو دروستکردنی جۆرێک پەیوەندیی دروست لە نێوان ئەدەب و ئەنفالدا و دۆزینەوەی میتۆدی تازە و جیهانبینیی دەوڵەمەندتر بۆ تێڕوانین لە ئەنفال و خوێندنەوە و گوزارشتلێکردن، لێرەیشدا دەچینە سەر هەر یەک لەو پارانەی تایبەتن بە تێگەیشتن لە دۆخی ئەدەبی کوردی و پەیوەندیی بە ئەنفالەوە:

## پاری یەکەم: ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی

لە سەرەتای ئەم پارەوە لەو پرسیارەوە دەست پێ دەکەین، بۆچی زۆربەی ئەدیبان (شاعیران، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان) سوورن لە سەر ئەوەی تێکست بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم بهێنن؟ بۆچی کردوویانە بە مەرج و تەنانەت ناچاری لە سەر خۆیان، کە دەبێت هەریەکەیان یان زۆربەیان، بە تێکستێک (شیعر، چیرۆک و ڕۆمان)

یان زیاتر، بەشداریی لە یادکردنەوەکانی ئەنفالدا بکەن، یان خۆیان بخەنە ڕیزی ئەوانەی کە وەفایان بۆ ئەنفال و قوربانییان هەبووە و پێیان وایە ئەرکی سەرشانی خۆیان بە جێ هێناوە و قەرزێکی ویژدانی و مرۆیی و نەتەوەییان لە سەر شان بووە و بەو کارە ئەدەبییانە ئەو واجیبەیان جێبەجێ کردووە و ئەو قەرزەیان داوەتەوە. دیسان دەگەڕێینەوە سەر بۆچوونی یەکێک لە هەرە دیارترین فیگەرەکانی ئەدەبی کوردی سەردەمی ئەنفال و دوای ئەنفال، کە ئەویش شێرکۆ بێکەسە، ئەم شاعیرە جارێک لە بۆنەیەکدا، کە یادی پانزە ساڵەی ئەنفال بوو، دەنووسێت: (لێرەدا من ڕووی دەمم لە چیرۆکنووسە بەهرەدارە بەتواناکانمانە، ئەوە پازدە ساڵە کارەساتی هۆلۆکۆستی کورد "ئەنفال"، دۆزەخی ئەم دونیا، ڕووی داوە. لەو ئەنفالەوە مێژووی ئێمە بوو بە مێژوویەکی تر. ئەنفال مرۆڤی کوردی گەیاندە سەحرای عەدەمی بەر لە قیامەت! ئەم قیامەتەی ئەنفال، تا ئەمڕۆ لە ناو چیرۆکی کوردیدا چیی کردووە؟! چیی بۆ نووسراوە؟! بەڕاستی ئەمەیش هەر کارەساتە، چیرۆکنووسانی میللەتی ئەنفال، چیرۆکیان بۆ ئەنفال نەبێت!)[٧٩]

بێگومان ئەمە هەر شێرکۆ بێکەس نییە، بەڵکوو زۆر نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و سیاسی و کەسانی تایبەتمەند لە کایە زانستی و مرۆییەکانی تر و تەنانەت خەڵکانی تریش، کە کاریان بە سەر هیچ کایەیەکی نووسین و پسپۆڕییەوە نییە، لە پاڵ کارەساتی ئەنفالدا، نەبوونی چیرۆک، یان هەر نووسین و کارێکی ئەدەبی تر بۆ ئەنفال بە کارەساتێکی تر دەزانێت سەرەڕای قورسیی تراژیدیاکە خۆی، ئەمەیش گلەییی ڕاستەوخۆ و لە هەمان کاتدا پاڵنەرە بۆ نووسەران، خەڵکانی پسپۆڕ لە بوارەکانی تردا، تاوەکوو تێکستی ئەدەبی یان کاری تر لە سەر ئەنفال بەرهەم بهێنن، بێگومان ئەم گلەیی و پاڵنەرەیش سەرەنجام بەرەو ئەوە دەڕوات، نووسەران و پسپۆڕانی ئەو کایانەی تر، خۆیان بخەنە دۆخێکی پێویستی و ناچاری و تەنانەت ئیجبارییەوە و لە ڕووی دەروونییەوە گوشارێکیان لە سەر بێت، کە هەر دەبێت لە سەر تراژیدیای ئەنفال بە هەر جۆر و ئاستێک بێت، تێکستی ئەدەبی یان هەر کار و بەرهەمێکی تریان هەبێت.

یەکێک لەو هۆکارانەی باسمان کرد، کە وای کردووە زۆربەی ئەدیبانی کورد، تێکستی ئەدەبیی کوردیی تایبەت بە ئەنفال دابنێن، ئاسوودەکردنی ویژدانی خۆیانە، پێیان وایە بە تێکستێکی ئەدەبی دەتوانن ویژدانی مرۆڤانەی خۆیان ئاسوودە بکەن و بێ هەستی شەرمەزاری بژین و چیتر لە ئاست ئەو تراژیدیایەدا خۆیان بە کەمتەرخەم نەزانن، ئەوان بەمە وای دادەنێن، ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێ کردووە، بەڵام

[٧٩]- شێرکۆ بێکەس، چەند پەیڤێک دەربارەی چیرۆکی کوردی، گۆڤاری ئایندە، ژمارە ٤٩، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٢٣.

پێویسته بپرسین: ئاسوودەنەبوونی ویژدان لە بەرامبەر تراژیدیادا لە کوێوە دێت؟ هەر لەبەر ئەوەی تراژیدیایەک ڕووی داوە و ئێمە ئەرکمانە شتێکی بۆ بکەین و بەرهەمێکی پێشکەش بکەین؟ ئایا هەر بەڕاستی بە نووسینی تێکستێک ویژدان ئاسوودە دەبێت، یان ئاسوودەبوونی ویژدان بۆ خۆی چییە و چۆنە؟

فەیلەسووفی ناسراوی ئەڵمانی مارتن هایدیگەر (١٨٨٩-١٩٧٦) لە کتێبی (بوون و کات)دا دەنووسێت: (ویستی ئاسوودەبوونی ویژدان، ویستی نەبوونی ویژدانە.)[٨٠] لەم بۆچوونەی هایدیگەرەوە بەو تێگەیشتنە ئاشنا دەبین و بۆمان دەردەکەوێت، ئەوانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵی ئاسوودەکردنی ویژدانیان دەدەن و بەو نیەتە کار دەکەن، بۆ ئەوەی ئیتر بێ کێشە و خەم و مەراق بژین و سەیری تراژیدیاکان بکەن و چێژیش لە خۆشییەکانی ژیان و وەڵامدانەوەی ئارەزووەکانیان ببینن، یان ئەوانەی بە کاری ئەدەبی و هونەری و چالاکی و هەڵوێستی تر دەیانەوێت ویژدانی بیماری خۆیان سارێژ بکەن، لە ڕاستیدا وەک ئەوەی لە ڕووکەشدا دەیانەوێت ڕوو نادات، یان ئەم کارانە بە شێوەیەکی نائاگاییانەیش بێت شتی تری لێ دەکەوێتەوە و دەرئەنجامی تر دەخەنەوە، کە بەم هۆیەوە و لە ڕێگەی ئەم کارە ئەدەبی و هونەری و چالاکی و هەڵوێستانەوە، هەستیاریی ویژدانی خۆیان دەسڕنەوە و لە ئاست کارەساتی ئەنفال و ئاکامە تاڵەکانی چیتر هەست بە خەم و ناڕەحەتی ناکەن، خۆپاککردنەوە و هێورکردنەوەی خەم و ئازاری مرۆڤ بە تێکست و هەڵوێست و کاردانەوەی ڕۆژانە و یادکردنەوە و کاری نمایشی، لە ڕاستیدا شێوەیەکی تری هەوڵدانە بۆ خەم نەخواردن و چاوداخستن لە ئاست تراژیدیاکان و خۆلادان لە هەستی ڕاستەقینەی بەرپرسیارێتی و ئەمە تەنها ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوەی پێی دەڵێن تراژیدی و ناخهەژێن، لە کاریگەریی بکەوێت و بەو هۆیانەوە ناخی هەژێنراویان خەفە و هێور ببێتەوە، لەم بارەیەوە فەیلەسووفی قوتابخانەی فرانکفۆرت، هێربەرت مارکۆزە (١٨٩٨-١٩٧٩) دەنووسێت: (ویژدانی ئاسوودە، هەرگیز هەست بە گوناهـ ناکات و وای بۆ دەچێت هەڵسەنگاندنی ئەو لەم بارودۆخەدا تەواو دروست و بێ کێشەیە.)[٨١]

ئەم بۆچوونە بەسە بۆ ئەوەی کە بڵێین، ئەوانەی بە شێوازی جۆراوجۆر وەک هەڵوێستوەرگرتن لە ئاست تراژیدیاکاندا، دەیانەوێت ویژدانی خۆیان ئاسوودە بکەن و بە دروشمی ڕۆژانە و هەڵوێست و کاردانەوەی خێرا و نمایشی ئەم هەستەی خۆیان لە ناڕەحەتی و ژان دەپارێزن، لە بنەڕەتدا ئەوە هەر ئەوەیە، یان وا دەکات، ویژدانی

---

[٨٠] مارتين هايدگر، هستي وزمان، ترجمه: سياوش جمادي، (ويراست دوم)، انتشارات ققنوس، تهران، ١٣٨٩ه، ص٣٤٤.

[٨١] هيربرت ماركوز، انسان تک ساحتي، ترجمة: دكتور محسن مؤيدي، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران،١٣٦٢ه ، ص١٢٥.

خۆیان نەهێڵن و چیتر خۆیان لە قەرەی ئازاری ویژدانی خۆیان نەدەن و دەروون و ناخی خۆیان ئارام و ساڕێژ بکەن، بەم کارە ئەوەی دەیکەن بریتییە لەوەی هەستی لێپرسراوێتی لە خۆیاندا خەفە بکەن و، نەچنە ژێر باری کێشەی وجوودی و فیکری و گۆڕینی دونیابینیی خۆیان، نووسەران و هونەرمەندانیش بە هۆی ئەوەی پێشکەشی دەکەن، وەک مارکۆزە پێی وایە، هەرگیز هەست بە گوناهـ ناکەن و وای بۆ دەچن هەڵسەنگاندنی ئەوان و کار و بیرکردنەوەی ئەوان لەم بارودۆخەدا و لە ئاست ئەو تراژیدیایەدا تەواو دروست و بێ کێشەیە و لەوەیش پتر تەنانەت شوێنی ڕێز و ستاییشە، بۆیە هەر لە بنەمادا نووسینی تێکستی ئەدەبی (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان) و هەڵوێستی ڕۆژانە و کار و کاردانەوە و چالاکیی هەمەچەشنی تر، بۆ خۆلادان لە ئازاری ویژدان نیین، بۆ ئەوە نیین وەک قەرزێکی مرۆیی بێنە هەژمار و دانەوەیان وەک فەرز سەیر بکرێت، بەڵکوو ئەگەر شتێک هەبێت بە ناوی ئازاری ویژدان و قەرزی مرۆیی، پێویستە سەرلەنوێ پێناسەی مرۆڤ بکاتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر دەستکاریی دونیابینیی مرۆڤ بکات و لە ژێر ڕۆشنایی و کاریگەریی ئەو ئازاری ویژدان و ئەرکە مرۆییەدا، دیدگاکانی بۆ سەرجەمی ژیان و بوون دابڕێژێتەوە، نەک تەنها تێکستێکی ئەدەبی یان هەڵوێست و کاردانەوەی ڕۆژانە و یادکردنەوە و کاری نماییشی مرۆڤ خۆی لەو ئازاری ویژدانە خاڵی بکاتەوە و جارێکی تر وەک ئەوەی هیچ نەبووبێت، درێژە بە دونیابینی و بۆچوون و بیرکردنەوەکانی پێشووی بدات.

لە لایەکی ترەوە، لە بارەی ویژدانەوە، فیدۆر دۆستۆفسکی (١٨٢١-١٨٨١)ی ڕۆماننووسی جیهانی دەنووسێت: (من هەمیشە ئازاری ویژدانم هەیە، بەڵام ڕەنگە شەرمەزاریی هەمیشەیی ویژدان سەرچاوەیەکی ترسناک بێت بۆ چێژ.)[٨٢] ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، یان لەم بۆچوونەوە ئەوە تێ دەگەین، کە زۆر جار، هەستی شەرمەزاری و ئازاری ویژدان مرۆڤ وا لێ بکات، وەک سەرچاوەیەک بۆ چێژ بەکاری بهێنێت، واتە تراژیدیا و کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێن بکاتە کاڵایەک بۆ بەرهەمەکانی و بیانخاتە خزمەتی خۆی، بەوەی کە هەمیشە بۆ ناو و ناوبانگی خۆی بەکاریان بهێنێت و بیانکاتە کەرەستەیەک بۆ کار و چالاکیی خۆی، بەمەیش ئەو پرسەی کە سەرچاوەی هەستی شەرمەزارییە و تێیدا وای دەردەخات، بە هۆیەوە هەست بە ئازاری ویژدان دەکات، وەک کاڵا دەیخاتە بەر دەستی ڕاگەیاندن و بازاڕ و هۆکارەکانی تری پەیوەندی، بەمەیش هێزی مەعنەوی و قورساییی مرۆیی ئەو پرسە، ئیتر کارەسات یان تراژیدیا یان هەر بابەتێکی تر بێت، بەتەواوی یان تا ئاستێکی زۆر لە هەست و ویژدانی خەڵکی

---

٨٢- فیدور دوستوفسکي، مذکرات من داخل القبو، ترجمة: أحمد الويزي، الطبعه الاولى، الناشر: المرکز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠١٤، ص ٢٢٥.

تری دەسڕێتەوە و دەیکاتە بابەتێکی سواو و کاڵایەک کە شایستەی کۆنبوون و فڕێدانە یان مامەڵەیەکی نزیک لەمە.

کورتەی مەبەست لێرەدا ئەوەیە، کاری ئەدەبی یان هەر چالاکی و کار و کاردانەوەیەکی تر، کە بۆ تراژیدیاکان دەکرێن و بەرهەم دەهێنرێن، لە ئاست تراژیدیادا بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ویژدان نیین، بۆ هەڵوێست و کاری قەرزدانەوە و ئەرکی یەکسانیی هەمووانیش نیین، بۆ ئەوە نیین هەر یەک لە ئاست خۆیەوە بەکاریان بهێنێت و بڵێت منیش کارم بۆ کردووە. بە باوەڕێکی پتەوەوە دەڵێین کار بۆ تراژیدیا ناکرێت، بەڵکوو تراژیدیا کار لە سەر دونیابینی و خەون و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات. ئەوەی وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، مەرج نییە شاعیرێک لە شیعرێکدا باس لە ئەنفال بکات، بەڵام مەرجە ئەنفال کار لە تێگەیشتنی شاعیر بکات بۆ مرۆڤ و بوون، مەرج نییە هەر دەبێت نووسەرێک، لە چیرۆکێکدا یان لە ڕۆمانێکدا باس لە ئەنفال بکات، یان وردەکاریی ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، بەڵام مەرجە لە کۆی دونیابینی و کار و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا، بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەنفال ببینینەوە و بەم هۆیەیشەوە لە ڕێگەی ڕەهەند و کاریگەری و لێکەوتەکانی تراژیدیاوە، دیدی ئەو نووسەرە بۆ پرسە وجوودییەکانی مرۆڤ گۆڕانکاریی بە سەردا بێت، لێرەوە پێویستە تێ بگەین، هەڵەیە بۆ ئەوە بگەڕێین، ئەنفال چ ڕەنگدانەوەیەکی لە ئەدەبی کوردیدا هەیە و بۆ ئەمەیش تەنها بۆ ئەو تێکستانە بگەڕێین کە وشەی ئەنفالیان بە شێوەی جیاجیا بەکار هێناوە، تەنها ئەمە پێوەر بێت بۆ ڕەنگدانەوەی ئەنفال یان تراژیدیا لە ئەدەبدا، بەڵکوو پێویستە ئەنفال، زمان و خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەدیب و نووسەر و شاعیر لە سەر مرۆڤ (جەللاد و قوربانی) و تاوان بگۆڕێت، ڕەنگدانەوە و کاریگەریی وجوودی و قووڵ و مەعنەوی بێت و سێبەری بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ بە سەر هەموو تێکستێکییەوە هەبێت، نەک تەنها بکرێتە کەرەستە بۆ بەرهەمهێنانی تێکستێک، یان چەند تێکست و بەرهەمێک و بەس.

لێرەوە بە شێوەیەکی خێرایش بێت بە سەر وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانەی سەرەتادا دەکەوین (ئاسوودەنەبوونی ویژدان لە بەرامبەر تراژیدیادا لە کوێوە دێت؟) لەوێوە دێت کە وا دەزانرێت، تراژیدیا تەنها کەرەستەیەکە بۆ کاری ئەدەبی و هونەری و چالاکیی مەدەنی و کەلتووری و سیاسی، وا دەزانرێت هەر دەبێت بە بەرهەمێک، یان زیاتر تەعبیری لێ بکرێت و باس بکرێت، ئەم دیدە لەوێوە دێت کە نازانرێت، تراژیدیا کار لە دونیابینی و بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆ ژیان و بوون دەکات، نەک تەنها بابەتێکی ناخهەژێن، لە بەرامبەر تراژیدیا و ئەو ڕووداوەی ڕووی داوە، مرۆڤ بە تایبەت نووسەر بە جۆرێکی تر سەیری دونیا و دیاردە و ڕووداوەکان دەکات، بۆچوون و

بڕیار و هەڵسەنگاندنەکانی لە ژێر کاریگەریی ئەو تراژیدیایەدا دادەڕێژێتەوە. بە شێوەیەکی زۆرلەخۆکردن و ناچاری، ئەرکی نووسەر و ئەدیب و هونەرمەند و ئەوانی تر نییە کە زۆر لە خۆیان بکەن و هەر دەبێت بەرهەمیان هەبێت و وەک خۆیان دەڵێن، شتێک بۆ ئەو ڕووداوە بکەن و بە هەر شێوەیەک بێت یادی بکەنەوە و بەرهەمێکی پێشکەش بکەن، بەڵکوو پێویستە نووسەر و هونەرمەند و هەر چالاکێکی تری سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی، ویژدان و ڕەفتار و تێڕامانەکانی کاریگەریی ئەم تراژیدیایەی لە سەر بێت و لە کۆی کار و بەرهەم و چالاکیی ڕەنگ بدەنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، پشتگیرییەکی تەواو بۆ بۆچوونێکی بەختیار عەلی دەردەبڕین، کە لە بەر گرنگیی بۆچوونەکە لێرەدا بەشێکی زۆری دەگوێزینەوە، بەختیار عەلی پێی وایە (هەڵەی هەرە دژواری ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە، کە کێشەی ئەنفال کورت دەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتەکە، ئەنفال دەکاتە کێشەیەک کە نووسەران و شێوەکاران بیکەنە زەمینەی تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆیان لە سەر تەعبیرکردن، ئەمەش ئەو دیوەیە لە پەیوەندیی ئەنفال و زمان کە زمان هەمیشە تیایدا دۆڕاوە. لە کاتێکدا کە دەبێت چەقی قورساییمان لە سەر ئەوە بێت، دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، واتە وەزیفەی تێکستەکان ئەوە نییە کە تەنیا لە ناو جوغزی ڕووداوەکەدا بمێننەوە و لەویادا گیر بخۆن، بەڵکوو ئەوەیە کە جارێکی دی لەو دیو ڕووداوەکەوە تیشک بخەنە سەر ماهییەتی ژیان، سەر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن، سەر مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا، سەر کاراکتەری مرۆڤی سادە و ڕۆڵی لە دروستکردنی فاشیەتدا، سەر بونیادی ئەو دونیا تەقلیدییە و کاریگەریی لە سەر ئەخلاقی قوربانی و جەللاد. ئەوەی لە پەیوەندیی ئەنفال و زماندا گرنگە ئەوەیە، کە زمان کەناڵی وێناکردنی ئەو تراژیدیایە نییە کە هەموو وێنەکانی وێنەی کەموکورت و نوقسانن، بەڵکوو کەناڵی لەدایکبوونی ئەو دونیابینییە تازەیەیە کە ئەنفال دەیسەپێنێت.)[83] هەروەها هەر لەو سەرچاوەیەدا دەنووسێت: (دەکرێت دەیەها تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتە سەر، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەک لەو تێکستانە جگە لە پەیوەندییەکی ڕوکار و سادە لەگەڵ ئەنفالدا هیچی دیکەیان نەبێت، بەڵام دەکرێت تێکستێک بنووسرێت بێ ئەوەی باس لە ئەنفال بکات توانای دەرخستنەوەی کاریگەریی ئەنفالی هەبێت لە سەر ژیان و جیهانبینیمان.)[84]

جگە لەمانەیش بە پێویستی دەزانین بپرسین، ئایا هەر بەڕاستی بە نووسینی تێکستێک بۆ ڕووداوی ئەنفال یان هەر تراژیدیایەکی تر ویژدان ئاسوودە دەبێت؟

---

٨٣- بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ل١٣٠-١٣١.

٨٤- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٣٠.

وەڵامەکە زۆر ڕوونە، بێگومان نەخێر، چونکە لە بناغەوە کارکردن لە ناو تراژیدیادا بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان نییە، بەڵکوو بۆ دەرخستنی ویژدانی نائارامی خودە، بۆ ئەوە نییە ناخی نائارامی پێ هێور بکەینەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بەردەوام گوزارشت لە گڕی ناخ بکات و بە گەشی بهێڵرێتەوە، ئاسوودەبوونی ویژدان، یاخود ڕاستتر ویژدانی دروست لە ئاست تراژیدیادا هەر ویژدانی نائارامە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر ویژدانی نائارام بە تێکستی ئەدەبی و کاری هونەری ئارام ببێتەوە و خاوەن ویژدان بە ئاسوودەیی بخوات و بخەوێت و بێ خەم بژی، ئەی چی لە ویژدانی ئەو مرۆڤە زۆرە بکەین کە توانای نووسینی تێکست و کاری هونەرییان نییە و توانا و ئارەزوو و پیشەیان بە لای ئەم کایانەدا نەهاتووە. هەروەها ڕاستییەکی تریش هەیە کە (هەموو تێکستەکان لە بەردەم ئەنفالدا لە پەراوێزدان، بەڵام ئەنفال لە هەموو تێکستەکاندا دەبێت لە ناوەنددا بێت. واتە ئەدەب و هونەر ناتوانن تەعبیر لە ئەنفال بکەن، بەڵام ئەنفال جیهانێکی دیکە و کۆمەڵێک ڕاستیی دیکە لە بەردەم ئەدەب و هونەردا دەکاتەوە.)[٨٥]

بە کورتی لە بارەی پاری یەکەمی ئەم بەشەوە (ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی) دەتوانین ئەم ئەنجامگیرییانە لەم (دە) خاڵەدا بخەینە ڕوو:

١- زۆربەی ئەدیبان و نووسەران (شاعیران، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان) دەیانەوێت تێکستی ئەدەبی بۆ تراژیدیای ئەنفال بەرهەم بهێنن و، کردوویانە بە مەرج و تەنانەت ناچاری لە سەر خۆیان، کە هەرچۆنێک بێت هەر دەبێت هەریەکەیان یان زۆربەیان، بە تێکستێک (شیعر، چیرۆک و ڕۆمان) یان زیاتر، بەشداریی لە یادکردنەوەکانی ئەنفالدا بکەن، یان خۆیان بخەنە ڕیزی ئەوانەی کە وەفایان بۆ ئەنفال و قوربانییان هەبووە.

٢- زۆربەی ئەدیبان و نووسەران (شاعیران، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان) بە نووسینی تێکستێکی ئەدەبی بۆ ئەنفال پێیان وایە ئەرکی سەرشانی خۆیان بە جێ هێناوە و قەرزێکی ویژدانی و مرۆیی و نەتەوەییان لە سەر شان بووە و بەو کارە ئەدەبییانە ئەو واجیبەیان جێبەجێ کردووە و ئەو قەرزەیان داوەتەوە، هەر ئەمەیشە هۆکاری ئەوەی خۆیان ناچار کردووە بە نووسینی تێکستێکی ئەدەبی یان زیاتر بۆ ئەنفال.

٣- خۆناچارکردن و زۆرلەخۆکردن بۆ نووسینی تێکستی ئەدەبی لە لایەن زۆربەی ئەدیبان و نووسەران (شاعیران، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسان)ـەوە، گومانی تێدا نییە،

---

[٨٥] بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ل١٣٢.

که دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تێکستی لاواز و ئاستنزم لە سەر ئەو کارەساتە و زیانگەیاندن بە جەوهەر و بەهای مەعنەوی ئەو تراژیدیایە، لاوازکردنی پێگە و قورسایی لە ویژدان و بیرکردنەوەی خەڵکانی دەرەوە و تەنانەت کورد و نەوەکانی داهاتووش.

٤- لە بیرکردنەوەیەکی فەیلەسووفی ئەڵمانی (مارتن هایدیگەر)ـەوە، کە پێی وا بوو: (ویستی ئاسوودەبوونی ویژدان، ویستی نەبوونی ویژدانە.) ئەوە فێر بووین، هەرگیز ئاسوودەکردنی ویژدان، تەنها بە مەبەستی ئەوەی ئیتر بێ خەم پاڵی لێ بدەینەوە و بێ کێشە و مەراق بژین، لە ڕێگەی زۆرلەخۆکردن بە کاری ئەدەبی و چالاکی و هەڵوێستی تر بە دی نایەت و بە دروستی مەیسەر نابێت، بەڵکوو هەر هەوڵێکی لەم شێوەیە بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان، لە ڕاستیدا سڕینەوەی ویژان و لەکارخستنیەتی بۆ ئەوەی ئیتر هەست بە لێپرسراوێتی و ئازار و کێشە نەکات، بەڵێ زۆربەی ئەدیب و نووسەری کورد، بە کاری ئەدەبی دەیەوێت ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات، ئەوان لە ڕێگەی ئەم کارە ئەدەبی و چالاکی و هەڵوێستانەوە، هەستیاریی ویژدانی خۆیان لە کار دەخەن و لە ئاست کارەساتی ئەنفال و ئاکامە تاڵەکانی چیتر هەست بە خەم و ئازار ناکەن، خۆپاککردنەوە و هێورکردنەوەی ناسۆر و ئازاری مرۆڤ بە تێکست و هەڵوێست و کاردانەوەی ڕۆژانە و یادکردنەوە و کاری نمایشی، لە ڕاستیدا شێوەیەکی تری هەوڵدانە بۆ خەم نەخواردن و بێباکی لە ئاست تراژیدیاکان و خۆلادان لە هەستی ڕاستەقینەی بەرپرسیارێتی.

٥- لە وتەیەکی فەیلەسووف و بیرمەندی قوتابخانەی فرانکفۆرت (هێربەرت مارکوزە)ـەوە، کە پێی وا بوو (ویژدانی ئاسوودە، هەرگیز هەست بە گوناهـ ناکات و وای بۆ دەچێت هەڵسەنگاندنی ئەو لەم بارودۆخەدا تەواو دروست و بێ کێشەیە) بۆچوونەکانی هایدیگەرمان لە سەر بابەتەکە بەهێزتر کرد و ئەوەمان ڕوون کردەوە و پێداگریمان لە سەر ئەوە کرد، ئەم جۆرە ئاسوودەکردنەی ویژدان، لە ڕاستیدا هەوڵدانە بۆ لەکارخستنی ویژدان.

٦- بە پشتیوانیی بیرکردنەوەی ئەو دوو فەیلەسووفەی ناومان هێنان، گەیشتینە ئەو بڕوایەی بەرهەمهێنانی تێکستی ئەدەبی (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان) و هەڵوێستی ڕۆژانە و کار و کاردانەوە و چالاکیی هەمەچەشنی تر، بۆ ڕزگارکردن لە ناسۆر و ئازاری ویژدان نیین، بۆ ئەو مەبەستە نیین وەک قەرزێکی مرۆیی حساب بکرێن و دانەوەیان بکرێتە فەرز، بەڵکوو ئەگەر شتێک هەبێت بە ناوی ئازاری ویژدان و قەرزی مرۆیی، پێویستە سەرلەنوێ پێناسەی مرۆڤ بکاتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی جارێکی تر

دەستکاریی دونیابینیی مرۆڤ بکات و لە ژێر ڕۆشنایی و کاریگەریی ئەو ئازاری ویژدان و ئەرکە مرۆییەدا، دیدگاکانی بۆ تەواوی ژیان و بوون دابڕێژێتەوە.

٧- لە لایەکی ترەوە، ئازاری ویژدانیش کە زۆر کەس باسی دەکات و دەبێتە سەرچاوە و پاڵنەری کاری زۆر لە نووسەر و هونەرمەند و چالاکی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد، خۆی کاڵایەکە بۆ چێژ و بە هۆی ئەم ئەشکەنجە و ناسۆرە دەروونییە زۆر لەو چالاک و بەرهەمهێنەرانە لە بارەی ئەنفال و تراژیدیاکانەوە، خۆیان دەلاوێننەوە و خۆیان مەستی ئاوازێکی دڵخوازی خۆیان دەکەن، پرسی ئەنفال وەک تراژیدیایەک دەکەنە کاڵا و دەیخەنە بەر دەستی ڕاگەیاندن و بازاڕ و هۆکارەکانی تری پەیوەندی، دەیشکرێتە هەڵێک بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و گەیشتن بە ویستی دیاریکراوی شەخسی، ئەمەیشمان لە وتەیەکی ڕۆماننووسی جیهانی (دۆستۆفسکی) وەرگرت کە نووسیبووی: (من هەمیشە ئازاری ویژدانم هەیە، بەڵام ڕەنگە شەرمەزاریی هەمیشەیی ویژدان سەرچاوەیەکی ترسناک بێت بۆ چێژ).

٨- بە پێویستی دەزانین، بەو پێیەی قورسایی مەبەستەکەمان لەم پارەدا ئەوەیە، کە دووبارەی بکەینەوە، تێکستی ئەدەبی یان هەر چالاکی و کار و کاردانەوەیەکی تری سیاسی و مەدەنی و... هتد، کە بۆ تراژیدیاکان دەکرێن و بەرهەم دەهێنرێن، لە ئاست تراژیدیادا بۆ کەمکردنەوە و هێواشکردنەوەی ئازاری ویژدان نیین، بۆ هەڵوێستوەرگرتن و کاری قەرزدانەوە و ئەرکی یەکسانیی هەمووانیش نیین، بێ گومان بۆ ئەوەیش نیین هەر یەک لە لای خۆیەوە بەکاریان بهێنێت و وا حساب بکات کە کاری بۆ ئەنفال کردووە. بەدڵنیاییەوە بە بەرهەمی ئەدەبی و چالاکیی تر کار بۆ تراژیدیا ناکرێت، بەڵکوو تراژیدیا هێندە کاریگەرە، بۆ ناوەندێک کە تێی بگات و هەست بەو کاریگەرییانە بکات، بۆ ئەدیب و نووسەر یان هەر چالاکێکی تر بێت، ئەو تراژیدیایە کار لە سەر دونیابینی و خەون و بیرکردنەوەی دەکات و دەیگۆڕێت. بۆیە پێویست ناکات هەر دەبێت شاعیرێک لە شیعرێکدا باس لە ئەنفال بکات، تەنها ئەوە بەسە ئەنفال کار لە تێگەیشتنی شاعیر بکات بۆ مرۆڤ و بوون، لە سەر نووسەرێک نەکراوە بە واجب و نەسەپێنراوە، کە لە چیرۆکێکدا یان لە ڕۆمانێکدا هەر دەبێت باس لە ئەنفال بکات، یان بەسەرهاتەکە وەک خۆی بگێڕێتەوە و باس بکاتەوە، بەڵام مەرجە لە کۆی دونیابینی و کار و بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا، بە ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ هەست بە کاریگەریی ئەنفال بکەین و لە ڕێگەی ئەم کاریگەرییەیشەوە گۆڕان بە سەر دید و دونیابینی بۆ کایەکەی خۆی و پەیوەندیی بە تراژیدیا و جیهانەوە بێت.

٩- لە کۆی ئەم خاڵانەی پێشەوە بە ڕاستیودروستیی ئەو بۆچوونەی بەختیار عەلی گەیشتین کە پێی وا بوو (دەکرێت دەیەها تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتە

سەر، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەک لەو تێکستانە جگە لە پەیوەندییەکی ڕوکار و سادە لەگەڵ ئەنفالدا هیچی دیکەیان نەبێت، بەڵام دەکرێت تێکستێک بنووسرێت بێ ئەوەی باس لە ئەنفال بکات توانای دەرخستنەوەی کاریگەریی ئەنفالی هەبێت لە سەر ژیان و جیهانبینیمان).

١٠- دوا جار دەگەینە ئەو ڕاستییەی هەرگیز نووسینی تێکستێکی ئەدەبی بۆ ڕووداوی ئەنفال یان هەر تراژیدیایەکی تر بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان نییە و ویژدانیش ئاسوودە ناکات، چونکە هەر لە بنچینەدا کارکردن لە ناو تراژیدیادا بۆ ئاسوودەکردنی ویژدان نییە، بەڵکوو بۆ دەرخستنی ویژدانی نائارامی بەرهەمهێنەرە، بۆ ئەو مەبەستە نییە ناخی نائارامی پێ دابمرکێنرێتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بۆ هەمیشە تەعبیر لە ویژدانی هەڵچوو بکات و بە جۆشوخرۆشەوە بهێڵرێتەوە، ئاسوودەبوونی ویژدان، یاخود ڕاستتر ویژدانی دروست لە ئاست تراژیدیادا هەر ویژدانی نائارامە.

دوا بە دوای ئەم خاڵانە، پێویست بوو بەر لەوەی باس لە ڕەنگدانەوەی ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا بکەین، دەبێت بمانزانیایە دۆخی ئەو ئەدەبە، یان لانی کەم دۆخی زاڵی ئەو ئەدەبە چییە و چۆنە، چونکە ئەگەر ئەو ئەدەبە خۆی خاوەنی کۆمەڵێک قەیران و خەوش و ناتەواوی بێت، بێگومان ڕەنگدانەوەی تراژیدیاکانیش هەر بە ئاقارێکی خراپدا دەڕۆن و بە شێوەیەکی ناتەندروست ئەو کاریگەرییانە لە ناو تێکستی ئەدەبیدا دەبینینەوە، شیعری خراپ و ئاستنزم دەبیستین و پەستمان دەکات، ڕۆمان و چیرۆکی کرچوکاڵ دێتە بەر دیدەمان و کایەکەمان لە بەر چاو ناشیرین و قێزەون دەکەن.

لێرەدا بۆ ئەوەی ڕوونتر بۆچوونەکانمان بخەینە ڕوو، دەمانەوێت دەستنیشانی ئاستەکانی کارکردن بە تراژیدیا، بە تایبەت بەکارهێنانی ئەنفال لە ناو تێکستی ئەدەبیدا بکەین، بۆ ئەمەیش پێویستمان بە دەستنیشانکردنی دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی بوو، چونکە دوای دەستنیشانکردنی ئەم سەرەتایە، چەند سیمایەکی گشتی باس دەکەین و پاشان سیما تایبەتییەکانی هەر بەشێک لە (شیعر، چیرۆک و ڕۆمان) دەخەینە بەر تیشکی هەڵسەنگاندن و لەوێوە دەمانەوێت ڕوونی بکەینەوە، کە ئاستەکانی کارکردن بە تراژیدیا، بە تایبەت بەکارهێنانی ئەنفال لە ناو تێکستی ئەدەبیدا چۆنە.

### ١-١/٢ سیمای گشتیی دۆخی ئەدەبی کوردی:

بۆ ئەوەی بزانین، ئەنفال و تراژیدیاکانی تر، چۆن و بە چ ئاستێک لە پانتاییی ئەدەبی کوردیدا بەکار هاتوون، پێویستە تایبەتمەندییە گشتییەکانی دۆخی ئەو ئەدەبە دەست نیشان بکەین، لە پێناو ئەوەی زۆر بە ڕوونی بۆچوونەکانمان بخەینە ڕوو، دەتوانین

لێرەدا بە چەند خاڵێک، ئاماژە بۆ ئەو سیمایانە بکەین، کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانن دۆخی ئەدەبی کوردی بخوێننەوە و بەم سیمایانە بناسرێنەوە، کە وا لێرەدا بە پێی بوار و بە کورتی لێیانەوە دەدوێین:

**١-١-١/٢ میتافیزیک و عیرفان:** دیدی ئەدەبی کوردی بۆ تراژیدیا بەگشتی و ئەنفال و هەڵەبجە بە تایبەتی، دیدێکی میتافیزیکی و عیرفانییە، مەبەستمان ئەوەیە، تایبەتمەندیی ئەم دیدە بریتییە لەوەی، بەردەوام گلەییە لە چارەنووس و فرمێسکهەڵڕشتنە بۆ واقیعی حاڵ و گەردوون و هاوار و هەندێک جار گلەیی و ڕازونیاز بۆ خودا و بەرامبەر دەسەڵاتی بێ سنووری خودا، ئەم جۆرە دیدە بۆ تراژیدیا، جۆرێکە لە پەراوێزکەوتن و دابڕان، ئەوەی دەدوێت، هەمیشە بریندارە و لە گیانەڵڵادایە ، دۆخێکی هەیە کە شوێنی سۆز و بەزەییە، دوا جار لە بریی هەر چارەسەرێکی واقیعی و دروست، بە ڕاژەنینی ئازارەکانی و جوانکردنی برینەکانی و چیرۆکی وەهمیی سەرکەوتن، دەیەوێت زامەکانی خۆی سارێژ بکات. سیمای ئەم ئەدەبە سیمایەکی عیرفانییە، بۆیە بەردەوام لە ئاست تراژیدیا و تەنانەت زۆر کێشە و ئازاری بچوکی تایبەتیشدا، سیفەتی تاک و بێکەسی دەدات بە خۆی و لەم ڕێیەوە تایبەتمەندی و تاکێتیی خودامان بیر دەخاتەوە، ئەمە جگە لەوەی سیستمی زاراوەیی و زمانی و ئەندێشە و بیرکردنەوەی عیرفانی، هەمیشە لە ئەدەبی کوردیدا دەردەکەوێتەوە، ئەویش نەک لە کۆندا، بەوەی کە ئەمڕۆیش دەردەکەون و تەنانەت وەک ئەدەبی دونیایی، خۆیان دەنوێنن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە و هیچ گومانی تێدا نییە، عیرفان لە کەلتووری کوردیدا هەمیشە جێگەی ستاییش بووە، بەڵام لە ڕاستیدا کاریگەریی نێگەتیڤیی زۆری بە سەر ئەم کەلتوورەوە هەبووە لەوانە:

**أ- ڕۆمانسیبوون:** شاردنەوەی برین بە ستاییشی فووتێکراوی ڕۆمانسییانە، خەسڵەتێکی دیار و گەورەی ئەم ئەدەبەیە، زۆر جار ئەم ئەدەبە کە پشتی بە کەلتووری عیرفان بەستووە، باس لە ئازارێکی تاک یان کۆ، تایبەتی یان گشتی دەکات، بەڵام هێندە بە وەسفی جوانناسییانە گەمارۆی دەدات و دەیڕازێنێتەوە، ئەو ئازار و برینە لە بەرچاوی خوێنەر و دیدی ئەوی تردا شیرین و دڵگیر دەکات و بە شێوەیەک ئەو ناشرینی و دۆخە نامرۆڤی و ناهەمواریییەی دەشارێتەوە، بۆیە دوا جار ئەم حاڵەتە، واتە بوونی ئەم ئازار و برینە وەک خۆی و وەک کێشە وەرناگیررێن و ون دەبن و لە بریی بیرکردنەوە لە چارەسەر و هەنگاوێک بۆ دەستنیشانکردنی هۆکار و زەمینەکانیان، تەنها دەبنە کەرەستەی سەرگەرمکردن و کاتبەسەربردن و چێژوەرگرتن.

**ب- خۆخواردنەوە و گۆشەگیری:** ئەم ئەدەبە کە بە ئەدەبێکی عیرفانی ناسراوە و سوود لەو کەلەپوورە وەردەگرێت، وەک خۆیشی جەختی لێ دەکاتەوە ئیلهامی لەو کەلتوورەوە خواستووە، هەمیشە مەیلێکی زۆری وا بە لای خۆخواردنەوە و گۆشەگیریدا، ئەم دوو سیفەتە کە لە ڕاستیدا هەر یەک شتن. هەموو کات زانست و بیرکردنەوەی عەقڵانی وەک جۆرێک نەخۆشی و سیفەتی زیانهێنەر و تەنانەت مەترسیداریش دەیناسێنێت، کەچی ئەم ئەدەبە وەک لانکی داهێنانەکانی باسی دەکات و بە تایبەتمەندییەکی جیانەبووەوە لە خۆی دەزانێت.

**پ- توانەوەی تاک و جەستە:** دانەوە دواوە و تا ڕادەیەک لەچالاکیخستنی جەستە و توانەوەی تاکێکی چالاک لە ناو "گشت"دا و ونبوونی لە ناو ڕووبەری کۆدا، وەک دیاردەیەک لەم ئەدەبەدا دەبینرێت، لە ئەدەب و کەلتووری عیرفانیدا هەمیشە بەرجەستە دەکرێتە قوربانیی مەعنەویەت، خواست و ئارەزووی دونیایی دەکرێنە ژێرەوە و بایەخ بە خواست و ئامانجی ئەو دیو دونیا دەدرێت، تەنانەت بە بیانووی پیرۆزیی عەشقی ئیلاهییەوە، عەشقی زەمینی و خۆشەویستی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ، بێ بایەخ و کەم نرخ و سوک دەکرێت و بەهایەکی وەهای پێ نادرێت، بۆیە ئەم تایبەتمەندییە جەستە و حەز و ئارەزووی تاک لە ناو خواستێکی گشتیدا بۆ ئەو دونیا و عەشقێکی باڵا و ئیلاهی و فیردەوسی بەرین و جیهانێکی تر دەتوێنێتەوە.

بە گشتی ئەم سێ خاڵەی لێرەدا ئاماژەمان بۆ کرد، لە کاریگەرییە دیارە نێگەتیڤییەکانی عیرفانن لە کەلتووری کوردیدا. بێ گومان لە هەندێ شوێندا ئەوە فەرامۆش ناکەین کە عیرفان پرسی وجوودی و گەردوونیی ورووژاندوە و جۆرێک لە پرسیار و گومانی تەنانەت ئازایانە و مەترسیداری خوڵقاندوە و وەک ئەدەبێکی ڕادیکاڵ دەرکەوتووە، بەڵام ئەو دەنگانە تا ڕادەیەک لە ئەدەبی کوردی زۆر نیین، ئەگەر زۆریش بن، خەسێنراون و تەفسیر و تەئویلی زۆر نەکراون و درێژ نەکراونەتەوە، یان تەنانەت بە ڕاڤە و شیکردنەوەی بارگاوی بە بۆچوونی ئایینی گەمارۆ دراون و گوشراون.

## ٢-١-١/٢ زیادەڕەویکردن لە تاریکبینیدا:

تاریکبینی بڕوایەکی بەتین و کاریگەرە لە ئەدەبی زاڵی کوردیدا و جێگەی دیاری هەیە و برەو و بایەخی پێ دەدرێت، بریتییە لە داهاتنی دونیایەکی ناخۆش و شێواو و بێ وەفا، ژیانێک کە هیچ نرخێکی نییە، ئەگەر چی هەوڵ دەدات ئەم دونیا تەنها بە کەرەستەکانی ئیشکردنی خۆی، تێکستی جوان و سەرنجڕاکێشی لێ دروست بکات، کە دوا جار ئەم دیدە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پایەکانی هەر ئەو دونیایەی خۆی ڕەخنەی لێی هەیە، چونکە ئەو تەنها دەیەوێت بیکاتە بابەت بۆ ناو و سەنگی خۆی، بۆیە نایەوێت

ئەو جیهانە بگۆڕێت و هەوڵی گۆڕانکارییش نادات، بەهێزیی ئەم دیدە دوا جار هەژموونی بە سەر فیکر و سیاسەتیشدا سەپاندووە و هێندەی تر کاریگەرییە خراپەکانی قورس بوون. کارەکتەرەکانی ئەم ئەدەبە خۆپەرستن، کەسێتیی تایبەتییان تووشی دارمان بووە و گرێی دەروونییان هەیە، کە دەیشیانەوێت بیکەنە کێشەی گشتی، هەرگیز نایانەوێت بۆ زەمینە ڕاستەقینەکانی ئەو گرێ دەروونی و ڕۆحییانە بگەڕێنەوە و هەمیشە لە واقیع ڕا دەکەن و بۆ ئەمەیش بیانووی جۆراوجۆریان هەیە.

### ١/٢-١-٣ یاخینەبوون و بەشێکبوون لە سیستم:

ئەم ئەدەبە ئەدەبێکە یاخی نییە لە نۆرم و سیستمی باو، بەڵام هەستی نالێپرسراوێتی وەک جۆرێک لە یاخیبوون دەفرۆشێتەوە، خۆی وا نیشان دەدات کە باوەڕی بە هیچ نییە، بەڵام هەموو واقیعی باو و سیستمی باڵادەست و تەنانەت مۆد و ڕیکلامی ڕاگەیاندنیشی قەبووڵ کردووە، بۆیە بەردەوام لە پارادۆکس و لێکدژیدا دەژی و ئەوەی بە نووسین ڕای دەگەیەنێت، لەگەڵیدا بە کردەوە و واقیعی دژیەتی، ئەوەی لە سەر کاغەز باوەڕی پێیەتی، لە ژیانی ڕۆژانەی و بە پراکتیک پێچەوانەی هەڵسوکەوت دەکات، بە کورتی و بە زمانێکی تەواو ڕوون و بێ گرێ دەتوانین بڵێین درۆ سیفەتێکی دیاری بەشێکی بەرچاوی کارەکتەرەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە و تەنانەت ئەوانەی بە تێکستی ئەدەبی شیوەن بۆ کارەساتێک دەکەن و فرمێسک بۆ تراژیدیایەک دەڕێژن، لە واقیعدا خەریکی بەزم و کەیف و سەفان، ئەوانەی لە تێکستی ئەدەبیدا خۆیان دەکەن بە فیدا و قوربانی ئەگریجە و ڕووی یار و لە بەر نیگایدا دەتوێنەوە، لە ژیانی خۆیاندا لەگەڵ هاوسەر و خوشک و کەسانی تردا ڕەق و زبر و تەنانەت نامرۆڤانە ڕەفتار دەکەن.

### ١/٢-١-٤ بێتوانایی لە بەرهەمهێنانی گومان و پرسیاری نوێدا:

ئەم ئەدەبە لە بریی ئەوەی گومان و پرسیار لای خوێنەر و وەرگر بورووژێنن و جیهانی مەنگ و وەستاوی بشڵەقێنن، کەچی هەستی ئاسوودەیی لا دروست دەکەن و بەرەو ئەوەی دەبەن چێژ لە شکست و گرێ دەروونییەکانی وەربگرێت و پێیانەوە ئالوودە بێت، بۆیە لە بریی هۆشیاریی بە ڕووی دونیادا، هەستی خۆخواردنەوە و گۆشەگیریی تێدا دروست دەکەن، هەرچەند سیاسەت و سیستمی دەسەڵاتدار برەوی پێ دەدات، بەڵام لای وەرگر و خوێنەر هەستی ڕق و بێزهاتنەوەی لە سیاسەت لا دروست دەکات.

## ٥-١-١/٢ تەعبیرکردن لە واقیع:

تایبەتمەندییەکی تری ئەدەبی کوردی ئەوەیە کە زیاتر تەعبیرکردنە لە واقیع نەک دروستکردنەوەی واقیعێکی نوێ، گەڕانەوەیە بۆ دواوە لە پێناو گوزارشتکردن لەوەی ڕووی داوە و تێپەڕیوە نەک تێپەڕینی زەمەنی ئێستا لە پێناو گەیشتن بە داهاتوویەکی ڕوون، بۆیە ئەدەبی کوردی زۆرتر ئایدیۆلۆژییە تا یۆتۆپی، ئەو یۆتۆپیایەیش بە دی دەکرێت، زۆرتر لە خەیاڵ و وڕێنە و نابەرپرسیارێتیدا دەمێنێتەوە و ناکرێتە مۆدێلێک بۆ هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریی تاک، بۆیە تێبینی دەکەین، کەسانێکیش دەتوانن ببنە ئەدیبی کورد، شیعر بنووسن و چیرۆک و ڕۆمان بڵاو بکەنەوە، کە هیچ باگراوند و پێشینەیەکی فیکری و مەعریفییان نەبێت، لە فەلسەفەدا کۆڵ بن، لە پێشکەوتنی زانست بێ ئاگا بن، چونکە تێکستی ئەدەبی لەم دۆخەدا بێ فیکر هەنگاو دەنێت، تێکستی ئەدەبیی بێ فیکر، تەنها دەتوانێت وێنەی شتەکان بگرێت، بێ گومان وێنەیەکی تەڵخیش، ئەوەی ڕووی داوە دەیگێڕێتەوە، وەک ئاوێنە دونیا نیشان دەداتەوە بێ ئەوەی شتێکی زیاتر و بۆچوونێکی نوێی بۆ زیاد بکات، تەنها تەعبیرە بە ئاستی جیاجیا و وێنەی جۆراوجۆرەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، لەم جۆرە کارە ئەدەبییانەدا تەنها کار بە زمان دەکرێت، زمانیش وەک فەیلەسووفی فەرەنسی جۆرج باتای (١٨٩٧-١٩٦٢) دەڵێت، (لە ساتەوەختی داهێنانیدا، داڕووخانیش دەقەومێنێت. واتە زمان ئەو ڕۆڵەیش دەبینێت، کە هەمیشە لە شتێک ئاگادارمان دەکاتەوە هاوکات لە شتێکی تر خافڵگیرمان دەکات، کەشێک بۆ شاعیر دەخوڵقێنێت، تا ڕووبەرێکی تری تێدا بکوژێت.)[٨٦]

## ٢-١/٢ سیمای تایبەتی بەشەکانی ئەدەبی کوردی:

هەر یەک لە ژانرەکان (شیعر، چیرۆک و ڕۆمان) بێجگە لە سیما هاوبەشەکانیان، چەند سیمایەکی تایبەتیشیان هەیە، یەک یەک بەو سیما و تایبەتمەندییانەدا تا ئاستێکی زۆر دەناسرێنەوە، ئەم سیمایانەیش بێ گومان کۆمەڵێکی زۆرن، کە وا لێرەدا پەنجە بۆ گرنگترین و دیارترین خاڵیان ڕادەکێشین:

**١-٢-١/٢ شیعر:** شیعر چەند تایبەتمەندییەکی جیای دەکاتەوە، لەوانە:

### أ- مەنەلۆج و دیالۆگ:

بە بۆچوونی میخایل باختین (زمانی شیعر، مەنەلۆجە، شاعیر زمان بە سەر خۆیدا دادەخات و لەگەڵ خۆی دەدوێت و دەنگی شاعیر گوزارشتە لە تاک، ئەمە لە کاتێکدا

---

[٨٦]- ئەم بابەتە لە ژێر ناونیشانی (جورج باتاي، يناظر المركيز دو ساد عن"الادب و الشر"، ترجمة و تقديم: محمد عيد إبراهيم) لەم پێگەی ئەلکترۆنییەدا بڵاو کراوەتەوە:
http://nomene. blogspot. com/2014/01/blog-post_4. htm

زمانی چیرۆک و ڕۆمان دیالۆگە و فرەدەنگی لە تێکستدا دروست دەبێت.)[87] ئەو مەنەلۆجەی کە تاکی شاعیری کورد بەرهەمی دەهێنێت، لە ستراکتۆرێکەوە دێت، کە مێژووی کورد لە سەر ئاستی جەماوەرەوە بەرهەمی هێناوە و کاری لە تەواوی کۆمەڵگا کردووە و ڕەنگدانەوەی لە سەر تاکی کوردیش هەبووە، ئەویش بنەمای شکست و کەوتنە سیاسی و ڕۆحییەکان بووە، بۆیە ئەم مەنەلۆجە تەعبیر بووە لە شکست و نەیتوانیوە دەستکاریی واقیع بکات، یان بەو پێیە شیعر ڕەگەزێکی چالاکە بۆ بەرهەمهێنانی حەقیقەت، بێگومان شیعری کوردی بەدەگمەن نەبێت، نەیتوانیوە ئەو کارە بکات. نموونەی ئەم جۆرە شیعرە، شێرکۆ بێکەس دەنووسێت:

**(ئەوەتەی کۆچ هەیە کۆچ ئەکەم**
**ئەوەتەی گڕ هەیە ئەسووتێم.**
**ئەوەتەی ئاو هەیە ئەخنکێم.**
**ئەوەتەی تیغ هەیە قوربانیم.**
**ئەوەتەی خاک هەیە بێ خاکم.**
**ئەوەتەی شاخ هەیە من تلۆر دەبمەوە و**
**ئەوەتەی دار هەیە لێی ئەدرێم!**
**من لە پێش مووساوە ئاوارەم**
**پێش مەسیح من خاچم.**
**پێش قورەیش من زیندە بە چاڵ و**
**پێش حسەین من سەری براوم!)[88]**

ئەوەی تێبینیی دەکرێت ئەوەیە، مەنەلۆج وەک زمانێکی زاڵی شیعر لای شاعیرانی کورد لە باسکردنی ئەنفال و کارەسات و تراژیدیاکاندا تۆختر دەبێتەوە و زیاتر دەردەکەوێت، دلاوەر قەرەداخی لە شیعرێکیدا بە ناوی (مناڵێک، کە لەوێ هاتەوە وایگوت) خەمناک لەگەڵ خۆی دەدوێ و دەنووسێت:

**(ئەنفال لە ڕێی چوونە ژوواندا ڕایگرتین**
**گیرفانەکانمان گەڕا، نامەکانی دڕاند، وێنەکانی سووتاند**
**گۆرانییەکانی لە سەر دەنگمان کڵۆم دا**

---

[87]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: میخايل باختين، قضايا الفن الأبداعي عند دوستويفسكي، ترجمة: الدكتور جميل نصيف التكريتي، مراجعة: الدكتوره حياة شرارة، الطبعة الأولى، الدار البيضاء، بغداد، ١٩٨٦، ص١٠٩.

[88]- شێرکۆ بێکەس، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، چاپی دووەم، چاپەمەنیی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٣١٥.

**ئەنفال بەیانیباشی قوتابخانە و**
**ئێوارە باشی گەڕەک و**
**شەو باشی ماڵە لۆکەییەکانی دزی**
**ئەنفال ناوەخت خۆی کرد بە ژووردا**
**ئێمە نانمان دەخوارد**
**خوانێک لە خۆشەویستی کۆی کردبووینەوە**
**ئێوارانێک لە دڵنیایی خۆی هەڵدەسوو**
**لە برینەکانی دوێنێ**
**شەوانێک لە میهر، لەودیو پەنجەرەکانەوە**
**فیکەیان دەکێشا**
**ناکاو... چراکان کوژانەوە**
**ئێوارە دای لە شەقەی باڵ و فڕی**
**شەو زریکاندی و**
**خۆر دوا ماڵئاوایی لە سنەوبەرە سەوزەکانی**
**بنار گوند کرد)**[٨٩]

تراژیدیای ئەنفال بە هۆی چیرۆکە مەرگەسات و خەمناک و تاڵەکانییەوە، پتر وای لە شاعیر کردووە هەست بە تەنهایی بکات، زمان بە سەر خۆیدا دابخات و لەگەڵ خۆی بدوێت و دەنگی شاعیر گوزارشتە لە هەستی شکست و تەنهایی، بێگومان ئەویش چ لە سەر ئاستی تاک وەک خودی شاعیر، یان لە سەر ئاستی نەتەوە وەک کورد. ڕێبوار سیوەیلی لە قەسیدەی (زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال) بەم نەغمە و حوزنەوە دەنووسێت:

**(لە بەر دەرگای قەسیدەوە تا دەروازەی جەهەننەم**
**خوێنم لێدەڕژێ**
**بریندارە لە ئەزەلمەوە تا عەدەم**
**ئەی حەرف قەبرێکم بۆ هەڵکەنە**
**بە پانتایی عەرش**
**گەورەترم بەم هەموو تێکشکانەوە**
**لە بەخشندەترین ئاسمان**
**بەم فڕینەوە تەنیاترم لە تاقتاقکەرە.**

[٨٩]- دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی ڕجایی، تاران، ٢٠١٣، ل١٠٩-١١٠.

**لێم مەپرسە من کێم، ئەنفال ڕابردووی سڕیمەوە.**
**لێم مەپرسە لە کوێم، ئەنفال لە خۆمی دزیم)**[٩٠]

## ب- ئیستاتیکا:

شیعر وەک بەرهەمهێنەری ئیستاتیکا بە فۆڕم و ڕیتم و خەیاڵ و وێنە شیعرییەکانییەوە بەرگری لە جوانی دەکات و ناسکی و دڵڕفێنی و هەستبزوێنی سیفەتی دیاری شیعرن، بێگومان ئەمە یەکێکە لە هەرە تایبەتمەندییە دیارەکانی شیعر، بەڵام هەندێ جار بە تایبەت لە ئاست تراژیدیا و ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنەکاندا، ئەگەر بە هۆشیاری و فیکرێکی قووڵەوە دەست بۆ ئەم تایبەتمەندییە نەبرێت و ئەمە بەکار نەهێنرێت، هیچ دوور نییە کە ئەنجامی نێگەتیڤ و پێچەوانە دەخەنەوە، چونکە تراژیدیا و ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنەکان، بە هۆی ئەم وێنە شیعری و ئیحساسە خەیاڵاوییی و فۆڕم و ڕیتمە ئیستاتیکییانەوە، لە ڕووداوی مێژووییەوە دەکرێن بە ڕووداوی سروشتی، لە تراژیدیاوە هێواش هێواش هەڵدەکەنرێن و دەکرێن بە کارەسات و دیاردەگەلی تەواو یان نزیک لە سروشتی کە هیچ دەسەڵاتی مرۆڤی تێدا نییە، لەم ئاستانەی شیعردا ئەو تراژیدیایە کە مۆرکی مرۆڤیان پێوەیە و بەشێکی دیارن لە مێژووی ڕەش و دزێوی مرۆڤ، کەچی لە زوڵمێکی سیاسی و دەستدرێژی بۆ سەر مافی مرۆڤەوە دەکرێن بە ڕووداوگەلێک کە لە چارەنووسی ئەو خەڵکانەی تووشی بوون نووسراوە، هەموو ئەوانەیش بەوە دەکرێن کە شاعیر لە ناو وەسفێکی درێژ و سەرنجڕاکێش و وشەی هەستبزوێن و کاریگەردا، ئەو ڕووداوانە جوان دەکات و کاراکتەر و بەرپرسانیشی دەکاتە پاڵەوان. جەمال غەمبار، لە شیعری (وەرزە ئاڵەکانی عەدەم)دا دەنووسێت:

**(هەرچی مینای دڵەکان بوو، هەڵیان وەراند**
**ئەو هەموو گۆزە جوانەیان شکاند،**
**ئەو هەموو کانی و ئاوەیان گوێزایەوە**
**هەرچی کەڵەکی ژنان و**
**سەکۆی ئێوارانی بەرماڵان بوو...**
**هەرچی قیبلەهەبوو، قیبلەی نوێژ و**
**قیبلەی عیشق و**
**قیبلەی شۆڕش... هەر هەموویان وردوخاش**
**کرد...**

---

[٩٠]- ڕێبوار سیوەیلی، خودایە بۆ نەتکردم بە قۆخفرۆش، شیعر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧.

**ئەم جەننەتەیان، بە ئاوی خەتاکان بەخشی**
**ئەم هەموو نوێژەیان، لە دوعاکان بێ بەری کرد**
**ئەم هەموو شارەزوورەیان،**
**کردە تەنوورێک بۆ (نالی)...**
**ئەم هەموو خۆڵەمێشەیان،**
**لە پشکۆکان، نیگەران کرد...**
**ئەوان کە هاتن، وەرزەئاڵەکانی عەدەمیان پێ بوو...**
**ئەوان کە هاتن، ڕەوە کوللەی**
**ناو میحنەتەکانی مێژوو بوون**
**هەوای دۆزەخ هێنابوونی...)**[٩١]

نموونەکانی ئەم وێنە شیعرییانە لە ئەدەبی کوردیدا زۆرن، کە تێیدا هەست دەکەین زمانی شاعیر بە تەواوی میتافیزیکی دەبێتەوە و تراژیدیا و ڕووداوی ئەنفال لە کەشێکی ڕۆحانی و ناسروشتی و ڕووداوگەلی لەچارەنووسراوی و ناچارییدا بەرجەستە دەکەن، قوبادی جەلیزادە لە قەسیدەی (حاجییەکان بێرەدا ڕەت دەبن) دەنووسێت:

**(لە عەرعەرەوە قسە دەکەم**
**لە عەرعەرەوە.**
**سڵاو بالیسان...**
**تۆ لەوێ شنە برژانگت شانە دەکات و**
**من لێرە، وردە زیخ کاکۆڵم هەڵدەکرووزێنێ.**
**تۆ لەوێ نێو دەمت پڕیەتی لە گوڵ**
**من لێرە برینم پڕیەتی لە گڕ.**
**لە عەرعەرەوە قسە دەکەم**
**لە بیابانی ئافاتەوە**
**لە کێوی بەژن بڵندی عەرەفاتەوە**
**سڵاو بالیسان)**[٩٢]

---

[٩١]- جەمال غەمبار، مەنفاکان لێرەوە دەست پێ دەکەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ١٩٩٧، ل١٢.

[٩٢]- قوبادی جەلیزادە، هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست، چاپکراوی بەستە، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٣٩.

هەر لە بەر بایەخ و دیاریی ئەم قەسیدەیە لە ئەدەبی کوردیدا، کە لە سەر ئەنفال نووسراوە و بۆ هونەرەکانی تر سوودی لێ وەرگیراوە، لە شانۆدا ئامادە کراوەتەوە و نماییش کراوە[٩٣] و لە هونەری گۆرانی و مۆسیقادا، ئاوازی بۆ دانراوە و پێشکەش کراوە و لە هونەری شێوەکارییشدا لە تابلۆ و بەرهەمی تری ئەم هونەرەدا بەرجەستە کراوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین بەشێکی زیاتر لەم قەسیدەیەی قوبادی جەلیزادە، لێرەدا بنووسینەوە:

**(لە عەرعەرەوە قسە دەکەم**
**لە عەرعەرەوە...**
**حاجییەکان بێرەدا ڕەت دەبن**
**باخەڵیان پڕ لە گوێز**
**مەتارەیان پڕ لە شنە**
**حاجییەکان بێرەدا دەگەڕێنەوە...**
**نێو دەمیان پڕ لە قەسپ و**
**مەتارەیان پڕ لە زەمزەم.**
**کۆرپەیەک لە ژێر لمەوە پێی گوتن ؛**
**من لە نێوان دوو شەنگەبیدا جۆلانەیەکم هەبوو**
**لە تریفەی تریفە.**
**چۆلەکەیەک لە ژێر لمەوە پێی گوتن ؛**
**من درەختێکم هەبوو کە گۆرانیم بۆ دەگوت،**
**گەڵا گەڵا چەپڵەی بۆ دەکوتام.**
**درەختێک لە ژێر لمەوە پێی گوتن ؛**
**من کانیلەیەکم هەبوو پێنج فەرزە تیایدا،**
**دەستنوێژم هەڵدەگرت**
**لە ژێر لمەوە سەگێک بە حاجییەکانی گوت ؛**
**من شوان و ڕانەمەڕێکم هەبوو، نە خەبەرێکیان هەیە و**
**نە ئەسەر.)**[٩٤]

[٩٣]- ساڵی ٢٠٠١ دەرهێنەری شانۆ و دراما (حسێن میسری) لە ژێر ناوی (گۆڕستانێکی بێ گۆڕ) قەسیدەی (حاجییەکان بێرەدا ڕەت دەبن)ی قوبادی جەلیزادەی بە شێوەی ئاهەنگە شیعری بۆ شانۆ ئامادەی کردووەتەوە و بۆ ماوەی هەفتەیەک لە سەر تەختەی هۆڵی شانۆی ڕۆشنبیریی سلێمانی پێشکەش کراوە، بۆ ئەم زانیارییە بڕوانە ئەم لینکە لە سایتی خاک:- http://www. khaktv. net/all-detail. aspx?jimare=9643

[٩٤]- قوبادی جەلیزادە، هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست، ل٢٤١.

ئەم جۆرە شیوەن و تەعبیرکردنە لە تراژیدیا شێوەیەکی عیرفانیی هەیە و هەوڵ و تەقەللایە بۆ جوانکردنی ئازار و مەینەتی کە بە سەر مرۆڤ دێت، وشەی وەسفی و وێنەی شیعری و دەستەواژەی هونەری کۆششێکی زۆر دەکەن، تا شین و ئازاری مرۆڤ بۆ هەمان مرۆڤ خۆی بکەنە بابەتی چێژ و لاواندنەوە، هەموو شتێک دەکەن تا مرۆڤ بە سەر خۆیدا دابخەن و بە دەست خەم و ئازارەکانییەوە بەردەوام و هەموو کات بتلێتەوە و چێژ لە خەم و فوغان ببینێت، تێکڕای ئەکت و چالاکیی مرۆڤ لە بەرامبەر تراژیدیادا لەوەدا کورت بکرێتەوە، هەر ئەوەیش زەمینەی سەرهەڵدانی تراژیدیا وەک خۆی دەهێڵێتەوە.

## پ- میتافۆڕ:

شیعر کار بە میتافۆڕ دەکات، وێنە و مەجازگەلی زۆر دەخاتە گەڕ، میتافۆڕ جێگرتنەوەی مەجازییانەی شتێکە بە شتێکی تر، کە چوێنراون بە یەکتری و بە بێ ئەوەی ئاماژە بە لێکچواندنەکەیان کرابێت. بەکارهێنانی میتافۆڕ لە شیعردا مێژوویەکی درێژی هەیە، بۆ نووسین بە گشتی مێشێل فۆکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) لە کتێبی (ویستی مەعریفە)دا پێی وایە لە سەرەتای سەدەی حەڤدەهەمەوە نووسین پەنای بۆ میتافۆر بردوە، [٩٥] بە بڕوای جاک درێدا (١٩٣٠-٢٠٠٤) (میتافۆڕ لە زمانی ڕۆژانەیشدا بەکار دەهێنرێت)[٩٦]. گرنگیی میتافۆڕ تەنها لە بەهای ئیستاتیکی و بەرهەمهێنانی چێژدا نییە، بەڵکوو میتافۆڕ بەشدارە لە دروستکردنی حەقیقەتدا، ئەو شوێنانەی زمان ناتوانێت لە واقیعدا پڕیان بکاتەوە، میتافۆڕ دێت و تەواوی دەکات و کەلێنی ماناکان پڕ دەکاتەوە، گەر ناتەواوییەک لە زمانی واقیعیدا هەبێت، میتافۆڕ تەواوی دەکات، بۆ نموونە هەندێ وەسف بە تایبەت وەسفی جەستە لە ئاستی میتافۆڕ بە کەماڵ دەگەن .

میتافۆر، قورساییەکی زۆری لە شیعردا هەیە، مانای دووەم کە جیاوازە لە مانای یەکەمی وشە دروست دەکات. گواستنەوەی لە مانای فەرهەنگیی وشەوە بۆ مانای سیمبولی و سەرنجڕاکێش، زمانی تایبەت بە شیعر دەدات، بەڵام زۆرینەی شیعری کوردی زیادەڕەوی لە میتافۆڕ دەکات، یان هەر لە بنەڕەتەوە لە لای زۆرینەی شاعیری کورد میتافۆڕ بە هەڵە بە کار براوە، کاتێک (ڕۆمان یاکۆبسن)ی زمانناسی ڕووسی (١٨٩٦-١٩٨٢) میتافۆڕی بە گرنگ لە شیعردا وەسف کردووە، مەبەستی لەوە بووە، میتافۆڕ مانای حەقیقی شتەکان تێر بکات، نەک بەتەواوی بیانشارێتەوە، ئەو دەیویست (میتافۆڕ بەشدار بێت لە بەرهەمهێنانی حەقیقەتدا نەک حەقیقەت پەردەپۆش بکات، وەک

---

[٩٥]- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مشيل فوكو، ارادة المعرفة، ترجمة و مراجعة و تقديم: مطاع صفدي و جورج أبي صالح، مركز الانماء القومي، بيروت، ١٩٩٠، ص ١٠١-١١١.

[٩٦]- جاك دريدا، أحادية لغة الآخر، ترجمة: د. عمر مهيبل، منشورات الإختلاف والدار العربية للعلوم، الجزائر، بيروت، ٢٠٠٧، ص٦٩-٧٧.

چۆن ئێستا دەبینین گەلێک ڕووداو لە ناو میتافۆڕ و وێنەی مەجازیدا ون دەکرێن و کارەساتەکەی دەکرێت بە ژێرەوە.)[٩٧]

فەرهاد شاکەلی لە شیعری (بەردە نوێژ)دا میتافۆڕ و وێنەی مەجازی بۆ تراژیدیای ئەنفال بەکار دەهێنێت و دەنووسێت:

**(لەسەر بەردەنوێژێک، لەو گەرمیانە**
**بەردێک بە جێ مابوو،**
**نەیدەزانی**
**نوێژی شەشەم بووە یا هێشتا ماوێتی.**
**نوێژێک بە دوای بەردێکدا دەگەڕا**
**حەز بکات فێری بانگدان بێت.**
**لەسەر بەردە نوێژێک،**
**بەردێک و نوێژێک یەکتریان بانگ دەکرد،**
**یەکیان نەدەبینی،**
**گوێیان لە بانگی یەکتر نەبوو،**
**یەکیان نەدەناسی.)**[٩٨]

هەروەها سەباح ڕەنجدەر لە شیعری (ئەنفال)دا بە هەمان یان نزیک لەم شێوەیە پەنا بۆ میتافۆڕ و وێنەی مەجازی دەبات و دەنووسێت:

**(تەختەڕەشێکی هیچ لێ نەنووسراوە**
**دەوروبەریش پڕ لە خورپەی ڕستە**
**دەچنە ناو ئاخاوتنەوە**
**ژیان ناسک دەبێتەوە**
**بە تەوژم و گەرم**
**وەک ماچی جەژنی دایک**
**کاتیش ڕەنگی لە بیر ناچێتەوە و دەگوزەرێ**
**لە کوێوە هاتوون**
**دوای ناسین و پەڕاندنەوەی زەمبیلەیەک میوە**
**کە هەڵفڕینی پێڵووی چاو پێیگەیاندبوو**

---

[٩٧] - رومان جاكبسون، قضايا الشعرية، الترجمة: محمد الولي و مبارك حنوز، نشر دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٨، ص٤٣-٦٣.

[٩٨] - فەرهاد شاکەلی، بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٤٦.

**پەیوەندیمان بە یەکەوە کردووە**
**ئەمسەروئەوسەری نێوانمان تاسابوو**
**بە زەردەخەنە هات**
**سەرەتاکانی دەستپێکردن**
**بوو بە فانۆسێک لە ناو دەستێکی دڵخۆشدا**
**نیگایەکی گەرم لە ئێمەدا نیشان دەدا)**[٩٩]

مارف عومەر گوڵ-یش لە چەند شعرێکدا ڕاستەوخۆ باسی ئەنفال ناکات، بەڵام لە هەندێ لەو تێکستە شیعرییانەی دوای ئەنفال و سەردەمی ئاوارەیی خۆی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باس لەو کارەساتە دەکات و لە شیعری (چەپڵەڕێزان)دا دەنووسێت:

**(لە هەردەکەی ئەوبەر ئاواییە وێرانەکەوە،**
**تەپ و تۆزێک دیار بوو**
**هێرش، هێرش نەبوو پان وبەرین**
**دیسانەوە ئۆردووە شوومەکەی تەتار بوو.**
**هەر لە چاوتروکانێکدا**
**دەغڵودانی کەوتووی بێکەس بووە چەڕە دووکەڵێک**
**بە ناوەندی ئاسمانەوە**
**هەر لە چاوتروکانێکدا**
**بە هەزاران ناڵە و هاوار بڵند بۆوە لە قووڵایی زیندانەوە.)**[١٠٠]

لەم شیعرانەدا میتافۆڕ وەک بەهای ئیستاتیکی و بەرهەمهێنانی چێژ بەکار هاتوون، بەڵام زیادەڕەویکردنیش لەم جۆرە بەکارهێنانە وای کردووە، لە بریی ئەوەی مانای حەقیقی تراژیدیاکە پڕ و سەنگین بکات، ماناکەی لە تەمومژدا هێشتووەتەوە و نزیکە لەوەی ونیشی بکات، لێرەدا کارەساتی ئەنفال لە ناو میتافۆڕ و وێنەی مەجازیدا کراوە بە ژێرەوە.

دیسان نموونەکانی بەکارهێنانی میتافۆڕ و وێنەی مەجازی لە شیعری کوردیی تایبەت بە تراژیدیای ئەنفال زۆرن، کەساس جەباری لە شیعری (مەرگی قەڵا سێوکە) ئەم هونەرە بەم شێوەیە بەرجەستە دەکات و دەنووسێت:

---

٩٩- سەباح ڕەنجدەر، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٨، ل٣٣٤.

١٠٠- مارف عومەر گوڵ، نیشتمانم دارستانی دەم ڕووبار بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٦، ل٥٥.

**(هۆ دڵڕەقە سەرسەختەکە**
**وەرە ئەمشەو**
**خۆت و هەموو سەرکەشەکانی بیابان**
**ببنە میوان**
**لەسەر خوانی سەدان مەرگی پەپوولەکانی گییان**
**لە هێلانە و لە شوێنەزا دابڕاوی ئەم دەڤەرە**
**وچانێ دە و**
**لە باڵایان بڕوانە چۆن ڕاکشاون**
**لە بەرامەی پاکێتییان**
**ژیان خۆی تیا ئەشواتەوە**
**ئەو جار نەفرەت لە خۆت و لە باوانت کە!**
**هۆ پیرە کەنەفتەکەی ملی مێژوو**
**بە شەپۆلە سەرشێتەکانی زێ بڵێ**
**بە ئەسپایی کەنار بگرن**
**چی تر تووڕە و سامناک نەبن**
**با ئازاری مەرگ و ڕوحی ماسییەکانی ڕابژەنن.**
**بە ئازاری سەوز و سووری خەمەکانیانا بچنەوە**
**سروە و شنەی شەوەکانی قەڵاسێوکە**
**بۆ لیریکای خەمی دەڤەر حازر بکەن**
**سەدا و زەنگی کەرنەڤاڵی خەم و کوین**
**بسپێرنە دیجلەی ئازار)**[١٠١]

وەک وتمان شیعر کار بە میتافۆڕ دەکات و بێ میتافۆڕ ناتوانێت وەک خۆی بە پایەیەکی بەهێزەوە بمێنێتەوە و بەردەوامیی بە مێژووی خۆی وەک کایەی ئەدەبیی دێرین بدات، بەڵام نەک تەنها وەک بەهایەکی ئیستاتیکی و بەس، تەنها کار و ئەرکی بەرهەمهێنانی چێژ و ڕازاندنەوەی بەرهەم بێت، یان زیادەڕەوی لە بەکارهێنانیدا بکرێت، بە تایبەت لە باسی ئەنفال یان هەر تراژیدیایەکی تردا، لە بریی ئەوەی مانای حەقیقی تراژیدیاکە پڕ و سەنگین و تۆکمە بکات، مانای ڕووداوەکە لە تەمومژدا ون بکات و سەرەداو و پرەنسیپ و بەهاکان سەرگەردان و وێڵ بکات، بە شێوەیەک کارەساتێکی وەک ئەنفال لە ناو میتافۆڕ و وێنەی مەجازیدا بکرێت بە ژێرەوە و تەنها خەیاڵمان لای چێژی شیعر و وێنەی هونەری بێت.

---

[١٠١]- کەساس جەباری، بەهاکان کە نامۆ ئەبن، چاپخانەی ڤاری، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٦-١٧.

**٢-٢-١/٢ چیرۆک و ڕۆمان:** جگە لە ڕووی فۆرم، چیرۆک و ڕۆمان چەند سیمایەکی تایبەتیان هەیە، کە لێرەدا چەند خاڵێکیان دیاری دەکەین:

**أ- پرسیار:**

تێکستی ئەدەبیی داهێنەرانە هەمیشە پرسیاری گەورە و قووڵ و سەرسوڕهێن دەورووژێنێت، ئەوەیش خەسڵەتی نوێگەرییەکەیەتی، کە هەمیشە ئەو نوێییە بە واقیعی کۆن و جێگرتوو و وەستاو و ئاشنا نییە، ئەو پرسیارەی ئەو دەیکات ئەوەیە کە لە واقیعدا نییە و بیریشی لێ نەکراوەتەوە، ئەو حەقیقەتانەی وەک موتڵەق خۆیان نماییش دەکەن، بەو پرسیارە قووڵانە دەکەونە بەر مەترسی، نموونەی ئەمەیش لە ئەدەبدا زۆرە، بەڵام لە زۆربەی ئەو تێکستانەی ئەدەبی کوردی کە باس لە ئەنفال دەکەن، ئەم پرسیارە گەورانە نیین، ستەمکار و ستەملێکراوی واقیع، هەمان ستەمکار و ستەملێکراوی ناو ئەو تێکستانەن، جەللاد و قوربانیی واقیع هەمان جەللاد و قوربانیی ناو ئەو تێکستانەن و دیمەنەکان وەک خۆیان دێن و زەمەن و شوێن و ڕەگەزەکان بە هەندێ گەمەی زمانەوانییەوە دووبارە دەبنەوە، بۆیە نە درز دەخەنە ناو هیچ حەقیقەتێکی وەستاوی وەرگر و نە هیچ حەقیقەتێکی نوێی لا دروست دەکەن، نموونەی ئەمەیش لە زۆربەی ئەو تێکستە ئەدەبییانە بەرجەستە دەبێت کە بە ئاشکرا باسی ئەنفال دەکەن و بە تایبەتیش بۆ ئەو ڕووداوە نووسراون.

گەر سەرنج بدەین، ئەم تێکستە کە پەرەگرافێکی ڕۆمانێکە لە بارەی ئەنفالەوە ئەم بابەتەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە:

**(دەنگوباسی زۆر ناخۆش دەگەیشتە سەماوە.. حکومەت بە هۆی دەزگا زۆروزەوەندی ڕاگەیاندنەکانیەوە و بە هۆی نۆکەر و بەکرێگیراوەکانیەوە وای بڵاو دەکردەوە کە هیچ شتێ لە کوردستاندا نەماوە و شەڕوشۆڕ کۆتایی هاتووە و پێشمەرگە لەتاو کیمیاباران کوردستانیان بەجێ هێشتووە و خۆیان کردوە بەودیو سنوورا، ئیتر یان بۆ ئێران یان بۆ تورکیا... دێهات هەمووی وێران کراوە، تەنانەت کانیاوەکانیش هەمووی بە چیمەنتۆ پڕ کراونەتەوە و ئەو خەڵکەی لە قەسابخانەکانی ئەنفال دەرباز بوون، لە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا و بێ ئەوەی هیچ شتێکیان بدەنێ فڕێ دراون...**

**ئەم قسەوباس وپڕوپاگەندانە ورەی ئەو خەڵکەی نیشتەجێی سەماوە کرابوون دەهێنایە خوارەوە و بەجارێ بڕستی لێ دەبڕین و هێز و وزەی تێدا نەدەهێشتن.. ئیتر داخی دڵی خۆیان بە یەکتر و بە سەرکردە و بە حیزبە کوردیەکان هەڵدەڕشت و**

**هەموو جارێ کە کۆ دەبوونەوە، دەبوو بە هەرا و مشتومڕ و هاوارهاواریان و هەریەکە و لە ئاوازێکی دەدا و بە لای بای خۆیدا شەنی دەکرد...)**[١٠٢]

لەم تێکستەدا: دەنگوباسی ناخۆش، سەماوە، حکوومەت، دەزگای زۆروزەوەندی ڕاگەیاندن، نۆکەر و بەکرێگیراوان، کوردستان، شەڕوشۆڕ، پێشمەرگە، کیمیاییباران، ئەو دیو سنوور، ئێران، تورکیا، دێهاتی وێران کراو، قەسابخانەکانی ئەنفال، کۆمەڵگا زۆرەملێکان، سەرکردە، حیزبە کوردییەکان... هەمان ئەوانەی ناو واقیعن و هیچ گۆڕانێکیان بە سەردا نەهاتووە و بە شێوازی تر کە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پرسیاری نوێ دانەڕێژراونەتەوە و نەبوونەتە هۆی دەرخستنی واقیعی نوێ و حەقیقەتی تازەیان بەرهەم نەهێناوە.

## ب- کۆد و نهێنی:

کاتێک ئەدەب لە ڕێگەی تێکستی چیرۆک و ڕۆمانەوە کار لە سەر نەزانراوەکان دەکات، هەندێ کۆد و مەتەڵ و نهێنی لە ناو خۆیدا دەشارێتەوە، مەبەستی ئەوەیە هەر وەرگر و خوێنەرێک بە شێوەی خۆی هەوڵی کردنەوە و ئاشکراکردنیان بدات، ئەمەیش وا دەکات ئەو تێکستە بەردەوام لە بەردەم خوێندنەوەی فرەڕەهەنددا بێت و لێکدانەوە و تێگەیشتنەکان فرەجۆر بن، بەڵام زۆر تێکستی ئەدەبیی کوردیی هەن کە لە ئەنفال دەدوێن، بە هۆی ئەوەی ئەنفال وەک تراژیدیا و وەک حەقیقەتێک پێیان وایە هەموو مانا و تێگەیشتنەکان لە بارەیەوە گەیشتوونەتە دوا خاڵ و هەموو کەس دەزانێت ئەنفال چی بووە و چۆن و کەی ڕووی داوە، بۆیە پەنا بۆ ئەم کۆد و مەتەڵ و نهێنییانە نابەن، یان ئەگەر بەکاریشیان بهێنن، تەنها کۆدگەلێکی تەقلیدی و مەتەڵی ئاسان و نهێنیی بە ناو نهێنیی بەکار دەهێنن، ئەمانەیش وەرگر و خوێنەر بەرەو کردنەوە و ئاشکراکردن کێش ناکەن، یان ماندووی ناکەن، بەم سیمایانەوە تێکست فرەڕەهەند نابێت و لە بەردەم ئاسۆی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا ناکرێتەوە.

دانا فایەق لە چیرۆکی (شەوی نەنووسینەوەی حیکایەتەکان)دا کە یەکێکە لە کۆمەڵە چیرۆکی (حیکایەتی ڕەشپۆشەکان) دەنووسێت: (**دیسان ماندوویێتی و قەهر ڕوخساری ئەو داگیر دەکەنەوە، ڕوخساری شەکەت و کوتراوی ئەو ژنە زیاتر دەچێتەوە سەر ڕوخساری تووڕە و هەلاهەلابووی گەرمیانی دوای ئەنفال... ! ئەنفال ئەو حیکایەتە تاڵەی، تەمەن چەند بچووک و کورتەباڵایە لە ئاستی گێڕانەوەیدا، ئەمەیان یەک حیکایەت نییە بە تەنها و بەس، بەڵکوو دەشتێکی پانوبەرین حیکایەتی کوژراو و غەدرلێکراوە لە نێو یەک حیکایەتی گەورەدا... پەنجەبردن بۆ هەر یەکێک لەو حیکایەتانە**

---

[١٠٢]- حەسەن جاف، (کۆی ڕۆمانەکان)، ڕۆمانی گۆڕستانی لم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٨١-١٨٢

**ڕەنگە لافاوی خوێن بە دوای خۆیدا بهێنێت، لافاوێک یان ئەوەتا ویژدانی پیسی یەک بە یەکمان دەشواتەوە و لە بێئاگایی چەندین ساڵەی ئەو حیکایەتە لەبیرکراوانە وریامان دەکاتەوە، یاخود لەگەڵ خۆیدا داروپەردووی ئەو تەلارە قەشەنگانەیش ڕادەماڵێت، کە زەمەنێکە دروستمان کردوون لە درۆ.**

**(خودایە، گەر هەموو تەمەنیشمان شەو بێت، هێشتا فریای نووسینەوەی ئەم حیکایەتەیان ناکەوین، گەر خەمەکانی ئەم حیکایەتە بە سەر کاغەزە سپییەکانی هەموو دونیا دابەش بکەین، هێشتا گەلێکیان بە بێ کاغەز دەمێننەوە، ئەم حیکایەتە بەرگڕەشە هەر هەموو تەمەنمان دەبا و هێشتا هیچمان نەگوتووە... !) ئەو بەدەم لوولکردنی کاغەزە سپییەکانەوە، لە بەر خۆیەوە وای گوت.**

**ئەمشەویش وەک شەوی ڕابردوو، کۆمەڵێک کاغەزی سپی لە بەردەمی خۆیدا داناوە و نیازی نووسینەوەی حیکایەتێکی تری هەیە! حیکایەتی ئەو ژنەڕەشپۆشەی تەمەنێکە بە دەم چاوەڕوانیی لە دەرگادانی کەسێکەوە وردەوردە، پرچە سپییەکەی دەهۆنێتەوە، وەک چەندبارەبوونەوەی فیلمێکی تراژیدیی نیوچرکەیی، ڕۆژانەیش ئەم وێنەیە چەندین جار لێ دەدرێتەوە: (تەق... تەق... تەق... کەسێک لەو دیوی دەرەوە بە هەموو هێزی خۆی سێ جار دەکێشێ بە دەرگای حەوشەدا، دیسان خورپەیەک بە دڵی ئەمدا دێت و دەیەوێت بەزووترین کات و کەمترین هەنگاو بگاتە لای دەرگاکە و لەگەڵ کردنەوەشیدا باوەش بە کەسی ئەو دیو دەرگاکەدا بکات و بە فرمێسک تەواوی جەستەی یەکتری بخووسێنن! کەسێک ئەوسا نیوەی شادییەکانی خۆی بۆ ئەم دەهێنا و لەو لایشەوە نیوەی خەمەکانی لێ وەردەگرت، کەچی تەمەنێکە جگە لەوەی هەر هەموو بزە و خۆشییەکانی ئەمی بردوە، سەرجەم ئازار و خەمەکانیشی بەسەریدا جێ هێشتووە، ماندوێتی و شەکەتیی جەستە لێ ناگەڕێ ئەم خێرا و ئارەزووی دڵی بگاتە لای دەرگای حەوشە، ئەم جارەیش تەنها چرکەی کردنەوەی دەرگاکە بەسە بۆ هەرەسپێهێنانەوەی سەرجەم خەونەکانی.)[١٠٣]**

لەم چیرۆکەی دانا فایەقدا، ئەنفال وەک تراژیدیا و وەک حەقیقەتێک، هەموو مانا و تێگەیشتنێک لە بارەیەوە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرا و دیارە، هەموو کەس دەزانێت ئەنفال چی بووە و چۆن و کەی ڕووی داوە، بۆیە چیرۆکنووس پەنا بۆ کۆد و نهێنیی قووڵ نابات، کە بەکاریشی هێناوە، تەنها کۆدگەلێکی تەقلیدی و ئاسان و نهێنیی زوو ئاشکرا دەستی بۆ بردوە، ئەم شێوە بەکارهێنانەیش وەرگر و خوێنەر بەرەو کردنەوە و ئاشکراکردن کێش ناکەن، یان ماندووی ناکەن، ئەمەیش وای کردووە یان بووەتە هۆی

---

[١٠٣] دانا فایەق، حیکایەتی ڕەشپۆشەکان، کۆمەڵە چیرۆک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٣٧- ٣٨.

ئەوەی ئەم چیرۆکە لە خوێندنەوەدا تێکستێکی فرەڕەهەند نەبێت و لە بەردەم ئاسۆی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا نەکرێتەوە.

## پ- پێوەری واقیع:

تێکستی ئەدەبیی ڕۆمان و چیرۆک بە پێوەری واقیع هەڵناسەنگێنرێن و ناخوێنرێنەوە، چونکە بە ئەفراندنیان سنوورەکانی واقیع تێک دەشکێنن و شتێکی جیاواز لە واقیع پێک دەهێنن، بۆیە تێکستی ئەدەبیی ڕۆمان و چیرۆک پتر لە تێکستی زانستی بە ڕووی کایەکانی فەلسەفە، سایکۆلۆجیا، سۆسیۆلۆجیا، زمانناسی و ئەوانی تردا کراوەن، ئەویش هەر لەبەر ئەوەی لە سەر ئاماژە بونیاد نراون و هەر کات ئەم ئاماژانە بەو بوارانەوە دەگەن، دەکەونە بەر هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی جیاجیا، وەک چۆن خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی (دۆستۆیڤسکی) و زۆری تر بە بێ نزیکیی لە سایکۆلۆجیا زەحمەتە و، چەندین تێکستی ئەدەبیی چیرۆک و ڕۆمان بە بێ ئاشنابوون بە کایەکانی تیۆلۆژیا (خوداناسی) و عیرفان و زمانناسی و ئەوانی تر زەحمەتن، بەڵام زۆر تێکستی ئەدەبیی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بە تایبەت کە ڕاستەوخۆ تەرخان کراون بۆ باسکردن لە ڕووداوی ئەنفال، تەنها حیکایەتی سادەن و بۆ تێگەیشتن لێیان ئاشنابوون بە کایەکانی فەلسەفە، سایکۆلۆجیا، سۆسیۆلۆجیا، زمانناسی و ئەوانی تر زۆر پێویست نین، بۆیە کاتێک کە باسی ئەنفال یان هەر کارەساتێکی تر دەکەن، هیچی ئەوتۆ لە سەر ئەو ڕووداوە بە خوێنەر ناڵێن، بێجگە لەوەی کە خوێنەر خۆی دەیزانێت و پێی ئاشنایە، چەندان ڕۆمان و چیرۆکی تر کە لە بارەی ئەنفالەوە نووسراون، نموونەن بۆ ئەم حاڵەتە و دەتوانرێت هەر ئەو نموونانەی پێشوو لە تێکستی ڕۆمانی کوردیدا لێرەیش بهێنرێتەوە.

## ت- تێکشکاندنی دوالیزم:

نووسەر لە ڕۆمان و هەندێ جاریش چیرۆکدا گەر بیەوێت بە دیدێکی نوێوە دونیا ببینێت و سیفەتی داهێنان هەڵبگرێت، پێچەوانەی تێکستی زانستی و ئایینی هێڵ لە نێوان دوالیزمەکاندا ناکێشێت و بە توندی وەک دوو جەمسەری دژ بە یەک جیایان ناکاتەوە: پاڵەوان و پەراوێزخراو، جەللاد و قوربانی، چاکە و خراپە، شەیتان و فریشە و زۆر دوالیزمی تر هەڵدەوەشێنرێنەوە، بەمەیش تێکستی فرەدەنگ دروست دەبێت و کارەکتەرەکان هەڵگری زمانی ئازادی خۆیان دەبن، ئەویش بێ گومان بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی نوێ و گەیشتن بە ڕاستیی تر و تێگەیشتنی ناباو، بەڵام لەو تێکستانەی ئەدەبی کوردی بۆ ئەنفال بەرهەم هاتوون، دیسان ئەم دوالیزمانە تۆخ و دیارن، ئاشکران کێ لە سەر حەقە و کێ ناحەق، کێ جەللادە و کێ قوربانی، زاڵم و مەزڵووم کێن، بەمەیش کارەکتەرەکان، جووڵە و چارەنووس و سیمایان پێشبینی کراوە و

ڕووداوەکان لە سەر یەک هێڵ دەڕۆن، بۆیە ئەو تێکستانە نەیانتوانیوە فرەدەنگ بن و کارەکتەرەکانی ئازاد بن، حەقیقەتی نوێیان لێ ببیستین، بەشێکی ئێجگار زۆری ڕۆمان و چیرۆکی تر کە لە بارەی ئەنفالەوە نووسراون، نموونەن بۆ ئەم حاڵەتە و ئەو تێکستانەی پێشتر و چەندین تیکستی تر دەکرێت وەک نموونە بهێنرێنەوە.

## ج- هەڵوەشاندنەوەی ڕووداو:

ڕۆمان و چیرۆک کاتێک کار لە سەر ڕووداوێکی مێژوویی دەکات، وەک خۆی بەکاری ناهێنێت، ستاییشی هیچ ئایکۆنێک ناکات، ڕووداوەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ دای دەڕێژێتەوە، ئەرکی تێکستی ئەدەبی گواستنەوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو داڕشتنەوەیانە بە دیدی نوێ و جیاوازەوە، بەڵام لەو تێکستانەی ئەنفالیان تێدا بەکار هاتووە و بە تایبەت بۆ ئەو تراژیدیایە نووسراون، شوێن و زەمەن و ڕووداوەکان وەک خۆیان هاتوونەتەوە و گواستراونەتەوە، ئەمەیش خەسڵەتی ئەدەبێکی تەقلیدی و ناداهێنەرانەی پێ داوە، بۆ ئەم خاڵەیش، دیسان بەشێکی ئێجگار زۆری ڕۆمان و چیرۆکی تر کە لە بارەی ئەنفالەوە نووسراون، نموونەن بۆ ئەم حاڵەتە.

## چ- کات و شوێنی جیاواز:

کات و شوێنی ناو ڕۆمان و چیرۆک هەمان کات و شوێنی ناو واقیع نیین و نابن، هەر گواستنەوەیەکی کات و شوێنی واقیع بۆ ناو ئەو جۆرە تێکستە ئەدەبییانە، بە کاڵاکردنی کات و شوێنە بۆ بەکارهێنانێکی کاتی و دواتر سیفەتی کاڵایش کۆنبوون و فڕێدانە، بە شمەککردنی کات و شوێن و سەیرکردنی وەک ئەوەی تەنها کەرەستەی بەکارهێنان بن بۆ تێکستی ئەدەبی، سیفەتی بێگیان و بێسەنگ و ئەرکی تەقلیدی بە کات و شوێن دەبەخشێت و وایان لێ دەکرێت، تەنها ئامراز بن بۆ گەیاندن و هۆکاری نمایشکردنی ڕووداوەکان بن، ئەوەیش هەستی پێشبینی و زانینی دەرەنجام بە وەرگر و خوێنەر دەدات، تێکستە ئەدەبییەکە وەک تێکستێکی پێشتر خوێنراوە و ڕووداوی زانراو و کۆتایی بینراو خۆی دەخاتە بەر چاو، ئەمەیش سوان و کۆنبوون و بێزرانی لێ دەکەوێتەوە.

کات و شوێنی ڕوودانی تراژیدیا و لێرەیشدا مەبەستمان لە ئەنفالە، ناکرێت ببنە کەرەستە و کاڵای بەکارهێنان و وەک خۆیان بگوازرێنەوە و لە ناو تێکستەکاندا دەقاودەق و بێ گۆڕانکاری هەمان کات و شوێنی ڕاستەقینەی ناو واقیع ببینینەوە، بەڵکوو پێویستە کات و شوێن لە چیرۆک و ڕۆماندا ببنە بەشێک لە سیستمی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا بن، چونکە گۆڕان و نوێبوونەوەی کات و شوێن دەبنە هۆکارێک بۆ گۆڕان و نوێبوونەوەی بیرکردنەوەی

نووسەر لە ڕووداو و کارەکتەرەکان، ئەوەیش خۆبەخۆ گۆڕان و نوێبوونەوە بە سەر بیرکردنەوە و دونیابینیی داهێنەردا دەهێنێت و ئاسۆی نوێ و دەرەنجامی پێشبینی نەکراو دەهێننە پێشەوە و ئەوەی دەخوێنرێتەوە و دەبیسترێت، لە دەرەوەی چاوەڕوانییەکاندا دەبێت و هیچ دوور نابێت، درز بخەنە باوەڕە جێگیر و چەسپاوەکان و لە کەوتنی بۆچوونە تەقلیدییەکان نزیکمان بخەنەوە.

بەڵام لە بەشێکی ئێجگار زۆری ڕۆمان و چیرۆک کە لە بارەی ئەنفالەوە نووسراون، یان زۆر تێکستی ئەدەبیی تایبەت بە ئەنفال یەکسەر زەمەنێک دەهێنێتە پێش، کە پێشتر لە وتاری سیاسی و بابەتی کۆمەڵایەتی و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەوانیدا بیستراوە، شوێنێک دەخەنەوە پێش چاو کە پێشتر ئەزموون کراوە، کە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بە سەر دا نەهاتووە، ئەمەیش بێجگە لە تێکستی تەقلیدی و بێگیان هیچی تر بەرهەم ناهێنن و بابەتی تراژیدیایش دەکەنە کاڵا و شمەک کە سەرەنجامی کۆنبوون و فڕێدان بێت.

گەر ئەم نموونەیە لە تێسکتێکی کوردی لە بارەی ئەنفالەوە وەربگرین: (**نیوەشەوێ بە تاوانێکی ناڕەوا لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێ، کۆمەڵێ ئافرەت و منداڵ ڕاپێچیان داین. هەر کێ کەوتە بەر دەستیان، ژن و کچ و پیرەمێردیشیان نەبوارد، بەرەو شوێنێ بردمانیان ئێستاش نازانم کوێ بوو، بیریشم نایێ چ ساڵێک بوو، نەشمدەزانی بۆ کوێمان دەبەن، هەتا نیوەشەوێک لە شوێنێ دایانبەزاندین. سەرتاپا دەوروبەرمان لم بوو، کەوتینە ناو بیابانی لم لە کۆشکی باشوور، لە تاریکستانی لم چواردەورمان بە زەلامی لە لم دروستکراو گیرابوو. تارمایی لە لمیان تێ بەرداین، بە لم دایانپۆشین. ئەوانەی پاسەوانیشیان دەکردین مرۆڤی لە لم بوون. دڕندەی لم تێمان وەرهاتن، گورگ خواردمانی. لە ژووری تاکوتەرا دوو گورگی دووپێیان تێ بەرداین، ڕووت و قووتیان کردینەوە، کاری خراپیان نەک لەگەڵ ئافرەتەکان، بەڵکو لەگەڵ خۆشمان کرد، منداڵیشیان نەبوارد. ماوەیەکی زۆر لە قوژبنە تاریکەکان میز و پیساییمان خوارد و خواردەوە، پاشان کە هێنامانیەوە ژووری نەختێ گەورەتر، لەگەڵ پیاوکوژ و پیاوخراپدا تێکەڵیان کردین. جگە لە خۆم و چەندانێکی تر نەبێ دەنا زۆرانیان بە دەردی خۆیان چوون، تووشی گۆبەند و گێچەڵی خراپتریش بووین...**)[١٠٤] دەبینین ئەو کات و شوێنە و ئەو ڕووداوەی باسی دەکات هەمان ئەوەیە، کە پێشتر لە کەناڵی ترەوە بیستراوە و دووبارە بەکارهێنانەوەیشی هەر بۆ گەیاندنی هەمان ئەو زوڵم ستەمەیە کە پێشتر کەناڵەکانی تر دەیانویست بیگەیەنن.

---

[١٠٤]- سەلاح عومەر، جەنگ (کۆبەرهەم)، ڕۆمانی تاریکستانی لم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٢٠-١٢١.

## پاری دوەم: ئەنفال و ئەدەب (دیاریکردنی جۆری پەیوەندی):

لە پاری یەکەمدا (ئەنفال و دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی) باسمان لە دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی کرد و لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی سیمای گشتی و تایبەتییەکانییەوە هەندێ خەسڵەتی ئەم ئەدەبەمان دیاری کرد، ئێستا باس لە جۆری ئەو پەیوەندییە دەکەین کە لە نێوان ئەدەب و ئەنفالدا دروست بووە، یان ڕاستتر ئەو جۆرە بەکارهێنانەی ئەنفال کە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی و لە تێکستی جۆراوجۆردا بەکار هێنراوە، کە زۆر جار وا باس دەکرێت کە تراژیدیای ئەنفال لەو جۆرە تێکستانەدا ڕەنگی داوەتەوە و بە وێنەی شیعری و هونەری تەعبیری لێ کراوە، بە گشتی دەکرێت باس لەوە بکرێت، کە ئەم پەیوەندییە لە سەر زۆر بنەما دامەزراوە و هەر ئەو بنەمایانەیش بوونەتە هۆی خوڵقاندنی چەندین تێکستی ئەدەبی لە وێنەی شیعر و ڕۆمان و چیرۆکی کوردی، کە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین و بە سادەیی لە جۆری هەر یەک لەو پەیوەندییانە دەدوێن، دیارە هێنانەوەی ئەو نموونانە لە تێکستەکانی ئەدەبی کوردی، وەک نموونەی باسکردن و ڕەنگدانەوەی تراژیدیای ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا، تەنها بۆ دیاریکردنی ئەو مەبەستەیە، واتە، دیاریکردنی ئەو پەیوەندییە، نەک خوێندنەوەی ئەو تێکستە ئەدەبییانە، بە ڕێبازە ڕەخنەییە جیاجیاکان و شیکردنەوەی سیمۆلۆژی و بنەمایی و زمانەوانی و میتۆدەکانی تری خوێندنەوە بۆ هەریەک لەو تێکستانە، هەر لەبەر ئەوەیش هێنانەوەی نموونەی تێکستەکان، لێرەدا بە جۆرێکە، کە زۆر بە خێرایی ئەنجاممان داوە و بە وردی و قووڵی لە سەر هەریەکیان ڕانەوەستاوین. پێویستە باسی ئەوەیش بکەین، هێنانەوەی ئەو نموونانە لە تێکستی ئەدەبی کوردی بەو شێوەیەی ئێرە و بەو نموونە وەرگرتنە درێژ و زۆرە، کە ڕووبەرێکی فراوانی لێرەدا گرتووە، تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستمان و دەرخستنی ئەو ڕووبەرە زۆرەیە لە پانتاییی تێکستی ئەدەبی کوردی، کە ئەو مەبەستانەیان تێدایە و ئێمە نیشانمان داوە، واتە درێژیی تێکستەکان بۆ زیاتر دەرخستنی ئەو مەبەستانەیە و بۆ ئەوەیشە تێکستەکان خۆیان بدوێن و خۆیان زیاتر خۆیان ڕوون بکەنەوە، نەک هەر ئێمە بە ناویاندا ڕۆبچین و شییان بکەینەوە.

ئێستا باس لە جۆری ئەو پەیوەندییە دەکەین کە لە نێوان ئەدەب و ئەنفالدا هەیە، یان ڕاستتر ئەو جۆرە ڕەنگدانەوەیەی تراژیدیای ئەنفال، کە لە ناو ئەدەبی کوردی و لە تێکستی جۆراوجۆردا دەرکەوتووە، کە وەک ئاماژەیشمان بۆ کرد، بە شێوەیەکی گشتی و بەخێرایی لەم خاڵانەی خوارەوەدا بە نموونەی تێکستی شیعر و چیرۆک و ڕۆمانەوە دەیانخەینە ڕوو:

**١-٢/٢ نواندنەوە:**

شاعیر و نووسەری کورد، بە دوو شێوە هەوڵی داوە ئەوەی پێی دەگوترێت واقیعی ئەنفال و بیستوویەتی و خوێندوویەتییەوە، یان تەنانەت ئەگەر لە ناویشیدا ژیابێت و ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینیبێت، لە تێکستە ئەدەبییەکانی خۆیدا بیاننوێنێتەوە و تەعبیریان لێ بکات، جارێک ڕاستەوخۆیە و جارێک ناڕاستەوخۆ، جارێک بە ئاشکرا و بێ دەمامک دەیەوێت مەبەستەکەی خۆی بگەیەنێت، جارێکیش مەبەست و نیەتی خۆی، لە ژێر یان لەو دیو وێنەی هونەری و زمانی تایبەت و بەکارهێنانی شێوازی تایبەت بە خۆی دەشارێتەوە و خێرا نایەوێت و ئەوەی دەیەوێت و مەبەستیەتی بیدرکێنێ و بیڵێت، یان لە زمانی نووسینیدا دەربکەوێت، ئەم دوو شێوازەی نواندنەوەیش لەم دوو خاڵەدا ڕوون کراونەتەوە:

**١-١-٢/٢ ڕیالیستی:** شاعیر و نووسەری کورد ئەوە دەنووسێتەوە و دەیکات بە تێکستی ئەدەبی کە بیستوویەتی یان دڵنیایە کە بەو شێوەیە ڕووی داوە، چۆن شایەتحاڵەکان باسی ئەنفال دەکەن، هەواڵ و ڕاپۆرتەکان دەیگەیەنن، بەڵگەنامەکان ڕوونی دەکەنەوە، هەر بەو شێوەیە دەقاودەق شاعیر و نووسەری کورد هەیە ئەنفال دەکاتە تێکستی ئەدەبی و ڕۆمان و شیعر و چیرۆکی لێ دروست دەکات، کە ئەم پەرەگرافە لە ڕۆمانی (ئەنفال)ی محەمەد ڕەشید فەتتاح دەخوێنینەوە، بەتەواوی هەست بەمە دەکەین، کە ئەوەی ناوی لێ نراوە هیچی لەگەڵ گێڕانەوەی شایەتحاڵان جیاواز نییە: (**ئۆتۆمبێلی سەرداخراویان هێنا، زیلی سەربازی بە کۆمەڵ هاتن، کوڕ و پیاوەکانیان قۆڵبەست دەکرد و دوودوو سەریان دەخستن، لە نێو زیلەکاندا چاویشیان دەبەستنەوە، ئەمجا کچ و ژنە جەحێڵەکانیش هەر وا بردیانن، دەمەو نیوەڕۆ ئێمەیان کردە نێو جەمەلۆنەکان، تا نیوەشەوی داهاتوو، ئەو کاتەی دەنگیان داین و بردیانینە نێو ئوتومبیلەکانەوە، کەس لەبزی لە لەبزی ئەوی تەکیەوە نەکەوت، ئەو لەشکرە شکستەی کە مابووەوە، کەنەفت و دەردەدار و نیوەگیان، جگە لە پیشخواردنەوە و گریانێکی بێدەنگ، هیچی دیمان بۆ نەمابووەوە.**)[١٠٥]

هەروەها وێنەی نزیک لەم وێنەیەی کە لەو ڕۆمانەدا وەرمان گرت، لە شیعرێکی (فاتیح سەلام) دا هەیە و کەمێ سۆز و وێنەی شیعریی پێ دراوە، ئەویش بە ناوی (پانۆرامای ڕاگوێزان و سوتماکی خاک) لە بەشێکی ئەم قەسیدەیەدا هاتووە:

**(دێیەک بنار بە جێ دێڵێ**
**دوو دێ... سێ دێ... چوار هەزار دێ**

---

[١٠٥] محەمەد ڕەشید فەتتاح، ئەنفال، ڕۆمان، چاپی دوەم، چاپەمەنیی زاموا، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٥٦.

**ڕەوە دێیە**
**توخوا دایە**
**ئەم خەڵکە سەرلێشێواوە**
**بۆ کوێ دەبرێن...؟.**
**حەشری کوردە**
**قیژەو... هەرا و... بانگ هەڵدانە**
**کورد لە (ستان) دابڕانە**
**گەرمە شینێکی سامناکە**
**خواحافیزی بەری ڕەنج و... ڕانەمەڕ و...**
**خاک و خۆڵی ئازیزانە**
**ئەسپی مەرگ تەپوتۆزیەتی**
**وا خەریکی سمکۆڵانە**
**چاو تەنها فرمێسک دەناسێ و...**
**بانگ و سەڵای ژن و پیاوە**
**دەست بەردانە... قوڕپێوانە**
**ئەم ئەوی گرتوتە باوەش**
**یەکێک کۆرپەی لێ ون بووە**
**یەکێک یاری**
**یەکێک پیرەژنەکەی دایکی و...**
**مناڵ تەتکە و ماقڵە و یاری)**[١٠٦]

ئەم شێوە ڕوانینە بۆ ڕووداوەکان و بەکارهێنانەوەیان لە ناو تێکستی ئەدەبیدا، بێجگە لەوەی هیچ دیدگا و ڕوانینێکی تر ناخاتە سەر ئەو ڕووداوانە و حەقیقەتی نوێ بەرهەم ناهێنێتەوە و هێندەی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، هێندە چاوی لە بونیادنانی داهاتوویەکی گەش نییە، هاو کات شێوازی ڕیالیستی بۆ نواندنەوەی ڕووداوەکان، لە نیەت و ئامانجی خۆیشیدا کێشەئامێزە، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە دیدگای فەلسەفی هەیە و بە تێڕوانینی هەندێ فەیلەسووف شتێک نییە بە ناوی ڕیالیست بەو پێناسە باو و بیستراوەی کە گوزارشتی ڕاستەوخۆ و دەقاودەق بێت لە واقیع، لەبەر ئەوەی هەرگیز ناتوانرێت واقیع وەک خۆی بۆ وێنەیەکی فۆتۆگرافییش بگوێزرێتەوە، چجای دەقێکی ئەدەبی، چونکە وێنەی فۆتۆگرافی تەنها لە گۆشەیەکەوە ڕوویەکی ئەو واقیعە دەبینێت و دەگوێزێتەوە، ئەوەی دەبینرێت تەنها ئەو ڕووەیە لە تەنها ئەو گۆشەیەوە، بۆیە ئەمە ناکاتە ئەوەی تەعبیرێکی دەقاودەق و تەواو بێت بۆ واقیع، بۆ نموونە کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) و کۆمەڵێک

---

[١٠٦] فاتیح سەلام، جارێکی تر... سووتانی ڕۆح، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١، ل٣٣-٣٤.

فەیلەسووفی ئایدیالیستیی تر پێیان وایە (شت لە خۆیدا) جیاوازە لە (شت بۆ ئێمە) ئەوان وای دەبینن مرۆڤ هەرگیز لە توانایدا نییە پەی بە خودی شتەکان ببات، چونکە (شت لە خۆیدا) بۆ مرۆڤ و بە شێوەیەکی تەواو کراوە نییە و مرۆڤ تەنیا لەو بەشەی تێ دەگات کە بە ئاراستەی ئەو کراوەیە! (دیاردەکان بە چەمکەکانمان درکیان پێ دەکرێت و لێیان تێ دەگەین، کە هیچ پەیوەندییەکییان بە شت لە خۆیدا نییە، ئەمە لەو دیو چۆنێتی، چەندێتی، ڕێژە و ئەو شتانەوەیە.)[١٠٧] لەمەوەیە کە دەڵێن شێوازی ڕیالیستی بە مانا بیستراوەکەی کە تەعبیری تەواو و گواستنەوەی ڕاستەوخۆی واقیع بێت، بوونی نییە، هەمیشە جیاوازی یان ناچوونیەکی یان شێوەیەکی تر بە دەر لەو واقیعەی باسی دەکات، لە ناو تێکستی ئەدەبیدا و تەنانەت کاری هونەریدا دەبینینەوە.

ئەدەبی کوردی نموونەی تێکست (شیعر، ڕۆمان و چیرۆک)ی تر زۆرن کە بەم شێوەیە کار لەگەڵ ڕووداوەکان دەکەن، (فاتیلا) ناوی ڕۆمانێکی مەهاباد قەرەداغییە، کە تێیدا نووسەر ویستوویەتی بە گێڕانەوە و باسکردنی چیرۆکی ڕاستەقینەی دوو عاشق، تراژیدیای ئەنفال و شۆڕشی کورد بکات بە تێکستی ئەدەبی، نووسەر خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (لەم ڕۆمانەدا شوێنەکان و کاتەکان و کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان و کارەساتەکان هەموویان ڕاستەقینەن.)[١٠٨] ئەم ڕۆمانە باس لە کۆتاییی شەڕی ئێران-عێراق و سەرەتای پرۆسەی ئەنفال دەکات و تا ساڵی ١٩٩١ درێژ دەبێتەوە، شوێنی سەرەکیی ڕووداوەکە شارۆچکەی کفری و گوندەکانی گەرمیان و ئۆردووگاکانی پێشمەرگە لە ئێران و بیابانی عەرعەر و زیندانی نوگرەسەلمانە، کە هەموویان لە واقیعدا هەن، [١٠٩] کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە، دوو کەسن کە چیرۆکێکی عاشقانەیان هەیە و لە دوو ژینگەی کۆمەڵایەتیی جیاوازەوە هاتوون، باس لە عەشقی شۆڕشگێڕێکی گەنج دەکات بۆ کچە شۆخێکی گوندنشین، بەڵام ڕووداوی ئەنفال ئەم عەشقە بە ناکامی دەسپێرێت، نووسەر خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت: (بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە عەشقی کوڕ و کچێکە کە بە هۆی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی چین و توێژی کۆمەڵایەتییەوە، ڕێگری زۆریان لێ دەکرێت بۆ بەیەکگەیشتن. کوڕێکی شاری کە دەبێتە پێشمەرگە و لە دێیەکدا عاشقی کچە شۆخێک دەبێت)[١١٠].

---

[١٠٧] پل استراترن، أشنايي با كانت، ترجمەی: كازم فيروزمند، نشر مركز، چاپ اول، تهران، ١٣٨٩ه، ص٣٩.

[١٠٨] بڕوانە ئەم لینکە لە ئینتەرنێت:
http://wishe. net/dreja. aspx?=hewal&jmare=32350&Jor=4

[١٠٩] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: مەهاباد قەرەداغی، فاتیلا، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٥.

[١١٠] بڕوانە ئەم لینکە لە ئینتەرنێت:
http://wishe. net/dreja. aspx?=hewal&jmare=32350&Jor=4

هەروەها دەڵێت (عەشقێکی پڕ لە وردەکاریی سەرنجڕاکێش و بێ گەرد، ساڵانێک لە نێوانیاندا بەوپەڕی هێزەوە دەمێنێتەوە و ناهێڵن بە یەک بگەن، تا ئەو کاتەی پەلاماری ئەنفال دەست پێ دەکات و ماڵی شێخ و هەموو خەڵکی لادێکان ڕادەماڵێ و دەیانبات، کوڕە پێشمەرگەکەیش وەک پارتیزان دەمێنێتەوە و لە ڕاپەڕین لە شەڕێکدا شەهید دەبێت.)[111] هەروەها ڕۆمانی (یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو) نووسینی: (سەدرەدین محێدین کەلۆڕی)، باس لە کچە کوردێک دەکات، کە لە لایەن ڕژێمی فەرمانڕەوای بەعس لە سەردەمی ئەنفال بە دیل دەگیرێت و گوندەکەیان وێران دەکرێ، باوک و دایک و دەستگیرانەکەیشی دەکوژرێن، براکەی بێسەروشوێن دەبێ، تا کۆتاییی ڕۆمانەکە، کە براکەی دەدۆزێتەوە، بەڵام ئەو کات کارلەکار ترازاوە و براکەی لە ژێرباری هەموو ئەو نەهامەتییانەی بەسەری هاتووە، شێت بووە، یادەوەرییەکانی ئەم کچە کۆمەڵێک چیرۆکی تراژیدین، کە نووسەر هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ واقیع بگوێزێتەوە و گوزارشت لە ڕووداوە ڕاستەقینە و مەرگهێنەرەکانی ئەنفال بکات.[112]

شێوازی ڕیالیستی لە شیعری کوردیشدا نموونەی زۆرە، بەڵام لێرەدا هەر ئاماژە بە شیعرێکی تری (فاتیح سەلام) دەکەین، لە بەشێک لە شیعری (هەناسەی گڕ) دا دەنووسێت:

**(خۆرەتاو گەرمە...**
**عەرعەر بێ پەی لەویش گەرمتر**
**دەست بۆچی دەبەی سوور هەڵگەڕاوە**
**بووە بە دۆزەخ**
**پارچەیەک ئاگر**
**ئەی مار و دوپشک**
**خۆ قرچەی لمی**
**ناودەم و ژێردان**
**بێ ئەندازەیە...**
**کوا بستێ سێبەر**
**ئای بۆ قومێ ئاو**

[111] بڕوانە ئەم لینکە لە ئینتەرنێت:
http://wishe. net/dreja. aspx?=hewal&jmare=32350&Jor=4
[112] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: سەدرەدین محێدین کەلۆڕی، یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو، ڕۆمان، چاپی شەشەم، چاپەمەنیی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠.

وای بۆ لەتێ نان...؟!!!!.)[١١٣]

بە گشتی ئەوانەی بە شێوەی سادە و ساکار و ڕاستەوخۆ باسی کارەساتی ئەنفالیان کردوە، پەنایان بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی ڕیالیستی بردووە و ئەم جۆرە نووسینانەیان بەرهەم هێناوە.

**٢/٢-١-٢ ئێکسپێرسیۆنیستی:** شێوازێکی تری نواندنەوەیە لە کاری ئەدەبی و هونەریدا و جیاوازە لە شێوازی ڕیالیستی، نووسەر یان هونەرمەند هەوڵ دەدات ئەو واقیعەی بە هەستەکانی گەیشتوە وەک خۆی لە کاری هونەری و ئەدەبیدا نەگوازێتەوە، بەڵکوو ئاوێتە بە خەیاڵ و دونیابینیی خۆی بکات، هەوڵ بدات واقیعێکی تر لە تێکستێکدا یان لە کارێکی هونەریدا بەرهەم بهێنێتەوە، لەم جۆرە دەقە ئەدەبی و کارە هونەرییانەدا واقیع وەک خۆی نایەتە بەر دیدە، بەڵکوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە یان بۆی زیاد کراوە، کەرەستە و کاراکتەر و ماتریاڵەکان هەر بە چەشنی واقیع ناجووڵێنەوە و هەمان ئەرکیان نییە، واقیع و جیهانی دەرەوە لە شێوازی ئێکسپێرسیۆنیستیدا دەقی ئەدەبی و کاری هونەری بە ناو فلتەری ڕوانین و دیدگای نووسەر و هونەرمەنددا دەڕۆن و خەیاڵ و لایەنی دەروونی و فەنتازیا ڕۆڵیان هەیە لە بەکارهێنانیاندا، بۆیە بە جۆرێکی جیاواز لەوەی هەن دادەڕێژرێنەوە.

لە سەرچاوەیەکدا بەم شێوەیە پێناسەی ئێکسپرێسیۆنیزم کراوە کە دەڵێت: (لەو تێرم و زاراوە نوێیانەیە لە کۆتاییی سەدەی بیستەم هاتۆتە ناو زمان و ڕۆشنبیریی کوردییەوە، هەردەمیش لەبەر نەبوونی سەرچاوەی گونجاو و باوەڕپێکراو، خۆی بە تەمومژی و ئاڵۆزییەک داپۆشیوە، زۆر جار، یان گەلێک جار، نووسەران و ڕەخنەگرانی کورد دەستەواژەی ((تەعبیری یان تەعبیریەت))یان بەرامبەر بەکار هێناوە، لە بنچینەدا هەڵەیەک لەم وەرگێڕانەدا نییە، ئەوەی کە جێی گومانە فۆرمۆڵەکردنی ((تەعبیریەت)) خۆیەتی کە لەگەڵ سیستمی زمانی کوردی ناگونجێ، چونکە فۆرمۆڵەکردنێکی زۆر عەرەبییە. بۆ ئەوەی لە کێشەی وەرگێڕانی زاراوەکان دوور بین، کە بە ڕای ئێمە هەندێ جار، لە جیاتیی ڕوونبێژی گوتن دووچاری تاریکبێژیمان دەکا، بێگومان ئەم ڕایە بە سەر هەموو زاراوەکاندا پەیڕەو نابێ، بەڵکوو هەندێکی دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە پێمان باشترە زاراوەی ئێکسپرێسیۆنیزم – Expressionnisme وەکوو خۆی بەکار بهێنین کە لە عەرەبییەکەی بە مانای (التعبیریة) دێ.)[١١٤]

---

[١١٣]- فاتیح سەلام، جارێکی تر... سووتانی ڕۆح، ل٩٦.

[١١٤]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.موحسین ئەحمەد عومەر، فەرهەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٤٦-٥٠.

له سەر ئەم شێوازی نواندنەوەیە لە کاری ئەدەبیدا، چیرۆکنووس (ڕەووف بێگەرد) لە ڕۆژانە چیرۆکی (چاوەڕوانیدا) دەنووسێت: **(لە دراوسێ ماڵەکەمم پرسی: بەڕاست تۆ دەزانیت ئێمە بۆ هاتووینەتە دەرێ و لێرەدا ئاپوورەمان داوە؟ وتی: نەخێر، بەڵام هەر کە گوێم لە دەنگەدەنگ بوو بێ سێودووکردن ڕام کردە دەرێ. ئیتر بەرودوا هەموو کۆبوونەوە، وتم چیرۆکی زەویقڵیشانەوەکەی جارانی قوتابخانەت لە بیرە؟ وتی: بێگومان، بەڵام بە ڕاست ئەم گیانی کونپشکنی و سووسەکردنە لە چییەوەیە؟ وتم: ئەوە چەند جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیی دەوێت کە وابەستە بن بە ڕەهەندەکانی مەیلی مرۆڤ و ئاکارە سەیرەکانی.**

**لەو کاتەدا پیرێژنێک، لەوە دەچوو بە ڕێکەوت بەویدا هاتبێت و هەر واش بوو، لە بەردەمماندا قوت بووەوە و زۆر بە پەرۆشەوە لێی پرسین:**

**- ئەوە چاوەڕێی چی دەکەن؟**

**هاوڕێکەم وتی:**

**- ئەگەر ڕاستت دەوێت خۆیشمان نازانین.**

**- یانی چی نایزانن، ئەی ئەم شلۆقییە چییە؟**

**- چاوەڕێی شتێکین ڕەنگە هەر نەگات.**

**- پیرێژنەکە لە پڕدا هەڵسڵەمییەوە و بروسکەیەکی کتوپڕ کەوتە ناو چاوی و زیاتر هاتە پێشەوە، لە دەموچاوی هاوڕێکەم ڕاما و وتی:**

**- ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ چۆن ناگات؟ من زۆر حەزم بەم گوێهەڵخستن و چاوەڕوانییەیە.**

**کچە قوتابییەکە وتی: دایکە گیان ئێمە بەردەوام چاوەڕێین، بەڵام ئیتر ئەگات ناگات...**

**- چۆن ناگات کچەکەم! بۆ ئەوەندە نائومێدن. من لێرەدا وا هەست دەکەم ئەوەی من چاوەڕێیم ئێستا بە سواری ئەسپێکی سپییەوە لەگەڵ کچە دەزگیرانەکەیدا لە سووچێکەوە سەر دەردێنێت و بەرەوڕووم دێت. من باوەشی پێدا دەکەم و ئەو پێدەکەنێت، ڕەنگە هەر ئێستا بگات.**

**بە سەرسووڕمانێکی زۆرەوە کە هەرگیز چاوەڕێی قسەی لەو جۆرەم لە پیرێژنێکی وا نەدەکرد وتم:**

**- دایکە گیان تۆ لە کەیەوە حەزت بەم چاوەڕوانییە پڕ لە ئومێدەیە کە ئێمە نیمانە؟**

**کەمێک لەچکە ڕەشەکەی بە دەستی ڕاستی لادا و قژە سپییەکەی بەتەواوی دەرکەوت وتی: بیستوپێنج ساڵە، بیستوپێنج ساڵی ڕێکە.**

**وتم: تۆ خەڵکی کوێیت؟**

**وتی: گەرمیانیم.**

**ئێمە و هەموو ئەوانەی لە نزیکمانەوە وەستابوون و گوێیان لە قسەکان بوو، چاومان داخست و بەرەو دەرگای ماڵەکانمان ملمان نا، بەڵام پیرێژنەکە بەتەنیا هەر تەماشای سەر شەقامە ئاپوورەکەی دەکرد و وەستابوو.)** [115]

هەروەها (سەمەد ئەحمەد) لە چیرۆکی (مەملەکەتی ئێسکەکان)دا، بە جۆرێکی جیاواز لەوەی لە واقیعدا هەیە باس لە گۆڕستان و مردوو و چیرۆکی ئەوانەی زیندەبەچاڵ کراون دەکات، بە جۆرێک توانای زمان گێڕانەوە بە ئێسکی کەسی مردوو دەدات و لەم ڕێگەیەوە چیرۆکەکە دادەڕێژێت و گێڕانەوەکان دەخاتە ڕێ، لە بەشێکی ئەم چیرۆکەدا هاتووە: **(ئەوەی زیاتر باری جەستە و دەروونمی تێکشکاندبوو، ئەو شایی و گۆڵمەزە بوو کە لە سەر زەوی گەرم کرابوو، خەڵکی وایان دەزانی ئێمە مردووین ئاگامان لە هیچ نییە، بەڵام ئەگەر چی من بۆ خۆیشم سەیرم لێ دەهات، کە چۆن مردووم و ئاگام لە هەموو ڕووداوێک هەیە، ئاگام لێ بوو لە دوای ئەوەی ئێمەیان زیندەبەچاڵ کرد، بۆ شەوەکەی هەموو ئەو پیاوانە خەڵات کران، مەدالیای ئازایەتییان پێ بەخشرا.)**[116]

یان شێرکۆ بێکەس لە شیعری (تاشەبەردێ)دا بە شێوازی ئێکسپێرسیۆنیستی دەنووسێت، کە گوتمان شێوازێکی تری نواندنەوەیە لە کاری ئەدەبی و هونەریدا و جیاوازە لە شێوازی ڕیالیستی، شێرکۆ بێکەس لەم شیعرەدا هەوڵ دەدات ئەو واقیعەی ئەنفال، کە دەزانێت چی بووە و چی ڕووی داوە، وەک خۆی نەگوازێتەوە، بەڵکوو ئاوێتە بە خەیاڵ و وێنەی شیعری و دونیابینیی خۆی بکات، هەوڵ دەدات واقیعێکی تری جیاواز لە شیعرەکەدا بەرهەم بهێنێتەوە. وەک دەبینین، لەم دەقەدا، کە چەند دێڕێکی کورتە، واقیع وەک خۆی نەهاتووەتە بەر چاو، بەڵکوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە:

**(تاشەبەردێ**
**لە گوندێکی بێوەژندا**
**یەکەم جار بوو لە ژیانیا**
**وەک ئەو ڕۆژە بە کوڵ بگری**
**وەختێ ئەغیار بە زۆری زۆر**
**هەڵیان کەند و هەڵیان گرت و**
**بردیان سەری**
**کانییەکیان**

---

[115]- ڕەووف بێگەرد، سڵاو لە کافکا، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٥، ل١٤٤-١٤٥.

[116]- سەمەد ئەحمەد، مەملەکەتی ئێسکەکان، چیرۆک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١١.

**پێ داپۆشی!)**[117]

بێگومان هەر دوو نموونەی تێکستی چیرۆک و شیعرەکە بە شێوازێکی ئێکسپێرسیۆنیستی باس لە کارەساتی ئەنفال دەکەن، بە شێوەیەک کە گۆڕانکاریی بە سەر واقیعدا هاتوون، بۆ زیاتر دەرخستنی پانتاییی ئەم مەبەستە لە شیعری کوردیدا، لێرەدا بە پێویستی دەزانین بەشێک لەم شیعرەی (ئیسماعیل خورماڵی) لە ژێر ناوی (پژمەی قیامەت)دا بخەینە بەر چاو و کۆتایی بە نموونە لە سەر ئەم مەبەستە بهێنین:

**(وەرن وەرن،**
**ئەی ئەوانەی لەگەڵ مێژووا دڵدارن**
**ئەی ئەوانەی، حوزنی دنیا بە حوزنی خۆتان دەزانن!**
**وەرن وەرن، نانی شەرم**
**بەسەر ساجی بێ دەنگیدا مەسووتێنن!**
**دەم کەنەوە، دار هەناری کامە باختتان**
**وەک ئێمە بە ئاوی ژەهر گەورە دەبێ؟**
**ئاوایی کامە دەڤەرتان،**
**وەک دەڤەری لەمەڕ ئێمە بە ئەنفال دەچێ و**
**ڕەوی کامە، کامە کەمایەتیتان وەک ئێمە**
**یەخەی ئاسمان دەگرێ و**
**منالانی کامە باخچە و، کامە خوێندنگاتان**
**وەک زەرد و سووری شارەکەی ئێمە**
**نیشتمانی نالی و گۆران**
**لە باخچەی ئوتێلەکانی جەهەنەمدا،**
**هەر بە سەوزی گەمە دەکەن!)**[118]

## ٢-٢/٢ وەسف:

ئاستێکی تری پەیوەندیی تراژیدیای ئەنفال بە تێکستی ئەدەبییەوە پەیوەندیی وەسفییە، شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی نووسەر و زۆرینەی شاعیرانی کورد لە سەر ئەنفال هەوڵێکی بێوچانن بۆ وەسفکردنی ئەو تراژیدیایە، وەسف لێرەدا لە سەر دوو

---

[117] شێرکۆ بێکەس، خۆم.. ئەو وەختەی باڵندەم! چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٩٥.

[118] ئیسماعیل خورماڵی، بەور و خاک و مێ، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٣٥-١٣٦.

ئاراستە کار دەکات، هەم لە سەر ئەو وێنە زهنییە دروست دەبێت، کە تراژیدیای ئەنفال لە هۆشیاریی تاکی کورد، بە تایبەت نووسەری کورد خوڵقاندوویەتی، هەم ئەم جۆرە وەسفانە، گەڕانەوەیشن بۆ سەر خودی ڕووداوەکە و کێشانی وێنە و نەخشەی مەرگەسات و دیمەنە تراژیدییەکانیەتی، بەڵام لێرەدا تراژیدیا هێندە گەورەیە کە وەسف لە ئاستیدا توانای گوزارشتی نییە، بەو پێیەی ئاوەڵناو سنووری زانیاری لە سەر ناوێک فراوان دەکات و ئاستی ناسینی قووڵتر دەکاتەوە، ئاوەڵناوەکان ڕۆشنایی زێدەترن بۆ سەر ناوەکان، کەچی نووسەر و شاعیری کورد لە ئاست تراژیدیای ئەنفالدا پەنا بۆ هەر ئاوەڵناوێک دەبەن، هەر لە سنووری ناوەکە خۆی پتر دەرناچن، واتە ئەنفال خۆی پتر لە هەموو ئاوەڵناوەکانی (ڕەش، تاریک، خوێناوی، کوشندە، ترسناک... هتد) دەتوانێت خۆی ڕوون بکاتەوە و خۆی بناسێنێت.

(حەمە کاکەڕەش) لە شیعری (بەرائەتنامەی خواوەند بۆ منداڵێکی ئەنفالکراو) دا، کە شیعرێکی تا ڕادەیەک درێژە، شاعیر وشەگەلی (پۆستاڵ، تەور، بەرد، تەم.. هتد) لە کۆمەڵێک ناوەوە بۆ ئاوەڵناوگەلێک لە وەسفی ئەنفالدا گواستوەتەوە و ئەم تێڕوانینە دەدات بەدەستەوە، وەک لە بەشێکیدا دەنووسێت:

**(گوڵەگیان ئەی ئەستێرە خوێناوییەکە**
**بە دایکت، بە نیشتمانەکەت بڵێ**
**بە کۆترە بێوەژنەکان بڵێ**
**خواوەند فەرموویەتی ئەنفال پۆستاڵێکە عەگال بەسەر**
**پێ بە گوڵەکانی نێوانماندا دەنێ**
**ئەنفال تەورێکە ئەو دارسێوانە لەتوپەت دەکات**
**کە ئێوە بە وان دا، دەهاتن بۆ لای من و**
**منیش لە ڕەنگی سێوێکەوە**
**خوڕخوڕ دەڕژامە ڕۆحی ئێوەوە**
**ئەنفال بەردێکە ئاوێنەی ئەو کانییانە پەراش پەراش دەکات**
**کە ئیوە لەو ئاوێنانەوە منتان دەبینی و**
**خۆتان بیر دەچوو**
**ئەنفال تەمێکە ئەو پەنجەرانە دادەپۆشێ**
**کە ئێوە لەو پەنجەرانەوە سەیری بارانتان دەکرد**
**تا دڵۆپێک پێکەنینی من ببینن)**[١١٩]

---

[١١٩]- حەمە کاکەڕەش، بەبێ تۆ ئاسمان نابینم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٣٦-٣٧.

نووسەر و شاعیری کورد لە کاتی نووسینی تێکستێک لە سەر ئەنفال، پەنا بۆ هەر ئاوەڵناوێک دەبەن، هێزی نووسین و توانای گەیاندنیان بە هۆی ئەو ئاوەڵناوانەوە ناچێتە سەر و تەنها زێدەڕۆیی لە وشەسازی و یاریکردن بە زمان و هەندێ جاریش لە درێژداڕی زیاتر نییە، بۆیە ئەم پەیوەندییە وەسفییە زیاتر لە سەر دوو بنەما دامەزراوە:

## ٢/٢-٢-١ وەسفکردن بە بێ ئاوەڵناو:

ئەم جۆرە وەسفکردنە پەنابردنە بەر ناوی (ئەنفال) خۆیەتی، لەو ڕوانگەیەوە کە وشەکە خۆی دەتوانێت هەموو شت ڕوون بکاتەوە و خۆی بناسێنێت، بۆیە زۆر نووسەر و شاعیری کورد ڕاستەوخۆ بێ هیچ پێچوپەنایەک پەنا بۆ بەکارهێنانەوەی دەبات، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە هەمووان دەزانن ئەنفال تراژیدیایەکە ڕووی داوە، تەنانەت ڕەنگە پێشبینیی ڕووداوێکی لەم جۆرە و بەم قەبارە ترسناک و وێرانکەرە نەکرابێت، بەڵام تازە ڕووی داوە و قوربانی و ئاکامەکانیشی لە بەردەوامیدان، بۆیە ئەم قەبارەیە دەکەوێتە سەروو توانای وەسفکردنەوە، یاخود خۆی دەتوانێت خۆی وەسف بکات و پێویستی بە هیچ ئاوەڵناوێکی تر نییە، بۆیە ئەم وشەیە: ئەنفال، بە شێوەیەکی بەر چاو لە زۆرینەی ئەو تێکستە ئەدەبییانەدا دەیبینینەوە، تەنانەت هەندێ لەو تێکستانە وشەی (ئەنفال) لە سەر ناونیشانیشیان هەیە، بۆ نموونە جگە لە شیعری دەیان شاعیری کورد، لە ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا ئەم نموونانە هەن: تراژیدیایەک لە ئەنفال: عالیە عەبدولکەریم، ئەنفال: ئەحمەد عارف، ئەنفالکراوەکان بەم زوانە دەگەڕێنەوە: مستەفا ساڵح کەریم، ئەنفال: محەمەد ڕەشید فەتتاح، هەر دوو ڕۆمانی یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو و وێڵ بە دوای کچانی ئەنفالکراوی فرۆشراو بە میسر: سەدرەدین محێدین کەڵوڕی، تەواری ئەنفال: نەژاد ڕەشید پشدەری، ئەنفال لە ئێوارەخوانێکی خودا و شەیتانەکاندا: حسێن سۆران.... هتد. هەروەها هەندێ تێکستی تری ئەدەبی هەن، بە شێوەی میتافۆر هەر لە ناونیشانەوە تا ڕادەیەک مەبەست بە دەستەوە دەدەن، کە باس لە ئەنفال دەکەن، لەوانە: بەهاری ڕەش: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، هێلانە: حسەین عارف، وێرانە: بەهادین نووری، گۆڕستانی لم: حەسەن جاف، مەملەکەتی ئێسکەکان: سەمەد ئەحمەد، لە هەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەبی: جەلیل محەمەد شەریف، ئەشکەوتی خوێن: سالار ئیسماعیل سەفین، ئەژدیها: محەمەد موکری، گۆڕە درەوشاوەکان: حوسام بەرزنجی، پاکیزەکانی بیابان: عەبدولقادر سەعید، نوێژی ڕووناهی: ئاسۆ حەسەن، وڵاتی تارمایی: سەلاح حەسەن، تاریکستانی لم: سەلاح عومەر، ئاوابوون: ئەحمەد شادی، جینۆساید و کاڵبوونەوە: لەتیف فاتیح فەرەج، مەرگی گەڕانەوە: سامی سلێمان فەقێ، گوڵ چیای ڕۆحەکان: ڕێواس ئەحمەد، ئەو دیو شەپۆلی ڕەشەباکان: هێمن مەلا زادە، هەیئە: سەلام عەبدوللا، مەملەکەتی دڕکاوی: جومعە کانی لەلەیی، عومەر سەید خاوەنی هەر سێ ڕۆمانی:

سەرزەمینی زیکزیکە، بازنە داخراوەکانی بابل، ئەسپەرە... هتد، ئەمانە وەک تێکستی چیرۆک و ڕۆمان، لەگەڵ بوونی دەیان و بگرە سەدان تێکستی شیعری لە بارەی ئەنفالەوە.

لەم بارەیەوە ئەحمەد عارف لە چیرۆکی (**ئەنفال**) **دا** دەنووسێت:

**(زۆر پێی خۆش بوو.. ئەوەندەی کەیفی بەوە دەهاتەوە کە گەیشتە ئەو ناوچەیە، وای دەزانی بە ڕاستی ئەوان پارێزەرن و هەموو هەقێ لە قورقوراگەی ناهەق دەهێننە دەرێ.. ئەوان (محمد)ن و ڕزگارکەری مرۆڤایەتین لە جەهالەت..**

**(ئیدی بۆخۆم بە ئارەزووی خۆم، بێترس هەڵدەسوڕێم و خۆدەبم بە یەکێک لەمانیش، دەستێ جلی پیاوان لەبەر دەکەم و قەد و تفەنگێ لە خۆم دەدەم چ جیاوازییەک لە نێوانی نێر و مێدا هەیە! ئەمانیش لەو نێرانە نین هەموو بیریان لە لای هەواوهەوەس دەبێت، دواتر من تێیاندا دەتوێمەوە و دەبمە بەشێک لەوان.. تۆ بڵێی مرۆڤ ئەوەندەش دڕندە بێت پەلاماری خودی خۆی بدات!!) سنوورەکان ئاڵۆز بوونە.. بازنەی دەسەڵات کەمتر بۆتەوە.. لێرە هەر کەسە دەیەوێت هەوڵی ئەوە بدات باری خۆی سوکتر بکات نەکا ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەوێ، شتێ لەم بابەتانە بێتە پێشەوە.. ئەمیش خۆی و هینێتی.. کەرکوڵ و بارسووک، لەوەش دەچێت پێی خۆش بێت گۆڕانکارییەک لە ناوچەکە ڕوو بدات بۆ ئەوەی زیاتر ئەو دەنگ و هەنگامەیەی لەمەڕ خۆی دەیبیستەوە کپ بێت و ئەوەندە تەشەنە نەکات، یان ئەو بەناو فریشتانە کە دەچوونە وێزەی ئەم بەسەرگەردانی ڕوو بکەنە شوێنێکی تر و ئەمیش خۆی بدۆزێتەوە... هەرچییەک ئەم بیری لێ دەکردەوە بوو بە ڕاست، تەنها مەرگی خۆی نەبێت کە هەرگیز بە خەیاڵیدا نەدەهات، کۆتایی بە ترازیدیای ژیان هێنا... ئەو بەدبەختە، خەڵکی لە شپرزەییدا خۆی بیر دەچۆوە، کەچی دەست ڕێژی پەپوولەیەک هەرچی گەڵای ئومێد و سۆزی ئەو بوو هەڵیوەراند...)** [١٢٠]

کەژاڵ ئەحمەد لە شیعری (هۆلۆکۆست) لە سەرەتاوە خۆی دەنووسێت (بۆ گوڵەکانی وەرزی ئەنفال، ئەو گوڵانەی لە بەهاردا هەڵوەرین) ئینجا لە شیعرەکەدا دەڵێت:

**(کە بردیانن، لە دوا کەلی ئاوابوونا**
**ئەو کاتەی دەرفەتی ئاوڕدانەوەیەکیش نەبوو، وتیان ماڵئاوا**
**ماڵئاوا ئەی ماڵە وێران بووەکە، ئاوایی نائاوەدان**
**گوندە بچکۆلانەکەمان، ماڵئاوا...**
**ئەنفال جوگرافیای شوێنەکانی هەڵوەشاند**

---

[١٢٠]- ئەحمەد عارف، بارین، کۆچیرۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٨-١٩.

**تا بیابانمان پێ بناسێنێ و**
**تراژیدیایەکی هاوبەش،**
**لە ڕۆحە گوڵە کوژراوەکانی ئێمە و**
**جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخولقێنێ**
**ئەنفال ویستی،**
**بلێ ئا ئەم گەردەلوولە ئیماندارانە دەتوانن**
**نەوەیەک بە ناخی زەمیندا ببەن و**
**بلێن ماڵئاوا... میللەتە بێ ماڵەکان**
**بیابان تۆ دەلیلم بە**
**ئەم شەو و ڕێگا و غوربەتە غەریبن پێم و دەمێکە**
**چرای شیعرم کز کردووە، سەگەکانی نوگرەسەلمان پێم دەوەڕن**
**دەترسێم و باش نابینم**
**پارچەکانی جگەرم لە کونجوڕێکی ماڵە سووتاوەکەی تۆدا**
**لێ شوێن بزر و گۆڕبزر و شاهید بزر کراوە)**[121]

بێ گومان ئەم جۆرە وەسفکردنەی تراژیدیای ئەنفال و ئەم جۆرە گێڕانەوەیە، هەمان ئەو جۆرە گێڕانەوەیەیە کە شایەتحاڵان چ بە نووسین یان بە زارەکی، چ لە یاداشتەکانیاندا یان لە ڕێگەی مێدیاکانەوە دەیگێڕنەوە و باسی دەکەن، چیرۆکەکە هەمان ئەو چیرۆکە خەمناکانەیە کە لەوانەوە بیستوومانە، بەڵام شاعیر تەنها هەندێ جوانکاری و وەسفکاری و بەلاغەتی شیعری تێدا بەکار هێناوە، هەندێ جار و بگرە زۆر جاریش لەم مەبەستەدا سەرکەوتوو نەبووە، نموونەی ئەم شیعرەیشمان زۆرە، (بەکر پشدەری) لە چەند پارچە شیعری جیاجیادا، کە لە بارەی (ئەنفال)ەوە بۆ ئەو تراژیدیایە دایناون دەنووسێت:

**(ئەوەی نەکرا لە یاد بکرێت**
**ئەوەی کە زۆری بۆ کرا...**
**کە کپ بکرێت...**
**ئەنفال بوو بۆیان ون... نەکرا**
**پۆلێک مەلی بێ هەواڵ و**
**باڵ زامدار بوون**
**خوێنەکەیان داگیرساند و**

[121]- کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٣٩-١٤٠.

**بوون بە چرا...)**[١٢٢]

هەر ئەم شاعیرە لە پارچە شیعرێکی تردا باس لە ئەنفال دەکات و لەگەڵ وێنەی شیعریدا باسی ناسنامەی بەجینۆسایدناساندنم دەهێنێتە ئاراوە و دەنووسێت:

**(بەڕوویەک بووم**
**سووتام لە سەر زەمینی لم**
**لەژێر لێوی خۆڵەمێشدا**
**خامۆش کرام**
**بووم بە کادو لە ئاسماندا**
**پەڵە هەورێکی چڵکن بووم**
**چوومە خەونی سەدان عاشق!**
**لە پایزی دابڕاندا...**
**لەتەک باران گەڕامەوە...**
**هیوام وایە...**
**ناسنامەی**
**بە جینۆساید ناساندنم**
**لە بەرکم بێ...**
**ئاسوودە بم...**
**کە جیهان لە یادم ناکا و...**
**لە نیشتماندا ڕواومەوە!)**[١٢٣]

دەکرێت لەم بارەیەوە، نموونەی تێکستی ئەدەبی لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان زیاتر و فراوانتر بهێنینەوە، بۆیە هەر هێندە بە پێویست دەزانین و ڕادەوەستین.

## ٢/٢-٢-٢ وەسفکردن بە ئاوەڵناو:

زۆر تێکستی ئەدەبیی کوردی هەن، کە باس لە ئەنفال دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی هونەری خۆیان لە بەکارهێنان و ناوهێنانی وشەکە دەپارێزن و باسی ئەنفال بە ڕاستەوخۆیی ناکەن، بە شێوەیەک تەنانەت ناوی شوێنەکان و سەردەم و بکەر و بڕیاردەر و هۆکارەکانی ڕووداوەکەیش ناهێنن، بەڵام بە گەمەی زمانەوانی و یاریکردن بە وشە و هەوڵدان بۆ خستنەڕووی دەستەواژەی ناوچەیی، یان نوێ یان کۆن یان هەر

---

[١٢٢] بەکر پشدەری، لە سێبەری پرچەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٦٧.
[١٢٣] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٠٤.

جۆرێکی تری زمان کە جیاواز بێت لە زمانی ئاسایی، بەکار دەهێنن و بە تەواوی و بە زۆر تێکستەکە پڕ دەکەن لە ئاوەڵناو و فەنتازیکردن بە زمانەوە.

ڕۆمانی (کەسێ لازۆی دیبێ؟) لە نووسینی (محەمەد فەریق حەسەن)، باس لە مێژووی کورد و مەرگی بە کۆمەڵ دەکات، لەگەڵیدا پاڵەوان بەئازایی دەهێڵێتەوە، پاڵەوان بەرەنگاری سروشتی سەخت و ناهەمواری دەبێتەوە، لەگەڵ بەرەنگاریی پاڵەواندا نووسەریش هێزی خۆی بۆ هەڵڕشتنی وشەی کوردیی پەتی و دەستەواژەی لە ئاساییبەدەر و وشەی ناوچە جیاوازەکان دەبات و تەوژمێکی زۆری ئاوەڵناو دروست دەکات، دەیەوێت ئومێد لای پاڵەوان نەمرێت، خۆیشی وەک کانگەی سەرچاوەی ئاوەڵناو بناسێنێت، بێ ئەوەی ناوی ئەنفال بهێنێت خوێنەر بە ئاشکرا دەزانێت باسی ئەنفال دەکات، باسی بەعس ناکات، تۆپزاوا و نوگرە سەلمان دیار نیین، بەڵام وێنەی لالە وەیسە و ئالان لە پاڵ وشەسازی و ئاوەڵناوەکاندا ئەو دیمەنانەمان دەهێننە پێش چاو، زەمەنی ئەنفالی نیشان نەداوە، باسی سەدام و عەلی حەسەن مەجید ناکات، کە هەر چەند ئەمە سەرکەوتنی نووسەرە، کە ئەو مێژووە ڕەشە لە چەند کەسایەتییەکی ستەمکاردا کورت ناکاتەوە، بەڵام کەشی ڕۆمانەکە لە ڕێگەی ئاوەڵناوەکانەوە ئەو فەزایە نیشان دەدەنەوە.

لە پەرەگرافێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە: (**گڕ لە ئێوارەوەختەیەکی سەربەهەوردا، لەو دیو پەردەی تەمەوە، مەترسیی پتر دەخاتەوە. پەزی تازە بە ئاوایی وەر بوو، چێڵ و چواڵ، بەقەرەپەست، بە کۆڵانە تەنگەبەرەکاندا مل دەنێن. خۆیان لە ڕێبواران ناپارێزن. لەگەڵ ژن و منداڵدا لە پێشبڕکێیەکی ناجۆردان. کێهایان زووتر خۆی لە پشتیر، یان لە کەلاوە کۆنەکە بپەستێ و ئاهێکی دڵنیایی تێگەڕێ. دەزانن ئەم وروژانە لە ناکاوە بێ مەڵامەت نییە. لێ کەمن ئەوانەی بزانن ئەو کارە وروژێنەرەی ئەم تۆپبارانەی لێ کەوتەوە کێ لێی بەرپرسە. گوللە تۆپەکان بە گڕ و چرەدوکەڵەوە، بەرەبەرە هێرش بۆ کۆشی ئاوایی و پشتی دێ دێنن**)[١٢٤].

هەروەها هەر چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (محەمەد فەریق حەسەن) لە ڕۆمانی (کوڕەزاکەی زیتۆ) دا، بە هەمان شێوە زمان بەکار دەهێنێت و بە شێوەیەکی سیمبولی باس لە ڕووداوی ئەنفال دەکات. ئەوەی لە ڕووداوی ئەنفالدا ڕۆڵێکی ناشیرین و کاریگەری هەبوو و پێش سوپای دوژمن کەوت و بووە چاوساغ و ڕێبەریان، لای کورد و لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پێی دەگوترێت (جاش)، کە دیارە ئەم ناوە بۆ

---

[١٢٤]- محەمەد فەریق حەسەن، کەسێ لازۆی دیبێ؟، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣٢.

ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێت، یان بەو کەسانە دەگوترێت، کە بە شێوەی ڕێکخراو و بۆ بەرژەوەندیی دوژمنی کورد، دژی کورد چەکیان هەڵگرتووە و، بەتەواوی و گوێڕایەڵانە لە ژێر فەرمانی ڕژێم و سوپای داگیرکەری کورد دەجووڵێنەوە و کار دەکەن، وشەی جاش خەڵکی کورد بۆ ئەوانە بەکاری دەهێنێت کە بوونەتە داردەستی دوژمن و دژی خەڵک و میللەتی خۆیان کار بۆ دوژمن و داگیرکەر دەکەن، (محەمەد فەریق حەسەن) لەم ڕۆمانەیدا (کوڕەزاکەی زیتۆ) وشەیەکی تر بۆ ئەم وشەیە (جاش) بەکار دەهێنێت و بە (هۆریەل) ناوی دەهێنێت و ڕوونی دەکاتەوە، کە وەک دیارە ئەم وشەیەی لە شێوەزاری هەورامییەوە وەرگرتووە، لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:(- **ئەوەی ئارەزوویان لێ بوو بیبەن، بردیان، ئەوەی ویستیان بیسووتێنن، سووتاندیان... ئاوایی دۆرپێچ کراو، لە چوار کەنارەوە سەرباز و هۆریەل خزابوونە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی، زریکە و قیژەی مرۆڤی تۆقیو، بۆڕەی ڕەشەوڵاخ، قارە و باعەی بزن و مەڕ تێکەڵ یەک دەبوون، دەنگی مرۆڤ و ئاژەڵیش بەنێو یەکدا چووبوون.)**[١٢٥]

لەم ڕۆمانەدا حەمەفەریق حەسەن بە شێوەی سیمبولی باسی ئەنفال دەکات، کوڕەزاکەی زیتۆ ناوی ئالانە، مێردمنداڵێکە لە گوندی کاردۆخ دەژی، ئەو گوندە دەکەوێتە بەر هێرشی سوپاکەی ساندای خان، خاپوور دەکرێت و دەستووێنرێت و خەڵکەکەی ڕاپێچی بیابان دەکرێن و لەوێ بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە دەیانکوژن، لە ناو ئەو خەڵکەی گوند کە لەم شاڵاوەدا دەربازی بووە کاکلی باوکی ئالان و زینەتی دایکی هەن کە دەتوانن خۆیان بگەیەننە ئەشکەوتێک و لە سوپای ساندای خان و هۆریەلەکان نەجاتیان ببێت، ڕۆژێک ئالان و سەگەکەی پێکەوە دەچنە دەرەوە، کە دەگەڕێنەوە دەبینێت باوک و دایکی کوژراون، لەوەو دوا ئالان بە تەنیا دەمێنێتەوە. هەر لە منداڵییەوە زیتۆی باپیرەی ئالان، زۆر گرنگی بە ئالان دەدات و پێی دەڵێت، ڕۆژێک دێ دەتوانیت ئەم خاکەت لە دەست دوژمن و سوپای ساندای خان و هۆریەلەکانی ڕزگار بکەیت. بۆ ئەمەیش داوای لێ دەکات خۆی بگەیەنێتە ڕەواندوز و بچێتە لای وەستا ڕەجەب، تا چەکێکی باشی بۆ دروست بکات بۆ ئەوەی شەڕی دوژمنانی پێ بکات، دیارە ئەمە وەک خەون وایە، پاشان ئالان ڕۆژێکیان لالە وەیس دەبینێتەوە، کە لە بیابان گەڕاوەتەوە و لە شاڵاوی سوپای ساندای خان ڕزگاری بووە، پاشان دێتەوە گوندەکەی خۆیان و لەگەڵ ئالان ڕەزەکەیان ئاوەدان دەکەنەوە، پاش ماوەیەکیش ئەویش دەمرێت. دواتر ئالان پیرەی گۆچان سەوز دەبینێت، کە کەسایەتییەکی ئەفسووناوییە، یارمەتیی ئالان دەدات تا بچێت بۆ لای وەستا ڕەجەب لە ڕەواندوز و چاوی پێی بکەوێت، وەستا ڕەجەب کاتی خۆی تۆپی بۆ میری ڕەواندوز دروست دەکرد، پاشان بە هاوکاریی ئەو

---

[١٢٥]- محەمەد فەریق حەسەن، کوڕەزاکەی زیتۆ، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەحوی، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٣٨.

پیاوە ئەفسووناوییە ئالان دەگاتە ڕەواندوز و وەستا ڕەجەب دەبینێت، وەستا ڕەجەبیش چەکە نوێکەی بۆ دروست دەکات، ئالان دەگەڕێتەوە و هاوڕێکانی قۆناغی منداڵی دەبینێتەوە، لە ناوچەکەی خۆیان دەست دەکەن بە پەلاماردانی مۆڵگەکانی دوژمن و لە دوا جاریشدا لە ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو سوپایە، ئالان و هاوڕێکانی کاردۆخ و ناوچەکە لە چنگی سوپای داگیرکەران ڕزگار دەکەن، لە برگەیەکی ئەم ڕۆمانەدا، کە بە شێوەیەکی بەرچاو یاری بە ئاوەڵناو دەکات، هاتووە:

**(لە زیندانی ئەو بیابانە، من بیرم لە تررووکە و زرریوە زرریوی شەوانەی، ئەستێرەی ئەو زۆزانانە دەکردەوە. بیرم لە جریوە جریوی وردەمەلی تێکەڵاو دەکردەوە. بیرم لای باعەباعی کاریلە و بۆنی غەیبندەی گوڵی ئەو دۆڵانە بوو. بیرم لای سمکۆڵان و حیلە و کۆڕەی ئەسپان بوو. لەوێ، لە زیندان، بیرم لە تافی جحێڵیی خۆم دەکردەوە، وەختایێ سپ و ساغ و ئازاد بووم، بەو کوێستانانەوە کوڕێنیم دەکرد و بە سەمای درەختی لقوپۆ چڕی ژێر سروەی شەماڵ مەست بووم. گوێم بە کناچەی پۆڕی ناو مێرگ و گوێ چەم دەزرنگایەوە. من لە زیندان دەستبەسەر بووم، بەڵام لە خەون و خەیاڵی خۆمدا، جارێک بە سەر پشتی وڵاخی بەرزەوە، ئەم عەردەم تەی دەکرد، جارێک لە سەر هەوای بەستەی بە جۆش و خرۆشی ئەو شایەرانەی، کە دەنگیان وەک زەنگوڵە لە گوێمدا دەزرنگێتەوە، لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا، لە دەستی چاو مەستێکی خۆشڕوودا دەهەژام. لە زیندان دەستبەسەر بووم، بەڵام خۆ خەیاڵ بە هیچ ملهوڕێک دەستبەسەر ناکرێ ئالان گیان. من لەو بیابانە دەموشکە، کە ڕووباری دونیای بەردەیتە سەر تینوێتیی ناشکێنێ، مەیلم لێبوو، بۆ حاڵی بێحاڵی ئەو حەشاماتە، بە نەوایەکی غەمگین، تاوێک هۆرە بچڕم، بەڵام نەمدەتوانی. دەزانی بۆ باوانەکەی باوکم؟ چونکە زارم پڕی لمە سووورە دەبوو، ئەگەر هۆرەم چڕیبا.)**[١٢٦]

## ٣-٢/٢ ناساندن:

ئەم ئاستەی پەیوەندی بریتییە لە پەیوەندیی نێوان ئەدیب و نووسەری کورد بە ئەنفالەوە ئەویش لە سەر بناغەی ناساندنی ڕووداوی ئەنفال وەک مەرگەسات و کردەی جینۆسایدکردنی کورد بە جیهان، لەم ئاستەیشدا کۆمەڵێک نووسەری کورد بە چەند زمانێکی جیهانی کۆمەڵێک تێکستیان لە بارەی ئەنفالەوە بەرهەم هێناوە، ئەویش بە ئامانجی ناساندنی ڕووداوی ئەنفال بە خوێنەرانی ئەو زمانانە و خەڵکی ئەو وڵاتانە، ماڵپەڕێکی کوردی لە ئینتەرنێت نووسیویەتی: (ڕۆمانێک لە بارەی ئەنفالەوە پڕفرۆشترینی کتێبی دانیمارکە.)[١٢٧] مەبەست لەم ڕۆمانە ڕۆمانی (مردووشۆر)ە لە

[١٢٦]- محەمەد فەریق حەسەن، کوڕەزاکەی زیتۆ، ل٧٨-٧٩.

[١٢٧]- ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس: 47740-6/http://zagrosn. com

نووسینی سارا عومەر. ناوەرۆکی ڕۆمانەکە باس لە تراژیدیای ئەنفال و کیمیابیبارانکردنی هەڵەبجە دەکات، ماڵپەڕەکە زانیاریی زیاتر لە سەر ئەم ڕۆمانە بڵاو دەکاتەوە دەنووسێت: (لە ٣٠ تشرینی دووەمی ٢٠١٧ بڵاو کراوەتەوە، بە زمانی دانیمارکی نووسراوە و بڕیارە بۆ زمانی ئینگلیزی و سویدی وەربگێڕرێت.)[١٢٨] هەر لە بارەی ئەم ڕۆمانەوە ماڵپەڕێکی تری کوردی نووسیویەتی: (لە دانیمارک ڕۆمانی ئافرەتێکی کورد دەبێتە پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانی ساڵ، سەرنجی دانیمارکییەکان و دانیشتووانی ژمارەیەک لە وڵاتانی ئەورووپای ڕاکێشاوە)[١٢٩] ئەم ماڵپەڕە لە زمانی نووسەرەوە ئەوە باس دەکات: (یەکەم کتێبە کە بە زمانی دانیمارکی نووسیویەتی، ٥٠ هەزار نوسخە لە کتێبەکەی فرۆشراوە و بە پڕفرۆشترین کتێبی ساڵ لەو وڵاتە دانراوە...)[١٣٠] یان لە بارەی ڕۆمانی نووسەرێکی تری کوردەوە کە بە زمانی هۆڵەندی نووسراوە، ماڵپەڕێکی تر نووسیویەتی: (پرۆسەی ئەنفال و مەرگەساتەکانی کورد ئاوێتەی ڕۆمانێک بوون بە زمانی هۆڵەندی.)[١٣١] ئەم ڕۆمانە ناونیشانی (یاد ، کچێکی بێ مێژوو)ی لە سەرە و (سەروەر جوانڕۆیی) بە زمانی هۆڵەندی نووسیویەتی، بە پێی زانیاریی ماڵپەڕەکە باسی تراژیدیای هەڵەبجە و ئەنفال دەکات و ئاوڕ لە مێژووی هەشت قۆناغ و شەش ناوچەی جیاوازی پرۆسەی ئەنفال دەداتەوە و هەموو زنجیرەکانی پرۆسەی جینۆسایدی ئەنفال لە باشووری کوردستان پێکەوە ئاوێتەی ڕۆمانەکە بوون.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ڕۆمان و چیرۆک و شیعر دەتوانن پرۆسەی ئەنفال یان هەر ڕووداوێکی تر بە جیهان بناسێنن و خەڵکی وڵاتان و خوێنەرانی زمانانی تر لەو مەرگەساتە ئاگادار بکەنەوە؟ ئایا بە گشتی ئەدەب دەتوانێت خزمەت بە دۆزی ئەنفال بکات، بۆ ئەوەی وەک کەیسێک بەر چاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بخات و پشتیوانی و سۆزی خەڵکانی زۆری لە سەر ئاستی جیهان بۆ پەیدا بکات.

چەند سەدەیەک پێش ئێستا گەڕیدەی ناسراوی ئیتاڵی (مارکۆ پۆلۆ) پاش ئەو هەموو گەشت و گەڕانەی بە دونیادا، سەفەرنامەیەک دەنووسێت، لە ڕێی ئەم سەفەرنامەوە چین و کیشوەری ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست بە خوێنەرانی ئاشنا دەکات و زانیارییان لە سەر دەداتێ، [١٣٢] ئەم ستراتیژە لە نووسیندا بۆ ئەو سەردەمانە و چەند

---

[١٢٨]- ماڵپەڕی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس: 47740-6/http://zagrosn. com

[١٢٩]- ماڵپەڕی ڕووداو:

http://www. rudaw. net/sorani/opinion/culture_and_literature/010120182

[١٣٠]-ماڵپەڕی ڕووداو:

. http://www. rudaw. net/sorani/opinion/culture_and_literature/010120182:

[١٣١]- ماڵپەڕی خەبات:http://xebat. net/1/detail_articals. php?id=37431&z=5&l=1

[١٣٢]- بڕوانە هەر دوو بەشی کتێبی: رحلات ماركو بولو، تألیف: ماركو بولو، ترجمة: عبد العزيز جاويد، الطبعة الثانية، الناشر: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٢.

سەدەیەکیش دواتر، کە هۆکارەکانی گەیاندن و پەیوەندیی وەک ئێستا نەبوون و پێشکەوتوو نەبوون، شتێکی ئاسایی و تەنانەت کاریگەریش بوون، بۆیە لە سەر ئاستی جیهان بەم دیدە و بۆ ئەم ئامانجە چەندین تێکستی تر بەرهەم هاتوون، کە مەبەستیان ناساندنی شتێک یان ڕووداوێک یان شوێن و کەلتوورێک بووە بە خوێنەرانی زمانی تر لە شوێن و ناوچەی تری جیهان، بەڵام وەک دەبینین جیهانی ئەمڕۆ گۆڕانکاریی زۆری بە سەردا هاتووە و هۆکاری تر هەن زۆر خێراتر و ئاسانتر و تەنانەت وردتر و بەڵگەدارتر و کاریگەرتر لە نووسین بۆ ناساندنی ڕووداو و کەلتوور و دیاردەیەک یان هەر شتێکی ناوچەیەک بە ناوچەیەکی تری گۆی زەوی یان زمانێک بە زمانێکی تری جیهان. لەمڕۆی سەردەمی نێتۆرک و واقیعی مەجازی، هەموو شتێک خێرا و تەنانەت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی شاشەکانەوە خێرا بە هەموو شوێنێکی جیهاندا بڵاو دەکرێتەوە، لەمڕۆی سەردەمی گۆلۆباڵیزمدا، نەک تێکستی ئەدەبی بەڵکوو هیچ تێکستێکی تر، گەر بەو مەبەستەی مارکۆ پۆلۆ بنووسرێت، ناتوانێت ئامانج بپێکێت، چونکە ئەو سەردەمە گۆڕاوە و هۆکاری تری پەیوەندی و گەیاندن و ناساندنی کاریگەر و پێشکەوتوو و خێرا و بڕواپێکەر داهاتوون، ئەمڕۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەکانی ئینتەرنێت، کەناڵەکانی سەتەلایت و هۆکارەکانی تری پەیوەندی زۆر بە ئاسانی و پڕ دۆکۆمێنت و بەڵگەدارتر، وردتر و هەمەلایەنەتر هەر ڕووداو و شوێن و کەلتوور و بابەتێکیان بوێت دەتوانن بە جیهانی بناسێنن و خەڵکانی زمانی تر و شوێنی تری لێ ئاگادار بکەنەوە، بۆیە ئەمڕۆ هەر ڕۆمانێک یان هەر تێکستێکی ئەدەبی تر ئەگەر بەم ئامانجە بنووسرێت، بڵێت دەمەوێت خوێنەر و وەرگر لە زمانی تر و شوێنی تر بە دیاردەیەک یان ڕووداو و کەلتووری تر بناسێنم، وەک ئەوەی پێشتر ئەو ماڵپەڕانە و تەنانەت نووسەرانی تێکستەکانی لەمەڕ ئەنفال ئاماژەیان بۆ دەکرد و دەیانگوت، فڵان نووسەر لە ڕێگەی ڕۆمانەکەیەوە جینۆسایدی ئەنفال بە خوێنەرانی وڵاتان دەناسێنێت، یان ئەو ڕۆمانە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ قوربانییانی ئەنفال و دۆزی ڕەوای گەلەکەمان دروست دەکات، ئەوەیە بەدڵنیایی بابەتەکە ئەو ئامانجە ناپێکێت و ئەوەی دەگووترێت تەنها:

أ- بەهەواڵکردن: هەواڵێکی ڕۆژنامەوانییە و وەک کاڵایەک تەنها بۆ ڕاگەیاندنەکان بەکار دەهێنرێت.

ب- بەکارهێنان: پرسی ئەنفال دەکرێتە کەرەستەیەک بۆ زوو گەیاندنی دەنگی نووسەرێک لە ناوەندێکی تری ڕۆشنبیریی زمانێکی تر.

پ- جۆشوخرۆش: تراژیدیاکان دەکرێنە مۆد و تەنها ماوەیەک نێوەندی ئەدەبی و هونەرییان پێ گەرم دەکرێتەوە.

دیارە لێرەدا کە بەم زمانە ڕەخنەییە لەم جۆرە هەوڵانە دەڕوانین، هەرگیز مەبەستمان ئەوە نییە، کە نابێت تراژیدیای ئەنفال لە تێکستی ئەدەبیدا بە زمانی تر بنووسرێت و گوزارشتی لێ بکرێت، نەخێر بە دڵنیایی ئەمە زۆر کارێکی گرنگە، بەڵام

بەو مەرجە تەنها نەگوترێت مەبەستی ناساندنی پرۆسەی ئەنفال بە دونیا و لە پشتیشیەوە ئەو ئامانجانە وەستابن کە ئاماژەمان بۆ کردن، بەڵکوو پێویستە باسکردنی ئەنفال لە تێکستێکی ئەدەبیدا بە هەر زمانێک، بە هەمان ئەو مەبەستانە بن کە تێکستێکی داهێنەرانە ڕۆڵی دەبێت لە دەستکاریکردنی دونیابینیی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی حەقیقەتی نوێدا و پرسیار و گومانی نوێ بۆ سەر بوون و ویژدانی مرۆڤ دروست دەکات و لەم پێناوەیشدا ڕابردوو هەڵدەوەشێنێتەوە و بە شێوەیەک لە خزمەتی دیدی مرۆڤ بۆ ئاییندەیەکی گەش دایدەڕێژێتەوە.

## ٢/٢-٤ سادەکردنەوە:

ئاستێکی تری پەیوەندیی تێکستی ئەدەبیی کوردی و تراژیدیای ئەنفال بریتییە لە سادەکردنەوە، سادەکردنەوەی ڕووداوی چڕ و ئاڵۆزی ئەنفال بۆ کۆمەڵێک دیمەنی ساکار و زۆر بیستراو و هەمیشە زانراو، زۆر تێکستی ئەدەبی هەن تەنها بە ڕووکەش چ دیمەنێک لە پرۆسەی ئەنفال بینراوە یان زۆر باس کراوە و بەردەوام گێڕراوەتەوە ئەوە نیشان دەداتەوە و پێی وایە سەرەتا و کۆتاییی ئەنفال یان قووڵاییی ئەنفال هەر ئەمەیە، هەر هێرش و ڕاگواستن و تالانییە، هەر زیندانەکان و برسێتی و گوللەبارانکردن و زیندەبەچاڵکردنە، تەنها جەیش و جاش تاوانبارە، جەیش داگیرکار و جاش خیانەتکارە، ژن و منداڵ و خەڵکی ئاواییەکان قوربانیین، پێشمەرگەکانیش شۆڕشگێڕن... هتد.

حەسیب قەرەداخی لە شیعری (ئەنفالەکان لە حەوت وێنەدا یا لە حەوت قیرائەتا) لە وێنەی شەشەمدا دەنووسێت:

**(من گوندێک بووم لەو گەرمیانە...**
**بەیانییەک بە تیشکی خۆر چاوی خۆم ڕشت**
**شەوێکی کەی ترس و خەمم پێچایەوە،**
**دەمی ڕێ و بان کرایەوە**
**لەو شوێنەوە کە خۆر هەڵدێ،**
**لەو خەتەوە کە قیبلەیان بۆم شەخل کرد...**
**ڕمووزنی ئەنفالەکان سەریان کێشا،**
**وەکوو غەزای پێشینانیان، وەکوو زریانی خوێناوی...**
**هەرچیم تیابوو ڕایان ماڵی...**
**نێر و مێیان دا بە کۆڵا!**
**ڕێچکەی خوێنیان کرد بە خۆڵا!**
**ئێستە من شوێن پێی تاوانم...**

## نوغرۆیەکم ناوی زامانم نازانم!)[١٣٣]

سادەکردنەوەی ئەنفال بۆ کۆمەڵێک وێنە و دیمەنی دووبارە، بۆ کۆمەڵێک ئایدیا و بڕیاری جێگیر و موتڵەق، بۆ کۆمەڵێک ڕاستیی حەشاهەڵنەگر، بچووککردنەوەی ئەنفالە نەک خزمەتکردن بە پرسەکە، سادەکردنەوەی ئەنفال و بچووککردنەوەیەتی بەو مانایەی کە ئەم دیمەن و ئایدیا و ڕاستییە هەمیشە پاتبووەوانە، ڕووبەرێکی زۆر لە جیهانی ئەنفال بە فەرامۆشکراوی و نەبینراوی دەهێڵنەوە، سادەکردنەوەی ئەنفال دەچێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیەی وێنەیەکی ساکار بە تەواوی زاڵ دەکات و دەیکاتە شوناسی ئەنفال و لەوێیشەوە پێوەری ئەخلاقی لە سەر دروست دەکات و بە سەر کۆی دەنگ و هزر و بیرکردنەوەی جیاواز لە دەنگ و هزر و بیرکردنەوەی باو لە سەر ئەنفال دەسەپێنێت، ئەمەیش ڕێگا خۆش دەکات بۆ حوکمی ڕەها و کوێرانە و کوێرکردنەوەی هەموو شوناس و ڕەنگێکی تر. ئەوانەی وزە دەدەن بە پرۆسەی سادەکردنەوەی ئەنفال، هەست ناکەن خەریکی ئەم کارەن، بەڵکوو وا دەزانن ئەنفال هەر ئەوەیە و خۆی تێگەیشتن لێی هەر زۆر ساکارە.

ساڵەح هەلاج لە (**چامەی زامی ئەنفال)** نووسیویەتی:

**(ئەگەر شەرم ڕووی هەبووایە**
**دەبوو زەوی**
**لە دوای ئەنفال ڕەشپەش بووایە.**
**دەبوو ئاسمان**
**هەرگیز هەوری لێ نەبڕایە و**
**بگریایە.**
**دەبوو هەتاو جلی ڕەشی بپۆشیایە.**
**دەبوو مانگیش**
**ڕەنگی زەردی زەعفەرانی**
**لەبەر بوایە.**
**دەبوو ئیتر ئەستێرەکان**
**چاوی خۆیان داخستایە و**
**چاوبڕکێی شەوانەیان نەکردایە.**
**ئاخر ئەوان**
**بە چاو،**

---

[١٣٣]- حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٩.

**به گوێ،**
**به هەست و نەست**
**گەواهی ئەو تاوانە بوون.**
**بێدەنگ ، بێدەنگ،**
**نە هاتنە دەنگ وەک سیاسەنگ!)**[١٣٤]

ڕۆمانەکانی (فەرهوود)ی جەلال قادر، (هەیئە)ی سەلام عەبدوڵڵا، (تراژیدیایەک لە ئەنفال)ی عالیە عەبدولکەریم، (ئەنفال)ی ئەحمەد عارف، (ئەنفال)ی محەمەد ڕەشید فەتتاح، (یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو) و (وێڵ بە دوای کچانی ئەنفالکراوی فرۆشراو بە میسر)ی سەدرەدین محێدین کەڵوڕی، (تەواری ئەنفال)ی نەژاد ڕەشید پشدەری و چەندین ڕۆمان و چیرۆکی تر، هەروەها دەیان شیعری شاعیرانی کورد، وەک: حەسیب قەرەداغی، جەمال غەمبار، کەژاڵ ئەحمەد، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، تەها سلێمان، ساڵەح هەلاج، عارف قوربانی، کەساس جەباری، فاتیح سەلام، بەکر پشدەری، مەلا شاخی، کامیل ژیر، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، سوارە قەلادزێیی و ئیسماعیل خورماڵی و قوبادی جەلیزادە و لەتیف فاتیح فەرەج و دەیانی تر نموونەی سادەکردنەوەی ئەنفالن لە ناو تێکستی کوردیدا.

سەرجەمی ئەو ڕۆمانانە لەگەڵ شیعری ئەو شاعیرانەی ناومان هێنان، ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەبینن لە سادەکردنەوەی ئەنفالدا، سادەکردنەوەی ئەنفال بە جۆرێک کە نایانەوێ ئەو ڕووداوە ترسناکەی کە ئاڵۆزە، بە هۆی چەند وێنەیەکەوە هەمووی یان بەشێکی زۆری ببینیت، ئەوەی خۆیان ناتوانن هەستی پێ بکەن، دەیانەوێ بە دیمەنی زەق و باوەڕی جێگیر بیسڕنەوە یان دایبپۆشن، ئەو ڕووبەرەی، درککردن و خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئەوان پێی ناوێرێت، لە سەر نەخشە و پانتاییی بیرکردنەوە لای دەبەن و نایهێڵن، ئەوان دەیانەوێت هەموو ئەو دونیا جەنجاڵ و ئاڵۆزە و هەموو ئەو ڕووبەرانەی بینینیان ئاسان نیین، بە شێوەیەکیان لێ بکەن، تا بەئاسانی بچنە ژێر ڕکێفی بڕیار و بیرکردنەوە خێرا و سادەکانیانەوە.

حسەین عارف لە ڕۆمانی هێلانەدا دەنووسێت: (**گەرمیانیشیان سەرلەبەر خاپوور کردووە. بە دەستووری لای ئێوە، تالانکردن و سووتاندن و وێرانکردن. گوند بوێریان نەکردووە، لە زۆر قوڵەوە شالاوی بۆ براوە. لەوەش ستەمتر چارەنووسی خەڵکەکەیە.**

[١٣٤]- ساڵەح هەلاج، وێستگەی ژانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٨٦-٨٧.

**هەموو گیراون و لە چەند شوێنێکدا، خڕ کراونەتەوە و دەسبەسەرن. حەمۆل لە نامەکەیدا، ناوی قادرکەرەم و لەیلان و عەلیاوە دەبا.)**[١٣٥]

هەروەها لە شوێنێکی تری هەمان ڕۆماندا نووسراوە: **(کاتێک لە یەکیان جیا کردینەوە، ئێمەی بەتەمەن و پیر و کەنەفتەکانیان بۆ ئەو دۆزەخە برد. دەی باشە خۆ کوڕ و کچ و پیاو و ژنە گەنجەکانیان، نەبردووە بۆ بەهەشتێک و بیانکەنە دابەستە!، خۆ کۆرپە و منداڵانیان نەبردووە، بیانخەنە باخچەی ساوایان و خوێندنگەی تایبەتییەوە! دەبێ بۆ کوێیان بردبن کوڕەکەم؟. ئێمە لە دۆزەخەکەی نوگرە، بەردەوام ئەو پرسیارەمان لە خۆمان دەکرد. سەرباری ئەو حاڵەشمان، بیر و هۆشمان لە لایان بوو. هەوڵمان دەدا خەبەرێکیان بزانین و بێ سوود بوو. تەنانەت من جارێکیان غیرەتم دایە بەر خۆم. یەکێک لە پاسەوانەکانم، بە خاوەن بەزەیی هاتە بەر زەین و پرسیارەکەم لێ کرد. کەچی وەڵامەکەی ئەوە بوو، کە قۆناخە تفەنگێکی سرەواندە سنگم. میلیشی لی هێنامەوە بمکوژێ و خۆی نەیکوشتم.)**[١٣٦]

هەروەها (فاتیح سەلام) لە شیعری (سڕبوون) دەنووسێت:

**(لەوێ زامێک...**
**بەرد مێژووی گوناهەکانی دەهاڕێت و...**
**ئەهریمەنێک پێدەکەنێت بە... !**
**پەنجە سڕبووەکانی شەویش**
**بۆنی گوڵ ڕنینی ئێرە و**
**ورد و خاش بوونی پەنجەرەی دوا ژووانی**
**کۆتر و گەمەی وەڕس بوونی لێ دەتکێت...**
**ئێرە نیشتمانێکە ڕەش...**
**ڕەش وەک دوکەڵی سووتان و...**
**کراسەکەی پوورە (ئامە)**
**ڕەش وەک هەناسەی بێوەری**
**ژنانی (سەیتەرەی سواڵ)ی گەرمیانم**
**ڕەش وەک جنێوی خۆم لە خۆم**
**ڕەشتر لەو ساتەی بۆی گریام**

---

[١٣٥] حسەین عارف، هێلانە، ڕۆمان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل١٤٩.
[١٣٦] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٩٤.

**بەشوودرا نیشتمانم....)**[١٣٧]

## ٢/٢-٥ سۆز و ماتەم:

بە هۆی ئەوەی ئەنفال بۆ خۆی ڕووداوێکی تراژیدییە و مەرگەساتێکە بە سەر خەڵکێکی زۆر و ناوچەیەکی فراوانی کوردستاندا هاتووە، بۆیە بەشێکی زۆری پەیوەندیی تێکستی ئەدەبیی کوردی لە سەر سۆز و ماتەم دروست بووە، شین و لاواندنەوە و گریان بۆ ڕووداوە دڵتەزێنەکان و قوربانیی ڕێچکەیەکی دووردرێژی بەستووە، حەسیب قەرەداخی لە شیعری (ئەنفالەکان لە حەوت وێنەدا یا لە حەوت قیرائەتا) لە وێنەی یەکەم و سێیەمدا دەنووسێت:

**(- من ژنێکم، ئەنفال هات و مێردەکەمی لە بن دەست نا و،**
**بردی و بردی...**
**لە هاوارێک... لە گەرووما بە تاساوی گەڕایەوە...**
**زیاتر منیش چیم پێ نەکرا**
**پێشم وابوو ئەو هەناسەم بۆ بارەگای خودایش نەبرا!**
**...**
**- من دایکێکم، ئەنفال هات و،**
**کوڕەکەمی پەلکێش کرد و لێی دابڕیم...**
**زووتر فرمێسک لە چاومدا هەڵدەقووڵی...**
**وشکایی هات!**
**چاوم چووە تەوقی سەرم، ڕێگەی بینایی لێ بڕیم**
**لەپێک خامی شینکراوم لە سەر مەمکم مراندبوو،**
**ونجڕ ونجڕ بە چنگ بڕیم...**
**نە من زانیم بۆ کوێی دەبەن،**
**نە ئەو زانیی چیم پێ دەکەن!)**[١٣٨]

هەروەها (ساڵەح هەلاج) کە بۆ خۆی کەسێکە لە ناو ڕووداوەکانی ئەنفالدا ژیاوە و قوربانیی ئەو کارەساتەیە، چەندین شیعری بۆ ئەنفال نووسیوە کە هەمووی جۆرێکن لە شیوەن و ئاوێنەی ناخی خۆیەتی و بە وشەکانی فرمێسکی بۆ ئەو کارەساتە هەڵڕشتوە، لە شیعری (**بۆ کوردستانی کچم _ لە ئەنفالی شوومدا بێسەر و شوێن کرا)** نووسیویەتی:

---

[١٣٧] فاتیح سەلام، جارێکی تر... سووتانی ڕۆح، ل٢٤.

[١٣٨] حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، دیوانی شیعر، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ل١٧-١٨.

**(بنوو کچم**
**لەو بیابانە بێمروەتە**
**لەناو خاک و خۆڵی لماویدا**
**نە کفنت بوو**
**نە کەسێک تەڵقینی خوێندی!**
**چەن قەعقاعێک لەوێ بوون**
**مەست بوون بە گریانی مناڵ**
**بە قیژەی ژن**
**بە قڕکردنی نەتەوەیەک!**
**ئەوان مەست بوون مەست!**
**دەبەنگ بوون بە ئەفوین!**
**گوڵەهێرۆیەک بووی**
**هێدی هێدی هەڵدەکشای**
**لەنێو دەستیان هەڵپڕوکای...!)**[١٣٩]

شیعرەکانی (ساڵەح هەلاج) بەم شێوازە زۆرن و بە هۆی کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەنفال لە سەری، ناچار بەشێکی زۆری دیوانی شیعرەکانی بۆ تەرخان کردوە، لە شیعری (**پرسەگێڕ**) دا نووسیویەتی:

**(دەڵێن خوا گوێی لە خشەی مێروولەیە**
**زەمەنێکە لە عەرعەر و نوگرەسەلمان**
**لە جێی گڤەگڤی شەماڵ**
**قریشکەی ئێسکە و زریکەی مێشکە و**
**فیچقەی خوێنە،**
**زەمەنێکە ئەو دەڤەرە**
**لە جیاتی گیا و دڕکەعاگوڵ**
**دەست و لووت و قاچ و مەمک و سەر و**
**جەستەی مرۆڤ دەڕوێ**
**یان پێشینان درۆیان کرد**
**یان خوا لەوە خۆی بێدەنگ کرد**
**ڕسکانی بوون لە پەیکەرە ئێسکەکاندا)**[١٤٠]

---

[١٣٩]- ساڵەح هەلاج، وێستگەی ژانی ئەنفال، ل١٢٨-١٢٩.
[١٤٠]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٨-١٩.

به هۆی سروشتی کارەساتەکە و دیمەنە دڵتەزێن و خەمناکەکانی، کە بە ئێمە و نووسەر و شاعیران گەیشتووە، نموونەی سۆز و ماتەم بۆ ئەنفال لە شیعری کوردیدا کەم نییە، هەروەها تەها سلێمان لە دیوانی (حیکایەتەکانی ئەنفال)دا دەنووسێت:

**(ئەنفال،**
**تارماییی ڕەشبەڵەکێکی کردە واوەیلێ...**
**ئەنفال،**
**شەواڕۆی بە شوانێکی حەنین کرد...**
**ئەنفال،**
**ڕەنگەکانی لێ پاشەوپێش کردین...**
**ئەنفال،**
**بۆ هەتاهەتایە لێکی ترازاندین.)**[١٤١]

هەروەها لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش)ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیدا هاتووە: **(وای دایکت کوێر بێت، وا بەکوڵ دەست بە گریان دەکات، گریانی وا چۆن دەبێت! گریان نییە شتێکی ترە، کێ دەتوانێت لەو ساتانەدا تەماشای ڕووی ئەو دایکە بکات، لە گریان دەکەوێ، ئەم جارە چاو دەگێڕێت تا بزانێت بۆ کوێیان برد... وا ئێستا حەشاماتەکە کە ئەمسەر و ئەوسەری دیار نییە، دوو بەشن، لایەک ئافرەتە و منداڵی بەرمەمکە و پیرەوکە، لایەکی دی لە حەوت ساڵانەوە تا پەککەوتە... بێ کەس و بێ دەستەڵات چەکدارێکی زۆر دەورەیان داون، هەموویان توورە و قین لە دڵ دیارن، نازانرێ بۆ ئەوەندە ڕقیان لەم مرۆ سادە و بێ گوناهانەیە.)**[١٤٢]

لە ئاستێکی هونەری و بە وێنەی شیعریی سەرنجڕاکێشەوە ڕێبوار سیوەیلی لە قەسیدەی (زمانی عەشق و زەمەنی ئەنفال)دا دەنووسێت:

**(بووکێنییت برد و**
**کراسەکانت بەجێهێشت.**
**گوێیەکانت برد و**
**گوارەکانت بەجێهێشت.**
**نیگات برد و**

---

[١٤١]- تەها سلێمان، حیکایەتەکانی ئەنفال، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧.
[١٤٢]- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، بەهاری ڕەش، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٤٨.

**پەنجەرەکانت بەجێهێشت.**
**پەنجەکانت برد و**
**هەڵقەکانت بەجێهێشت.**
**پێیەکانت برد و**
**پاوانەکانت بەجێهێشت.**
**پێکەنینەکانت برد و**
**نوکتەکانت بەجێهێشت.**
**وشەکانت برد و**
**نامەکانت بەجێهێشت.**
**چیرۆکەکانت برد و**
**قارەمانەکانت بەجێهێشت.**
**نهێنییەکانت برد و**
**ڕازەکانت بەجێهێشت.**
**نیازەکانت برد و**
**خۆزگەکانت بەجێهێشت.)**[١٤٣]

شیوەن و سۆز و ماتەم سیفەتی زمانن لە کاتی کارەسات و لە ناو گەرمەی ڕووداوەکاندا، لەو ساتانەدا ئەرکی زمان لە گوزارشتکردن لە بیرکردنەوە و هزراندنەوە دەگۆڕێت بۆ هاوار و ناڵە و پاڕانەوە و شین و فوغان، بۆیە زمان هەمیشە دوای تراژیدیا و مەرگەسات و ڕووداوە ناخۆشەکان دەگەڕێتەوە سەر ئەرکی خۆی تا بیرکردنەوە دەرببڕێت و زەمینەی تێگەیشتن برەخسێنێت، پرسیار ئەوەیە تراژیدیای ئەنفال چەند دەیەیەکە ڕووی داوە، کەچی دوای هەموو ئەو ماوەیە زۆربەی تێکستی ئەدەبیی کوردی بە زمانی سۆز و ماتەم گوزارشت لەم تراژیدیایە دەکەن، لە کاتێکدا زمانی سۆز و ماتەم زمانی ساتی ڕوودانە و لە ژێر زەبری تراژیدیاکەدا دەپژێت، بۆیە بە گوێرەی ئەم تێکستە زۆرەی ئەدەبی کوردی کە پڕیەتی لە زمانی شین و سکاڵا و گریان، دەبێت هێشتا ئێمە لە زەمەنی ئەنفالدا بین و هەتا ئەم ساتە بەردەوام ئەنفال ڕوو بدات.

هاتوهاوار و شیوەن و ڕۆڕۆ و ماتەم لە ساتی کارەساتدا بەشێکە لە کارەسات و زمان نیین بە مانای تەعبیر لە بیرکردنەوە و قووڵ ڕۆچوون، بەڵکوو زمانن بە مانای پژان و کەوتنە هاوار لە ژێر زەبری ڕووداودا، بۆیە هاتوهاوار و شیوەن و ڕۆڕۆ و ماتەم لە دوای کارەسات بە هەمان شێوە وەک چۆن زمان نیین بە مانای تەعبیر لە

---

[١٤٣] ڕێبوار سیوەیلی، زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، کوردستان، ٢٠٠٠، ل٣٨.

بیرکردنەوە و قووڵ ڕۆچوون لە کارەسات، لە هەمان کاتدا پژان و کەوتنە هاواریش نییە لە ژێر زەبری ڕووداودا، بەڵکوو تەنها ڕووپۆشێکە بۆ بیرنەکردنەوە لە کارەسات و تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی و بێتوانایی لە بینینی تراژیدیا و داهێنان تێیدا، درێژکردنەوەی شیوەن و فوغان، واتە بەردەوامیدان بە بیرنەکردنەوە و پۆشینی ماسکێک لە سەر تێنەگەیشتن لە تراژیدیا. وەک دوا نموونەی تێکستی ئەدەبی لەم بەشەدا و بە تایبەت بۆ ئەم مەبەستە شیعری (من چواردەی چواری هەشتا و هەشتم)ی (کەساس جەباری) دەخەینە بەر چاو، کە نووسیویەتی:

**(من خەمی گوڵێکی ڕابردووم، شەوانە**
**لە ناو کێڵگەی ساباتێکی ئەمێستاوە**
**خەونەکانم ئەپێچمەوە**
**لەگەڵ ڕۆحی پەرییەکانی ئەم بەندەنە تێکەڵ ئەبم**
**من هەڵگری پەیامێکم، ڕەنگاڵەیی**
**زەرد و سوور و وەنەوشەیی**
**لە دووتوێی لکی درەختێکی ئەم خاکەوە**
**هاتووم سەرم کردۆتە کۆچ و بۆ ئاسۆیەک ئەڕوانم**
**سەراپای خوێن**
**خوێنی وەجاخی نەوەیەک لە ڕابردوو**
**لە قووڵایی مێژووەکەم دا**
**برین برینێکی سەخت و بەسوێ**
**تەژی ئازار، خەم و کوین**
**تا سەر ئێسقان بە قووڵایی ڕەگ و ڕیشەی ناخما ئەچێ**
**خوێنی خۆم و نەوەکانم ئەخواتەوە**
**من تەمەنی چواردەی چواری هەشتاوهەشتم**
**مەرگەساتی سەدەی پێشووم**
**لە سوڕان و**
**لە سروشت و سوڕانەوەی خۆشم تووڕەم)**[١٤٤]

ئاستەکانی پەیوەندیی ئەنفال و تێکستی ئەدەبیی کوردی دەکرێت زۆرتر بن و خاڵی تریش هەبن ڕیزیان بکەین، بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها ئاماژەمان بۆ گرنگترینیان کردووە، لەو خاڵانەیشەوە کە ئاماژەمان بۆ کردووە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، زۆربەی ئەو تێکستە ئەدەبییانەی باسی ئەنفال دەکەن، وەک شایەتحاڵ ڕووداوی ئەنفال دەگێڕنەوە،

---

[١٤٤]- کەساس جەباری، بەهاکان کە نامۆ ئەبن، ل١١-١٢.

وەک ئەوەی بیانەوێت بیسەلمێنن ڕووداوێکی بەو شێوەیە ڕووی داوە، لە کاتێکدا کاری ئەوان لە دوای ئەو ڕووداوەوە دەست پێ دەکات، ئەوان پێویست بوو ئەو ڕووداوە یان ئەنفال لە گۆشەنیگای جیاواز و لە کۆنسێپت (سیاق)ی جیاوازدا بەکار بهێننەوە.

گێڕانەوەی شایەتحالانە گرنگیی زۆری هەیە بۆ شایەتحاڵەکان خۆیان، ئەمەیش نەبێت واتە بێ ڕۆڵی شایەتحالان، زیانی گەورە بەر ئەو پرسە دەکەوێت، بەلام بۆ ڕۆماننووس و شاعیر و چیرۆکنووس نییە شوێنی شایەتحاڵ بگرێتەوە، کاری ئەو لە دوای ئەوانەوە دەست پێ دەکات، ئەوان بە گێڕانەوەیەکی زارەکی و بەسادەیی و واقیعییانە پێمان دەڵێن، ئەنفال چی بووە، یان لە ئەنفالدا چی ڕووی داوە، واتا ڕووداوەکە، وەک ئەوەی چۆن بە حەقیقی ڕووی داوە، هەر وا دەگوازرێتەوە بۆ ناو زمان و یادەوەری، شایەتحالان هەوڵ دەدەن بۆمان باس بکەن چیی ڕووی داوە، بە سادەیی و زمانی خۆیان، ئەنفالمان بۆ بەرجەستە دەکەن، ئەوان هەوڵی دروستکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەنفال و یادەوەریی خۆیان دەدەن، بەلام نووسەر و شاعیران ناتوانن لەم ئاستەدا شتێکی ئەوتۆ بکەن، چونکە لە ناو ئەو ڕووداوەدا نەژیاون و ناتوانن یادەوەرییان بەو ڕووداوەوە ببەستنەوە، بۆیە پێویستە ئەرکی شایەتحاڵی بۆ شایەتحاڵەکان خۆیان جێ بهێڵن. نووسەران لەم ئاستەدا، بە هاوسۆزی و لایەنگیرییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداودا دەکەن، هەر وەک شایەتحاڵەکان، بەو پێیەی خۆی وەک قوربانییەکی ڕووداوەکە دەبینێت.[١٤٥]

لە هەردوو پاری ئەم لێکۆڵینەوە ڕەخنەییە شیکارییەدا لە بارەی کاردانەوەی ئەنفال لە ئەدەبی کوردیدا و هێنانەوەی چەند نموونەیەکی کەم لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی، دەتوانین وەک کۆتاییی هەردوو پارەکە، ئەنجامگیرییەکی گرنگ بخەینە ڕوو، بەر لەوەی ئەدەبی کوردی بتوانێت بچێتە ناو دڵی تراژیدیای ئەنفال یان هەر کارەساتێکی ترەوە و پارچەکانی شکست هەڵبگرێتەوە و ئەدیبان و نووسەران توانای داهێنانیان هەبێت و لە ڕێگەی تێکستی ئەدەبییەوە حەقیقەتی نوێ بەرهەم بهێنن و پرسیار و گومان بخەنە ناو دیدگا وەستاوەکانی مرۆڤەوە، ئەم ئەدەبە خۆی تووشی کۆمەڵێک قەیران بووە و لە ناو چەندین کێشە بۆ شوناسی خۆیدا چەقیوە، تەنانەت هەندێ لەو تێکستانەیش کە باس لە تراژیدیا و کارەساتەکان دەکەن، بە زۆر ناویان لە خۆیان ناوە شیعر یان ڕۆمان یان چیرۆک، دەنا بە هیچ پێوەرێک ئەو ناولێنانانە ناسەلمێنن. دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی کە خۆی بە دەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت، ئیتر بێگومان هەر دەبێت ئاستەکانی پەیوەندیی بە کارەسات و تراژیدیاکانەوە هەر

---

[١٤٥]- جگە لەو نموونانەی لەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ کردن و شوێنی ڕەخنە بوون، لە بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا بە جۆرێکی تر کار لە سەر چەند نموونەیەکی تر کراوە، کە ئاماژەیان بۆ ڕووداوی ئەنفال تێدا دەبینرێت.

ناتەندروست بن، وەک ئەوەی ئاماژەمان بۆ کردن، ئەمە جگە لەوەی ئەو پرسیارەیش لە جێی خۆیدایە بکرێت، ئایا هەر لە بنەڕەتدا تەندروستە ئەدەب کار لە ئەنفالدا بکات و تێکستی تایبەتی بۆ بەرهەم بهێنێت، یان پێویستە و دەبوو ئەدەبی کوردی لە ژێر کاریگەریی ئەنفالدا خۆی پێناسە بکاتەوە و تێکستەکانی بەرهەم بهێنێت؟ لەم پرسیارەیشەوە دەتوانین دوو جۆر پەیوەندیی پێچەوانە لە نێوان ئەنفال و ئەدەبدا دەستنیشان بکەین:

١- بەکارهێنانی ئەنفال لە تێکستی ئەدەبیدا: کارکردنێک نیاز و مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی لە پشتەوەیە، شوێن تەوژم کەوتووە، لە بریی دروشمەکانی بواری سیاسەت و ڕاگەیاندن، کاری ئەدەبی بە پێویست دەزانێ بۆ ئەنفال بکرێت، بۆیە ئەم لە بنەڕەتدا نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەنفال، بەڵکوو ئەنفال وەک خۆپاککردنەوەی لە ئازاری ویژدان و ئەرکێکی مرۆیی و قەرزێکی ئەدیبانە، یان هەر مەبەستێکی تری تایبەت بەکار دەهێنێت.

٢- تێکست لە ژێر کاریگەریی ئەنفالدا: لەم ئاستەدا ئەنفال کار لە دونیابینیی نووسەر دەکات، پرسی وجودی و تێگەیشتن لە مرۆڤ و تراژیدیا مەیسەر دەکات، کە دیارە لێرەدا لە ژێر کاریگەریی تراژیدیادا زمان و بیرکردنەوە و تێگەیشتنی مرۆڤ جۆرێکی تر خۆیان نوێ دەکەنەوە.

# بەشی سێیەم
# ئەنفال و دەرکەوتنی دروستی لە ئەدەبدا

## پاری یەکەم: دەروازەیەک بۆ ئەنفال و ئەدەب

### ١/٣-١ زەمینەخۆشکردن:

لێرەدا هەوڵ دەدەین، بە شێوەیەکی تەندروست، بچینە ناو ئەو باسەوە، کە ئایا پەیوەندیی نێوان ئەنفال و ئەدەب چۆن بێت، ئەنفال چۆن ڕەنگدانەوەی لە ناو ئەدەبدا هەبێت و یاخود ئەدەب چۆن گوزارشت لە ئەنفال بکات، ئەگەر چی ئەم دەستنیشانکردنە کارێکی سانا و ئاسان نییە و کۆمەڵێک یاسا نییە دای بنێین و دواتر بڵێین دەبێت لە سەر ئەم یاسایانە بڕۆین و چیرۆکنووس و شاعیر و ڕۆماننووسان پێوەی پابەند بن و لەسەری بڕۆن، هەرگیز کاری جێی باوەڕ و متمانە و چاوەڕوانی نییە، بەڵام کە دێتە سەر باسی ئەدەب و ئەنفال، لە کۆمەڵێک باوەڕەوە هەندێ پرەنسیپمان بۆ گەڵاڵە دەبێت:

یەکەم: دەزانین کە ئەنفال تراژیدیایەک بووە، واتە بەر لە هەموو شتێک کارکردنی ئەدەب لەو تراژیدیایەدا نابێت بایەخی تراژیدیاکە بهێنێتە خوار و قورساییی لە هەست و ویژدانی خەڵکدا لاواز بکات.

دووەم: خۆ نابێت ئەدەب تەنها ئەوە بداتەوە بە خوێنەر، کە ئەو خوێنەرە خۆی لە بارەی ئەنفالەوە بیستوویەتی و دەیزانێت و کەموزۆر بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ئاشنایە، هەر ئەوەی کە دەیزانێت و بیستوویەتی و پێی ئاشنایە، دیسانەوە جارێکی تر بکاتەوە بە چیرۆکی سادە و ساکار و کاری ئەدەبیی ئاسان و ئاسایی لێ دروست بکات.

زۆر گرنگە ئەنفال و ئەدەب پەیوەندیی داهێنان پێکەوەیان ببەستێتەوە، واتە دەبێت ئەدەب بە شێوەیەکی داهێنەرانە کار لە ئەنفالدا بکات، کاری داهێنەرانەیش لە ناو ئەنفالدا تەنها بە گێڕانەوەی ئەوەی کە بیستراوە و نووسینەوەی ئەوەی هەمووان دەیزانن و گوێیان لێی بووە و گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتە ڕوون و ئاشکراکان وەک خۆی نابێت، بەڵکوو کاری داهێنەرانەی ئەدەبیی لە ناو ئەنفالدا لانی کەم پێویستە:

١- لە ناو چیرۆکە زۆر بیستراوەکانی ڕووداوی ئەنفالدا، پرسیاری تر و نهێنیی نوێ بدۆزێتەوە و کاری لە سەر بکات، یان هەوڵ بدات، وەرگر و خوێنەر بە لای پرسیاری تر و نهێنیی نوێ ببات و وەهای لێ بکات، ئەو خۆی کاری دۆزینەوە و ئاشکراکردن بەڕێوە ببات.

٢- ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەنفال بە شێوەیەک بگێڕێتەوە، جیاواز لە گێڕانەوەی تەقلیدی و ئاسایی و ئەویش لە پاڵ دیوە هونەری و ئەدەبییەکەی، ئەو شێوە گێڕانەوەیە ببێتە هۆی بینینی لایەن و ڕەهەند و هۆکار و دەرەنجامی تری ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە، کە لە گێڕانەوەی تەقلیدی و ئاساییدا نین و درککردن بەو لایەن و ڕەهەند و هۆکار و دەرەنجامانەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی ئەنفال، کارێکی ئەستەم و قورس و تەنانەت مەحاڵە.

٣- بایەخدان بە ڕووداوی بچووک و سادە و نەبینراو، کە لە لایەن دیدی سادە و گێڕانەوەی باوەوە، ئەو ڕووداوانە جێی بایەخ نیین و لە چیرۆکە گشتی و ڕووداوە گەورەکاندا نایەن و گوێیان پێ نادرێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبن بە ژێرەوە و گرنگییان پێ نادرێت، وەک چیرۆکی تایبەتیی تاکێک لە ناو ڕووداوێکی گەورەدا یان بیرکردنەوە و تێڕوانینی منداڵ، یان کەسانێک کە لە ڕووداوێک، یان هەر لە بنەڕەتەوە هۆشیارییان لە دەست داوە یان هەر نییانە، ئەم چیرۆکانە دەکرێن ببنە هۆکاری بینینی ڕووداوە گەورەکان و کارەساتە گشتییەکان لە دیدگا و گۆشەی ترەوە لە پێناو دەرخستنی ڕەهەندی تری ڕووداوی ئەنفال و دروستکردنی جۆرێک کاریگەریی تر لە سەر خوێنەر.

٤- بەکارهێنانی سیمبولییانەی ڕووداو و بەسەرهاتە تایبەتی و گشتییەکانی تراژیدیاکان لە ناو چیرۆکی تردا و دەرکەوتنی تارماییی ڕووداو و تراژیدیاکان لە پشت ڕووداو و چیرۆکی ترەوە، کە بە ڕواڵەت و بە شێوەیەکی ئاشکرا هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕووداوی ئەنفال و تراژیدیاکانیەوە نییە، یان پەیوەندییەکەیان زۆر ڕوون و گەورە و بەرچاو نیین.

٥- بەکارهێنانی ژیان و دونیابینی و بیرکردنەوەی دوای ڕووداوی ئەنفال لە کاری ئەدەبیدا، ئەویش وەک نیشاندانی کاریگەرییەکانی ئەنفال و چۆنێتیی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تاک و خەڵکی دوای ئەنفال و پەیوەست پێوەی و دەرخستنی بە شێوەیەکی قووڵ و پڕ پرسیار و جێگەی گومان.

## ٢-١/٣ ئەنفال و چەند نووسەرێکی ئەدەبی

لەسەر ئەم بنەمایانەی باسمان کردن، وەک پەیوەندیی داهێنان لە نێوان ئەنفال و ئەدەبدا، یان وەک بەکارهێنانێکی دروست و داهێنەرانەی ئەنفال لە ئەدەبدا، چەند نووسەرێکی ئەدەبی نوێی کوردی وەک نموونە وەردەگرین و چەند پەرەگرافێک لە تێکستەکانیان دەنووسینەوە و دەیخەینە بەر چاو، لەوێدا لە ڕێگەی سەرنجدان لە کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبیی کوردی، چەند دیمەنێک یان ڕووداوێکی نیشان دەدەین و هەوڵ دەدەین بنەمایەک یان زیاتر لەم بنەمایانەیان، کە پێشتر بە خاڵ باسمان کردن، تێیاندا بدۆزینەوە، تێکستەکانیش لە ژێر ناوی نووسەرەکاندا بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکەین:

### ١-٢-١/٣ شێرکۆ بێکەس

گۆڕستانی چراکان، تێکستێکی شیعری درێژە، کە شاعیر شێرکۆ بێکەس خۆی ناوی ڕۆمانە شیعری لە سەر داناوە و لە چوارچێوەی کتێبێکی قەبارە مامناوەندا بڵاو کراوەتەوە.

ئەم تێکستە هەر چەند لە چەند ئاستێکدا مایەی هەڵوەستەلەسەرکردن و ڕەخنە و تێبینییە، بەڵام لە چەند ڕوویەکی ترەوە شوێنی خۆیەتی، وەک تێکستێکی پڕ لە داهێنان سەیری بکەین و بیخوێنینەوە، هەر چەند لە بەشی دووەمدا بۆ چەند تێکستێکی تری چەند شاعیرێکی تر، بە خێرایی ئاماژەمان بەو ڕەخنە و تێبینییانە کرد، کە دەکرێت لەو شیعرانە بگیرێن کە تایبەتن بە ئەنفال، بەڵام لێرەدا ئەو شێوە ڕوانینانە بۆ شیعر و ئەو سەرنج و تێبینییانە دووبارە ناکەینەوە، کە ڕەنگە جارێکی تر لەم تێکستەی شێرکۆ بێکەسدا لامان دروست ببنەوە، بەڵام بە کورتی چەند خاڵێک، کە بە لای ئێمەوە لە بەهای داهێنانی تێکستەکەیان هێناوەتە خوار، ئاماژە پێ دەکەین، ڕەنگیشە لە ڕوانگەی ترەوە وا نەبن و هەر تێکستێکی جوان و بەرز بێت، لێرە بە نموونەی شیعرییەوە و بە شێوازێکی خێرا، هەندێ تێبینی و سەرنج لە سەر تێکستەکە باس دەکەین:

١- زمانی دینی: لە تێکستی (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەسدا، لە چەند شوێنێکدا دەستەواژەی میتافیزیکی و ئاماژەی دینی هەیە، کە بە هەمان شێوە ئەو دەستەواژە و ئاماژانە لە سەر زمانی میللی هەن و بەکار دەهێنرێن، لەم شوێنانەدا شاعیر بە زمانێکی میللی، گلەیی لە ڕۆڵی خواوەند و دەسەڵاتی بێسنووری بە سەر گەردووندا، هەیە و دەپرسێت کە بۆچی هێشتوویەتی کارەساتی ئەنفال ڕوو بدات؟ بەو هەموو هێز و دەسەڵاتەوە ڕێگەی داوە ئەو هەموو زوڵمە بکرێت؟ بۆچی بە قودرەتی قادری خۆی ڕێگەی لەو هەموو دڕندەییە نەگرتووە؟ لە شیعردا و بۆ دیدگای شاعیر، ئەم شێوە هەڵوێست و کارکردنە لەگەڵ تراژیدیادا، گێڕانەوەی مێژوویی کارەساتێک لە ڕووداوێکی مێژووییەوە هێدی هێدی دەکات بە ڕووداوێکی سروستی، بە شێوەیەک کە ئەگەر ڕاستەوخۆیش نەبێت، ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێ، ئەو کارەساتەی کە ڕووی داوە، دەستی خودا و دەسەڵاتی باڵایشی تێدا بووە و بۆچی هێشتوویەتی شاڵاوی ئەنفال ڕوو بدات و ئەو هەموو ناحەقی و تاوانە بەرامبەر بە کورد بکرێت.

گواستنەوەی ڕووداو و کارەسات لە ڕووداو و کارەساتی مێژووییەوە بۆ ڕووداو و کارەساتی سروشتی، گواستنەوە یاخود هاوبەشپێکردنی تاوان لە کۆمەڵێک تاوانباری سەر زەوییەوە بۆ دەسەڵاتێکی ڕەهای سەرووسروشت و گەردوونی، هەموو بیرکردنەوەیەکی لەم جۆرانە، دەبنە هۆکاری ئەوەی ڕووداوی مێژوویی وەک ئەوەی ڕووداوێکی خاوەن شوێن و کاتی ڕاستەقینەی خۆی بێت نەبینین، ڕووداوی مێژوویی کە کۆمەڵێک هۆکاری زەمینی و، زەمینەسازیی پێشوەخت لە پشتیەوەیەتی، تاوانباران و هۆکارگەلی پشتی ئەو ڕووداوە بە دروستی بدۆزێتەوە، بەڵکوو لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هەڵچوونی دەروونی و، هاوار و سکاڵا و گلەیی و گازەندە بە زمانێکی میللیی بارگاوی بە دەربڕینی میتافیزیکی و دینی، ڕوو لە دەسەڵاتێکی گەردوونی و نادیار دەکرێت کە بۆچی هێشتوویەتی ئەو کارەساتە ڕوو بدات، یان بۆچی لە سەر مافی بێ تاوان و منداڵ و ژن و مرۆڤی بێ دەسەڵات و تەنانەت عەبد و گوێڕایەڵی خۆت

نەهاتوویتەوە جواب و هێشتووتە بەو شێوەیە زوڵمیان لێ بکرێت، لە گۆڕستانی چراکاندا هاتووە:

**(یەکەم شەو بوو**
**لە ناو لمی عەرعەرەوە**
**دەستێک هاتبووە دەرەوە**
**هێشتا بازن لە مەچەکدا زرەی ئەهات.**
**هێشتا خەنە لە ناو دەستا پێئەکەنی و**
**موستیلەیەک لە قامکدا ئەیجریوان.**
**یەکەم شەو بوو**
**لە لمەوە دەستێک هاتبووە دەرەوە**
**لەو شەوەدا**
**ناو لەپی دەست**
**بووبوو بە دەم**
**ئەویش بۆ تەنها هاوارێ**
**کە هەر لە ڕێگە ئەمرد و**
**نەئەگەیشتە گوێچکەی سەرێ**
**خودایە بۆ؟!!)**[١٤٦]

هەروەها لە چەندین شوێنی تردا شاعیر شیعرەکانی پڕ دەکات لە دەستەواژە و چەمکی دینی وەک (دۆزەخ، حەشر، قیامەت... هتد) بە هەمان ئەو مانا و دەلالەتانەی کە لە پانتاییی کۆمەڵایەتی و میللیدا بەکار دەهێنرێن، بۆ نموونە:

**(سەرگوزوشتەی دۆزەخ و دۆزەخەوان و**
**بەیتی حەشر و قیامەت و حیکایەتی دابڕان و**
**هەڵقرچان و، هاتنەوە لەو دنیاوە**
**لە لای منە!)**[١٤٧]

شێرکۆ بێکەس کاتێ دەپرسێ (خودایە بۆ؟!) جۆرێک لە هەستی دینیی خۆی دەردەخات، ئەم هەستە دینییە کە لە زۆر لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەبینرێت، هەستی دینیی شێرکۆ بێکەس بریتییە لە جۆرێک لە ئیلاهیات، بەڵام ئیلاهیاتی دینی و سیاسی نا،

[١٤٦]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨٥-٨٦.
[١٤٧]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٠.

بەڵكوو ئیلاهیاتی میللی، كە تەنها بە شێوەی كۆمەڵێك ڕاز و گلەیی و سكاڵای مرۆڤی بێ دەسەڵات، ڕوو دەكاتە خواوەند و داخ و ژان و خەفەتی خۆی بۆ هەڵدەڕێژێت. هەستی دینی بە شێوەی ئیلاهیاتی میللی، كارەسات و ڕووداوەكان لە پێگەی مێژوویی دادەماڵێت و وردەوردە دەیانخاتە دەستێكی نادیار و دەسەڵاتێكی ڕەها كە ئەویش هیی مرۆڤ نییە، بەڵكوو هیی خواوەندە، هەستی دینی بە شێوەی ئیلاهیاتی میللی لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا هێدی هێدی، ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ كارەسات لە مێژووییەوە دەكاتە سروشتی، كارەساتی سروشتیش تێگەیشتنی مرۆڤ لە زەمینە و هۆكارەكانی ڕوودانی ئەو كارەساتە دەكاتە شتێكی ناپێویست و بێ بایەخ.

هەروەها شێركۆ بێكەس لە شوێنێكی تری ئەم تێكستە درێژەدا دەنووسێت:

**(ئەو چاوانە و ئەو گۆی مەمك وئەو كاكۆڵ و زەردەخەنە و**
**مەقامانە چییان لێهات؟!**
**ئەبێ خودا خۆی ڕۆژێ سەرمان لێبدا و**
**پێمان بڵێ ئەو ڕۆژی حەشرە چۆن ڕوویدا؟!)**[١٤٨]

كە ڕوون و ئاشكرایە، وەك باسمان كرد، ئەم دەربڕینانە بە هەمان مانا و دەلالەت لە ئاستی كۆمەڵایەتی و لە پانتاییی میللیشدا بەكار دەهێنرێن.

٢- ستەملێكراوی ڕەها: لە ناو شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا و لەم ڕۆمانە شیعرییەیشدا، بەزۆری كاتێك باسی كارەسات و ڕووداوەكانی مێژووی كورد دەكات، ئەو بەسەرهاتانە دەگێڕێتەوە كە تاڵن و بە سەر كورددا هاتوون، بە جۆرێك وێنەی كورد نیشان دەدات، كە كورد هەمیشە زوڵمی لێ كراوە، كورد نەتەوەی غەدرلێكراو و مافخوراوە، هاتوونەتە سەر زەوییەكەی و خاك و ئاو و خێروبێریان داگیر كردووە و خۆشیان دەربەدەر و سەرگەردان كردووە، یان ڕایان گواستووە و زیندەبەچاڵیان كردووە، بە دڕندانەترین شێوە كوشتوویانە. بۆ نموونە:

**(ئەڕۆم...**
**چۆن هەوری ڕاونراو لە گاپێڵی كێواندا**
**بە شێوەی (با)یەكی ترساو لە چەخماخە**
**بە وێنەی كیژۆڵەیەكی قوتاربووی ئەوسا**
**لە هەوای هەڵەبجە**
**ئەڕۆم...**
**هەر بەو شمشاڵی ئاخ و داخانەوە**

[١٤٨]- شێركۆ بێكەس، گۆڕستانی چراكان، ل٤٦.

**که برینەکانم بۆ تەنیاییمی ئەژەنن**
**بە پەڵە خوێنی نەوتاویی کەرکووکی سینەمەوە**
**کە بەردەوام سەری بڕاوی تیا هەڵدێ)**[١٤٩]

بێگومان زەقکردنەوە و تۆخکردنەوەی ئەو جۆرە بۆچوونە، ئەگەر چی بڕێکی زۆر حەقیقەتیشی هەڵگرتبێت، بە زۆر پێوانە و لێکدانەوە ئەم جۆرە تێڕوانینە ڕاست و حاشاهەڵنەگر بێت، بەڵام هێشتا ئەو مەترسییەی هەیە، کە ناهێڵێ ئەو زەمینە کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە ببینێت کە بۆ ڕوودانی کارەسات و تراژیدیاکان ئامادەیە و کورد خۆی، چ وەک تاکێکی کۆمەڵایەتی، یان بکەرێکی سیاسی، یان تەنانەت وەک مرۆڤێکی زوڵملێکراویش، دەستی هەیە لە دروستکردنی ئەو زەمینەیە و لە پاڵ هۆکارە دەرەکییەکاندا، هۆکارێکی گرنگ و ناوخۆییە لە ڕوودانی ئەو کارەساتانەدا، ئەمە جگە لەوەی ئەو وێنەیە یان بیرکردنەوەیە، مرۆڤ هان دەدات، یان وای لێ دەکات بە جۆرێکی دژە مرۆڤانە بیر بکاتەوە، لە گۆڕستانی چراکاندا ئەم چەند دێڕە بە زەقی دەکەونە بەر گوێ:

**(لەو ساڵەدا**
**سەگی بیابانی خوارو**
**گورگی بیابانی خوارو**
**بە تازەیی**
**ئەوەندە کوردیان خواردبوو**
**خۆیان لە کۆنە بەرماوەی**
**قەل و داڵ و**
**لە لاکی تۆپیو لا ئەدا**
**لەو ساڵەدا!.)**[١٥٠]

چەندین نموونەی تر لەم ڕۆمانە شیعرییەی شێرکۆ بێکەس و شیعرەکانی تریدا دەبینرێت، کە هەست دەکرێت، تێیاندا کورد وێنەی مەزڵووم و ستەملێکراوی ڕەهای بۆ کێشراوە و بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەم وێنەیە نیشان دراوە.

٣- بەناوچەییکردنی دەنگدانەوەی کارەساتەکە: ڕاستە لە گێڕانەوەی حەقیقەتی مێژوویی کارەساتی ئەنفالدا، کۆمەڵێک ناوی ناوچەیی، کە مۆرکی زمانێکی تایبەت و نەتەوەیی دیاریکراوی پێوەیە، دەهێنرێت و دەبیسترێت، بەڵام زۆر زەقکردنەوەی ئەم

---

[١٤٩]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل١٠-١١.

[١٥٠]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٧٢.

ناوانە و بەردەوام دووبارەکردنەوەیان دەبێتە هۆی ئەوەی دەنگدانەوەی کارەساتەکە مۆرکێکی ناوچەیی وەربگرێت و وەک دوژمنایەتیی دوو ناوچە و زمان و نەتەوە سەیر بکرێت، واتە ڕەهەندێکی جیهانیی ئەم کارەسات و ڕووداوانە دەکرێتە ژێرەوە و بە شێوەیەک لە دونیابینیی شاعیردا و لە ناو شیعرەکاندا ئەکتیڤ ناکرێت، کە دەکرێت کارەسات و تراژیدیاکان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارە ڕوودانەوەیان لە شوێنی تر و هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوان وەری بگرێت، لە گۆڕستانی چراکاندا باس لە ئەفسەرێکی سوپای عێراق کە بەشداریی کردووە لە شاڵاوی ئەنفالدا دەکات و دەڵێت:

**(لە تاریکە شەوێکی هاوینی ١٩٨٨دا. هەر لە ڕۆژئاوای"تۆپزاوا" وە بە چەند کیلۆمەترێ دوور. دەحام لە سەر گردۆڵکەیەک ڕاوەستابوو. لەوێوە چاودێری هەڵکەندنی ئەو ڕیزە چاڵانەی ئەکرد...)**[١٥١]

پاشان شێرکۆ بێکەس لەم شیعرەدا لە سەر زاری (دەحام)ـەوە دەدوێت:

**(من لە سەر گردێ وەستاوم**
**گرد نووزەی دێ و لە دامێندا**
**شەوقی تیژی شۆقڵەکان**
**ڕیزەچاڵێ نیشانئەدا...**
**ڕیزەچاڵێ هەڵکەنراون**
**چاوەڕوانی پڕ بوونەوەن:**
**بە حەرف و وشەی زمانێ کە غەریبن بە زمانم.**
**بە دیرۆکێ کە یاخییە لە دیرۆکم.)**[١٥٢]

هەروەها لە چەند شوێنێکی تری ئەم ڕۆمانە شیعرییەدا، ناوی کەسایەتیی لۆکاڵی و ناوی شوێنەکان بە هەمان تایبەتمەندیی و سیفەتیان کە لە واقیعدا هەیانە بەر چاو دەکەون، بێگومان ئەم بەکارهێنانی ناوی کەسایەتی و ناوی شوێنانە ئاساییین و لە زۆر تێکستی جیهانیدا بەکار دەهێنرێن، بەڵام ڕەخنەی ئێمە لێرە تەنها بەو ئاراستەیەیە، ئەم شێوە بەکارهێنانەی ئەم تێکستە بۆ ئەنفال، ئەم ڕووداوە بێوێنە ترسناک و گەورە و ئەم کارەساتەی ئەنفالی وەک ڕووداوێکی لۆکاڵی، کە هیچ ڕەهەندێکی گەردوونی تێدا نەدۆزراوەتەوە و نەخراوەتە ڕوو، هێشتووەتەوە، بەو شێوەیە لە شوێنێکی تری ئەم تێکستەدا هاتووە:

---

[١٥١]– شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٤٦.
[١٥٢]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٢.

**(چیتان بۆ بگێڕمەوە؟ چی؟ چیرۆکی سەمای ئەو**
**ئاوەڵکراسانەی کە "قەحتان" و "عەدنان" و "دەحام"**
**بە پێش دەمی قافڵەی زیلەکانەوە هەڵیان ئەواسین؟!**
**ئاوەڵ کراسی خۆم و دایکم و خانزاد و مەستوورە و عادیلە خانم و**
**حەپسە خانی نەقیب و عەنبەر خاتوون؟ کە یەک بە دوای**
**یەکدا لە زاخۆوە هەتا قەڵاکانی سەلمان ئەشەکانەوە؟)**[١٥٣]

لەم تێکستەی شێرکۆ بێکەسدا دەکرێت ڕەخنە و تێبینی بە سەر چەند ئاستێکی تردا بکرێنەوە و لە چەند ڕوویەکی ترەوە باری سەرنج دەرببڕێن، بۆ نموونە لە ڕووەکانی چێژوەرگرتن لە ئازار و هەوڵدان بۆ وێنەگرتنی واقیعییانەی ڕووداوی ئەنفال کە لە بەشی پێشوودا تا ڕادەیەک لە خوێندنەوەی چەند تێکستێکی تری چەند شاعیرێکدا باسمان لێوە کرد، بۆیە لێرەدا وەک نموونەیەک بۆ ئەم دوو لایەنە، تەنها بەشێک لەم شیعرە دەخەینە بەر چاو و کۆتایی بە سەرنج و ڕەخنەکان دەهێنین و دەچینە سەر ئەو لایەنەی تێکستەکە، کە وەک بەرهەمێکی داهێنان سەیری دەکەین:

**(چیتان بۆ بگێڕمەوە؟ چی؟**
**حیکایەتی منداڵەکەم کەلە ئاودەستێکدا بووم و**
**تەمەنی**
**چارەکە سەعاتێک و لە دواییدا لە ناو قاقای عەسکەرێکدا**
**مرد؟!**
**ئاخر چی بگێڕمەوە، زەلیلی کە بووبووە کراسی شیتاڵ**
**شیتاڵی بەرمان؟**
**حەیا کە قەترە قەترە ئەتکا و" نەزهەت تۆغان"**
**ئەیخواردەوە؟!**
**چیرۆکی ئەو بەفراوانەی ئەبوون بە گڕە و**
**ئەو هەڵاڵانەی ئەبوون بە عوجاج؟!**
**حیکایەتی ئەو جەستانەی وردە وردەکرمەڕێز ئەبوون و**
**ئێمەیش کرمەکانمان لە برساندا ئەخوارد؟!)**[١٥٤]

ئەوەی بە لامانەوە گرنگە لەم ڕۆمانە شیعرییەدا ئەوەیە، کە لە ڕێگەی زمانەوە، تراژیدیا و کارەساتی ئەنفال قەوارەیەک وەردەگرێت، لە گۆڕستانی چراکاندا پێکهاتەیەک

[١٥٣]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان ، ل٤٤.
[١٥٤]- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٤-٤٥.

بۆ ئەوەی ڕووی داوە دروست دەکرێت، شێرکۆ بێکەس بە زمانێکی پڕ لە میتافۆر ئەنفال دەهێنێتە ناو زمانەوە، لە هەموویشی گرنگتر، هەموو شتێک بە زمانی شیعر دەدوێ، لە ناو زماندا هەموو ئەوەی لە کارەساتی ئەنفال بە خەیاڵ بە دی دەکرێت و لە گێڕانەوەکاندا ناوی دێت، بە شێوەیەکی شیعری دیسانەوە لە لایەن شاعیرەوە خوڵقاونەتەوە، (کالێ) لەم ڕۆمانە شیعرییەدا سەفەری بیابان و دۆخی پڕ لە ئازار و مەینەتی و ژیانی ئەو ئەنفالکراوە کوردانە لە بیابان دەگێڕێتەوە، کە لەگەڵ قافڵەیەک بۆ بیابان دەڕوات و بەم شێوەیە وەسفی دونیا و کات و شوێن و شەو و ڕۆژ و پەیڤ دەکات و دەڵێت:

**(قافڵە بوو، پەنجەرەی ماشێنمان کوێر و**
**دنیا ون و، هەر خۆمان، خۆمان ئەبینی**
**کات بزر بوو، شوێن بزر بوو. شەو بزرو**
**ڕۆژ بزر و، پەیڤین لەگەڵ یەکدا بزر!)**[١٥٥]

ئەم نموونەیە لە قەوارەوەرگرتنی دونیای کارەسات، ئیتر لە نێو ئەم جیهانەی شێرکۆ بێکەس بۆ ئەم کارەساتەی خوڵقاندوەتەوە، هەموو شتێک، هەموو دیمەنێک، هەموو ئەوەی لە نێو ئەم ڕووداوە باس دەکرێت و ناوی دێت، جارێکی تر لە نێو زماندا دروست دەکرێتەوە. لەم بەزمانیکردنەوەی کۆی کارەساتەکە، هۆشیارییەکی نوێ لای شاعیر دروست بووە، ئەم هۆشیارییە لە سەر کۆی کارەساتەکە دروست دەبێت، ئەویش لە پێدانی شوناس بە کارەساتی ئەنفال بەرجەستە دەبێت، پێدانی شوناسیش، گرنگیی تایبەتی هەیە لە تێگەیشتن لە کارەسات و درککردن بەوەی ڕووی داوە و کارکردن لە پێناوی ڕوونەدانەوە و نەگەڕانەوەی.

لەم ڕۆمانە شیعرییەدا شێرکۆ بێکەس بە زمانێکی میتافۆڕ ئەنفال دەهێنێتە سەر کاغەز و لە دیوانێکیدا دەیخوڵقێنێتەوە و سەرلەنوێ قەوارەیەکی بۆ دەسازێنێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە هۆشیاری و مەعریفەیەکی گرنگە بۆ درککردن بە کارەسات، ئەم مەعریفەیەیش شوناسێکی نوێی بە ئەنفال بەخشیوە، شاعیر موسافیرێکە و سەفەری بیابان دەکات. سەفەرێک بێسەروسۆراغ و ئەو سەری نادیار، ئەم سەفەرە لە ناو ڕووبەری زماندا، جیهان لە خەم و حەسرەت و ناخۆشی و دڵڕەقی دروست دەکات، شاعیر لە سەرەتای ئەم سەفەرەیدا دەڵێت:

**(بە بەرگی تازەی شیعرەوە**
**بەرگێ... لە وردە پوولەکەی ئەسرین**

---

[١٥٥]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٨٨.

**با بریسکەی بێ مەراق و**
**بدرەوشێتەوە ئاخ و داخ!.)**[١٥٦]

ئەم سەفەرەی شاعیر وەک چۆن زمانێکی نوێی پێویستە، ئا وەهاش هەموو ئەو کەرەستە و دەربڕینانەی هەڵی گرتوون و نوێن یان مانای نوێی پێ داون و بە شێویەکی تر بەکار هاتوون، بەرەو ڕێیەکی نادیار، ئاسۆیەکی ناڕوون و لێڵ هەنگاو هەڵدەگرن، لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)دا، جلوبەرگی قوربانی و جەللاد و دەشتودەر و ئاووهەوا، بیابان و ئاژەڵ و شۆفڵ و قافڵە و... هتد، هاتنوچوون و برسێتی و دابڕان و مردن و زیندەبەچاڵکردن، بە شێوەی میتافۆڕ بەکار هاتوون، پێنج گێڕەرەوە (موسافیر، کاڵێ، جەللاد، سەربازە شاعیرەکە و حەیرانبێژ) هەر یەک لەم گێڕەرەوانە بەشێک لە کارەساتەکە، کە بریتییە لەو بەشەی خۆی ئەزموونی کردووە، دەگێڕنەوە. ئەوەی بینیویانە، بە ڕۆشنکردنەوەی ڕەهەندی مێژوویی و سیاسی و فەلسەفی و ئایینی و مرۆیی کارەساتی ئەنفال دەگێڕنەوە، بە زمانێکی پڕ لە میتافۆڕ دەیگێڕنەوە و ئەو کارەی دەیکەن، شاردنەوەی ڕووداوی مێژوویی ئەنفال نییە وەک حەقیقەتێک، بەڵکوو بەرهەمهێنانی حەقیقەتی ترە لە ژێر ئەم هەیمەنەی زمانی میتافۆڕدا خۆی حەشار داوە، شێرکۆ بێکەس لەم پرسیارانەوە کە دەیانورووژێنێت:

**(چیتان بۆ بگێڕمەوە؟!**
**ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟!**
**قیژە چۆن ئەنووسرێتەوە؟!**
**عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟!**
**ئەبێ خۆڵ قسە بکات خۆڵ!**
**ئەبێ چاڵ قسە بکات چاڵ،**
**مار و مێروو بیگێڕنەوە.)**[١٥٧]

دەچێتە ناو ئەو پرۆسەیەوە کە هەوڵی ئەوە دەدات، تراژیدیای ئەنفال لە تێکستێکدا بە زمان بەرجەستە بکات. زمانی میتافۆر لە تێکستەکەدا بەوە بەرجەستە بووە، کە شاعیر هەوڵی داوە ئەو پەیوەندییەی وشە و کەرەستەی زمانی بە کارەساتەکەوەی دەبەستێتەوە، هەڵبوەشێنێتەوە و سەر لە نوێ پەیوەندییەکی تر دابمەزرێنێت، ئەویش لە پێناو ئەوەی خاک و بیابان و ئاو و زیندەوەر و خوێن و بەرگ و زریکە و زریان و جەللاد و قوربانی، هەمووان هەر یەک لە شوێنی خۆیەوە بێتە قسە و ئەو زمانەی

[١٥٦]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان ، ل٥-٦.
[١٥٧]- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٤٥-٤٦.

میتافۆڕ کە بەرهەمی دەهێنن و بەو ئەزموونەی دەیگێڕنەوە، جیهانێکی دەلالیی تر دەخوڵقێنن، جیهانێک کە هەر خۆی دەبێتەوە بەو پێکهاتە زمانییەی ئەنفال، کە لەم تێکستەدا بەرجەستە دەبێتەوە.

(گۆڕستانی چراکان) لە حەوت بەش پێکهاتووە، کە وەک گوتمان لە لایەن گێڕەرەوەکانی: موسافیر (شاعیر)، کاڵێ، جەللاد، سەرباز (شاعیرێکی گەنج) دەگێڕرێنەوە و بەشێکی حەیرانبێژێک ئەو جیهانە دەلالییە بەرجەستە دەکات:

یەکەم: گێڕەرەوەی موسافیر کە هەر شاعیر خۆیەتی بە کۆمەڵێک پرسیارەوە هەنگاو بۆ سەفەرێکی خەمناک هەڵدەگرێت، ئاشکرایە لە سەفەری ئەو قافڵانەی ئەنفالە، لە ڕێی ئەم پرسیارانەوە شاعیر دەیەوێت ئازاری ئەو سەفەرە بنووسێتەوە، دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، کە ئەو سەفەرە خۆی بریتییە لە ئازار و ژان.

دووەم: موسافیر لەم سەفەرەدا کە شتەکان دەگێڕێتەوە، شوناسێکی زمانی بۆ هەر یەک لەو شتانە پێک دەهێنێت، شوناسێک کە گوزارشت لە ئازاری قوربانییەکان دەکات، جلوبەرگ و کاڵا و کڵاش و مۆسیقا... هتد قسە دەکات، هەمووان بەشداریی لە دروستکردنی ئەم شوناسەدا دەکەن، زمان دەیەوێت وێنەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە باشی دەربخات، لە ناو زمانی ئەم شیعرانەدا گۆڕی بە کۆمەڵ دەبینرێت، لەم زمانە شیعرییەدا ئەنفالی ڕاستەقینە ناناسیتەوە، بەڵکوو هەست بە دروستکردنەوەی ئەنفالێکی تر دەکەین.

بێگومان ئەو شوناسەی باسی دەکەین، شاعیر بە زمان پێکی هێناوە، شوناسێکی کوردییە. لەگەڵ بیستنی یان خوێندنەوەی هەر دێڕێکی، بەشێک لەم شوناسە دەبینین، موسافیر بەمە دەیەوێت مێژوو و شوناس و جیۆگرافیای ئەنفالکراو نیشان بدات.

زمانێکی بەهێز و سەرنجڕاکێش، بە میتافۆڕ حەقیقەتی کارەساتی ئەنفال دەردەخات کە باسی هەڵەبجە و کەرکووک، دەکات. ئەوە هەڵەبجە و کەرکووکی ڕاستەقیە نییە، بەڵکوو هەڵەبجە و کەرکووکی ناو تێکستەکەیە دەدوێن، لە بەشێک لەم ڕۆمانە شیعرییەدا هاتووە:

**(ئەڕۆم...**
**چۆن هەوری ڕاونراو لە گاپێڵی کێواندا.**
**بە شێوەی (با)یەکی ترساو لە چەخماخە.**
**بە وێنەی کیژۆڵەیەکی قوتاربووی ئەوسا**
**لە هەوای هەڵەبجە**
**ئەڕۆم...**
**هەر بەو شمشاڵی ئاخ و داخانەوە**
**کە برینەکانم بۆ تەنیاییمی ئەژەنن.**
**بە پەڵە خوێنی نەوتاوی کەرکوکی سینەمەوە**

**که بەردەوام سەری بڕاوی تیا هەڵدێ.)**[158]

گێڕەرەوە لە سەر زاری ژنە ئەنفالکراوەکانەوە قسە دەکات و دەڵێت:

**(بە خۆم و دەسکەنەیەک**
**لە قژی ئەو ژنەوە ئەڕۆم**
**کە شمشێری فەتوایەک**
**لە سەر تاوێرە بەردێکی تەوێڵە**
**بە نێوی خوداوە، گەردنی ڕفان و**
**لە دواییدا وەک دیاریی دای بە منارەیەک!.)**[159]

گێڕەرەوە سەفەر بەرەو ئەو شوێنانە دەکات، کە ئەنفال کراون، سەفەرێکی نادیار:

**(سەفەرێکی تازەم لە بەرە**
**سەفەرێ بە پێی پەتی خەمان.**
**سەفەرێ بە سواری تراویلکە و**
**سەفەرێ بە سواری هەواڵی ناوەخت و**
**سەفەرێ بە سواری دووکەڵێ**
**کە پاشکۆ و خورجینی**
**پڕ کردوە لە چاوی کوژراوی باران!.**
**سەفەرێکی تازە**
**بۆ مەملەکەتێ لە شارەکانی خۆڵەمێش)**[160]

گێڕەرەوە ڕێگە تەی دەکات و بە مێژوودا دەڕواتەوە و دەگاتە دیواری بابل و خاکی سۆمەر و مەملەکەتی تەمووز، سۆراغی ئێسکوپرووسکی خۆی و کەسوکاری دەکات، ئینجا دادەگەڕێت وەک ئەوەی گەیشتبێتە چاڵەکانی ئەنفال، هێواش هێواش ڕۆ دەچێ:

**(من ڕۆئەچم و سەرنج شۆڕشۆڕ ئەکەمەوە**
**تا ئەو شوێنەی**
**کە ڕووبەڕوو مەرگ ئەبینم!.)**[161]

---

[158]– شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل١٠-١١.
[159]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١١-١٢.
[160]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٢-١٣.
[161]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٠.

لەوەوە گێڕەرەوە کاری بە سەر زەوین و ئاسمان نامێنێت و بەرەو بن دادەچۆڕێ:

**(هەر بەرەو بن دائەچۆڕێم**
**لە ناو نیشتمانی گڵدا**
**لە وڵاتی خۆڵ و قوڕدا**
**بۆ ئاوی کوژراو ئەگەڕێم!.)**[١٦٢]

ئەم نیشانە زمانییانە تێکڕا هەموو ئاماژەن بە مێژووی کورد، سەرجەمیان دەچنە پێکهاتەی شوناسی کوردەوە.
ئەو پرسیارانەی شێرکۆ بێکەس دەیانکات، لە زمانی قوربانییەکی ئەنفال کە بە ناوی کاڵێ وەڵام دەدرێنەوە، کاڵێ دەبێتە هاوڕێی موسافر و ئەوەی دەیزانێت یەک یەک ئەو ڕووداوانە دەگێڕێتەوە. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە کارەسات و ڕووداوی ئەنفال، ئەستەمە بگێڕرێتەوە، بۆیە دەپرسێت:

**(من ئەگەر پێشت نەکەوم**
**نە ئەسپی ئەفسانە و نە مەراڵی خەون و**
**نە تەیری شیعر و نە بای جادووگەر**
**بەو مەرگانە نازانن)**[١٦٣]

کاڵێ بەردەوامە لە گێڕانەوە بۆ موسافیر، بە شێوەیەک دەدوێ، وەک بڵێی خۆی خودی ئەنفالە و کاڵێ خۆی ئەزموونی مەرگی هەیە:

**(ئەوەی کە ئاو پێی ئەزانێ و**
**ئەوەی کە داری سەرەڕێ و باڵندەکان**
**پێی ئەزانن، کورتەی خەمە و ئێجگار کەمە.**
**من بۆ خۆم قیژەی ناو چاڵ و**
**من ڕەنگی شەوی دڕندە و**
**من بۆنی جەستەی پاسفندەی**
**بەردەم سەگەڕەشی ئەوێ و**
**ئافاتەکەی سیاساڵ بووم!)**[١٦٤]

---

[١٦٢]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٢١.
[١٦٣]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٩-٣٠.

کاڵێ لە گێڕانەوەکانیدا لە ڕوانگەی جەللادەوە دەڵێت:

**(لێرە... لێرە... لێرە**
**لێرە قەدەغەیە کزە**
**گەورە ببێ و لە دواییدا**
**ببێ بە گڤەی ڕەشەبا!**
**لێرە قەدەغەیە گزنگ**
**پێ بگرێت و باڵا بکا و**
**ببێ بە سوورەهەتاو و**
**بچێتە سەر لوتکەی چیا!.)**[١٦٥]

لە دوای کاڵێ، ئینجا «دەحام» قسە دەکات و وەک جەللادیش دەدوێت، ئەو لەم تێکستەدا وەک قوربانی مافی قسەکردنی هەیە و دەڵێت:

**(ئێمە وا هاتووین کە نەڕۆین!**
**هەر وەکوو چۆن شمشێر هاتە ناو خوێنەوە و**
**ئیتر نەڕۆی!.**
**...**
**هەموو شتێ بە ڕەنگی خۆمان ڕەنگ ئەکەین**
**هەموو کێوەکانمان یخ دا و**
**گەیشتینە دوا نوختەی بەرد و نەهێنی**
**...**
**من بە زەییم فرێدایە چاڵێکەوە و**
**هەتا نەمرد بەجێم نەهێشت.)**[١٦٦]

دەحام وەک جەللاد باسی ئەوە دەکات و مێژووی ڕاستەقینەی خۆی دەگێڕێتەوە. دەحام نەک وەک هەستێکی مرۆیی بەوەی زوڵمی لە قوربانی کردووە، بەڵکوو تەنها وەک ڕاستیگوتن و تۆمارکردن حەقیقەتی خۆی بەوپەڕی ڕاستگۆیییەوە باس دەکات و هەموو کارە دڕندانەکانی خۆی و ستەمکاری بەرامبەر قوربانییان دەخاتە ڕوو. دوای

[١٦٤]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٣٠-٣١.
[١٦٥]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٨-٣٩.
[١٦٦]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤٧ و ٤٨ و ٥١.

ئەویش سەربازێک لە ژێرزەمینێکی شاری سلێمانییەوە قسە دەکات، ئەو نهێنییە پارچەپارچانەی کە سەبارەت بە ئەنفال ئەیزانێ، بە شیعر و لە ٢٧ پاژدا ئەیگێڕێتەوە. ئەم سەربازە بیرەوەریی لەتلەت و پەرشوبڵاوی ئەنفالی پێیە، لەم بەشەدا هەڵوێستی ئەو کوڕە شاعیرە لە بەرامبەر عەرەب و ئایین و ئەنفالدا دەردەکەوێ و داکۆکی لەوە دەکات کە ئەنفال ئەبێ ببێ بە بەشێک لە شوناسی ئێمە:

**(ئەنفال... ئەنفال**
**ئەگەر ئەم ئاوە کوژراوە**
**یەک بە یەکمان نەیخۆینەوە**
**لە خۆشەویستیی سەرچاوە و**
**لە خۆشەویستی ئاو ناگەین.**
**ئەنفال... ئەنفال**
**ئەگەر ئەم ڕەنگە کوژراوە نەپۆشین و**
**ئەگەر ئەم هەوا خنکاوە هەڵنەمژین**
**کەسمان ناژین!.)**[١٦٧]

دوای ئەو کاڵێ جارێکی تر قسە دەکات و یاداشتەکانی ڕۆژی حەشر دەگێڕێتەوە. ئەو ڕۆژانەی کە لە قافڵەیەکی بێ سۆراغدا، بێ چارەنووس دونیا و شەو و ڕۆژیان لێ ون بووبوو. کاڵێ لەگەڵ خۆی دەمانباتە ناو ماشێنەکە و دەچێتەوە سەر ئەو چرکەساتەی کە ڕووداوەکانی دەگێڕێتەوە. ئەم بەشە لە شێوەی گێڕانەوەی چیرۆکدایە و کاڵێ لە ناو ماشێنەکەوە بەرەو ئەو ڕابردوە دەڕوات و پاشان لە ئێستای ئەو کاتەدا نیشتەجێ دەبێت.

کاڵێ دەچێتە ناو ناخی سەربازە شۆفیرە بەعسییەکە و ڕووداوەکان باس دەکات، لە ژێر کاریگەریی گێڕانەوەدا، دەترسێ و سامی لە لەشی خۆیشی هەیە و هەموو شتێک لە دەوروبەری خۆی بە سیخوڕ دەزانێ. ترس لە ڕژێمی بەعس بەشێکی جیا نەکراوەیە، دەڵێت:

**(ئەترسم ڕۆژێ دڵی خۆم، دڵی کەس نا**
**هەر دڵی خۆم...**
**وەختی نووستن، یان لێخوڕین**
**کاتێ ئەڵێم کە من هیچ ئاگام لەونەبێ**
**فرسەت بێنێ و لە ناو قەفەزەی سنگمەوە**

[١٦٧]– شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٧١.

**به پێدزکێ و بەبێ خشپە**
**خۆی قوتارکا و هەڵبێ و بچێ**
**لە دەرگای دڵی عەریف "ثائر" با و**
**ئەویش بڵێ فەرموو ژوورێ و**
**لەسەر کورسیی حەوتی نیسان دابنیشێ و**
**ئەو سا خەبەرم لێبدا**
**کە ناو بە ناو لە کونی کونی ژوورەوەی**
**ناو دەروونما من چی ئەڵێم!)[١٦٨]**

بەشێکی تری گێڕانەوەکان دەربارەی کاتی پاش ڕوودانی ئەنفالە. کاتێک کە بەعس ڕووخاوە و سەربازە شاعیرەکە لە ژێرزەمینەکە ڕزگار بووە و هاتووەتە دەر و ئێستا بارودۆخێک دروست بوو، کە گومان لە هەموو شتێک بکرێت:

**(گومان... گومان... گومان ئەکەم**
**ناتوانن بیاندۆزنەوە**
**هەر هەموویان نادۆزنەوە.)[١٦٩]**

لێرەدا شیعر سەبارەت بە کاتی دوای ئەنفال و هەڵسەنگاندنی لایەنەکانی دوای ئەو کارەساتە لە دۆخیکی ئازاد دایە.
دوای گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە شیعرییەی شێرکۆ بێکەس، ئەنفال دەبێتە لاوک و حەیران و دەچێتە ناو فەرهەنگ و شوناسی کوردەوارییەوە. لاوک و حەیرانێک کە سیمایەکی تازە بە خۆوە دەگرن بە ناوی «حەیاوک».

**("ئەمن دەمگۆت**
**خەوێکم دیتیە سۆر سۆر**
**لەو خەوەیدا**
**شەنگەبێری، کارمامزی، بەژن عەرعەری**
**لە دوورەوە ڕا، لە سەحرای غەریبیەوە ڕا**
**هاتبوونەوە مارێ!**
**یەکەک ببووە ڕەشە ڕێحانێ و**
**ئەوی دی ببووە گوڕی دارقەزوانێ و**
**یەکەکی تریان ببووە زنە ئاوی بن شاخان**

[١٦٨]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل١٢٣-١٢٤.
[١٦٩]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٥٦.

وەیلێ
وەیلێ
وەیلێ)[١٧٠]

لەبەر گرنگیی ئەم قەسیدەیەی شێرکۆ بێکەس لە ژێر ناوی (گۆڕستانی چراکان)، پانتاییەکی فراوانمان پێ دا، گۆڕستان جۆرێک لە فراوانیی هەیە، چراکان، بە شێوەیەکی کۆ هاتووە، ئەم گرنگییەی درێژبوونەوە و زۆربوونی وێنەکان، بە هۆیەوە هەم تێکستەکە شێوەیەکی ڕۆمانە شیعری وەرگرتووە و درێژ بووەتەوە، هەم ئێمەیش لێرەدا بە گرنگمان زانی، نموونەکان درێژ بکەینەوە.

### ٢-٢-١/٣ بەختیار عەلی

بەختیار عەلی جگە لەوەی کاری تیۆری لە بارەی ئەنفالەوە زۆرە، لە چەندین توێژینەوە و وتار و چاوپێکەوتندا، لە چەندین ڕەهەندی جیاجیاوە لە سەر پرسی ئەنفال ڕاوەستاوە، هاوکات کاریگەریی ئەم ڕووداوە بە سەر بەشێکی زۆری کارە ئەدەبییەکانی لە وێنەی شیعر و ڕۆمان دیارە، بیروڕای بەختیار عەلی لە بارەی چۆنێتیی کارکردن لە سەر پرسی ئەنفال و هێنانی بۆ ناو کاری ئەدەبی و هونەری تەواو دیارە، چونکە وەک گوتمان لەو ڕووەوە چەندین توێژینەوە و وتار و چاوپێکەوتنی هەیە و بە ڕوونی بۆچوونی خۆی دەربڕیوە، لە بەشی پێشوویشدا ئاماژەمان بە گرنگترین بۆچوونی کرد و دەتوانین لەم ڕوانگەیەوە بزانین، بەختیار عەلی چۆن پرسی ئەنفالی بەکار هێناوە و ئەم ڕووداوە چ کاریگەرییەکی لە سەر دونیابینیی هەبووە، لێرەوە بۆچوونەکەی دووبارە دەکەینەوە: (هەڵەی هەرە دژواری ڕۆشنبیری ئێمە ئەوەیە، کە کێشەی ئەنفال کورتدەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتەکە، ئەنفال دەکاتە کێشەیەک کە نووسەران و شێوەکاران بیکەنە زەمینەی تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆیان لە سەر تەعبیرکردن، ئەمەش ئەو دیوەیە لە پەیوەندی ئەنفال و زمان کە زمان هەمیشە تیایدا دۆڕاوە. لە کاتێکدا کە دەبێت چەقی قورساییمان لە سەر ئەوە بێت، دوای ئەنفال چۆن ژیان و سیاسەت و ئەخلاق و خۆمان ببینینەوە، واتە وەزیفەی تێکستەکان ئەوە نییە کە تەنیا لە ناو جوغزی ڕووداوەکەدا بمێننەوە و لەویادا گیر بخۆن، بەڵکوو ئەوەیە کە جارێکی دی لەو دیو ڕووداوەکەوە تیشک بخەنە سەر ماهییەتی ژیان، سەر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن، سەر مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا، سەر کاراکتەری مرۆڤی سادە و ڕۆڵی لە دروستکردنی فاشییەتدا، سەر بونیادی ئەو دونیا تەقلیدییە و کاریگەری لە سەر ئەخلاقی قوربانی و جەللاد. ئەوەی لە پەیوەندیی ئەنفال و زماندا گرنگە ئەوەیە کە زمان کەناڵی وێناکردنی

[١٧٠]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل١٩٥-١٩٦.

ئەو تراژیدیایە نییە کە هەموو وێنەکانی وێنەی کەموکورت و نوقستانن، بەڵکوو کەناڵی لەدایکبوونی ئەو دونیابینییە تازەیەیە کە ئەنفال دەیسەپێنێت.)[171]

هەروەها هەر لەو سەرچاوەیەدا بەختیار عەلی دەنووسێت: (دەکرێت دەیەها تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتە سەر، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ یەک لەو تێکستانە جگە لە پەیوەندییەکی ڕوکار و سادە لەگەڵ ئەنفالدا هیچی دیکەیان نەبێت، بەڵام دەکرێت تێکستێک بنووسرێت بێ ئەوەی باس لە ئەنفال بکات توانای دەرخستنەوەی کاریگەری ئەنفالی هەبێت لە سەر ژیان و جیهانبینیمان.)[172]

لێرەدا تەنها ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) وەردەگرین، کە ڕۆمانێکی قەبارە گەورەیە، بەختیار عەلی لە ڕۆمانەکەدا تا ڕادەکی زۆر پەیڕەویی لەو بۆچوونانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، دەبینرێن. لەم ڕۆمانەدا وەک نەریت و ئاستی هۆشیاریی زۆر ڕۆشنبیری کورد کە کێشەی ئەنفال کورت دەکاتەوە بۆ کێشەی تەعبیرکردن لە خودی کارەساتی ئەنفال، بەختیار عەلی لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا ئەنفال ناکاتە کێشەیەک تا لەوێوە بیکاتە زەمینەی تاقیکردنەوەی تواناکانی خۆی لە سەر تەعبیرکردن، چونکە دەزانێت ئەمەش ئەو جۆرە بەکارهێنانەیە لە پەیوەندیی ئەنفال و زمان کە زمان تێیدا شکست دەهێنێت و هەمیشە دۆڕاوە. بەختیار عەلی لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا چەقی قورسایی لە سەر ئەوەیە، کە ئەنفال ڕووی داوە و دوای ئەنفال چۆن بژی و چۆن سیاسەت بکات و چ ئەخلاقێک ببێتە پەیڕەوی ژیان، بەختیار عەلی لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا بۆ ئەوە نانووسێت تەنها لە ناو چوارچێوەی ڕووداوی ئەنفالدا خۆی قەتیس بکات و باسی چیرۆکە زۆر بیستراوەکان بکاتەوە، بەڵکوو دەیەوێت لەوێوە و لە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوە، سەرلەنوێ لەو دیو ئەوەی لە ئەنفال بیستراوە و باس کراوە ڕۆشنایی بخاتەوە سەر ماهیەتی ژیان، بە چەشنێکی تر مانای پێکەوەژیان و لێبوردن دادەڕێژێتەوە، دەستکاریی دیدی خۆی بۆ مانای ڕاست و درۆ لە پەیوەندییە ئینسانییەکاندا دەکات، ئەوە دەخاتە بەر بیرکردنەوە و ڕامان کە ئاخۆ کاراکتەری مرۆڤی سادە ڕۆڵی لە دروستکردنی فاشیەتدا چییە و چۆنە، لەم ڕۆمانەدا نووسەر لە بونیادی ئەو دونیا تەقلیدییە ڕادەمێنێت و جۆرێکی تر بیر دەکاتەوە، کە کاریگەریی لە سەر ئەخلاقی قوربانی و جەللاد هەیە و دایان دەڕێژێتەوە.

ئەوەی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا بۆ بەختیار عەلی زۆر گرنگە پەیوەندیی ئەنفال و زمان ناهێنێتە ئاستی گێڕانەوە و وەسف و گوزارشتکردن، زمانی ئەم ڕۆمانە، هۆیەک نییە بۆ وێناکردنی کارەساتی ئەنفال، چونکە دڵنیایە کە ناتوانێت ئەم

[171]- بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، ل ١٣٠-١٣١.

[172]- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل ١٣٠.

کارەساتە وەک خۆی وێنا بکات و وەسفەکان تەعبیر بن لە حەقیقەتی ڕووداوەکە، بۆیە نووسەر لەم ڕۆمانەدا هەوڵ دەدات زمان بکاتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی ئەو دونیابینییە تازەیە کە کاریگەریی ئەنفال ئەگەر لە سەر هۆشیاری هەبێت، هەر ئەوە دەخوازێت.

ئێستاش دێنە سەر سەلماندنی ئەم قسانە لە هەندێ نموونەی ناو ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) نووسەر هەوڵ دەدات تێگەیشتن لە زۆربەی چەمکە ئاشناکان بە ناوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و دەروونی... هتد بە جۆرکی تر دابڕێژێتەوە و قاڵبی مانا کۆن و بیستراوەکانی تێک بدات، ئەمەیش بێگومان تێگەیشتن و کارکردنی نوێیە بۆ ئەم پرسە. لەم نموونەیەدا بەختیار عەلی هەوڵ دەدات، بە جۆرێکی تر سەیری مانای عەدالەت و تۆڵە و ئازار و جوانی و پەیوەندیی بە شیعر و هونەرەوە بکات، ئەمەیش یەکێکە لەو پەرەگرافانە:

**(بە غەمگینی و تووڕەییەوە سەری بادەدا و دەیگوت: عەدالەت ئەوە نییە زاڵمەکان بکوژیت، ئەوەیە شتێکی جیاواز بخەیتە جێگای زوڵم. دادپەروەریی ئەو مۆسیقایەیە کە شوێنی مردن دەگرێتەوە، ئەو ئاوازەیە کە جێگای ترس دەگرێتەوە، ئەو نیگارەیە کە جێگای ئازار دەگرێتەوە... ئەوەی تۆ باسیدەکەیت دادپەروەری حاکم و دادگا و یاساکانە، من باسی عەدالەتی خۆمت بۆ دەکەم، گوێبگرە، عەدالەت هەرگیز ئەوە نییە کە حاکمێکی پیر لە سەر کورسییەکەی خۆیەوە دەریدەکات، بەڵکوو ئەو بڕیارەیە کە پارچەیەک مۆسیقا دەریدەکات، شیعرێکی مەزن دەریدەکات، تابلۆیەک بە نهێنی لە ڕەنگەکانیدا دەینووسێتەوە... ئەوە تەنیا عەدالەت و دوا عەدالەتە لە سەر ئەم ئەستێرەیە.**

**دەمپرسی: دکتۆر مرۆڤ لە هەقی خوێندا دەیەوێت خوێن ببینێت، ئێمە وا دروستبووین. مرۆڤ وا دروستبووە. من دەمەوێت لە هەقی خوێنی هاوڕێکانمدا، خوێنی یەکێک بڕێژم، یەکێک لەم عەرەبە خوێنمژانە کە ملیۆنێک ساڵە لێمان دەکوژن. ڕاستت دەوێت من دەمەوێت یەکێک بکوژم.**

**دکتۆر پەنجەی بۆ درێژ دەکردم و بە نیگەرانییەوە دەیگووت: نا، مرۆڤ وا دروست نەبووە، تۆ تەماشای جەوهەری هاوکێشەکە بکە، تەماشای مانا قووڵەکەی بکە، مرۆڤ ئازار دەچێژێت، بەڵام تەماشاکە بە درێژایی مێژوو، چ وەڵامێکی مرۆڤ بۆ ئازار نەمر و ئەبەدییە، چ وەڵامێک... تەنیا ئەو وەڵامە ئەبەدییە کە جوانی دەیداتەوە، کە مۆسیقا و تابلۆ و شیعر دەیدەنەوە. وەڵامی مرۆڤ بۆ ئازار ئەوە نییە ئازاری تر دروستبکات، ژان لە سەر ژان کەڵەکە بکات، برین لە سەر برین سەفتە بکات، ئەوە وەڵامە ئاسان و سادە و بێماناکەیە، مرۆڤ وا وەڵامناداتەوە، هەرگیز وا وەڵامناداتەوە، مرۆڤ بە هاوارێک وەڵامدەداتەوە کە دەگاتە ئەبەدییەت و دەگەڕێتەوە. ئەو هاوارە وەڵامی مرۆڤە.**

**دەوەستا و دەستی دەخستەوە سەر دڵی و مەستانە دەیگووت: من چەندین ساڵە دەمتوانی بڕۆمە دەرێ، ببمە چەکدار، زیانی گەورە لە دوژمن بدەم، بکوژم، سەیری ناو**

**چاوی جەللادە خوێناوییەکەم بکەم و بڵێم: تەماشاکە مەلعون، من ئاوەها تۆڵەت لێدەکەمەوە. ئاوەها لە هەقی ئازاردا ئازارت دەدەمەوە، نا... جەللادەت، بەڵام ڕۆژێک بیرمکردەوە و گوتم، ئەمە دڕندەکەی ناومانە کە وا بیر دەکاتەوە،)**[١٧٣]

هەروەها هەر لە شوێنکی تری ئەم ڕۆمانەدا باس لە چاوەڕانی دەکات، کە هەندێ تایبەتمەندیی تری ئەم دۆخەی دروست کردووە:

**(مرۆڤیش لە دۆخی چاوەڕوانیدا مرۆڤێکی ڕاستەقینە نییە، مرۆڤ لە کاتی چاوەڕوانیدا لە منداڵێک دەچێت هێشتا لە دایک نەبووبێت.)** [١٧٤]

هەروەها لەم نموونەیە و دەیان شوینی تری ناو ئەم ڕۆمانەدا نووسەر ویستوویەتی هۆشیاری و بیرکردنەوەی تری بە ڕووی دیاردە و چەمکەکانی تر بکاتەوە، لە بەشێکی تری ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:
**(جەللادەت پاشەوپاش لە ژێر ئەو چادرە دێتە دەرێ و تێ دەگات هەندێجار ئەو بێحورمەتییەی پیاوە بەرێزەکانی نیشتمان بە مرۆڤی دەکەن، کەمتر نییە لەو بێحورمەتییەی جەللادەکان لە غەریبیدا پێت دەکەن، ئەو ماوە کورتە بەس بوو تێ بگات سەختترین جۆری ئاوارەیی ئاوارەیی نییە لە نیشتمان، بەڵکوو ئاوارەییە لە مرۆڤەکانی دی.)**[١٧٥]

لە شوێنێکی تری ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا باس لە داهاتوو دەکات:
**(هەردووکمان دەمانزانی لە داهاتوودا شتێک ڕوو دەدات، شتێکی ترسناک، بەڵام کەسمان نەماندەزانی ئەو شتە چییە و کەی ڕوو دەدات. ترسناکترین شت ئەوەیە دڵنیا بیت شتێ ڕوو دەدات، بەڵام نەزانیت کەی و لە کوێدا ڕوودەدات، ئیتر بەردەوام چاوەڕوانی ئەو شتەیت.)**[١٧٦]

یان لە شوێنێکی تر بە دیدگای نوێوە باس لە نیشتمان دەکات:
**(زەمینێکی بێوێنە لە پاکیدا کە ئەوانەی داگیریانکردووە ئەتکیانکردووە، ئەوانەش کە ویستوویانە ڕزگارییکەن هەر ئەتکیانکردووە. نیشتمانێک لە کچێک دەچێت دێوێکی زل و ناشیرین ڕفاندبێتی و جوانیی ژاکاندبێت، سوارچاکێکیش هاتبێت ڕزگارییکات، بەڵام**

---

[١٧٣]- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل ١٩٧-١٩٨.
[١٧٤]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٣١-٣٣٢.
[١٧٥]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٣٢.
[١٧٦]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٧٩.

**شەهوەتی ئەو سوارچاکە بۆ لاقەکردن و ئەتککردنی ئەو کچە کەمتر نییە لە شەهوەتی دێوەکان.)** [177]

یان مانای ئاوارەیی، کە دیارە زۆر ڕوونە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا بە جۆرێکی تر دەیبینینەوە:

**(لە ڕاستیدا ئاوارەیی هەندێجار ئەوە نییە ماڵت نەبێت، بەڵکوو ئەوەیە نەزانیت بچیت بۆ کوێ، لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکەیت و هەستدەکەیت دەبایە تۆ لە جێگایەکی تر بایتایە، ئەوە ئاوارەییە)**[178]

لەبەر گرنگیی ئەم ڕۆمانە ئاماژە بۆ نموونەیەکی تر دەکەین:

**(حەلیم شێواز بێئەوەی بجووڵێت، وەک ئەوەی پەیکەرێک بێت و دەستێکی خستبێتە سەر دەموچاوی گووتی: هەمووتان دەزانن کە خولیای عەدالەت ئەوەیە گوناهبارەکان بگرێت و سزایان بدات، بەڵام گەر عەدالەت بە وردی جێبەجێبکەین، مانای ئەوەی دەبێت هەموو گوناهباران سزا بدەین، دەبێت بۆ هەموو گوناهێک سزایەکمان هەبێت. بەڵام ئینسان بەردەوام گوناهدەکات... هیچ مرۆڤێک نییە شایستەی سزا نەبێت...)**[179]

لەم ڕۆمانەدا بەختیار عەلی وەک ئەوەی لە توێژینەوەکاندا بۆچوونی وای دەربڕیوە و لە تێکستە ئەدەبییەکانی تریش جەختی لێ کردووەتەوە، ڕاستەوخۆ ناوی ئەنفال ناهێنێت، چونکە دەزانێت، دەکرێت ژمارەیەکی زۆر تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتە سەر، کەچی لە واقیعدا هیچ یەک لەو تێکستانە جگە لە پەیوەندییەکی ڕووکار و سادە لەگەڵ ئەنفالدا هیچی تریان نەبێت، بە هەمان شێوە دەکرێت تێکستێک بنووسرێت بێ ئەوەی باس لە ئەنفال بکات، بەڵام ئەم تێکستە بتوانێت کاریگەریی ئەنفال لە سەر ژیان و جیهانبینیمان دەربخات.

## ٣-٢-١/٣ کاروان عومەر کاکەسوور

کاریگەریی ڕووداوی ئەنفال بە سەر ڕووبەرێکی زۆر لە دونیابینیی کاروان عومەر کاکەسوور لە ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا دیارە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی ئەم نووسەرە ئەوەیە، کارەکتەرەکانی نووسەر تا بڵێی بە دەنگێکی ئازاد قسە دەکەن، ئەوەی دەیگێڕنەوە، لە هیچ سنوورێکی سانسۆر ناگەڕێنەوە و چییان بوێت باسی دەکەن و دەیخەنە ڕوو، ئەمەش وا دەکات ئەم نووسەرە لە ڕێگای کارەکتەرەکانییەوە

[177]- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٤٢٧.

[178]- هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤٣٦.

[179]- هەر ئەو سەرچاوەیە ، ل٥١٧.

بێ هیچ کۆتوبەندێک بدوێت و بێ پەردە لە نهێنیی زۆر تایبەت و نەگوتراو قسە بکات، هەر ئەم تایبەتمەندییە نووسەر وا لێ دەکات، شتی نوێ بڵێت و لە ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا هەست بە دۆزینەوەی ڕووبەری تازە بکەین، لەمەیشەوە دەکرێت باس لەوە بکەین، کاتێک کارەکتەرێک کاریگەریی ئەنفالی بەسەرەوەیە، یان نووسەر لە ڕووداوێکی نێو چیرۆکەکانیدا دەیەوێت ڕەنگدانەوەی ئەو ڕووداوە بە شێوەی تایبەتی خۆی بەرجەستە بکات، دەبێت چ کارێک بکات و چۆن ئەنفال ببینێت؟ بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە هەر چییەک بێت لەوە تێ دەگەین، کاروان عومەر کاکەسوور نایەت ئەنفال وەک خۆی بگێڕێتەوە، چیرۆکەکانی وەک ئەوەی بیستراون، باس بکات، بۆیە کە کارەکتەکان باسی خۆیان دەکەن، هیچ باکیان بەوە نییە چۆن و چی دەدرکێنن و ڕۆشنایی دەخەنە سەر چ ڕووبەرێکی نەبینراو، ئەوان شەرم لەوە ناکەن ئەوەی دەیگێڕنەوە و باسی دەکەن لەگەڵ ڕێسا و دەستووری باو یەک دەگرێتەوە یان نا، لە چوارچێوەی بیرکردنەوە کۆمەڵایەتییەکان جێی دەبێتەوە یان خۆیان ناگرن؟ یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئایینی و هتد، یەکان دەشکێنن یان پابەند دەبن، لە بەشی دووەمدا باسمان کرد بەشێکی زۆری ئەدەبی کوردی کە باسی ئەنفال دەکات و چیرۆکەکانی دەگێڕێتەوە کوشتەی ئەو گێڕانەوە ڕووکەشییەیە، چیرۆکە بیستراوەکان باس دەکاتەوە، ئەوەی دەمێکە دەیزانین، بە نهێنی پێمان دەدەنەوە، بۆیە کەمتر جێگەی ئەوە بوون لە دەرەوەی سنووری باو کارەکتەرەکان بیر بکەنەوە، پابەندی نەریتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و هتد نەبن.

ئەنفال لە هەندێ پانتاییی چیرۆک و ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسووردا دەردەکەوێت، کە نهێنییەکی تێدا ئاشکرا دەکرێت، ئەو نهێنییەش کارەکتەرێک هەڵی دەگرێت و ئازادانە بەوپەڕی سەربەخۆییەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکات، پاڵەوانی چیرۆک و ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور لە پێناو ئەوەی نهێنیی کاریگەریی ئەنفال بەیان بکەن، گوێ بە سانسۆر و تابۆکان نادەن، هەر وەک چۆن بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی تریش هەر وا دەکەن، ئەوان شەرم ناکەن درکاندنی ئەم نهێنییە چۆن دەکەوێتەوە و چیی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە زۆر بە ڕاستگۆیی و بێ ئاراییشت و بێ هیچ پێوەرێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی... هتد، کاری خۆیان دەکەن، ئەم سیفەتەیش ئەم جۆرە ئەدەبە لە داهێنان نزیک دەکاتەوە، ئێستا هەندێ نموونە لەم ڕووەوە لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور دەخەینەڕوو:

١- لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)دا کە بەهاوبەشی لەگەڵ (دوارۆژ)ی کوڕیدا نووسراوە، ئەنفال دەبێت بە ناو و لە کارەکتەر دەنرێت وەک لە شوێنێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(چونکە (شەماڵ) پێی گوت:**

**_خوشکێکم هەیە، تا بڵێی جوانە، بەڵام بە چی دەچێت... !!**

**_بۆچی...؟!**

**_مەلا ناهێڵێت دوو پێی بخاتە دەرەوە، براکانیشی لە ئێستاوە لە مەلا خراپترن... جاران خاڵم بە زۆر لەگەڵ کچەکانی دەیناردە قوتابخانە، بەڵام دوای ئەوەی لە سێدارە درا، مەلا نەیهێشت چیتر بچێت و کتێب و دەفتەرەکانیشی لێ دڕاند... لە هەمووی ناخۆشتر ناوی ئەنفالە... ئەگەر چی من خۆم بەپێچەوانەوە بانگی دەکەم... هەر پێی دەڵێم ژیان، بەڵام بە چی دەچێت چاوەکەم... !! دەزانی تۆ نەبوویتایە، قەت بە سەر زمانمدا نەدەهات بە کەسی بڵێم...؟!**

**(سەنگەر) یەکەمجاری بوو وشەی (ئەنفال) ببیستێت... ئایا بە ڕاستی ماناکەی پێچەوانەی (ژیان)ـە، یاخود لە داخا ئاوای وت...؟! ئینجا تێشنەگەیشت بۆچی ئەو ناوە هێندە ئاخێکی قووڵە، بە ڕادەیەک ناتوانێت بە کەسی بڵێت... ئەو شەرمە بۆچی...؟! ئەو وەک بڵێی زانیبێتی (سەنگەر) بیری لە چی ئالاوە).** [١٨٠]

٢- لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا، لە کۆتایی بەشی چوارەمدا باسی کاریگەریی ئەنفال هەیە، بە شێوەیەک لەم ڕۆمانەدا جارێکی تر ئەنفال دەبێت بە ناو و لە کارەکتەر دەنرێت، ناو لێرەدا وشەیەک نییە بۆ ناونانی کەسێک یان شتێک وەک ئەوەی پێناسەی ڕێزمان بۆ ناو باسی دەکات، بەڵکوو پرۆسەکە لێرەدا ئاڵۆز و پڕ مەبەستە، ناو بۆ ناسینەوە نییە تا دوای ئەو پرۆسەیە جیاکردنەوە لە ناو و دەوروبەری دەست پێ بکات و بەدوایدا ئینجا پەیوەندی و بەکارهێنان و هەموو جۆرەکانی کارکردن، بەڵکوو وشەی ئەنفال وەک ناوی مرۆڤ، لەو کاریگەرییە هەمەلایەنەوە دێت کە ڕووداوی ئەنفال لە سەر کۆی ژیانی ئەو تاکە و ئەوانی تر دای دەنێت، ناوی ئەنفال لە پرۆسەی ناولێنانەوە نەهاتووە، بەڵکوو ئەو مرۆڤەیە لە ئەنفال دروست بووە، واتە ئەو نەهاتۆتە بوون و دواتر لە پێناو پرۆسەی ژیان ناوێکی لێ بنرێت و وەکوو هەموو شتەکانی تر هەڵگری ناوێک بێت لە پێناو ناسنامە و پێویستیی ژیان، بەڵکوو ئەم ناوە ئەم مرۆڤە دروست دەکات و هەر لە سەرەتاوە لە ژیانێکی ئاسایی بێ بەشی دەکات، لەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(ئەنغام و ئەنفالی کچم پێیان گوتم.**

**خەریک بوو ئەوەیش بپرسی، کە کچەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان نەچووەتە قوتابخانە، ئەی چۆن دەتوانێت بنووسێت، بەڵام بیرت کەوتەوە ئەوان هەر لە منداڵییەوە فێری وانەکانی ئایین دەکرێن و بە عەرەبییەکی زۆر جوانیش دەنووسن...)** [١٨١] خودی ئەم پرۆسەیە ئاماژەیە بۆ داگیرکردنی ژیانی کەسانێک، نەک شێواندنی ناسنامەیان، بەڵکوو ڕێگرتن لە دروستبوونی ناسنامەیان.

---

[١٨٠]- دواڕۆژ کاروان و کاروان عومەر کاکەسوور، سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە،ڕۆمان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل٩٣.

[١٨١]- کاروان عومەر کاکەسوور، کازینۆی منداڵان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٤٥.

ناوی کارەکتەکانی ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)ی نووسەر، بە شێوەیەک دانراون، وەک بڵێی کاریگەرییان لە سەر یەکتر هەیە و یەک ئەوی تر تەواو دەکات، وەک لە شوێنێکی تری ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(پەریهان و خوشکە شەش حەوت ساڵانەکەی فریای ڕزگارکردنی یەک شتی ماڵەکە ناکەون... کۆترەکان ئەوانەی بێچوون، دەکەونە ژێر خۆڵ و ئەوانەی باڵیان هەیە، لە ئاسمانی ئەو خانووە ڕووخاوەدا هەڵدەفڕن... دەنگی لێکدانی باڵی ئەو سەدان کۆترە لە چەپڵەڕێزانی ئاهەنگە میللییە قەرەباڵغەکان دەچێت و دیمەنیان تا بڵێی سەرنجڕاکێشە... پەریهان و ساکار دەخەنە زیلێکی سەربازییەوە و لە کەمپێکی قەراغ هەولێریان فڕێ دەدەن، کە زۆربەی خەڵکی گەڕەکی ئاگربازی تێدایە... لە زمانی پیاوێکەوە دەبیستن (زێوەر)ی برایان، کە بە (کرێکار) ناسراوە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە... من و ئەوانیش هەر لێرە یەکتر دەگرینەوە، بەڵام (پەلکشان) لەبەر ئەوەی دیسان خراوەتە زیندانەوە، چەند ساڵ دوای ئێمە ڕادەگوێزرێت... ئەمجارەیان شێوەی تەواو دەگۆڕێت... پێستی چرچ و قژی سپی دەبێت... چاوەکانی بە حاڵ شت دەبینن.)**[182]

٣- لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)دا، بە تایبەت لە بەشی سێیەمدا باسی ئەنفال هەیە، لەوێدا باس لە گوندێکی سەربازی دەکرێت، ئەو شوێنانەی ڕاگوێزراون و کاول کراون، منداڵەکانیان دەگوێزرێنەوە بۆ ئەم گوندە سەربازییە، بەڵام ئەم گوندە هیی عەرەبە، خەڵکی گوندەکەیش بە دڵی خۆیان ناوی عەرەبی لەم منداڵانە دەنێن، دووان لەم منداڵانە کە ژنێک دەیانگرێتە خۆی، ناویان لێ دەنرێت عەلی و مەعاویە، ئەم دووانە هەر لە منداڵییەوە ڕێک ناکەون و کێشەیان دەبێت، ئیتر نووسەر لەو ڕێگەیەوە بە شێوەی سیمبولی باس لە مێژوو دەکات، بە تایبەت مێژووی ئیسلام و بە هێما لە ئەنفالیش دەدوێت، ئەم دوو منداڵە هەردووکیان گەورە دەبن و دوو ئاراستەی جیاواز دەگرن. لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(وەک هەموو ڕۆژانی هەینی ئەو شتومەکانە لە ئۆتۆمۆبیلەکەی مامی دادەگرێت، کە لە هەولێر هێناونی... ئەمجارەیان منداڵێک لە پەنا فەردەیەک پەتاتەدا دەدۆزێتەوە... سەرەتا وا دەزانێت سەگە، بەوەی پێشتر هەر لەو شوێنەدا ئەو ئاژەڵەی بەر چاو کەوتووە، بەڵام دەردەکەوێت کوڕێکە تەمەنی لە شەش ساڵ تێناپەڕێت... دەستەکانی لە جووتێ پێڵاوی ژنانە هەڵکێشاوە... ئەمە یەکەمین منداڵی باکوور نییە هەر لەم ماوەیە دەگاتە (حنظلة)، بەڵکوو پێشتر سێیانی دیکەیش هاتوون، کە یەکێکیان (عاتیکەی دایەن) بە سنگی فراوانەوە وەریگرتووە و وەک منداڵی خۆی بە خێوی دەکات... ئەمە خەونی لەمێژیینەی ئەو ژنەیە و وا ئێستا دێتە دی... دووەمیان بەر (ظفیرة: زەفیرە)ی ژنی سێیەمی موختار دەکەوێت، بەڵام سێیەمیان کچێکە تەمەنی شەش حەوت ساڵە، تەنیا**

[182]- کاروان عومەر کاکەسوور، کازینۆی منداڵان، ل٢٩٣-٢٩٤.

**شەوێک لە ماڵی ئەفسەرێکی خانەنشیندا ماوەتەوە و دواتر لەبەر هەر هۆیەک بێت، کەس چاوی پێی نەکەوتووەتەوە... (حنظلة) تاقە گوندی سەربازی نییە دیاردەی دۆزینەوەی منداڵی تێدا دەرکەوتبێت، بەڵکوو لەوەتەی ئەنفال بۆ سەر موخەریب و بەکرێگیراوان دەستی پێ کردووە، مرۆڤ زووزوو چیرۆکی ئەوانە دەبیستێت... بێگومان لە ڕووی یاساییەوە قەدەغەیە داڵدە بدرێن، بگرە پێویستە وەک ئەرکی نیشتمانی نزیکترین دەستگای حیزبی، یان سەربازییان لێ ئاگادار بکرێتەوە...)**[١٨٣]

٤- لە کتێبی (ڕاگەردان) کە بریتییە لە کۆمەڵێک شیعر و چیرۆک، نووسەر لە یەکێک لە چیرۆکەکاندا بە ناوی (جرجێک لە نێوان محەمەدی ئەمبەر و ئەلیسای ئەوبەردا) باسی ئەنفال کراوە، کارەکتەرەکە کەسێکی فەلەستینییە و یەکێ لە براکانی لەو ئەنفالەدا بەشدار بووە، لە بەشێکی ئەم چیرۆکەدا هاتووە:

**(ڕاستییەکەی ڕۆژ نییە چارەنووسی براکانی نەهێنێتەوە بەرچاو، کە دوانزدە دانەی هەبوونە، هەشتیان لە ژنە گەورەکەی باوکی و چواریان لە دایکی خۆی، بەڵام تەنیا دووانی ماون، ئەوانیش حاڵیان خراپە. برایەکی سەرەتای هەشتاکان بە مەبەستی جیهاد چووەتە عێراق، بەو مەبەستەی هەم لە دژی فارسی مەجووس و هەم لە دژی کوردی بەکرێگیراوی دژ بە ئیسلام و عرووبەدا بجەنگێت. لە ماوەی چەند ساڵێکدا پارەی زۆری بۆ ناردوون، کە ئەم خۆی و خانەوادەکەی پێی گەیشتووەتە ئەورووپا. ئەو برایەی دوو جار لە شەڕی ئێران و جارێکیش لە ئەنفالی پیرۆزی دژی کورددا بریندار دەکرێت، کە ئەوەی دواییانی هێندە سەخت دەبێت، بەرگەی چوار ڕۆژ ناگرێت و گیانی پاکی دەسپێرێت.)**[١٨٤]

جگە لەم ڕۆمانانەی ناومان هێنان، کاروان عومەر کاکەسوور کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمانی تری هەیە، کە تێیاندا نووسەر بە شێوەی تایبەتی خۆی، ئەنفالی بەکار هێناوە، دواتریش نموونەیان لێ وەردەگرین.

### ٣/١-٢-٤ عەتا محەمەد:

لە چەند ڕۆمان و چیرۆکدا عەتا محەمەد کاری لە سەر ڕووداوی ئەنفال کردووە، بەڵام بەو شێوەیە نا کە ڕاستەوخۆ هەست بە کارەساتی ئەنفال بکەیت، یان لە ڕێوە وەک ڕووداوێکی مێژوویی یان کارەساتێکی دیار بێتە بەر دیدەمان، کە ئاشکرایە کێ

---

[١٨٣]- کاروان عومەر کاکەسوور، ماڵی نانی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٤، ل٢٣٨-٢٣٩.

[١٨٤]- کاروان عومەر کاکەسوور، ڕاگەردان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٧، ل٣٦٨.

ئەنجامی داوە و لە کوێ و دژ بە کێ ئەنجام دراوە، کێ جەللادە و کێ مەزڵووم، کێ دەستدرێژیکارە و کێ بێ تاوان، عەتا محەمەد بە هیچ شێوەیەک لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا لەم ئاستانەی نووسیندا کار لە سەر ڕووداوی ئەنفال ناکات، بەڵکوو ئەوەی ئەو دەیکات:

أ- خەیاڵ ڕۆڵێکی گەورە و بەهێز دەبینێت، هەرگیز نایەوێ ئەنفال وەک ڕووداوێکی واقیعی و مێژوویی نیشان بداتەوە.

ب- لەم کارانەیدا بە تایبەت لە چیرۆکی (پاشماوەی خێڵەکان) و ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا) کە بە شێوەیەک لە شێوەکان خوێنەر هەست بە کاریگەریی ئەنفال دەکات، تێبینی دەکرێت ئەنفال لەو دیو ڕووداوەکانەوە وەستاوە، ڕاستەوخۆ نایەتە بەر چاو، بەڵکوو لە پشت ڕووداوەکانەوە ئامادەیە و کاریگەریی خۆی پەخش دەکات، کارەساتەکە خۆی وەک ئەوەی ڕووی داوە و هەمووان دەزانن کەی و لە کوێ ڕووی داوە و چۆن بووە و چ زوڵم و ستەمێکی تێدا کراوە، لەم چیرۆک و ڕۆمانەی عەتا محەمەددا باس ناکرێنەوە و نابن بە سەنتەری ڕووداوەکان.

عەتا محەمەد لەم دوو تێکستەیدا بە تایبەت، دەیەوێت وێنەیەکی نامەئلووف بۆ ڕووداوی ئەنفال دروست بکات، بۆیە ڕاستەوخۆ پەنای نەبردوەتە بەر بەکارهێنانەوەی ڕووداوی واقیعیی ئەنفال، نووسەر خۆی لە پێشەکیی یەکێک لە کۆمەڵە چیرۆکەکانیدا دەنووسێت: (من هەرگیز بابەتێک یاخود ڕووداوێکی تەواوم نەبووە بۆ نووسین، وەک برسێتیی منداڵێک، یاخود خێزانێکی دیاریکراو، یاخود مردنی کەسێک بە هەموو وردەکارییەکیەوە، بەڵکوو هەوڵم داوە لە وشەیەکەوە، یاخود لە بیرۆکەیەکەوە بنووسم، کە ڕووداوێک پاڵپشتی نەبێت. ئەمەش کاری نووسین قورستر دەکات، نەوەک ئاسانتری بکات، وەک لە سەیرکردنێکی سادەیدا دەردەکەوێت. پێم وایە وشەیەک، کە پێشینەیەکی مێژوویی هەبێت، توانای بەرهەمهێنانەوەی چەندین ڕووداوی جیاجیای دەبێت. من لە نووسینی "پاشماوەی خێڵەکان" دا بەسەرهاتی هیچ خێزانێکی کورد یاخود گوندێکم لە بەردەمدا نەبووە، یاخود ئەندێشەم نەکردووە تا لەوێوە دەست بە نووسین بکەم، بەڵکوو تەنها ڕووداوی ئەنفالم لە لا بووە، بێ بوونی هیچ ئەرشیفێکی ورد "هەندێ ئاماژەم لە ڕێگەی بەڵگەنامەکانی ڕژێمی بەعسەوە وەرگرتووە، وەک بەڵگەنامەیەکی وحدة المجازر البشرية"، پاش ئاشکرابوونی لە دوای ڕاپەڕین. هەروەها قسەوباسی ئەو سەربازە کوردانەی چووبوونە کوێت و چیرۆکی ئەوانەش لە ڕووداوەکە دەرباز بوون. من لە ڕێگەی مومارەسەکردنی نووسینەوە و پاش ڕەشکردنەوەی چەندین پەڕە، توانیم ئەم چیرۆکە بنووسم.)[١٨٥] لە سەر ئەم بنەمایە عەتا محەمەد لە چیرۆکی (پاشماوەی

[١٨٥]- عەتا محەمەد، پاشماوەی خێڵەکان، چیرۆک، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٣-١٤.

خێڵەکان) دا دەنووسێت: (**هەموومان لە قسەکردنی سەرسام بووین، کە لەگەڵ وشەکانیدا ئەو وشانەمان دەهاتەوە یاد، کە ئەو دەیوتن، ئەو وشانەی چەند مانگێکە بۆیان دەگەڕێین.**

**بەڵام ئەو خێڵانە بۆ کوێ گەڕانەوە؟ وا بزانم هەر ئەوەی پێشوو، کە قسەکەی بۆ تەواو نەکرا، وای وت.**

**دەنگوباسەکان وتیان بۆ قووڵاییی بیابان... بۆ زەویی بیابانئشینان، کە وشتر و مەڕومالاتی تێدا بەخێو دەکەن و ژێرەوەشیان دا بەم خێڵانە، تا بیچێتن. بەڵام کە چەند پلیکانەیەک دەچێتە خوارەوە، لەوێدا هەموو شتێک دەبێت بە لم، بۆن، ئێسک، کراس و کێڵگەکانیشیان.**

**گۆشتی قەساب و خەل و ساسەکانیش هەر ئەوانن!**

**جگەرە و چیمەنتۆ و کرێمی ددانیش!**

**ئافرەتەکانی ئەو خێڵانە، کە بە ئوسترالیا فرۆشران، ئێستا لەگەڵ کەنگەر و مەیمووندا دەیانخەوێنن، تا نەوەیەک سۆزانی بخەنەوە، کە توانای هەبێت لە یەک کاتدا لەگەڵ هەشت پیاودا بخەوێت.**

**جارکی تر دەنگی منداڵەکە هاتەوە، "ئێوە ئەوانە نین کە چەند مانگێکە کوێر بوون؟"**

**"بەڵام بۆ کوێمان دەبەیت؟"**

**کەسوکاری ئەو خێڵانەی دیار نەمان، لە پێش سێ ڕۆژەوە کەوتوونەتە کڕینی قووتووی پەنیر و گۆشت و ڕۆن و کرێمی ددان و سابوون و نەوت... دەیانبەن لە گۆڕستاندا دەیاننێژن، هەر قووتوە لە سەر کێلەکەی ناوی یەکێک لە خزمەکانیانی لێ دەنووسن، کە گەڕاندیانەوە بۆ بیابان.**

**"برسیمانە! "**

**لەو کاتەدا هەستمان کرد چەند مانگێکە هیچمان نەخواردووە.)**[١٨٦]

هەروەها لە ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا) ڕووداوی ئەنفال وەک تارماییەک لە پشت کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە ئامادەیە، کە نووسەر بە شێوەیەکی زۆر هونەری کاری تێدا کردووە، مەبەستی ئەم لەم کارەیدا کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووداوی ئەنفال لە پشت ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەشارێتەوە، بەرهەمهێنانی پرسیاری تر و بە کێشەکردنی کۆمەڵێک پرسی تری بوون و ژیانە، لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

(**- گەورەم ئێستا باسی شارێکت بۆ دەکەم، کە دەکەوێتە یەکێک لە ناوچە خوێناوییەکانی فەرمانڕەوایەتییەوە و لە ڕەهێڵەی گریاندا مەلە دەکات، بێ ئەوەی گوێ بە دژواریی مردن بدات و هانا بۆ نەبینراوەکان دەبات، تا بە سەر بیری "لەناوچوون"دا زاڵ ببێت، دەتبەمە ئەو شارەی، لە ناونانی خیانەتدا دەوڵەمەندە.**

---

[١٨٦]- عەتا محەمەد، پاشماوەی خێڵەکان، ل ٢٧-٢٨.

**قاوەگرەوەکە دەیزانی میر لە دەفرێک دەچێت، کە لێشاوی ڕستەکانی هەرگیز پڕی نەکەن، ناچار بەردەوام بوو:**

**هەر ئەو بەیانییە، کە هێشتا خوێنی شاعیرەکە نەمەیوە و گیزەی ئەو مێشانە دێت کە بەسەریەوەن، هەواڵی یاخیبوونی ئەو شارەت پێ دەگات... گەر جوان وردبیتەوە، ئەوا دەبینیت ئەو شارە کەوتۆتە ناوچەی کانیاوە بلوورینەکان و بە دەوریدا، لە لای باکوور و ڕۆژهەڵاتییەوە، ڕیزە شاخێک هەیە، کە لووتکەکانیان بە بەفرێکی هەرگیز نەتواوە پیرە. ئەوەی ئەم ناوچەیە جیا دەکاتەوە لە ناوچەکانی تر، جوانییە ئەفسانەییەکەی نییە، بەڵکوو بێتواناییی سوپایە لە دەستبەسەراگرتنیدا، بە درێژاییی مێژوو، ئەگەر چی هەردەم داگیریشکراوە. بۆ چوونە ئەو شارەوە کلیلێک هەیە، کە دەشێت خیانەت ئەو کلیلە بێت، وەک من دەیبینم. هەر کاتێکیش سوپا دەگاتە شارەکە، ئەوا جگە لە وێرانی و زەوییەکی سووتماک، هیچی تر نابینێت. بە واتای ئەوەی شارەکە خۆی ئاشکرا ناکات بۆیان، هەر چەندە لەوەتەی تووشی تێکشکان بووە، پڕە لە ئۆردووگای خەساندن و سەربازگە لووتبەرزەکان و قەڵا سەختە بێدەرگاکان.)** [١٨٧]

چیرۆکەکانی عەتا محەمەد، بە شێوازێک ڕووداودەکان دەگێڕنەوە، جیاواز لە گێڕانەوەی ئاسایی و باو، بە هەمان شێوە ئەو دید و تێگەیشتنەیش بە خوێنەر دەدەن، کە دیسان جیاوازە لەو دید و تێگەیشتنەی، کە هەمووومان لە سەری ڕاهاتووین و دەیزانین.

## ٥-٢-١/٣ جەبار جەمال غەریب:

جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)دا لە ڕێگەی پێکەوەبەستنی دوو تراژیدیاوە پرسیاری گرنگ دەوروژێنێت، کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکە بریتییە لە (کاکۆ ژەنیار موراد بەگ) کە باوکی کوردە بە ناوی "ژەنیار موراد بەگ" و دایکی ئەرمەنییە ناوی "ئارتووش"ـە، خۆی لە ئەورووپا لە دایک بووە. دایکی لە نەوەی ئەو ئەرمەنییانەیە کە لە کۆمەڵکوژیی تورکانی عوسمانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕزگاری بووە، ئەو کۆمەڵکوژییەی هەندێ سەرچاوە بە لەناوبردنی زیاتر لە یەک ملیۆن تەنانەت زیاتریش باسی دەکەن و لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕووی داوە، باوکی کاکۆ-یش پەنابەرێکە لە ئەورووپا و پێشتر لە شاڵاوی ئەنفالی سوپای بەعسی سەدام ڕزگاری بووە، دایک و باوکی کاکۆ لە ئەورووپا بە هۆی مۆسیقاوە بە یەک گەیشتوون.

ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە بە دەوری هەر دوو ئەو ڕووداوە تراژیدییە مێژووییەدا دەسووڕێتەوە، کە دایک و باوکی کاکۆ لێی هەڵاتوون، بەڵام لە کاریگەرییەکانی ڕزگاریان نەبووە و نایشتوانن لێی ڕابکەن. پەلاماری جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە لایەن

---

[١٨٧]- عەتا محەمەد، گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا، ڕۆمان، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦، ل٢٥-٢٦.

توركە لاوەکانی عوسمانی لە جەنگی یەکەمی جهیانیدا کە بووە هۆی بێسەروشوێنبوون و کوشتنی ٧٠٠ تا ملیۆن و نیوێک ئەرمەنی و ڕووداوەکەی دووەمیش "شاڵاوی ئەنفال" کە نزیکەی ١٨٢ هەزار مرۆڤیش بێسەروشوێن کران، هەوڵی جینۆسایدکردنی کوردە لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی کاولکاریی حەوت مانگەدا، کە نزیکەی چوار هەزار گوند بە فەرمانی ڕژیمی بەعسی فەرمانڕەوای عێراق بە سەرۆکایەتیی سەدام حسێن، سووتێنران و کاول کران.

دایک و باوکی کاکۆ دەیانەوێت تەنها خۆیان بە ئازاری ڕابردووی خۆیانەوە بژین و کوڕەکەیان لەم ئازار و ژانە بێ خەبەر بێ، یان لانی کەم کاریگەرییان لە سەر ژیانی نەبێت، بەڵام تارماییی ئەو ڕابردوە تاڵ و خەمناکە بە شێوەی تر لە ژیانی کاکۆ ڕەنگ دەداتەوە، ڕەنگدانەوەیەک بە شێوەیەکی تا ڕادەیەک پەنهان، هەمیشە دەبینێت تایبەتمەندییەک لە کەسایەتیی دایک و باوکیدا هەیە، کە بۆ ئەم بووەتە سەرچاوەی خەم و مەینەت، دەیەوێت نهێنیی ئەم تایبەتمەندییە یان ئەم خوو و هەڵسوکەوتەیان بزانێت، بۆیە لای دەبێت بە شوێنی پرسیار. لێرەوە گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانە "پێنجەمین کتێب"ی جەبار جەمال غەریب، لێوانلێوە لە گێڕانەوەی بچووک و سەرنجڕاکێش، لە سەروەختی ڕووداوی جینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٥ تا ساڵی ٢٠٠٨ ئەم گێڕانانەوە بەردەوام دەبن. لە یەکێک لەم گێڕانەوانەدا، کاکۆ لە باخی مۆسیقاژەنێکی ناوازەدا لە "دووتوێی گەڵاکان" دیار نامێنێت، کە پاشان لە ڕێکەوتێکی سەیردا لە کوردستان دەبینرێتەوە.

لەم ڕۆمانەدا ڕیتم و شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و ئەو پێکهاتە و داڕشتنەی هەیانە، وەک گەشتێک وەهان بە ژیانی ڕاستەقینەدا، بەڵام ئەم گەشتە بە وریایی و لەسەرخۆ دەیەوێت لە دەرگای نەستی کۆ بدات و لێوەی بێتە ژوورەوە، ئەوەیش بۆ مەبەستی ئەو نهێنییەیە، کە سیمای کەسێتیی دایک و باوکی هەڵیان گرتووە، کاکۆ بۆ دۆزینەوەی ئەو نهێنییە و کردنەوەی ئەو کۆدە، دەچێتە ناو ناخی نەستی دایک و باوکی و ئەوانەی نەوەی پێشووەوە، لە دونیای نەستیشدا زۆربەی شتەکان، دیاردەکان و ڕووداوەکان، بە شێوەی سیمبولی نیشان دەدرێن و لە چەشنی شت، دیاردە و ڕووداوگەلی ئوستوورەیی دەردەکەون، کە لەگەڵ شت، دیاردە و ڕووداوگەلی مێژوویی تاڵ تێکەڵ دەبن، کە هەندێ جار تا ئاستێک تاڵ و ناخۆش دەبن، کە دەبنە سەرهەڵدان و ڕاچڵەکان لەو ڕابردووە.

ئەوەی ئاشکرایە، باوک و دایکی کاکۆ، نایانەوێت کوڕەکەیان لەم ڕابردووە تاڵ و پڕ ژانە ئاگادار بێت، بەڵام بەڵگەنەویستە کە نیشانەکانی ئەم ڕابردووە لە سیمای ئەم دوانەدا لە بەر چاوی کاکۆدا ناشاررێنەوە، ئەگەر چی هەوڵی ئەم شاردنەوەیەیش بدەن، کاکۆ لە ڕێگەی دەفتەرێکی سیحراوییەوە لە ڕابردووی دایکە ئەرمەنییەکەی ئاگادار دەبێت، کە دەفتەرەکەی هیی دایکیەتی و ئەویش لە داپیرەیەوە بۆی بە جێ ماوە، لەوێدا

دەبیستێت کە کاتی خۆی ژیانی ئەرمەنییەکان کراوەتە چ دۆزەخێک و چۆن مەرگەساتێک قەوماوە. کاکۆ بەو زامەوە دەتلێتەوە ئەو برینە قووڵەی ئازاری دەدات، کاتێ هەست دەکات کەسێکە کە لە ڕابردووی پڕ لە تاوان و ئەشکەنجە و قڕکردن و کۆمەڵکوژیی هاوزمان و هاونەتەوە و تەنانەت باوانی خۆی بە دروستی ئاگادار نییە، بۆیە لە نێوان ئێستای زامدار و ڕابردووی پڕ ئەشکەنجەدا پارچەپارچە بووە، لە نێوان خۆرهەڵاتی خوێناوی و خۆرئاوای سارد و جەستەتەزێندا ون بووە، لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ماخۆلانیەتی، دەمێ حەقیقەت و دەمێ ئوستوورە، دەمێ هۆشیار و دەمێ وەهماوی دەژی، عەشق و خوێن دەگێڕێتەوە، سەری برینەکان هەڵدەداتەوە، زامەکانی خۆی دەکولێنێتەوە، ئەم هەموو خەم و ژان و ناسۆرەیش، تەنها لە پێناو دروستبوونی ناسنامە و هۆشیاریی لە ڕابردووی، ئەم هەموو ونبوونە لە پێناو دۆزینەوەیەکی حەقیقی، ئەم هەموو ژانە لە پێناو چێژی ئاگاداربوون، بەم هۆیەوە دەزانێت دایکی و باوکی زامی قووڵ و کاریگەر و ترسناکی نەمان و کوشتن و بێسەروشوێنبوونی کەسوکاری خۆیان لە دڵدایە و هەرچەند دەیانەوێت لە بیری بکەن، لە ناخەوە بە سەختی ئازاریان دەدات، هەرچییەکیش بکەن و چەند ناتوانن، ئەم زامە قووڵە لە بەر چاوی کوڕەکەیاندا بشارنەوە و وا بکەن کە هەست بە هیچ نەکات و ئەم ڕابردوە نەزانێت.

کاکۆ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی بزانێت ئەو مەرگەساتە چییە کە باوکی ئازار دەدات و لە ناخەوە تاساندوویەتی، ئەوەی لێرە جێی سەرنج و جەختکردنەوەیە ئەوەیە، کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت خۆی لەو ڕابردووە تاڵ و پڕ ئەشکەنجە ڕزگار بکات. نووسەر هەوڵێکی زۆر دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت، لە ژیانی باوکە کوردەکەی و دایکە ئەرمەنییەکەیدا چارەنووسەکان هاوشێوەن، لە هەردووکیاندا بە دڕندانەترین شێوە مرۆڤ کوژراوە، گوند و خاک سووتێنراوە، لێرەدا پەرەگرافێکی گرنگ لەم ڕۆمانە وەردەگرین:

**(نا من خوێنی ئەو ڕۆژهەڵاتەم ناوێت، نا من نامەوێت خوێنی موسوڵمان لە جەستەمدا بێت و بچێت ئیدی ببمە خاوەنی شمشێری ئەو هەموو ئەسحابانە، نا من خوێنی ئەو هەموو زانا موسوڵمانانەشم ناوێ، بە ئیبن خەلدوون و ئیبن ڕوشدیشەوە، من نامەوێ خوێنی موسوڵمان بە هەموو زیکر و ترس و نەهی و مونکەرەوە جارێکی دیکە بچێتە ناو دڵم.**

**نا من هەرگیز نامەوێ خوێنی ئەو دیلە مەسیحییەشم لە دەمارەکانمدا بڕوات، نا خوێنێکی مەسیحیم ناوێ و نامەوێ ببمە میراتگری هەزاران ساڵی تاریکی حوکمی پاپا.**

**من خوێنی هەرچی ئینسانە، هیچ وەرزێکی شانازی نییە خوێنی تێدا بگەڕێ، هەڵم بگرە و بۆ دوا خاڵی دنیا بەڕێ بکەوە.**

**کاکۆ وەک هۆنراوەیەک بخوێنێتەوە، وەک وشە بخاتە سەر نۆتەکانی ئۆڕانس:**

**– من له سروشت بێزار نیم، من له تۆفان و ڕەهێڵە هەڵ نایەم، نا من بورکان و بوومەلەرزە نامترسێنن، نا من لەو خوێنە ئینسانییە خۆپەرست و سوور و پڕ هەڵپەیە بێزارم کە هەر ڕۆژە بەرەو کارەسات و تاوانێکم دەبات، تۆ بای بەهەشتی دەتوانی بمشۆیەوە، خاوێن خاوێنم کەیەوە، ئەو خوێنەم لێ داچۆڕێنی، خوینی کوللەیەکی سەوزی کاڵ کاڵم بکە جەستە تەنها دڵۆپێک، تەنها تۆ دەتوانی ئاونگی گەڵایەک بنێرییە ناو دەمارەکانم، تەنها دڵۆپێک لە ڕاوی دارەبەن بکە ژێر پێستم و بمبە، بۆ شوێنێک بمبە بەرزترین دەنگ هاواری ماسی بێت، قورسترین خەو خەوی کۆتر بێت، گەورەترین شەڕ شەڕی چۆلەکە بێت، لە سەر ئاوازی پرخەی کەروێشکێک بمبە، ئەی بای بەهەشت بە دەرگایەکدا بمبە لە هەڵم دروست کرابێ، هەڵمی هەناسەی ئینسان نا، لە هەڵمی گوڵەکانی داربەڵاڵووک دروست کرابێت، وەختێک بەیانییان بۆ ئەوەی چاو بکەنەوە، خۆیان دەتەکێنن.)**[188]

ئەوەی ئەم ڕۆمانە نیشانی دەدات، ئەوەیە کە گەلێ مرۆڤ لە چەندین نەتەوە و ئایینی جیاجیاوە و لە سەردەمی جیاواز جیاوازەوە دەکرێت هەمان چارەنووسیان هەبێت و لە کۆژان و ئازار و مەینەتییەکانیاندا هاوبەش بن.

## ١/٣-٢-٦ ماردین ئیبراهیم:

ماردین ئیبراهیم لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا) بە شێوەیەکی سیمبولی باس لە کارەسانی ئەنفال دەکات، ئەم لە ڕێی وێنەیەکەوە سەختیی ئەو تراژیدیایە بەرجەستە دەکات، ڕووداوێک دەهێنێت کە لە چارەنووسی تەنها کارەکتەرێکدا دەیخاتە ڕوو، بەڵام بە هۆیەوە کۆی ئاکامی مەرگەساتەکە بە خوێنەر دەگەیەنێت، یەکێک لە کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە ناوی (سوورمە)یە، کاتێک شاڵاو و هێرشە دڕندانەکە دەست پێ دەکات، یەکێک لە سەربازەکانی دەیەوێت بە هەر نرخێک بووە ئەم کچە منداڵکارە ڕزگار بکات و بە سەلامەتی لەو کارەساتە دەربازی بکات، بۆیە بە ناچاری دەیخاتە بیرێکەوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست سەربازانی هێرشبەر و بە ڕەفتاری دڕندانە لە ناوی نەبەن، وێنەی ئەم چیرۆکە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا، لە ڕووداوی ئایینی و مێژوویی یوسفی کوڕی پێغەمبەر یەعقووبی میسرەوە هاتووە، کاتێ براکانی دەیخەنە ناو بیرەکەوە، بەڵام بە هەندێ جیاوازییەوە، براکانی یوسف، یوسف دەخەنە ناو بیرەکەوە بۆ ئەوەی بمرێت و بە تەواوی لێی ڕزگار بن، بەڵام لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا)ی نووسەر ماردین ئیبراهیمدا، سەربازەکە ئەو کچە منداڵە بۆ ئەو مەبەستە دەخاتە ناو بیرەکەوە، تا نەکەوێتە دەست سەربازەکان و لە ناوی نەبەن، یاخود ڕاپێچی نەکەن، لە ڕووداوە مێژووییەکە یاخود چیرۆکە

[188]– جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٣٠.

ئایینییەکەدا، یوسف بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت و نامرێت، بەڵام لە ڕووداوی ڕۆمانەکەی ماردین ئیبراهیمدا، کچەکە لە ناو بیرەکەدا دەخنکێت و ڕزگاری نابێت، ئەویش بە هۆی ئەوەی کەس ڕێی ناکەوێتەوە سەر ئەو بیرە تا بزانێت منداڵێک لەوێدایە و چاوەڕێیە ڕزگاری بکەن، هەروەها سەربازەکە خۆشی ناتوانێت بچێتەوە سەر ئەو بیرە و منداڵەکە ڕزگار بکات، چونکە هەر دوای ئەوەی سوورمە دەخاتە ناو بیرەکەوە، فەرمانی گواستنەوەی ئەو سەربازە لە سەرەوە دەردەکرێت، دەیبەن بۆ شوێنێکی تر و ئیتر ناتوانێت بێتەوە ئەو ناوچەیە و بچێتەوە سەر ئەو بیرە و ئەو منداڵە دەربهێنێتەوە و ڕزگاری بکات.

لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە: **(لەو بگرەوبەردەیەی ئەو ڕۆژە باراناوییەدا، کە زیلەکان بە گرەگڕ قوڕی خەستی بۆرەقەڵا گێرە دەکەن. لە کێشمەکێشمی سەرخستنی ژنان و منداڵانی تۆقیوی بۆرەقەڵا بۆ ناو زیلە گەورەکان، لە ناو گرمەی هەور و باران و هەورەبروسکەی ئەو بەهارە تەڕوتووشەدا، لە ناو قیژە و هاواری بۆرەقەڵاییەکاندا و لە گەرمەی تەقینەوەی دینامێتی ژێر بیناکان و ڕووخاندنی ماڵەکاندا، فەیسەڵ منداڵێک دەبینێت. فەیسەڵ کە سەربازێکی ئاسایی دەبێت، لە کەنار ئاوایی منداڵەکە دەبینێتەوە، کە وەکوو چۆلەکە تەڕ بووە و لە ترسا خۆی خستۆتە ژێر کۆمەڵێک چرپی و داروپەردووەوە و لە سەرما دەلەرزێت. فەیسەڵ لەو ئاخۆران و بخۆرانەدا هیچی بۆ ناکرێت و هیچی بە خەیاڵدا نایەت، ئەوە نەبێت بە هەر شێوەیەک بێت ئەو کچۆڵەیە بشارێتەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێت، کە ئەو ئەگەر ئێستا ئەو منداڵە بشارێتەوە، ئەوا شەو دەتوانێت ڕزگاری بکات و بەرەو ئۆردووگا، یان شارۆچکەیەکی نزیک بە ڕێی بکات. ئەوەی فەیسەڵ دەتوانێت لەو کاتە کەمەدا، کە لەبەر دەستیدا بووە بیکات، ئەوە دەبێت دوو پارچەی گەورە کۆنکرێتی ماڵێکی ڕووخاو دەخاتە ناو بیرێکەوە بە شێوەیەک، کە پارچە کۆنکرێتەکان بە هۆی گەورەییانەوە لە ناوەڕاستی بیرەکە گیر دەبن. فەیسەڵ منداڵەکە دەگرێت و دڵنیای دەکاتەوە، کە دەیەوێت ڕزگاری بکات و دەیخاتە سەر پارچە کۆنکرێتەکانی ناو بیرەکە، ئینجا پێیدەڵێت بێدەنگ بێت و دوای کەمێکی تر دێتەوە بە دوایدا. فەیسەڵ فریای ئەوەش دەکەوێت پرسیاری لێبکات و بزانێت ناوی سورمەیە. پاشان فەیسەڵ بە بەرمیلێک سەری بیرەکە دادەپۆشێت بە شێوەیەک لە دەرەوە نەبینرێت و جێی دەهێڵێت. ئەو شەوە فەیسەڵ زۆر هەوڵ دەدات دەرفەت وەرگرێت و بچێت کچۆڵەکە دەربهێنێت و ئیزنی بدات، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەرفەتی پێنادرێت. بۆ بەیانییەکەی زووش فەوجەکەیان نەقڵ دەبێت بۆ بەسرا و ئیتر هەموو مەسەلەکەی لە دەست دەردەچێت. ماوەیەکی زۆر ڕێگای دەرچوونی لە سەربازگەکەی پێنادەن، تا شەڕی کوێت هەڵدەگیرسێت و وەکوو هەزاران سەربازی کوردی ناو سوپای عێراق،**

**ئەویش بۆی هەڵدەکەوێت ڕا بکات، بەڵام ئیتر ئەو کاتە هەموو شتێک لە دەست دەرچووە و دوو تاکە ساڵ بە سەر شاردنەوەی منداڵەکە لە ناو بیرەکەدا تێپەڕیوە.)**[189]

هەروەها ماردین ئیبراهیم لە درێژەی ئەم باسەدا دەنووسێت:

**(ئەو شەوە تا ڕۆژ بووەوە، سیامەند و فەیسەڵ و ئامینەی کچی وەهاب و باوکی لوقمان بە دوای بیرەکەدا گەڕان و نەیاندۆزییەوە، تا خۆر هەڵات و فەیسەڵ وردەوردە شوێنەکەی ناسییەوە، لە شوێنێک وەستا، کە بە حاڵ سووچی بەرمیلێک دیار بوو، فەیسەڵ وتی: "ئێرەیە... هیچ شکم نییە ئێرەیە. "**

**فەیسەڵ نەیدەزانی هەست بە چی دەکات، نەیدەزانی وای بۆ بچێت کە ئەوان سەرقاڵی هەڵدانەوەی گۆڕێکن، یان بە دوای منداڵێکدا دەگەڕێن، کە خۆی شاردۆتەوە. سیامەند ئەو کاتەی پاڵی بە بەرمیلەکەوە ناو ویستی لە سەر سەری بیرەکە لایبەرێت، هێشتا ئەگەر زۆر بە کزیش بێت، تروسکەیەکی ئومێدی ئەوەی لە دڵدا بوو کە منداڵەکەی دوای شەش ساڵ، لەو چاڵە تاریکەدا هێشتا زیندوو بێت، بۆیە بە بێ ئارامییەکی زۆرەوە خۆڵەکەی لادا و بە هێزێکی سەنگینەوە بە دەستەکانی پاڵی بە بەرمیلەکەوە نا. باوکی لوقمان دەیوت: "سیامەند ئارام بە، دان بۆ خۆتدا بگرە کوڕم... خوا بارێکی گرانی لێناوین. "**

**کابرای خانەقینی هەموو گیانی دەلەرزی و هەر دەیوت و دەیوتەوە: "کاکە وەڵڵا من ویستم چاکە بکەم، فەقەت خراپ بوو، کاکە وەڵڵا من هیچ سوڵتە نەبوو... من عەسکەر بووم... عەسکەر چییە؟ ئەڵڵا شاهید عەسکەر هیچ نییە... بە خوا من ئەو هەموو جەریمە دیت ویستم خۆم پاک بکەم، نەمزانی تووش ئەم دەردە دەبم. "**

**بە لادانی بەرمیلەکە، تیشکەکانی سەرەتای ڕۆژ ناو چاڵەکەی ڕووناک کردەوە و هەزاران هاوار و قریشکەی کچانە لە ناو چاڵەکەوە دەرپەڕین. زریانێکی غەمگین هەڵی کرد و دنیا کتوپڕ تاریک داهات، وەک ئەوەی گڵۆپێک بکوژێنیتەوە. خۆر وەک کولەکەیەکی زل لە ئاسمان بەر بووەوە و کەوتە ناو دەریایەکی بێسنوورەوە، کە لە ئاسۆدا شەپۆلی دەدا. باوکی لوقمان لە ناو ڕەشەبایەکی توندەوە هاواری دەکرد: "ئای خوا چ بارێکی گرانی لێناوین!". مەلیک کەیکاوس بە سەروکەللەی سووتاوەوە سازێکی شکاوی دەژەند. ئەریوان بە زامی سەر سینەیەوە، لە دەست تیمەکانی گوللەبارانکردن هەڵدەهات. ژنەکەی سیامەند هاواری دەکرد: " کوا کچەکەم... کەس سورمەی منی نەبینیوە؟ ئەوە بۆ کەس سورمەکەی منی نەبینیوە؟ " لوقمانی حەکیم هاواری دەکرد: " من دەمەوێت بچم بۆ ڕیزەکانی پێشەوەی جەنگ. تەیران بە دیار لاشەی کۆمەڵێک حوشتری کوژراوەوە دانیشتبوو. هاوارێکی ژانهێنەر لە بیرەکەوە هەڵدەستا " بۆ لەو**

---

[189]- ماردین ئیبراهیم، خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا، ڕۆمان، چاپی سێیەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦، ل٢٩٤-٢٩٦.

چاڵە تاریکە دەرم ناهێنن؟". هەزاران ئەستێرە بە نەرمی لە ئاسمانەوە دەبارین و پێش ئەوەی بگەنە سەر زەوی دەبوون بە باڵندەی بچکۆلە و خۆیان دەکرد بەناو چاڵەکەدا. سەر ئەو بیرە شانۆیەک بوو هەموو گەردوون ببوو بە بینەر. سەر ئەو بیرە ببوو بە چەقی کەون. ژنان لە قووڵاییی بیابانەوە هەڵدەستانەوە و کراسەکانیان دەتەکاند و بەرەو بۆرە قەڵا دەهاتن، سەدان هەزار ژن، کە سەدان هەزار منداڵ دەستیان گرتبوو بە دامێنی کراسەکانیانەوە، ڕێیان دەکرد. هەزاران منداڵی خەپان بە باڵی بچکۆلەوە دەفڕین، وەک ئەوەی لە تابلۆکانی مایکڵ ئەنجیلۆدا هەن و دەهاتن و لە سەر چاڵەکە لەنگەریان دەگرت. ئامینەی کچی وەهاب بە چاوێکی سەرکۆنەئامێزەوە سەیری مەلیکی دەکرد، وەک ئەوەی پێیبڵێت "بۆ نەهاتیتەوە بمخوازیت؟! "... پیاوان خۆیان لە زیلەکانەوە فڕێ دەدا و ڕایان دەکرد و دەهاتن لە دەوری بیرەکە جەم دەبوون. بۆرەقەڵا پڕ ببوو لە دەفژەنی غەریب، پڕ ببوو لەو کەسانەی دەیان ساڵ بوو مردبوون و هاتبوونەوە لە کەرنەڤاڵی سەرهەڵدانەوەی ئەو بیرەدا بەشدار بن. ئەوەی بینیان لە ناو بیرەکەدا، ئەوە بوو پەیکەرێکی ئێسقانی بچکۆلە لە سەر لاتەنیشتی چەپ، لە سەر پارچە کۆنکرێتە زلەکان پاڵکەوتبوو، وەک ئەوەی سەرخەوێک بشکێنێت، وەک ئەوەی منداڵێک بێت بە ئەنقەست خۆی کردبێت بە خەوتوو. شێوازی لەباوەشگرتنی بووکەشووشەکەی بە شێوەیەک بوو، کە دەستی ڕاستی منداڵەکە لە ملی بووکەشووشەکە ئاڵا بوو، وەک ئەوەی بە دیار تەلەفیزیۆنەوە خەوی لێکەوتبێت. کچۆڵەیەک کە هێشتا جلەکانی قوتابخانەی لە بەردا بوو، بە پێڵاوە بچکۆلەکانی پێیەوە، بە گۆرەوییە ناسکەکانیەوە، بە تەسریحەکەی قژییەوە، کە لە لای کاسەی سەریەوە کەوتبوو، بە نەرم و نیانی پاڵکەوتبوو. بە بینینی ئەو دیمەنە سیامەند وەک ئەوەی دیوارێک بێت و بڕمێت، سەری کردە ناو ئامێزی باوکی لوقمانەوە و گریانێک گریا، کە پیاوە خانەقینییەکەی لە یەک لەحزەدا پیر کرد.)[١٩٠]

کە ئەم گێڕانەوەیە، لێکچوون یان وەرگرتنی چیرۆکێکی مێژوویییە، بەڵام بێ گومان بە دەستکاری و بەکارهێنانی خەیاڵی نوێ تێیدا.

### ٧-٢-١/٣ یوسف عیزەدین:

یوسف عیزەدین لە ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی)دا، باس لە ئەنفال دەکات، بەڵام لە ڕێگەی کارەکتەرێکی مێژوویی ناسراوەوە (سەلمانی فارسی) دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەم ڕووداوە و بەدرێژاییی ئەم مێژووە چەند کارەکتەرێکی تری (سەلمانی فارسی) دروست دەکات بەو مێژووەدا بڵاویان دەکاتەوە شوێنەکانیان دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕ بە کات و زەمەن دەکات، هەرچەند هەموو سەلمانەکان بە هەندێ جیاوازیی کەم لە وێنەکانیاندا، بەڵام کۆی سەلمانەکان یەک ڕووداو دروست دەکەن. ئەوەی گرنگە

[١٩٠]- ماردین ئیبراهیم، خەونی پیاوە ئێرانییەکان وکەوتنی بۆرە قەڵا لە حیکایەتێکی کۆندا، ل٢٩٧-٢٩٩.

لەم ڕۆمانەدا گەڕانە بە شوێن ڕیشە مێژووییەکەی ڕووداوی ئەنفال و دۆزینەوە و دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی تری هاوشێوەیەتی. لە دایەلۆگێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(سەلمان وەک پاڵەوانێکی ئەفسووناوی هاتە بەردەم سوپای ئیمانداران و بە دەنگێکی دلێرانە تاهێزی تێدا بوو وەک شێر نەڕاندی:**

**"ئەی جەنگاوەرانی حەق و ئیمان، ئەی شەهیدانی ڕێگەی بەجێ هێنانی فەرمانەکانی خوداوەند، ئەی بەچکەشێرانی سەرخستنی فەزیلەت، ئەی سەربازانی بەرزکردنەوەی ئاڵای حەقیقەت، ئەی ئەوانەی تا دوا دڵۆپە خوێنتان لە پێناو گەیشتنە بەهەشتدا دەجەنگن، ئەی داکۆکیکاران لە ئەخلاق و عیلم و مەعریفەت، بزانن خوداوەند یەکەمین کاری خۆیمان پێ دەسپێرێت، ئەویش سەربڕین و لەناوبردنی قەومێکی کافرە، قەومێکی هەمیشە شەریکی شەیتان، قەومێکی دڵڕەق و دزێو، قەومێک لە بەچکە جنۆکە... ئێمەین ئیماندارانی ڕێگەی ڕاست، کە ئەو قەومە لە ناو دەبەین و بۆ هەتاهەتایە دەیانبەینە دەرەوەی مێژوو، ئێمەین پەرستگەکانیان خاپوور دەکەین، ماڵ و موڵک و سامانیان زەوت دەکەین، ئێمەین لە گۆڕی بە کۆمەڵدا زیندەبەچاڵیان دەکەین، ئێمەین کچان و ژنانیان بە پێی پەتی لە مەملەکەتی خۆیانەوە تا نێو دارخورماکانی خۆمانیان دەهێنین، ئێمەین ئەوانەی دەچینە نێو مێژووە و تازە ڕاناوەستین، لەمڕۆوە خوداوەند پێویستی بە ئیماندارانێک نییە، تەنها زیکری بکەن، لەمڕۆوە خوداوەند ئیمانداری جەنگاوەری دەوێت."**

**پاش ئەوەی سەلمان لە قسەکانی بۆوە، ڕەشەبایەکی وا هەڵیکرد، بەبێ ئەوەی ئیمانداران لە شوێن خۆیان ببزوێن، بە قودرەتی قادر کاتێکیان زانی گەییشتوونەتە خاکی کوردان و لە بەردەم دەروازەکانی شاری ینامێلس- دا ڕاوەستاون، بێسڵەمینەوە بەرەو شار هەنگاویان ناو زۆر ئاسانتر لەوەی تەسەووریان دەکرد بەماوەیەکی هێجگار کەم سەرجەم شاریان گڕ تێبەردا و گشت نێرینەکانیان دەستەدەستە فڕێدایە نێو ئەو چاڵە قووڵانەی کە دەبوو بە دەستی خۆیان بۆ خۆیان هەڵیبکەنن، سەرجەم کیژۆڵە پاکیزەکانیشیان هێنایە بەردەست سەلمانی سەرکردەیان، تا بۆ خۆی کامەیانی پێ باشە سواری بێت و ئەوانی تریش بۆ ئەوان جێ بهێڵێت... سەلمان حەوت کیژۆڵەی چاوشینی پرچ زەردی منداڵکاری بۆ خۆی هێشتەوە و ئەوانی تری بۆ ئەوان جێ هێشت و پاش شوکر و سەنای خوداوەند، یەکەمین کیژۆڵەی کونەکراویان بۆ سەلمان بردە ژوورەوە و کاتێک کیژۆڵەکە لەوە حاڵی بوو، سەلمان بەڕەگەز لە خۆیانە، تفێکی خەستی کردە نێو چاوانی و تا پێی کرا زریکاندی و گوتی: تۆ خائین و خۆفرۆشیت... تۆ ناپیاو و نامەردیت...).** [١٩١]

---

[١٩١]- یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلیمانی، ٢٠٠٩، ل٧٣-٧٦.

ئەوەی لەم تێکستە وەک نموونە هێنرایەوە، تێگەیشتنە لە سایکۆلۆژیای سەرباز و چۆنێتیی هاندانی بۆ شەڕ و کاولکاری، نووسەر بە دەستکاریکردنی ڕووداوێکی مێژوویی، ئەو سایکۆلۆژیایە دەردەخات، لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و ستراتیژی هەم سەرباز و هەم فەرماندە سەربازییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات، بە تایبەت لە شاڵاوی ئەنفال و لەو هێرش و پەلامارانەی لەوەوە نزیکن. ئەمە تێگەیشتن لە ئەنفال لە ڕوویەکی ترەوە یان تێگەیشتن لە گۆشەیەکی نەبینراوی ئەنفال بە زمانێکی وەسفی ڕەچەڵەکە مێژوویی و ئایینییەکەی کارەساتی ئەفال دەردەخات و لە ڕێگەی دەستکاریکردنی کەمێک ڕووداوی مێژووییەوە بەرجەستەی دەکات.

## ٨-٢-١/٣ بەیان سەلمان:

بەیان سەلمان لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)دا، کە ڕۆمانێکی قەبارە گەورەی (٥٧٢) لاپەڕەییە، لە کارەساتی ئەنفال دەدوێت، بەڵام بەو شێوەیە نا کە ڕووداوەکە وەک خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکوو باس لە دوای ئەنفال دەکات، باس لەو کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەکات کە کارەساتی ئەنفال پاش خۆی بە جێی دەهێڵێت و ئەو تراومایەی بە سەر دەروونی تاکەکانەوە دروستی دەکات. لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)ی نووسەر بەیان سەلمان دا، زەمەنی دوای ئەنفال دەبێتە دەستپێکی ڕۆمانەکە، ئەویش وەک دەستپێکی ژیان و ڕانەوەستانی جووڵە و چالاکی، سەرەتا کۆمەڵێ پیاو و کۆمەڵێ ژن بە جیا لە دوو سەرزەمینی دوورەدەست و چۆڵەوانیدا دەژین، بەڵام دواتر یەکێک لە کارەکتەرەکان بە ناوی مەردۆخ ئەو ژیانە ڕەت دەکاتەوە و دەڕوات و دەگەڕێت تا سەرزەمینی خانمەکان دەدۆزێتەوە، لەوێ دەکەوێتە خۆشەویستییەوە، بەڵام بە هۆی کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتیی ئەنفال لەو خۆشەویستییەیش هەڵدێ.

"شەوانی ئادەم"ی نووسەر بەیان سەلمان، کە باس لە کاریگەرییەکانی ڕووداوی ئەنفال دەکات، لەگەڵ کاریگەریی ئەنفالدا یان تا ئاستێکی زۆر لە ژێر کاریگەریی ئەنفالدا چەندین چیرۆک و بابەتی تر دەگێڕێتەوە، نووسەر هەوڵی خستنەڕووی ژیانی کەسێکی وەک ئادەم و کۆمەڵێک کەسی دەوری دەدات. مەبەستی شەو لەم ڕۆمانەدا، زەمەنێکە بۆ بینینەوەی خود و تێڕامان لە کردار و بیری خۆ، ساتی بیروڕا گۆڕینەوە و خۆنوێکردنەوە و دۆزینەوەی ئاسۆی نوێیە بۆ خۆڕزگارکردن لە چەقبەستن. ڕاستە لە واقیعدا شەو مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە ماڵەکەی، دەبێتە ساتی پشوو، مرۆڤ لە چوارچێوەی ماڵەکەی دەهێڵێتەوە، بەڵام لە ئایدیای ئەم ڕۆمانەدا، شەو کرانەوە و فراوانیی بیر و خەیاڵە، ئەگەر جەستە شەو لە قاڵب دەدرێت، بەڵام بە هۆی بیرکردنەوە و تێڕامانەوە خەیاڵ و ئەندێشەکان فراوان دەبن، ڕێگاکانی فرە دەبن و دەکرێنەوە، بۆیە لەم ڕۆمانەدا شەو لە زەمەنەوە دەبێتە بەشێک لە کەسایەتییەکان، فۆڕمی نووسین و شێوازی

گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا پێکهاتووە لە هەڵبژاردنی چەند فۆڕمێک، وەک تێکستێکی مۆدێرن ڕەهەندێکی سینەمایی بە سەریدا زاڵە، ڕووداوەکان هەر بۆ گێڕانەوە دروست نەبوون، تا فۆڕمێکی زنجیرەیی وەربگرن و بە دوای یەکدا بێن، بەڵکوو پاڵنەرێک لە وێنەی بۆنێک، ڕەنگێک، وشەیەک، شوێنێک، شێوازی پێکەنین و خواردن و هەر شتێکی تر، دەبێتە هۆی هێنانەپێشەوەیان کە دەبنە فاکتەری ئامادەبوونەوە و هێنانەوەی ئەو یادەوەرییە، بۆیە مۆنتاج بەشێکی سەرەکیی فۆڕمی نووسینی ئەم ڕۆمانەیە.

لە شەوانی ئادەمدا ماڵی ئادەم هەیە، لەوێوە گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەست پێ دەکەن، کە هەموویان چیرۆکی ئەو کارەکتەرانەن کە لە شەڕ و کاولکاری هەڵهاتوون، چیرۆکەکان پڕن لە فەنتازیا. زەمەنی دوای ئەنفال لەم ڕۆمانەدا زەمەنێکی ونبووە، ئەم ونبوونەیش سیفەتێکی بێکۆتایی پێ دەدات، خوێنەر هەست ناکات بە کۆتاییەک دەگات.

تابلۆیەکی شێوەکاریی گەورە لە ماڵەکەی ئادەمدا دەبینرێت، کە هێمایە بۆ گرنگی و بەهای هونەر لە ژیان و بوونی مرۆڤدا، ئەم تابلۆیە دەرگا لە سەر یادەوەریگەلێکی زۆر دەکاتەوە، کە زەحمەتە بیر بچنەوە، تابلۆکە کۆمەڵێک فیگەری ژنی هەڵاتووی ئەنفالن، کە عەشقی ئادەم بۆ یەکێک لەو ژنانە، بووەتە هۆی خولقاندنی ئەو تابلۆیە، کاتێ ئادەم شوێن عەشقەکەی دەکەوێت، تابلۆکە دەگۆڕێت بۆ یادەوەریی کەسێکی تری ناو ماڵەکە، کە ئەویش دیسان ئادەمێکی ترە، لە ناو تابلۆکەیشدا بە هەمان شێوە فیگەرێکی تری ژن هەیە، کە ئەویش چیرۆکی عەشقێکی ناکامی لە پشتەوەیە.

ڕووداوەکان، لە نێوان دوو ماڵدا، کە دوو سەرزەمین و ژینگەی لێک جوودان، دابەش بوون، ئادەم ئەم دوو ماڵەی لە دوو کاتی جیاوازدا خولقاندوە؛ یەکەمیان هیی کاتی پێش ڕوودانی هێرشەکانی ئەنفالن، کە دوورەدەست و عاسییە و جەنگی لێ نییە، ژیان تێیدا ساکار و گوندییانەیە. بە گەیشتنی ژنەکان لە کاتی هێرشەکاندا ئەم ماڵە ئامادەیە، کە ئادەم بەیانییەک بۆ هەمیشە بۆ ژنەکانی بە جێ دەهێڵێت، ماڵەکەی تریشیان بە دەست و مەچەکی چەند پیاوێک دروست کراوە، هەر وەک کۆشکێکی خەیاڵی وایە، ژیانی کارەکتەکانی تریش دەکەونە نێوان ئەم دوو ماڵەوە.

قسەکردن و وتووێژ لە ناو کۆشکەکەی ئادەمدا، بەڵگە و هێمای ئەوە دەدات، کە کۆمەڵێ کەس دوای ئەنفال و هەوڵی سڕینەوە و لەناوچوون، دەیانەوێت بە شێوەیەکی جیاواز و لە سەر بنەمای بیرکردنەوەی جیاواز دروست ببنەوە، کە پێشتر بەو شێوەیە نەبووە، بەڵام لە ناو ماڵی ژنەکاندا قسەکردن و وتووێژ بە شێوەیەکە وەک بڵێی دەیانەوێت درێژە بە ژیانی ڕابردوویان بدەن، ئەویش بە خەیاڵی ئەوەی ئەو خەونانەی پێش ئەنفال هەیانبووە بکەنە ڕاستی و پێیان بگەن، ئەمەیش بەڵگەی کارکردنی نووسەرە لە سەر دوو هێڵی فیکریی لێک جیاواز. لەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(ئادەم ناو حەسرەتێکی توندوتیژی خەفەکراوی لەو دواقسانەی زۆزانا خوێندەوە، پێی وت، تەماشا بکە، زۆزان، ئێمە لێرە دوو هەڵبژاردە ئەخەینە بەردەستت. یەکێکیان چارەسەرە و ئەیخەینە نێو دەستێکت، لە دەستەکەی تریشت، هەرچی نەخۆشیی ئەم دونیایەیە، تێی ئەخنین، بە دوایا داوات لێ ئەکەین، هەردوو چاوت بنوقێنی و چەند جارێک ئەم دەست بۆ ئەو دەست بیانگۆڕە، کە چاوت کردەوە، چی ئەبینی؟ تێکەڵەیەک لە دەرمان و ژەهر، هەرگیز بۆت جیا ناکرێتەوە. لێرەش، تەنها خۆت خاوەنی خۆتی، دۆزینەوەی ئەو تێکەڵەیەی ئەم دەست و ئەو دەستەت، کاتی ئەوێ، مەرج نییە کاتی زۆری بوێ، بەڵام هەر وەخت ئەبات، ئەو دەمەی توانیت شتەکان جیا بکەیتەوە، زۆر شتت لە لا ئاسان ئەبێتەوە، تێئەگەی کە ژیان خۆی بریتییە لەو تێکەڵەیە، بەشێکی ژەهرە و هەر ئەیخۆی، بەشەکەی تریشی دەرمانە و خۆت نایخۆی! ئیتر دواجار مردنی خۆشت هەر زۆر بە ئاسایی وەرئەگری. لە هەمووشی گرنگتر، چی قینە، لە کۆڵت ئەبێتەوە و ئیتر ئارەزووی کوشتنی کەسێکت لە لا دائەمرکێ.**

**هەر لەو ساتەوە زۆزان ناو وەرچەرخانێکی بە خۆیەوە بینی، لە نێوان ئەو هەموو کەسانەدا، بۆ یەکەم جار خۆی بە کەسێک هاتە پێشچاو، هەرچی شوناسی هەتیوی بوو، لێی دوور کەوتەوە و بووە یادگارێکی ناخۆش...)**[١٩٢]

هەروەها لە دیالۆگێکی نێوان ژینۆ و مەردۆخدا کە دوو پاڵەوانی ناو ڕۆمانەکەن، بە شێوەیەکی جیاواز و سەرنجڕاکێش وەسفی جەللاد دەکات، کە باشتر ئەم کەسێتییە دەناسێنێت و دیدێکی نوێیە بۆ ناسینەوەی ئەم مرۆڤە کە بکەرێکی سەرەکییە لە کارەساتی ئەنفال یان هەر ڕووداوێکی زوڵموزۆر و تاوانی کوشتن، لە بەشێکی ئەم دیالۆگەدا هاتووە:

**(هەموو ئەو کەسانەی ئەڵێن جەللاد نین، لە جەللاد جەللادترن، جەللاد بەهانە بۆ تاوانەکانی ناهێنێتەوە، ئەو خۆی وەک عەرزوحاڵچییەک ئەبینێ، کە ئەبێ هەر ئەو کاغەزە سپییە پڕ سکاڵایە لەسەر لەشی قوربانییەکانی ڕەش بکاتەوە، کەسیش بە قوربانیی نازانێ، با قسە لەسەر ئەوانە بکەین، کە خەجاڵەتیش نین، بگرە لە ڕەفتاری جەلادییان گەلێک ڕەزامەندن، ئولفەتیان بەوەوە گرتووە کە دەستیان بە حەیزەران و قامچییەوە بێت، خۆیان بێدەنگ و سەنگین نیشان ئەدەن، بگرە کەس لەوانە ئارامتر نابینی، ناو هەناویشیان مۆڵگەیەکی سەربازییە، کە یەک بەیتوبالوورەی تیا جمەی دێت – چۆن کەسانی دی بەهێمنی بکوژن، پاشان وەک دوای هەر ئیشێکی ڕەسەن، بچنە ناو جێ و تا بەیانی بە زرمەی تۆپیش بەخەبەر نەیەن.)** [١٩٣]

---

[١٩٢]– بەیان سەلمان، شەوانی ئادەم، ڕۆمان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٦٩–٥٧٠.

[١٩٣]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٠.

گرنگیی ئەم ڕۆمانە لەوەدایە باس لەو کاریگەریی و جێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییانە دەکات کە کارەساتی ئەنفال پاش ڕوودانی بە جێی دەهێڵێت و ئەو تراومایەی بە سەر دەروونی تاکەکانەوە دەیخوڵقێنێت.

### ۱/۳-۲-۹ فەرهاد مستەفا:

فەرهاد مستەفا لە چیرۆکی (هەناسەی دوای ژمارەکان) بە تەکنیکێکی ئاڵۆز لە گێڕانەوەدا، کە نووسەر بە مەبەستێکی هونەری ئەو کارەی کردووە، باسی کەسێک دەکات، یاخود کارەکتەری سەرەکیی ئەو چیرۆکە کەسێکە، کە تەواوی خێزانەکەی ئەنفال کراون، لە کاتی ئەنفالکردنیاندا، ئەو لە گوندەکەی خۆیان نابێت، بۆیە لەو شاڵاوە دەربازی بووە، دوای ئەنفال و وێرانبوونی گوندەکەیان و بێ ماڵوحاڵی و نەمانی شوێنی نیشتەجێبوون، ناچار لە شارێکی دوور لە گوندی خۆی، خانوویەکی کۆن و پەڕپووتی لە نزیک گۆڕستانێکی ئەو شارە دەست دەکەوێت و تێیدا دەمێنێتەوە، بە هۆی ئەوەی کە نزیک لەو گۆڕستانەیە، ڕۆژانە چاوی لە ناشتنی هەموو ئەو مردووانەیە کە دەنێژرێن. ڕۆژێک دەبینێت سێ کەس کە بریتین لە دوو برا و باوکیان، تەرمێک بە دزییەوە دەنێژن، کە دوایی بۆی دەردەکەوێت تەرمی ئافرەتێکە، خوشکی دوو براکە و کچی پیاوەکەیە، کە پێدەچێت لە سەر مەسەلەی نامووس کوژرابێت، چونکە بە نهێنی دەیانەوێت حەشاری بدەن و بیشارنەوە، بۆیە لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیدا کەسیان لەگەڵ نییە. بزرکردنی ناو و گۆڕی ئەم ئافرەتە بە هۆکاری شەرەفەوە، ئەو پرسیارە لای پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دروست دەکات، ئایا چ پەیوەندی و جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوانەی مردن بە بێ گۆڕی دیاریکراو وەک ئەوانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا زیندەبەچاڵ و شوێنبزر کران، لەگەڵ ئەوانەی خۆمان بە هەر هۆکارێکەوە دەمانەوێت شوێنبزر بین و ناو و گۆڕیان نەمێنێت، نووسەر بە تەکنیکی پارچەپارچە کردن و بە شێوەی فلاشباک بە شوێن ئەو پرسیارەدا وێڵە، ئەوانەی بە بێ گۆڕ مردن و ئەوانەی بێگۆڕ دەکرێن، چ جیاوازییەکیان هەیە؟

لە پەرەگرافێکی ئەو چیرۆکەدا هاتووە: **(ناتوانیت مانایەکی ڕاستەقینە بۆ مردن بدۆزیتەوە؟. ئەی ئەوە نییە چەند بە لایانەوە سادە بوو؟! کێ دەڵێت مردن دوایین خاڵی ژیانە؟! جا ژیان نەبوایە مردن چ بایەخێکی دەبوو؟! نەء… وا نەبوون!… بە جوانی لە بیرتە، ئەو سەرلەبەیانیەش هاتیتە دەرێ!. هەر لە ناو دەرگاکەوە چاوت لێیان بوو، ٤ کەس بوون ئەملاولای تابووتەکەیان لە سەر شان بوو، بەرەو قووڵاییی گۆڕستانەکەش هەنگاوی خێرایان دەنا. تاکە شتێک کەمەندکێشی کردی چ کەسێکی تریان لەگەڵ نەبوو.)**[١٩٤]

---

[١٩٤]- فەرهاد مستەفا ئەحمەد، سەمای پەلاشەکان، کورتە چیرۆک، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٦٦.

هەروەها فەرهاد مستەفا لە کورتیلە چیرۆکی (بایۆغرافیا) کە تەنها یەک دێڕە لە کۆمەڵە چیرۆکی (پەراوێز) باس لە لەدایکبوونی منداڵێک دەکات لە زینداندا لە پرۆسەی ئەنفالدا کە چۆن بایۆگرافیای ژیانی ئەو منداڵە، دوای گریانی لەدایکبوونی، خەندە لە ژیانی دەردەهێنرێت و دەمرێت، کورتیلەچیرۆکی (بایۆغرافیا) بریتییە لە (**لە دایک بوو... گریا... پێنەکەنی... لە زیندانیشدا مرد.**)[١٩٥] چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا بە شێوەیەکی ناوازە و جوان و هونەری چڕ دەنووسێت و دەست بە بەکارهێنانی زۆری وشەوە دەگرێت و لە دەربڕینی شیکردنەوەی زۆر و ناهونەری خۆی دەپارێزێت، نووسەر لەم چیرۆکە و زۆری تریش، خوێنەر ڕادەکێشێ بۆ ناو ڕووبەری تێکستەکە و وەک خۆی دەیکاتە بەرهەمهێنەری مانا، واتا چیرۆکنووس نایەوێت و ناهێڵێت خوێنەر هەموو شتێکی لە بەر دەست بێت و هەموو شتێکی پێ بگوترێت و تەنها بڵێت چیرۆکێکی خۆش و بەهێز و کاریگەر بوو، بەڵکوو بە کارامەیی خۆی، خوێنەر دەکاتە بەشێک لە خۆی و ڕووبەرێکی زۆر و بەیاننەکراو و نەنووسراو و نەگوتراو بە بۆشایی و بە بەتاڵی بە جێ دەهێڵێت و بە خوێنەر دەڵێت کە ئەرکی خۆیەتی پڕی بکاتەوە!

نووسەر جارێکی تر لە کورتیلەچیرۆکێکی تردا بە ناوی (یەختەسار) لە چەند وشەیەکی کەمدا کارەساتی ئەنفال لە وێنەیەکی شاعیرانە و غەمگیندا بەرجەستە دەکات و دەنووسێت (**... مێگەل و گایەلەکان بەرەو باشوور داگەڕان. پیاوەکان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات. ئافرەت و پیرەمێرد و زارۆکەکان ڕووەو باشوور. بەتەنێ مانگ بەجێ مابوو، بە غەمگینی، تەماشای چۆڵبوونی گوندەکەی دەکرد.**)[١٩٦] لەم تێکستە پەخشانییەدا کە نووسەر باس لە ئەنفال دەکات، کەمترین وشە بەکار دەهێنێت، چڕترین تەعبیر دروست دەکات، واتا و فەزای باسەکە لە کورتترین پێناسەدا دەگوشێت.

هەروەها لە چیرۆکی (تویژاڵێک لە دەنگی با) فەرهاد مستەفا لە زمانی ئەفسەرێکی هەواڵگرییەوە دیدگا و بیرکردنەوەی جەللاد ئاشکرا دەکات، کاتێک لە پرۆسەی تاوانکاری و دەستدرێژیکردنە سەر مرۆڤ سڵ لەوە ناکاتەوە، دەستدرێژیی سێکسی بکاتە سەر منداڵان و کچانی مێردمنداڵ و لاقەیان بکات، بیرکردنەوەی جەللاد وایە، کە مادام هەر ئەو منداڵانەن سبەی گەورە دەبن و دەبنە کەسی پێگەیشتوو، بۆیە پێویست ناکات ئێستا حسابی منداڵیان بۆ بکەین و ڕەچاوی مافیان بکرێت یان سەرفینەزەر لە هەندێ کار و دڕندەیی و دەستدرێژی بکرێتەوە و لەبەر منداڵێتییان یان لەبەر ئەوەی هێشتا کەسانی ناپێگەیشتوون وازیان لێ بهێنرێت و لە گەورەکان جیا بکرێنەوە، ئەم چیرۆکە بە وردی سایکۆلۆژیای جەللاد دەخوێنێتەوە کاتێ بە ئاسانی دەتوانێت تاوان ئەنجام بدا، لەم چیرۆکە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کاتێ ئەفسەر و سەربازی جەللاد

---

[١٩٥]- فەرهاد مستەفا ئەحمەد، پەراوێز، کورتە چیرۆک، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ٢٠١٠، ل١٧٧.

[١٩٦]- فەرهاد مستەفا، هەتا چاو بڕ بکات تاریکی، چیرۆکی کورت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥، ل٥٦.

پرۆسەی ئەنفال یان هەر تاوانکارییەکی هاوشێوە ئەنجام دەدەن چۆن لە منداڵ و گەورە دەڕوانن، بە چ سایکۆلۆژیایەکەوە تاوان ئەنجام دەدەن، چۆن بیر لە مرۆڤ دەکەنەوە، لە چیرۆکەکەدا هاتووە:

**(ئەفسەری هەواڵگری وتی: "گەورەم، ڕاپۆرتەکەی هیومان ڕایتس وۆچ گەیشتووە".**

**"چییان وتووە؟".**

**"دیسانەوە هاوشێوەی ئەوان باسییان کردووین، ئەوەندە نەبێت ئێمە کۆمان لە لاقەکردنی کیژانی دە و دوازدە ساڵی نەکردۆتەوە".**

**فەرماندە، ئەسپەکەی گەڕاندەوە بەردەمی وەزیر، وتی:**

**"دەبەنگی بەو کلۆجە؟ ئەی هەر دە - دوازدە ساڵ نییە دەبێتە سی ساڵ و شەست ساڵ؟".**

**"بێگومان گەورەم".**

**"کش، بە دۆزەخیان بسپێرە".)**[١٩٧]

نووسەر لەم چیرۆکانەدا لە ڕووی فۆڕمی داڕشتنیانەوە بەتەواوی هەوڵی کورتبڕی و گوشینی مانایانی داوە، تەنها بە فلاشێکی خێرا لە کەس و ڕووداوەکان زۆر بەپەلە باسەکە دەگێڕێتەوە و وێنەکە نیشان دەدات، بێ گومان ئەم فلاشە خێرایەیش، ئەو پانتاییەی ڕووناکیی بەری دەکەوێت، هەموو شتێک نییە و هەموو مانایەک بۆ خوێنەر ئاشکرا ناکات، بەڵکوو ئەوە خوێنەر خۆیەتی دەبێت بە تێگەیشتنی خۆی پانتاییەکان ڕووناک بکاتەوە و ماناکان بەرهەم بهێنێتەوە.

## پاری دووەم: ئەنفال و ئەدەب

### ١-٢/٣ پێناسەی ئەدەب:

پێناسەی جیاواز و دیدی جیاجیا بۆ ئەدەب هەیە، کە هەر یەکەیان ڕەنگدانەوەی سەردەم و کاتی جیاوازە و جگە لەوە لە ڕوانگەی فەلسەفی و ئایدیۆلۆژیی جیاوازەوە ئەم پێناسانە دێنە دەر، بۆ نموونە لە هەندێ ڕوانگەوە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئێشوئازار و خۆشی و ناخۆشییەکانی کۆمەڵە و دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانەوەی کۆمەڵگا وەک خۆی، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە، ئەدەب نابێت وەک خۆی کۆپیی ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگا بکات، چونکە گەر وا بێت، مرۆڤ خۆی هەموو شت دەزانێت، فیکری مرۆڤ بەرەو هیچ لایەک و هیچ ئاراستەیەک ناجووڵێنێت، کۆپیکردنەوەی واقیع دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانەوەی کۆمەڵگا وەک خۆی، کۆپیکردنەوەی واقیع لە ناو ئەدەبدا، هۆشیاریی کۆمەڵ هەر لە شوێنی خۆیدا دەهێڵێتەوە و دەستکاریی ناکات، ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ ئەدەب، ئاستی تێگەیشتنی تاکی کۆمەڵگایش لە بەرامبەر ڕووداو و

---

[١٩٧]- فەرهاد مستەفا، کەسێک لە باتیی هەموومان پێدەکەنێ، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٥.

کارەساتەکان کە بە سەر مرۆڤ دێن، هەر لە شوێنێکدا ڕادەگرێت، بە شێوەیەک هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە دی نایەت، بۆیە لە واقیع و لە ژیانی مرۆڤدا، ئەگەری بەردەوامیی ڕووداوەکان و دووبارەبوونەوەی کارەساتەکان، هەمیشە کراوە دەبن، ئەدەب لەم لایەنانەوە هیچ شتێکی نەکردووە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و باشترکردنی دۆخی مرۆڤ و بەرگرتنی بە ڕووداوە ناخۆش و کارەسات و تاوانە دژە مرۆییەکان.

ژان پۆڵ سارتەر پێی وایە (هۆکاری دروستبوونی ئەدەب ئاشکراکردنی دونیا و مرۆڤە.)[198] یان بە پێی زۆربەی بۆچوونە نوێیەکان ئەدەب هۆکاری خستنەڕووی لایەنی پەنهانی مرۆڤە. لەم ڕوانگەیەیشەوە ئەوە بە گرنگ دەزانرێت، کە ئەدەب چاوێکی تر بێت بۆ مرۆڤ، تا کۆمەڵێک پانتاییی تری دونیای پێ ببینێت، کە لە ڕاستیدا ناتوانێت بە چاوی ئاسایی بیانبینێت، گرنگیی ئەدەب لەوەدایە، کە مرۆڤ بە هۆیەوە نهێنیی تری بۆ ئاشکرا دەبێت، ڕووبەری تاریکی تر ڕۆشن دەکاتەوە، ئەوانەیش هەموو ڕاستەوخۆ دەبنە هۆکاری هۆشیاریی زیاتر و وردبینی و قووڵبینیی پتر بۆ مرۆڤ، تا ڕووداو و دیاردەکان و ئەوەی لە دەوروبەری هەن یان پەیوەستن بە ژیانییەوە و ڕوو دەدات، تێیان بگات و هۆشیاریی قووڵی لە سەریان هەبێت، گەر ئارەزووی لە بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوە لە پێناو ڕوونەدانەوەیان هەبوو، ئەوا ڕووبەڕوویان ببێتەوە و زەمینەی دووبارەبوونەوەیان تێک بدات.

بۆ ئەم مەبەستەیش ئەدەب هونەرێکی گرنگ دەخاتە کار، کە هونەری میتافۆر یان بە کوردی هونەری خواستنە، ئەم هونەرە (هێنانی ناوی شتێکە بۆ شتێکی تر، لە ڕەگەزەوە بۆ جۆر یان لە جۆرەوە بۆ ڕەگەز یان لە جۆرەوە بۆ جۆرێکی یان بە هەر شێوەیەکی تر کە مەبەستە)[199] شتێکی ئاشکرایە و گومانی تێدا نییە کە ئەدەب کارخانەی بەکارهێنانی وشەیە، ئەدیب یان نووسەر تەنها بە وشە ئەو دونیایەی خۆی دەئافرێنێت، وشەیش بە تەنها و بە شێوەیەکی ئەبستراکت ئەو مەبەستەی پێ ناهێنرێتە دی، کە لای سارتەر بریتی بوو لە ئاشکراکردنی دونیا و مرۆڤ و میلان کۆندێرایش گرنگیی ئەدەبی بە هۆکاری خستنەڕووی لایەنی پەنهانی مرۆڤی دەزانی، بۆیە دەبێت وشە لە ئەدەبدا بۆ ئەوەی ئەم مەبەستانە بپێکێت، ڕیتم و کێش و ئێستاتیکا بکات بە بەری خۆیدا، خۆی لە ناو مۆسیقایەکی تایبەتدا بتوێنێتەوە و زۆربەی ئەرکە کۆمەڵایەتی و ڕۆتینییەکانی لە دەست بدات و ئەرکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە، لە هەمان کاتیشدا میتافۆڕ واتا (وشە دەربڕینی نائاشکرا لە پشتییەوە شارابێتەوە، بۆ نموونە وشەیەک لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا شتێک بێت و لە ئەدەبدا گوزارشتێکی تری هەبێت.)[200] بەکارهێنانی وشە بەم شێوەیە لە

[198]- جان بول سارتر، ما هو الادب، ترجمة: جورج طرابيشى، منشورات المكتب التجاري للطباعة والتوزيع والنشر، بيروت-لبنان، ١٩٦١، ص٣٥.

[199]- ارسطو طاليس، فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، ط٢، دارالثقافة، بيروت، ١٩٧٣، ص١١٦.

[200]- كمال عيد، جماليات فنون، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٠، ل٩٧.

ئەدەبدا، توانای تەقاندنەوەی وزەیەکی زۆری دەبێت، کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە کاریگەریی دەروونی و ڕۆحی و عەقڵی و تەنانەت جەستەییش لە خۆیدا هەڵ بگرێت، بتوانێت (وزەی نێگەتیڤ لە عەقڵ و هۆشیاریی مرۆڤدا بۆ وزەی پۆزێتیڤ بگۆڕێت.)[٢٠١]

ڕۆلان بارت پێی وایە، تێکستی ئەدەبی بریتییە لە پارچە نووسینێک کە زمان خوڵقاندوویەتی، کە دوو لایەنی هەیە: (دال، کە بریتییە لە پیت و وشە و دەستەواژە، لەگەڵ مەدلوول کە ئەویش لایەنی وێناکردنی ئەو پیت و وشە و دەستەواژانەیە لە زەیندا.)[٢٠٢] بەم پێیە وشە ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییەی وەک خۆی لە ناو تێکستی ئەدەبیدا نییە، بەڵکوو وشە دالێکە کە مەبەستی ئاشکرای شتێکە و مەبەستی حەقیقی کە دیار نییە و پەنهانە، شتێکی ترە، بۆیە هەڵەیە لە ژێر ناوی سادەیی یان شەفافیەت، یان ڕەنگدانەوەی واقیع وشە و دەستەواژە و دەربڕینی ناو تێکستی ئەدەبی، هەمان مانای کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانە بدات و وەک خۆی بەکار بهێنرێت، ئەوانەی سادەیی بێ قووڵبوونەوە و شەفافیەت دەکەنە بەهانەی دروستکردنی ئەدەبێک، کە بۆ هەموو خەڵک بێت و زۆرترین کەس تێی بگات، لە ڕاستیدا ئەوە بە مانای واقیعیەتیش نایەت، چونکە ئەو جۆرە بەکارهێنانەی وشە و دەستەواژە بە سادەیی بێ قووڵبوونەوە بە هەمان مانای خۆی و وەک خۆی، ئەوە دەگەیەنێت کە زمان بە ڕووتی و بێ هێما و ئاماژە بەکار هێنراوە.

### ٢-٢/٣ ئەدەب و تراژیدیا:

بە شێوەیەکی گشتی باسی ئەدەبمان کرد و لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە پێناس و ئەرکەکانیمان دیاری کرد، لە پەیوەند بە پاری باسەکەوە کە (ئەنفال و ئەدەب)ـە، بەو پێیەی کە دەزانین ئەنفال لێوانلێوە لە چیرۆک و سەرگوزشتەی تراژیدی، کاتێک ئەو باسە دەبیستین، خۆمان لە ناو جیهانێکی پڕ مەرگەسات و کارەساتی جەرگبڕدا دەبینینەوە، بۆیە ئێستا بە پێویستی دەزانین باس لە تراژیدیا بکەین و جۆری پەیوەندیی تراژیدیا بە ئەدەبەوە دەست نیشان بکەین.

سەرەتا پێویستە بزانین، تراژیدیا لە زمانی کوردیدا بە واتای مەرگەسات وەرگێڕراوە، مەبەستیان لێی هەموو کارێکی ئەدەبی بووە، کە چیرۆکی خەمناک و دڵتەنگی دەگێڕایەوە و گوزارشتی لە خەم و کۆژان و ئازاری مرۆڤ دەکرد و بە تایبەت لە مەرگ و گیانلەدەستدان و کوشتن و قوربانی و دابڕان و... هتد، دا بەرجەستە دەبوو، (تراژیدیا، جۆرێکە لە جۆرەکانی کاری درامی، مەبەست لێی وێناکردنی تراژیدیایەکە کە لە سەر چیرۆکێکی مێژوویی بونیات نراوە، وەک ئاشکرایە وشەکە لە بنەڕەتدا

---

[٢٠١]- اياد محمد صقر، فلسفة الألوان، طبعة الاولى، الاهلية، عمان، ٢٠١٠، ل٣٣- ٣٤.

[٢٠٢]- خريستو تودوروف، نقد مفهوم علم الأدب عند رولان بارت. الأداب الأجنبية، ترجمة، حسين جمعة، بيروت- لبنان، ١٩٩٩، ص٧٠.

وشەیەکی یۆنانییە و واتای گۆرانیی دەگەیەنێت، کە ئەویش سروتێکی شانۆیی ئایینییە کە لە ڕێی گۆرانیگوتنەوە قوربانییان بە بزن دەدا. بەگشتی تراژیدیا پەیوەستە بە خستنەڕووی فۆرمێک لە حوزن و کارەسات کە لە دەرئەنجامی کارەساتێکی دڵتەزێن لە کۆتاییی شانۆکەدا خۆی دەخاتە ڕوو.)[٢٠٣] لەمەوە دەتوانین بڵێین (تراژیدیا گێڕانەوەی کارێکی گرنگی خاوەن قەبارە و چوارچێوەیە لە ڕێی زمانێکی ورد و واتادارەوە، کە بە سروشتی بەشەکانی شانۆکە و لە ڕێی ئەو کەسانەی کە کارەکە دەکەن، واتە نمایشەکە دەبینین نەوەک تەنها لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، بە شێوەیەک سەر دەکێشێت بۆ پاککردنەوەی دەروون لە ڕێگەی ترس و سۆز و میهرەبانی بەرامبەر ئەو دەرئەنجام و کاردانەوانە.)[٢٠٤]

لەم دوو پێناسەیەوە تێ دەگەین، کە تراژیدیا بە هۆی چیرۆک یان ڕووداوی کارەساتئامێز و خەمناکەوە کاریگەریی دروست دەکات و هەوڵ دەدات ترس و سۆز و میهرەبانیی مرۆڤ بجووڵێنێت، دەروون و ناخی پاک بکاتەوە.

پەیوەندیی ئەدەب و تراژیدیایش پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوەکان دروست دەکاتەوە و تراژیدیایش کارەسات و ڕووداوە دڵتەزێنەکان بەرجەستە دەکات و هەوڵی دروستکردنی کاریگەری دەدات. کە کارەسات ڕوو دەدات، زمان ناتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشتی لێ بکات، لە کاتی کارەساتدا زمان توانای گوزارشتی نییە، بەڵکوو تەنها دەتوانێت هاوار بکات، بپاڕێتەوە و بگری، بۆیە لەو چرکەساتەدا زمان کاری خۆی ناکات، بۆیە شاعیر یان ئەدیب و هونەرمەند، دوای کارەساتەکان لە کاری ئەدەبی و هونەریدا دەتوانن گوزارشت لە کارەساتەکە بکەن، زمان لە کاتی کارەساتدا تەنها دەتوانێت ببێتە کەناڵی کۆکردنەوەی گرتە و ڕووداو و ساتەکانی کارەسات و هیچ ناڵێت، ئەگەر بتوانێت بە تەنها ئەرشیفیان دەکات، تا دواتر لە کاری هونەری و ئەدەبی و هەر کارێکی تردا داهێنانی تێدا بکات و بە شێوەی کاریگەر بەرجەستەیان بکاتەوە.

گریان و شیوەن و ڕۆڕۆ تەنها ساتی ڕوودانی کارەساتە، کە زمان ناتوانێت ئەرکی خۆی ببینێت، گوزارشتن لە ڕوودانی کارەسات، دەنا ئەوە کاری ئەدەبی و هونەرییە دەتوانێت ئەو کارەساتە بەرجەستە بکاتەوە و لە ڕێگەی جۆرێکی خۆیەوە کە تراژیدیایە کاریگەری دروست بکات و هەڵوێست و هۆشیاری لای وەرگر بخوڵقێنێت، لە خۆڕا نییە شێرکۆ بێکەس لە وەسفی ئەنفالدا دەڵێت، ئەنفال زریکەیە، ئاخر زریکە چۆن دەنووسرێتەوە؟

---

[٢٠٣]- د. محمد حمدي إبراهيم، نظرية الدراما الإغريقية، ط١، سلسلة أدبيات، الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، القاهره، ١٩٩٤، ص٧.

[٢٠٤]- أرسطو، فن الشعر، ترجمة: د. إبراهيم حمادة، الناشر: مكتبه الانجلو المصرية، ٢٠١٤، ص٢٢.

**(چیتان بۆ بگێڕمەوە؟!**
**ئاخر زریکە چۆن ئەگێڕدرێتەوە؟!**
**قیژە چۆن ئەنووسرێتەوە؟!**
**عەرعەر چۆن ئەخوێنرێتەوە؟!**
**ئەبێ خۆڵ قسە بکات خۆڵ!**
**ئەبێ چاڵ قسە بکات چاڵ،**
**مار و مێروو بیگێڕنەوە.)**[٢٠٥]

(نیتشە)، کە زۆر بە تراژیدیای گریکی سەرسام بووە، لە کتێبی (لەدایکبوونی تراژیدیا)دا دەڵێت: (تراژیدیا نەک هەر هۆکارێکە بۆ ڕێگەگرتن لە مەرگ، بەڵکوو سەرچاوەی ژیانی ئەبەدییە و ئاڕاستەیە بۆ ئاسۆ نەزانراوەکان)[٢٠٦] بە لای نیتشەوە تراژیدیا پاڵنەری ئیرادەی مرۆڤە، ئەم ئیرادەیەی باسی دەکات ئیرادەی ژیانە ڕێک لە قووڵاییی تراژیدیاوە هاتووە، تراژیدیا ئەم ئیرادەیەی ژیان چالاک دەکات و وزەی تێ دەگەڕێنێتەوە، دژی نائومێدی و ڕەشبینییە. ئەدەب بە خەسڵەتێکی تراژیدییەوە ئیرادەی مرۆڤ دەگەشێنێتەوە، دێت ئەم کارانە دەکات:

أ- ئەدەب هەوڵ دەدات ئێمە لە ڕەهەندەکانی ئازاری مرۆڤ و قووڵی و فراوانییەکەی تێ بگەین، یان بە هۆی ئەدەبەوە دەتوانین ئەم کارە بکەین.
ب- ئەدەب هۆکاری پێگەیشتنی هۆشیاریی مرۆڤ و ئەو یادەوەرییانەیە کە هەیەتی.
پ- ئەدەب دەیەوێت ئەو کارەساتانە بکاتە یادەوەرییەکی ئینسانی کە هەموومان کۆ دەکاتەوە و، ئازارەکانی ڕابردوومانی هەڵگرتووە.

بۆ کەمێ ڕوونکردنەوە دەبێت لە سەرچاوەیەکەوە ڕاڤەی بۆچوونی نیتشە بگوێزینەوە کە دەنووسێت: (مرۆڤی تراژیدی عاشقی ژیانە، نامرێت مەگەر لە پێناو ژیاندا نەبێت، نیتشە تایبەتمەندیی مرۆڤی تراژیدی بە چەمکی "ڕەشبینیی هێزدار" پێناسە دەکات.)[٢٠٧] لەم بۆچوونانەوە دەگەینە ئەوەی کە ئەدەب و تراژیدیا کە لە ناو یەک دا بە یەک ئاراستەدا دەتوانن کار بکەن، بۆیە گوتمان پەیوەندیی نێوان ئەدەب و تراژیدیا ڕاستەوانەیە، بە ئاراستەی عەشقی ژیان و بزوێنەری ئیرادەی مرۆڤ کار دەکەن.

---

[٢٠٥]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٤٥-٤٦.
[٢٠٨]- د. عبد الناصر هلال، تراجیدیا الموت في الشعر العربي المعاصر، الطبعة الاولی، مرکز الحضارة العربیة مصر، ٢٠٠٥، ص٨٠.
[٢٠٧]- ویلیام شیکسپیر، هملت، ترجمه بەازین، پەردەی سوم، صحنەی یکم، نشر دات، تهران، ١٣٨٧، ص ٦٨.

### ٣-٢/٣ چۆن ئەدەب گوزارشت لە تراژیدیا بکات:

وەک باس کرا، ئەرکی سەرەکیی ئەدەب ئەوەیە بە ناو قووڵاییی مرۆڤدا ڕۆ بچێت لە پێناو ئاشکراکردنی ئەو شتانەی لە ڕێگەی تر و هۆکاری ترەوە ئاشکرا ناکرێن، تراژیدیاکانیش بەشێکن لە ژیانی مرۆڤ، بۆیە پێویستە ئەدەب لایەنی شاراوە و ڕووبەری پەنهانی ئەم تراژیدیایانە ئاشکرا بکات، گۆشەیەک کە بە زانستی تر و هەوڵی مرۆییی تر دەرناخرێت، ئەدەب دەری بخات، نەک ئەوەی تەنها وەک خۆی و وەک ئەوەی هەن و بیستراون، لە ئەدەبدا دەر بکەونەوە و ئەو ڕووەی کە مێژوو نیشانی بدات دیسان ئەدەبیش نیشانی بداتەوە، ئەو لایەنەی سیاسەت کاری لە سەر دەکات، جارێکی تر ئەدەبیش کاری لە سەر بکاتەوە.

ئەگەر کاری ئەدەب ئەوە بێت، کە مرۆڤ و خەون و کۆژانەکانی بەو شێوەیە دەربخاتەوە، وەک ئەوەی لە واقیعدا نماییش دەکرێن و دەردەخرێن و دەبینرێن، هیچی ئەوتۆی نەکردووە و هیچی تازەی نەهێناوەتە ئاراوە. ئەو زمانەی ئەدەب لە باسکردنی تراژیدیادا دەیخاتە کار، هەرگیز نابێت ئەو زمانە بێت، کە مرۆڤ لە واقیعدا بەکاری دەهێنێت و لەگەڵ دەوروبەردا کاری خۆی پێ ڕایی دەکات و خۆی پێ دەگونجێنێت، بەڵکوو پێویستە زمانێکی جیاواز بێت، لە پێناو دەربڕینی جیاواز بۆ دۆزینەوەی لایەنی نهێنی و شاراوەی ناو ئەو ڕووداوەی باسی دەکات، کە بە زمانی ئاسایی، لایەنەکانی وەک زمانی مێژوو و زمانی کۆمەڵایەتی و زمانی سیاسی و زمانی ئایین و هەر زانستێکی تر ناتوانن ئەو لایەنە نهێنی و شاراوەی ئەو ڕووداوانەی دەبنە هۆی دروستکردنی تراژیدیا، دەر بخەن.

ئەدەب هەستی شکست و دۆڕان و داڕووخانی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، کە هەموو ئەم هەستانە لە ساتی ڕوودانیاندا بە حەقیقی لە ژیانی مرۆڤدا لەو کاتانەدا، کە مرۆڤ ئەم هەستانە تاقی دەکاتەوە، یان ڕاستتر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لە ساتێکی ژیاندا بە سەریاندا دێت، تووشی جۆرێک لە بێدەسەڵاتی و کەمتوانایی لە ڕووبەڕووبوونەوەیان دەبێت و تەنانەت سەری دونیای لێ دێتەوە یەک، بەڵام کە ئەدەب دێت ئەم هەستی شکست و دۆڕان و داڕووخانەی مرۆڤ بەرجەستە دەکات، نایەت دووبارە جۆرێک لە بێدەسەڵاتی و کەمتوانایی لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لە لا بچێنێتەوە و هەمان دەرئەنجامی واقیع بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵکوو ئەم هەستی شکست و دۆڕان و داڕووخانەی مرۆڤ بەرجەستە دەکات و دەیگۆڕێت بۆ ورەی بەردەوامبوون و وزەی ڕووبەڕووبوونەوە و دروستکردنی هەستێکی هاوبەش و بەهێز، دیارە ئەدەب نایەوێت شکست و دۆڕان و داڕووخانی مرۆڤ بکاتە کەرەستەی بەردەوامی کاری خۆی و لە سەری بژی، بەڵام کە ئەمانە بە ناچاری لە واقیعدا هەبن و ڕوو بدەن، ئەو کات ئەدەب

دێت، لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوە و تێکدانی زەمینەی دووبارە ڕوودانەوەیان، ئەم پارچانە لە شکست و دۆڕان و داڕووخانی مرۆڤ هەڵدەگرێتەوە و ئاییندەیان لە سەر دروست دەکاتەوە.

### ٤-٢/٣ چۆن ئەنفال لە ناو ئەدەبدا بەکار بهێنرێت:

دەتوانین لێرەدا بە چەند خاڵێک و بە پشتبەستن بەو نموونە ئەدەبییانەی لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا هێنامانەوە، دەستنیشانی ئەوە بکەین، کە دەکرێت چۆن لە ڕوانگەیەکی دروست و داهێنەرانەوە ئەنفال لە ناو ئەدەبدا بەکار بهێنرێت:

١- بەستنەوەی ڕووداوی ئەنفال بە مێژووەوە، لە ڕێگەی ئەم کارەیشەوە ڕیشە مێژووییەکانی ڕووداوەکە دەپشکنرێت و لەگەڵ بوونی جیاوازیی کات و شوێن و قەبارەی ڕووداوەکان، بەڵام ئەم گەڕانەوەیە بۆ مێژووی ڕووداوەکان، پشکنینێکی نەستییە لە پشت بەشدارانی ڕووداوەکە، چ قوربانی بێت یان جەللاد، واتە ئەم گەڕانەوەیە بۆ بنەمای مێژوویی ڕووداوەکە، گەڕانەوەیەکی مێژوویی نییە، هێندەی ئەوەی پشکنینی بنەما و زەمینەکانی ئەم ڕووداوە مێژووییەیە، هەر وەک بەو شێوەیەی یوسف عیزەدین لە ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی) ئەنفال بەکار دەهێنێت، ئەو بە هۆی کارەکتەرێکی مێژوویی (سەلمانی فارسی)یەوە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەنفال و بەدرێژاییی ئەم مێژووە چەند کارەکتەرێکی تری (سەلمانی فارسی) دەخوڵقێنێتەوە و بە مێژوودا دابەشیان دەکات، شوێنەکانیان دەگۆڕێت و ئاڵوگۆڕ بە کات و زەمەن دەکات. لە ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی) دا، هەوڵی تێگەیشتن لە سایکۆلۆژیای سەرباز و چۆنێتیی هاندانی بۆ شەڕ و کاولکاری دەدرێت، نووسەر بە هۆی دەستکاریکردنی ڕووداوێکی مێژووییەوە ئەو سایکۆلۆژیایە دەردەخات، لە ڕێگەیەوە بیرکردنەوە و ستراتیژی هەم سەرباز و هەم فەرماندە سەربازییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات، بە تایبەت لە شاڵاوی ئەنفال و لەو هێرش و پەلامارانەی نزیکن لەوەوە، ئەم دیدە بۆ ئەنفال لە گۆشەیەکی ترەوە بنەما مێژوویی و ئاییندەیەکەی کارەساتی ئەنفال دەردەخات و بە هۆی دووبارە دروستکردنەوەی ڕووداوێکی مێژووییەوە بەرجەستەی دەکات. [٢٠٨]

٢- لە ڕووداوی ئەنفالدا، زیندەبەچاڵکردن و کوشتن و ئەشکەنجە و ڕاگوێزان و برسیکردن و هەموو جۆرەکانی دەستدرێژی... هتد، هەیە و بەشێکی زۆری تراژیدیای ئەو ڕووداوە مێژووییەی پێکهێناوە، بۆیە گرنگە لە کاریگەرییە دەروونی و فیکرییەکانی

---

[٢٠٨]- بڕوانە: یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.

ئەم جۆرە ڕووداوە بکۆڵرێتەوە و لە ڕوانگەی ترەوە لە پرسی مردن و ژیان بڕوانرێت، لە نهێنیی ژێرخاکخستن و بەژێرخۆڵەوەکردنی مردوو، لە هێمای گۆڕ و گۆڕستان و مەراسیمەکانی ناشتن ورد ببینەوە، فەرهاد مستەفا لە چیرۆکی (هەناسەی دوای ژمارەکان) دا دەیەوێت ئەم کارە بکات، لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی مردوویەکەوە، کە بە نهێنی دەینێژن و دەیانەوێ ناو و گۆڕی ئافرەتێک بە هۆکاری شەرەفەوە بزر بکەن، ئەو پرسیارە لە لای پاڵەوانی ئەم چیرۆکە دەخولقێنێت، ئایا چ پەیوەندی و جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوانەی بە بێ گۆڕی دیاریکراو دەمرن، وەک ئەوانەی لە شالاوی ئەنفالدا زیندەبەچاڵ و شوێنبزر کران، لەگەڵ ئەو ڕووداوەی ناو چیرۆکەکە کە بە هۆکارێک دەمانەوێت شوێنبزر ببن و ناو و گۆڕی نەمێنێت، ؟ نووسەر لەم چیرۆکەدا بە تەکنیکی پارچەپارچەکردن و بە شێوەی فلاشباک بە شوێن ئەو پرسیارەدا دەگەڕێت.[٢٠٩] یان لە چیرۆکی (بایۆغرافیا) کە کۆی چیرۆکەکە بریتییە لەم چەند وشەیە **(لە دایک بوو... گریا... پێنەکەنی... لە زیندانیشدا مرد.)**[٢١٠] نووسەر تەنها بە یەک دێڕ لە کۆمەڵە چیرۆکی (پەراوێز)دا باسی لە لەدایکبوونی منداڵێک کردووە لە زینداندا، منداڵێک کە لە پرۆسەی ئەنفالدا بایۆغرافیای ژیانی بریتییە لە گریانی لەدایکبوون، پاشان پێکەنینی ناو ژیانی دەرهێنراوە و هەر دوای گریانی لەدایکبوون دەمرێت، هەروەها لە چەند چیرۆکێکی تردا نووسەر هەوڵ دەدات لە بیرکردنەوەی جەللاد و تێڕوانینی قوربانی بڕوانێت و بە شێوەیەکی تایبەت هەندێ نهێنییان تێدا ئاشکرا بکات.

٣- دەکرێت ئەدەب بە شێوەیەکی سیمبولییانە باسی ئەنفال بکات، واتە، ڕاستەوخۆ ناوی ئەنفال نەهێنێت و باسی نەکات، بەڵکوو لە ڕێگەی لێکچواندنی بە ڕووداوێکی ترەوە باسی بکات، ئاماژەی نهێنیی پێ بدات، وەک ئەوەی ماردین ئیبراهیم لە ڕۆمانی (کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا) دێت بەم شێوەیە باس لە کارەسانی ئەنفال دەکات، لەم ڕۆمانەدا لە ڕێی وەرگرتنی ڕووداوێکی مێژووییەوە بێ گومان بە هەندێ جیاوازییەوە ئازاری ئەم تراژیدیایە بەرجەستە دەکات. نووسەر لەم ڕۆمانەدا، ڕووداوێکی مێژوویی هێناوە و لە چارەنووسی کارەکتەرێکدا دای ڕشتووەتەوە، کارەکتەرێکی ئەم ڕۆمانە ناوی (سوورمە)یە، کاتێک شالاو و هێرشە دڕندانەکە دەست پێ دەکات، سەربازێک دەیەوێت ئەم کچە منداڵکارە ڕزگار بکات و نەکوژرێت، بۆیە بە ناچاری دەیخاتە بیرێکەوە لە پێناو ئەوەی نەکەوێتە دەست سەربازان و نەیکوژن، وێنەی ئەم چیرۆکە بە هەندێ جیاوازییەوە لە خستنە ناو بیری یووسفی کەنعانەوە هاتووە، کاتێ براکانی دەیخەنە ناو بیرێکەوە، جیاوازییەکە ئەوەیە، براکانی یوسف، بۆیە

---

[٢٠٩]- بڕوانە: فەرهاد مستەفا ئەحمەد، سەمای پەلاشەکان، کورتە چیرۆک، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٢.

[٢١٠]- فەرهاد مستەفا ئەحمەد، پەراوێز، کورتە چیرۆک، ل١٧٧.

یوسف دەخەنە ناو بیرەکەوە بۆ ئەوەی بمرێت، بەڵام لەم ڕۆمانەدا، سەربازەکە ئەو کچە منداڵە بۆ ئەو مەبەستە دەخاتە ناو بیرەکەوە، تا سەربازەکان نەیکوژن، یاخود ڕاپێچی نەکەن، لە ڕووداوە مێژووییەکەدا یاخود چیرۆکە ئایینییەکەدا، یوسف بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت و نامرێت، بەڵام لە ڕووداوی ڕۆمانەکەی ماردین ئیبراهیمدا، کچەکە لە ناو بیرەکەدا دەخنکێت و ڕزگاری نابێت، چونکە کەس ڕێی ناکەوێتەوە سەر ئەو بیرە تا بزانێت منداڵێک لەوێدایە و چاوەڕێیە ڕزگاری بکەن، هەروەها سەربازەکە خۆشی ناتوانێت بچێتەوە سەر ئەو بیرە، بە هۆی ئەوەی فەرمانی گواستنەوەی ئەو سەربازە دەدرێت و، بە هۆیەوە دەیبەن بۆ شوێنێکی تر و ناچار ئەویش دەڕوات و ئیتر ناتوانێت بێتەوە ئەو ناوچەیە و بچێتەوە سەر بیرەکە و منداڵەکە ڕزگار بکات.[٢١١]

٤- دەکرێت ڕووداوی ئەنفال لەگەڵ زۆر ڕووداوی تری هاوشێوە، یان نزیک لە جیهاندا بەراورد بکرێت و پێکەوە بکرێنە هۆی کەشفکردنی لایەنە پەنهانەکانی یەکتر و لەم بەراوردەوە یەکتری ڕۆشن بکەنەوە و هەڵوێست و سۆز و جووڵاندنی هەستی ویژدانی لە ئاستێکی بەریندا دروست بکەن، بەم هۆیەوە و لەم ڕێگەیەوە دەکرێت ڕووداوەکە لە ئاستێکی لۆکاڵییەوە بکرێتە ڕووداوێکی جیهانی و هەم خوێنەری کورد لە تراژیدیایەکی تری جیهانی ئاگادار دەکات، هەم ئەگەر ئەو ئەدەبە سنووری زمانی کوردیی بڕی، دەتوانێت تراژیدیای ئەنفال بە دونیا بناسێنێت، دیارە لێرەدا مەبەستمان لەوە نییە، کە هەر چی ڕووداوی ئەنفالی تێکەڵ بە ڕووداوێکی جیهانی کرد، ئیتر دەتوانێت ئەم کارە بکات، بە دڵنیایی نەخێر، بەڵکوو ئەو کارە دەبێت بۆ ڕۆشنکردنەوەی لایەنی شاراوەی یەک بن، بۆ دەرخستنی زەمینەی ڕوودان و هۆکار و ئاکام و کاریگەرییەکانیان بن، بۆ ئاشکراکردنی هەستی هاوبەش و بەهێزکردنی ڕەهەندی گەردوونیی مرۆڤ بن، وەک ئەوەی مرۆڤ سەر بە هەر ڕەگەز و نەتەوەیەک بێت، لە هەر شوێنێک بێت، کۆمەڵێک مافی گەردوونیی هەیە و دەبێت هەستی هاوبەشی مرۆیی دروست بکات، وەک ئەوەی جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی "پێنجەمین کتێب"دا هەوڵی داوە ئەم کارە بکات، ئەویش بەوەی دایکێکی ئەرمەنی و باوکێکی کوردی هێناوە، کە یەکەمیان لە نەوەی کارەساتی قەتڵوعامی ئەرمەنەکانە لە جەنگی یەکەمی جیهانیی و دوەمیشیان هەڵاتووی کارەساتی ئەنفالە، کە بە شێوەیەک کاریگەریی هەر دوو ڕووداوەکە بە هاوبەشی لە سەر منداڵەکەیان دروست دەبێت و، منداڵەکە ناچار دەکات خەمی سۆراغکردن بە دوای ڕاستیی کارەساتەکاندا لە کۆڵ بگرێت و بە دوای کردنەوەی گرێکوێرەکاندا وێڵ ببێت.[٢١٢]

---

[٢١١]- بڕوانە: ماردین ئیبراهیم، خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا، ڕۆمان، چاپی سێیەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.

[٢١٢]- بڕوانە: جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥- دەكرێت فەنتازیا لە گێڕانەوەی ڕووداوی ئەنفالدا بەكار بهێنرێت، یان بە دەوری ڕووداوی سەرەكیدا چەندین ڕووداوی تر دروست بكرێت وەک ئەوەی بەیان سەلمان لە ڕۆمانی (شەوانی ئادەم)دا كردوویەتی، یان دەكرێت خەیاڵ ڕۆڵی سەرەكیی هەبێت و ڕووداوی ئەنفال تەوەری سەرەكی نەبێت، بەڵكوو لە پشت ڕووداوەكانەوە بێت، وەک ئەوەی عەتا محەمەد لە چیرۆكی (پاشماوەی خێڵەكان) و ڕۆمانی (گەشتە تیوارەكانی میر بە تەنیاییدا) كاری لە سەر دەكات، كە خوێنەر وەها هەست بە كاریگەریی ئەنفال دەكات، كە ئەنفال لەو دیو ڕووداوەكانەوە بێت، ڕاستەوخۆ نەبینرێت، یان دەكرێت وەک شێركۆ بێكەس لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراكان) هەموو كارەساتەكە بە هەموو ڕووەكانیەوە تەنانەت بە كەرەستە بێگیانەكانیشەوە لە زماندا بەرجەستە بكات، هەمووان بتوانن بەشێک بن لە گێڕانەوەی ڕووداوەكەدا، یان وەک ئەوەی كاروان عومەر كاكەسوور بە چەندین شێوە، سیمبولییانە ئەنفال دەهێنێتە پێشەوە و لە ڕێگەی كارەكتەرە ئازادەكانەوە، شەرم لە هیچ كۆسپ و ڕێگرییەكی كۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی و... هتد ناكەنەوە بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەكان، بەختیار عەلییش بە سەرلەنوێ پێناسەكردنەوەی چەمكەكان پەیوەست بە تاوان و مرۆڤ و دادگایی و هتد... باس لە كاریگەریی ئەنفال و جارێكی تر داڕشتنەوەی دونیابینیی خۆی دەكات لە ڕێگەی ئەنفالەوە.

بە كورتی و بە پوختی، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری (**چۆن ئەنفال لە ناو ئەدەبدا بەكار بهێنرێت؟**) پێویستە دونیابینیی ئەدەب، ئاستی دونیابینیی خەڵک تێبپەڕێنێت و بە زمانی سادەی ڕاگەیاندن و سیاسەت نەدوێت، واتە ئەدەب دونیابینییەكی نوێ و جیاواز دروست بكات، بە چەشنێک پایەكانی لە سەر فیكر ڕاگیرابێت، فیكریش وەک بڕیاردەر بە سەر جووڵەی زمانەوە، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەركی زمان هەڵبوەشێنێتەوە و جۆرێكی تری جیاواز لە بەكارهێنانی باو و ڕۆژانە بخاتە كار، بۆیە هەتا ئەمە نەكرێت، ئەنفال لە ناو ئەدەبدا هەر لە قاڵبی ئەدەبی زارەكیدا دادەڕژرێتەوە و تەنها ئەوانە دەگێڕێتەوە كە گوتراون و زۆریش بیستراون و هیچی نوێ ئاشكرا نەكەن.

ئەنفال لە ناو فیكر و زمانی ڕۆژانە و ڕاگەیاندن و سیاسەتیشدا هێندە ڕووكەش و سادەیە، كە ئەگەر بە هەمان شێوە لە ناو ئەدەبدا ڕەنگ بداتەوە، هیچی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێت. گەر نووسەر لەو ئاستەدا لە ئەنفال بڕوانێت، تەنها و تەنها وەک ڕووداوێكی مێژوویی و وەک ئەوەی بەڵگەنامە و شایەتحاڵەكان دەیگێڕنەوە لە ئەدەبدا بەكاری بهێنێت، كە وایە زمانی ئەم ئەدەبە تەنها شتە زانراوەكان دەڵێتەوە. هەر كاتێكیش زمانی ئەدەب شتە بیستراوەكانی گوتەوە، كەواتە دووبارە حیكایەتەكانی ناو واقیعی وەک خۆی گواستوەتەوە، جارێكی تر و بە هەندێ ئارایشت و دەستكاریی كەمەوە،

مێژووی نووسیوەتەوە، نووسینەوەی مێژوویش بە جۆرێک لە ئایدیۆلۆژیا و تاکرەهەندی نزیک دەبێتەوە، کە تەنها دیوێک و ڕووبەرێکی زاڵی ئەو ڕووداوە نیشان دەدرێتەوە، بۆ ئەوەیش ئەمە ڕوو نەدات، پێویستە خەیاڵ و فەنتازیا لە پرۆسەی گێڕانەوەدا بخرێنە گەڕ، ئەنفال ناڕاستەوخۆ یان بە شێوەی سیمبولییانە، یان بەو شێوانەی لە خاڵەکاندا ئاماژەمان بۆ کردن، بەکار بهێرێت.

**پاری سێیەم: ئەنفال و گواستنەوەی بۆ ناو ئەدەب (گێڕانەوەی ئەنفال)**

بۆ گواستنەوەی ئەنفال بۆ ناو ئەدەب و ڕەنگدانەوەی لە شیعر و چیرۆک و ڕۆماندا سەرەتا پێویستە کەرەستەی خاو بەردەست بن، کەرەستەی خاو بە پلەی یەکەم بریتییە لە هەموو ئۆرگانێکی زیندوو ئینجا نازیندوو، مەبەست لە هەموو ئۆرگانێکی زیندوو، هەموو ئەو شایەتحاڵانەن کە بە پێی ئاستی نزیکییان لە پرۆسەی ئەنفالدا ئاگایان لە ڕوودانی ئەو کارەساتە هەبووە و ئەوەی بینیویانە دەیگێڕنەوە، یان دەتوانن بە پێی بیرەوەریی خۆیان بیگێڕنەوە، ئەوانیش دەکرێت پیاو یان ژن یان منداڵ بن، هۆکاری ڕزگاربوونیشیان لەو کارەساتە و ئەوەی کە ڕزگاریان بووە و ئێستا زیندوون و کارەساتی ئەنفال لە ناوی نەبردوون، بە زۆری بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

أ- ئەو شایەتحاڵانە لە ناو جەرگەی ڕووداوی کارەساتی ئەنفالدا بوون و ڕاگوێزراون و هەوڵی کوشتنیشیان دراوە، بەڵام بە ڕێکەوت ڕزگاریان بووە، وەک تەیمووری ئەنفال کە ئەو کات منداڵ بووە، لە کاتی گوللەبارانکردنی خۆی و ئەندامانی تری خێزانەکەی و کەسوکارەکەی، ڕژێمی بەعس وای زانیوە ئەویش مردوە و وازی لێ هێناوە، بەڵام بە ڕێکەوت ڕزگاری بووە و لای خێزانێکی عەرەب ژیاوە و گەورە بووە.

ب- هەندێ لەوانە پێشمەرگە بوون و بەردەستی ڕژێمی بەعس نەکەوتوون، بە هەر شێوەیەک بێت، لە کاتی شاڵاوەکەدا توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن، بۆیە ئەمانیش کەموزۆر ئاگاداری کارەساتی ئەنفال بوون.

پ- هەندێ لە دانیشتووانی ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، پێش شاڵاوەکە توانیویانە خۆیان دەرباز بکەن و شوێنی خۆیان بە جێ بهێڵن، ئەمانیش بە پێی بینینی خۆیان، دەتوانن بەشێک لە کارەساتەکە بگێڕنەوە،

ت- هەندێ لەوانە دوای ئازار و ئەشکەنجە و دوای ڕاگوێزانیان بۆ شوێنی تر، یان دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنیان، ڕژێمی بەعس بە هەر هۆکارێک بێت ئازادی کردوون.

ج- هەندێ لەو کەسانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، بەڵام بە هۆی ئەو چەکدارە کوردانەی لە ناو ڕژێمی بەعس بوون و بەشداریی شاڵاوی ئەنفالیان کردووە و پێیان گوتراوە جاش یان موستەشار، ڕزگاریان بووە، هەندێ لەم جاش و موستەشارانە بە هۆی سۆزی ئینسانی بێت یان هەستی خێڵەکی و نەتەوەیی، بە پێی توانای خۆیان، هەندێ لەوانەیان، کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون، ڕزگار کردووە.

چ- هەندێ لەو کەسانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان ئاگایان لە هەندێ دیمەنی کارەساتی ئەنفال بووە و ئێستا لە ژیان ماون، دەتوانن ببنە شایەتحاڵی ئەنفال و ئەو دیمەنانە باس بکەن کە دیویانن، وەک شۆفێری شۆفڵ و لۆری و هەر ئۆتۆمبێلێکی تر کە ڕژێمی بەعس بە زۆر بردوونی و بە پێی پیشەی خۆیان، بەشداریی کارەساتەکەی پێ کردوون.

ح- هەندێ لەو کەسانەی خۆیان بەشداریی کارەساتی ئەنفالیان کردووە و تاوانبارن و ئێستا لە ژیاندا ماون، بە خواستی خۆیان بێت یان نا، لە دادگا بێت یان لە دەرەوەی دادگاکان، دەتوانن وەک شایەتحاڵ ئەم ڕووداوە بگێڕنەوە، وەک ئەفسەر و سەرباز و جاش و موستەشار و، ئەوانەی بەشدارییان لەم پرۆسەیەدا کردووە.

خ- دەکرێت کەسانی تریش وەک ڕۆژنامەنووسان و خەڵکانی بیانی بە مەرجێ ئاگاداری ڕووداوەکان بووبن، وەک شایەتحاڵ دابنرێن و بکرێنە سەرچاوەی گێڕانەوەکان.

د- یان هەر کەسێکی تر کە بە هەر شێوەیەک بووە ئاگاداری ڕووداوی کارەساتی ئەنفال بووە.

شایەتحاڵەکان دەکرێت ئەمانە بن و بەو شێوانە لە دوای کارەساتی ئەنفال زیندوو بن و ئێستا لە ژیان مابن، مەبەستمان لە ئۆرگانی نازیندوویش کە پێشتر باسمان کرد، هەموو ئەو بەڵگەنامانە دەگرێتەوە کە کارەساتی ئەنفال و چۆنێتیی ڕوودانی و وردەکارییەکانی دەسەلمێنن.

پێشتر لەو خاڵانەدا باسمان کرد کە شایەتحاڵەکان چۆن ڕزگاریان بووە، یان هۆکاری ئەوە چییە، کە ئاگایان لەو ڕووداوە بووە و ئێستا لە ژیاندان، بۆیە ئێستا دەبێت بە گرنگییەوە پرسیار بکەین و بڵێین شایەتحاڵەکان کێن؟

## ٣/٣-١ شایەتحاڵەکان کێن:

**٣/٣-١-١ ئاستی بەرپرسیارێتی:** لە ڕووی بەر پرسیارێتییانەوە لە ئاست ڕوودانی کارەساتەکەدا دەکرێن بە سێ بەشەوە:

أ- بێتاوان: ئەمانە قوربانییانی کارەساتی ئەنفالن، ئەوانەن بە هەر هۆکارێک بێت ڕزگاریان بووە.

ب- تاوانبار: ئەوانەن بە شێوەیەک دەستیان لەو کارەساتەدا سوورە، کە تا سنوورێک گەیشتووە پێیان دەگوترێت جەللاد، ئەمانە بە چڕی بەشداریی پرۆسەی ئەنفالیان کردووە، وەک ئەفسەر و فەرماندەکانی ڕژێمی بەعس، یان بە هۆی ئەرکەکانیان لە ڕژێمی بەعسدا بەشداریی ئەم پرۆسەیەیان کردووە، وەک جاش و سەربازی سوپای عێراق.

پ- بێلایەن: ئەوانەن کە بە شێوەی جیاواز و دوور لە دەسەڵات و ویستی خۆیان ئاگاداری ڕوودانی کارەساتی ئەنفالن و تەنانەت بەشداریشیان تێدا کردووە، وەک شۆفێری ئەو ئۆتۆمبێلانەی ڕژێمی بەعس بە زۆر بردوونی بۆ گواستنەوەی ئەنفالکراوان یان ڕووخاندنی خانووی گوند و شار و شارۆچکەکان کە بەر ئەنفال کەوتوون، یان هەڵکەندنی گۆڕ بۆ زیندەبەچاڵکردنی ئەنفالکراوان.

**٣/٣-١-٢ تەمەنی شایەتحاڵان:** بە هۆی ئەوەی کارەساتی ئەنفال زیاتر لە ٣٠ ساڵی بە سەردا ڕۆیشتووە، بۆیە ئەم شایەتحاڵانەی ئەمڕۆ ماون، هیچیان منداڵ نین، بەڵکوو زیاتر ئەم دوو تەمەنە دەگرنەوە:
أ- گەنج: ئەم نەوەیە لە شایەتحاڵی ئەنفال ئەوانەن، کە ساتی ڕوودانی ئەنفال منداڵ بوون، بۆیە پێویستە بەر لەوەی بە هەر هۆکارێک بێت نەمێنن، یاخود ژیان و خۆشی و ناخۆشییەکانی ئەو نەوەیە، بیرەوەریی کارەساتەکەیان لە بیر بباتەوە، هەوڵ بدرێت ئەوەی دەیزانن و بیریان ماوە، بە هۆی چاوپێکەوتن یان نووسینەوە تۆمار بکرێت و بپارێزرێت.
ب- بەتەمەن: ئەم نەوەیە لە کاتی کارەساتی ئەنفالدا، گەورە یاخود گەنج بووە، بۆیە بە باشی لە هەموو ڕووداوەکان گەیشتووە. ئێستا ئەو تەمەنەی تێی دایە، دەکرێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت لە ژیاندا نەمێنێت یاخود پیری و نەخۆشییەکانی توانای بیرهێنانەوە و گێڕانەوەی ڕووداوی ئەنفالی لێ بستێنێتەوە، بۆیە پێویستە هەر چی زووترە ئەو برە یادەوەرییەی لای ئەم نەوەیەی کە ماوە تۆمار بکرێن و بپارێزرێن، ئەویش بێ گومان بە چاوپێکەوتن، یان کەڵکوەرگرتن لەو یاداشتانەی کە ڕەنگە هەندێکیان لای خۆیان تۆماریان کردبێت.

**٣/٣-١-٣ ڕەگەزی شایەتحاڵان:** بێ گومان هەر دوو ڕەگەز لە ناو شایەتحاڵاندا هەیە، بەڵام پێویستە لە کاتی نیگاکردنمان بۆ هەر دوو ڕەگەز بیرمان بێت، ئەو وێنەیەی بۆ هەر دوو ڕەگەز بە شێوەیەکی ئاسایی لە خەیاڵماندایە، لە بەرامبەر شایەتحاڵاندا کاڵی بکەینەوە، بۆ ئەوەی بتوانن وەک شایەتحاڵ بە شێوەیەکی دەوڵەمەند ڕووداوەکان بگێڕنەوە:

أ- ژن: لە خەیاڵی پیاوی کورد و زۆر نەتەوەی تریش، ژن بابەتێکی نهێنییە و وەک هۆکارێک بۆ ڕازاندنەوە و خواستی پیاو سەیر کراوە، ژن لە بوونێکی حەقیقییەوە کراوەتە فیگەرێکی زادەی خەیاڵی پیاو، ئەم جۆرە نیگاکردنەی پیاو بۆ ژن، بوونی واقیعیی ژنی لە هۆشیاریی پیاودا لە بیر کردووە، ئەوەیش وا دەکات دنیای ژن زۆر لە دنیای پیاو دوور بێت، تایبەتمەندیی خواستی پیاو بووەتە هۆی ئەوەی کە ژن وەک مرۆڤی ڕاستەقینە نەبینن و لەگەڵ وێنەی ئەو مرۆڤەی لە خەیاڵیاندایە هەڵسوکەوت

بکەن، بۆیە ئەم جۆرە نیگاکردنە بۆ شایەتحاڵی ژن، ڕۆڵی ئەو وەک شایەتحاڵ لاواز دەکات، دەبێت سەرەتا ژن وەک خاوەنی مافی خۆی بناسین، ئینجا دەتوانێت ڕۆڵی خۆی وەک شایەتحاڵی حەقیقی بەرجەستە بکات، مەبەستی ئەم خاڵە لەوە دایە، لە پرۆسەی ئەنفالدا ڕووداوی دەستدرێژیکردنە سەر ژنان بە هەموو شێوەیەک زۆر بوو، بۆیە شایەتحاڵی ژن دەبێت ئەو بەربەستانە بشکێنێت کە ڕێگەی لێ دەگرن، ئەم ڕووداوانە بگێڕێتەوە و بە ئازادی و بێ هیچ کۆتوبەندێک باسی وردەکارییەکانی بکات.

ب- پیاو: دیسان لە هۆشیاریی تاکی کورددا وێنەیەک بۆ پیاو کێشراوە، کە لە زۆر ڕووەوە هەندێ خەسڵەت پتر لە ئاستی خۆیان گەورە کراون و هەندێ خەسڵەتی تریش چەپێنراون، هەستی پیاوەتی و ئازایەتی و چاونەترسی زەق کراونەتەوە، هاوکات یان لە بەرامبەردا زۆر سیفەتی تر کراونەتە عەیبە، بێ گومان سیفەتگەلێک کە بە تایبەت لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا، بۆ پیاو ناشێن و گونجاو و پەسەندکراو نیین تێیان دا بێت، بۆیە شایەتحاڵی پیاو، پێویستە هەموو دوالیزمەکانی، ئازایەتی/ترسنۆکی، عەیبە/ ئاسایی، جوان/ ناشیرین، مەردی/ نامەردی... هتد بشکێنێت و بە ئازادی ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، ئەو کات دەتوانین بە تایبەت بۆ ئەدەب وەک شایەتحاڵ سوودێکی ڕاستەقینەی لێ وەربگرین و دەشێت بکرێتە هەوێنی کاری داهێنەرانە و نوێ و بیرکردنەوەی جیاواز، بۆ ئاشکراکردنی نهێنیی ڕووداوەکان.

### ٢-٣/٣ شایەتحاڵەکان لە چەند ئاستێکدا:

#### ١-٢-٣/٣ نەخوێندەوار:

بەشێکی زۆری شایەتحاڵەکان لەبەر ئەوەی خەڵکی گوند و ئەو ناوچانە بوون کە دوور بوون لە سەنتەری شارەکان و خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆیان پێ نەگەیشتووە، بۆیە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، بە تایبەت کەسانی بەتەمەن کە لە سەردەمی ئەواندا قوتابخانە و هۆکاری تری خوێندن نەبووە، تا فێری خوێندەواری بکرێن، بەڵام شایەتحاڵ نەخوێندەواریش بێت ئەزموونی بینین و پێداتێپەڕینی هەیە بە ناو ڕووداو و کارەساتەکاندا، لەبەر ئەوەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە کەناڵی خوێندنەوەدا تێ ناپەڕن و ئەوان دەتوانن، ئەوەی بینیویانە و ئەزموونیان کردووە، بیگێڕنەوە، بۆیە با توانای خوێندنەوەیشیان نەبێت، بەڵام دەتوانن ڕووداو و کارەساتەکان بە باشی وێنا بکەن، وێنەیەکی نەشێواوی تراژیدیاکان بە باشی بگەیەنن، ئەوان دەتوانن وێنە تاریکەکەی ئەوەی ڕۆیشتووە و ئەو زوڵمەی کراوە و ئەو تاوانەی ڕووی داوە بگەیەنن، با لە کۆی هەموو ڕووبەرە تاریکەکە و هۆکاری ئەو زوڵمە و زەمینە و پاڵنەرەکانی ئەو تاوانە بە وردی تێ نەگات. ئەوەی کەسی نەخوێندەوار لە ئاستی گێڕانەوەدا ناتوانێت وردەکاری و ڕوونکردنەوەی تەواو بدات، ئەرکی ئەدەبە ئەمە وەک پرسیارێکی واڵا بە خوێنەر

بگەیەنێت، ئەو پەلکێشی ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە وردەکارییەکانی بکات، ئەوەی نە خوێندەوار بە ئاسایی ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، ئەرکی ئەدەبە تێگەیشتن لێی نائاسایی و ئاڵۆز بکات و ڕەهەندەکانی بدۆزێتەوە.

کاتێک نەخوێندەوار ڕاستگۆیە لە گەیاندنی وێنەیەکی تاریکی کارەساتەکان، ئەرکی ئەدەب ئەوەیە لە ناو ئەم وێنە تاریکەدا، هەموو وردەکارییەکان ببینێت و تاریکی بکاتە وزەی بینین بۆ تێگەیشتن لە کۆی ڕووداوەکە، بۆیە بە هەموو پێوەرێک، نەخوێندەوار سەرچاوەیەکی گرنگ و ڕاستگۆیە وەک شایەتحاڵ، نەک بۆ ئەرشیفکردنی کارەساتەکان و کۆکردنەوەی بەڵگە و شایەتیدان لە دادگاکاندا، بەڵکوو بۆ ئەدەبیش کە دەبێتە سەرچاوەی گرنگ بۆ پرسیاری واڵا و بینینی دیمەنی ڕاستگۆ و دەرخستنەوەی لە ئەدەبدا بە شێوەیەک وەک وێنەیەکی فرەڕەهەند.

## ٣/٣-٢-٢ نەشارەزا لە ئەدەبدا:

بێ گومان زۆربەی شایەتحاڵانی قوربانی کە لە سەردەمی ڕوودانی کارەساتی ئەنفالدا یان منداڵ بوون، یان کەسانی نەخوێندەوار بوون، یان بە هۆی دوورییان لە سەنتەری شارەکان و وەک پێشتر باسمان کرد، بە هۆی کەمیی خزمەتگوزاری، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە ئەدەبدا نییە، پاشان مەرجیش نییە بۆ کەڵکلێوەرگرتنی ئەوەی دەیگێڕنەوە لە ئەدەبدا، شارەزاییان لە ئەدەبدا هەبێت، بۆیە ئەم خاڵە زۆر گرنگە کە بۆ نووسەری ئەدەبی، ئەوەی گێڕانەوەی کارەساتەکانی لێ دەبیستێت لە ئەدەبدا شارەزایی نییە، واتە تا ڕادەیەک ناتوانێت دەستکاریی ڕووداوەکان بکات، هونەرکاری لە گەیاندنیان بکات، شارەزانەبوون لە ئەدەبدا لای شایەتحاڵانی قوربانی بۆ نووسەری ئەدەبی ئەگەر خاڵێکی ئەرێنی نەبێت، خاڵێکی نەرێنییش نییە، چونکە ڕاستودروست دەتوانن ڕووداوەکان بگێڕنەوە، ئەوە ئەرکی ئەدەبە بە شێوەیەکی تر و بۆ مەبەستی قووڵتر بەکاریان بهێنێتەوە و بیانکاتە سەرچاوەی پرسیاری گرنگ.

## ٣/٣-٢-٣ سادە لە سیاسەتدا:

ئەم سیفەتەیش بۆ شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال تەواوکەری دوو سیفەتەکەی پێشترن و لەبەر ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمان کرد، ئەمان سادەن لە سیاسەتدا، ئەوەی دەیزانن ناتوانن بە ئایدیۆلۆژیا بارگاوی بکەن، ئەوەی بینیویانە ڕەهەندێکی سیاسیی دیاریکراوی پێ نابەخش، ڕاستە پرۆسەکە خۆی جۆرێکە لە سیاسەت، بەڵام ئەوان هەر بە زمانی ناسیاسیی خۆیان دەیگێڕنەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەی ڕووی داوە و لە زمانی ئەوانەوە دەگێڕرێتەوە، لە یەک ئاراستە و لە یەک ڕووەوە کورت ناکرێتەوە، گرنگە ئەم فرەڕەهەندی و فرەئاراستەییە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا

لە لایەن نووسەرانی ئەدەبیی نەکوژرێت و نەکرێتە ژێرەوە و ڕەهەندی سیاسەت کۆی گێڕانەوەکان داگیر نەکات.

### ٣/٣-٢-٤ دڵتەنگ:

بە هۆی ئەو کارەساتانەی بە سەریاندا هاتووە، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شایەتحاڵانی قوربانییانی ئەنفال دڵتەنگییە، ئەوان تراژیدیاکان وای لێ کردوون، کەسانێکی غەمگین بن و هەمیشە فرمێسک ئالوودە بە بیرەوەرییەکانیان ببێت، بە خەمناکی ئەوەی لە بیریانە دەیگێڕنەوە، ئەرکی ئەدەبە ئەم خەمناکییە بەرجەستە بکات، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە ئەو مرۆڤانە بە تێکشکاوی بەرجەستە بکرێت، هەرگیز نابێت غەمگینی ببێتە ئاوێنەی کەسێتییەکی ڕووخاو و بێ ئومێد و بێ ئاییندە. شایەتحاڵی دڵتەنگ، چەند پێویستی بەوەیە بە قسەکردن خەمی پەنگخواردووی ناخی هێور بکاتەوە، هێندەیش پێویستی بە ڕامان و بێدەنگی و گوێگرتنە. بەڵێ، لە ئەدەبدا هەندێ جار پێویست دەکات شایەتحاڵی دڵتەنگ فێری گوێگرتن بکرێت، تا بتوانێت بە باشی بیر لە ڕووداوەکان بکاتەوە و پارچەکانی پێکەوە بلکێنێتەوە و مانای نوێیان لێوە بەرهەم بهێنێت، گوێگرتن وا لە شایەتحاڵی دڵتەنگ دەکات شتی پووچ و زیادە و شێواو لە ژیانی خۆیدا دەربکات و بە بەها مەزن و نەمرەکانەوە پابەند بێت، لە ئەدەبدا شایەتحاڵی غەمگین فێری پێکەنین دەکرێتەوە، لە سەر خەندە و نوکتە ڕادەهێنرێتەوە و وای لێ دەکرێتەوە بە دونیا پێ بکەنێت، لێرەدا کە دەڵێین پێکەنین، مەبەستمان لە گاڵتەی ڕووت نییە، بێ موبالاتی و بێ ئیلتیزامی نییە دەرهەق بە ئەرک و لێپرسراوێتی، یاخود بەخشینی ئومێدی ساختە و خەونی بێ بنەما نییە، بەڵکوو لە ڕێگەی پێکەنینەوە ئەو زامانە کەمێ سارێژ بکرێن، کە ئەنفال کردوویەتیە جەستەیان، هەوڵ بدرێت ئەو شێواوییەی بوونیان بگەڕێنرێتەوە شوێنی خۆی کە ئەنفال دروستی کردووە، بە هۆی پێکەنینەوە ئەو پارچانەی بوونیان کۆ بکەنەوە، کە ئەنفال وردی کردوون، بۆ ئەوەی مانای نوێ بە داهاتووی خۆیان بدەن، لە ئەدەبەوە بەو نیەتە بۆ ڕابردوو دەگەڕێینەوە تا بتوانین وزەی بینینی ئاییندەی لێ وەربگرین و دواڕۆژی گەشتر ببینین، وەک چۆن بۆ هەر مرۆڤێک گرنگترین شت ئەوەیە فێر بێت بە ئومێدەوە بژی، بێ گومان ئەمەیش پرۆسەی خوڵقاندنی تێگەیشتنێکی دروستە دەربارەی جەوهەری ئومێد و خەونی داهاتوو، بۆ شایەتحاڵی ئەنفالیش زیاتر لەوە پێویستە ئەوە فێر بکرێت بە ئومێدەوە بژی، بۆ ئەوەیش دەبێت پرۆسەی خوڵقاندنی تێگەیشتنێکی دروست دەربارەی جەوهەری ئومێد و خەونی داهاتوو بخرێتە گەڕ، شایەتحاڵی غەمگین، غەمگینی ڕووداوێکی ڕابردووە، ئەم ڕابردووە شوێنێکی لە لای ئەو و لای نووسەری ئەدەبیش شوێنێکی گرنگ و بایەخداری هەیە، ڕابردوو کە ڕووداوی ئەنفالی تێدایە و بۆ ئەوی قوربانی ئومێد و خەونی تێدا خنکێنراوە، پێویستە بۆ نووسەری ئەدەبی تەنها هەوێنی

غەمگینی نەبێت و نەبێتە پاڵنەری ئەسرینهەڵڕشتن بۆ شایەتحاڵی غەمگین، بەڵکوو بکرێتە بناغەیەک بۆ دروستکردنەوەی ئومێد و ئێستایەکی بەهێز و ئاییندەیەکی ڕووناک.

ڕابردوو لەو جێگەیەی هەڵگری خەون، ئومێد و چاوەڕوانییە خنکێنراو و خامۆشکراوەکانە، پێویستە بیکەینە بناغەیەک بۆ بونیادنانی ئێستایەک و ئاییندەیەکی ڕوون. گێڕانەوەی شایەتحاڵی غەمگین و باسکردنی ئەم ڕابردووە، تەنیا بۆ غەمگینی و هەڵڕشتنی فرمێسک نییە، بەڵکوو بۆ بەخۆداچوونەوە و تێکدانی ئەو زەمینەیەیە، کە ئەنفالی تێدا ڕووی دا.

## ٣/٣-٢-٥ پەراوێزخراو:

شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال کەسانی پەراوێز خراون، بێتوانایی کۆمەڵ لە قەرەبووکردنەوەی لایەنی شێواوی دەروون و پەشۆکاوییە ڕۆحییەکان، سیاسەتی خراپ و جێبەجێنەکردنی تەواوی ئەرک و لێپرسراوێتییەکانی لایەنی پەیوەندیدار و دەسەڵاتداران، بووەتە هۆی ئەوەی شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال پەراوێز بخرێن، ئەرکی ئەدەب ئەوەیە لەم فەرامۆشییە ڕزگاریان بکات، نەهێڵێت چیی تر فەرامۆش بخرێن، میلان کۆندێرا دەڵێت (ژیان شەڕێکی بەردەوامە لە دژی فەرامۆشی.)[٢١٣] بۆیە دەبێت ئەدەب ئەم شەڕە بکات و هەر ئەمەیش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی، لە دوو سەرەوە ئەدەب دەتوانێت کار لە سەر فەرامۆشی بکات:

یەکەم: نەهێڵێت قوربانییانی ئەنفال لە ناو دۆزەخی فەرامۆشیدا بسووتێن.

دووەم: هەوڵ بدات کەسێتیی قوربانییانی ئەنفال بەو جۆرە دروست بکاتەوە، کە توانای فەرامۆشکردنی ئەو ڕووداو و کارەساتە ناخۆشانەی هەبێت، کە بەردەوام ئازاریان دەدات و ژیانیانی کردووە بە کابووس و هەمیشە تارماییی مەرگ و ڕاگوێزان و زیندەبەچاڵکردن لە گەردنیان ئاڵاوە.

بێ گومان هەر دوو خاڵەکە، لە پێناو ئەوەی قوربانییانی ئەنفال بتوانن ببنەوە کەسێکی ئاساییی خاوەن سایکۆلۆژیایەک، وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژین، بێنەوە ناو کۆمەڵ و لە سەر ڕیتمی ئاساییی ژیان، وەک ئەرستۆ دەڵێت (لە پێناو ئەوەی مرۆڤ بین و بە مرۆڤی بمێنینەوە، پێویستە لە ناو دونیایەکی هاوبەشدا بژین.)[٢١٤]

## ٣/٣-٣ شایەتحاڵەکان بە دوو ڕێگە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە:

---

[٢١٣]- میلان کوندیرا، کتاب الضحک والنسیان، ترجمة: محمد التهامي العصاري، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، بیروت، ٢٠١٥، ص ٧٢.

[٢١٤]- أرسطو، دعوة للفلسفة- كتاب مفقود لأرسطو، قدمه للعربية مع تعليقات وشرح: د. عبدالغفار مكاوي، دار التنوير الطباعة والنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠٠٦، ص١٦.

### ٣/٣-٣-١ زارەکی:

ئەو شێوازەی گێڕانەوەیە کە بۆ هەموو شتەکان تەنها پشت بە یادەوەری دەبەستێت، بە قسە و لە ڕێی گفتوگۆوە ئەوەی دەیزانێت و بینیویەتی بە بیری دێتەوە و دەکەوێتەوە سەر زاری، گێڕانەوەی زارەکیی شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال خۆی لە خۆیدا کردارێکە، بۆ نووسەری ئەدەبی پێویستە ئاگاداری هەموو جووڵە، فیکر، بیرکردنەوە، ئاگایی، نائاگایی، ئەزموون، سۆز و... هتد شایەتحاڵی قسەکەر بێت، چونکە قسەکردن و گفتوگۆ تەنها وشە نییە بۆ بیستن، بەڵکوو هەموو پاڵنەرە دەروونی و کاریگەرییە نەستییەکانیش دەگرێتەوە، کە بە سەر ڕوخساری قسەکەرەوە دەردەکەون و لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆدا کاریگەرییان بە سەر گێڕانەوەوە دەبێت، چونکە شێوازی زارەکی (بریتییە لە دەربڕین و گوزارشتکردن لە بیر و هەست و زانیاری و خەیاڵە شاراوەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی قسەکردنەوە، هاوکات کەرەستەیەکە بۆ لێکتێگەیشتن لە نێوان تاک و تەواوی تاکەکانی تری کۆمەڵگە.)[٢١٥]

### ٣/٣-٣-٢ نووسین:

مەبەست لە نووسین، نووسینی ئەو شایەتحاڵانەی ئەنفالە کە خۆیان توانای ئەوەیان هەیە، بنووسن و ئەوەی بینیویانە و دەزانن بە قەڵەمی خۆیان تۆماری بکەن. دیارە لێرە نووسین هەر تەنها ئەو بابەتانە ناگرێتەوە، کە هەمان شایەتحاڵ دەتوانێت بە شێوازی زارەکی بیگێڕێتەوە و باسی بکات، بەڵکوو نووسین لای شایەتحاڵیش پرۆسەیەکی ئاڵۆزترە، نووسین تا ڕادەیەک جیاوازترە لە زمانی ڕۆژانە و گفتوگۆی زارەکی، نووسین شێوازەکان و مەبەستەکان و قووڵاییەکانی زمانی قسەکردن و گفتوگۆی زارەکی دەردەخات. نووسەری ئەدەبی کاتێک نووسینی شایەتحاڵی ئەنفال دەکاتە کەرەستەی خاوی کارکردنی خۆی، کە بتوانێت ئەم جیاوازییانەی نووسین و قسەکردن بەرجەستە بکات، سیستمێکی جیاواز لە سیستمی گوتن دروست بکات. بۆ شایەتحاڵی ئەنفال کاتێک بە نووسین یادەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە و باسی ڕووداوی ئەنفال دەکات، دەکرێت تا ئاستێکی زۆر گێڕانەوەکەی هەمان ئەو گێڕانەوەیە بێت، کە شایەتحاڵێکی تر بە شێوەی زارەکی دەیگێڕێتەوە، هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت، بەڵام گرنگە بۆ کاری ئەدەبی ئەم ئاستەی زمانی زارەکی تێ بپەڕێنێت، ئەویش لە پێناو دەرخستنی هەموو ئەو کەلێنانەی زمانی زارەکی بە جێیان دەهێڵێت، کاری ئەدەبیی داهێنەرانە هەرگیز بە شێوەیەک لە زمانی گێڕانەوەی شایەتحاڵانی زارەکی و نووسینی ئەنفال ناڕوانێت، کە مادام هیی کەسانی سادە و نەخوێندەوار و پەراوێزخراوە، ئیتر ئەویش

---

٢١٥- غلفان مصطفى، اللسانيات التوليدية الأسس النظرية والمنهجية- من النشأة الى النموذج المعيار، الطبعة الأولى، دار كنوز المعرفة، عمان- الأردن، ٢٠١٦، ص٤٤.

سادە لێی بڕوانێت و بە سادەیی دای بڕێژێتەوە و هەمان مەبەستە ڕواڵەتییەکانی ئەو گێڕانەوانە بداتەوە بە خوێنەری خۆی.

بە بۆچوونی جاک دریدا (نووسین تێپەڕاندنی چەمکی زمانە، زمان بە تێکڕا کردار، جووڵە، فیکر، بیرکردنەوە، ئاگایی، نائاگایی، ئەزموون، سۆز و... هتد)[٢١٦] ئەگەر شایەتحاڵی ئەنفال بە نووسین نەتوانێت ئاستی زمان تێ بپەڕێنێت، ئەوا گرنگە نووسەری ئەدەبی ئەم کارە بکات، نیتشە لە شوێنێکدا دەنووسێت (هونەری نووسین پێش هەموو شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی قەرەبووکردنەوەی شێوازەکانی دەربڕین بێت، کە تێیدا تەنیا خودی قسەکەر ئامادە دەبێت، وەک چۆن شێوازی نووسین زۆر لە هیی قسە جیاوازە و، زۆر لەو سەختترە.)[٢١٧]بە پێی بۆچوونی نیتشە ئەوەی دەربڕین بە قسە و گفتوگۆ ناتوانێت بیگەیەنێت، نووسین ئەم کەلێنە پڕ دەکاتەوە و ئەوەی لە نائاگاییشدایە ئاشکرای دەکات، هەموو جووڵە و ڕیتمێکی قسەکردن تەفسیر دەکات، لە سەر هەموو خاڵەکان قووڵتر دەبێتەوە.

### ٣/٣-٤ شایەتحاڵەکان چی دەگێڕنەوە:

شایەتحاڵەکان هەر یەک بە پێی ئاستی تێگەیشتن و بینین و ئەزموونی خۆیان چیرۆکەکان دەگێڕنەوە، بە شێوەیەکی گشتییش ئەو چیرۆکانە دوو بەشن.

### ٣/٣-٤-١چیرۆکی تایبەتی:

ئەم چیرۆکە بەو شێوەیەیە، کە شایەتحاڵ تەنها خۆی بینیویەتی و تێکەڵ بە هەست و دۆخی خۆی لەو کات و سەردەمەدا دەکات، واتە کۆی کاریگەریی ڕووداوەکە تەنها لە سەر خۆی باس دەکات، بە تەنها چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە و نایبەستێتەوە بە وێنە گشتییەکەوە، چیرۆکی تایبەتی زۆر جار مۆرکی چیرۆکی کۆمەڵایەتی، کەسێتی، سۆزداری، کۆژانی تایبەت و بیرکردنەوەی جیاواز وەردەگرێت، گرنگە ئەدەب بەردەوام وێنەی ئەدەبی و هونەریی سەرنجڕاکێش و بەهێز لەم چیرۆکانە دروست بکات.

### ٣/٣-٤-٢ چیرۆکی گشتی:

کۆی ڕووداوەکە لە زاری شایەتحاڵەکانەوەیە، واتە وەک ئەوەی مەبەستی ئەنجامدەری پرۆسەی ئەنفال چی بووە، شایەتحاڵیش هەم ڕووداو دەگێڕێتەوە و هەم وێنەیەکی گشتیی ڕووداوەکە دەکێشێت، چیرۆکی گشتی کە شایەتحاڵەکان دەیگێڕنەوە

---

[٢١٦]- جاک دریدا، الكتابة والاختلاف، ترجمة: كاظم جهاد، تقديم: محمد علال سيناصر، الطبعة الثانية، دار توبقال لنشر، الدار البيضاء، ٢٠٠٠، ص١٠٧.

[٢١٧]- فريدريك نيتشه، انسان مفرط في انسانيته، ج٢، ترجمة: محمد الناجي، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠١، ص١٥٣.

پتر مۆرکێکی سیاسی و تا ڕادەیەک تاک ڕەهەند لە خۆ دەگرێت، بۆیە بۆ ئەدەب گرنگە ئەم مۆرکی تاکڕەهەندییە کاڵ بکاتەوە و ڕەهەندی تر لەو چیرۆکە گشتییانەدا دەربهێنێت و بە سەلیقە و وردیی خۆی بیاندۆزێتەوە.

## ٣/٣-٥ شایەتحاڵەکان: تایبەتمەندییەکانی

کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفالدا هەیە، کە جیایان دەکاتەوە لە هەر کەسێکی تر، هەر ئەم تایبەتمەندییانەیش دەبنە هەوێنی زۆر سیفەت و ڕەفتاریان و کەسێتییەکی دیاریکراویان پێ دەدات، کە لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێ لەم تایبەتمەندییانە دەکەین، بێ گومان لەو ڕووەوە تەنها ئەم تایبەتمەندییانەمان هەڵبژاردوە، کە دەزانین بۆ نووسەری ئەدەبی و بۆ تێکستی ئەدەب، زۆر گرنگە ڕەچاوی ئەم تایبەتمەندییانە بکرێت:

### ٣/٣-٥-١ ژیان لە ناو ڕووداوەکاندا:

گرنگترین تایبەتمەندیی شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال بریتییە لەوەی خۆیان بە واقیعی لە ناو ڕووداوی ئەنفالدا ژیاون، هەرگیز ئەم خاڵە شتێک نییە هەر وا بە نووسین و بە قسە ئاسان بێت. ژیان لە ناو ڕووداوی ئەنفالدا، ترسناکترین دۆخە کە ئەمان پێی دا ڕۆیشتوون، درێژبوونەوەی ئەم مەرگەساتەیش لەوەدایە، زۆربەیان یان بە تەنها ڕزگاریان بووە، یان زۆربەی کەسوکاریان نەماون و لەو ڕووداوەدا تێدا چوون، ژیان لە ناو ڕووداوی ئەنفالدا واتە، ئەزموونی بینینی مەرگ، ئەزموونی بینینی مەرگیش ئاسان نییە، لە ناو ئەزموونی ژیاندا یان بۆ کەسانێک کە هەرگیز و بە هیچ شێوەیەک نەیاندیوە، وێنا بکرێت و بگێڕدرێتەوە، بۆیە پێویستە ئەدەب خەیاڵ و فەنتازیای خۆی بۆ بخاتە کار، تا بتوانێت لەو هەرێمە نزیک ببێتەوە، کە تێیدا ئەزموونی مەرگ دەکرێت. ئەدەب پێویستە بە جۆری تر ئەزموونی مەرگ بگێڕێتەوە و هەوڵ بدات ڕەهەند و کاریگەرییەکانی دەربخات، وەک چۆن لای بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا لە کاریگەریی بینینی ئەزموونی مەرگدا، یەکێک لە کارەکتەرەکان وەها دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، کە دونیابینیی خۆی بۆ سەرجەم ژیان دەگۆڕێت و بە جۆرێک سەیری عەدالەت و تۆڵەکردنەوە و کۆمەڵێ چەمکی تری ژیان دەکات. [٢١٨] بۆ تێگەیشتنیش لە ژیان لە ناو ڕووداوەکاندا، پێویستە لە چەمکی ڕووداو ڕابمێنین.

[٢١٨]- بڕوانە: بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.

## أ- پێناسی ڕووداو:

ڕووداو له گۆشەی کۆمەڵایەتی یان سایکۆلۆژیا یان فەلسەفە یان هەر گۆشەیەکی ترەوە دەکرێت ڕوودانی شتێک بێت لە کات و شوێنی دیاریکراودا و خوێندنەوەی جیاواز هەڵبگرێت، لە ئەدەبدا ڕووداو (بریتییە لە کۆمەڵێک جووڵە و بزووتن کە بە شێوەیەکی هۆکاری ورد بە دوای یەکدا ڕێکخراون، ڕووداو ئەو تەوەرە گرنگەیە کە ڕەگەزەکانی نێو دەق: چیرۆک و ڕۆمان پێکەوە دە بەستێتەوە.)[٢١٩] مەبەست لە ڕووداو ئەوە نییە، هەر شتێک ڕوو بدات، بەڵکوو ئەو چرکەساتەیە کە تێیدا شتێک ڕوو دەدات، ئیتر دوایی شتگەلی نوێی پەیوەست بەو ڕووداوە دێنە کایەوە. لەحزەی دوای ڕوودان وەک پێش ڕوودان نییە، ڕووداو کە ڕووی دا، دوای ئەوە زۆر شت دەبێت بگۆڕێن، وەک گوزارشت لە ڕووداو، نەک هەموو شتەکان وەک خۆیان بمێننەوە، ئەوەی پەیوەستە بە ڕووداوەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداو و دەگۆڕێت، ئیتر مەرج نییە هەر ڕووداوەکان گەورە بن، بەڵکوو چیرۆکە بچووکەکان و زۆر تایبەتەکانیش ڕووداوی ڕاستەقینەیان تێدا بێت، کە بە دوایدا ڕیتمی ژیانی هەموو شتەکانی پەیوەست پێوەیە بگۆڕرێن، هەر وەک چۆن میشیل فۆکۆ (زیاتر گرنگیی بە ڕووداوی ناگرنگ دەدات وەک لە ڕووداوی مێژوویی زۆر گرنگیپێدراو).[٢٢٠] بۆیە لێرەدا بە گرنگی دەزانین لە پێناسی ڕووداوەوە بپەڕینەوە بۆ تایبەتمەندیی ڕووداو.

## ب- تایبەتمەندیی ڕووداو:

لێرەدا دەستنیشانی گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە دەکەین کە دەکرێت لە ڕووداودا هەبن:

١- ڕووداو گۆڕانە، ئەوەی گۆڕانیش دروست دەکات مەرج نییە گەورە بێت، بەڵکوو دەکرێت ڕووداوی زۆر بچووکیش گۆڕان دروست بکات، بۆیە ئەدەبی داهێنەرانە تەنها لە سەر ڕووداوە گەورەکان ناوەستێت، بەڵکوو هەندێ ڕووداوی بچووک و زۆر تایبەتی ئەو کەسێتییانەی کاریان لە سەر دەکات، دەکرێت جێگەی گرنگی بن و ببنە هەوێن و تەوەری سەرەکیی کارێکی ئەدەبی.

٢- تایبەتمەندیی دیاری ڕووداو ئەوەیە، کە بە دوای خۆیدا شتی نوێ دەهێنێتە پێشەوە، بیرکردنەوەی تازە دروست دەکات و دونیابینییەکی تر دادەمەزرێنێت، ئەمەیش واتە ڕووداو کاریگەریی لە خۆیدا هەڵدەگرێت و ئەم کاریگەرییەیش لە گۆڕانی شتەکانی دوای خۆی بەرجەستە دەکات.

---

[٢١٩]- رابح الأطرش، مفهوم الزمن في الفكر والأدب، مجلة العلوم الأنسانية، قسم اللغة العربية وأدابها، جامعة فرحات عباس –سطيف، ٢٠٠٦، ص٦٣.

[٢٢٠]-تشارلز ليموت، حقل فوكو، ترجمة: خالدة حامد، مجلة الاداب الاجنبية، عدد١٠٩، سورية، ٢٠٠٢، ص٣٢.

٣- ڕووداو تایبەتمەندیی سیمبولیی هەیە، واتە بە شێوەیەک پەیوەندیی شتەکان و مێژوویان بە جۆرێکی تر دادەڕێژێتەوە و ڕێکیان دەخاتەوە، کە ئەمە زیاتر مۆرکی ڕووداوە لە ناو کاری ئەدەبیدا.

٤- ڕووداو چرکەساتێکە کە ئاماژەی دابڕانی لە پێش خۆی هەڵگرتووە، قۆناغێکە کە ئەم دیو و ئەو دیوی لە یەک جیاوازن، واتە دەشێت خۆی دووبارە ببێتەوە، بەڵام هەرگیز ئەو ژیانەی پێش خۆی دووبارە نابێتەوە و ئەو دۆخە ناڕواتەوە شوێنی خۆی.

٥- ڕووداو هەمیشە کات دابەش دەکات، لە زەمەنێکدا ڕاوەستاوە و سێبەری بە سەر داهاتووەوەیە و وزەی دروستبوونیشی لە ڕابردوەوە وەرگرتووە، بۆیە ئەوە ڕووداوە چرکەساتێک تۆخ دەکاتەوە و لە ناو مێژوودا تۆماری دەکات، نەک کات بێت و مێژوو دروست بکات، بۆیە قۆناغێکی مێژوویی لە کاتێکی دیاریکراوەوە دەست پێ ناکات، کە ئەو کاتە ئەو مێژووەی دروست کردبێت، بەڵکوو ئەو ڕووداوە ئەو قۆناغە مێژووییە دروست دەکات، کات تەنها بە هۆی ئەمەوە زەق دەبێتەوە.

## ٣/٣-٥-٢ پشتبەستن بە یادەوەری:

تایبەتمەندییەکی تری شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال پشتبەستنە بە یادەوەری، شایەتحاڵانی قوربانیی ئەنفال ڕووداوەکان دەگێڕنەوە، ئەوە دەگێڕنەوە کە بیریان ماوە، ئەوەیش کە بیریان ماوە، لە یادەوەرییاندا ماوە و پارێزراوە. یادەوەری کۆگای هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ لە ڕابردوودا پێیاندا ڕۆیشتووە و ئەزموونی کردوون، (یادەوەری بریتییە لە توانایی مرۆڤ بۆ پارێزگاریکردن لە زانیارییەکان، کە ئەزموونی کردوون و لە کاتی پێویستدا بۆیان بگەڕێتەوە.)[٢٢١] بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین لە سەر چەمکی یادەوەری ئەگەر بە کورتییش بێت ڕابوەستین:

## أ- پێناسی یادەوەری:

یادەوەری چەمکێکە زیاتر لە دەروونشیکاریدا زۆر بەکار دەهێنرێت، یاخود زۆر پەنای بۆ دەبرێت، بە مانای دەروونشیکاری، ئەنفال تراومایە. تراومایش ئەو لێدان و زیانە دەروونییەیە کە زۆر بە قورسی بەر قوربانی دەکەوێت، لێدانێکی وەها کە لە پاش خۆی زام و ترس جێ دەهێڵێت. ڕووداوێکە و مێژووی قوربانییانی زیندوو پڕ دەکات لە تارماییی سامناک، تارماییگەلێک کە هەمیشە بە دوایەوەن و لێی نابنەوە و بە هیچ جۆرێک ناتوانێت خۆی لە دەستیان ڕزگار بکات، بە دڵنیاییەوە قوربانی بکەوێتە باشترین نازونیعمەت و خۆشگوزەرانی و هەمیشە چاوی ناز و خزمەتی لە سەر بێت و

---

[٢٢١]- ساسان الهام، تأثير الصدمة الجمجمية على الذاكرة وكيفية إعداة تأهيلها، مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجستير، كلية الاداب و العلوم الأنسانية والأجتماعية، قسم علم النفس و علوم التربية، جامعة الحاج لخضر -باتنة-، ٢٠٠٦-٢٠٠٧. ص٣٠.

له هەموو خێر و خۆشییەک بەهرەمەند بێت، هێشتا ڕزگاربوون لە دەست ئەو تارماییانە ئەستەمە، بۆیە تەنها چارەسەرێک هەبێت بۆ ئەم دۆخە، فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی ئەو تراومایەیە، ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت بە هەر جۆرێک بێت لە بیر ببررێنەوە، کۆششێکی زۆر بکرێت تەنها لە پانتاییی نائاگاییدا بمێننەوە و نەهێڵرێت پێ بخەنەوە ڕووبەری ئاگاییەوە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە، ئایا چۆن دەتوانرێت تراوما بیر ببررێتەوە؟ چۆن دەتوانرێت ڕێگە لە تارماییەکانی بگیررێت و لە ڕووبەری نائاگایی گوزەر نەکەن و پێ نەخەنە ناو پانتاییی ئاگاییەوە، هەر لە نەستدا بمێننەوە و خامۆش ببن و هەرگیز نەیەنەوە سەر گۆڕەپانی هەست؟ ئایا ئەو کارە هێندە ئاسانە وەک لێرەدا باسی دەکەین؟ چۆن دەکرێت کاریگەرییەکانی فەرامۆش بکرێت؟

سلاڤۆی ژیژەک پێی وایە، (مامەڵەی دروست لەگەڵ تراوما مێژووییەکاندا، بەوە نابێت بیریان بهێنیتەوە یان لە بیر خۆتیان ببەیتەوە. ئەو زەربە و زیان و تراومایانەی کە ئێمە هەرگیز بۆمان ناکرێت بیریان بهێنینەوە، بە ڕەقی و بە زەقی لە بەردەممان قوت دەبنەوە. بۆیە پێویستە لەو پارادۆکسە خۆمان لا نەدەین. لە پێناو ئەوەی بە شێوەیەکی دروست ڕووداوێک لە بیر بکەین، پێویستە بەر لە هەموو شتێک خۆمانی بۆ ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی بە باشی بیری خۆمانی بهێنینەوە. بۆ تێگەیشتن لەم پارادۆکسەیش، پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین لە بەرامبەر "بوون"دا جەمسەری پێچەوانە "نەبوون" نییە، بەڵکوو جەختکردنەوەیە)[٢٢٢]. واتە گەر شتێک لەم بۆچوونەی سلاڤۆی ژیژەک تێ بگەین، دەڵێین، بۆ ئەوەی تراومای ئەنفال لە بیر بکەین، کارێکی ڕاست نییە هەوڵ بدەین نکوڵیی لێ بکەین و بڵێین شتێک نییە شایەنی گرنگی بێت، چونکە ئەمە هیچ دەرئەنجامێکی ئەوتۆی نییە، ڕێگای ڕاست ئەوەیە جەخت لە بوونی ئەم تراومایە بکرێتەوە، پێویستە ئەنفال وەک حەقیقەتێک، کە کاریگەریی گەورەی دەروونیی هەبووە و هەیە قەبووڵ بکرێت، بە کاری ئەدەبی و هونەری و چالاکیی تر گوزارشتی لێ بکرێت، تا لەوێوە مرۆڤی قوربانی لەگەڵ ئازارەکانی ڕابێت و ئیتر هەست بە شۆک و پەشۆکانی دەروونی قورس و لەناکاو نەکات، پێویستە بەردەوام جەخت لە ئاکامە ترسناکەکانی کارەساتی ئەنفال بکرێتەوە، تا دەرئەنجام قوربانیی زیندووی ئەنفال لە ناو جۆرێک لە ڕاهاتن و دووبارەبوونەوەدا ژیانێکی ئاسایی وەربگرێت، چیی تر کاریگەریی ئەم تراومایە لە سەری کەم ببێتەوە، بێ گومان بۆ ئەمەش هۆکارەکانی بیرهێناوە و جەختکردنەوە زۆرن، کە دەکرێت بەشێکیان کاری ئەدەبی بێت.

---

[٢٢٢]- تۆنی مایەرز، فەلسەفەی سلاڤۆی ژیژەک، و: وەلید عومەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٥٩-٦٠.

### ب- تایبەتمەندیی یادەوەری:

یادەوەریی شایەتحاڵی قوربانیی ئەنفال وەک یادەوەریی هەر مرۆڤێکی تر کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە یادەوەریی شایەتحاڵی قوربانیی ئەنفال و هەموو قوربانییانی تری زیندووی ئەنفال تاڵتر و خەمناکتر و سامناکترە، لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندیی یادەوەری دەکەین:

١- یادەوەری ڕووبەرێک لە ناو نەستدا دەگرێت، یادەوەری هەمیشە مرۆڤ بۆ دەرەوەی نانێرێت، هەر کات ویستی لە سەر بێت یان ناچار کرا، ئەو کاتە ئەم یادەوەرییانە لە نەستەوە دەهێنێتەوە سەر شانۆی هەست و بەو کەناڵەدا بە دەرەوەی ڕادەگەیەنێت، یادەوەری بەو پێیەی هەمیشە ناجووڵێنرێت، هەمیشە باس ناکرێت و ناهێنرێتەوە ئارا، بۆیە بابەتەکانی لە ناو نەستی مرۆڤدا هەڵدەگیرێن و دەپارێزرێن، ئەمانە بە پێی کاریگەری و گرنگییان لە هەستی مرۆڤدا دەردەکەونەوە. یادەوەریی قوربانییانی زیندووی ئەنفالیش بەو پێیەی باسمان کرد کە تاڵ و سامناک و بە ئازارن، زووزوو لە هەستی مرۆڤدا لە شێوەی خەم و ئازار و فرمێسکدا کاریگەریی دەنوێنن، ئەم خاڵەیش بۆ کاری ئەدەبی و هونەری زۆر گرنگە ڕەچاو بکرێت، کاری هونەری و ئەدەبی بە شێوەیەکی زۆر و بەڕوونی کار لە سەر پانتاییی نەستی مرۆڤ دەکەن، هەموو کارە ئەدەبییەکانی پاری یەکەمی ئەم بەشە نموونەن بۆ ئەم خاڵە بە تایبەت ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب و ڕۆمانەکانی کاروان عومەر کاکەسوور. لە ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا) کاروان عومەر کاکەسوور، یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو دەنێت "ست ئەنفال" ئەم ناوەیش لە ژێر کاریگەریی یادەوەرییەکانی ئەنفالدا بووەتە ناسنامەی ئەو کارەکتەرە، لە بەشێکی ئەو ڕۆمانەدا هاتووە:

**(شەوان لە ناو تاریکاییدا وەکوو دوو قۆریی چا دەردەکەون... پووشە سپییە درێژەکان، کە لە قژی "ست ئەنفال" دەچن و بەم لا و بەو لایدا شۆڕ بوونەتەوە، دیمەنێکی زۆر سەیریان پێ بەخشیوە و هەر بە ڕاستیی وەکوو دەموچاوی بنیادەم دەردەکەوێت... ئەو جارەش پاڵتۆ ڕەشە درێژەکەی ئامۆژنی لە دارێکی درێژی سپی هەڵکێشا و خستییە ژێرییەوە... چوو بانگی "نێرگز"ی کرد و پێی وت:**
**چاوت خێلکە و سەیری بکە، بزانە هەر بە ڕاستی لە ست ئەنفال ناچێت...!!)**[٢٢٣]

٢- یادەوەری بریتییە لە کۆمەڵێ ڕووداو کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، هەر یەک لەم ڕووداوانە بە پێی گرنگی و بەهێزی و کاریگەرییان دێنەوە بەر هەست و یاد دەکرێنەوە و بە بیری مرۆڤ دێنەوە، ڕووداوی ئەنفالیش وەک گرنگترین و بەهێزترین ڕووداو لە ڕووی ئەوەی کە زۆر خەمناک و تراژیدییە، ڕووداوێکی کاریگەرە بۆیە

[٢٢٣]- کاروان عومەر کاکەسوور، ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا، ڕۆمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٤٥٨.

زووزوو دەکەوێتە بیری کەسی خاوەن یادەوەری. یادەوەری کە کۆمەڵێ ڕووداو بێت لە ڕابردووی مرۆڤدا ڕوویان دابێت، واتە یادەوەری بریتییە لە مێژووی ئەو مرۆڤە.

٣- یادەوەری هەڵگر و پارێزەری ئەو ڕووداوانەیە کە لە ژیانی مرۆڤدا ڕوویان داوە، واتە هەرگیز ئەم ڕووداوانە وەک بەشێک لە ڕابردووی مرۆڤ لە ناو ناچن، بەڵام ئەوەی کە زۆریان ناکەونەوە بیر و باس ناکرێنەوە و لە هیچ بۆنەیەکی جیاجیادا هەندێ بە هەستدا گوزەر ناکەن، ئەوە پەیوەندیی بە ئاستی بەهێزیی کاریگەرییەوە هەیە، جا ئەنفالیش لە ژیانی مرۆڤی قوربانیی ئەنفالدا ڕووداوێکی بە هێز و خاوەن کاریگەرییە بۆیە کە لە یادەوەریدا هەڵدەگیررێن و دەپارێزرێن، زووزوویش دێتەوە بیری قوربانیی ئەنفال و تازە دەبێتەوە.

٤- یادەوەری کاریگەریی لە سەر ڕەفتاری مرۆڤ دەبێت، هەستی خۆشی و ناخۆشی دەبەخشێت، دەتوانێت هەم فرمێسک و هەم خەندەیش بهێنێتە سەر ڕوخساری مرۆڤ، ڕووداوی ئەنفالیش تەنها بە دیوە خەمناکەکەی ئەم جۆرە هەستانە بە قوربانیی زیندووی ئەنفال دەبەخشێت و بەردەوام ئازاری دەدات.

### ٣/٣-٥-٣ لایەنی دەروونی:

بۆ مرۆڤی قوربانیی ئەنفال و شایەتحاڵی قوربانییش هەر وا، لایەنی دەروونی خەسڵەتێکی تایبەتی هەیە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لێی پێویستمان بە دەروونناسییەکی تایبەت دەبێت، مەبەستمان لە دەروونناسیی تایبەت، ئەوەیە کە لە حاڵەتی ڕۆتین و خوێندنەوەی دیاردەی تایبەت و زۆر بینراو و چاوەڕوانکراو و پێوەر و میکانیزمە دیاریکراوەکانی تا ڕادەیەک لا بدات و پێوەر و میکانیزمی تر و جیاواز بۆ ئەو دۆخانە بدۆزێتەوە. لە پێناسەیەکی ڕۆتینی و زۆر بیستراودا دەوونناسی (بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ڕەوشتی ئادەمیزاد، بە شێوەیەکی زانستییانە.)[٢٢٤] بەڵام بۆ قوربانییانی زیندووی ئەنفال ڕەوشت ڕەوشتێکی تایبەتە، لە ژێر کاریگەریی ڕووداوێکی تاڵ دروست بووەتەوە و شوێنەواری ئەو ڕووداوەی پێوە دیارە، لە ئەدەبیشدا ئەم لایەنە پێویستە بەم تایبەتمەندییە جیاوازانەیەوە دەربکەوێتەوە و لەو ڕۆتینە لا بدات، وەک لە پاری یەکەمی ئەم بەشەدا باسمان کرد، بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکاندا) بە جۆرێکی تر و تایبەت، کە جیاواز لەو ڕۆتینەی لە سەری ڕاهاتووین، پێناسەی چەندین چەمکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەکات، ئەو جۆرە پێناسە جیاوازانەیش، لە ژێر کاریگەریی سایکۆلۆژیا و بیرکردنەوەیەکی جیاواز دایە، کە نووسەر لە زاری ئەو کارەکتەرەوە کە کارەساتەکانی بە سەر هاتووە و بووەتە سایکۆلۆژیا و بیرکردنەوەیەکی جیاواز، ئەو جۆرە پێناسانەی بۆ ئەو چەمکانە

---

[٢٢٤]- طلعت منصور و اخرون، أسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٩٧، ص ١٠.

دارِشتووەتەوە، بۆ نموونە بە جۆرێکی جیاواز پێناسەی عەدالەت و ئاوارەیی، و مۆسیقا و جوانی و... هتد دەکات. کە پێشتریش باسمان کرد، ئەم نموونەیە دەخەینە بەر چاو:

**(هیچ عەدالەتێک، هیچ تۆڵەیەک ئەو ئازارانە ناسڕێتەوە، کە قوربانییەکی بێگوناه دەیچێژێت. من باوەڕم بە شتێکی تر هەیە، باوەڕم بە جوانی هەیە. مرۆڤ ناتوانێت دادپەروەر بێت، بەڵام دەتوانێت لە بریی ئازار جوانی دروست بکات... گەورەترین تۆڵە لە ناهەقییەکانی دونیا ئەوەیە مرۆڤ شاعیر بێت، مۆسیقای جوان لێ بدات، تابلۆ دروست بکات لە پێشدەمیدا سەرسام بوەستین، لەوە بترازێت هیچ عەدالەتێک نییە. پێت دەڵێم، گەمژە ئەو کەسانەن کە چاوەڕوانن سیاسییەکان عەدالەتیان بۆ بێنن، ئەو گەمژانەن دونیایان وێران کرد، پەح، دەبێت چەند بێ مێشک بن ئەو بەشەرانەی چاوەڕوانن سەرۆکە گەمژەکانیان عەدالەتیان بۆ بهێنن).** [٢٢٥]

ئەوەیش هەر چەند بگوترێت بیرکردنەوەی جیاواز و جۆرێک هۆشیاریی نوێیە، کە بە دڵنیایی وایە، بەڵام ئەوە لە ژێر کاریگەریی سایکۆلۆژیایەکی نوێدایە، بۆیە گرنگە لایەنی دەروونیی ڕەچاو بکرێت.

## ٣/٣-٥-٤ سادەیی لە گێڕانەوەدا:

گێڕانەوە زۆر کار لە سەر عەقڵ ناکات، بەڵکوو کار لە سەر بیرهاتنەوە و یادەوەری دەکات، مەبەست لەوەی کە کار لە سەر عەقڵ ناکات، واتە ڕووداوەکان ناکاتە بیرۆکە بۆ دامەزراندنی تێگەیشتنێکی ورد و جیاواز لە کۆی ڕووداوەکان، ئەوەی دەگێڕڕێتەوە بۆ بزواندنی هەستە، بۆ جووڵاندنی ویژدانە، بۆ کاریگەریدانانی سۆزدارانەیە لە سەر وەرگر، تا دەگێڕڕێتەوە، زیاتر دەبێتە حیکایەت و وانەی ئەخلاقی، ئایینی، نیشتمانیی لێوە دێتە سەر، کەمتر بە لای فیکر و جووڵاندنی بیرکردنەوەدا دەچێت، حیکایەت هەمیشە دەچێتەوە سەرەتا و دەست پێ دەکاتەوە، چیرۆکێکە کۆتایی نایەت و بەردەوامە لە وانەی ئەخلاقی، ئایینی، نیشتمانیی خۆی، ئەو کات گێڕانەوەی ڕووداوەکان فیکر دەجووڵێنن کە بتوانین خاڵی کۆتاییان بۆ دابنێین، کۆی ڕووداوەکە وەک یەکێتییەکی بابەت بخوێنینەوە، نەک تەنها گۆشەیەکی بیرهاتووەوەی گێڕانەوەکان، کاتێک بتوانین خاڵی کۆتایی بۆ ڕووداوەکان دابنێین، دەتوانین شییان بکەینەوە، هۆکار و بزوێنەرەکانیان ئاشکرا بکەین، بۆیە کە گێڕانەوەکان تەنها کار لە سەر بزواندنی هەست دەکەن و دەیانەوێت سۆز بجووڵێنن، دەتوانین بڵێین ئەو گێڕانەوانە سادەن لە گێڕانەوەدا. سادەیی لە گێڕانەوە بۆ شایەتحاڵی قوربانیی ئەنفال ئاساییە، ئەو بە شێوەی زاری ناوچەیی خۆی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، پشت بە قسەی سادەی ڕۆژانە دەبەستێت، ئەمە ڕاستە دەبێتە کەرەستەی خاوی بابەتی ئەدەبی، بەڵام بە هەمان

[٢٢٥]- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل١٩٥-١٩٦.

ستراتیژ نا، که گوتمان بۆ گێڕەرەوەی شایەتحاڵی قوربانیی ئەنفال ڕووداوەکان دەبنە حیکایەت بۆ جووڵاندنی سۆز و ویژدان و وانەی ئەخلاقی، ئایینی، نیشتمانیی پەخش دەکەن، بەڵکوو ئەم مادە خامە بۆ ئەدیب ستراتیژێکی تر دەدات، کە ئەویش دروستکردنی بیرۆکەیە بۆ بەرهەمهێنانی تێگەیشتنی تر لە سەر ڕووداوەکان.

نووسەری ئەدەبی پابەند نابێت بە ئاراستەکردنی وانەی ئەخلاقی، ئایینی و نیشتمانی، بەڵکوو دەیەوێت لە زەمینەی ڕوودان و کاریگەرییەکانی ئەو ڕووداوانە تێ بگات، ڕاستە گێڕانەوە لە ئەدەبدا (هونەرێکی پەخشانیی ئەدەبیی قەشەنگە کار لە سەر ناساندنی کەسایەتییە خەیاڵی و واقیعییەکان و ڕووداوەکان دەکات لە سەر شێوەی گێڕانەوەی زنجیرەیی یاخود نزیک لە یەک.)[٢٢٦] بەڵام ئەمە پتر بۆ بەرهەمهێنانی تێگەیشتنی نوێیە، نەک جووڵاندنی هەستوسۆز. ئەدەب ئەگەر زمانی شایەتحاڵی قوربانیی ئەنفال بەکار بهێنێتەوە، ئەگەر هەمان زاری ناوچەیی کە قسەی پێ دەکات بخاتەوە ناو تێکستەوە، کە بێ گومان هەموو ئەمانە دەشێت ڕوو بدەن، بەڵام پێویستە نووسەری ئەدەبی ئەم جۆرە بەکارهێنانە، نەکاتە هۆکارێک بۆ سادە و ساکاریی تێڕوانینەکانی خۆی، سادەیی گێڕانەوەی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال، ئیستاتیکا و قووڵی و ڕاستگۆیییەکی بە بەهای تێدایە، کە گرنگە ئەدەب بیدۆزێتەوە و کاری لە سەر بکات، سادەیی گێڕانەوەی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال میتافۆڕی قووڵی تێدایە و پێویستە ئەدەب دونیای دەوروبەری خۆی پێ ڕۆشن بکاتەوە، زمانی گێڕانەوەی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال، سادە و ساکارە، بەڵام قووڵییەکی تێدایە کە پێویستە ئەدەب پێوەی ماندوو ببێت و سۆراغی ئەو گەوهەرە بکات، زمانی گێڕانەوەی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال تێپەڕ و خێرایە، بەڵام لە ئەدەبدا ئەم خێراییە لە گەیاندندا پێویستە مرۆڤ ڕابگرێت.

## أ- پێناسی سادەیی:

سادەیی بێپێچوپەنا گەیاندنی مەبەستە، ڕاستەوخۆ پەردەهەڵماڵینە لەوەی دەمانەوێت ئاشکرای بکەین، جۆرێکە لە خاکەڕایی لە خۆدەربڕین، بەڵام هەموو ئەمانە ئەو پاساوە بەدەستەوە نادەن یان ئەمانە ناکرێنە بیانوو بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ئاستی ڕووکەشدا بمێنێتەوە و قووڵ نەبێتەوە، بە توێژاڵەوە بنووسێت و ڕەگەکان هەڵنەکۆڵێت، بۆیە ڕاستە سادەیی سیفەتی شایەتحاڵی قوربانیی زیندوویی ئەنفالە، بەڵام ئەم دەنگە لە پاڵ سادەییدا قووڵ دەڕوانێت، لەگەڵ ئەوەی ڕاستەوخۆ خۆی دەردەبڕێت، بەڵام مانای جەوهەری و ڕیشەیی هەیە و پێویستە بدۆزرێتەوە، سادەیی زۆر جار دەبێتە چەکی شۆڕشگێڕی وەک لای گاندی دەیبینین، لای شایەتحاڵی قوربانیی زیندوویی ئەنفال،

[٢٢٦]- محمد غنيمي هلال، النقد الأدبي الحديث، دار العودة، بيروت، لبنان، ١٩٨٧، ص١٣.

دەکرێت هێمای ئاشکراکردنی دونیایەک بێت کە تێگەیشتن لێی هێندە ئاسان نییە، سادەیی لە ئەدەبدا دژ بە دۆگمی ئاڵۆزییەکی دروستکراو، کە جگە لە کوێرەڕێیەک ناگاتە هیچ جێگەیەک، بەکار دەهێنرێت، سادەیی ئەگەر لای شایەتحاڵی قوربانیی زیندوویی ئەنفال، دەروونی ساف و پاکیی دەربڕین و ڕاستگۆیی بێت، لە ئەدەبدا ئەمانە دەبنە هۆکارێک بۆ هەڵکۆڵین و گەیشتن بە مانای نوێ، دەبن بە قووڵییەک بۆ دۆزینەوەی ڕەگەکانی هۆکاری ڕووداوەکان. سادەیی گەر لای شایەتحاڵی قوربانیی زیندوویی ئەنفال، نیەتی جوان و بێ گرێوگۆڵی و سافیی دەربڕین بێت، لای ئەدەب هۆکارێکە بۆ وەستانەوە بە ڕووی هەموو ئەو چاوچنۆکییە مادییە گەورانەی کە مرۆڤ بە دەسەڵاتدارانەوە دەبەستێتەوە. گەر سادەیی شایەتحاڵی قوربانیی زیندوویی ئەنفال شێوازی ژیانە و هەر وا ڕاهاتوون، لە ئەدەبدا شێوازی بەرەنگارییە دژ بەو سیستەمەی، لە سەر شێواندنی سادەیی و خوڵقاندنی ئاڵۆزیی دەستکرد بونیاد نراوە.

### ب- تایبەتمەندیی سادەیی:

سادەیی وەک هەر شتێکی تر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام گرفتەکە لە ڕوانگەی جیاوازدایە بۆ سادەیی، سادەیی لە هەندێ ڕووەوە شتێکە و لە هەندێ ڕووی ترەوە شتێکی تر، بۆیە لێرە تەنها لە ڕووی ئەو پێناسەیەی پێشتر بۆ سادەیی کردمان، هەندێ تایبەتمەندیی سادەیی چ لای شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال و چ لە ئەدەبدا دەستنیشان دەکەین:

١- سادەیی لە سەر ئاستی زمان خۆی نماییش دەکات، شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال ئەوەی دەری دەبڕێت سادەیە، قسەکردن بە زمانی ناوچەیی وەک سادەیی خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە ئەدەبدا زمانی قسەکردن و دەربڕین سادەن، بەڵام گوزارشت لە کێشەی قووڵ و گرنگ دەکەن، بە قسەکردنی ئاسان سەرنجی ورد و دووربین دەردەبڕن.

٢- سادەییی ڕاستەقینە تەنها لە فۆڕمی ژیان و شێوازی هەڵسوکەوتدایە، نەک لە بیرکردنەوە و تێگەیشتندا، چونکە سادەیی لە فۆڕمی ژیان و شێوازی هەڵسوکەوتدا، واتە خۆبەدەستەوەنەدان بۆ ئەو سیستەمە کاپیتالیستییەی ژیانی لە سەر قورس کردووە و کردوویەتی بە ئامرازێکی بەرهەمهێنان، بەڵام ئەگەر سادەیی بۆ بیرکردنەوە و تێگەیشتن بگوێزرێتەوە و هۆشیاریی مرۆڤ داگیر بکەن، دەبێتە جۆرێک لە گێلێتیی مرۆڤ لە ئاست ئاڵۆزییەکانی دونیا و نادادپەروەرییەکانی، سادەیی لە هۆشیاریدا دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ئاستی تێگەیشتن لە کێشەکانی خۆیدا نەبێت، چونکە دونیای ئەمڕۆ چ بە شێوازی ژیان و ئاستی پێشکەوتن و هەنگاوەکانی بەرەوپێشچوونی

زانست، چ بەو سیاسەت و سیستمەی بەڕێوەی دەبات، تەواو ئاڵۆزە و پڕ نهێنی و گرێیە، بۆ تێگەیشتن لێی ڕادەستی ئەو داوایە نەبین کە هەموو شتێکی بە سادەیی دەوێت، دەخوازن مرۆڤ لە هەموو کایەکاندا (هونەر، سیاسەت، ئەدەب، زانست و هەموو جۆرەکانی تری هۆشیاری) بە سادەیی ڕەفتار بکات و هەر سادەیی بەرهەم بهێنێت، بۆیە ئەگەر شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال بە هۆی ئەو دۆخی ژیانەی هەیەتی، بەم جۆرە سادەییە ببینرێت، ئەوا بۆ ئەدەب پێویستە ئەم تایبەتمەندییە بهێرێتەوە سەر بنچینە ڕاستەکەی کە سادەیییەکی پۆزەتیڤە و دەیەوێت کلیلی کردنەوەی نهێنییەکانی جیهانێکی ئاڵۆز بن.

٣- سادەیی زوو مرۆڤ ڕادەکێشێت، بەخێرایی مەبەست دەگەیەنێت، لە گەیاندنی پەیامدا دوا ناکەوێت، ئەمانە هەموو تایبەتمەندیی سادەیین بۆ شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال، بەڵام ئەدەب دەبێت وریای ئەم خاڵە بێت، کاتێ سادەیی زوو مرۆڤ ڕادەکێشێت، سەرنجی تەنها لە یەک خاڵدا چڕ ناکاتەوە و بێ ئاگایانە و ناهۆشیارانە نایەت خاڵەکانی تر بشارێتەوە، بەڵکوو ئەو خاڵەی زوو دەگات، دەبێتە چرای ڕۆشنکردنەوەی خاڵەکانی تر کە بەخێرایی مەبەست دەگەیەنێت، مەبەست بۆ ڕۆشنکردنەوەی زۆرترین پانتایی دەگەیەنێت، نەک تەنها بۆ یەک شت و یەک بابەت، کە لە گەیاندنی پەیامدا دوا ناکەوێت، هەر خۆی پەیامێکی نوێ و قووڵ و نەبیستراو و چاوەڕێنەکراوە.

### پ- تایبەتمەندیی گێڕانەوە:

وەک دەزانین گێڕانەوە باسکردنی ڕووداوەکانی ڕابردووە، ئەوەی ڕووی داوە لە ڕێگەی زارەکییەوە یان نووسینەوە دەهێرێتەوە پێشەوە و زنجیرەی ڕووداوەکان و دیمەنەکانی دەهێرێتەوە سەر چاو و گوێ. تایبەتمەندیی گێڕانەوە بۆ شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال بریتییە لە باسکردن تا ئەوپەڕی ڕاستگۆیی، ڕاستگۆیی وەک تەکنیکێکی بەرهەمهێنانی حەقیقەت لە گێڕانەوەی ڕابردووی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال ڕۆڵی گەورەی هەیە، بەڵام لە ئەدەبدا ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەدا بەس نییە بۆ بەرهەمهێنانی زۆرترین حەقیقەت، بەڵکوو پێویستی بە دانپێدانان هەیە بە بێ سنوور و لە هەموو ئاستێکدا، وەک چۆن میشێل فۆکۆ لە باسکردنی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی دەڵێت: (دانپێدانان، لە خۆرئاوادا گۆڕرا بۆ یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی بەدەستهێنانی حەقیقەت، ئیتر ئێمە بووین بە کۆمەڵگایەکی دانپێدانەر، دانپێدانان هەموو شوێن و ئاستەکانی کۆمەڵگای گرتەوە، لە دادگا، پزیشکی، پەیوەندیی خێزانی، لە پەیوەندیی خۆشەویستی، لە هەموو شتێکی ژیانی و لە هەموو بۆنەکاندا، ئێمە دان دەنێین بە تاوان، گوناهـ ئەندێشە و خەیاڵ و ئارەزوو، سەربوردە و خەون، منداڵی،

سەختی و بەدبەختییەکانمان، ئێمە گرنگیی بە وردترین سەرنج دەدەین، بۆ پێلێنان لەو حەقیقەتەی کە درکاندنی زۆر سەختە، ئێمە لە چێژ و ناڕەحەتیدا دان بە هەندێ حەقیقەتدا دەنێین، کە دانپێدانانی بۆ هەر کەسێکی تر نەشیاوە، یاخود ناچار بە دانپێدانان دەکرێین، کاتێک کە دانپێدانان شتێکی سروشتی نییە، یا فەرمانێکی دەروونی دەیسەپێنێت، دانپێدانان زەبر و ناچارییە، ئێمە دانپێدانان لە کونجی ڕۆح یا لە جەستەدا دەکێشینە دەرەوە، لە سەدەکانی ناوەڕاست بە دواوە، ئەشکەنجە وەک سێبەرێک هاوکات بووە لەگەڵ دانپێداناندا، کاتێک کە دانپێدانان نەدەهاتە سەر زمان، ئەشکەنجە ناچار بە دانپێدانانی دەکرد، وەک بڵێی ناسکترین عەشق و خۆشەویستی و خوێنڕێژترین و ستەمکارترین دەسەڵاتەکان پێویستیان بە دانپێدانانە، مرۆڤ لە خۆرئاوادا گۆڕرا بۆ ئاژەڵی دانپێدانەر.)[٢٢٧] گرنگیی دانپێدانان بۆ ئەدەب لەوەوە دێت کە جگە لە هۆکارێک بۆ گەیشتن بە زۆر حەقیقەت، ئەوەیە، کە ڕاستگۆیی لای شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال هێشتا بەس نییە بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەوەی ڕووی داوە، چونکە ئەو زۆر جار لە ژێر جەبر و یاسا و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی یان ئایینی یان خێڵەکی و ڕەگەزی... هتدی دا، توانای دانپیدانان بە هەموو ڕابردووی وەک خۆی نییە، خۆبەخۆ لە ژێر کاریگەریی ئەم سانسۆرانەدا هەندێ لەو گێڕانەوانە دەقرتێنێت و باسیان ناکات، یان هەندێ جار درکیان پێ ناکات.

### ٦-٣/٣ شایەتحاڵەکان دەتوانن چ کارێک بکەن:

شایەتحاڵەکانی قوربانیی زیندووی کارەساتی ئەنفال و هەموو ئەوانەی لە کارەساتی ئەنفال ڕزگاریان بووە و دوای ئەو تراژیدیایە ئێستا لە ژیاندا ماون، دەتوانن زۆر شت بکەن، دەتوانن، سەرچاوەیەکی ڕاستودروست بن بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکە، ئەوەی بە چاوی خۆیان بینیویانە بیگێڕنەوە، ببنە کانگەیەکی باش بۆ بەڵگە لە سەر کارەساتەکە و چۆنێتیی ڕوودانی، ئەوان هەڵگری بەشێکی زیندوون لە ڕووداوەکان، دیمەنی ئەشکەنجە و زوڵم و تاوانیان لە سەر جەستەی خۆیان نووسیوەتەوە، ئەوان پارچەیەکن لە کۆ، دیمەنێکن لە تەواوی دیمەنەکە، هەمیشەیش ئەگەر تاک بەشێک لە سیفەتەکانی کۆی هەڵنەگرتبێت، نوێنەری ڕاستەقینەی کۆ نەبێت و نەبێتە بەڵگە بۆ هەموو، ئەوا دەتوانێت بەشێکی زۆری لە بارەوە ڕوون بکاتەوە، دەتوانێت چەند ڕوویەک و چەند لایەکی ڕوون بکاتەوە، بۆیە بە پێی ئەم لۆژیکە شایەتحاڵەکانی قوربانیی زیندووی کارەساتی ئەنفال و تەواوی هەموو ئەوانەی لە کارەساتی ئەنفال ڕزگاریان بووە، هەر کۆی کارەساتەکەش نەگێڕنەوە و نەزانن، ئەوا هەر بەشێکی زۆری دەزانن و دەتوانن ئەوەی بینیویانە بیگێڕنەوە، ئەوەیش سەرچاوەیەکی گەورەیە

---

[٢٢٧]- میشیل فوکو، تاریخ سکسوالیته، جلد اول- اراده به دانستن، ت: افشین جهاندیده، نیکو سرخوش، ص٧٠-٧١.

که دەتوانێت جێگەی بەڵگە و دۆکۆمێنتێکی زۆر بگرێتەوە که دەست نەکەوتوون، تەنانەت دەتوانن گرنگتریش بن له هەر بەڵگە و دۆکۆمێنتێک که لەو بارەوە هەیە، بێ گومان هەموومان دەزانین کەمترین وێنە له کاتی کارەساتی ئەنفالدا گیراوە و هەڵگیراوە، به تایبەت وێنەی ڤیدیۆیی زۆر کەمە.

بۆیە ڕووداوی ئەنفال ئەگەر لە چاو کارەسات و ڕووداوە تراژیدییەکانی تری مێژوو، وەک کارەساتی هۆلۆکۆست و هیرۆشیما و ناکازاکی و جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان له جەنگی یەکەمی جهانیدا له تورکیا، کەمترین بەڵگە و دۆکۆمێنتی شایەتحاڵەکانی قوربانیی زیندووی کارەساتی ئەنفال و هەموو ئەوانەی له کارەساتی ئەنفال ڕزگاریان بووە، دەتوانن ئەم بۆشاییيانە پڕ بکەنەوە، دەتوانن جێگەی هەموو ئەمانە بگرنەوە و گێڕانەوەکانیشیان ببنە سەرچاوەیەکی باش له سەر ئەو کارەساتە و چۆنێتیی ڕوودانی، ئەوەی ئەوان باسی دەکەن، بەدڵنیاییی زۆر گرنگە دەبێتە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر له سەر ئەوەی ڕووی داوە، کۆی ئەوەیش که له زاری ئەمان دێتە دەر، دەکرێت گرنگترین مادەی خام بێت بۆ ئەدەب، نووسەران به پێی ڕێباز و میتۆدی ئەدەبی کاری لەگەڵ بکەن و له بەرهەمی ئەدەبیدا بەکاریان بهێنن، شایەتحاڵەکانی قوربانیی زیندووی کارەساتی ئەنفال و هەموو ئەوانەی له کارەساتی ئەنفال ڕزگاریان بووە، دەتوانن کاریگەریی گرنگیان هەبێت، زۆر کاری گەورەیان له دەست دێت، بەڵام ئەوەی له هەمووان گرنگتر، بوونیانە به حیکایەتخوان، لەگەڵ بەرجەستەکردنەوەی تاوانی ئەنفالدا، که هەر دوو خاڵەکە، تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان به یەکەوە هەیە و دەتوانن یەک میکانیزمیان هەبێت، بەڵام لێرەدا به جیا و لەبەر گرنگییان، هەر یەکەیان سەربەخۆ باسیان دەکەین:

## ٣/٣-٦-١ بوونیان به حیکایەتخوان:

شایەتحاڵەکانی قوربانیی زیندووی ئەنفال دەتوانن ببن به حیکایەتخوان، بزانین حیکایەتخوان چییە، به کێ دەگوترێت حیکایەتخوان، تایبەتمەندییەکانی ئەم کەسە چییە و جۆرەکانی چۆن دەناسرێنەوە:

## أ- حیکایەتخوان چییە:

حیکایەتخوان چەمکێکی ئەدەبییە، پێشتر ئەوانەی ڕاستەوخۆ و له ناو خەڵکدا داستان و چیرۆک و حیکایەتیان بۆ خەڵک دەخوێندەوە. پێییان دەگوترا، حیکایەتخوان، بەڵام دواتر له چیرۆک و شانۆگەری و ڕۆماندا، ئەوانەی ڕووداوەکانیان دەگێڕایەوە و کارەکتەرەکانیان دەناساندن و زانیارییان له بارەی ڕووداوەکانەوە به خوێنەر دەدات، حیکایەت (کۆمەڵە ڕووداوێکی کەسێک یاخود زیاترە، گێڕەرەوەیەک به پێی ڕێکخستنی

کات و پەیوەندیی هۆکاری، بە شێوەیەکی چێژبەخش دەگێڕرێتەوە، تێیدا گێڕانەوە و گفتوگۆ، یاخود تەنها گێڕانەوە هەیە.)[٢٢٨]

لە ئەدەبی داهێنەرانەدا شایەتحاڵەکانی قوربانیی زیندووی ئەنفال، کە وەک سەرچاوەی گرنگی ڕووداوەکان، دەبنە حیکایەتخوان، بەڵام ئەوەندە چیرۆکەکان کاریگەرن، ڕەهەندەکانی ئەوەندە زۆرن، کە بۆی هەیە ئەو چیرۆکەی دەیگێڕێتەوە، لە کۆنترۆڵی حیکایەتخوان دەربچێت و بە ئاسانی نەیەتەوە ژێر ڕکێفی ئەو، دەکرێت گوێگر ببێتە هۆکارێکی دیار و چالاک لە دیاریکردن و ئاراستەکردنی ڕووداوەکان، ئەمەیش بێ گومان لەگەڵ تیۆرێکی گرنگ و ناسراوی (ڕۆلان بارت)ەوە دەربارەی مەرگی دانەر یەک دەگرێتەوە، یان نزیکە کاتێک دەنووسێت (ئێمە ئەمرۆ ئیتر بەئاگاین لە هەڵگەڕانەوەی مانا، کە کۆمەڵگەکەمان بە هۆی شانازییکردن بە پاڵەوانەکانەوە قەبووڵی ناکات و گوێی پێ نادات و سەرکوتی دەکات، چاک دەزانین بۆ ئەوەی داهاتووی نووسین ڕۆشن بێت، دەبێت ئەو ئەفسانەیە هەڵبگەڕێنێتەوە: مەرگی نووسەر ژانێکە بۆ لەدایکبوونی خوێنەر.)[٢٢٩] هەروەها لە ئەدەبدا حیکایەتی شایەتحاڵانی ئەنفال لەگەڵ حیکایەتی هاوشێوە یان نزیک یان کاریگەر و کارتێکراودا پەیوەندییان هەیە و تەنانەت بە ناو یەکدا دەچن و بۆ بەرهەمهێنانی مانای نوێ تێکەڵ دەبن، ئەمەیش ئەو کەشە دروست دەکات کە پێی دەگوترێت دەقئاوێزان.

### ب- تایبەتمەندییەکانی حیکایەتخوان:

وەک هەموو ڕەگەزێکی تر، یان وەک هەر کەسێتییەکی تر حیکایەتخوان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە، کە بە شێوەیەکی گشتی لەم خاڵانەدا کورتیان دەکەینەوە:

١- توانای هەیە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لە ناو تێکستی ئەدەبیدا بە شێوەیەک دەربکەوێت کە هێزی خوڵقاندنەوەی ڕووداوەکانی هەیە و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، زۆر شتی تایبەت لە ژیان و کارەکتەری خۆشی ئاشکرا دەکات و توانای هەڵسەنگاندنی ئەوەی بینیویەتی هەیە، کە ئەمەیش تایبەتمەندیی حیکایەتخوانی تایبەتییە.

٢- هەندێ حیکایەتخوان تەنها ڕووداوەکان دەگێڕنەوە و لایەنەکانی و دیمەنەکانی ئاشکرا دەکەن، ئەوان هەوڵ دەدەن لایەنی شاراوەی ڕووداوەکان ئاشکرا بکەن، ژیان و کارەکتەریان پەنهانە، ئەمەش زیاتر مەبەست لە تایبەتمەندیی حیکایەتخوانی گشتییە.

٣- حیکایەتخوان بە گشتی کەسێکی هۆشیارە و توانای هەڵگرتنی ڕووداوەکانی هەیە لە یادەوەریدا و لە کاتی پێویستدا بەکاریان دەهێنێت.

---

[٢٢٨]- جبور عبد النور، المعجم الادبي، الطبعة الاولى، دار العلم للملايين، بيروت- لبنان، ١٩٩٩، ص٨٨.

[٢٢٩]- رولان بارت، در السيميولوجيا، ترجمة: عبدالسلام بن عبد العالي، الطبعة الثالثة، دار توبقال للنشر، دار البيضاء- المغرب، ١٩٩٣، ص٨٧.

٤- حیکایەتخوان توانای پڕکردنەوەی هەموو ئەو بۆشاییانەی هەیە، کە بە تێگەیشتن لە ڕووداوەکان پێویستە پڕ بکرێنەوە، هاوکات بۆ دروستکردنی پرسیار و سەرهەڵدانی توانای لێکدانەوە لای وەرگر، لەسەروەختی گێڕانەوەدا توانای دروستکردنی بۆشاییی نوێی هەیە.

٥- حیکایەتخوان کە شتەکان دەگێڕێتەوە، لەگەڵیدا توانای جارێکی تر بیرکردنەوەی هەیە و ڕەوتی ڕووداوەکان لەگەڵ ئاستی تێگەیشتن لەو کاتەدا بۆ کارەسات هەڵدەسەنگێنێت.

## پ- جۆرەکانی حیکایەتخوان:

حیکایەتخوان لە ناو تێکستی ئەدەبیدا جۆری زۆرە، دەکرێت لە شایەتحاڵانی قوربانی و شایەتحاڵانی ئاساییش لە ناو تێکستی ئەدەبیدا ئەم ڕۆڵانە بەرجەستە بکەن، لێرەدا جۆرەکانی حیکایەتخوان لە نووسینێکی بەختیار عەلییەوە دەگوازینەوە کە بەوردی جیای کردوونەتەوە:

(١- حیکایەتخوانی تایبەتی: ئەو جۆرە حیکایەتخوانەیە کە لە پاڵ بەشداریکردنیدا لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا کەم تا زۆر لە دروستکردن و بونیادنانی ڕووداوەکاندا وەک بکەرێک و کارەکتەرێکی چالاک دەردەکەوێت. کە قسە دەکات، تەنها ڕەوتی پەرەسەندنی ڕووداوەکان بەرجەستە ناکات، بەڵکوو زۆر شتی تایبەت لە ژیان و کارەکتەری خۆشی ئاشکرا دەکات.

٢- حیکایەتخوانی گشتی: پتر وەکوو دەنگێکی بێ کارەکتەر دەردەکەوێت، کە زیاتر هەندێ گۆشەنیگای شاردراوە ئاشکرا دەکات، کە حیکایەتخوانە تایبەتەکان ناتوانن ئاشکرای بکەن، خۆی دیار نییە، شتێکی ئەوتۆ لە سەر ژیان و کارەکتەری نازانین، زیاتر لە بابەتەکان دەدوێت، پتر بە شاهید دەچێت نەوەکوو بکەر، لە ڕۆمانی فرەدەنگدا جیاکردنەوەی دەنگی ئەم حیکایەتخوانانە لە یەکتر و هەوڵدانی ناونانیان نەوەکوو هەڵەیە، بەڵکوو داواکارییەکە نەشارەزایی و بێ سەلیقەیی دەردەخات، دەنگی ئەم جۆرە حیکایەتخوانانە ناژمێرێن، بەڵکوو تەنها شێوە و وەزیفەیان جیا دەکرێتەوە.

٣- حیکایەتخوانی قودرەتمەند، ئەو حیکایەتخوانەیە کە قودرەتێکی نائاسایی هەیە لە بینین و زانیندا سروشتی ئەم جۆرە حیکایەتخوانە لە سروشتی نووسەر یا دانەر – مؤلف– ەوە نزیکە، کە زانیارییەکی زۆری دەربارەی شوێن و کاتی جیاوازجیاواز لە لایە. ناوەوە و دەرەوەی پاڵەوانەکان ئاشکرا دەکات، هەندێ ڕەخنەگر شوێن و نیگای ئەم جۆرە حیکایەتخوانە بە شوێن و نیگای یەزدان دەشوبهێنن، لەبەر ئەوەی بە ئەندازەیەک زانیاریی فراوان دەربارەی شوێن و ژیانی کارەکتەرەکان دەزانن، کە لە قودرەتی مرۆڤی ئاسایی بەدەرە.

٤- حیکایەتخوانی دەستەجەمعی: ئەو حیکایەتخوانەیە کە دەنگی گروپێک بەرجەستە دەکات، کارەکتەرێکی فەردی نییە و هەستێکی دەستەجەمحی نیشان دەداتەوە، ڕۆڵی ئەم جۆرە حیکایەتخوانە پتر لەو ڕۆڵە دەچێت، کە کۆڕاڵ لە هەندێ شانۆگەریدا بەرجەستەی دەکات.

٥- حیکایەتخوانی گریمانەیی، ئەم جۆرە حیکایەتخوانە ئامادەکردنی دەنگێکی تایبەتییە کە ئامادەکردنی لە ڕووی مەنتیقییەوە دژوارە، حاڵی ئەم جۆرە دەنگە وەکوو حاڵی ئەو تارماییانە وایە کە لە شانۆی کلاسیکدا بۆ دەرخستنی ڕاستییەک دەردەکەون و ئیدی ون دەبن، دەنگی ئەم حیکایەتخوانە دەنگێکە پتر لە ناو خەیاڵ و بۆچوون و ڕوانینی حیکایەتخوانەکانی دیکەوە دەردەکەوێت.)[٢٣٠]

## ٣/٣-٦-٢ بەرجەستەکردنەوەی تاوانی ئەنفال:

شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکەوە کە بینویەتی و خۆی ئەزموونی کردووە، دەتوانێت تاوانی ئەنفال بەرجەستە بکات، وێنەی ئەوەی ڕووی داوە بهێنێتەوە بەرچاو، بەڵام شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال ئەم کارە چۆن دەکات و ئەو میکانیزمانە چین کە دەیگەیەنن بەم ئامانجە؟ لێرەدا سێ ڕێگە دەخەینە ڕوو، کە بە دوای یەکدا دەبنە میکانیزمی گەیشتن بە بەرجەستەکردنەوەی تاوانی ئەنفال، ئەوانیش:

### أ- گواستنەوەی لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا:

لە ڕێگەی گێڕانەوەوە، بەرجەستەکردنەوەی تاوانی ئەنفال و ئەوەی ڕووی داوە لە ڕابردوودا دەهێنێتەوە بۆ ئێستا، بەڵام ئەم گواستنەوەی ڕابردوو بۆ ئێستا لە ئەدەبدا کە کەڵکی لێ وەردەگیررێت، تەنها بۆ ئەوە نییە بزانین چی ڕووی داوە، چونکە جارێک باس کرا و بە دەیان بەڵگەنامە و دۆکۆمێنت زانرا چی قەوماوە و چ کارەساتێک بە سەر سەدان هەزار کەسدا هاتووە، بەڵکوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پەیوەندییەک بەو ڕابردووەوە بەرهەم بهێنرێتەوە، لە ئەدەبدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، پێویستە گەڕانەوەیەکی هیگڵی بێت کە لە کتێبی (فەلسەفەی مێژوو)دا لە چەمکی (ڕیترۆئەکتیڤ- Retroactive)[٢٣١]بەرجەستەی دەکات، مەبەستی هیگڵ لەم چەمکە پێداچوونەوە و خوڵقاندنی پەیوەندییە بە شتێکەوە کە تێپەڕیوە، لە ڕێی خوڵقاندنی ئەم پەیوەندییەشەوە ڕابردوو وەک خۆی بەرهەم ناهێنرێتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدرێت جارێکی تر بە شێوەک دروست

---

[٢٣٠]- بەختیار عەلی، دڵنیابە مەرگی تاقانەی دووەمت نەخوێندوەتەوە، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٨) نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بڵاوی دەکاتەوە، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٦٦-١٦٧.

[٢٣١]- بڕوانە: د. محەمەد کەمال، لۆجیکی هیگڵ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

بکرێتەوە، کە بتوانرێت لە ڕەهەندە شارراوەکانی بگەین، ستراتیژە نادیارەکانی بدۆزینەوە، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە ئەدەبی ڕاستەقینە و داهێنەرانەدا، واتە جارێکی تر دارِشتنەوەی ئەو ڕووداوە بە مەبەستی ئەوەی بتوانرێت تێگەیشتنێکی نوێ لە گۆشەیەکی نوێوە بۆی بەرهەم بهێنرێت، لە تێگەیشتنە باو و تەقلیدییەکان دەربچین و هۆشیارییەکی نوێی لە سەر بەرهەم بهێنین، ئەویش لە پێناو دەرخستنی لایەنە شاراوە و نێهنییەکانی ئەو مێژووە.

## ب- گواستنەوەی لە یادەوەرییەوە بۆ زمان:

لە ڕێگەی گێڕانەوەوە شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال هەوڵ دەدات، ئەوەی بە کردار ڕووی داوە و لە یادەوەریدا ماوە بیهێنێتەوە سەر زمانی خۆی، واتە جارێکی تر بە پێی توانای گێڕانەوە و پشتبەستن بە یادەوەریی خۆی ڕووداوەکان دروست بکاتەوە، بەو پێیەی لە پێناسەی ئەدەبدا گوتمان ئەدەب ئیشکردنە لە ناو زماندا، هەوڵی داهێنەرانەیە بە زمان، بۆیە هەر خودی ئەم گێڕانەوەیەی ڕووداوەکانی ئەنفال و باسکردنەوەیان لە ڕێگەی زمانەوە، هەوڵێکن بۆ نزیککەوتنەوەیان لە ئەدەب و قۆناغی گواستنەوەیە بۆ جێگیرکردنی ڕووداوی ئەنفال لە ناو زماندا.

## پ- جێگیرکردنی لە زماندا بۆ کاری ئەدەبی:

کە ئەنفال لە ناو زماندا بەرجەستە بوو، ئیتر ئەمە هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوەی لە کاری ئەدەبی، گێڕانەوە نزیک دەبێتەوە لە تێکستی نووسراو، تێکستی نووسراو دەکرێت فرەواتایی هەڵبگرێت و بە دیوی جیاجیا بخوێنرێتەوە و مانا بدات. کە ئەدەب دێت بە هۆی زمانەوە گێڕانەوەکانی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال لە کاری ئەدەبیدا بەرجەستە دەکات، گێڕانەوەکانی وەک ئەوەی ئەوان لە ژێر جەبر و سانسۆری کۆمەڵایەتی و ئایینی و دەروونی و سیاسیدا ناهێڵێتەوە، هەوڵ نادات دڵی زۆرینە ڕازی بکات، هەمان دید و گوتەی ئەوان ناداتەوە، بەڵکوو دەیانکاتە بنەمایەک بۆ نەگوتراو و دیدی نائاشکرا و دەرنەبڕراو، تەنها بە ڕووداوە زەق و گەورەکانەوە ناگیرسێتەوە، بەڵکوو دەیەوێت لە ڕێگەی ڕووداوی بچووک و گەورەوە، ئەو دید و ڕوانینانە بەرجەستە بکات، کە بۆ خەڵک و زۆرینە ڕوون و دیار نین، لە ڕێی ڕووداوی پەراوێزییەوە نهێنی و بیرکردنەوەی گەورە دەخوڵقێنێت. بە جۆرێک ئەم ڕووداوە لە ڕێگەی زمانەوە لە ئەدەبدا بەرجەستە دەبێتەوە، کە تێگەیشتنی ئاسایی خەڵکی سادە و بیرکردنەوەی تەقلیدی تێپەڕێنێت و بە شێوەیەکی تر ئەو ڕووداوە دابڕێژرێتەوە، واتە کاتێک ئەنفال بە هۆی گێڕانەوەی شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەو ڕووداوە دەهێنرێتەوە سەر زمان و لە یادەوەری پاڵی پێوە دەنرێت، کاتێک دێتە ناو زمانەوە، لە سەرەتاوە و لە سەر زاری شایەتحاڵەوە دەسەڵاتی زارەکی بە سەریدا زاڵە، ئەدەب دێت

لە کاتی بەتێکستبوونی ئەم ڕووداوەدا، دەسەڵاتی زارەکی کەم دەکاتەوە یان نایهێڵێت، ئەویش لە پێناو کارکردنی دەسەڵاتی هێماکانی زمان، کارکردنی سیمۆلۆژیا و چەمکە ئەدەبی و زمانەوانییەکان بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو ڕووداوە و بەرهەمهێنانی مانای نوێ و دەرخستنی لایەنە پەنهانەکانی.

گەر بە هەمان شێوەی زارەکی ئەم ڕووداوە بگوێزرێتەوە ناو ئەدەب و بەکار بهێرێتەوە، ئەوە بەدڵنیایی فیکر و بیرکردنەوە نەیتوانیوە ئەوەی تەقلید و زۆر بیستراوە تێبپەڕێنێت، نووسەری تەقلیدی و بێ فیکر بەو شێوەیە سەیری ئەنفال یان هەر ڕووداوێکی تر دەکات، کە وا دەزانێت ئەو ڕووداوە تەنهاوتەنها ڕووداوێکی مێژووییە و هەر لەو چوارچێوەیەدا و بەو شێوەیە کاری لەگەڵدا دەکرێت. لێرەدا زمانی نووسەر و تێکستە ئەدەبییەکەی هەمان ئەو شتە زانراوانە دەنووسێتەوە و دەداتەوە بە خوێنەر.

## پاری چوارەم: ئەنفال لە ناو ئەدەبدا

ئەنفال لە ناو ئەدەب، پێویستە ڕووداوی حەقیقی بێت، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بە سەنتەر بکرێت، گەر بە شێوەیەکی سیمبولییش هەر دوو جەمسەری قوربانی و هاوسۆزیی تێدا دەربکەوێت، وەک ڕووداوێکی تراژیدی ئازار لە پشت ڕووداوەکانەوە بەرجەستە بکرێت، سۆراغکردن و گەڕان بێت بە دوای پرسیاری تردا کە نەکرابێت، نەک لە بارەی ئەنفال، بەڵکوو پەیوەست بە دۆخی مرۆڤبوونەوە، یان دەکرێت بە ئاشکرا ئەنفال لە ناو ئەدەبدا ڕووداوێکی سەنتەرییش نەبێت، بەڵکوو ئەنفال وەک تارمایی لە پشت کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە دەربکەوێت و تێیدا بایەخ بە ڕووداوی پەراوێزی بدرێت و لەوێوە تارماییی ئەنفال دەربکەوێت، یان پەیوەندیی ئەنفال بە کات و شوێن و مێژووی ڕووداوەکانی دوای خۆی و پێش خۆی دەربخرێت و ئاسۆی تر لە بەردەم ئەم ڕووداوەدا بۆ بیرکردنەوە و ڕوانین و هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی بکرێتەوە و جێگەی بایەخ بێت، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین بە خاڵ لە سەر ئەم لایەنانە ڕابوەستین.

### ٣/٤-١ بە ڕووداوکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا:

پێشتر باسی ڕووداومان کرد، گوتمان مەبەست لە ڕووداو هەر ئەوە نییە شتێک ڕوو بدات، بەڵکوو ڕوودانی شتێکە کاریگەریی لە سەر فیکر بە جێ بهێڵێت، مەبەستمان ڕووداو ئەوە بوو، دوای ڕوودان شتگەلی نوێی پەیوەست بەو ڕووداوەوە بێتە کایەوە، چرکەساتی دوای ڕوودان، چرکەساتی پێش ڕوودان نییە، بە ڕووداوکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا، واتە دوای ئەنفال وەک ڕووداوێک دەبێت دونیابینی و ڕوانینی ئەوانەی ئەنفالیان بەسەردا هاتووە و ئەوانەی هاوسۆزن و خۆیان بە یەکێکی وەک قوربانییەکان دەزانن، گۆڕانی بە سەردا بێت وەک گوزارشت لە ئەنفال وەک ڕووداو، نەک هەموو

دونیابینی و ڕوانینیان بۆ مرۆڤ و سیاسەت و ژیان بە گشتی وەک خۆیان بمێننەوە، ئەوەی پەیوەستە بە ئەنفالەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕووداو و دەگۆڕێت و بە جۆرێکی تر بیر دەکاتەوە، نەک تەنها لە ئاستی سۆز و شیوەن و گلەیی و سکاڵا و تووڕەییدا خۆی دەرببڕێت و گوزارشت لە ئەنفال بکات.

لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا، کارەکتەری (ئامانج) کە دوای شکستهێنانی شۆڕش چەکەکەی فڕێ دەدات و بە ئاماژە باس لە وێرانبوونی ئەو ناوچەیە دەکات، دیدی بۆ شۆڕش و خەڵک و پەیوەندیی هاوڕێیەتی و ئایدیۆلۆژیا و زۆر شتی تری ژیان دەگۆڕێت، تانەنەت هەڵگرتنی ئەو ناوە نهێنییەش کە پێی دەناسرێتەوە واز لێ دەهێنێت و بڕوای بەو بەهایانەی پێشتر نامێنێت، وەک لە نموونەیەکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(لەمڕۆوە ئێوە دەتوانن وەکوو جاران هەر بە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆمەوە بانگم بکەن... من کە ئیتر ڕێگەم ناکەوێتەوە ئەو شاخوداخە، ناوی نهێنیم بۆ چییە... ئەو ناوەیش هەر خۆتان لێتان نام... خۆ ئێوە بە هەر ناوێکی دیکەیش بانگم بکەن، من هەر وەڵامتان نادەمەوە... ئەو دەمەم چۆن چەند ساڵە داخستووە و پێی نادوێم، هەر ئاوا دایدەخەم و نایکەمەوە... بەڵێ، من لەمڕۆوە مەیموونەکەی جارانم، کە لە قەراغی شار بە تەنەکەی ژەنگاوی کووخێکم بۆ خۆم کردبوو... هەر ئەوەم و بۆ خۆتان هەر وەکوو ئەوسایش بە مەیموون بانگم بکەن... چەکەکەیشم فڕێ دا... نا، فڕێم نەدا... ئەگەرچی دەبووایە فڕێی بدەم، بەڵام وام نەکرد... بە کراسێک و پانتەڵۆنێکی جینز، لەگەڵ یەکێک لە قاچاغچییەکانی ئەو (سنوورە!) گۆڕیمەوە... هەموو ئەو شتانەم بە ئاماژەی دەست و دەموچاو تێگەیاند... لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو چەکە لەوە دەرچووبوو ئامێرێک بێت بۆ پاراستنی گیانم، یان بۆ پاراستنی هەر شتێکی دیکە، بەڵکوو تەنیا خووم پێوە گرتبوو... هیچ کاتێک دام نەدەنا... شەوانەیش پێوەی دەخەوتم... باوەڕم نەدەکرد بتوانم دەستبەرداری ببم... نازانم چۆن ئەمڕۆ ئەم بڕیارەم دا و لە یەخەی خۆمم، یاخود لە شانی خۆمم کردەوە...)**[٢٣٢]

ئەم کارەکتەرەی ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ی کاروان عومەر کاکەسوور دوای ڕووداوەکان تەنانەت بۆچوون و هەستیشی بۆ چەک گۆڕاوە، ئیتر جۆرێکی تر دەڕوانێتە ئەو شتانەی پێش ڕووداوەکە بڕوای پێیان هەبوو، بێ گومان ئەمەیش بە شێوەیەکی سیمبولیی بەکار هاتووە و لە دیمەنێکی سادەوە مەبەستی قووڵ و ئایدیای تر شاراوەتەوە.

بەڕووداوکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا هەر تەنها چیرۆکی ئەنفالکراوان بە هەند وەرناگرێ و تێکڕای قورسایی ناخاتە سەر ڕووداوەکە و بەس، بەڵکوو هێزی بیستن و توانای خوێندنەوە لای وەرگریش بە هەند وەردەگیرێت و هەوڵ دەدات خوێنەر و بیسەر بکات

---

٢٣٢- کاروان عومەر کاکەسوور، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١١، ل٧.

به بەشێک لەو ڕووداوە، ئەوەی لە بەڕووداوکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا گرنگە، تەنها ئەوە نییە بزانیت چی ڕووی داوەیان چۆن ڕووی داوە، بەڵکوو چیرۆکە بچووکەکانی پشت یان دەوری ئەو ڕووداوە دەهێنێتە بەر چاو و دەیان کات بە کێشە.

بەڕووداوکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا تەنها گێڕانەوەی ڕووداو نییە لە ئەدەبدا، بەڵکوو سۆراغ و ئاشکراکردن و بەهێزکردنی ئایدیای مرۆیی و ژیاندۆستانە و دانەوەیەتی بە خوێنەر لە فۆڕم و وێنەی ئەدەبیدا، بێ گومان دەرکەوتن و نیشاندانی بەها و ئایدیای ژیاندۆستانە و مرۆییانە لە ئەدەبدا وەک ئەوە نییە کە لە سیاسەت و مێژوو و کایەکانی تردا نیشان دەدرێن، بەڵکوو فۆڕمێکی سیمبولییانەیان هەیە و لایەنی هونەری و سەرنجڕاکێشان و کاریگەریی هەستوسۆز، یارمەتیی گەیاندنیان دەدەن، (گەیاندنی ئەم ئایدیایانە لە ئەدەب و لە کاری ئەدەبیدا سیمبولییە و ناڕاستەوخۆ نیشان دەدرێت، بۆیە کاریگەرییەکەیان بە شێوەیەکی تر و ڕەنگە فراوانتر لە سەر خوێنەر دەربکەون، چونکە لە ئەدەبدا بەشێکی زۆر لە ئەندێشە و فیکر ڕۆڵ دەبینن، ئەوە یارمەتیدەرە تا ئەو ئایدیا ژیاندۆستانە بگەن و کاریگەر بن.)[٢٣٣]

### ٢-٤/٣ بەسەنتەرکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا:

بەسەنتەرکردنی ئەنفال واتە، ئەنفال دەکرێتە تەوەری سەرەکی و کۆی تێکستەکە لە ژێر هەژموونی ئەم ڕووداوەدایە، دیارە لێرە ئەوە هیچ مەرج نییە بۆ بەکارهێنانی ئەنفال لە ناو تێکستی ئەدەبیدا، هەر دەبێت ئەنفال بکرێتە سەنتەری ڕووداو و گێڕانەوەکان، بەڵام لە هەندێ تێکستدا ئەم خاڵە ئەگەر بە هۆشیارییەوە بەکار بهێنرێت و هەژموونی ڕووداوی ئەنفال بەو شێوەیە بێت، کە سەرتاپای تێکستەکە لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەدا گوزارشت و بەڵگە بێت لەم ڕووداوە و هەموو ئەوانەی ناویان دێ و بە زماندا دێن، ڕوویەکی ئەم کارەساتە بگێڕنەوە، ئەوە دەکرێت بڵێین بەسەنتەرکردنی ئەنفال لە ئەدەبدا و لە ناو تێکستی ئەدەبیدا، توانای داهێنانی هەیە و ڕوویەکی پۆزەتیڤ بە تێکست دەدەن.

لە پێناسەیەکی سادەدا، (بەسەنتەرکردن، بریتییە لە بەکارهێنانی هزرێک، یاخود کارەکتەرێکی واقیعی یان خەیاڵی، یا هەر ڕووداو و کەرەستەیەکی تر، کە لە ڕێی ئەم بەسەنتەرکردنەوەوە، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە ڕووداوەکاندا، بە جۆرێک دەبێتە چەقی تەواوی ڕووداو و بابەتەکان و بە سەر تەواوی لایەنەکانی گێڕانەوەکەدا زاڵ دەبێت.)[٢٣٤] شێرکۆ بێکەس لە ڕۆمانە شیعری (گۆڕستانی چراکان)دا ڕووداوی ئەنفالی

---

[٢٣٣]- د. أحمد محمد عليان، جدلية العلاقة بين الفلسفة و الادب، الطبعة ألاولى، دار المنهل، بيروت، لبنان، ٢٠٠٠، ل٦٣.

[٢٣٤]- نصوص الشكلانيين الروس، نظرية المنهج الشكلي، ترجمة: إبراهيم الخطيب، الطبعة الأولى، النشر: الشركة المغربية للناشرين المتحدين و شبكة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢، ص٢٠٥.

کردووە بە تەوەری سەرەکیی تێکستەکە و هەموو ئەوانەی قسە دەکەن، بۆ گوزارشتکردن لە ڕوویەکی ئەو کارەساتە دێنە زمان، لەم چەند دێڕەی ئەو قەسیدەیەدا لە چەند شوێنێکی تریشدا ئەنفال بە ڕوخسار و سیمای بیابانیشەوە دەردەکەوێت:

**(لەو بیابانەی خوارەوە**
**لە هەر جێیەک هێڵەکێ خۆڵ**
**ببێژنەوە**
**لەسەر کۆزەری هێڵەکدا**
**ئەبێ هەر وردە نینۆکی پەنجەیەک و**
**یان وردە ئێسکی لۆلاقی**
**کوردێکی تیا بدۆزنەوە!)**[235]

هەروەها هەر لەم قەسیدەیەی شێرکۆ بێکەسدا چەند جێگا و شوێنی تر کراون بە بەڵگە بۆ کاریگەریی ڕووداوی ئەنفال لە دوای ئەم شاڵاوەوە گۆڕاون و ئیتر بوون بە ناسنامەی ئەنفال، ناوی یەکێک لەو شوێنانەی کارەساتی ئەنفالی تێدا ڕووی داوە، تۆپزاوایە، کە شاعیر بەم شێوەیە باسی دەکات:

**(تۆپزاوا یەکەم هاوینەهەواری خێڵی مردن!**
**یەکەم ئێزگەی دەنگی تیژی پەپوویەکی شەوە زەنگی**
**باڵ لە ئاسن!)**[236]

یان لە شوێنێکی تری ئەم قەسیدەیەدا بەم شێوەیە ناوی تۆپزاوا هاتووە:

**(تۆپزاوا!، لە پاییزا نیوەشەوێ**
**بەدەر لە تەقویمی دنیا**
**هی زەمانێ، کە کاتژمێر**
**سەعاتی خۆی تیا سەر ئەبڕی و**
**چاڵی بۆ خولەکی جەستەی هەڵئەکەنێ و**
**بە خۆڵی چرکەکانیشی دایئەپۆشێ!)**[237]

[235]– شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل٥٤–٥٥.
[236]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٣٥.
[237]– هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٤١.

هەروەها لە پارچەیەکی تری قەسیدەی (گۆڕستانی چراکان)ی شێرکۆ بێکەسدا (نیوەی زانای جیهان دەست دەخەنە دەستی مونتەسیر بیللا بۆ هەڵکردنی ئەو با بۆگەنە کە سیمبولی ئەنفالە) و ئەم وێنەیە لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەدا دروست بوون و ئەنفال کراوەتە سەنتەری ئەم تێکستەکە:

**(خەو نەبوون... کیژۆڵە. خەو نەبوون.**
**ئەوە دەستی سەرگوزشتە و**
**خەیاڵ نەبوو. کیژۆڵەکەم...**
**ئەوە دەستی نیوەی دنیا و نیوەی دەوڵەت و**
**قانوون بوو کە ئەهات و**
**تۆی ئەخستە زیلێکەوە و**
**دوور ئەیبردی...**
**ئەوە نیوەی بلیمەتی و نیوەی عەقڵ و**
**نیوەی زانای جیهانێ بوو**
**بەیەکەوە... لەگەڵ ((مونتەسیر بیللا))دا**
**(با) ی بۆگەنیان بۆ هەڵکردی.)**[٢٣٨]

بەم شێوەیە بەسەنتەرکردنی ڕووداوی ئەنفال لەم قەسیدەیەدا یان لە هەر کارێکی تری ئەدەبیدا دەبێتە هۆی ئەوەی سەرجەم دیاردە و شوێن و کەسایەتییەکان... هتد لە ژێر کاریگەریی ئەم ڕووداوەدا دروست بکرێنەوە.

## ٣-٤/٣ خۆنیشاندان وەک قوربانی و هاوسۆزی:

بێ گومان ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە لە ڕووداوی ئەنفالدا سەدان هەزار کەس بوونە قوربانی، هەندێ لە قوربانییان شوێنبزربوون و نەماون و هەندێکی تریان ئێستا لە ژیاندان و لەو ڕووداوە ڕزگاریان بووە، ئەدەب کە دێت دیمەنی قوربانی نماییش دەکات، بۆ ئەوە نییە سۆزی خوێنەر بجووڵێنێت و لە ڕێگای بەزەیییەوە کارەکتەرێکی زوڵملێکراو و ڕەنجاو بخاتە بەر دیدە، بەڵکوو قوربانی وەک دۆخێکی مرۆڤبوون دەخرێتە بەر چاو، کە هەڵگری چ کەموکوڕییەک و ناتەواوییەکە، لە ڕێگەی نیشاندانی قوربانییەوە پرسیار لەو هەلومەرجەی مرۆڤ دەکرێت کە تێیدا جەللاد دروست دەبێت و دەتوانێت مرۆڤێکی تر بکاتە قوربانی. هاوسۆزی تەنها بۆ جووڵاندنی ویژدان نییە، بەڵکوو لەو کەلێنانە ورد دەبێتەوە کە لە مرۆڤایەتیدا هەیە، وەختێ تاوانی لەو شێوەیەی

---

[٢٣٨]- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ل١٧٧-١٧٨.

تێدا ئەنجام دەدرێت، لەم بارەیەوە بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا دەنووسێت:

**(ماوەیەکی درێژ لەو شار و شارۆچکانەدا کە مۆڵگەی خەڵکی لێقەوماو بوو، چیرۆکی ئەو نامانەی خەڵک لە شەهیدەکانیانەوە بۆیان دێت، لە کوڕە بێسەروشوێنەکانیانەوە پێیان دەگات، وێردی سەر هەموو زارێکە، قسەی ناو هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکە... نامەکان تەنیا هاواری کۆمەڵێک قوربانی نین کە داوای تۆڵە دەکەن، داوا دەکەن لە بیر نەچنەوە و فەرامۆش نەکرێن، بەڵکوو بانگەوازی کەسانێکە لە دونیایەکی دییەوە هیواکانی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە، جوانی خۆیانمان بۆ ئاشکرا دەکەن، ئەو ڕستانەمان بۆ دەنێرن کە لە سەر زەوی دەرفەتیان نەبووە پێمان بڵێن، لەو نامانەدا ئەو ژیانە دەژین کە گەر نەمردبانایە زەوییان پێ دەڕازاندەوە، ئەو جوانییانە دەژین گەر مەرگ نەبایە زەوییان پێ جوان دەکرد.)**[٢٣٩]

لەم تێکستەدا قوربانی بۆ ئەوە دەهێنرێتە پێشەوە، کە ئەگەر ئەوانەی نەماون و ئێستا بمانایە، چ خەون و ئومێدێکی خۆیان دەهێنایە دی، ئەم تێکستە نایەت سۆز و بەزەیی خوێنەر بجووڵێنێت، تەنها بە شێوەی کاردانەوەی توند، هەستی تۆڵەکردنەوە لای خوێنەر دروست ناکەن، بەڵکوو دەیەوێت ئەو بیرکردنەوە بەرهەم بهێنێت، ئاخۆ دەبێت خەون و هیوای ئەوان چی بێت و گەر بمانایە چۆن باسیان بکردایە و چۆن کاریان بۆ بکردایە؟

### ٤-٤/٣ بەرجەستەکردنەوەی ئازار لە پشت ڕووداوەکانەوە:

تێکستی ئەدەبی کاتێ گوزارشت لە تراژیدیا دەکات، یان بە تایبەت با بڵێین کاتێ دەنگی ئەنفال لە تێکستێکی ئەدەبیدا دەبیسترێت، بەر لە هەموو شت دەیەوێت، یان هەوڵ دەدات ئەو ئازارە بەرجەستە بکات، کە لە پشت ڕووداوەکانەوە خۆیان حەشار داوە، دەیەوێت ئەو ئازارە نیشان بداتەوە کە بەر جەستەی قوربانییانی ئەنفال کەوتن، بەڵام ئەم ئازارە کە لە تێکستی ئەدەبیدا بەرهەم دەهێرێنەوە، بۆ ئەوە نییە ببێتە سەرچاوەی خەم و حەسرەت و داخ، بۆ ئەوەی لە دەست چووە و ئەو تاوانەی ڕووی داوە، بەرجەستەکردنەوەی ئازار لە ناو تێکستی ئەدەبیدا، بە کێشەکردنی بابەتی ئازارە، جووڵەیەکە و دەدرێت بە بیرکردنەوە بۆ ئەوەی لە سەرچاوەی ئازار و کاریگەری و ئاکام و دەرکەوتەکانی جۆرێک هۆشیاری دروست ببێت. فەرهاد مستەفا لە کورتیلەچیرۆکێکیدا بە ناوی (یەختەسار) جۆرێک لە ئازار بەرجەستە دەکات، نووسەر بە شێوەیەکی چڕوپڕ لە چەند وشەیەکی کەمدا کارەساتی ئەنفال لە وێنەیەکی شاعیرانە و ئێجگار غەمگیندا دەهێنێتە سەر تێکست و دەنووسێت **(... مێگەل و گایەلەکان بەرەو باشوور داگەڕان. پیاوەکان بە ئاراستەی ڕۆژهەڵات. ئافرەت و پیرەمێرد و زارۆکەکان**

---

[٢٣٩]- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٦٠٠.

**ڕووەو باشوور. بە تەنێ مانگ بەجێ مابوو، بە غەمگینی، تەماشای چۆڵبوونی گوندەکەی دەکرد.)**[٢٤٠]

لەم تێکستەدا کە بە شێوەیەکی پەخشان نووسراوە، فەرهاد مستەفا ئازاری ئەنفال بەرجەستە دەکات، پەنا بۆ کەمترین وشە دەبات، چڕترین تەعبیر دروست دەکات.

## ٤/٣-٥ گەڕان بە دوای پرسیاری تردا، نەک لە بارەی ئەنفالەوە، بەڵکوو پەیوەست بە دۆخی مرۆڤبوونەوە:

ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ هەر تێکستێک کاتێ بیەوێت باسی ئەنفال بکات، خودی کارەساتی ئەنفال لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی... هتد، هەڵگری دەیان و سەدان پرسیارە سەبارەت بە دۆخی مرۆڤبوون، بە دۆخێک کە بە لایەوە ئاساییە ئەنفال بە بەر چاوییەوە ڕوو بدات و بە لایدا تێبپەڕێت و شوێنی هەڵوێست و شۆک و ناڕەزایی و لانی کەم ئازاری ویژدان نەبێت، بۆیە بۆ تێکستی ئەدەبی زۆر گرنگە بە دوای ئەو پرسیار و گومانانەدا بگەڕێت، کە دەکەونە سەر دۆخی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی دەخەنە بەر ڕەخنە و سکاڵا، جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی (پێنجەمین کتێب)دا کاری لە سەر ئەم خاڵە کردووە، لە بەشێکیدا هاتووە:

**(نا من خوێنی ئەو ڕۆژهەڵاتەم ناوێت، نا من نامەوێت خوێنی موسوڵمان لە جەستەمدا بێت و بچێت ئیدی ببمە خاوەنی شمشێری ئەو هەموو ئەسحابانە، نا من خوێنی ئەو هەموو زانا موسوڵمانانەشم ناوێ، بە ئیبن خەلدوون و ئیبن ڕوشدیشەوە، من نامەوێ خوێنی موسوڵمان بە هەموو زیکر و ترس و نەهی و مونکەرەوە جارێکی دیکە بچێتە ناو دڵم.**

**نا من هەرگیز نامەوێ خوێنی ئەو دیلە مەسیحییەشم لە دەمارەکانمدا بڕوات، نا خوێنێکی مەسیحیم ناوێ و نامەوێ ببمە میراتگری هەزاران ساڵی تاریکی حوکمی پاپا.**

**من خوێنی هەرچی ئینسانە، هیچ وەرزێکی شانازی نییە خوێنی تێدا بگەڕێ، هەڵم بگرە و بۆ دوا خاڵی دنیا بەڕێ بکەوە.)**[٢٤١]ڕۆماننووس لەم تێکستەدا بە شێوەی سکاڵا و ڕەخنە ئەم پرسیار و گومانەی لە دۆخی مرۆڤبوون کردووە.

## ٤/٣-٦ ئەنفال وەک تارمایی لە پشت کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە (دروستکردنی ڕووداوی پەراوێزی):

یەکێک لەو خاڵانەی کە زۆر گرنگە لە هەندێ تێکستی ئەدەبیدا کاری لە سەر کراوە، ئەوەیە کە نووسەر ڕاستەوخۆ باسی ئەنفال نەکات، ناوی کارەسات و کات و شوێنی

---

[٢٤٠]- فەرهاد مستەفا، هەتا چاو بڕ بکات تاریکی، ل٥٦.

[٢٤١]- جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب، ل٢٣٠.

ڕوودانی نەهێنێت، واتە ئەنفال وەک تارمایی لە پشت کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە دەربکەوێت و کاریگەریی گەورە و گرنگ بەجێ بهێڵێت، ئەویش نەک هەر بۆ لایەنی هونەری و تەکنیکی نووسین و ئارەزووی نووسەر بۆ ئەم شێوازە لە دەربڕین و کارکردن، بەڵکوو وەک ئەوەی ئەنفال وەک ڕووداوێکی مەزن کاریگەریی بە سەر زۆربەی ڕووداو و چرکەساتەکانی ژیانی ئەو خەڵکانەوە هەیە کە بەشێکن لە کارەساتی ئەنفال و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ ئەم کارەساتە ئەوانیشی گرتووەتەوە و کاریگەریی بە سەر کۆی کار و بیرکردنەوە و تەنانەت شێوازی ژیانی ئەمانەوە هەیە.

عەتا محەمەد لە ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا) بە تەکنیکێکی تایبەت ڕووداوی ئەنفال وەک تارمایی لەو دیو کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە بەکار دەهێنێت واتە ڕاستەوخۆ باسی ئەنفال ناکات، ئامانجی نووسەر لەم کارەدا کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووداوی ئەنفال لە پشت ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەشارێتەوە، بەرهەمهێنانی پرسیاری تر وەک پێشتر باسمان کرد، کە بە گرنگی دەزانین دووبارەی بکەینەوە، بە کێشەکردنی کۆمەڵێک پرسی تری بوون و ژیانە، بۆ بەڵگەی ئەم خاڵەیش هەر نموونەکەی پاری یەکەمی ئەم بەشە لە ڕۆمانی (گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا) دەنووسینەوە لە بەشێکیدا هاتووە:

**(- گەورەم ئێستا باسی شارێکت بۆ دەکەم، کە دەکەوێتە یەکێک لە ناوچە خوێناوییەکانی فەرمانڕەوایەتیتەوە و لە ڕەهێڵەی گریاندا مەلە دەکات، بێ ئەوەی گوێ بە دژواریی مردن بدات و هانا بۆ نەبینراوەکان دەبات، تا بە سەر بیری "لەناوچوون"دا زاڵ ببێت، دەتبەمە ئەو شارەی، لە ناونانی خیانەتدا دەوڵەمەندە.**

**قاوەگرەوەکە دەیزانی میر لە دەفرێک دەچێت، کە لێشاوی ڕستەکانی هەرگیز پڕی نەکەن، ناچار بەردەوام بوو:**

**هەر ئەو بەیانییە، کە هێشتا خوێنی شاعیرەکە نەمەیوە و گیزەی ئەو مێشانە دێت کە بەسەریەوەن، هەواڵی یاخیبوونی ئەو شارەت پێ دەگات... گەر جوان ورد بیتەوە، ئەوا دەبینیت ئەو شارە کەوتۆتە ناوچەی کانیاوە بلوورینەکان و بە دەوریدا، لە لای باکوور و ڕۆژهەڵاتییەوە، ڕیزە شاخێک هەیە، کە لوتکەکانیان بە بەفرێکی هەرگیز نەتواوە پیرە. ئەوەی ئەم ناوچەیە جیا دەکاتەوە لە ناوچەکانی تر، جوانییە ئەفسانەییەکەی نییە، بەڵکوو بێتواناییی سوپایە لە دەستبەسەراگرتنیدا، بە درێژاییی مێژوو، ئەگەر چی هەردەم داگیریشکراوە. بۆ چوونە ئەو شارەوە کلیلێک هەیە، کە دەشێت خیانەت ئەو کلیلە بێت، وەک من دەیبینم. هەر کاتێکیش سوپا دەگاتە شارەکە، ئەوا جگە لە وێرانی و زەوییەکی سووتماک، هیچی تر نابینێت. بە واتای ئەوەی شارەکە خۆی ئاشکرا ناکات**

**بۆیان، هەر چەندە لەوەتەی تووشی تێکشکان بووە، پڕە لە ئۆردووگای خەساندن و سەربازگە لووتبەرزەکان و قەڵا سەختە بێدەرگاکان.)** [٢٤٢]

هەروەها کاروان عومەر کاکەسوور لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە)دا کە بە هاوبەشی لەگەڵ (دواڕۆژ)ی کوڕیدا نووسراوە، دیسان بە شێوەی تارمایی لە ئەنفال دەدوێت، کاتێ ئەو زیندانەی شۆڕش، کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە (سەنگەر) تێیدا بەند کراوە، تۆپباران دەکرێت و شۆڕشگێڕەکانیش لەو ناوچەیە نەماون، وەک ئاماژەیەک بۆ بەجێهێشتنی گوند و ناوچە ئەنفالکراوەکان لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە بە بیانووی پاراستنیان و ڕێگرتن لە دەرچوون و خۆڕزگارکردنی ئەو خەڵکە. لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە: **(ئەمە ئەو هونەرەیە، کە ئەوی پێ ناسراوە و دوای هەموو تەنگوچەڵەمەیەک، پەنای بۆ دەبات... هونەری نکووڵیکردن لە حەقیقەتێک و پێکهێنانی حەقیقەتێکی دیکە لە شوێنیدا... بۆ کەسێک، کە لە نزیکەوە نەیناسێت و ئەزموونێکی زۆری لەگەڵدا نەبێت، ئاسان نییە لەو تیۆرە تێبگات... بەڵام دوای ئەوەی دەیناسێت، ئەوا دەزانیت، هەر کاتێ دوای وەهمێک بکەوێت، ئەوا مەبەستیەتی پشت لە کێشەیەکی گەورە بکات... ئەو دەیویست بچێتە (کەرکووک)... ئەگەرچی یەکەم جارە دەیبینێت و هیچ شوێنێکی شارەزا نییە... (ئەوە ئەگەر ببینێت)... دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، بۆی دەرکەوت بچێتە ئەوێ، باشترە، چونکە غەیبزانەکە (ئەوە ئەگەر بە ڕاستی غەیبزان بێت) پێی وت دەبێت شارێک بێت، خۆشی بوێت...)** [٢٤٣]
ئەوەی لەم تێکستەدا دەخوێنرێتەوە ئەوەیە، نووسەر دەیەوێت نکوڵی لە حەقیقەتێک بکات لە پێناو بەرهەمهێنانی حەقیقەتێکی تردا لە کات و شوێنی تردا، لەم چوارچێوەیەدا هەر کاتێ شوێن وەهمێک بکەوێت، دەیەوێت پشت لە کێشەیەکی گەورە بکات.

لە کۆی ئەم تێکستانەدا ئەوە دەردەکەوێت، ئەنفال وەک تارمایی لە پشت کۆمەڵێک ڕووداوی ترەوە دیارە، دروستکردنی ئەم ڕووداوانەیش لە پەراوێزی ئەنفالدا ڕۆڵ و پێگە و کاریگەریی ئەنفال نیشان دەدەن.

## ٧-٤/٣ لاقەکردن وەک بەشێک لە کارەسات:

وەک دەزانین یەکێک لەو دەرئەنجامانەی هەر شەڕ و پێکدادان و هێرش و دەستدرێژییەک لێی دەکەوێتەوە، لاقەکردن و دەستدریژیی سێکسییە، لە زۆربەی شەڕەکاندا ئەوانەی بەر پەلامار دەکەون، یان لاواز و بێ پشتیوانی و پارێزراو نین، یان لە بەردەم هێرشدا شکست دەهێنن و ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە دەبنەوە، بە تایبەت خەڵکانی بێ تاوان و بێ دەسەڵات دەکەونە بەر شاڵاوی هێرشەبەران و بە لاقەکردن و

[٢٤٢]- عەتا محەمەد، گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا، ل٢٥-٢٦.

[٢٤٣]- دواڕۆژ کاروان و کاروان عومەر کاکەسوور، سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە، ل١٢-١٣.

دەستدرێژیی سێکسی تاوانیان لە دژ دەکرێت، سەرباز و چەکدارانی هێزی سەرکەوتوو دەیانەوێت بەم هۆیەوە ماندوویەتیی خۆیان دەربکەن و لەم ڕێگەیەوە ئارەزووەکانی خۆیان دابمرکێننەوە.

بێ گومان لە شاڵاوی ئەنفالیشدا وەک ئەوەی هەندێ شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال باسی لێوە دەکەن، ئەم جۆرە دەستدرێژییە کراوە و زۆر هەبووە و تەنانەت بە ئاشکرا ڕووی داوە، تا ئەو ڕادەیەی هەندێکیان باس لەوە دەکەن، کە کچ و منداڵ و گەنج و پیر، هەر یەکیان بە جیا ڕاپێچ کراون، بە جیا زیندانییان کردوون، ئەوە ئەگەرچی وەک هەموو جۆرەکانی تری دەستدرێژی و پەلامار، بە تاوان دادەنرێت، بەڵام زۆر جار شایەتحاڵی قوربانیی زیندووی ئەنفال و تەنانەت ئەوانەی خەریکی توێژینەوە و کارکردنن لە سەر ئەم تاوانە و دەیانەوێت وەک دۆزێکی ڕەوا و دەرخستنی تاوانێکی گەورە بۆ دونیا کاری لە سەر بکەن، خۆیان لە باسکردنی ئەم لایەنە دەپارێزن، یان هەندێ جار بە شەرمەوە و بە شێوەیەکی پچڕپچڕ و تەنانەت کورت و هەندێ جار ناڕوون ڕووداوەکە لەم ئاستەیدا دەگێڕنەوە و باسی دەکەن. ئەوەی لێرەدا ئەدەب لە سەر شانیەتی شکاندنی ئەو بەستەڵەکەی کە حەیا و ئابڕوو و شەرم دەکاتە ڕێگری لە دەرخستنی دیوێکی ئەم ڕووداوە، ئەدەب دێت ئەم دیاردەیە بۆ ئاشکراکردنی سایکۆلۆژیای جەللاد و قوربانی بەکار دەهێنێت، باسکردنی لایەنی لاقەکردن و دەستدرێژیی سێکسی لە ئەدەبدا ڕوویەکی پەنهانی ئەم ڕووداوە ئاشکرا دەکات و گەلێک گرێی دەروونی و هۆشیاریی جەللاد و قوربانییش دەکاتەوە.

بەشێکی گرنگی ئەدەب داننانە بەو شتانەدا کە لە قسەکردنی ئاسایی و لە کاتی تر و لە لایەنەکانی تردا زۆر بە ئاسانی دانیان پێدا نانرێت، گرنگە ئەدەب پێ بخاتە ناو ئەو پانتاییيانەوە کە پێتێخستنیان بۆ لایەنەکانی تری گوزارشکردن ئاسان نییە و بەو جۆرە باس ناکرێتەوە. بە دەرهێنانی ئەم دیمەنانە لە کاتی گێڕانەوەی کۆی ڕووداوەکەدا، کەلێنێکی گەورە دەخاتەوە کۆی دیمەنەکە و لایەنێکی بە شاراوەیی و لە تاریکیدا دەهێڵێتەوە، ئەدەب هەموو ئەو بەها کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئايینییانە دەشکێنێت، کە ڕێگریی کارکردنی ئازایانەی لێ دەکەن و دەیانەوێ کارکردنی سنووردار بکەن و بە خۆلادان لە باسکردنی ئەم تاوانە کە ڕێی تێدەچێت لە زۆربەی شەڕ و دەستدرێژی و هێرش و پەلامارەکان ڕوو بدات و دووبارە ببێتەوە.

## ٨-٤/٣ کۆمیدیا وەک گوزارشت لە تراژیدیا:

لە کۆنەوە وەها پێناسەی کۆمیدیا کراوە کە (جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆ و نواندن لە بواری تەلەفزیۆن و سینەما و هەندێک جار دەقێکی خەیاڵی، کە تێیدا چەندین ڕووداوی پێکەنیناوی یاخود کۆتاییيەکی پڕ بەختەوەریی هەیە، نوکتە و قسەی خۆشی

خەڵکی و تەواوی چیرۆکە پێکەنینئامێزەکان دەکەونە چوار چێوەی کۆمێدیاوە.)[٢٤٤] بەڵام لە ڕاستیدا کە کۆمێدیا پێکەنین بەرهەم دەهێنێت، لەوێوە دێت کە مرۆڤ پڕە لە ئازار و مەینەتی، هەرچەند پێکەنین و خۆشی، سروشت و مافی مرۆڤن بە گشتی، بەڵام زۆر کات مرۆڤ بۆ ئەوە پێدەکەنێت تا بتوانێت بەرگەی ناخۆشییەکانی ژیان بگرێت. پێکەنین سیمای مرۆڤ لە کەشێکی تەندروست و شادی و ژیاندۆستیدا نیشان دەدات، بەرهەمهێنانی پێکەنین لە کاری ئەدەبی و هونەریدا گوزارشت لە بوونی کۆمێدیا دەکات، بۆیە پێکەنین نمایشی هەم جەستەیە و هەم عەقڵ، کەواتە بەم پێیە، پێکەنین شتێک نییە هەر ڕواڵەتی بێت و تەنها بە دەربڕینێکی ئاسایی سیما و جەستە حسابی بۆ بکرێت، بەڵکوو بریتییە لە جۆرێک هۆشیاری، هەندێ جار شێوازێکە لە ڕەخنە و ڕەخنەلەخۆگرتن و دەرخستنی کەموکوڕییەکان چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ئایینی یان هەر بوارێکی ترەوە بێت، هەندێ جاریش خەندەی لێو هێمایە بۆ کەیفهاتن بە خۆشییەکانی ژیان و ژیاندۆستی، لەم ڕوانگانەوە بۆ مرۆڤ لە هەر کات و شوێنێکدا پێکەنین، هیچ کارێکی ئەستەم یان دژ و ناکۆک نییە، یاخود هەندێک کەس ڕەنگە پێیان وا بێت، کارێکی گاڵتەجاڕی و هێنانەخواری بایەخی پرسەکە بێت، گەر ئەدەب بە کۆمێدیا کار لە سەر تراژیدیای ئەنفال بکات، چونکە کۆمێدیا ئەو ڕێگەیەیە کە هەر وەک تراژیدیا دەچێتە سەر هەمان پرس، تراژیدیا و کۆمێدیا هەر دووکیان دوو دیوی یەک بابەتن، کۆمێدیا کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپ لە ژیاندا یان لە ناو سیستمێکی تایبەتدا تێک دەدەن و بە هۆی ئەو تێکدانەیشەوە پێکەنین دێتە کایەوە، کۆمەڵێک بنەما وەک ڕاستییەکی نەگۆڕ و حاشاهەڵنەگر لە ژیاندا چەسپاون، کاتێک دەستکاریی ئەو بنەمایانە دەکرێن، یان شێوەیەک لە شێوە نائاسایی و سەیرەکانی ئەو شێواندن و تێکدانەی بنەماکان، کۆمێدیا دروست دەکات و سەرەنجام پێکەنین بەرهەم دەهێنێت، بۆیە بۆ ئەدەب و هونەر شتێکی ئەستەم و کارێکی نەکردە نییە گەر بە کاری کۆمێدیا گوزارشت لە کارەساتی ئەنفال بکرێت و ئەم ڕووداوە بهێنرێتە ناو ئەو بوارەوە، گاڵتەجاڕی نییە بە کۆمێدیا ئەم پایانە تێک بدەیت و ئەو زەمینانە بشێوێنیت کە ئەنفالی تێدا ڕووی دا، بەڵکوو گاڵتەجاڕی ئەوەیە، ئەدەب و هونەر بکەیتە ئاوێنەی تراژیدیایەک کە هیچ ناخێک نەهەژێنێت و فرمێسکی دەستکرد و گریانی ڕووکەش و خەم و ئازارێک کە بە ڕاستی و ڕاستگۆیییەوە لە ناخی مرۆڤەوە نەیەن، بکرێتە سیمای ئەو ئەدەبە و بانگەشەی ئەوە بکات کە گوزارشت لە تراژیدیای ئەنفال دەکات و ئاوێنەی ئازار و مەینەتی و مەرگەسات و کۆژانی قوربانییەکانە.

چیرۆکی (لاکێ)ی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس کاروان عومەر کاکەسوور بە شێوەیەکی هەم کۆمێدی و هەم تراژیدی کارەساتی ئەنفال و کیمیاییبارانی تێدا بەکار

---
[٢٤٤]- جاسم المنياوي، موسوعه مصطلحات الفنية، طبعه الاولى، دار الكتاب القاهره، ١٩٨٤ص ٥٦.

هاتووە، کە یەکێکە لە چیرۆکە کورتەکانی کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی (سەدەی یەکەمی خەیاڵ) لە کورتە چیرۆکەکەدا کەڵەشێرێک فیگەری سەرەکییە و ناوی لاکێیە، کە فرۆکەوانێک بە ناوی (شاهین) دوای بۆردوومانی گوندێک لەو گوندەوە دەیدۆزێتەوە و هەڵی دەگرێتەوە و بە دیاری دەیبات بۆ (ئیبداع)ی ژنی، لە چیرۆکەکەدا هەم بە شێوەیەکی کۆمیدی و هەم بە شێوەیەکی تراژیدی، باس لە ژیانی لاکێ دەکات ئەو حاڵەتە دەروونییەی دەردەخات کە هەست بە بەزین دەکات یان لە شوێنی خۆی نامێنێت و دەیکەنە بابەتی دیاری و بەخشین، کە لە هەموو شوێنەکاندا بە شێوەیەکی سیمبولی تراژیدیای ئەنفال دەگێڕێتەوە، لە بەشێکی ئەم چیرۆکەدا هاتووە: **(دەیان جار هەوڵی دا خۆی بکوژێت و سەری نەگرت... بە چەپک گیای کەڵەشێرکوژەی دەخوارد و هەر نەدەمرد... بە حەفتە هیچی نەدەخوارد و بەڵای نەدەگەیشتێ... خۆی دەخستە ژێر تایەی عەرەبانە و هیچی بە سەر نەدەهات... ئەو لادێیە گازڕشێن کرا، ئەوەی ڕای کرد و ئەوەی مرد، بەڵام ئەم هەر ما و نەمرد... شاهینی فرۆکەوان لەو بەرزاییەوە بە دووربین سەیری دەکرد و پێی سەرسام دەبوو... بۆی دابەزی و بە یارمەتیی چەند سەربازێ گرتی... خستیە ناو فرۆکە و حەزی دەکرد وەک دیارییەکی جوان بۆ (ئیبداع)ی ژنی بەرێتەوە، کە ئارەزووی بەخێوکردنی جۆرە چاکەکانی کەڵەشێری هەیە و شارەزاییەکی زۆری لەو ژیانە سەیروسەمەرەیان پەیدا کردووە.**

**ئێستا لاکێ تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووە و هیچ شتێکی ئەوسای بیر نەماوە، بێجگە لەو لۆژیکە نەفرەتییە و هەمیشە پێوەی دەتلێتەوە.)**[٢٤٥] ئەو لۆژیکەی کاروان عومەر کاکەسوور لە چیرۆکەکەیدا بەکاری هێناوە ئەوەیە، ئەو کەڵەشێرەی جارێک لە بەرامبەر کەڵەشێرێکی تردا ببەزێت، لە هەموو ژیانیدا بە دۆڕاوی دەمێنێتەوە و دەبێت هەمیشە ملی بۆ کەچ بکات. خودی ناونیشانی چیرۆکەکەیش (لاکێ) وەک لە پەراوێزی چیرۆکەکەدا باس کراوە، خەڵکی هەولێر بۆ کەسانی گێل و نەفام بەکاری دەهێنن.

## ٤/٣-٩ پەیوەندیی ئەنفال بە مێژووەوە:

بەر لە هەموو شتێک، هەمووان ئەوە دەزانین کە ئەنفال ڕووداوێکی مێژووییە و بەشێکە لە مێژووی کورد و ڕژێمی بەعس و تەنانەت مێژووی تاوانەکان دژی مرۆڤ، ئەوانە هەموو ڕاستیی حاشاهەڵنەگرن، بۆیە ئەوە ئەرکی مێژوونووسە ئەو ڕووداوە تۆمار بکات و بە شێوەیەکی مێژوویی کاری لە سەر بکات، بەڵام لە سەر ئەدەب و هونەر پێویست نییە ئەم کارە بکات، ڕاستە وەک ڕووداوێکی مێژوویی کەرەستەی بنچینەیی و گرنگە بۆ کارکردن، بەڵام بەو شێوەیەی کە مێژوونووس کاری لە سەر

[٢٤٥]- کاروان عومەر کاکەسوور، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کۆمەڵە چیرۆک، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٨٠-٨١.

دەکات، ئەدەب و هونەر ئەم ڕێچکەیە ناگرنە بەر. زۆر کەس ئەوە دەکەنە پاساو بۆ لاوازیی تێکستێک کە لە ئەنفال دەدوێ، بەوەی کە ئەو تێکستە نەیتوانیوە، ڕووداوی ئەنفال وەک خۆی و بە باشی و بە ڕاستی بگێڕێتەوە، لەوەیش پتر دەڕۆن و دەڵێن نەیتوانیوە کەسایەتیی تاکی کورد و مەینەتییەکانی و زوڵم و تاوانەکانی بەعس و سایکۆلۆژیای بەعس نیشان بدات و تەواوی وردەکارییەکانی ڕووداوی ئەنفال نیشان بدات، لە کاتێکدا ئەوە کاری مێژوویی و سایکۆلۆژییە نەک کاری ئەدەبی، ڕەنگە هەندێ کاری ئەدەبی بە شێوەی مەبەستدار و سنووردار یەکێک لەو ئامانجە بپێکێت، یان بیەوێت لە گۆشەیەکەوە سایکۆلۆژیای تاکی کورد یان جەللاد دەربخات، بەڵام ئەوە ناکرێتە مەرج بە سەر هەموو تێکستێکی ئەدەبییەوە کە باسی ئەنفال دەکات، دەکرێت هەندێ تێکستی ئەدەبی وردەکاریی مێژوویی ڕووداوی ئەنفال لە تەنها گۆشەیەکەوە یان لە چەند گۆشەیەکەوە دەربخات، بەڵام دیسان ئەوە مەرجی نووسینی تێکستی ئەدەبی نییە لە سەر ئەنفال.

هۆشیاریی مێژوویی یەکێکە لەو پێویستییانەی بۆ نووسەر کاریگەریی زۆری هەیە لە دونیابینی و بۆچوونەکانی بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و داڕشتنەوەیان لە کاری ئەدەبیدا، لە هەر کارێکی ئەدەبی داهێنەرانە، هۆشیاریی مێژوویی وزەیە بۆ تێڕوانین و هەڵسەنگاندنی دنیا و بیرکردنەوە لێی، بەڵام بێ گومان بە شێوەی جیاواز لەوەی مێژوونووس کاری لە سەر دەکات، چونکە کاری نووسەری ئەدەبی نییە، مێژووی ئەو ڕووداوە یان هەموو ئەوەی لە بارەیەوە لە ڕابردوودا ڕووی داوە لە نووسینی ئەدەبیدا جارێکی تر دابڕژرێتەوە و بنووسرێتەوە و بە ناوی کاری ئەدەبی یان شیعر و ڕۆمان و چیرۆکەوە بدرێتەوە بە خوێنەر، بەڵکوو نووسەری ئەدەبی ئەم هۆشیارییە مێژووییە بۆ تێکشکاندنی مێژوو خۆی و بڕیار و بۆچوون و لێکدانەوە جێگیر و حاشاهەڵنەگر و تەنانەت موتڵەقەکان بەکار دەهێنێت، تا تێکستی ئەدەبی بتوانێت جیاواز لە مێژوونووس و لێکۆڵینەوەی مێژوویی حەقیقەت و پرسیاری نوێ لە بارەی ئەو دیاردە مێژووییە بەرهەم بهێنێت و نهێنیی تر بدۆزێتەوە و ڕووبەری نائاشکرای ناو ئەم مێژووە ئاشکرا بکات، تێکشکاندنی ئەو پایە سەرەکییانەی مێژوویی لە ناو کاری ئەدەبی و هونەریدا، خۆبەخۆ دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ئەو بۆچوونە باوانەی لە بارەی ئەو واقیعەی ناو ئەو مێژووەوە جێگیر و سەروەر کراون و ڕێگە بە بۆچوون و بیرکردنەوە و لێکدانەوەی تر نادەن و بیرکردنەوە لە زۆر گۆشەی تر تەنانەت دەکەنە کارێکی قەدەغە و نائاسایی و قەبووڵ نەکراو. بە کورتی کاری ئەدەب نووسینەوەی مێژوو و تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو نییە، وەک ئەوەی هەندێ تێکستی لاواز پەنایان بۆ بردوە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ ڕۆشنکردنەوەی لایەنە پەنهانەکانی ناو مێژوو، کە پاڵنەری دروستکردنی مێژوون.

یەکێک لەو ڕۆمانانەی بە شێوەیەکی داهێنەرانە کاری لە سەر مێژوو کردووە ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی) یوسف عیزەدینە، نووسەر لەو ڕۆمانەدا بە شێوەیەک دەستکاریی مێژووی کردووە، لە پێناو ئەوەی حەقیقەتی نوێ بەرهەم بهێنێت و دیوە شاراوەکانی مێژوو نیشان بدات، بە فۆرم و ناوەڕۆکی تر ئەم مێژووە بگێڕێتەوە، بۆیە کاتێ باسی ئەنفال دەکات، وامان لێ دەکات بە جۆرێکی تر لەو ڕووداوە و مێژووەکەی بڕوانین، سەرلەنوێ بە بۆچوونی خۆماندا بچینەوە بۆ ڕووداو و بەسەرهاتەکان، لە بەشێکی ئەم ڕۆمانەدا هاتووە:

**(-"تاریقی کوڕی زیاد" ئا لەوێوە هێرشی کردە سەر ئەم پانتاییە جوگرافییە، هەرچەند بیر لەو ساتەوەختە دەکەمەوە هەستێکی سەیرم لا دروست دەبێت، کاتێک جەنگاوەرەکانی ئاوڕ دەدەنەوە دەبینن خەریکی سووتاندنی کەشتییەکانە و کاتێکیش پێی دەڵێن ئەی چۆن بگەڕێینەوە، دەڵێت: ناگەڕێینەوە!؟**

**– دیارە ئەگەر وای نەکردایە سەرکەوتنی دەبووە مەحاڵ!؟**

**– ئەو بە سووتاندنی کەشتییەکان تەنها مەبەستی لەوە نەبوو ناچاریان بکات بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر بجەنگێن و سەربکەون، بەڵکوو مەبەستی بوو ڕابردوویان بسڕێتەوە و ڕووبەڕووی داهاتوویەکی نەزانراویان بکاتەوە کە تەنها خۆیان دەتوانن بە دەستی بهێنن.**

**....**

**– ئەوەی بە لای منەوە گرنگە ئەو ساتەوەختەیەکە ئەوان توانیان شتێک بکەن کە لەو دەمەدا کەس چاوەڕوانی نەدەکرد، مەسەلەکە پەیوەندی بە ژمارەی کەسەکان و ڕەگەز و بیروباوەڕیانەوە نەبوو، تەنها پەیوەندی بە کردەی سووتانی کەشتییەکانەوە هەبوو؟**

**– هەست ناکەیت هانیبال زۆر پێش ئەوان شتێکی زۆر لەوەی ئەوان سەیرتری کردووە، بەمەبەستی داگیرکردنی "ڕۆما"، خۆی و لەشکرێکی چەند هەزار کەسی و سەدان فیلی لە کەش و هەوایەکی ساردوسڕی کوشندەدا لە ڕێی ڕیزە چیاکانی "ئاڵب" ەوە گەیاندوەتە ڕۆما؟!.**

**– هیچ شتێک بە لای منەوە لەوەی "تاریقی کوڕی زیاد" سەیر تر نییە، ئەو توانی سووتاندنی کەشتییەکان بکاتە سەرەتا!؟)**[٢٤٦]

### ٤/٣–١٠ پەیوەندیی ئەنفال بە شوێن و کاتەوە:

ناوهێنانی شوێنی واقیعی، یاخود دروستکردنی شوێنی خەیاڵی لە ئەدەبدا گرنگیی خۆی هەیە و یەکێکە لەو خاڵانەی جێگەی سەرنجی خوێنەران بە تایبەت ڕەخنەگرانە، شوێن (ئەو ناوەندە سروشتییەیە کە تێیدا ڕووداوەکان گوزەر دەکەن و کارەکتەرەکان

[٢٤٦]– یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی، ل٦–٧.

تێیدا دەجووڵێن، شوێن و ژینگە دەورێکی کاریگەری هەیە لە بونیادی ڕووداوەکان و خستنەڕووی هەستەکان و تێگەیشتن لێیان، گۆڕینی شوێن لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر ڕووداوی نوێ دەخاتە پێش چاوی خوێنەر.)[٢٤٧] فەیلەسووفی فەڕەنسیی سەدەی بیستەم (گاستۆن باشلار) لە کتێبی (ئیستاتیکای شوێن)دا هەوڵ دەدات جارێکی تر پێناسەی ئەو ڕووبەرانە بکات لە کاری ئەدەبیدا، کە مرۆڤ تێیاندا دەژی و هۆگریان دەبێت، ئەم پێناسەکردنەوەیە هاوکاریی چەندین لێکۆڵەر و ڕەخنەگری ئەدەبیی کردووە. باشلار لەم کتێبەدا لە ماڵ وەک چەمکێکی ئاڵۆز دەدوێ وەک شوێنێک بۆ پشوودان و هۆگربوون، پاشان وەک جێگەی خەونبینین. لە دیدی باشلاردا ماڵ شوێنێکە بۆ پاراستنی یادگارییەکان، جێگەی تایبەت بە خۆمانە و ئێمە لە جیهانی دەرەوە جیا دەکاتەوە و سنوورێک بۆ تێکەڵبوون دادەنێت. [٢٤٨]

هەروەها تێگەیشتن لە کاتیش گرنگە بۆ جیاکردنەوەی جەمسەری ڕووداوەکان و بەرچاوڕوونی لە زنجیرەی ڕووداوەکان. کات (بریتییە لە زنجیرەیەک ڕووداوی زنجیرەیی نێو دەق لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەست پێ دەکات، پاشان دەبێتە ڕەگەزی سەرەکیی نێو گێڕانەوەکە و بەپێی پلەبەندی دەخرێنە ڕوو، دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگ لە پەرەسەندنی ڕووداوەکان و دەوری ڕوونکردنەوە و هۆکاری جووڵێنەری ڕووداوەکان دەبینێت و بەرەو پێشەوەیان دەبات)[٢٤٩]

لەم سەردەمەدا کە بە جیهانگیری و سەردەمی نێت و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەناسرێتەوە، کات و شوێن وەک جاران دوو چەمکی جێگیر نیین، وەک پێشتر بە شێوەیەکی ئەبستراکت سەیر ناکرێن، بەڵکوو وەک هەموو شتێکی تر گۆڕانی بە سەردا هاتووە، کات چیتر مەرج نییە بە شێوەیەکی زنجیرەیی بڕواتە پێش، شوێنیش ئەو جیۆگرافیا دیاریکراوە نییە کەڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدەن، بۆیە لە کاری ئەدەبیدا گۆڕانکاری و جێگۆڕکێ لەم دوو چەمکەدا ڕوو دەدەن.

پەیوەندیی کات و شوێنیش بە ئەنفالەوە بە هەمان شێوەیە، ئەگەر لای باشلار ماڵ شوێنێکە بۆ پشوودان و هۆگربوون و جێگەی خەونبینین. ئەوە بۆ ئەنفالکراوان ماڵ ئەو شوێنەیە کە خۆی دەبێتەوە بەشێک لە ڕابردوو و خۆی دەبێت بە یادەوەری، ماڵ کە لە سەر نەخشەی ژیانی ئەنفالکراوان دەسڕێتەوە، ئیتر دەبێت قوربانیی زیندووی ئەنفال وەک باشلار دەڵێت، ماڵ دەکرێتە شوێنی پاراستنی یادگارییەکان، ئەو لە کوێ

---

[٢٤٧]- ميخائيل باختين، أشكال الزمان والمكان في الرواية، ترجمة: يوسف حلاق، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٠، ص٣٣.

[٢٤٨]- بڕوانە: غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤.

[٢٤٩]- ميخائيل باختين، أشكال الزمان والمكان في الرواية، ص٣٣.

یادگارییەکانی بپارێزێت، ئەگەر ماڵ نەمابێت، ئیتر ئەوان چ سنوورێک دابنێن بۆ جیاکردنەوەی خۆیان و جیهان. بۆیە ئەدەبی داهێنەرانە بە وریاییەوە لەم خاڵە دەڕوانێت و کاری لە سەر دەکات، یوسف عیزەدین لە ڕۆمانی (ماجەراکانی سەلمانی فارسی)دا، سەلمانی فارسیی ناو مێژوو دەهێنێت، کە لە مێژووی ئیسلامدا ناسراوە، کۆمەڵێک سەلمانی تر دروست دەکات و لە ناو کۆمەڵێک کاتی جیاجیادا ڕۆڵیان پێ دەدات و شوێنی جیاجیان بۆ دەخوڵقێنێت، کە لە کۆتاییدا بە هەموویان یەک ماجەرا دروست دەکەن، کە ناویان لێ دەنێت ماجەراکانی سەلمانی فارسی و چیرۆکی ڕەگوڕیشەی ئەنفال دەگێڕێتەوە. [250]

لە ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ی (بەختیار عەلی)یشدا، کە (ئیسحاقی لێوزێڕین)، (جەللادەتی کۆتر) و (سەرهەنگ قاسم) دەکەونە بۆسەیەکی سوپای بەعسەوە، (جەللادەت) بریندار دەبێت، پاشان دەچێتە شاری (تەپوتۆزە زەردەکان) یان (سۆزانییە غەمگینەکان)، ناچار بە هۆی ئەو ڕووداوەوە مۆسیقا لە بیر خۆی دەباتەوە، چونکە مۆسیقا مەترسییەکی گەورەیە لە سەر ژیانی. بیرچوونەوەی مۆسیقایش، بە کاریگەریی گۆڕانی کات و شوێنەوەیە، کات و شوێن ئەو کاریگەرییە لە سەر جەللادەت دروست دەکات کە کارەکتەری بە تەواوی دەگۆڕێت، لە شوێنێکدا (ئیسحاق) بە قوتابییەکانی دەڵێت:

**(زۆر جار شارەکان دەمانکەنە بێگانە، شارەکان و شوێنەکان بێئەوەی هیچ بدرکێنن دەرماندەکەنە دەرەوە، زۆر بێدەنگی هەیە، بێدەنگیی قەبووڵنەکردنە، دەبێت بتوانین گوێ لە بێدەنگی بگرین، ئاوازی ناو بێدەنگی ببیستین، دەبێت بێدەنگیی ئەم شارە لە بێدەنگیی گۆم و درەخت و ئاسمان جیا بکەینەوە... بێدەنگی ڕەنگی هەیە، ڕەنگ... بێدەنگی هەیە تاریک وەک شەوە زەنگ، بێدەنگییش هەیە ڕووناک وەک خۆر.)**[251] دیارە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کات و شوێن لەم کاتەدا بە تەواوی شێوێنراون و وەک خۆیان نەماون.

(جەللادەتی کۆتر) کاتێک لە شاری (سۆزانییە زەردەکان) دەبێت نوقمی چاوەڕوانییەکی تاقەتپڕوکێن دەبێت، تیکڕا بۆچوونی بۆ دۆخی مروڤبوون و چاوەڕوانی دەگۆڕێت و دەڵێت:

---

[250]- بڕوانە: یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.

[251]- بەختیارعەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٣١-٣٢.

**(هیچ شتێک وەک چاوەڕوانی ماهییەتی مرۆڤ زەوتناکات، چاوەڕوانی مانای ئەوەی هێشتا ئەو هەلومەرجانە لە دایک نەبوون، کە مرۆڤ تێیدا جەوهەری خۆی ئاشکرا بکات، هێشتا مرۆڤ ناتوانێت بڕیار لە سەر بڕیارە گەورەکانی خۆی بدات.)**[٢٥٢]

بێ جگە لەم خاڵانەی باسمان کرد، دەکرێت کارکردنی ئەدەبی لە ناو ئەنفالدا ببێتە کردنەوەی ئاسۆی تر لە بەردەم ئەدەبدا، یان بەو ئاراستەیەدا کار بکات کە ئاسۆی تر بکاتەوە، هەر تەنها مەرج نییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بە سەنتەر بکرێت، یان بە شێوەیەکی سیمبولی هەر دوو جەمسەری قوربانی و هاوسۆزیی تێدا دەربکەوێت، نەکراوەتە مەرج کە هەر دەبێت وەک ڕووداوێکی تراژیدی، لە پشت ڕووداوەکانی ئەنفالەوە، ئازار بەرجەستە بکرێت، بەڵکوو لە دەرەوەی ئەم خاڵانەی لێیان دواین دەکرێت ئەنفال چەندین دەروازەی تر بۆ کارکردن بکەنەوە، ئاسۆی تر لە بەردەم کاری ئەدەبیدا واڵا بکەن.

---

٢٥٢- بەختیارعەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ل٣٣٢.

## ئەنجام

لە کۆتاییی ئەم نامەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

**١-** گەیشتن بە شوناسێکی فرەڕەهەند و زانستی و لۆژیکی و دۆزینەوەی ڕەهەندی ڕاستەقینەی مێژوویی ئەنفال، ئینجا هەڵسەنگاندنی دەرکەوتە و ئاکامەکانی ڕوانین و کارکردنمان لەگەڵ ئەنفال.

٢- کورد لە ساتی ئەنفالدا لە شکست و پاشەکشێدا بوو، ئەنفالکراوان و ئەو شوێنانەی ئەنفال کران لە پەراوێزی کۆمەڵگای کوردیدا بوون، ڕژێمی دەسەڵاتداری بەعس کە پرۆسەی ئەنفالی ئەنجام دا، لە ساتی بەهێزی و گەشەی سەربازی و سیاسیدا بوو، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی ئەنفالچی باش بوو.

٣- بەر لەوەی ئەدەبی کوردی بتوانێت بچێتە ناو دڵی تراژیدیای ئەنفال، یان هەر کارەساتێکی ترەوە، خۆی تووشی کۆمەڵێک قەیران بووە و لە ناو چەندین کێشە بۆ شوناسی خۆیدا چەقیوە، هەندێ لەو تێکستانەی کە باس لە تراژیدیا و کارەساتەکان دەکەن، بە زۆر ناویان لە خۆیان ناوە شیعر یان ڕۆمان یان چیرۆک، دەنا بە هیچ پێوەرێک ئەو ناولێنانانە ناسەلمێنن. دۆخی زاڵی ئەدەبی کوردی کە خۆی بە دەست کۆمەڵێک کێشەوە دەناڵێنێت، لەبەر ئەوە ئاستەکانی پەیوەندیی بە کارەسات و تراژیدیاکانەوە هەر ناتەندروستن.

٤- بەکارهێنانی ئەنفال لە زۆر تێکستی ئەدەبیدا، کارکردنێکە نیاز و مەبەستی دیاریکراو و تایبەتی لە پشتەوەیە، نووسەر شوێن تەوژم کەوتووە، لە بریی دروشمەکانی بواری سیاسەت و ڕاگەیاندن، کاری ئەدەبی بە پێویست دەزانێ بۆ ئەنفال بکرێت، بۆیە ئەم لە بنەڕەتدا نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەنفال، بەڵکوو ئەنفال وەک خۆپاککردنەوەی لە ئازاری ویژدان و ئەرکێکی مرۆیی و قەرزێکی ئەدیبانە، یان هەر مەبەستێکی تری تایبەت بەکار دەهێنێت.

٥- لە ناو حەقیقەتی بیستراوی مێژوویی ئەنفالدا، پرسیاری نوێ و نهێنیی قووڵ هەن و دەبێت کاری لە سەر بکرێت، یان هەوڵ بدرێت، وەرگر و خوێنەر بە لای پرسیاری تر و نهێنیی نوێدا ببرێت و وەهای لێ بکرێت، ئەو خۆی کاری دۆزینەوە و ئاشکراکردن بەڕێوە ببات.

٦- لە حەقیقەتی بیستراوی مێژوویی ئەنفالدا، کە دیارە هەموو حەقیقەتی پرۆسەکە نییە و ئەوەی گوتراوە بەشێکیەتی، ئەو دەرەنجامە بە دەست هاتووە، کە پێویستە ئەو حەقیقەتە زۆر بیستراوەی مێژووی ئەنفال وەها بگێڕدرێتەوە، جیاواز لە گێڕانەوەی ئەوەی بیستراوە بە شێوەیەکی ئەدەبی، ئەو شێوە گێڕانەوەیە وا بکات، بینینی گۆشە و ڕەهەند و هۆکار و دەرەنجامی تری ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە بێتە کایەوە، کە لە گێڕانەوەی ئاساییدا نیین، چونکە بینین و درککردن بەو لایەن و ڕەهەند و هۆکار و دەرەنجامانەی ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی ئەنفال، قورس و تەنانەت مەحاڵن.

٧- بەکارهێنانی ڕووداوی بچووک و سادە و نەبینراو لە لایەن دیدی سادە و گێڕانەوەی باوەوە، ئەو ڕووداوانەی لە چیرۆکە گشتی و ڕووداوە گەورەکاندا نایەن و گوێیان پێ نادرێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبن بە ژێرەوە، وەک چیرۆکی تایبەتیی تاکێک لە ناو ڕووداوێکی گەورەدا یان بیرکردنەوە و تێڕوانینی منداڵ یان کەسانێک کە لە ڕووداوێک یان هەر لە بنەڕەتەوە هۆشیارییان لە دەست داوە یان هەر نییانە، ئەم چیرۆکانە دەکرێن ببنە هۆکاری بینینی ڕووداوە گەورەکان و کارەساتە گشتییەکان لە دیدگا و گۆشەی ترەوە.

٨- بەکارهێنانی سیمبولییانەی ڕووداو و بەسەرهاتە تایبەتی و گشتییەکانی تراژیدیاکان لە ناو چیرۆکی تردا و دەرکەوتنی تارماییی ڕووداو و تراژیدیاکان لە پشت ڕووداو و چیرۆکی ترەوە کە لە ڕواڵەتدا هیچ پەیوەندییەکی بە ڕووداوی ئەنفال و تراژیدیاکانیەوە نییە.

٩- خستنەگەڕی ژیان و دنیابینی و ڕامانی دوای ڕووداوی ئەنفال لە تێکستی ئەدەبیدا، ئەویش وەک نیشاندانی کاریگەرییەکانی ئەنفال و چۆنێتیی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی تاک و خەڵکی دوای ئەنفال و پەیوەست پێوەی لە سەر شاعیر و نووسەر.

# سەرچاوەکان

- قورئانی پیرۆز.

## - یەکەم: بە کوردی

### ا – دیوانە شیعرییەکان:


١- ئیسماعیل خورماڵی، بەور و خاک و مێ، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٢- بەکر پشدەری، لە سێبەری پرچەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.

٣- تەها سلێمان، حیکایەتەکانی ئەنفال، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٤- جەمال غەمبار، مەنفاکان لێرەوە دەست پێ دەکەن، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ١٩٩٧.

٥- حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

٦- حەمە کاکەڕەش، بە بێ تۆئاسمان نابینم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

٧- دلاوەر قەرەداغی، جادەی مێخەک، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە، چاپخانەی ڕجایی، تاران، ٢٠١٣.

٨- ڕێبوارسیوەیلی، زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، کوردستان، ٢٠٠٠.

٩- ڕێبوارسیوەیلی، خودایە بۆ نەتکردم بە قۆخفرۆش، شیعر، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

١٠- ساڵەح هەلاج، وێستگەی ژانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٩.

١١- سەباح ڕەنجدەر، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران، ٢٠١٨.

١٢- شێرکۆ بێکەس، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ، چاپی دووەم، چاپەمەنیی خاک، سلێمانی، ١٩٩٨.

١٣- شێرکۆ بێکەس، خۆم... ئەو وەختەی باڵندەم! چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٤- شێرکۆ بێکەس، گۆڕستانی چراکان، ڕۆمانە شیعر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
١٥- شێرکۆ بێکەس، هەست و نەست، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٦- شێرکۆ بێکەس، خێراکە... مردن خەریکە بگات، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٧- فاتیح سەلام، جارێکی تر... سووتانی ڕۆح، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١١.
١٨- فەرهاد شاکەلی، بڵاچەیەک درز دەخاتە تاریکە شەوی تەمەنم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.
١٩- قوبادی جەلیزادە، هەمیشە ڕوو لە خودا هەمیشە مەست، چاپکراوی بەستە، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٠- کەژاڵ ئەحمەد، دیوانی کەژاڵ ئەحمەد، لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢١- کەساس جەباری، بەهاکان کە نامۆ ئەبن، چاپخانەی ڤاریَ، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٢- مارف عومەر گوڵ، نیشتمانم دارستانی دەم ڕووبار بوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، کوردستان، ٢٠١٦.

## ب- چیرۆک و ڕۆمان:

١- ئەحمەد عارف، بارین، کۆمەڵەچیرۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.
٢- ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، بەهاری ڕەش، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
٣- بەختیار عەلی، شاری مۆسیقارە سپییەکان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٤- بەیان سەلمان، شەوانی ئادەم، ڕۆمان، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی، ٢٠١٥.
٥- جەبار جەمال غەریب، پێنجەمین کتێب، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
٦- حەسەن جاف، کۆی ڕۆمانەکان، ڕۆمانی گۆڕستانی لم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.
٧- حسەین عارف، هێلانە، ڕۆمان، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٨- دانا فایەق، حیکایەتی ڕەشپۆشەکان، کۆمەڵە چیرۆک، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.
٩- دواڕۆژ کاروان و کاروان عومەر کاکەسوور، سوارەکان بە قاچاخ بووکیان گواستەوە، ڕۆمان، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.
١٠- ڕەحیمی قازی (د)، پێشمەرگە، ڕۆمان، چاپی سێیەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٨.
١١- ڕەووف بێگەرد، سڵاو لە کافکا، کۆمەڵە چیرۆک، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی- کوردستان، ٢٠١٥.
١٢- سەدرەدین محێدین کەڵۆڕی، یادەوەرییەکانی کچە کوردێکی ئەنفالکراو، ڕۆمان، چاپی شەشەم، چاپەمەنیی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٣- سەلاح عومەر، جەنگ، کۆبەرهەم، ڕۆمانی تاریکستانی لم، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.
١٤- سەمەد ئەحمەد، مەملەکەتی ئێسکەکان، چیرۆک، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٦.
١٥- عەتا محەمەد، پاشماوەی خێڵەکان، چیرۆک، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦.
١٦- عەتا محەمەد، گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا، ڕۆمان، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.
١٧- فەرهاد مستەفا ئەحمەد، سەمای پەلاشەکان، کورتە چیرۆک، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٨- فەرهاد مستەفا ئەحمەد، پەراوێز، کورتە چیرۆک، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٠.
١٩- فەرهاد مستەفا، هەتا چاوبڕبکات تاریکی، چیرۆکی کورت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥.
٢٠- فەرهاد مستەفا، کەسێک لە باتیی هەمووومان پێدەکەنێ، کورتە چیرۆک، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٨.
٢١- کاروان عومەر کاکەسوور، ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا، ڕۆمان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٢٢- کاروان عومەر کاکەسوور، سەدەی یەکەمی خەیاڵ، کۆمەڵە چیرۆک، بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٣- کاروان عومەر کاکەسوور، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١١.
٢٤- کاروان عومەر کاکەسوور، کازینۆی منداڵان، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.

٢٥- كاروان عومەر كاكەسوور، ماڵی نانی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٤.
٢٦- كاروان عومەر كاكەسوور، ڕاگەردان، تێکستی گێڕانەوە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران ، ٢٠١٧.
٢٧- ماردین ئیبراهیم، خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرەقەلا لە حیکایەتێکی کۆندا، ڕۆمان،
چاپی سێیەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.
٢٨- مەهاباد قەرەداغی، فاتیلا، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک، ٢٠١٥.
٢٩- محەمەد ڕەشید فەتتاح، ئەنفال، ڕۆمان، چاپی دووەم، چاپەمەنیی زاموا، سلێمانی، ١٩٩٨.
٣٠- محەمەد فەریق حەسەن، کەسێ لازۆی دیبێ؟، ڕۆمان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.
٣١- محەمەد فەریق حەسەن، کوڕەزاکەی زیتۆ، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەحوی، کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٦.
٣٣- یوسف عیزەدین، ماجەراکانی سەلمانی فارسی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی یانەی قەڵەم، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠٠٩.

## پ – کتێبەکان:

١- ئەحمەد کاکە مەحموود، تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستەکانی قورئان، چاپی یەکەم، نەشری ئیحسان، تاران، ٢٠٠٧.
٢- ئەسعەد جەباری، ئەنفال لەمێدیاکانی بەعسدا، چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣- ئەلبێرت عیسا (د)، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٤- بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، پرۆژەی کۆکردنەوەی کۆی بەرهەمە تیۆرییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران، ٢٠١٥.
٥- بورهان قانع، زاراوەی نوێ یان فەرهەنگی نوێ، چاپی دووەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی قانع، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٦- تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد (ئامار، داتا، پشکنین)، سلێمانی، ٢٠١٤.
٧- تەها سلێمان، تاوانی ئەنفال _ زانیاری و دۆکۆمێنت، چاپی یەکەم، دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆساید و ئەنفال، سلێمانی، ٢٠١٥.
٨- تەها سلێمان، کورتەیەک لە مێژووی جینۆساید، سلێمانی، ٢٠١٥.

٩- تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە- دۆسیەی بارزانییەکان-، بەیروت، ٢٠١٥.
١٠- تەها سلێمان، جینۆسایدی کوردستان، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنگەری چاودێر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦.
١١- تۆنی مایەرز، فەلسەفەی سلاڤۆی ژیژەک، و: وەلید عومەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
١٢- جاسم محەمەدمحەمەد عەلی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٣- ڕەحمان نەقشی (کۆکردنەوە و ئامادەکردن)، پێشمەرگە نیشانەی بەرخۆدانی میللەتێکە- بابەت و نووسراوە بە بۆنەی ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا و پێشمەرگە، ٢٠١٦.
١٤- عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاسا، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٥- عارف قوربانی (ئامادەکردن و چاوپێکەوتن)، تەیموور: تاکە ڕزگاربووی گۆڕی بە کۆمەڵی ژن و مناڵە ئەنفالکراوەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣.
١٦- عەبدوڵڵا کەریم مەحموود، ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٢.
١٧- عەدالەت عومەر ساڵح، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
١٨- فایەق سەعید، پۆستتراومای منداڵان و جەنگ و تیرۆر، دەزگای ڕۆشنبیریی مارگرێت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ٢٠١٦.
١٩- کەنداڵ قاسملۆ وهەندێکی تر، گەلێکی پەژموورده و نیشتمانێکی پەرت، چاپی یەکەم، ئێران، ١٩٩٨.
٢٠- کۆمەڵێک نووسەر (نووسین و وەرگێڕان)، کێشەی سوبێکت، کتێبی یەکەمی گروپی نێگەتیڤ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٤.
٢١- مارف عومەر گوڵ (د)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێو دەوڵەتاندا، چاپی یەکەم، لە چاپکراوەکانی یانەی کوردی مێدیا، ئەمستەردام – هۆڵەندا، ١٩٩٧.
٢٢- مارف عومەر گوڵ (د)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی پێنجەم، هەولێر، ٢٠١٠.
٢٣- مەلا شاخی، ئەنفالی خاڵخالان، چاپی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٤- مەلا محەمەدی کۆیی (مەلای گەورە)، تەفسیری کوردی لە کەلامی خوداوەندی، بەرگی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢٥- مەهاباد قەرەداغی، کاریگەرییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال، توێژینەوەیەک بۆ بەجینۆسایدناساندنی گەلی کورد، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٦- میدڵ ئیست وۆچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سیامەندی موفتی زادە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩.
٢٧- میدڵ ئیست وۆچ (ئامادەکردن)، جینۆساید لەعێراقدا- پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٢٨- موحسین ئەحمەد عومەر(د)، فەرهەنگی ئەدەبی، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢.
٢٩- محەمەد کەمال (د)، لۆجیکی هیگڵ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.
٣٠- ناسری سوبحانی، بەندایەتی (پوختەی ١٣ شریتی بەندایەتی)، چاپی سێیەم، دەزگای بەرهەم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٣١- ناسری سوبحانی، خوداناسی، ئامادەکردنی: ئارام محەمەد و ئیسماعیل باقی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١١.
٣٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین، خولانەوە لە ناو بازنەدا- دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٨٤- ١٩٨٨، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ١٩٩٩.
٣٣- نیزامەدین عەبدولحەمید، تەفسیری گوڵشەن، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی نەشری ئیحسان، تاران، ٢٠٠٧.
٣٤- هەژار عەزیز سورمێ، کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن_هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦.
٣٥- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.

## ت- گۆڤارەکان:

١- گۆڤاری ئایندە، ژمارە (٤٩)، سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢- گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٧)، ١٩٩٩.
٣- گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (٨)، ١٩٩٩.
٤- گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٥٥)، ٢٠٠٢.
٥- گۆڤاری کەرکوک، ژمارە (٥)، ٢٠٠٠.

## ج- پێگەی ئەلیکترۆنی:


1- http://www. rudaw. net/sorani/kurdistan/14042014101
2- http://genocidekurd. com/ku/babati/70252
3- http://knwe. org/Direje. aspx?Jimare=26105&Cor7Besh=Araste
4- /9171/31/12/http://www.historyofkurd.com/2016
5-http://www. emrro. com/enfalkirdinewey. Htm
6-http://genocidekurd. com/ku/bashy/bashy-baiannama
7-http://moma-krg. org/Default. Aspx
-http://www. wishe. net/dreja. aspx?=hewal&jmare=16076&Jor=1
8
9-http://www. khaktv. net/all-detail. aspx?jimare=96439
10-http://wishe. net/dreja. aspx?=hewal&jmare=32350&Jor=4
11-http://zagrosn. Com/47740-6
12- http://www. rudaw.
-net/sorani/opinion/culture_and_literature/120101200182
13-http://xebat net/1/detail_articals. php?id=37431&z=5&l=113


## - دووەم: بە عەرەبی

## ا- کتێبەکان:


١- ابن الأثير، الكامل في التأريخ، جـ٢، الطبعة الثانية، تحقيق: عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٥هـ

٢- ابن كثير، البداية و النهاية، ج٧، مكتبة المعارف، بيروت، ١٩٩٣.

٣- أحمد بن محمد بن علي المقري الفيومي، قاموس اللغة كتاب المصباح المنير، الجزء السادس، ط٣، تحقيق: عبد العظيم الشناوي، دارالمعارف، بيروت، ١٩٦٧.

٤- أحمد هاشم (د)، معجم السياسين العراقيين، الطبعة الاولى، بيروت، ٢٠١٢.

٥- أحمد محمد عليان (د)، جدلية العلاقة بين الفلسفه و الادب، الطبعة ألاولى، دار المنهل، بيروت، لبنان،٢٠٠٠.

٦- اياد محمد صقر، فلسفة الألوان، طبعة الاولى، الاهلية، عمان، ٢٠١٠.

٧- أيمن عبدالعزيز جبر، كتاب تفسير روائع البيان لمعاني القران، راجعة: د. أحمد نوفل و د. أحمد شكري، ط٢، دارألأرقم، عمان، ١٩٩٧.

٨- ارسطوطاليس، فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، ط٢، دارالثقافة، بيروت، ١٩٧٣.

٩- أرسطو، دعوة للفلسفة - كتاب مفقود لأرسطو، قدمه للعربية مع تعليقات وشرح: د. عبدالغفارمكاوي، دار التنوير الطباعة والنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، ٢٠٠٦.

١٠- أرسطو، فن الشعر، ترجمة: د. إبراهيم حمادة، الناشر: مكتبه الآنجلو المصرية، ٢٠١٤.

١١- بهزاد على ادم (اشراف واعداد)، الانفال- قرار محكمة-، الطبعة الاولى، من اصدارات المركز الثقافي لجامعة دهوك، دهوك، ٢٠١٤.

١٢- بطرس البستاني، محيط المحيط- قاموس المطول للغة العربية، مكتب لبنان، بيروت، ١٩٧٧.

١٣- جاک دريدا، الكتابة والاختلاف، ترجمة: كاظم جهاد، تقديم: محمد علال سيناصر، الطبعة الثانية، دارتوبقال للنشر، الدار البيضاء، ٢٠٠٠.

١٤- جاک دريدا، أحادية لغة الآخر، ترجمة: د. عمرمهيبل، منشورات الإختلاف و الدار العربية للعلوم، الجزائر، بيروت، ٢٠٠٧.

١٥- جان بول سارتر، ماهو الادب، ترجمة: جورج طرابيشي، منشورات المكتب التجاري للطباعة و التوزيع و النشر، بيروت، لبنان، ١٩٦١.

١٦- جاسم المنياوي، موسوعة مصطلحات الفنية، طبعة الاولى، دار الكتاب القاهرة، ١٩٨٤.

١٧- جبور عبد النور، المعجم الادبي، الطبعة الاولى، دار العلم للملايين، بيروت_ لبنان، ١٩٩٩.

١٨- جون روبرت، حرب العصابات المقاومة بديلا عن الحرب، ترجمة: أيهاب كمال، مجمع الطبعة الحرية للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦.

١٩- هيومان رايتس وتش و أطباء من أجل حقوق الانسان (اعداد)، قبور غير هادئة- بحث عن المفقودين في كردستان العراق-، ترجمة عن الانكليزية: محمد حمه صالح توفيق، دارالترجمة، السليمانية، ٢٠٠٤.

٢٠- حنا بطاطو، العراق- كتاب الثالث-، ط٢، ترجمة: عفيف الزرار، مؤسسة الابحاث العربية، بيروت، ١٩٩٩.

٢١- طه بابان، القبور الجماعية و مآسيها في العراق، السليمانية، ٢٠١٣.

٢٢- ألطبري، تأريخ الأمم و الرسل والملوك، ج٢، الطبعة الأولى، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٠٧ه.

٢٣- طلعت منصور و اخرون، أسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٩٧.

٢٤- كمال عيد، جماليات فنون، دار الجاحظ، بغداد، ١٩٨٠.

٢٥- ماركو بولو، رحلات ماركو بولو، ترجمة:عبدالعزيز جاويد، الطبعة الثانية، الناشر: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٢.

٢٦- مجدي كامل، وراء كل دكتاتور طفولة بائسة، دار الكتب العربي، سورية، ٢٠٠٨.

٢٧- محمد حمدي إبراهيم (د)، نظرية الدراما الإغريقية، ط١، سلسلة أدبيات، الشركة المصرية العالمية للنشر-لونجمان، القاهره، ١٩٩٤.

٢٨- محمد شفيق غربال (إشراف)، الموسوعة العربية الميسرة، القاهرة، ١٩٦٥.

٢٩- محمد غنيمى هلال، النقد الأدبي الحديث، دار العودة، بيروت، ١٩٨٧.
٣٠- محمود عبده، صدام حسين رحلة النهاية أم الخلود، ط٣، دار الكتب العربي، سورية، ٢٠٠٧.
٣١- ميلان كونديرا، كتاب الضحك والنسيان، ترجمة:محمد التهامي العصاري، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠١٥.
٣٢- ميخايل باختين، قضايا الفن ألأبداعي عند دوستويفسكي، ترجمة: الدكتورجميل نصيف التكريتي، مراجعة: الدكتوره حياة شراره، الطبعة الاولى، الدار البيضاء، بغداد، ١٩٨٦.
٣[٣] ميخائيل باختين، أشكال الزمان والمكان في الرواية، ترجمة: يوسف حلاق، وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٠.
٣٤- المنهج في اللغة والاعلام، طبعة المئوية الاولى، دار النشر، بيروت، ٢٠٠٨.
٣٥- مشيل فوكو، ارادة المعرفة، ترجمة و مراجعة و تقديم: مطاع صفدي و جورج أبي صالح، مركز الانماء القومي، بيروت، ١٩٩٠.
٣٦- نصوص الشكلانيين الروس، نظرية المنهج الشكلي، ترجمة: إبراهيم الخطيب، الطبعة الأولى، النشر: الشركة المغربية للناشرين المتحدين و شبكة الأبحاث العربية، بيروت، ١٩٨٢.
٣٧- ساسان الهام، تأثير الصدمة الجمجمية على الذاكرة وكيفية إعداة تأهيلها- دراسة ميدانية لبعض الحالات بمستشفى ابن رشد- مذكرة مكملة لنيل شهادة الماجستير، كلية الاداب و العلوم الأنسانية والأجتماعية، قسم علم النفس و علوم التربية، جامعة الحاج لخضر – باتنة-، ٢٠٠٦-٢٠٠٧.
٣٨- عبدالناصر هلال(د)، تراجيديا الموت في الشعر العربي المعاصر، الطبعة الاولى، مركز الحضارة العربية مصر،٢٠٠٥.
٣٩- عبدالرزاق الحسني، تأريخ الأحزاب السياسية العراقية، بيروت، لبنان، ١٩٨٠.
٤٠- فيدور دوستوفسكي، مذكرات من داخل القبو، ترجة: أحمد الويزى، الطبعة الاولى، الناشر: المركز الثقافي العربي، بيروت، ٢٠١٤.
٤١- فريدريک نيتشه، انسان مفرط في انسانيته، ج٢، ترجمة: محمد الناجي، افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠١.
٤٢- فتحي محمد أوعيانة، جغرافية السكان، ط٥، دار النهظة العربية للطباع و النشر، بيروت، لبنان، ٢٠٠٠.
٤٣- صلاح العقاد، المشرق العربي المعاصر، مكتب الانجلو المصرية، قاهرة، ١٩٩٣.
٤٤- رولان بارت، در السيميولوجيا، ترجمة:عبدالسلام بن عبد العالي، الطبعة الثالثة، دار توبقال للنشر، دار البيضاء المغرب، ١٩٩٣.
٤٥- رومان جاكبسون، قضايا الشعرية، الترجمة: محمد الولي ومبارک حنوز، نشر دار توبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٨.

٤٦- خليل أحمد الفراهيدي، كتاب العين، الجزء٨، ط٢، مؤسسة دار الهجرة، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٩.
٤٧- خريستو تودوروف، نقد مفهوم علم الادب عند رولان بارت-الاداب الاجنبية-، ترجمة: حسين جمعة، بيروت، لبنان، ١٩٩٩.
٤٨- غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، الطبعة الثانية، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، بيروت، ١٩٩٤.
٤٩- غلفان مصطفى، اللسانيات التوليدية الأسس النظرية والمنهجية- من النشأة الى النموذج المعيار، الطبعة الأولى، دار كنوز المعرفة، عمان- الأردن، ٢٠١٦.

## ب- گۆڤارەکان:

١- مجلة الاداب الاجنبية، عدد١٠٩، سورية، ٢٠٠٢.
٢- مجلة العلوم الأنسانية، قسم اللغة العربية و أدابها، جامعة فرحات عباس – سطيف، ٢٠٠٦.

## پ- پێگەی ئەلیکترۆنی:

١- جورج باتاي يناظر المركيز دو ساد عن "الادب والشر": ترجمه وتقديم محمد عيد إبراهيم http://nomene. blogspot. com/٢٠١٤/٠١/blog-post_٤. htm
٢- علي حسن مجيد: مدونة الجزيرة.
٣- العراق يرسل- علي الكيمياوي- للمنشقة بعد ٤ أحكام بالاعدام، العربية. نت، دخل في ٢٥ يناير٢٠١٠.
٤- رئاسة العراق تصادف على اعدام- علي الكيمياوي- والتنفيذ خلال شهر، العربية. نت، دخل في ١ مارس ٢٠٠٨.
٥ - http://www. aljazeera. net/news/cultureandart ٢٠١٠/١٢/٣٠ _ ٥ –

## - سێیەم: بە فارسی

١- أليسون بلانت و جين ويلز، دگرانديشي در فلسفة جغرافيا، ترجمة: حسين حاتمى نژاد، انتشارات دانشگاه تهران، ١٣٨٥هـ
٢- پل استراترن، أشنايى با كانت، ترجمەى: كازم فيروزمند، چاپ اول، نشر مركز، تهران، ١٣٨٩.
٣- جواد مهديزاده، در جستجوي شهرهاي أنساني تر، فصلنامه جستارهاي شهرسازي، سال هفتم، شماره ٢٤-٢٥، ١٣٨٧هـ

٤- هیربرت مارکوز، انسان تک ساحتی، ترجمه: دکتور محسین مؤیدی، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٢هـ
٥- ویلیام شیکسپیر، هملت، ترجمه: بەازین، پەردەی سوم، صحنەی یکم، نشر دات، تهران، ١٣٨٧هـ
٦- مارتین هایدگر، هستی و زمان، ترجمه: سیاوش جمادی، (ویراست دوم)، انتشارات ققنوس، تهران، ١٣٨٩هـ
٧- میشیل فوکو، تاریخ سکسوالیته، جلد اول- اراده به دانستن، ت: افشین جهاندیده، نیکو سرخوش، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٧هـ

## ملخص البحث

هذه ألأطروحة المعنونة "عملية الأنفال و أثرها في الأدب الكوردي" تعتمد اسلوب التحليل والوصفي والنقدي . اذ تبحث في العلاقة بين أحداث الأنفال عام ١٩٨٨ والأدب الكوردي في محاولة لتحديد طبيعة هذه العلاقة. وعلى نفس المنوال، تتناول الدراسة وجهة نظر الأدب الكوردي لهذه المأساة التي أصبحت جزءًا من تاريخ الأكراد وقصصهم.

قدمت ألأطروحة الحالية دراسة نقدية لتعاطي الأكراد نظرياً وعملياً مع مأساة اللأنفال. بالإضافة إلى ذلك، حاولت الدراسة تحليل الاستخدام الكردي لمصطلح الأنفال وتصورهم له وكيفية تعاملهم مع ملفه مع التركيز بشكل خاص على الجوانب السلبية للعلاقة بين الأكراد والأنفال بوصفها مأساة مؤلمة.

وكما تُعـدُّ الدراسة أيضا محاولة لاستكشاف آثار مأساة الأنفال في الأعمال الأدبية الكوردية، ولرسم طبيعة هذه الآثار ومستوياتها في كونها مواد خام للمنتجات الأدبية باللغة الكوردية. وبالمثل، تم تسليط الضوء على وعي الأفراد الكورد بهذا الحدث المأساوي إلى جانب المشاكل الأخرى المتعلقة بحقوقهم الانسانية؛ كل هذه النقاط تم تتبعها في الأدب الكوردي.

حددت هذه الدراسة بشكل عام الطريقة التي تعامل بها الأدب الكوردي مع مأساة الأنفال. وهكذا، أجاب هذا العمل الاكاديمي عن الأسئلة المتعلقة بوضع الأدب الكوردي مثل كيفية محاولته التعامل مع هذه المأساة. وهل من الصحيح أساسً الاستمرار في معالجة هذه المأساة في نصوص أدبية خاصّة أم يجب أن يشكّل الادب نفسه تحت تأثير الأنفال وإنتاج نصوص لها نكهة هذه المأساة؟

تتألف هذه ألأطروحة من ثلاثة فصول. يتضمن كل منها عدداً من الأقسام. يتكون الفصل الأول–الانفال: تعريفه، ابعاده التاريخية و تداعياته من ثمانية مباحث: تعريف الأنفال، مراحله، الأنفال كجريمة إبادة جماعية، عواقبها، التعاطي مع عملية الأنفال، بعض المفاهيم الخاطئة ذات الصلة، إساءة استخدام المصطلح، وتأثيراته. الفصل الثاني، آثار الأنفال على الأدب، يتكون من مبحثين: الأنفال ومايطغى على ساحة الأدب الكردي، وتحديد العلاقة بين الأنفال والأدب. أما الفصل الثالث، التطور الصوتي للأنفال في الأدب، فيتناول في أربعة مباحث: مقدمة عن الأنفال والأدب، الأنفال والأدب، الأنفال وانتقاله إلى الأدب: سرد الأنفال، واخيرا الأنفال في الأدب.

في هذا البحث الأكاديمي، من المأمول أن تتحقق جميع أهدافه. تتلخص أهداف الدراسة في هاتين النقطتين:

١- تحديد مفهوم شامل ومنسق للأنفال مع التركيز على تاريخها الحقيقي وتطورها؛ و بالتالي، التحقيق في آثار الأنفال والأعمال ذات الصلة.

٢- انتقاد الآثار السلبية للأنفال وإساءة استخدام أحداث الأنفال المرتبطة بالمأساة في الأدب الكوردي في محاولة لخلق علاقة سليمة بين الأنفال والأدب الكوردي.

اعتمدت الدراسة على عدد من المصادر تم ادراجها في قائمة المراجع والمصادر.

# Abstract

This study entitled, Anfal Operation' Effects on Kurdish Literature, is a critical descriptive analysis-based method work. It investigates the relationship between the 1988- Anfal events and Kurdish literature in an attempt to identify the nature of the relationship. In the same vein, the study touches upon the Kurdish literature's perspective of this tragedy that has become a part of the history of Kurds and their fiction.

The present dissertation has introduced a critical study of the Kurds' theoretical and practical approaches of Anfal. Additionally, the study has attempted to analyze the Kurdish use of the term of Anfal and they conceptualize it and how they approach its dossier with special focus on the negative aspects of the relationship between the Kurds and Anfal as a label of a painful tragedy.

The study also endeavors to explore the effects of the tragedy of Anfal on Kurdish literary works and to sketch out the nature of such effects and their levels in being raw materials for literary products in Kurdish. Similarly, the light has been shed on the awareness of the Kurdish individuals of this tragic event besides the other problems that are related to their rights as humans; all these points have been tracked in the Kurdish literature.

This study has generally identified the way the Kurdish literature approached the tragedy of Anfal. Thus, this work answered the questions related to the status of Kurdish literature and how it attempts to deal with this tragedy; is it basically sound to continue tackling this tragedy in specific literary texts or should it shape itself under the effect of Anafal and produce texts having the flavor this tragedy?

This dissertation is composed of three chapters; each includes a number of sections. Chapter One, entitled Anfal: Identification, Historical Dimensions, and Consequences, is made up of eight sections: definition of Anfal, its stages, Anfal as a genocide crime, its consequences, approaching Anfal operation, some related

misconceptions, misusing the term, and its effects. Chapter Two, The Effects of Anfal on Literature, is of two sections: Anfal and the dominant status of Kurdish literature, and identification of the relationship between Anfal and literature. Chapter Three, A Sound Development of Anfal in Literature, covers four sections: an introduction to Anfal and literature, Anfal and literature, Anfal and its transition into literature: narrating Anfal, Anfal in literature.

In this academic research, it is hoped that all its aims have been met. The aims of the study are summarized in these two points:

1– Identifying a comprehensive and consistent concept of Anfal with a focus on its real history and evolution; consequently, investigating the effects of Anfal and the related works.

2– Criticizing the negative effects of Anfal and misusing the tragedy related events of Anfal in Kurdish literature in an attempt to create a sound relationship between Anfal and Kurdish literature.

The study has relied on a number of sources that are listed in the list of references.